# ماڵێکی لێک ترازاو

# و

# ویژدانێکی بیمار

**( دەربارەی کورد ـ بوون ـ لەجیهاندا )**

**فاروق رەفیق**

سێپتێمبەری ٢٠٠٢

**نرخی (٢٠) دینارە**

ژمارەی سپاردنی ( ٤٧٤)ی ساڵی ٢٠٠٢ی وەزارەتی رۆشنبیری پێ سپێردراوە

- ناوی کتێب:ماڵێکی لێك ترازاو و ویژدانێکی بیمار
- ناوی نووسەر: فاروق رەفیق
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- تیراژ: ١٥٠٠
- ساڵی ٢٠٠٢/ چاپی یەکەم
- چاپ: چاپخانەی رەنج

**پێشکەشە**

**بەو هێزەی کە رۆژێك دێت و چرایەك لەم ماڵە تاریکەی کورد دا دادەگیرسێنێت .**

# لەبری پێشەکی

تاکەکان لەدایك دەبن‌و دێنە دنیاوە کە خۆی هیچ نیە جگەلەدنیای جڤـاتێك [1] (کۆمیونیتـی). تاکـەکان دەژیـن‌و دەمـرن، ئەوەی دەمێنێتەوە جڤاتە (کۆمیونیتی‌یە). ئەوەی بۆ تاك لەم هاتن‌و چوونەدا دەمێنێتەوە بریتی‌یە لـەژیان، ژیـانێکی چـاك‌و مانادار، و هەبونی ویژدانێکی تەندروست، راستگۆیی لەگـەڵ جڤـات، گوتنـی حەقیقـەت تـا ئـەو شـوێنەی کەشـیاوەو عـەقڵ‌و توانـایی عـەقڵ رێگـادەدات، تـا ئـەو شـوێنەی روحـی تـاك دەتوانـێ ریسـك بکـاو بوێربێـت‌و راسـتگۆ لەگـەڵ خـودی خــۆی‌و جڤاتەکەیدا. ئەم قسانە بەومانایە نایەت کە جڤات هەموو شتێکەو تاك هیچ رێگایەکی لەبەردەمدا نیە جگەلەوەی مـل کـەچی جڤات بێت، نا بەڵکو جڤات بۆ ئەوە هەیە کەتاکی سالم پەروەردە بکاو ببێتە زەمینەیەك بۆ فەراهەم کردنی ژیانێکی چاك بـۆ تاکەکان، زەمینەیەك کە تێیدا تاکەکان بتوانن ژیانی خۆیان تاقی بکەنـەوەو بژیـن. لـەجڤاتێکی تەندروسـتدا تـاك جێگایـەکی دیاری هەیەو تەنیا جڤاتی تەندروستیشە کە تاکی تەندروست بەرهەم دەهێنێ‌و تـاکی لێپرسـراویش ئەوتاکەیـە کـە لـەجڤاتدا مانای بونی خۆی‌و ژیانی خۆی دەدۆزێتەوە.

لێرەوە تاکی تەندروست ئەوتاکەیە کە هەرگیز بۆچوونـی خـۆی‌و بگـرە رەخنـەکانی لـەجڤات ناشـارێتەوەو هـەوڵ دەدات جڤات رازی بکا بەوەی کە سوکرات واتەنی (ژیانێك تاقی نەکرابێتەوە شایانی ژین نیە)، واتە تاك دەبێت بوێربێت لـەوەدا کـە بەجڤات بڵێ ژیانی جڤاتی خۆی تاقی بکاتەوەو لە پێناو ژیانێکی چاکترو مانادارترو پـڕ لـەکاری مـەزندا. دڵسـۆزی بـۆ جڤـات ئەوەنیە پێی بڵێت (بارودۆخت زۆرچاکە، هەمووشت بەچاکی دەڕوا) بەڵکو دڵسۆزی بۆ جڤات، بەتایبەتی لەکاتێکدا بارودۆخی جڤات بەرەو لێژییە، بریتی‌یە لـەلێدانی زەنگـی مەترسـی.تـاکی دڵسـۆز بـەژیانی ریسـك دەکـاو بـەجڤات دەڵێـت (هۆشـیاربە، شتەکان لەدنیای تۆدا بەچاکی ناڕۆن بەرێگاوەو تۆ خەریکە دەکەویت..). ئێمـە ئـەم وانەیـە لەسـوکراتەوە، لەئەفلاتوونـەوە، لەفەلسەفەوە فێربوین‌و نەك هەمیشە ئەم هەڵوێستەمان هەبوە بەرانبەر بەجڤاتی کوردی کە لـەرووی ویـژدان‌و کلتـورو مێـژوو زمانەوە پێوەی پەیوەستین، بەڵکو بەرامبەر بەو جڤاتەی کە ئێستا لەناویدا دەژیـن کـە جڤـاتی کەنەدییـە هـەر لـەم دیـدەوە مامەڵەمان کردووەو دەیکەین. لەمامەڵەکردنماندا لەتەك جڤـاتی کـوردی لـەگوتنی حەقیقـەت تـا ئـەو شـوێنەی دەرکمـان پـێ کردبێت سڵمان نەکردۆتەوەو نەبوینەتە ئەکتەر تا دەورببینین لەچـەند گەمەیـەکی دێوانەئاسـادا وەبـاجی گـەورەشمان داوە. لێرەدا پەلاماری بابەتێکی گەورە دەدەین، رۆحی کوردی‌و بوونی کورد لەجیهاندا. بەباوەڕی ئێمە رۆحی کوردی زۆر ئـاڵۆزەو کوردیش بوونەوەرێکی فرە ڕەهەندەو دنیاکەشی لێوانلێوە لەکارەساتی گەورە. لێرەوە ئـەم پرۆژەیـەی ئێمـە هـەرگیز کـافی نیە بۆ نیشاندانی ئەو ئاڵۆزی‌و فرە ڕەهەندییە.

رەنگە هەندێك لەم پرۆژەیەدا توندی ببیننەوە، لەم حاڵەتەدا وەڵامی ئێمە ئەوە دەبێت کە گوتنی شـتی گـەورە هەمیشـە بەتوندی دەگوترێ‌و حەقیقەت تاڵە بەڵام بە شکۆیە، هەروەها ئەوە ئێمە نین کە توندین بەڵکو ئەوە رۆحی کوردە کە توندە. سەرتان نەسوڕمێ گەر بڵێین ئەوەی لێرەدا قسەدەکات رۆحی کوردی خۆیەتی نەك ئێمـە. ئـەوە رۆحـی کوردییـە کـە لـێرەدا تەعبیر لەخۆی دەکاو خۆی بەیاندەکاو لەخۆی دەدوێ. رۆحی کوردی لێرەدا مامەڵەیەکی توند لەگـەڵ خـۆی دەکـاو بـەتوندو تیژییەکی نائاسایی خۆی دەخوێنێتەوە، هەر ئەمەشە مژدەی دەستپێکردنەوەیەکی نوێ لەدنیای کوردا.

هەرگیز ناتوانین خەون بەڕزگارییەوە ببینین مەگەر ئەوکاتەی کە رۆحی کـوردی جـارێکی دی هەمووشـت نـەك بخاتـە ژێـر پرسیارەوە بەڵکو رایماڵێ لەپێناو کازێوەی بەیانیەکی تازەدا. ئێمە لێرەداو لەکۆمەڵێ بۆنەی دیکەشدا، جگەلەوەی کە رۆڵـی ئامرازێك ببینین کە رۆحی کوردی بەکاریهێناوە بۆ ئەوەی لەخۆی بدوێ هیچ رۆڵێکی دیکەمان نەبینیوە، هیواداریـن ئامرازێکی باش بوبێتین. ئەوکەسەی نایەوێت رۆحی کوردی لەلوتکەی توڕەییدا لەگەڵ خۆی ببینێت‌و ببیستێ چاکترە هەر لەسـەرەتاوە ئەم کتێبە وەلانێ. لەوکاتەدا کە لەگەڵ میللەتەکەماندا رەقین ئەوەنیشـانەی لوتکـەی دڵسـۆزی‌و میهرەبانیمانـە بـۆ میللـەت، لەمیللەت بترازێ ئێمە ئامادەنین هەرگیز داوای بەخشین لە هیچ کەس‌و گروپ‌و دەستەو تاقمێ بکەین.

لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا، بەگێرو گرفت کردنی ماڵی کـورد، مەبەسـتمان لەبـەگێروگرفت کـردن (پرۆبلێمـە تایزەیشـن problematization) پرسیارکردنە لەبارودۆخی هەنووکەو قوت کردنەوەی پرسیارە لەبـەردەم ئـەو وێنانـەی کـە لەمـەڕ دنیـای کوردەوە لەبەردەستماندان و تاڕادەیەکی زۆر وا دنیای کـورد نیشـان دەدەن وەك دنیایـەکی بـێ ئیشـکالیەت. بـەگێرو گرفـت کردن واتە بەئیشکالیەت کردنی ماڵی ئێمەو وێنەو مەسەلەو ئەوشتانەی کە بەپلەیەك لەتەکیاندا راهـاتووین ئیـدی پرسـیاریان لێ ناکەین، یاخود بەلانی کەمەوە پرسیاری رەسەنیان لەبارەوە ناکەین. گەشتەکەی ئێمە بەناو رۆحی کوردیدا لێرەوە دەست پێدەکا.

لەم بەشەدا ناسستماتیکیانە ئاماژدە بەکۆمەڵێ مەسەلە دەدەیـن و مەبەستیشـمان نیشـاندانی شـێواوی و شـپرزەیی مـاڵی کوردو بیماری ویژدانی کوردیە.

بەشی دووەم، کورد ـ بوون ـ لەجیهاندا، قسەکردنە لەسەر شوناس و رۆحی کـوردی، بوونـی کـورد لەجیـهانداو نیشـاندانی چۆنێتی ئەو بـوون و هەبوونـە. بـەکارهێنانی رۆح spirit لـەم تێکسـتەدا هـەم زرنگانەوەیـەکی ئـەفلاتونی و هـەم ئایدیالیسـتی ئەڵمانیهەیە لە هێردەرو هیگڵەوە تا هایدگەر.

بەشی سێیەم، ئیسۆسی راپەڕین و ئیسۆسی ستەمکاری، تایبەتە بەدوو مانیفێستی جیاوازی رۆحی کوردی، مانیفێسـتێك کە ناوی دەنێین ئیسۆسی (Ethos) راپەرین کـەباس لـەووزەو چـالاکی و جوامـێری و بوێـری و خـەون بینینـی کارکتـەری کـورد دەکات بەژیانێکی سەربەستانەو جیهانێکی چاکترەوە، ئیسۆسی ستەمکاریش کە بەدیار کەوتن و خـۆ نوانـدن و مانیفێسـتێکی دیکەی رۆحی کوردییە باس لەبێ ئیرادەیی و رازی بوون و ملەکچ بوون و لەسیاسی کەوتن دەکات. ئیسۆس (Ethos) وەك ناوێك ئاماژدە کردنە بۆ کارکتەر، هەڵسوکەوتی دیاری جیاواز، خوو و قەناعەت و رۆحی گروپێك، نەتەوەیـەك یـاخود سیسـتەمێك یـا رژێمێك. بەشی دووەم و سێیەم و چوارەم پێکەوە لە فینۆمینۆلۆژیای رۆحی کوردی دەدوێن، دیمەنێك لەگەشتی رۆحی کوردی بەنێو جیهاندا. دەڵێین تەنیا دیمەنێك چونکە گەر بمانەوێت سەراپای ئەو گەشـتەی رۆح بخوێنینـەوە دەبێـت هـەروەك هیگـڵ لەهاتوو چوون دابین لەنێوان رابردوو و ئێسـتادا، بگەرێینـەوە بـۆ مانیفێسـتەکانی سـەرەتای ئـەو رۆحـەو لەهـەمان کاتیشـدا مانیفێستە هەنوکەییەکانی ئەو رۆحە بخوێنینەوە لەیەك کاتدا، ئەفسانەو ئەدەبیات و ئاینەکانی کـە ئـەو رۆحـە لەرێگەیانـەوە خۆی مانفێست کـردوە بخوێنینـەوە، گـەر ئـەم کارەمـان کردبـا ئـەوا نـاوی ئـەم پرۆژەیـەمان دەنـا (فینۆمینۆلۆژیـای رۆحـی کوردی).

وێرای ئەوەش لەجەوهەردا ئێمە لێرەدا هەمان کاردەکەین بەڵام تەنیا دیمەنێك، چرکە ساتێکی رۆحی کوردی لێرەدا خۆی بەیان دەکا، کە بەداخەوە چرکەساتی بیماریەتی.

بەشی چوارەم، گەمەی سۆفستائیەکان لەغیابی ویژدان و عـەقڵێکی سـوکراتیدا، تایبەتـە بەقسـەکردن لەسـەر (رۆشـنبیر) بەشێوەیەکی گشتی و رۆشنبیری کورد بەتایبەتی. قسەکردن لەسەر (رۆشنبیر) گرنگـی تایبـەتی هەیـە لـەو دیدەوە کـە ئـەم دەستەو تاقمە بزانن یان نەء بە شپرزەبوونیان، بەنامەسئول بوونیان، تەعبیر لەبیماری ویژدانی کـورد دەکـەن. لـەم بەشـەدا مەبەست لە (رۆشنبیر) هەم تایپە، واتە کەسەکان یان شتەکان کە کۆمەڵێ خاسیەتی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، جنسـێ یـا جۆرێکی تایبەت لەکاراکتەر، هەم مەبەستە لەدەستەو تاقمێك کە لەقۆناغێکی تایبەتیدا سەر هەڵدەدەن. پێویستە بڵێـین کـە بەرێزەوە لە ئەرکی چەند کەسایەتیەکی کورد لەمەیدانی نوسین و بڵاوکردنەوەدا، تایپی وەك مەلا عەبدول کریمی مودەریـس و شێخ محمەدی خاڵ و شاکر فەتاح، دەڕوانین کە بەویژدانێکی سالمەوە لەو نێوەندەدا کاریـان کـردووەو کـار دەکـەن و خۆیـان بەلێپرسراو زانیوەو دەزانن دەربارەی ئەو شتانەی دەیانڵێن و دەیانکەن، بـەڵام ئـەم تایپـە (قـاعدة) نیـە بـەڵکو (اسـتثناء)ە، هەروەها ئەمانە ناچنە ریزی رۆشنبیرانەوە بەومانایەی کە ئێمە مەبەستمانە. قسەی ئێمە لەسەر (رۆشنبیر) تایپی رۆشنبیرە، ئەو بوونەوەرەی بەرهەمی سیسـتەمی پـەروەردەی مۆدێرنـەو ئینجـا ئـەو دەسـتەو تاقمـەی کـە بـەم نـاوەوە دەناسـرێنەوە.

هەرچی پەیوەندی بە پاشکۆکەوە هەیە (غەدری جەهلو پاکس ئەمریکانا) رەنگە ئەو پرسیارە قوت ببێتەوە کەئەم بەشە چی دەکات لەم تێکستەدا؟ ئەم بەشە کە بریتی‌یە لە تێڕامانێك لەو پەرچە کردارانەی نیشاندران دوای بڵاو بوونەوەی (پاکس ئەمریکانا)[٢] زیاتکردنی ئەم بەشە پێویست بوو چونکی ئەو پەرچەکردارانە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا تەعبیر کردنێکی زیندو بوون لە بیماری ویژدانی کوردی لەرۆژگاری ئەمڕۆدا.

لەم بەشەدا سەرنج بۆ چەند پەرچەکردارێك راکێشراوەو کۆمەڵێ پەرچەکرداری دیکە پشت گوێ خراون ئەوانەی نەك لەبیماری بەڵکو لەنزمترین نزمی دەدوێن. بۆئەوەی قسە لەسەر تاریکی ماڵی کوردیو بیماری ئەو ویژدانە بکەین دەبێت کتێبەکان بنوسین بەرگ لەدوای بەرگ کە ئەمەش لێرەدا شیاو نیە بەتایبەت بۆ ئێمە کە سەرگەرمی پرۆژەی دیکەی ئەکادیمین. رۆحی کوردی بۆ ماوەی سێ هەفتە ئێمەی فڕاندو لەژیانو هەموو شتێکی کردینو بەئێمە ئەم تێکستەی نوسی کەمو کوڕیەکان هی ئێمەنو توڕەبوونەکەش هی رۆحی کوردی.

فاروق رەفیق

تەمووزی ٢٠٠٢

ئۆتاوا ـ کەنەدا

# بەندی یەکەم
# بەگیروگرفت کردنی ماڵی کورد.

# بەندی یەکەم

# بەگیرو گرفت کردنی ماڵی کورد

# (دێوانەکان سەرکەوتوون لەوەدا کە عاقڵەکان لەشێتخانە توند بکەن)

لەو دەستەواژەی سەرەوەدا ئیریك ڤۆگڵین، عەقڵێکی گەورەی سەدەی بیستەم، باس لەدنیای مۆدێرنو هاوچەرخ دەکات. بۆ ئەوەی ئەو بۆچوونە شیبکەینەوە دەبێت وتارێك بنوسین، بەڵام بـالێرەدا لەبـەردەم رونـاکی ئـەو رایـەی ڤۆگڵینـدا، لەمـەڕ دنیای کوردەوە بڵێین کە گەر دێوانەکان لەدنیای کورددا نەشیان توانیبێت عاقڵـەکان تـوڕ هەڵدەنـە نێـو شـێتخانەوە بـەلانی کەمەوە توانیویانە بێدەنگیان بکەن. هەرکات عـەقڵ لـەدنیای کـوردا سـەری دەرهێنـاو ویسـتی وێنەیـەکمان لـەم شـپرزەییو وێرانیو تاریکیو لێکترازانی ماڵی کوردی بۆ بکێشێ ئەوا زوو دێوانەکان، چەتەکان بێدەنگی دەکـەن، یـاخود دێوانـەکان هـەر زۆر زوو کەرنەڤاڵێکیان لەترسو جەهلو مجامەلەو هەیاهو سازداوە کە کـەس پـێ رانـەگا گوێ لەعـەقڵ بگرێ، کـەس کـاتی نەبێت بۆ حیکمەتی عاقڵەکان، کەس ئاوڕێ لەجوامێرەکان نەداوەتەوە، کەس لەبەر مەستی، مەسـتی بەزیللـەت، خـۆ بەکـەم زانینو مەستی بەزاقەو بریقی ئەوانی دیکە (الاخر)، گوێ لەحەکیمەکان نەگرێ. لێرەوە دنیای کـورد ئـەو دنیایـەبێت کـە ئـەو کەسانە حوکمی بکەن کەنابێتو ناشێت حوکم بکەن، ئەوکەسانە قسەکەرو زمانحاڵی بن کە ناشێت نەك قسەکەری جڤـات بـن بەڵکو ناشێت قسە بێژی خۆشیان بن، ئەوکەسانە راوێژکـارو نووسـەرو غـەمخۆری بـن کـە نـەتواناو بـەهرەی ئـەوەیان هەیـەو نەپەروەردەکراون بۆ بینینی رۆڵێکی لەو جۆرە. لێرەوە ئەو وێنەیەی ئەو قسەکەرانەی جڤاتی کوردی کە قسە بەڵەد نین، ئەو رابەرانەی کەرابەری بەڵەد نین، ئەو راوێژکارانەی راوێـژی حەکیمانـە نـازانن، ئـەو نوسـەرانەی لێپرسـراو نـینو لـەباری گرانـی مەسئولیەتی نوسین بێ ئاگان، وێنەیەکمان لەمەڕ دنیای کوردەوە بۆ دەکێشن بۆ هەلو مەرجو بارو دۆخی هەنوکـەی کـوردو ئینسانی کورد، کە وێنەیەکە تەبانایەتەوە لەگەڵ ئەوشتەی کە بەفیعلی لـەدنیای کـوردا دەگـوزەرێ، وێنەیـەکی شـێوێنراوەو بەدووره لە واقیع، وێنەیەك کە پریەتی لەرازیکردنی خۆو خۆهەڵخەڵـەتاندن. بـەڵێ رابـەرو نوسـەرو راوێژکـارو قسـەکەرەکانی کورد سەرقاڵی جوانکردنو مکیاج کردنی دنیای کوردن ئەمەش لۆژیکی ترین کارە کەپێی هەڵدەستن چونکی گەر لەودیو ئـەو رازاندنەوەیەو مکیاج کردنەوە دنیای کـورد ببینـن ئـەو پرسـیارە سـەرهەڵئەدا کـە ئـەی رۆڵـی ئـەوان چییـە لـەو هەلومەرجـە ناهەموارو ناعەقڵانیو نائینسانیەی کوردا کە شایانی بەرگە گرتن نیە؟ لۆژیکیە، هەرئەمەش مەترسی لۆژیـك، کـە سـەرقاڵی ئارامکردنەوەی خەڵکی بنو جوان کردنی دنیای کورد چونکی ئەوان رابەرو قسەکەرو نوسەرو راوێژکاری کورد خۆیان بەشێکن لەگیروگرفتەکەو دروستکەری گیروگرفتەکە، کەسێکیش، هێزێکیش گیروگرفت دروسـتکەر بێـت مەحاڵـە خـودی گیروگرفتەکـە ببینێت یاخود بیەوێت دەستمان بگرێت بەرەو دیاری کردنی گیروگرفتو دواجـار دۆزینـەوەی چارەسـەر. لـەودیو ئـەو مکیـاج کردنەی دنیای کوردەوە کە دواجار نیشانی دەدەین چۆن مکیاج کراوە، دەڵێین کە لەهەر دیدێکەوە، لەهەر سـتانداردێکەوە، بەمەرجی بونی راستگۆییو دورە پەرێزی لەنیفاق، رووپامایی، سەیری ماڵی کوردی بکەین ئـەوەی دەیبینـین پاشـاگەردانیە، تاریکیو نائومێدیو بیمارییە نادڵنیابوونە لەشوناسو بگرە ووردو خاش بوونی شوناسو لێك ترازانی جومگەکانی کوردبوونە.

نـەك هەوڵـە جدیـەکان زۆر کـەمن بـۆ خڕبونـەوەی کـورد لـەدەوری پرۆژەیـەك، بـەڵکو زۆرن ئـەو هەوڵانـەی کـە سـەرگەرمی وێرانکردنی ئەو شوناسە تەماویو ئاڵوزەشن کەهەیە. زۆرن ئەو کەسانەی کە بەچارەنووسو شوناسی تەماوی جڤاتی کوردی یاری دەکەن، ئەوەی ئەم ناهەمواریە، ئەم تراژیدیایەو ئەم پاشا گەردانیە نابینێت یان کوێرە کە نمونەیان زۆرە چونکـی وەك

رینیەگیونین لەچارەکەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا پێی گوتین "ئێمە لەسەر دەمێکدا دەژین کە کوێرەکان حوکمی دەکەن‌و هەرکوێرە دەستی کوێری گرتووە بەرەو هەڵدێر، یاخود بەرژەوەندی هەیە لەبەردەوامی دان بەو حاڵە ناهەموارو نەشازە، ئەوحاڵەتە پڕ ئەشکەنجەیە، یاخود بەسادەیی بڵێین کە عەقڵی پێ ناشکێ‌و منداڵەو گەورە نەبووە. لەیادمان بێت ئەمڕۆ لە دنیای کوردا کەم نین ئەو کەسانەی کەسەرقاڵی بەمەزن کردنی قۆناغی منداڵی‌و بوون بەمنداڵ دەکەن‌و داوامان لێدەکەن کە هەرگیز گەورە نەبین، ئەوکەسانە لەعاقڵ بوون‌و کامڵ بوون دەترسن ئەوەش لە گوتاری شیعریدا بەتەواوی خۆی بەیان دەکا. بەڵام بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەو جڤاتە بکەیت کە جومگەکانی لێك ترازاون‌و وڵاتەکەی داگیرکراوە رووبەڕووی هەرەشەی لەناوچوون‌و پەرت پەرت بوونی زیاتر دەبێتەوە، جوامێری‌و دلێری ئۆرستۆکراسیانەت پێویستە کە هەر خۆی بەشێکە لەرۆحی کوردی. بەڵێ کەسێك، هێزێکی جوامێرو لەخۆبووردووت پێویستە کە قسەبکا بێ ئەوەی لەدەستەڵات سڵ بکاتەوە، بێ ئەوەی لەتۆمەت‌و دانە پاڵی ناوو ناتۆرەو رووبەروو بوونەوەی ترۆر کردنی کاراکتەر بسڵەمێتەوە، بێ ئەوەی جێ‌و مقام‌و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی‌و دەستخۆشانەی دەستەڵاتداران فریوی بدەن‌و بێ ئەوەی لە هەڕەشەی مەرگ سڵ بکاتەوە کە جارجار چەتەو رێگرەکانی دوێنێ‌و سیاسەت مەدارەکانی ئەمڕۆ دەیدەن بەگوێیدا، ئەوانەی ئەمڕۆ لەرۆژنامەو رادیۆو ماڵپەرەکانەوە خەڵکی تیرۆرایز (terrorize) (یرهب) دەکەن. کەسێکی جوامێرت پێویستە کەویژدانی خۆی لە دەعوەتێکی چەتەکاندا دانە نابێت‌و فریوی مۆدەکان (fashion)ی نەخواردبێت، خاوەنی بیرکردنەوەی سەربەخۆی بێت، جوامێرێکت پێویستە کە نەلەسەر دەوڵەت بژی‌و نەحیزب‌و نەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەڵکو سۆفی ئاسا بەقانیع بوون‌و دەوڵەمەندی رۆحی خۆی ئازادی بکڕێت. جوامێرێکت پێویستە جگە لەدوو کرایتریا (مقیاس) بیر لەهیچی دی نەکاتەوە،

**یەکەم**: حەقیقەت، بەڵێ حەقیقەت. ئاخر لەبیرمان بێت لەسەردەمێکدا دەژین کە کۆمەڵێ بەناو فەیلەسوف‌و رۆشنبیر بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە حەقیقەت بوونی نیە، ئەوەی هەیە پرسپێکتڤە (وجهە النظر) واتە سەدام حوسەینیش بەشێ لەحەقیقەتی لاهەیە هەروەك ئەنفال کراوێك.

**دووەم**: کرایتریا بریتی‌یە لە هەستی لێپرسراوێتی بەرامبەر بەجڤاتی کوردی‌و نەوەکانی داهاتوو. باپرسین ئایا لەم ماڵە تاریکە، ماڵە پەرت‌و بڵاوەی کوردا ئەم کەسە جوامێرە دەژی؟ بێ دوو دڵی دەڵێم بەڵێ ئاخر گەر ئێمە ئەم کەسە جوامێرە، ئەم رۆحە ئۆرستوکراسیەمان نەبوایە ماڵی کوردی دەبوە شەوەزەنگ، دەبوە هەڵدێرێك کە رازی نیەهیچ لەخۆ بگرێ. خۆش بەختانە وزەو ئیرادەی ئەم روحە جوامێرە، جەنگاوەرە، جەنگاوەر بەمانا رۆحانیەکەی، جەنگاوەر نەك بەمانای چەکدار بوون، بوونی هەیە. ئەم رۆحە دلێرە نەك لەئێستادا بەڵکو لەرابردووشدا بوونی هەبووە، شەرەف نامە پێی گوتین لەمێژوی کوردا هەبووە، تحفیەی مظفریە تۆماری کردووە، ئەحمەدی خانی مەزن تەعبیری لێکردووە، مەولانا خالیدی نەقشبەندی کت‌و مت ئەو رۆحە بووە، ئەو قارەمانانەش کە لەزیندانەکانی موسڵ‌و بەغداو تاران‌و ئەنکەرە لەماوەی هەشتا ساڵی رابردوودا سەربەستانە گیانیان لەدەست داوە، مانیفێستی ئەو روحە جوامێرە بوون. وێرای هەموو شکست‌و تراژیدیاکان‌و سەرەو لێژبوونەوەی ویژدانی کوردی نە لەرابردوواو نەلە ئێستادا نەتوانراوە ئەم رۆحە ئۆرستۆکراسیە کە عاشقی سەربەخۆ بوونە سەرەو نگوم بکرێت، ئەوەتا هەناسە دەدات‌و لە خەبات دژ بەساویلکەیی‌و دارزان‌و شکست‌و عەدەمیەت بەردەوامەو ئامادەیی خۆی هەیە گەر چی ئامادەییەکی کەمیش بێت. هەر ئەم روحەیە ماناکان دروست دەکات، داستانەکان تۆمار دەکات‌و جارجاریش زەنگی مەترسی بەگوێی جڤاتی کوردیدا دەدات. هەموو شتێکی مانادارى كوردی‌و بەشداربوونی شارستانیانەی کورد لەرەوتی شارستانیەتەکانی خۆرهەڵاتدا، دەوڵەمەند کردنی رۆحانیەت لەو ناوچەیەدا، کە خۆی بەشێکە لەکلتوری باڵا، جەنگەپەی دەرپەییەکانی ئەو رۆحە لەپێناو عەدالەت‌و حەقیقەتدا هەر هەموو مانیفێستی ئەو رۆحەن‌و لەو دەدوێن. گرنگە پەی بەو خاڵە بەرین کەماڵی کورد هەرگیز گۆرەپانێکی تەخت نەبووە بۆ موغامەراتەکانی ئەم رۆحە

جوامێرە، نا، ئەم رۆحە هەمیشە رووبەرووی دژەکەی خۆی بووەتەوە کە ئەویش مانیفێستێکی دیکەی رۆحی کوردیە، ڕووبەڕووی تیرۆر، شاربەدەرکردن، تەشهیر بووەتەوە، تف لەنێوچەوانی کراوە تا ناچار بێت بڵێت:

**ئەی تریفەی مانگەشەوی بەر دەرکی دەلاقە**

**باپیس نەبیت خۆت مەدە لەم کوردی عێراقە**

سەری خۆی هەڵگرتووە هەروەك مەولانا خالیدی نەقشبەندی، خیانەتی لێکراوە لەلایەن (هاوڕێ)و ویژدان دارزاوەکانەوە، لەماڵی خۆیدا بەدەستی کورد تیرۆر کراوە، دراوەتە دەست دوژمنەکان، ئەو دوژمنانەی کە بەپلەی یەکەم دژی ئەم رۆحە جوامێرەبوونو دەستیان بۆ سەرکردە بەزیوەکانی نەبردووە.

لەجیهاندا بەهۆی ئاشوبوو شۆڕشو راپەڕینی عەوامەوە (masses)[٣] کە بەرهەمی مۆدێرنتیە، ئۆرستۆکراسیەتو رۆحی ئۆرستۆکراسی بەتایبەت لە پاشە کشێدایە. لەدنیای کوردیشدا ئەم رۆحە رۆژانە رووبەرووی ئەوهێزە دەبێتەوە کە مانیفێستێکی دیکەی رۆحی کوردیەو پڕیەتی لەبوغز لەشتی مەزن، کاری جوان، داهێنان، هێزێك کەپەیامەکەی بریتیە لە لەبیرکردنی ماڵی خۆو حەقیقەتو بوون. ئەورۆحە چالاکەی کورد کە رۆحێکی ئۆرستۆکراسیە لەلایەن دژەکەیەوە، کە مەفتونی ئەخلاقی کۆیلەیە، لەژێر هێرشدایە وەتەنها لێرەشدایە کە دەشێ باس لەیەکێك لەکاریگەرییەکانی جیهان گیری بکەین لەسەر دنیایی کورد. جیهانگیری (عەولەمە) لە جەوهەردا هەڵگری ئەوبەهایانەیە کە بەرهەمی شۆڕشی عەوامەکانن کە هایدگەر لە هەردوو کتێبی "بوونو زەمان"و "دەروازەیەك بۆ میتافیزیقا" وە ئۆرتیگا گاسێتو ئێرنست ینگ لەبیستەکانو سیەکانی سەدەی رابردوودا دەست نیشانیانکرد، دەست نیشانکردنی شۆڕشی عەوامەکان نەك جیهانگیری. جیهانگیری زادەی بۆچوونو دنیابینی هێزێکە کە لەهەموو شتێکی مەزنو مومتاز (excelence) سلٚ دەکاتەوە لەجیاتی ئەوە عاشقی شتی قەبەو زەبەلاحە. هەروەك هایدگەرو چەند بیریارێکی دیکە ئاماژەی بۆ دەکەن شارستانیەتی ئەمەریکی لەلایەکەوە شارستانیەتی ئینسانی عامیە (Average)و لەلایەکی دیکەوە عاشقی شتی زەبەلاحە، بینای زەبەلاح، بازاڕی زەبەلاح، پیاوی زەبەلاح، سەرۆکی زەبەلاح، زەبەلاح بەبێ ماهیەتو بێ جەوهەر. لەکتێبی "دەروازەیەك بۆ میتافیزیقا "دا هایدگەر دەنوسێ:

**"لەدیدێکی میتافیزیقیەوە روسیا (مەبەستی نوسەر روسیای کۆمۆنیستە)و ئەمریکا وەك یەکن، هەمان دێوانەیی تەکنۆلۆژی، هەمان رێکخستنی ئینسانی عامی لەودیو هەر ئیلتزامێکەوە.**

**کاتێك ئەوسەری جیهان داگیر کراوە لەلایەن تەکنەلۆژیاوە. وە ئامادەکراوە بۆ ئیستغلال کردنی ئابوری، کاتێك کە هەر رووداوێك رووبدا بێ لەبەرچاوگرتنی لەکوێو چۆن رویداوە، دەشێ بگەیەنرێتە هەموو جیهانو بەهەر خێراییەك بخوازرێ.. کاتێك کات وەکو مێژوو مەحف بووەتەوە لە ژیانی خەڵکیدا، کاتێك کە مولاکم وەك پاڵەوانی نەتەوە سەیر دەکرێ، کاتێك کۆبوونەوەیەکی جەماوەری کە ملیۆنەها کەس تێیدا بەشدارین وەك سەرکەوتن سەیردەکرێ، ئالەو کاتەدا، بەڵێ لەوکاتەدا پرسیارێك راومان دەکات وەك چاودێریکەرێك: ئەمە بۆ؟ بەرەو کوێ؟ ئەوسا چی؟ ئەم سەرنجە سادەیە پەیوەندیەکی نیە بەرەشبینی کلتورییەوە (Kulturpess misismus)، هەروەها بەدڵنیاییەوە پەیوەندی نیە بەگەش بینیەوە، تاریك بوونی دنیا، هەڵفڕینی خوداکان، وێرانکردنی زەوی، کردنی ئینسان بەعەوام، رقو کینەو گومان لەهەموو شتێکی ئازادو داهێنەرانە بەپلەیەك گەیشتوون لەزەویدا کە ئەو مەقولاتە منداڵانەیەی وەك گەشبینیو رەشبینی ئیدی بوونەتە شتێکی بێمانا.[٤]**

ئەم کۆتە (ئیقتیباسە) درێژەمان هێنا تا نیشانی بدەین کە هایدگەر لەسییەکانی سەدەی رابردوودا ئەو کتێبەی نووسیوە بەڵام دەڵێی وەسفی ئەمرۆو ئەو پرۆسەیە دەکات کە پێی دەڵێن جیهانگیری. جیهانگیری پرۆسەیەکە دژ بەرۆحی ئۆرستۆکراسیانەو دژ بەداهێنانو مەزنییەو هەوڵێکە بۆ کردنی دنیا بەبازاڕو کردنی هەموو ئینسانەکانیش بەکرێکارو بەرخۆر (کۆنسیومەر)، بازاڕێك کەتیایدا هەموومان دەبینە کۆیلە، کەتیایدا ئازاد بین خۆمان بفرۆشین ببینە کۆیلەی کرێ یاخود

قاچاخچیو چەتەو ترۆریستو سوزانی، ئازاد لەوەی لەبوون بەکۆیلەیەکی بەختیار یان بەیاخیەکی ویژدان پـڕ لـە ئـازار بـەلاَم ئازاد یەکێکیان هەلبژێرن. ئەم ئامازە خێرایـە بـۆ جیهانگیری بـۆ ئـەو مەبەسـتەبوو کـەڕوحی ئـازاو جوامێرانـەی نێـو دنیـای کوردیش ئەمڕۆ هەڕەشەی لەناوچونی لەسەرە، لەلایەکەوە بەهۆی ئەو پرۆسەیەوە لەسەر ئاستی جیهان و لەلایـەکی دیکـەوە بەهۆی مانیفێستێکی دیکـەی ڕۆحـی کوردییـەوە کەلەئـەخلاقی کۆیلـەکان دەدوێو خـاوەنی ویژدانێکی بیمـارە.ئێمـە ئـەمڕۆ لەجیهانێکدا دەژین کەکۆمـەلێ بـەهاودیدو بۆچـون حوکمـی دەکـەن کەبـەهاو بۆچونـی هێزێکـە بەرمـەبنای ئـەخلاقی کۆیلـەو لەبەرانبەر سادەترین ڕەخنەدا خۆیان بۆناگیرێ و وێرای ئەو خوێندنـەوە فیکریانـەی کـە بۆئـەم بەهایانـەو هـەلگرەکانی ئـەم بەهایانە کراون لەمیراتی (خۆرئاوا)دا، وێرای ئەوەش ئەم بەهاو بۆ چوونانەو ئەو هێزەش کە پالنەرو هەلگری ئـەو بەهایانەیـە بەردەوامنو وامرۆڤایەتی بەرەو هەلدێر دەبەن. ئەو بەهاو دیدو بـۆ چوونانـەش، دیـارە مەبەسـتمان دیدێکـی نـەقدی نیـە کـە میراتێکی دەولەمەندی ئەورپیەو ئێمە خۆمان لەتەکیدا هاوشێوە دەکەین، کە بەناو دژایەتی بـەهاو دیـدی فـەرمانڕاوا دەکـەن هیچ نین جگە لەسێبەری ئەو بەهایانە خۆیان.

بۆنمونە بنەڕەت خوازی (فەندە مێنتالیزم) هێندەی دیاردەیـەکی مۆدێرنـەو خولقـاوی مۆدێرنتیـەو تـەعبیر لەناهـەمواریو قەیرانەکانی دنیای مۆدێرنو ئینسـانی مۆدێـرن دەکـا هێنـدە پـەیوەندی بـە ترادسـیۆن (Tradition)وە نیـە، هێنـدەی گوایـە سلەمینەوەیە لە (مۆدێرنتی) زیاتر لەمە دژ بەترادسیۆنە (ترادسیۆن لێرەدا بەمانا شوانیەکەی (نیسـبەت بـەفیزجۆن شـوان)و گیونینیەکەی (نیسبەت بە رینیە گیونین)و ڤۆلاییەکەی (نیسـبەت بـە جولیـوس ئـی ڤـۆلا) ترادسـیۆن کـە بـەمانای فەلسـەفە حیکمەتی نەمرە ( perennial philosophy). کەواتە شەڕێکی وەهمی هەیە لەنێوان بەهاکانو سێبەری بەها کاندا. تاریق عـەلی دەبا دواکتێبی خۆی لەجیاتی (جەنگی نێوان فەندە مێنتا لیزمەکان)[٥] ناوبنا (جـەنگی بـەهاکانی مۆدێرنتـیو سـێبەرەکانی) چونکی بنەڕەت خوازی ئیسلامی ئەوەندەی لەبنەڕەتخوازی مەسیحیەوە نزیکە دەئـەوەندە لـەرۆحی فەلسـەفەی ترادسـیۆنی ئیسـلامیەوە دوورە. بنـەڕەت خوازەکـانی (خۆرهـەلات)و (خۆرئــاوا)، هینــدیو ئیســلامیو بــودیو یــەهودیو مەســیحی جگەلەوەی زادەی مۆدێرنتینو بــە بـەهاکانی مۆدێرنتـی دژ بـە بـەهاکانی مۆدێرنتـی دەوەسـتنەوە، واتـە شـەڕی مۆدێرنتـیو سێبەرەکەی، هیچی دیکـەنین کەئەمـەش شـەڕێکی وەهمیـەو خۆپاراسـتنە لـە خسـتنەڕووی پرسـیاری جـدی لــە پــرۆژەی مۆدێرنتیو یەکالاکردنەوەی بەربەستەکان بۆ تەقینەوەی توانای ئینسانەکان بـۆ بیرکردنـەوە، لـەجیاتی قـەتیس کردنـی ئـەو توانایە لە چوارچێوەیەکی تەسکدا کە خۆی مۆدێرنتی خولقاندویەتی. بەلاَم ئەم راستیە کە راستیەکی ئیسۆتریکی (Esoteric) (باطني)یە بەتوێکلی دەرەوەی دیاردەو ڕووداوەکاندا خۆی بەیان ناکا هەر لەبەر ئەوەی راستیەکی ئیسۆتریکییە هەر بۆیەشە دەبێت لەلایەن بیرێـاری ئیسـۆتریکییەوە کەشـف بکردرێـت، هـەر بۆیەشـە عـەقلی ڕۆژنامەگـەریو سـادە لـەوحی هـەندێ لـە (ڕۆشنبیران) تەنیا بەتوێکلەوە دەگیرسێنەوەو ناتوانن ئەو حەقیقەتە ببینن، ئەمانـە نـەك جورئـەتی چونـە نـاو کاکلێـان نیـە بەلکو ناتوانن موغامەرە بکەن هەر بۆیەشە بۆ کۆمەلێ (ڕۆشنبیر) لەجیهاندا وا دەردەکـەوێ کـە جـەنگێك هەیـە لـەنێوان دوو دژدا. خوێندنەوەیەکی ئیسۆتریکی دیاردەو بەهاو ڕووداوەکانی نەك ئەمڕۆ بەلکو یەك دوو سەدەی رابردووش ئەو راستیەمان بۆ دەردەخەن کە کێشمە کێشـەکە کێشـمە کێشـیـیەك بونـەوەرە، بونـەوەرێکی پرۆمیسۆسـی لەگـەل خۆیـدا نـەك ململانێـی بونەوەرێکی پرۆمیسۆسی لەگەل بونەوەرێکی ترادسیۆنی یا پۆنتی فیشال pontifical (بونەوەرێك کە پردە لەنێوان ئاسمـانو زەویدا).بەلێ ئەم مل ملانێیەی دوایی هەیە واتە مل ملانێی نێوان ئینسانی پرۆمیسۆسی (یا فاوستی کـە دەشـێت ناوەکـەی تری بێـت)و ئینسـانی ترادسـیۆنی بـەلاَم لەسـەر ئاسـتی ڕووداوەکانـا نیـەو ململانـێ کـە ئـایدیۆلۆژی نیـە بـەلکو ململانیـەکی فەلسەفەییە، ململانێی دووجۆرە لەژیان کـە لەپـەراوێزدا بـەئانجام دەگەیـەنرێت، هـەر بۆیەشـە بـەدیارەوە نیـە، هەربۆیەشـە هەموومان لەزانکۆکاندا لەنێوەندە ڕۆشنبیرێکاندا فەیلەسوفێکی عەدەمیو سۆفستائی وەکو درێـدا دەخوێنینـەوە بـەلاَم یـەك حەرف نابیستین دەربارەی رینیە گیونین کە عەقلێکی گەورەی سەدەی بیستەمە، کەسێکی میانمایـە (Mediocre) (خـاوەنی

عەقڵو خاسییەتی عامیانە)ی وەك رۆناڵد بارت دە خوێنین بەڵام یەك حەرف نابیستین دەربارەی کومارا سوامی کە بیریارێکی بواری هونەرو ئەدەبە، دواجار لەدنیای ئێمەدا محمەد ئەرگون دەخوێنینەوە کە ئەو میتۆدانـە بـۆ خوێندنـەوی ئیسـلام بـەکار دەهێنێت کە مۆدەن (Fashion)و هەرمۆدەی دەساڵێك برناکا، بەڵام سەید حوسین نەسر نا ناسـین کـە پـەنجا سـاڵە لـەدیدی فەلسەفەو حیکمەتی نەمرەوە (Perennial philosophy) سەرقاڵی خوێندنەوەی دنیـاو مـیراتی مروڤایەتیـە. بـەڵێ لەپـەڕاوێزدا جـەنگێك هەیـە، ئینسـانی سـەربەحیکمەتی ترادسـۆنەکان دژبەئینسـا نـی پرۆمسیۆسـی کـەوا خەریکـە گۆیزەوی دەکاتـــە بیابـانێکی بـەرەهووت، بـەڵام لەفـــەزای گشـتـیدا (Public)، لـەتوێکڵی دەرەوەشــدا شــەڕێك هەیــە لــەنێوان پرۆمیســۆس وسێبەرەکەیدا کەزۆربەمان تەنیا ئاگاداری ئەم جەنگەوەهمییەی دواین. دنیا لەپاشـاگەردانیەکی عـەجیب دایـەو نقـوم بـووە لەقەیرانەکاندا، قەیرانی ژینگە،قەیرانی فیکری،قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان.. هەر بۆیەشە ئەمڕۆ لەجیهاندا بەم یـا بـەو شـێوەیە جڤاتەکان قەلەقن، دوودڵن بەرامبەر بەئایندەی خۆیان بەم یا بەو شێوەیە نیشانەکانی ترس و دڵەڕاوکێ دەبینینەوە بەرامبەر ئـەو جومگـە ڕوحـیو یاسـاییو ئەخلاقیانـەی کەئـەو جڤاتانـەیان پێکـەوە گرێ داوە، جڤاتـەکان لەهەرەسـی جڤـاتو مانـا رۆحییەکەی بەتەواوی سلّ دەکەنەوە. لەبەردەم جەبـەروتی تـەکنۆلۆژیادا، کـەپێش چـل سـاڵ بـەر لەئێسـتا جـاك ئـەلیول[٦] بەچاکی پەنجەی خستە سەر کرۆکی تەکنەلۆژیا کەهیچ نیە جگەلە پرنسیپی Efficiency (ئیفیشنسـی واتـە بەرهـەم هێنـان بەکەمترین تێچوون) ئەم پرەنسیپە بەتەنیا بواری ئابوری ناگرێتەوە بەڵکو گشت رەهەندەکانی ژیانیش دەگرێتەوە، لەبەردەم ئەم جەبەروتەدا جڤاتەکان لەوە سلّدەکەنەوە کە کابوسەکەی هکسلی ببێتە واقیع، کابووسی (دنیا دلـێرە تازەکـەی هکسـلی (New Brave World) راستیەکەی ئەوەیە کە ئەو کابوسە لێرەیەو ئێمە لەژێر باری سەختی ئەو مۆتەکەیەدا دەژین. پرسیاری ئێمە ئەمەیە کە لەم دنیای لێوانلێـوە لـەنادڵنیاییو قەلـەقیو غەمخواردنـەی جڤاتـەکان بـۆ ئێسـتاو ئایندەیـان چـۆن جڤـاتی کوردی مامەڵەدەکاو دیدی چیە بۆ دنیا؟

ئەو وێنەیەی کەسیاسەتمەداران‌و رۆشنبیران (بەهەڵاواردنی چەند نوسەرێك) بۆمان دەکێشن لەمەڕ جڤـاتی کـوردیو مـاڵی کـوردەوە لەبەرنامــە حیزبیــەکانیاندا، تەسـریحاتەکانیاندا، چاوپێکەوتنــەکانیاندا، نوسـینەکانیاندا، دەمانگەیەنێتــە ئــەو قەناعەتەی کە جڤاتی کوردی قەلەق نیە بەرانبەر ئێستاو ئایندەی خۆی. ئەو وێنەیە یا وێنانە، یا وێناکردنە ئەو قەناعەتەمان لاتۆخ دەکاتەوە کە ئەم لەو باوەڕەدایە کە بارودۆخی لەجاران چاکترەو خاوەنی پرۆژەیەو بەدڵنیاییەکی سەیرەوە لەم دنیا پڕ لەنادڵنیاییەدا چاوی لەشتەکان‌و مەوقعی خۆی بڕیوە، لەوکاتەی رۆژێك تێ ناپەڕێ کە دوژمنەکانی کورد سورنەبن لەسەر ئەوەی کەکورد نابێت هەبێتو نابێت خاوەنی پرۆژەی خۆی بێت، رۆژێك تێ ناپەڕێ بەگوێیدا نەدەن کە "ئێمە چیمـان گـوت تۆ ئەوە دەکەیتو بیرلەوەدەکەیتەوە". ئەو وێناکردنەی سیاسەت مەداران‌و رۆشنبیرانی کورد باس لەوەدەکا کە (هەمووشت بەچاکی دەڕوا) لێرەو لەوێ هەندێ کێشەو گیروگرفتی سیاسی لەئارادان بەڵام بـەهۆی سـەرکەوتنی بـەها دیموکراسـیەکانەوە کە (جیهانگیری) دەیان سەپێنێت ئەو کێشانە چارەسەر دەبن، هەندێ کێشەی کلتـوریو کۆمەڵایـەتی هـەن وەك ترۆرکردنـی ئافرەتان کە کۆنەپەرست بوونی کوردو ئیسلام لێیان بەر پرسیارن، بەڵام ئەوەتا چەند فیمینیستێکمان هەیە کاریـان لەسـەر دەکەن. ئەو وێناکردنە مەبەستێتی قانعمان بکـا کـە رژێمـە داگیرکـەرەکانی کوردسـتان بـەهۆی هەیمەنـەی دەسـەڵاتو بـەها ئەمەریکییەکانەوە بەرەو لەناوچون دەچن، لەو گوندە بچکۆلانەیەی (جیـهانگیری) دروسـتی دەکـا کـە گوندێکـە پڕیـەتی لـە مافی مرۆڤو بەهای ئینسانی شـوێنی بـۆ ئـەو رژێمانـەو سـتەمکاری نابێتـەوە، کەواتـە ئێمـە بارودۆخمـان زۆر چاکـە). ئـەو کەسـانەی کـە سـەرقاڵی کێشـانی تابلۆیـەکی لـەو جـۆرەن دەیانـەوێت پێمـان بڵێـن کـە کلتـورو زمـان‌و ئـەدەبیاتی کـوردی لەهەمووکات زیاتر لەدرەوشانەو رەونەقدایە، ئەوەتا لەکوردسـتانی ئـێران گۆڤـاری کـوردی بڵاودەبنـەوەو سـێنتەری کلتـوری کوردی کراوەتەوەو کتێب چاپ دەبن، لەکوردستانی خۆرئاوا (کوردستانی سوریا) یانە دەکرێنـەوەو گۆڤـارو کتێـب بـەلاتینی چاپ دەبن، ئەوەی کە کەس نایانخوێنێتەوەو ئاگاداریان نیە هۆکەی ئەوەیە کە کورد هێشتا ئاگای لەڕێنوسی خـۆی نیـە کـە

لاتینەو دەست بەرداری ئەو رێنوسە (رەجعی)یە نەبووە کە عەرەبیە، (لە کوردستانی باکور زمانو ئەدەبیاتی کورد هەناسە دەداتو زیندوە، ئەوەتا رۆمان نوسو چیرۆك نوسی وەکو محمد ئۆزۆی دروست کردووە). لەسەر ئاستی کوردستانی خواروش (کوردستانی عێراق) بارودۆخی جڤاتی کوردی بەپێی دنیابینیەکەی کە کۆمەڵێ دامو دەزگای حیزبیو رۆشنبیرو سیاسەتمەدار (خولقاندویانە هیچ کات جڤاتی کوردی لەئێستای چاکتر نەبووە) راستە کوردستانی خواروو دابەش بووە بۆ چوار زۆن (zone)و لەپارچەپەکیدا پرۆسەی بەعەرەب کردنو پاکتاو کردنی رەگەزی بەردەوامە بەلاَم بە "مۆدێل شەڕدەکەین"و پرۆژەمان هەیەو سەرقاڵی بە دیموکراتی کردنی کۆمەڵگای کوردین. لەدەرەوە دۆستمان هەیەو دنیا ئاگاداری کێشەکانمانەو ئەگەری قاتو قڕی کورد ئەگەرێکە لەخانەی (کان) دایە، ئەوەتا بەهۆی حیکمەتی سەرکردەکانمانەوە گەیشتوینەتە چارەسەری فیدراڵیانە بۆ کێشەکەمانو داوای بەدیموکراتی کردنی عێراق دەکەین. هەر ئەو کەسایەتیە رۆشنبیریو سیاسیانەی کورد لەمەڕ بارودۆخی کلتوریەوە پێمان دەڵێن ئازادی فیکر هەیەو بەلێشاو گۆڤارو رۆژنامە دەردەچن (لێ گەڕێ چی بلاَو دەبێتەوە)و تەلەفزیۆنو رادیۆی حیزبیمان هەیەو سالاَنە فیستڤاڵی شانۆو شیعرو چیرۆك و فیستڤاڵی هونەری ساز دەدەین. ئەو وێنەیەی سەرەوە خۆزگەو ئارەزووی هەموو دڵسۆزێکی جڤاتی کوردییە، واتە چاك بوونی بارودۆخی کوردو ماڵی کوردی، جڤاتێك کە کارەساتو تراژیدیای گەورەی بینیوە شایەنی ئەم دڵنیایی یەیە، بەلاَم کێشەکە لەواقعی کوردایە کە تەبا نایەتەوە لەگەڵ ئەو وێنەیەی سەرەوەدا. لەگەڵ یەکەم هەوڵ دان بۆ خوێندنەوەی واقیعی کوردی ئەو وێنەیە هەرەس دەهێنێو ئەوانەش کەپێ لەسەر ئەو وێناکردنە دادەگرن لەنەعامە دەچن کەسەر بەژێر لمەوە دەکا تادوژمنەکەیو بارودۆخی مەترسیداری خۆی نەبینێت. ئەو لافاوی بلاَوکردنەوەیە کە بەناوی نوسینو شیعرو (لێکۆڵینەوە) رۆژانە لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکانو لەم دواییەشدا لەماڵپەڕە کوردیەکاندا دەیانخوێنینەوە، خولقاندنی کەرنەڤاڵێ لەتێنەگەیشتن لەسەر مەسەلەی بچووکی ئەو تۆو لەبیر کردنی پرسیارە گەورەکانی جڤاتی کوردی سادەکردنەوەی کێشەکانو خولقاندنی وێنەیەکی خەیاڵی فەنتاستیکانە دەربارەی جیهانو وەزعی هەنوکەی دنیایە، ئەمانەن خاسیەتی سەرەکی ئەو هەولاَنە کە لەکوردستانداو لەناو جڤاتی کوردیشدا هەن لەدەرەوەی کوردستان. لەجیهانێکدا کەپڕیەتی لەترسو قەلەقیو نائومێدی، ترس لەجەنگەپەی دەرپەیەکانو ترس لەکارەساتی گەورەتری ژینگەو ترس لەزانست کە بەهۆی لێدان لەرەهەندی موقەدەسی بوونی ژیانو بوونەوە وا سەرقاڵی بینینی رۆڵی خودایە، سەرقاڵی دەست تێوەردانی سروشتو بونەوەرەکانە، رۆژانە ئینسان دەبێتە هەمووو شتێك جگە لەخۆی، لەجیهانێکدا ئایندەی جڤاتەکان رۆشن نیەو ئینسان بەسەریدا سەپێنراوە کە خۆی بەکرێ بداو خۆی بفرۆشێ، ئا لەم جیهانەدا ماڵی کوردی کە بارودۆخی لە هەمووان خراپترەو کەسێك بەنەتەوە حسابی ناکاو ماڵی دابەش بووە، کورد خاوەنی بڕیار نیە. ئا لەم جیهانەداو لەرێگای ئەو نوسینۆچکانەوە کە بلاَو دەبنەوە ئێمە تێ ناگەین بۆ کورد بێ غەمە؟ ئەم وێنەیەو ئەو قەناعەتە لەکوێوە هات؟ ئایا بێ غەمە یا هێزێك دەیەوێت واقیعمان لێ بشێوێنێو ئەو وێنە تەڵخەمان بداتێ لەمەڕ جیهانەوە؟ ئایا کورد بەڕاستی بارو دۆخی چاکە؟ گەر چاك نیە ئەم وەهمی چاك بوونە لە کوێوە سەرچاوەی گرت؟ لەوێوە هات کە کورد بوونی Beingی لەبیر کردووە یاخود تەقلیدی بیرکردنەوەی نیە، یاخود درۆ لەگەڵ زاتی خۆی دەکات؟ جڤاتێك کە کیانێکی سیاسی نەبێتو لەماڵەکەی خۆیداو لەسەر خاکەکەی کۆیلەی ئەوانی دیکەبێتو خاوەنی بڕیار نەبێت سەبارەت بەنەك چارەنووسی بەڵکو هیچ شتێکی دیکەی ژیانی، تەنانەت لەکاروباری ماڵی خۆشیدا پرسی پێ نەکردرێتو ئەوانی دیکەی ناوچەکەو ئەوانی دیکەی (خۆرئاوایی) لەجیاتی ئەو بڕیاربدەن لەمەڕ ماڵیو چارەنووسیەوە، ئیدی چۆن دەتوانێ لافو گەزافی ئەوە لێ بدات کە بارودۆخی چاکە؟ کە چاك نیە، بەدڵنیاییەوە چاك نیە، ئەم خۆهەڵخەڵەتاندنە لەچ ویژدانو رۆحێکەوە دێتە دەرێو بۆ؟ دواجار کە ئەم رۆحە دەدوێ چی دەڵێ؟ بۆ ئینسانی کورد واقسەدەکا وەك ئەوەی لەم دنیایەداو لەسەر ئەم گۆی زەویە نەژی؟ ئەو هەموو بێ مانایە چیە رۆژانە بەرهەمی دەهێنێت؟ بۆ کە تاکێکی کورد دەیەوێت وەك کەسێکی لێپرسراو

لەجیهاندا، لێپرسراو بەرامبەر بە جڤاتی کوردیو ئینجا وەك هاونیشتمانییەکی سەرئەم گۆی زەوییە حەرفێکی دروست بڵێت رووبەرووی پێ نەزانینو تانەو تەشەرو کەمکردنەوە لەتواناییو پشت گوێ خستن دەکرێتەوە؟ ئەوە چ ویژدانێکە کە ناتوانێ پێزانینی هەبێت بەرانبەر بەپیاو چاکانی کوردو داهێنەرەکانی؟ هۆی چیە ئەم ویژدانە بەجەندرمەیەك، پۆلیسێك، کەسێکی زۆر میانمایە (mediocre)ی (خۆرئاوایی) دەڵێ (بەڕێزتان) بەلام لەناوخۆیدا بەمەزنەکانی دەڵێت سەرلێشێواو، عادی؟ هۆی چیە ئەم جڤاتە دەستی بۆ بەرنادرێ لە جەردەو جەندرمەو دوژمنەکانی خۆی بەلام بێدەنگە لەتیرۆرایز کردنی پیاو چاکەکانی خۆی بەدەستی کورد؟ هۆی چیە ئەم جڤاتە وەك مەیمون بۆ جەردەکان هەڵدەپەڕێو لەسەر شانیان دادەنێ بەلام بەهەمان هێز دژی ئەو کوردانەیە یەك حەرفی خێری پێ بڵێنو مۆمێکی لەماڵە تاریکەکەیدا دابگیرسێنن؟ ئەم عەشقە بۆ تاریکیو ئەم دژایەتیە بۆ روناکی لەکوێی ئەم جڤاتەوە دێتە دەرێ؟ لەو دیدو وێناکردنە پڕ ئیشکالیەتەوە ئەمڕۆ ئێمە جڤاتێك دەبینین کە رەهەندێکی ژیانی نیە باس لە قەیران نەکا (سیاسەتی) سیاسەت نیە بەڵکو درێژە پێدانی قەبیلەگەراییو خزمخواهییەو بەدوورە لەسیاسەت وەك هونەرو فیکرو فەلسەفە، نوسینی پڕیەتی لە ئیشکالیەتی گەورە، لەوانە باش نەنوسین، باش بیرنەکردنەوە، باش ئەرگومێنت نەکردن، غیابی چەمك، باڵادەستی گوتاری شیعری کە ئیشکالیەتەکانە، نزمی ئاستی لێکۆڵینەوەکان. ماڵەکەی داگیر کراوەو خۆی کۆیلەی "خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە" و ئێستاش چاوی لەرزگارکەرێکی (خۆرئاوایی) بڕیوە رزگاری بکا. ئەم ویژدانە لە هەموو جوانیەك کە کورد خۆی بەرهەمی بهێنێت کەم دەکاتەوەو عاشقی گەندو گووەکانی ئەوانی دیکەیە کە بەرهەمی دەهێنن، بۆ داهێنەرانی خۆی ناوی جۆراو جۆری هەیە جگە لەداهێنەر بەلام بەمیانماییەکی (خۆرئاوایی) دەڵێت داهێنەر، بڕیارێکی کورد دەڵێت (فەندە مێنتا لیست) بەلام بەرۆشنبیرێکی میانمایەی (خۆرئاوایی) دەڵێ بڕیار. بێزی لە نیشتمانەکەی خۆی دەبێتەوەو جانتاکەی هەڵدەگرێ یان بەرنامەی هەیە هەڵی بگرێ بەرەو کەمپەکان، رۆژانە سەرقاڵی ناشرین کردنی نیشتمانەکەیەتی بەلام بەکۆیلایەتیو مەنفاو کەمپەکان دەڵێت نیشتمان. رۆژەکانو ساڵەکان تێدەپەڕنو ئەم بونەوەرە، ئەم ویژدانە چەپڵە بۆ رابەرەکانی لێ دەدا کە رۆژێك چیە لەگەڵیدا راستگۆنەبوون، کەچی مەسخەرە بەرەخنەگری جدی (سیاسەت)ی کوردی دەکاو بەنوسەری جدی کورد رادەبوێرێو نوکتەی لەسەر ڕیز دەکا. خودای گەورە ئەم ویژدانە بیمارە زادەی کوێیە؟ ئەم رۆحە بۆ هێندە سەر لێشێواوە؟ بۆئەوەی کوردستان کورت نەکەینەوە بۆ کوردستانی خواروو (کوردستانی عێراق)ئەمەش ئەو کارەیە کە حیزبە کوردییەکان کردوویانەو دەیکەنو رۆژانە بەشەکانی دی دەکەنە قوربانی گوایە ئەو (پرۆژە)یەی کە لەوێ هەیە. لێرەوە دەبێت بەپێچەوانەی ئەو وێناکردنەی گوتاری (سیاسی) کوردی تەقلیدی لە کوردستانی گەورەدا بۆ جڤاتی کوردی بەخێرایی ئاماژە بۆ بارودۆخی جڤاتی کوردی بکەین لەکوردستاندا.

خاڵی دەست پێکردن بێ گومان دەبێت لەکێشەی کێشەکانەوە بێت، لەرووی سیاسییەوە نەك لەرووی وجودییەوە، ئەویش بوونی کوردستان وەك دواکۆلۆنی Colony ئیستیعماری تەقلیدی، دیارە لەگەڵ فەلەستین دا. کوردستان وڵاتێکی داگیر کراوەو ماڵی کوردی دابەش بووە. وێڕای ئەوەی کە ئەم راستیە تازەنیەو سەدەیەکە کورد دەستو پەنجەی لەتەکدا نەرم دەکاو لەپەیڕەوو پرۆگرامی حیزبی تەقلیدی کوردیدا بەم یان بەو شێوەیە ئاماژە کردن هەیە بۆ ئەم راستییە بێ ئەوەی گۆڕینی ئەو هەلومەرجە ببێتە مۆتۆڕی کارکردن لەودیو ئەو بەرنامە (سیاسی) یانەوە، بێ ئەوەی ئەم راستیە بووبێتە مایەی دارشتنی (گوتار) (Discourse) لای کورد ئەم راستییەی کەکوردستان کۆلۆنیەکی جیهانیەو نموونەی ئیستیعماری تەقلیدیە لێکۆڵینەوەکانو کتێبەکانو سمینارەکانو سیمپۆ زیەمەکانی نەخوڵقاندووە یەکەم کەسیش کە بەویژدانەوەو مەنهەجیانە لەسەر ئەم راستیە بێتە دەنگ کورد نیە بەڵکو نووسەرێکی خاوەن ویژدانی تورکە ئیسماعیل بێشکچی. جڤاتی کوردی کوردستانی خۆرهەلات (کوردستانی ئێران) لەغیابی پرۆژەیەکی سیاسیو نەتەوەییو پرۆژەیەکی کلتوری ئاشکرادا ژیان بەسەر دەبا. نەك ئەوەندە بەڵکو کەلکەڵەی سەیرو ترسناك لەنێو ئەو جڤاتەوەو لەسەر زاری

(سیاسەت مەدارەکانی‌و نووسەرەکانی‌و لێکۆڵەرەوە)کـانی‌و قسـەکەرەکانییەوە خـۆی بـەیان دەکـا چ لـەناوەوەی ئـێران‌و چ لەدەرەوەی ئێران. لەکوردستانی خۆرهەلآت دووپارتی (سیاسی) هەبوون کە لەدوای شۆرشی ئێرانیەوە بۆ ماوەیـەکی دیـاری کراو لەمەیدانی بەناو (سیاسی)و کلتوریدا سەرقاڵی کـارکردن بـوون‌و بوونـە بکـەری (سیاسـی) لـەو مەیدانـەدا. بـۆ ماوەیـەك لەغیابی پرۆژەیەکی نەتەوەیی‌و بیرکردنەوەی دروستدا سەرقاڵی جەنگو جەدالّی ئەوە بوون کە یەکێکیان نوێنەری بۆرژوازی کوردەو ئەوی دی کرێکاران. ئەم وێناکردنە کە دواجار بووە مایەی کورد کوژی‌و بەفیڕۆدانی بەهرەو توانـای کـورد لـەناو ئـەو جڤاتـەدا لەلایەکـەوە زادەی نزمـی ئاسـتی بیرکردنـەوەبوو، لەلایـەکی دیکـەوە زادەی پـــەخش بوونـــەوەی ئـــەو ئایدیۆلۆژیـا ترسناکەی کە پێی دەگوترا کۆمۆنیزم یا مارکسیزم. کۆمۆنیزم لەمێژووی سەدو ئەوندە ساڵەی خۆیدا گورزی زۆری لەکۆمەڵێ جڤات دا، کۆمەڵێ کێڵگەی مەرگی بەرهەم هێنا، کۆمەڵێ زیندانی گەورەی دروست کرد لەزۆر شوێنی جیهانداو لەو شوێنانەش کە میراتی  بیرکردنـەوە هـەبوون‌و دامـو دەزگـای مـەعریفی‌و مـەدەنی بوونیـان هـەبووە ئـەم ئایدیۆلۆژیایـە کـە پـڕی بـوو لـە ئارگیومێنتی سادە لەوحانە لەفەنتازیایەکی لەمۆتەکـەچوو زیـاتر هیچـی دیکـە نـەبوو، ئـەم ئـایدیۆ لۆژیایـە کـەمترین گـورزی وەشـاند لـەو شـوێنانە، لەوانـە (خۆرئـاوا). بـەڵام کۆمۆنـیزم بەشـێوە جیاوازەکانیـەوە لـەدوای چارەکـەی یەکـەمی سـەدەی بستەمەوە تا ئەمڕۆ شوێنێکی باڵادەستی لەنێو ژیـانی (سیاسـی)و (فیکـری)و کلتـوری جڤـاتی کوردیـدا داگیر کـردووە. ئـەم ئایدۆلۆژیایە بەشێوەی جیاواز جیاواز لەنێو جڤاتی کوردیدا، لەوانە جڤـاتی کـورد لەکوردسـتانی ئـێراندا هەناسـە دەدات نـەك تەنیا لەشێوەی بوونی رێکخراوی کۆمۆنیستی بەڵکو لەسەر ئاستی دیکە رۆژانە خۆی مانفێست دەکاو بگرە نوکتەی خوێناوی ئەوەیە کە هەندێ لە ئیسلام گەراکانی کورد قسەدەکەن وەك مارکسییەك یان کۆمۆنیستێك قسە دەکەن، هەندێ لەبزوتنـــەوە ئیسلامیەکان پەیڕەوی لەکتێبەکـەی لینـین دەکـەن بـەناوی (دەبێـت چـی بکردرێـت). ئـەو دوو پارتـەی کوردسـتانی ئـێران، دیموکراتو کۆمەڵە، لەژێر ناونیشانی ئایدۆلۆژیای سەیردا سەرەتا کەوتنە گیانی یەکترو دابەش کردنی ماڵی کوردی‌و لەو ماوە کەمەشـدا کـە دەسـەڵاتیان بەدەسـتەوە بـوو شـپرزەیی‌و بـێ بەرنامـەیی دوا دەسـتکەوتیان بـوو، دیـارە لـــەپاڵ خوڵقـاندنی کارەساتی گەورەدا. ئەمڕۆ پاشماوەی ئەم دووپارتە هیچ نیـە جگـە لەچـەند بەیاننامەیـەك‌و پەخشـانی سـاڵانە بـۆ بۆنـەکان. کەواتە لەهەنوکەدا جڤاتی کوردی لە کوردستانی ئێراندا رێکخراوێکی سیاسی نیـە تـا نوێنەرایـەتی بکـاو لـەبیری پرۆژەیـەکی سیاسـیدا بێـت، ئەمـە لەگـەڵ رێزێکـی زۆرمـاندا بـۆ چـەند کەسـایەتیەك وەکـو بەهائـەدین ئـەدیب، کــە هــەوڵ دەدەن ئــەو نوێنەرایەتیە دروست بکەن بەڵام تەنیا لەیەك دەڤەردا چونکی حکومەتی ئێستای ئێران پەیڕەوی لەسیاسەتی رژێمـی پێشـوو دەکا لەدابەش کردنی کوردستانی ئێراندا بەسەر سێ هەرێمدا. بۆ ئەوەی لەســەر ئاسـتی کلتوریـش بزانـین ئـەو جڤاتـە چـۆن دەژی دەبێت بەراوردی ئەو کتێبانە بکەین کە لەتاراندا دەردەچـن بـەزمانی فارسـی‌و هـەوڵی وەرگێڕانی کۆمـەڵێك تێکسـتو ئینجا ئەو بزوتنــەوە فیکریـە گرنگـەی ئـێران کـە سـاڵانە لەکۆمـەڵێ بـواردا خـۆی بـەیان دەکـا وەکـو سـازدانی سـیمپۆزیەمو کۆنگـرەی فەلسـەفەیی‌و پێشـانگای کتێـبو.. هتـد، لەگـەڵ ئـەو نوسـینانەی بـەکوردی لەکوردسـتانی ئـێراندا چـاپ دەبـــن، بەراوردێك لەنێوان غەمو قەلەق‌و گوتاری بیریارانی فارس لەگەڵ غەم‌و گوتـاری (رۆشـنبیران)ی کـورد لـە کوردسـتانی ئـێران، بەراوردێك لەم جۆرە دەمانگەیەنێتە ئەو راستیەی کە ئەو جڤاتە لـەنامۆبوونێکی ترسـنکادا دەژی بـەخۆی‌و نـامۆبوون لەگـەڵ دنیا، ئەو جڤاتە لە غیابی دنیا بینیەك‌و پرۆژەیەکی نەتەوەییدا دەژی.  لەمە کارەسات تر ئەوەیە کـە ئـەندامانی ئـەو جڤاتـە لەدەرەوە، لە(خۆرئاوا) تائێستا هەر مەفتونی مارکسیزمن کە خۆی دەلالەت لە کۆتایی هاتنی هەموو پرۆژەیەکی ئـەو جڤاتـە دەکات. نەك ئەمەندە بەڵکو لەنێو ئەو کەسانەدا کە لەکوردستانی ئێرانەوە هاتوونەتە دەرێو سەرقاڵی نووسینن  یا سمینـار پێشکەش کردن لە ماڵپەرەکاندا سێ کەڵکەڵـەی ترسـناك بـەدی دەکرێـت، رەگـەز پەرسـتی‌و بانگەشـە بۆزەردەشـتی بوونـی کورد، دژایەتی کردنی ئیسلام، فیمینیزم.

دیدەنی کردنێکی خێرا بەچاتو ژووری گفتوگۆکردن لەئینتەرنێتداو سەیرکردنی چەند ماڵپەرێکی کوردی کافیە تا ببینین کوردەکانی کوردستانی ئێران بیر لەچی دەکەنەوەو سەرقاڵی چین‌و گەرەکیانە بەچ ئاگرێك یاری بکەن. رەگەز پەرستیەك کەلەو نێوەندەدا خۆی بەیان دەکا ئاراستەی عەرەب‌و نەژادی سامی‌و ئاینی ئیسلامە، ئەم رەگەز پەرستیە کە لەویژدانێکی نەخۆشەوە دێتە دەرێ هاوپەیمانی خۆی دۆزیوەتەوە لە (خۆرئاوا) کە رەگەز پەرستەکانی (خۆرئاوان)و لەو کەیاسەدا (ئاژاوەیە)ی ئینتەرنێتدا باشترین زەمینەی بۆخۆی دۆزیوەتەوە، ئاخر چاتو ژووری گفتوگۆکردن لەئینتەرنێتدا زیاتر لەمەیدانی فرۆشتنی ئاژەڵ دەچێ، وەك لەشوێنێك بۆ گفتو گۆیەکی لەسەر خۆو ئازاد. لە نێو کوردەکانی ئێراندا لەدەرەوە کەم نین ئەو کەسایەتیە رەگەزپەرستانەی کە عەرەب بەم شێوە یە وەسف دەکەن (پێ پەتی، نەژادێکی بێ هونەرو فکرو ئاینەکەش کەئیسلامە وەك ئیسلامی حوشتر، ئاینێکی ترۆریستو بکوژی ئینسان‌و بێ هونەرو بەرپەرێ)، بۆ ئەو کەسایەتیانە رزگاری وا لەزیندوکردنەوەی ئاینی زەردەشتیدا چونکی کورد زەردەشتی بوو پێش ئەوەی (ئاینی بیابان داگیری بکا)و هەروەها لەئاینی زەردەشتیدا خوداو ئینسان یەکێکن، (خودا ئینسانەو ئینسانیش خودایە) ئەمە چۆن وایە؟ ئەرگومێنت نیە، لێکۆڵینەوە نیە ئەوەی هەیە کەلکەڵەیە، ئارەزوی ویژدانێکە کە ماندوو بووە لە بیرکردنەوەو لێپرسراوێتی‌و نەخۆش کەوتووە.

لە کوردستانی باکور (تورکیا) سوپاس بۆ دەست تێوەردانی ئەمەریکاو ترسنۆکی ئەوروپاو رۆڵی ئەو دووحیزبە سەرەکیەی کوردستانی عێراق‌و ترسنۆکی سەرکردەیەك، بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد لە گیانەڵا دایە، بەلانی کەمەوە یەکێك لەباڵەکانی پارتی کرێکاران کۆتایی هاتو خەباتی چەندین ساڵەی کورد کەبەهەڵە لەو رێکخراوەدا خۆی بەیاندەکرد کۆتایی هات بەهەڵە لە ستراکچەرو لە ئەجێندا ستالینیستیەکەی ئەو پارتەدا. ئەمڕۆ ئەو پارتە کورت بۆتەوە بۆ کۆمەڵێ دروشم کە قسە لەجەهلێکی سیاسی سەرسورهێنەردەکا. گەر دروشمی یەکەم واتە چاوبڕین یا خەو بینین بەکوردستانی گەورەوە دروشمێك بووبێ گەورەتر لەتواناکانی ئەو پارتە، مەبەست لەپارتی کرێکارانە، ئەوا دروشمی ئێستای ئەو رێکخراوە شوێنی پێکەنینە، ئەویش دیموکراسیەت بۆ تورکیاو مافی کلتوری بۆ کورد. مەهزەلەی ئەم دروشمە لەوەدایە کە لەلایەن هێزێکی کوردیەوە بەرز دەکرێتەوە. بزوتنەوەیەکی ناسیۆ نالیستی کە خۆی بەقسەکەری جڤاتێکی هەڤدە ملیۆنی دەزانێ، لەجیاتی بەسیاسی کردنی پرسیارو غەم‌و داواکاری‌و مافی ئەو جڤاتە قسەکردن لەسەر بەدیموکراتی کردنی تورکیا خۆی نەك پاشەکشەیە بەڵکو تێکشکانێکی شەرم ئاوەریشە. کارەساتەکە لەوەدایە کە لەدروشمی دامەزراندنی (دەوڵەتی کوردی) یەوە بۆ ئەوەی رادیۆیەکت هەبێت، واتە گواستنەوەی کێشەکە لەکێشەیەکی سیاسی چارەنووس سازەوە بۆ کێشەیەکی کلتوری، لەکێشەی نەتەوەیەکەوە بۆ کێشەی گروپێکی کلتوری‌و ئینجا داواکردنی دیموکراسیەت بۆ تورکیا کە خۆی، تورکیا، بەدیموکرات دەزانێ‌و بەناوی دیموکراسیەوە قاتو قڕی کورد دەکات، ئەو داوا کاریە دەلالەت لەجەهلی سیاسی ئەو کەسانە دەکا کە ئەم جۆرە دروشمانە بەرز دەکەنەوە. شکستی ئەو رێکخراوە چاوەڕوانکراو بوو چونکی، ئەوشکستە لەستراکچەری ئەو رێکخراوەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە رێکخراوێکی ستالینیستی کە پابەندە بەکەسایەتییەکی کاریزماوەو لەگەڵ گرتنی ئەو سەرۆکەدا ئەو رێکخراوە هەڵوەشا، ئەوەی ئێستا لەو رێکخراوە ماوە چەند داموو دەزگایەکی ئەعلامی‌و رۆشنبیریە لە(خۆرئاوا) کە سەرقاڵی تیرۆرایزکردنی دەنگی جیدی کوردین لەسەرتاسەری کوردستانداو ئەمە جگە لەپەخشکردنەوەی جەهل بەسەر جڤاتی کوردیدا. تەلەفیزیۆنی ئەو رێکخراوە سەرقاڵی دژایەتی کردنی هەموو دەنگێکی خێر خواو کورد دۆستەو لێرەوە جگەلەوەی کە بووبێتە دەزگایەکی قەمعی لەسەر خودی کورد، هیچ رۆڵێکی دیکەی نیە.

هەرچی پەیوەندی بەجڤاتی کوردەوە هەبێ لەکوردستانی خۆرئاوا، بارو دۆخی ئەو جڤاتە کوردیە هەروەکو خۆیەتی واتە سەیرکردنی کورد وەکو کۆمەڵێ خەڵك کە مافی نیشتەجێبوونیان هەیە نەك مافی هاونیشتیمانێتی. لە دووساڵی رابردوودا مژدەی کرانەوەیەك لەئارادا بوو، دەرگا لەسەر ئومێدێك خرایە سەرپشت ئەویش بەراگەیاندنی ریفۆرم‌و مافی کردنەوەی

یانەی سیاسیو کلتوریەکان کە لەو نێوەندەدا چەند کۆمەڵەیەکی کوردی دروست بوون، بەڵام ئـەم کرانەوەیـە تەمـەن کـورت بوو. جڤاتێك بەزمانی خۆی نەخوێنێتو نەنووسێو منداڵەکانی لە قوتابخانەدا زمانی ئـەو جڤاتـە فێرنـەبنو نوێنـەری سیاسـی نەبێتو لە کێشە سیاسیەکانو بڕیارە سیاسـیەکاندا بەشـدار نـەبێتو راو بۆچوونـی نـەبێتو پرسـیار نـەکا، واتـە سیاسـیانە هەڵسوکەوت نەکاو، لەبڕیارە چارەنوس سازەکاندا خۆی بڕیار نەدا بەڵکو بڕیاری بۆ بدەن، لێرەدا ئیـدی تەنانـەت قسـەکردن لەسـەر جڤـاتی کـوردی لەسـوریا خـۆ هەڵخەڵەتاندنـەو ئەوجڤاتـە جگـە لـەوەی کـە بابـەتێکی ئەنسـرۆپۆلۆژیە، واتـە مـادەی ئەنسرۆپۆلۆجیستەکان زیاتر هیچی دیکە نیە.

ئێمە لەم کتێبەدا بەشێکمان تەرخان کردوە بۆ قسەکردن لەسەر کوردستانی خواروو (کوردستانی عێراق) کە بەڕای ئێمە پاشا گەردانیو قەیرانی ڕۆحی کوردی لەوێدا لەلوتکەدا خۆی نیشان دەدا، لێرەوە باسکردنی مانیفێستی بیماری ئەو ویژدانـە هـەڵدەگرین بـۆ ئـەو بەشـە. لـێرەدا بـە پێویسـتی دەزانـین ئاماژەیـەك بـە بـارودۆخی جڤـاتی کـوردی بدەیـن لـە دەرەوەی نیشتیمانەکەی واتە لەمەنفا، کە بیماری ویژدانـی کـوردی تێیـدا "دەدرەوشـێتەوە"بێگومـان سـتەمکاریو خراپـی بـارودۆخی کوردسـتان ژمارەیـەك خـەڵکی ناچـار کـردووە کـە وڵات بەجێبـهێڵن، بـەڵام بەسـتەنەوەی دیـاردەی کـۆچ تـەنیا بـەبارودۆخی سیاسیەوە هەڵەیە، هەڵەیە لەوەدا کە ڕەهەندێکی کۆچ نابینێ کە پەیوەندی بەتێکشکانی کەسایەتی کـوردو ڕۆچونـی ڕۆحـی کوردیەوە هەیە، ڕەهەندێکی کۆچ پەیوەندی هەیە بە لەدەسدانی خـەون، نـەبوونی پـرۆژەی نەتـەوەو ئینجا کـاڵ بوونـەوەی جوامێریو ڕۆحی جەنگاوەرانەیکوردو لەدەست دانی تواناو بیرکردنەوەبۆ چاکردنی ماڵی خۆو ئیعتیماد کردنە سەرخۆ، لەپاڵ بوونـی سـتەمکاریو بوونـی کودسـتان وەکـو وڵاتێکـی داگیرکراو. یـەکێك لـەهۆکارەکانی کـۆچ بوونـی ئـەو زاقو بریقەیـە کـە (خۆرئاوا) بـۆ دەرەوەی خـۆی بەرهـەمی دەهێنـێو بـڵاوی دەکاتـەوەو خـەڵکێکیش کـە فیکـرەی نیشـتیمان لایـان مـردووە، نیشتمان ناشـرین کـراوە لەلایـەن شـاعیرو سیاسـیو ڕۆشـنبیرەکانیەوە، ئـەو پروپاگەندەیـە دەکـرێنو پێـی هەڵدەخەڵـەتێنو دەیانەوێت بەهەر شێوەیەك بووە بگەنە ئەو بەهەشتە (خۆرئاوا) زۆرجاریش بەگرتنەبەری ڕێگای ناشەرعی، ناشەرعی بەمانای نایاسایی نا وەکو ئەوەی ئەم ڕۆژانە قسەی لەسەر دەکرێ بەڵکو بـەمانای ڕێگـای دوور لـە ویـژدان، چـۆن؟ بالـەو راسـتیەوە دەست پێبکەین کە ئەمڕۆ کۆچ دیاردەیەکی (جیهانی سێهەمە)و لەگشت ئەو وڵاتانەوە بەهۆی بوونی کۆمەڵێ هەلو مەرجەوە خەڵکی بەشەپۆل کۆچ دەکەن، بەڵام وێڕای ئەم راستیەش میللەتێك نیە لە جیهاندا جانتاکەی دابێ بەشانیداو کەوتبێتە سـەر ڕێگا وەکو کـوردو خۆبەخشـانە وڵات جێبـهێڵێت، تـەنیا لەبـەر ئـەوەی دەسـەڵاتی وڵاتەکـەی بـەدڵ نیـە. لـەکۆتایی سـەدەی بیستەمدا تێکشکانێك لەکەسایەتی کوردا هەیە کە لەسەر ئاستی کۆچ ئەم تێکشکانە لـەوەدا خـۆی بـەیان دەکا کـە کەسـێك دەیەوێت نیشتمانەکەی بەجێ بهێڵێت بۆ ئەوەی لە شـوێنێك بگیرسـێتەوە کـە کارنـەکاو بـژی. پێـش ئـەوەی بجوڵـێ هـەندێ (ڕۆشنبیر)و ئەدیبیش زەخیرەکەیان داوەتێ لـەوەدا کـە نیشـتمانەکەی کەلاوەیـەو هـەموو شـتێکی تێدایـە جگەلـە (عەشـقو ئازادی). فیکرەی نیشتمان لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە لێی دراوە (نیشتمانی تۆ ئەو شـوێنەیە کـە دەت ژێنـێو بـەختیارت دەکـا) (نیشتمان ئەو شوێنەیە کە ئازادی سێکست بۆ فەراهەم دەکات) یاخود (لەسـەردەمی جیهانگیریدا نیشـتمان مانـای نـەماوەو هەموو شوێنێك نیشتمانە) ئەگەر بەراوردی شیعرێکی نالی لەگەڵ هەر شاعیرێکی ئەمڕۆی کوردا بکەین، تێدەگەین باس لـەچی دەکەین. پێش سەر هەڵدانی (ڕۆشنبیر) وەکو دیاردەیەکی مۆدێرن، زانای ئاینی ،فەیلەسوف، بیریـار، شـاعیر، سیاسـەتمەدار هەرهەموو سەر بەجڤات بوون. کاریـان ئـەوەبوو کـە کـارێك بکـەن ئـەندامانی ئـەو جڤاتـە بەتـەنگ ژیانیپێکـەوەییان، ژیـانی جڤاتانەیان، ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسیيانەوە بێنو بەتەنگ نەك ڕۆحو چۆنێتی ژیانیانەوەبێن، بەڵکو بەتەنگ خـاكو شـارو و وڵاتەوە بێن. (ڕۆشنبیر) یەکەم مەخلوقە کە حەق بەخۆی بدا دوورە پـەرێز بێـتو لـەدەرەوەی جڤـات خـۆی ببینێـتو حـەق بەخۆی بدا بەئارەزوی خۆی دەست وەربداتە ژیانی جڤاتەوەو چـۆن ویسـتی ئاوهـا نیشـتمان وێنابکـا، یـا کـارێ بکـا هـەموو خۆمان بەکوشت بدەین بۆ نیشتمان بێ ئەوەی پرسیار بکەیەن بۆ؟ یاخود هێندە رقمان لەنیشتمان بێتـەوە کـە جانتاکـەمان

هەڵبگرین‌و جێی بهێڵین لەو دیدەوە کەئیدی شوێنی ئارەزو غەریزەکانی ئێمەی تێدا نابێتەوە، لەو دیدەوە (ئینسانی ئازاد) یاخود (تاکی یاخی) نیشتمانی نیە. لەگەڵ سەرهەڵدانی (رۆشنبیر)دایە عەشقێکی کوێرانە بۆ نیشتمان سەر هەڵئەدا یاخود رقێك لەنیشتمان کە لەبیماری ئەو ویژدانە بیمارە دەدوێ کە ویژدانی (رۆشنبیرە)، لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئێمە لەگەڵ مەخلوقێك سەرو کەللە پەیدا دەکەین کە لێپرسراو نیە، مەخلوقێك کە یەك هونەر بەڵەدە ئەویش داتاشینی بەهانە بۆ هەموو هەڵو مەرجێك. کە نیشتمان ناشرین دەکرێ لەلایەن شاعیرەکانەوە کە فکرەی نیشتمان ترۆردەکرێ لەلایەن سۆفستائیە هاوچەرخەکانەوە (رۆشنبیران) ئەوسا جڤات دەکەوێتە سەر کەڵکەڵەی سەفەر. رۆشنبیران نەك نیشتمان ناشرین دەکەن بەڵکو شوێنی مەقسەد (واتە خۆرئاوا)ش بە بەهەشت دەکەن، رۆشنبیرانی کورد وێنەیەکی عەجیب لەمەڕ (خۆرئاوا)وە بۆ جڤاتی کوردی دەکێشن، (خۆرئاوا) وەکو سەرزەمینی بەختەوەری‌و ئازادیەکان وێنا دەکەن، ئەو سەرزەمینەی کە گەر ئیشیش نەکەیت دەژیت‌و بگرە پێویست ناکات کار بکەیت، سەرزەمینێك (هەتا دڵت بخوازێ سێکس‌و هەتا دەتەوێ Play boy)، (سەرزەمینێك کەتێیدا دەتوانی سەرۆك کۆمار دادگایی بکەیت)..؟ ئەوەی کە (رۆشنبیری) کورد نایکا ئەوەیە کە کورد واداربکا لەنیشتمانەکەی خۆیدا کاربکاو ئازاد بێت‌و بیکاتە ئەو شوێنەی ژیان تێیدا مسۆگەر بێت. باراستگۆ بین، ئەمڕۆ لەکوردستان، سوپاس بۆ (رۆشنبیران) خەڵکی بەچاکی دەزانن کە سیستەمی سۆشیالی ئەڵمانی چۆنە، لەسوید مانگانە چەندە پارە دەدەن سۆشیالی ئینگلستان لەسۆشیالی فەرەنسا باشترە. ئەم کۆچە لەبنەڕەتەوە لەسەر شوناس‌و ویژانی کورد کەوتووە. بۆ نموونە لەدوای نەوەدەکانەوە هەندێك کەس هاتوونەتە دەرێ یا ئەوەتا نەقدی دەسەڵاتی کوردیان کردووە (ئەمە لەکوردستانی خوارو) بۆ ئەوەی وەربگیرێن یاخود ئیسلامیەکانیان کردۆتە نیشانە. دەبێت ئەو راستیە بڵێین کە چ دەسەڵاتی کوردی بەنوێنەرایەتی پارتی‌و یەکێتی خەڵکێکی زۆریان ئازارداوەو هەرەشەی مەرگیان لە کۆمەڵێ نووسەرو ئەکتیڤیستی سیاسی کردووە و چ باڵی توندڕەوی ئیسلامی کە ژمارەیەك لەخەڵکیان ترۆرایز کردوە، بەڵام، یەکەم ئەمە بەو مانایە نایات کە ئینسان جڤاتەکەی خۆیی‌و وڵاتەکەی خۆی بەجێبهێڵێ‌و لەراستیشدا ئەوە هۆی سەرەکی کۆچ نیە، **دووەم**، ئەو کەیسانە (مەلەفانە)ی کە دروست کراون بۆ مەبەستی وەرگرتن‌و قبوڵکردن لە U.N و لەو وڵاتە (خۆرئاوایی) یەکاندا شوێنی ئیشکالیەتە. کێشانی وێنەیەك دەربارەی کوردستانی خوارو کە تێیدا بزوتنەوە ئیسلامیەکان‌و دەسەڵاتی کوردی شەو رۆژ خەریکی قەتڵ‌و عام کردنی خەڵکی بن، وێنەیەکی راست نیەو ئیهانەیە بەکورد خۆی. چونکی ئەو کەسانەی کە لەو مەلەفانە دەکۆڵنەوە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا دیبلۆمات یاخود ئینسانی (خۆرئاوایی)ن‌و ئەو زانیاریانە لایان دەبێتە دۆکیومێنت‌و هەقیانە پرسیار بکەن ئەو هەموو بەربەریەتەی کورد لە کوێوە هات؟ ئەوبەربەریەتەی کە کەسی پەناهەندە دەیداتە پاڵ ئیسلامیەکان‌و دەسەڵاتی کوردی لای ئەوکەسەی لەمەلەفەکان دەکۆڵێتەوە موڵکی کورد خۆیەتی‌و زادەی کورد خۆیەتی. پرسیار بکەین ئەمەچ مەهزەلەیەك بۆ مێژووی کوردو ئایندەی کورد دەخوڵقێنێت؟ ئەو پەناهەندەیەی بۆئەوەی وەر بگیرێ پەنا دەباتە بەر ئەوەی کە کەیسێك (مەلەفێك)، داستانێك لەسەر ئیسلامیەکان‌و دەسەڵاتی کوردی دروست دەکات‌و وەك بەربەری‌و ئافرەت کوژو نوسەر کوژو ئاریشتگا سوتێنەرو هونەرمەند کوژ، لەقەڵەمیان دەدا پرسیاری لەخۆی کرد کە ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکات ئۆرێنتا لیستێکی سادە لەوحی (خۆرئاوا)ییەو ئەم داستانە بە موڵکی کورد دەزانێ‌و گەر ئیسلامیەکان‌و دەسەڵاتی کوردی بەربەری بن، ئەوا ئەم ئۆرێنتالیستە بێگومان هەموو کورد بەهەمەجی لەقەڵەم دەدا؟ کۆمیدیاکە لەوەدایە کە دەسەڵاتی کوردی خۆی بەشداری ئەم ئیهانەیە دەکا بەکوردو جڤاتی کوردی [٧]. با باسی ئەو کاتە بکەین کە کەسی کۆچ کردوو دەگاتە "شوێنی خۆی" واتە دەگاتە ماڵەوە کە (خۆرئاوا)یە. ئێمە جڤاتێکمان هەیە بەناوی جڤاتی کوردییەوە بابزانین سەر مەشقی چیە. باڵەو خاڵەوە دەست پێبکەین کە شوێنی گیروگرفت نیە، ئەویش ئەوەی کە ژمارەیەك لەکورد لە وڵاتە ئەوروپی‌و ئەمریکیەکاندا رۆژانە دەست‌و پەنجە لەگەڵ باروذۆخی تازەی ژیانیان نەرم دەکەن، کاردەکەن، رووبەرووی رەگەز پەرستی دەبنەوەو لەهەوڵدانداندن کە مانایەك بەژیانیان بدەن‌و لەخەباتدان‌و زەجر دەکێشن،

ئێمە لێرەدا جگەلەوەی کە خۆمان هاو شێوە بکەین لەگەڵ ئەم ژمارە کەمەی کوردا هیچی دیکەمان نیە بیڵێین، دوازدە ساڵە دەجەنگین دژ بەرەگەز پەرستی لەکەنەداو ڕۆژانە دەسکەوتی گەورە بەدەست دەهێنین، لێرەدا جگەلەوەی ئێمە ڕێزی خۆمان نیشان بدەین بۆ ئەوکەسانەی کە لەخەبات دان وون نەبن‌و نەتوێنەوە هیچی دیکەمان نیە بیڵێین. قسەکردنی ئێمە لەسەر جڤاتێکە کە شپرزەیەو نازانێ چۆن خۆی بێت، لەسەر ئەو کەسانەیە کە ئیدعای (ڕۆشنگەری) دەکەن‌و دەڵێن سێکیولارین (عەلمانین) بەڵام ژنەکانیان بەیاسای مەدەنی تەڵاق دەدەن‌و بەشەریعەتی ئیسلامی وەکو ژنی خۆیان دەیان هێڵنەوە تەنیا بۆئەوەی فێڵ لەسیستەم بکەن. هەرچی پەیوەندی بەپەیوەندییەکانی نێو ئەم جڤاتەوەهەیە، ئەم خەڵکانە هەموو شکست‌و ناهەمواریيەکانی دنیای کوردییان لەگەڵ خۆ هێناوەتە دەرێ. هەندێك بۆ ئەوەی پێیان بگوترێت (شارستانی) (مۆدێرن) دژی ئیسلام‌و شارستانیەتەکانی خۆرهەڵاتن دژ بەهەموو مێژوو کلتوری ناوچەکە دەوەستنەوە. سەردانێکی ئەو چات‌و ژووری گفتوگۆکردنانە لەئینتەرنێتداو بەسەر کردنەوەی ئەو نووسینانەی کەلەم لاو ئەولا لەهەندەران پەخش دەبنەوە، کافیە بۆ ئەوەی بمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە جڤاتی کوردی لەدەرەوە لەفەراغێکی ڕۆحی گەورەو لە ئینکارکردنێکی یادەوەری خۆیدا ژیان بەسەر دەباو ئەو پرسیارەشەمان لادروست دەکا کە ئەم مەخلوقە واتە (کورد) لەکوێدا ژیاوەو دەژیو لەکوێوە هاتووە؟ ئەو هەلومەرجە چیە کە ئەم زەینە نەخۆشەی دروست کردووە؟ هۆکانی ئەم زەلیلی‌و دژایەتی کردنەی خۆ چیە؟ ئێمە هەستی خۆمان ناشارینەوە لەوەدا کە ئێمە حەپەساوین لەبەرانبەر ئەم بوغزەدا کە لێرەو لەوێ لەناو جڤاتی کوردیدا لەدەرەوەی وڵات خۆی بەیان دەکا دژ بەشارستانێتیەکانی خۆرهەڵات‌و ئەو ئیعجابە کوێرو ئەحمەقانەیەی کە خۆ نیشان دەدات بەرامبەر بە(خۆرئاوا). هەندێك دەیانەوێ دنیای مۆدێرن، دیارە بێئاگایانەو بێ ئەوەی بچنە زانکۆو لەسەر دەستی کەسانی شارەزاو پسپۆڕدا وانە بخوێنن‌و فێربن کە چۆن کتێب دە خوێنرێتەوەو کام تێکست بخوێنینەوە، لەئێمە بکەنە دنیایەکی بێ ئیشکالیەت‌و نموونەیی، لەکاتێکدا دنیای مۆدێرن بەبن بەست گەیشتووە. کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە ئەوەچ ویژدانێکە لەئیشکالیەت جوانی دروست دەکات‌و لە قەیران مەزنی‌و لەکەوتن سەرکەوتن درووست دەکاو لایەنێکی گەمژەیی کلتوری (خۆرئاوا) مان، لێ گەورە دەکا؟ ئەو ویژدانە چیە بەنەخۆشیەکانی ئەم شارستانیەتەی (خۆرئاوا) دەڵێت فەزیلەت‌و بەقەیرانەکانی دەڵێت حیکمەت‌و بەناعەدالەتیەکانی دەڵێ (دیموکراسی)؟ ئەمە لەکاتێکدا کە ناتوانێ یەك کتێبی گرنگی ئەم شارستانێتی‌یە بخوێنێتەوەو ناتوانێ یەك بیربـاری ئەم شارستانێتی‌یە بناسێ بەچاکی‌و بخوێنێتەوە لەدەرەوەی مۆدەکان؟ لەنێوئەم جڤاتەدا لەدەرەوەی کوردستان کەسانێك هەن کە دەتوانن ناوی خۆیان بنوسن پەخشانێك بنوسن‌و ئەم پەخشانە ڕەوانەی کوردستان دەکەنەوەو لەکوردستانیش ئەو زەینە دروست بووە ئەو کەسەی چووە دەرەوە هەر لەسنور ئەودیوکەوت، هەر لەئیبراهیم خلیل چوو بەودیوودا ئەو لەو زەینە بیمارەدا دەبێتە ئینسانێکی هۆشیارو (ڕۆشنبیرێکی) پایەبەرز، ئەگەر نامەیەکیش لەدەرەوەبنێرێتەوە وەك عەنتیکە سەیر دەکرێ‌و مامەڵەی لەتەکدا دەکرێ وەك ئەوەی کە (خۆرئاوا) بۆریەك بێت لەم سەرەوە نەخوێندەواری تێ بکەیت‌و لەسەرەوە فەیلەسوفت بداتێ. لەلایەکی دیکەوە وەك درێژکراوەیەکی بارودۆخی فیکری‌و ڕۆحی لە کوردستان، ئەو زەینە باڵادەستە کەهەموو کەسێك بۆی هەیە لەهەموو شتێکی گرنگ، فیکر، فەلسەفە، ئایین قسەبکا بێ ئەوەی یەك حەرف چیە لەسەر دەستی مامۆستاو شارەزایەکدا بخوێنێت، بێ ئەوەی لێپرسراو بێت لەبەردەم هیچ ئۆتۆرتیەیەکدا (دەسەڵاتێکدا) هەڵبەتە مەبەستمان ئۆتۆرەتی مەعریفیە.

جڤاتی کوردی لەدەرەوە لەپاشاگەردانیەکی سەیردا ژیان بەسەردەباو تێکشکاوە. ئەمە جگە لەوەی کەهەستی کورد بوون لەنزمترین پلەدایە لەنێو ئەم جڤاتەداو هەندێك خۆیان بەکۆسمۆپۆلۆتیان (هاونیشتیمانی جیهانی) دەزانن بێ ئەوەی لەو ڕاستیەبگەن کە کۆسمۆپۆلۆتیان بەبێ ئینتیماء بۆ جڤاتێکی دیاری کراو نوکتەیەکی بێ تامە، هەندێکی دی خۆیان بەدۆستی کرێکارانی جیهان یان بەکەسێ کەسەر بەکرێکارانی (خۆرئاوا)یە لەقەڵەم دەدەن، بێ ئاگا لەوەی کە چینی کرێکار لە

(خۆرئاوا) مۆلگەی هەموو ئایدیاکی ڕەگەز پەرستیەیەو وەك كەسێكی دوژمنو داگیرکەرو کارداگیرکەر سەیری پەناهەندە دەکات، هەندێکی دی ساڵهای سالێ لەسەر سۆشیال پالی لێدە دەنەوەو کارێك ناکەن کەچی لەسەر عەلمانیەت و ڕۆشنگەری و زانکۆ وتاردەنوسن، ئەم زانیاریانە لەکوێوە هاتن؟خودایە کۆمەکمان بکە لەم سیحرە تێبگەین.ئێمە یەکێك بووین لەوانەی باوەڕمان وابوو کە بوونی کورد لەدەرەوە کۆمەکدەکا بۆپیادە کردنی ڕێنیسانسێکی کوردی، ئێستا ڕامان وایە کە بوونی جالیەی کوردی لەدەرەوە خۆی دەبێتەیەکەم ڕێگر لەبەردەم ڕێنسانسێکی کوردیدا. لەمەزیاتر ڕاستی بلێین کە کۆمەلێك کەس لەدەرەوەی کوردستان دەژین بەتایبەت ئەوانەی کە لەزانکۆ دەخوێنن لە داهاتوویەکی نزیکدا کارەساتێك بۆ کوردو جڤاتی کوردی دەخولقێنن لەبەرئەوەی دەبنە نەقلکەری عەدەمیەتێك کە لە ولاتە(خۆرئاوایی)٠ یەکاندا باوە، چۆن؟ پەندێکی ئینگلیزی هەیە دەلێت"مەعریفەی کەم شوێنی مەترسیە یامەترسیدارە" ئەمڕۆ باری پەروەردە لە ولاتە ئەوروپیەکانو ئەمریکای ژووروودا، لەو وولاتانەی کە جڤاتی کوردی لیێ دەژی لەدەرەوەی ولات ڕۆژ بەڕۆژ بەرەوخراپی دەڕوا، بەپلەیەك کە کۆمەلێ لێکۆلەرەوەو فەیلەسوف قسەلە "کۆتای هاتنی پەروەردە" دەکەن. ئەخلا قو کەلکەلەو لێپرسراوێتی سکۆلەر (لێکۆلەرەوە) لەکالبوونەوەدایە، لە دەرەوەی زانکۆکانیش دیارەهەولی خۆ پەروەردە کردن هەیە بەلام مولکی کەسی ئەرستۆکراسە، نەك پەناهەندەیەکی بێ هۆکارو بێ دەرامەت. سکۆلەر بەمانا کلاسکیەکەی ئەو کەسەیە کەبەدوای حەقیقەدا دەگەڕێ، مەوزوعییەو لەبەڕۆشنای کۆمەلێك پرنسیپدا کاردەکاو سازش ناکا بەم پرنسیپانەوە، وتێگەیشتن لەگەردوون، سروشت، بەسروشتیئینسانیشەوە، هەلومەرجی ئینسانیو ڕەهەندە سیاسیو فیکریو ڕۆحیەکانی ئینسان و کۆمەلگا بابەتی سکۆلارن بە لە بەرچاوگرتنی گەیشتن بەحەقیقەتی شتەکان. بۆئەوەی ئەمە مۆتۆڕێك بێت لەودیو باسەکانەوە، سکۆلەر بەمانای کلاسیکی ئەو کەسەیەکە هەمیشە لەگەڕاندایە، ئەمڕۆ هەر قەناعەتێکیشی هەبێت گەر تۆ ئەرگومێنتی ترت پێ بوو ئەو ئامادەیە لەبەڕۆشنای ئەو ئارگیومینتانەدا ڕاو سەرنجی خۆی بگۆڕێ، چونکی لەژیانی سکۆلەردا ئەوەی گرنگە حەقیقەتە، مەعریفەیە نەك ڕاو بۆچوونی ئەم کە ئەگەری ئەوە زۆرە ڕایی ئەو لەزۆر شوێندا کورت بهێنێ. لەکاتێکدا ئەمڕۆ لە (خۆرئاوا) سەرەو لێژیەکی تەواو بەدی دەکرێت لەبواری پەروەردەداو زانکۆ ئیدی ئەو شوێنەنیە کەتۆ تێیدا دەستت دەگیرێ بەرەو زانینی حەقیقەتو بەخۆ گەیشتن، بەلکو کۆمپانیایەکە بۆدروستکردنی کرێکار بۆ بازاڕ، کۆمپانیایەکە تێیدا مەهارەتێکت فێردەکات بۆ پەیداکردنی کارێكو ئاوهەوای زانکۆکان ئالودە بوون بەڕێژەگەرای (هەموشت نسبیە)، حەقیقەت بوونی نیە، مەعریفە دروست دەکرێو پەیوەندی بەمەوقعی سیاسیو کۆمەلایەتیو بگرە خێزانییەوە هەیە(واتە باوکی ئەوکەسەی لەمەعریفە قسەدەکا چۆن لەمندالیدا مامەلەی لەتەکدا کردووە، لەبیرتانە عوقدەی ئۆدیب)، کەواتە نەمەوزوعیەت دەشێ بەدەست بهێنرێتو نەمەعریفەیەکی مەوزوعی، ئەوەی لەگەمەدا ڕۆلی هەیە خودێتی ئینسانەکانە. لەزانکۆکاندا، دیارە لەهەندێ زانکۆی موعتەبەردا نا، ئەمڕۆ ئەم هیچ گەراییە باوە کە، مادامێك سەرجەم قسەکان وپرسیارو وەلامەکان لە نێوزماندا دەکرێن، مانا لەنێو زماندا دروست دەکرێت، زنجیرەی دالو مەدلومەکان بێ کۆتاین، لێرەوە مەحالە بەخالێکی دلنیایی، بەحەقیقەتێك بگەین، چونکی حەقیقەت گەمەی نێوزمانەو بەم وەرچەرخاندنەش دەگوترێ "وەرچەرخاندنی زمانەوانی". لەفەزایەکی ئاوها ئالودەدا کە ئەمڕۆ کۆمەلێك لەزانکۆکانی گرتۆتەوە، ئەو کەسانە زۆرتر موعەرەزن بۆ بیماری کەلەقۆناغەکانی پێشووی خوێندنو لەخێزانەوە زەمینەیەکی مەعریفی چاکیان تێدا نەخولقێنرابێت، هەرچی پەیوەندی بەو قوتابیانەوە هەبێت کە لەجالیە جیاوازەکانو باکگراوندنی جیاوازەوە هاتوونو لەزانکۆ وانە دەخوێننو ئامادەنەکراون کەچۆن لەگەلێ ئەو فەزا ئالودەیەدا مامەلەبکەن، زیاتر موعەرەز دەبن بۆ بیماریەکانی نیسبەتگرایو عەدەمیەتو فێمینیزم. دیارە ئێرەشوێنی قسەکردنی دوورودرێژ نیە لەسەر بارودۆخی ئەکادیمیا لە(خۆرئاوا) ئەوەندە هەیە کەدەبێت جەخت لەسەرئەوە بکەینەوە کەبارودۆخی پەروەردەو بەتایبەتی لەقۆناغی زانکۆدا لە"خۆرئاوا" لەوەزعێکدا شوێنی بەزەییو شوێنی مەترسی. باسەیری خوێندنی بەکالۆریۆس بکەین، لەزۆربەی وولاتە ئەوروپاییەکاندا قۆناغی بەکالۆریۆس سێسالەو لەئەمەریکای

ژووروش چوارساڵ. لەوماوە کەمەدا چی دەکرێت وقوتابی دەتوانێ چی فێربێت؟ بانموونەی فەلسەفە بهێنینەوە لەئەوروپا. لەماوەی سێ ساڵدا بەتەنیا دەشێ دەستی قوتابی بگیرێتو چەند کێشەیەکی فەلسەفیو چەند فەیلەسوفێکی پێ بناسێنیتو بیخەیتە بەردەم دەرگای میراتێکی دەوڵەمەندی ئاڵۆزو قووڵی فەلسەفی، لێرە کۆرسێك لەسەر ئەفلاتوون ولەوێ کۆرسێکیدی لەسەرفەلسەفە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، دواجار یەك دوو کۆرسێك لەمەڕ فەلسەفەی مۆدێرنەوە کە هەرهەمووی جگەلەدەروازەیەك زیاتر هیچی دیکە ناتوانن بن. پەروەردەی ئەسڵی دوای ئەو دەست گرتنە، دوای ئەو پێناسە کورتە دەست پێدەکات. جاهەندێك جورئەتی ئەوەدەکەن بەردەوام بنو لەوسەفەرە گرنگەی مەعریفەداو زۆربەشی بەو زانیاریە کەمو تەنکەی قۆناغی بەکالۆریۆس کۆتایی بەگەشتەکە دەهێنن. کێشەکە لەوەدایە کە قوتابیانی جالیەکانی نیشتەجێ بووی (خۆرئاوا)، بۆ نموونە ئەو چەند کوردەی کە دەگەنە زانکۆ، وەهمی ئەوەیان لادروست دەبێت کە دوای وەرگرتنی بەکالۆریۆسێكو بگرە ماستەرێك کە پەروەردە کراونو ئیدی ئامادەن بۆ قسەکردن لەسەر مەعریفەو فەلسەفەو زانست، ئەمەش بەوەرگرتنی چەند کۆرسێك. لەنێو ئەمانەدا هەندێك لێرە کۆرسێك وەردەگرن لەسەر فیمینیزم، کۆرسێکی دی لەسەر پۆست مۆدێرنیزم کە زۆربەی وەك گوتمان دەروازەن لەسەر تێکست بوو کەوەك (کتێبی تەدریس) دەگوترێنەوە نەك تێکستە مەعریفیە بنەڕەتیەکان، ئیدی لێرەوە ئەو وەهمە لای قوتابیان دروست دەبێت کە دەتوانن کتێبێك لەسەر ئافرەتان، تۆبڵێ ئافرەتی کورد، بنوسنو ڕەوانەی وڵات، تۆبڵێ کوردستان،ی بکەنەوە. ئەوەش لە ڕێگای وەرگرتنی کۆمەڵێك ئایدیا لەم کتێبانەوە کە کتێبی تەدریسنو سەپاندنی ئەو ئایدیایانە بەسەر کلتورو هەلو مەرجی دیکەدا، تۆبڵێ هەلو مەرجی کوردی،و لەولاتیش، تۆبڵێ کوردستان دەستگایەك هەیە کە نەلیژنەیەکی هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کتێبەو نە موناقەشەی ئایدیاو بۆ چوونەکانی ناو ئەو کتێبە دەکرێتو نە کەسی ئەو تۆی تیادایە بەسەر یەك بەیەکی ئەرگیومێنتەکاندا بچێتەوە، ئیدی لێرەوە ئەو دەستگایەی هەمووشتێك چاپ دەکا بێ هەستکردن بەلێپرسینەوە، کتێب چاپ دەکات. لێرەوە مەترسی گەورە ئەوەیە کە وولات ببێتە Dumping Ground (سەرە نوێلك) بۆ هەموو ئەو ئایدیایانەی کە ئیدی لە (خۆرئاوا) کارناکەن، بۆ هەموو ئەو سادەلەوحی بیر تەنکیو ئەو مۆدانەی (Fashion) کەدێنو زوو لەناودەچنو، وولات هەرگیز نەبێتە شوێنی سکۆڵەرو لێکۆڵەرەوە جدیەکان. ئەو کاول کاریەی کە هەڵگری بەکالۆریۆسێكو بگرە ماجستەرێك ڕەنگە لەداهاتوویەکی نزیکدا لەکوردستاندا بیخوڵقێنی، ڕەنگە بە چەندین بیریارو فەیلەسوفو سکۆڵەری جدی چاك نەکرێتەوە. کەواتە (مەعریفەی کەم مەترسیدارە)و هەر ئەم مەعریفەیەشە بەرەو کوردستان بەڕێوەیە. ئەو کوردانەی کە ناتوانن بەتەواوی زمانێك فێر بن، ناتوانن وەك Vocation (ئەرکێکی ئاینی یا کردنی کارێك بەر مەبنای بانگێکی ئیلاهی) سەیری پەروەردەکردنی خۆیان بکەنو بەتوێکڵی زانیاریەکی زوو گوزەرەوە دەگیرسێنەوەو لەوتارێکدا، کتێبێکدا ڕەوانەی کوردستانی دەکەنەوەو لەکوردستانیش بەهۆی نەبوونی داموو دەزگای مەعریفیەوە، بەهۆی نەبوونی میراتێکی قوڵی بیرکردنەوە وە ئەو بەربەستە نیە لەبەردەم هێرشی میانمایەیی (Mediocrity)دا کە بەرێوەیە بۆ کوردستان، ئیدی لێرەوە نامەعریفە وەك مەعریفە سەیردەکرێت، لێکۆڵەرەوەی خراپو رق بوەوە لەمەعریفەو لە خوێندنەوەی تێکستە گرنگەکانو خاوەنی هیچ پرسیارێكو قەلەقییەکی مەعریفی، لەبەرگی سکۆڵەردا خۆ دەنوێننو پێشوازیان لێدەکرێو کارەساتێك بۆ جڤاتی کوردی دە خولقێنن ئەوسەری دیار نەبێت. بارودۆخی هۆشیاری جڤاتی کوردی لەئاستێکدایە کە ناتوانێ مەعریفە لە نا مەعریفە، سکۆڵەر لە گەڕکەر بە سکۆڵەری، فەلسەفە لەفەلسەفەی موزەیەف جیا بکاتەوە. لێرەوە کاتێك لەسایتێکی کوردیدا لەئینتەرنێتدا کەسێکی گەڕکەر بە مەعریفە بەڵام هەڵگری دکتۆرا پێشنیاری ئەوە دەکات کە (زانستی فێمینیزم) لەزانکۆکانی کوردستاندا بخوێنرێت هیچ دەنگێك بەرز نابێتەوەو بپرسێ (زانستی فێمینیزم) مانای چی؟ ئایا ئەم زانستە وەکو فیزیاو ماتماتیكو کیمیا زانستێکی دەقیقە؟ زانستی سروشتیە؟ چۆن فێمێنیزم زانستە؟ کە پرسیار ناکرێ، واتە کلتوری کوردیو دنیای کورد بۆتە

سەرەنوێلکی هەموو ڤایرۆسێك، هەموو بیماریەك. بیماری هەندێ کەسی خراپ پەروەردەبوو (لەرووی سیستەمی پەروەردەوە) ئەمەش نەك رێنساس ناخولقێنێ، بەڵکوماڵی کوردی نغرۆدەکا.

بلیمەتێکمان پێویست نیە تا پێمان بڵێ کە جڤاتی کوردی چ لەکوردستانو چ لەدەرەوە لەخراپترین بارو دۆخدایە، شپرزەیە پاشاگەردانی باڵی بەسەر ئەم جڤاتەدا کێشاوە. ئەم جڤاتە نازانی چی دەوێتو چۆن لەم سەردەمە جەنجاڵەدا مامەڵەبکا وەك گۆران دەڵێت:ـ

وولاتەکە دگیرکراو، نەتەوە دیلە

باو لای دووشمن نامەردێتی، مەردی زەلیلە

کای لەبەر سەگ دانراوە، ئێسقان بۆ ئەسپە

سەر لەجێی کلك بەند کراوە، کلك لەسەر چەسپە.

# لەئیسلامی خستن (De Islamization)و بەئیسلامی کردنەوە (Re Islamization)ی کورد

دیمان کە چۆن چاوپیاخشاندنێکی سادە بـەماڵی کورداو تێڕامـانێك لـەجڤاتی کـوردی چ لـە کوردسـتانداو چ لـەدەرەوەی نیشتمانەکەیدا کافیە بۆ زانینی ئەو راستیەی کەماڵی کـورد لێکـترازاوەو ویژدانێکیـش خـۆی مانیفێسـت دەکـات کـە بیمـارە. ئەمڕۆ جڤاتی کوردی لەغیابی هێزێکی چالاکدا ژیان دەباتە سەر، هێزێك کە بتوانێت حەقیقەتی ماڵە لێـك ترازاوەکـەی کـوردو بوونی کورد وەك کۆیلە لە ماڵەکەی خۆیدا ببینیٚ‌و راستەوخۆ لەگەڵ ئەو حەقیقەتانەدا مامەڵـە بکـاتو بەپلـەی یەکـەم کـاری لێدان بێت لەماسکەکانو وەهمــەکان کـە ویژدانـی کـوردی بـۆ شـاردنەوەی لاوازیو کـەم ئـیرادەیی کـورد لـەدنیادا کەڵەکـەی کردوون. رەنگە لێرەو لەویٚ گۆڕان روویدەن، لێرەو لەویٚ جوڵەیەك ببینـین کـە بەروکـەش ئومێـد بـەخش بێـت، سـەرهەڵدانی تاکتیکێکی نویٚ لێرەو وازهێنانێکی رووکەشانە لە هەندیٚ هەڵسو کەوت لەویٚ، رێك کەوتنی ئەم هێز لەگـەڵ هـێزێکی دیکـەی کوردیدا وەك تاکتیکێکی قۆناغی زوو گوزەر، رەنگە کورد لە ئەنجامی رووداوێـك لەسـەر ئاسـتی جیـهاندا ئومێدێـك بـۆ خـۆی بدۆزێتەوە، بەڵام هیچی ئەمانە ناتوانن ئەو راستی‌یە بشارنەوە کە جڤاتی کوردی لە قەیرانی گەورەی وجـودیو رۆحـی دایـەو بیماری ویژدانی کوردیش بیمارییەکی زوو گوزەرنیە، بەڵکو سەرسەختەو داوودەرمانی میکیاج چارەسەری ناکات. چارەسەر وا لەمامەڵە کردنو دەست تێوەردانێکی حەکیمانە لەگەڵ ئەو ویژدانەدا وە هەنگاوی یەکەم بریتی‌یە لـە دەسـت گرتنـی کـورد بەرەو زانینـی حەقیقـەتی بوونـی خـۆیو زینـدوو کردنـەوەی جوامـێری کوردانـە تـاکو بتوانـیٚ لەبـەر ئاوێنـەدا خـۆی ببینـیٚ‌و شەهامەتی ئەوەی هەبێت لەناوەوەی خۆی بڕوانێت. حەقیقەت رزگارکەری کوردە لەناهەمواریەکانی. بیماری ویژدانــی کـورد لەهیچ شوێنێکدا خۆی بەیان ناکا هێندەی لەپەیوەندی بەئیسلامو موسڵمان بوونی کوردەوە خۆی بەیان دەکات. هێزێك هەیە کەکۆی چەند دەستو تاقمی "سیاسی"و، "فیکری"و، کلتوری‌یە واسەیری کێشەی کورد دەکات لەو دیدەوە کە نەهامــەتیو ماڵ کاولیو تراژیدیاو شکستەکانی کورد هەر هەموو لەئیسلامەوە سەرچاوە دەگرن، ئەو هێزە پێی وایـە کـە ئـەوە موسـڵمان بوونی کوردە کە بۆتە مایەی "دواکەوتنی" کورد، نقووم بوونی لە ئادابو نەریتە "کۆنەپەرستیەکان"دا، رێك نەخستنی ماڵی خۆو نەتوانینی بەخود گەیشتنو چاو نەبڕینە داهێنان، سەرجەم هەمووئەمانە لەموسڵمان بوونیەوە سەرچاوە دەگرن، ئەوەی کەکورد ناتوانیٚ لەئێستادا خۆی "مۆدێرنیزە" بکا، بوون وعەقڵی "تازەبکاتەوە" ئەوە ئیسلام لیٚ بەرپرسیارە، ئەوەی کەلە ڕابردوودا دەوڵەت وکیانی سیاسی‌سەربەخۆی خۆی دروست نەکردووە ئیسلام ڕێگربووە، هۆی داگیرکردنی لەلایـەن بێگانـەوە موسڵمان بوونیەتی.لە نێو ئەم هێزەدا هەندێك دەستەوتاقم هەنگاوێك لەمەزیاتر دەڕۆنو بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـە کـورد ئاینو شارستانیەتی خۆی هەبووەو لەلایەن ئیسلامەوە، لەلایەن "عەرەبە بیابـان نشـینەکانەوە" خـاپوور کـراوە، ئیـدی لـەو سـەردەمەوە شوناسـی کـوردی پارچـە پارچـە بـووە. ئـەم هـێزە دواچارەسـەر بـۆ نەهامـەتیو پـەرتو بـڵاوی مـاڵی کـوردی لەپڕۆسەی لەبەئیسلامی خستن (Deislami zation)ی کورددا دەبینێتەوە بانگەشەی ئەم هێزە بـۆ لەئیسـلامی خسـتنی کـورد بانگەشـەیەك نیـە بـۆ جیاکردنـەوەی دەسـتەڵاتی ئـەم دنیـایو دەسـەڵاتی ئـەو دنیـایی، جیاکردنـەوەی سیاسـەت لـەئایین. جیاکردنەوەی حکومەت لەمزگەوت، بەڵکو بانگەشەیە کە سەرجەم ئەمانە خاڵی دەست پێکردنو هــەنگاوی یەکـەمن، بـەڵام ئامانج بریتی‌یە لەئیسلامی خستنی کورد لەسەر ئاستی ویژدانو دیدو دنیا بینیو ئەخلاق، بەواتایـەکی تـر ئامانجـە گەورەکـە بریتی‌یە لە گۆڕینی کورد لە موسڵمان بوونەوە بۆ موسڵمان نەبوون، جا کە موسڵمان نابێت هەرچییەك دەبێت، کێشـەی ئـەم هـێزە نیـە. واتـا بانگەشـەی ئـەم هـێزە بەچـەند دروشـمو پرنسـیپی سـادەی لایکـی (عەلمانیـەت) (Secularization) دەسـت پێدەکات بەڵام گەرەکیەتی بە وەرچەرخاندنێکی عەقیدەیی‌یەوە بگیرسێتەوە کـە گۆڕینـی ئایینـە واتـە لەموسڵمان خسـتنی ئینسانی کوردو لەئیسلامی خستنی کۆمەڵگای کورد. ئـەم هـێزە بەشـێوەیەکی گشـتی پێـك هـاتووە لـە کۆمـەڵێك کـەس کـە

بانگەشە بۆ تازەگەری دەکەن لەسەر مۆدیلی "خۆرئاوا"و دەیانەوێت ئەزموونی عەلمانیەتی خۆرئاوا لەماڵی کوردیدا بـەووردو درشتییەوە دووپات بکەنەوە، کۆمەڵێك "رۆشنبیر" بەتایبەت ئەوانەیان کە ئێمە ناویان دەبەین بـە "خۆرئـاوا پەرسـتەکان"و هەندێك نووسەرو رۆژنامەنووس کە لەنێو حیزبە کوردیەیە بەناو ناسیۆلیستەکاندا سـەریان هـەڵداوەو ئـەو رۆشـنبیرانەش کـە مارکسیو کۆمۆنیستن، لایەنە چەپەکان، لەپاڵ هەندێك سیاسەتمەداری کورددا سەرجەم ئەو هێزە پێك دەهێنن.

لە بەرامبەر ئەو هێزەی سەروەدا، لەناو جڤاتی کوردیدا هێزێکی دیکـە هەیـە کـەپێی وایـە نەهامـەتی کـورد لەوەدایـە کـە لەرێگای ئیسلام لایداوەو لەپرەنسیپەکانو ئەخلاقی ئیسلامی دوور کەوتۆتـەوە. ئـەم هێزەیـان بـاوەڕی وایـە کـە کارەسـاتی کورد ئەو کاتە دەست پێدەکات کە ئاشنا بووە بەکۆمەڵێك ئایدیۆلۆژیای "عیلمانی"و ئەو ئایدیۆلۆژیایەیان لەسـەر کۆمـەڵگای کوردی ئەو کاریگەرەیان داناوەو ئینسانی کورد لە "پەیامی راستەقینەی" ئیسلام دوور بکەوێتەوە. هەربۆیە بەرای ئەم هێزە تەنها چارەسەرێکی مەعقولو شیاو بریتی‌یە لەسەر لەنوێ بەئیسلامی کردنەوەی Re Islamization کۆمەڵگای کوردی. دیـارە شوناسی ئەم هێزە ئاشکرایە کە پێك هاتووە لە باڵە جوداکانی ناو بزوتنەوەی ئیسـلامی لەکوردسـتان، بـاڵی توندڕەوو بـاڵی میانەڕەو رەنگە لەسەر زۆر خاڵ جیاوازییان هەبێت بەڵام لەسەر ئەم خاڵە کۆکن.

خاڵێکی گرنگ کە لەرێگەوەی درێژە بەقسـەکانمان بدەیـن ئەوەیـە کـە نـابێت واتـێ بگـەین کـە ململانێـی ئـەم دوو هـێزە ململانێ یەکی سالمەو لەفەزایەکی مەدەنیدا بـە ئـەنجام دەگەیـەنرێتو بەرهـەمی ئـەم ململانێیـە کتێبـەکانو سـیمینارەکانو سیمپۆزیۆمەکانن، نا، بەڵکو ئەم ململانێیە ئەم خاڵانە لە خۆدەگرێ: **یەکەم**، ئەمە ململانێیـەك نیـە لەسـەر ئاسـتێکی فیکـری باڵاو نەبۆتە مایەی هاتنە ئاراوەی گفتو گۆیەکی فکری چڕو پـڕ، کتێـبو نووسـەرو بیریـاری خـۆی نـەخوڵقاندووە. **دووهـەم**، لەفەزایەکی ئازاددا بەرپا نەبوەو نابێتو بەدوورە لە گفتو گۆیەکی مەدەنی رووبەروو بەڵکو زۆرجار بەتیرۆر شکاوەتەوە، بۆ نموونە باڵی توندڕەوی نێو بزووتنەوە ئیسلامی‌یەکان تا ئەمڕۆ چەند چەپڕەوو لاوی ئەکتیڤیستی تیرۆر کردووە. **سێیەم**، بەو شێوە ئاشـکرایە نیـە کـە ئێمـە لـێرەدا ئامـاژەی بـۆ دەکـەینو وێنـای دەکـەین، خسـتنە رووی تێزەکـان تـەماوین، لەپشـت پـەردەوەن، بارگـاوی بـوون بەهـەندێ تـاکتیکی ئـایدۆلۆجی، بەواتایـەکی دی هەریـەك لـەم دوو هـێزە ئاوهـا بەڕاشـکاوی نەهاتوونەتە پێشو لەگەڵ جڤاتی کوردیدا نیـەتو نیـازو مـەرامو پـرۆژەی خۆیـان بـاس نـەکردووە بـەڵکو هەمیشـە بـەرەمزو بەڕێگای ناراستەو خۆو شێوازی تەماوی مەبەسـتی خـۆی بـەیان کـردووە. ئـەو هـێزەی کـە بـاوەڕی بـە لەئیسـلامی خسـتنی کۆمەڵگای کوردییە لەو کاتەی کە مزگەوت لەسەر مزگەوت دروست دەکات، لە هەمانکاتدا لەرۆژنامەکانەوە بەراستەو خۆ یـان ناراسـتەوخۆ دژ بەئیسـلامو شارسـتانیەتی ئیسلامی قسە دەکـات، لەوکاتـەی کـە سـکرتێری حـیزبێکی کـوردی لەگـەڵ ئیسلامی‌یەکان دەدوێو باس لە "ئاینی پیرۆزی ئیسلام" دەکات لەهەمان رۆژدا ئەندامێکی سـەرکردایەتی لـە رۆژنامـەی ئـەو حیزبەوە هێرش دەکاتە سەر موقەدەساتی ئیسلامیو ئیسلام وەك هێزێکی داگیر کـەرو "کۆنـە پەرسـت" ناودەبا. بەهـەمان شێوە هێزەکەی دی کە باوەڕی بە "ئیسلامی کردنەوەی کورد"هەیە لەوکاتـەی کـە سـەرجەم کۆمـەڵگای کـورد بـە "فاسـد" دەزانێ لەهەمان کـاتدا لەگـەڵ سیاسـەتمەدارانی هێزەکـەی تـردا دادەنیشـێو چـاو لەپۆسـتێکی وەزارەت دەبڕێت، لەکێشـە گەورەکان بێ دەنگە بەڵام لەمەسـەلەو کێشـە سـادە رۆژانەیی‌یـەکان بـەدەنگ دێ. **چوارەم**، ئـەم دوو هـێزە هـەق بـەخۆیان دەدەن کە ئەوە دیاری بکەن کە جڤاتی کوردی چی دەوێ بێ ئەوەی جڤاتی کوردی دەرگیر بکەن لەگەڵ پرسیارو کێشەکاندا وە خۆیان بەناوی جڤاتی کوردییەوە بڕیار دەدەنو هەم کێشـەکان دیاری دەکـەنو هـەم چارەسەرەکەشـی. هیـچ یـەك لـەم دووهێزە جوتیارێکی کورد، کاسبکارێك، کرێکارێك، مامۆستایەك دەرگیری گفتو گۆیەکی چارەنووس سـاز ناکـەنو لـەڕاو بـۆ چوونو دیدیان بۆ مەسەلەکان ناپرسن، ئەوەتا کۆمەڵێك رۆشنبیر لەودیدە لووت بەرزیـەوە کـە گوایـە جڤـات ئـەو شـتەیە کـە "رۆشنبیر" دروستی دەکاو دەیەوێ ببێ، رۆژانە دەبینین کە چۆن لەماڵەکانیانـەوە، لەسـەر مـێزی کارەکانیانـەوە، لـەژووری چاتەکانەوە رێگە بەخۆیان دەدەن کە بڕیار بدەن کە چی بۆ جڤاتی کورد باشە، تازەگەریو عەلمانیەت، بەبێ ئەوەی پێمـان

بڵێن مەبەستیان لەو زاراوانە چیە ! . **پێنجەم**، هاوسەنگییەك لەم ململانێیەدا نیە، بوونی هێزێکی فەرمانڕەوا بەسەر جیهاندا کە هێزێکە دەیەوێت جیهانو ژیانو بوون لە موقەدەس بوون بخات بۆتە مایەی ئەوەی تای تەرازوەکە بەلای ئەو هێزەدا بشکێتەوە کە دەیەوێت پرۆسەی "لەئیسلامی خستنی کورد" پیادە بکات، بەواتایەکی دی ڕۆژ بەڕۆژ ئەم باڵادەست تر دەبێ بەهۆی ئەو ئەخلاقە باوەوە لەجیهاندا کە پشتگیری لە ئەو دەکات. کەواتە گرنگە سەرنجێکی وورد بدەینە ئەم هێزە کە دەیەوێت کورد لە موسڵمان بوون بخات.

باسەرەتا لەو بەڵگە نەویستەوە دەستپێبکەین کە لەئیسلامی خستنی کۆمەڵگای کوردو دوور خستنەوەی کورد لە ئاینو فیکرو شارستانیەتی ئیسلامی مەسەلەیەکی عەجیبو نەبیستراو نیە، بگرە یەکێکە لەمۆدەکانی سەردەمو زۆرجاریش وەك ئەجێندای هێزێکی جیهانی خۆی بەیان دەکاتو بەشێکە لە پرۆسەی مۆدێرنیزەکردن کە پرۆسەیەکە لەشێوەو بەرگی تردا بەسەر ئاینی تردا سەپێنراوە، بۆ نموونە ئاینو شارستانیەتی مەسیحی وەلە دنیای ئیسلامیشدا هەوڵەکەی ئەتاتورك لەدنیای هاوچەرخدا نموونەیەکی بەرچاوە. کەواتە دەبێت کرێدت (رصید) بدەینە ئەم هێزە کوردیە لەوەدا کە دێوانە نیە، بەڵکو پەیڕەوێکی "ڕۆحی سەردەمە"و قوتابیەکی بەئەمەکی مۆدێرنتییە. پەیڕەو کردن لەمۆدێرنتی، بەمۆدێرن کردن، مۆدێرنیزەکردن، خۆماڵی کردنی ڕۆشنگەری (بەمانا تایبەتیەکەی ڕۆشنگەری ئەوروپی) بۆ کوردو جڤاتەکانی دەرەوەی "خۆرئاوا" هیچ ناگەیەنن جگە لەلێدان لەئاینو فکری ئاینی، لەئیسلامی خستن، لەهیندۆسی خستن، لەبودی خستن، لەتاوی خستن، هەروەك چۆن لەئەوروپا بریتی بوو لە "لەمەسیحی خستن" (Dechristanization) خاڵێکی جەوهەری مۆدێرنتی کە پرۆژەیەکی ئەوروپیە بریتی‌یە لە "خاپورکردنی مەسیحیەت"[٨] و بۆزیاتر تێگەیشتن لەو کاریگەرە دەتوانن بروانن‌ە کتێبەکەی راماکۆمارا سرامی لەژێر ئەو ناونیشانەی سەرەوەدا. لەو کتێبەدا راماکۆمارا سرامی باس لە خاپورکردنی مەسیحیەت دەکات لەخودی دامو دەزگای مەسیحیەیەتدا واتە کەنیسەی کاسۆلیك بەهۆی ملکەچ کردنیەوە بۆ پرۆژەی مۆدێرنتی. ئێمە ئەمڕۆ لە "خۆرئاوا" لە قۆناغی دوای مەسیحیەیەتدا دەژین، ڕاستە مەسیحی ئیماندار زۆرن، کەنیسە زۆرە، کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینار زۆرن، تەلەفیزێۆنو رادیۆی مەسیحیانە زۆرن، گروپی توندڕەوو ڕەگەز پەرستی مەسیحی زۆرە، بەڵام شارستانیەتی بەناو خۆرئاوا شارستانیەتێکە دوای مەسیحیەتو مەسیحیەت لەپاشەکشەیەکی تەواودا دەژی لەناو خودی ئەو شارستانیەتەداو کاریگەری لەپلەی سفردایە لەمەڕ کێشە گەورەکانەوە، بەڵام بە ڕووی دەرەوەدا دژ بەئاینو شارستانیەتەکانی دیکەیە کە بەتایبەت لەنێو کەنیسەی پرۆتستانتی‌یەکانەوە ئەم دژایەتی‌یە دێتە دەرەوە.

پرۆسەی لەمەسیحی خستنی ئەوروپا چوار سەدەی خایەندو بە پرۆژەی ریفۆرم (Re Formation)ی مارتن لۆسەرو کالڤنو ڕێنیسانس دەستی پێکرد، لەپرۆژەی "ڕۆشنگەری"و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەدا گەڵاڵە بوو، لە بەدیموکراتیزەکردنی هەموو بوارەکانی ژیانو فیکرو وجوددا بەرجەستەبوو. سەرجەم ئەم پرۆژەیە نەك ئێمە بەتەنها ناوی دەنێین بەعەدەمیەتی مۆدێرنتی بەڵکو کۆمەڵێك بریاری دیکەش هەر ئاوا ناو ریزی دەکەن، ئایا پێویست دەکات ناو ریز بکەین، نەء، با ئارامیو خامۆشی عەقڵی هەندێك تێك نەدەین. وەك گووتمان مەسەلەی لەمەسیحی خستنی ئەوروپا پرۆسەیەکی درێژ خایەن بوو وەسەدەها "ڕۆشنبیر"و دامو دەستگا بەشدارییان تێدا کرد، بابزانین پرۆژەی لەئیسلامی خستنی کۆمەڵگای کوردی چۆن بەڕێوە دەچێت؟ ئەوەی جێی سەرنجە بەپلەی یەك ئەو خاڵەیە کە ئەو هێزەی چاوی لەپرۆسەی لەئیسلامی خستنی کۆمەڵگای کورد بڕیووە پرچەك نیە بەعەقڵو فیکرو ئارگومێنتو دامو دەستگای مەعریفیو تەنیا پرچەکە بە: **یەکەم**، سۆزو عاتیفەو حەماسەو خۆزگە، بەدوور لەبیرکردنوەیەکی عەقڵانی (دیارە عەقڵانیەتێك کە مۆدێرنتی بانگەشەی بۆ دەکات کە عەقڵانیەتێکی تایبەتەو هەندێك بەعەقڵانیەتی ئامرازی هەندێکی دی بەعەقڵانیەتی حیساب داری ناو ڕیزی دەکەن)و بە دوور لە پرۆژەیەکی پتەوی لەسەرمەبنایو دیدێکی ئاشکراو ڕۆشن بیناکراو. **دووەم**، بوغز لە ئیسلامو شارستانیەتی ئیسلامیو بگرە بوغز لەشارستانیەتەکانی خۆرهەڵاتو عاشق بوونی مۆدە فیکریەکانی

"خۆرئاوا". هەردوو ئەم دووخاڵە زادەی کاراکتەرێك یان زەینێکن (زهن) کە بەزەینی کەسی داگیرکراو ناو ریزی دەکەینو دواتر لێی وورد دەبینەوە.

گەر ئەم هێزە دامو دەستگای مەعریفی وەك زانکۆو بنکەی لێکۆڵینەوەی دروست کردبا، باوەڕی بەگفتو گۆ هەبایە، توانای گوێ گرتنی هەبایە، ئەوسا دەمان توانی، یەکەم گفتو گۆی لەتەکدا بکەین، دوو تێکستەکانی بخوێنینەوە، سێ، لەفەزایەکی مەدەنی ئازاد دا بکەوینە ململانێ لەتەکیدا، چوار دەکرا چاوەڕوانی ئەوەی لێبکەین کە پرۆسەی لەئیسلام خستنی کورد بەرێوە ببات. بەڵام ئەم هێزە توانای ئەو کارانەی نیەو خاوەنی بیرکردنەوەی رەسەنی خۆی نیە، کە ناتوانێ کۆمەڵگای کوردیو رۆحی کوردی بخوێنێتەوەو لەئەنجامدا بەکۆمەڵێك بەرئەنجامو ستراتیژیەتێکی کارکردن بگات،و هەموو هەوڵەکانی بریتی‌یە لەلاسایی کردنەوەی ئۆرینتالیستەکان یاخود دووبارە کردنەوەی بۆ چوونە رۆژنامەگەری‌یەکانی چەند "رۆشنبیرێکی" "خۆرئاوا"یی کە تائێستا جگە لەبەرزکردنەوەی چەند دروشمێكو سەپاندنی کۆمەڵێ اجحاف (Prejudice) بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا کە ئەویش وەك گوتمان زادەی لاسایی کردنەوەی ئۆرنتالیستەکانە هیچی دیکەی نەکردوەو پەشێوییو شپرزەیی لەسیفەتە سەرەکی‌یەکانی ئەم هێزەیە. ئەم هێزە لەغیابی ئەو دامو دەستگایانەی کە باسمان کردن جگە لەوەی هێندەی دیکە ماڵی کوردی نغرۆ بکاتو جڤاتی کوردی زیاترو زیاتر بەخۆی نامۆ بکات، بەرهەمێکی دیکەی نابێت. وێڕای ئەمە گرنگە سەرنجی، ئەو خاڵە بدەین کە جڤاتی کوردی لە وەزعێکی ناسکدایەو پرۆسەی لەئاینی خستن ئەم جڤاتە بەتەواوەتی لێك هەڵدەوەشێنێ. ئەمەش لەبەر دوو هۆکار، **یەکەم**، دڵنیا نەبوونی کورد لەشوناسی خۆی، **دووەم**، بەهۆی نەبوونی میراتێکی دەوڵەمەندی بیرکردنەوەو نووسینی جدیو نەبوونی دامو دەستگا مەعریفی‌یەکانو نەبوونی هێزێکی کۆنسەرڤەتڤ (Conservative). ماوەی سەدەیەکی تەواوە کە کورد لەبازنەی نادڵنیابوونی شوناسیدا دەژی، هەر لە (جەمال عیرفان)ەوە کە یەکەم کەس بوو باس لەماتەریالزمی دیالێکتیکی بکات لە جڤاتی کوردی‌دا تا ئەو "رۆشنبیر"انەی ئەمڕۆ باس لە "رۆشنگەری"، "جیهانگیری"و عەلمانیەت دەکەن، هەموو نامۆبوونو بەدگومانی لەخۆو نادڵنیا بوون لە شوناسی خۆو تەقلیدکردنەوەی نارەسەنانە، ئەو خاسیەتانەن کە ماوەیەکی زۆرە دەستو پەنجەیان لەتەکدا نەرم دەکەین. وەك ئامارژەمان پێکرد نەبوونی هێزی کۆنسەرڤەتڤ خاڵێکی دیکەیە کە باری ناسکی جڤاتی کوردی ناسکتر کردوەتەوە، باجاری لەبەردەم وشەی کۆنسەر ڤەتڤ دا بوەستین. "کۆنسەرڤەتڤ" لەزمانو ئەدەبیاتی کوردیدا وەك "کۆنەپەرست"و "تەقلیدی" بەکاردێتو ئەوەی لەم بەکار هێنانە دەخرێتە دەرەوە مانا قووڵەکەی کۆنسەر ڤەتیڤزمە لەوانە هەستان بەپاراستنو داکۆکی کردن لە دامو دەستگاکانو لەبەها گەردوونی‌یەکان. لەدنیای کورددا نەدامو دەستگای ئەو تۆمان هەیە کە بپارێزرێ جگە لەخێزان کە لەژێر هێرشدایەو نەبەهای گەردوونی ئاشکرا کە شایەنی پاراستن بێت، لێرەوە دانە پاڵی ئەم سیفەتە بۆ هەندێ کەسایەتیو هێز لەکۆمەڵگای کوردیدا جگە لە زوڵم لەخودی فیکرەی کۆنسێرڤەتیزم زیاتر، هیچی دیکە نیە. لەبیرمان بێت لەو شوێنەی کۆنسەر ڤەتیزم بوونی هەیە فەیلەسوفو بیریاری گەورەی وەك ئیدمۆند بێرك، هیگڵ، تۆکیۆڤێل، ئالان بلۆم و دەیەها بیریاری دیکە ئامادەیی‌یان هەیە. فیکری کۆنسەرڤەتیڤ چەند پرەنسیپێكو ئایدیایەك لە خۆ دەگرێ لەوانە، **یەکەم**: سیاسەت کە بریتی‌یە لە هونەری تێگەیشتنو سەپاندنی عەدالەت کە لەسەروو سروشتەوەیە، **دووەم**، قەناعەت بەو راستی‌یەی کە کۆمەڵگای شارستانی پێویستی بە رێکخستن هەیەو تاکە یەکسانیەك بوونی هەبێت یەکسانی ئەخلاقییەو هەموو یەکسانی‌یەکانی دیکە هیچ نین جگە لە (بەوەك یەك کردن) کە دەبێتەمایەی خاپورکردنی جیاوازیەکان، سێیەم: ئازادیو هەقی خاوەندارێتی لێك جیاناکرێنەوە، **چوارەم**: ئینسان دەبێت کۆنترۆڵی ئارەزووەکانی بکاتو خاوەنی ئیرادە بێت، ترادسیۆن میکانیزمی فەحس کردنی غەریزە ترسناکەکانی ئینسان فەراهەم دەکات، **پێنجەم**: زانینی ئەو راستییەی گۆڕانو ریفۆرم هاوشێوەنین، کۆمەڵگا دەبێت بگۆڕدرێت بەڵام بەرمەبنای حیکمەتو لەلایەن کەسانی حەکیمەوە نەك بەپێی ئارەزووی هەرکەسێ بخوازێ بە بێ ئامادەیی خاسیەتی گونجاو لەوکەسەیان ئەو هێزەدا. لەکۆمەڵگای کوردا

هێزی کۆنسەرڤەتیڤ بوونی نیە بەڵکو موفارەقەکە لەوەدایە گەر هێزێکی کۆنسەرڤەتیڤ سەرهەڵبدا یەکەم کاری لەجیاتی پاراستنی بەهاو دامو دەزگاکان بریتی دەبێت لە شۆرش بۆ دروست کردنی ئەو بەهاو دامو دەستگایانە کە لەدواجاردا شایەنی ئەوە دەبن بپارێزرێن. موفارەقەکە لەوەدایە کە لەدنیای کوردا هێز یا کەسی کۆنسەرڤەتیڤ دەبێت شۆرشگێربێت ئەمە لەکاتێکدا کۆنسەرڤەتیڤ بوون لەیەکێ لەماناکانیدا واتە دژایەتی کردنی شۆرشو گۆرانی بناغەیی یا ریشەیی یا هەر وەرچەرخانێکی کتو پر. بەرئەنجامێك کە پێی بگەین لەمەر قسەکردن لەو هێزەوە کە خەون بەلە ئیسلامی خستنی کۆمەڵگای کوردییەوە دەبینێت ئەوەیە کە ئەم هێزە پرۆژەیەکی پێ نیەو ئەوپرۆسەیەش تەنیا هەستێکە، خەونێکە رستێك ئارەزووە لەسەر ئایینو کۆمەڵگاو ئیسلامو مێژوو. بەڵام ئەی ئەو هێزەی کە دەیەوێت پرۆسەی بەئیسلامی کردنەوەی کۆمەڵگای کوردی پیادەبکا چۆن هێزێکە؟ وەك ئاماژەدەمان پێکرد بزوتنەوە ئیسلامیەکان ئەو هێزە پێك دەهێنن کە باوەرپیان بەپرۆسەی بەئیسلامی کردنەوەی کۆمەڵگای کوردی هەیە، بەڵام بەجیاوازی چۆنێتی پیادەکردنی ئەو پرۆسەیەوە، باڵێکی توندرەوی بزوتنەوە ئیسلامیەکان لەرێگای شۆرشو چەکو تیرۆرەوە دەیەوێت ئەو پرۆسەیە پیادە بکاتو باڵێکی میانەرەو کە یەکگرتوی ئیسلامیە وەك پرۆسەیەکی لەسەرخۆ نەك کتو پر، سەیری ئەم پرۆسەیە دەکات. هەموو ناهەمواریەك شپرزەیی یەك، بێ پرۆژەیی‌یەك کە کوردایەتی گرتۆتەوە هێزە ئیسلامیەکانیشی گرتۆتەوە. گەر دەمانەوێت بزانین ویژدانی کورد چەند شپرزەیە دەبێت سەیری ئەو هێزە ئیسلامیە بکەین، بەتایبەت باڵە توندرەوەکانی ئەو هێزە، کە هێزێکی کوردی‌یەو تەعبیر کەرێکە لەویژدانی کوردی بەپێچەوانەی ئەو هەوڵە سادەو ساویلکەیەی ئەمرۆ لەئارادایە کە دەیەوێت وا ئەو هێزە وێنا بکا وەکو ئەوەی بەکورد بێگانە بێت. سەرهەڵدانی هێزە ئیسلامیەکانی کوردستان هەم دەبێت وەك دیاردەیەکی کۆمەڵگای کوردیو لەدایك بووی هەلومەرجی کۆمەڵگای کوردی سەیریان بکەینو هەم وەك دیاردەیەکی دنیای ئیسلامو لەدایك بووی هەلومەرجێکی تایبەتی دنیای ئیسلام. وەك دیاردەیەکی نێو دنیای ئیسلامو وەك هەر بزوتنەوەیەکی دی بنەرەتخوازی (فەندەمینتالیست) ئیسلامی، بزوتنەوە ئیسلامیەکان لەکوردستان دیاردەیەکی نا تەندروستن، نا تەندروست لەوەدا کە شوێنی بزوتنەوەیەکی خاوەن پرۆژەی رینیسانسێکی ئیسلامیان گرتۆتەوە بەڵام بێ ئەوەی پرۆژەیەکیان پێ بێتو بێ ئەوەی لە بەرنامەیاندا شوێنەواری بیرکردنەوە لەرێنیسانسێك ببینرێتەوەو بێ ئەوەی خاوەنی تێگەیشتنێکی قوڵ بن هەم لەترادسیۆنی ئیسلام (ترادسیۆن بەمانای فەلسەفی نەمر)و هەم لەدنیای مۆدێرنو هەم لە هەوڵە فیکریەکانی دیکەی ترادسیۆنە جیاوازەکان. وەك لەچەند بۆنەی دیکەدا ئاماژەدەمان پێداوە ئیسلام یەکێکە لەترادسیۆنە گەورەکانی مرۆڤایەتی، ترادسیۆن هەم بەمانای بوونی میراتێکی فیکریو روحیو هەم بەمانای فەلسەفەو حیکمەتی نەمر، واتە هەبوونی سیستەمێکی فیکریو روحی وەك دیدگایەك بۆ بوون. بوونی ئیسلام وەك ئەم ترادسیۆنە، لەپاڵ ترادسیۆنە گەورەکانی دیکەی وەکو مەسیحیەتو هیندۆیزمو تاویزم، بودیزم، لەناو دنیای ئیسلامدا مانای ئەوەنیە کە لەسەر ئاستی هەموو رەهەندە فیکریو رۆحیو سیاسیو کلتوریەکان ئینسانی موسڵمانو جڤاتە ئیسلامیەکان بە قەیراندا تێناپەرن. هەروەها مانای ئەوەنیە بوونی ئەوترادسیۆنە زەمانەتێکە کە ناهێڵێ سەرەو لێژ بوونەوە روبدات، هەروەك چۆن بوونی ترادسیۆنی مەزنی مەسیحی نەیتوانی رێ لەوسەرەو لێژبوونەوەیەی ئەوروپا بگرێ، ئاوهاش بوونی ترادسیۆنی ئیسلامی وەك بەرهەمی چەند سەدەیەك لەبیرکردنەوەو تێرامانو دەستەڵاتی رۆحی ئینسانی موسڵمان نەیتوانی رێ لەو سەرەو لێژبوونەوەیەی شارستانیەتی ئیسلامی بگرێت. هۆکانی ئەم سەرەو لێژ بوونەوەیە زۆرنو شوێنی قسەکردنی ئێمە نین، ئەوەی کە دەیزانین ئەوەیە کە چەند سەدەیەکە ئینسانی موسڵمان لەتەنگەتاویەکی گەورەو قەیرانێکی مەزندا دەژی، لەم قەیرانەوە بۆ ئەوی دی. لەسەدەی بیستەمدا بەخەبەر هاتنەوەیەك روودەدا، کە بەخەبەر هاتنەوەیەکی موزەیەفو نارەسەن بوو لەبەرانبەر باری نا هەمواری ئینسانی موسڵمانو غەرق بوونی لەجەهلدا، لەستەمکاریدا، لەبێ توانایی داهێنانداو لەو ویژدانەدا کە مل کەچی فەرمانەکانە وتەکان ناخوا، واتە مەرگی جوامێریو رۆحی ئازادانە. ئەم بەخەبەر هاتنەوەیە کە

مەبەستمان سەرهەڵدانی بزوتنەوە ئیسلامیەکانی نێو دنیای ئیسلامە، لەوەدا موزەیەفو نارەسەن بوو وە موزەیەفە لەرۆژگاری ئەمڕۆشدا. چونکی **یەکەم**: بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە باوەوە کە گوایە دژی مۆدێرنتی‌یە، ئەم بەخەبەر هاتنەوەیە نەك هەڵسانەوەیەکو راپەڕینێك نەبوو و نیە دژ بەمۆدێرنتی، بەڵکو خۆی بەرهەمی مۆدێرنتی بوو. ئەوگوتارەی بەرهەمی هێنا، ئەودیدو بۆچوونەی کە پەروەردەی کرد تەوفیقیەیە، ئەم توخمی مۆدێرنتی وەردەگرێو ئەوتوخمی تری رەفز دەکات، تەکنۆلۆژیای قبوڵە کە خۆی جەوهەری مۆدێرنتی‌یە بەڵام کۆمەڵگای تەکنۆلۆژی قبوڵ نیە کە کۆمەڵێ رەهەندی هەیە لەوانە بەعەقڵانی کردنی دەستەڵاتەکان. **دووەم**: تێنەگەیشتن لەدنیای مۆدێرن‌و کورتکردنەوەی کێشەی کێشەکان بۆ کێشەی ئەخلاقی، وەك ئەوەی کێشەی ئینسانی مۆدێرن ئەوەبێت کە باش خۆی ناگۆڕێو خۆی ناپێچێتەوە. بەمانایەکی دی ئەم بزوتنەوەیە لەسەرهەڵدانیەوە تا ئێستا لەپرسیارە جەوهەریەکان لەمەڕ دنیای مۆدێرنەوە هەڵدێو لەجیاتی ئەمە گوتارێکی پڕ لەشپرزەیی‌و تێنەگەیشتن لەکێشە بنەرەتیەکان بەرهەم دەهێنێ. **سێیەم**: وەك چارەسەرێك بۆ کێشەو قەیرانەکانی ئەمڕۆ ئەم هێزە تەنیا پێشنیاری ئەوەدەکا کە کۆمەڵگا جارێکی دی بە (ئیسلامی) بکردرێتەوەو ئەم پرۆسەی بەئیسلامی کردنەوەیەش لەگەڕانەوە بۆ شەریعەت‌و موناقەشاتەکانی شەریعەتدا دەبینێتەوە. ترادسیۆنی ئیسلامی بەمانای فەلسەفەی نەمر لەسەر بنەمای شەریعەتەوە نیە، بەڵکو شەریعەت رەهەندێکە، زیاتر بەرمەبنای ئەو ووزەو توانایەیە بۆ بینینی دنیاو وەڵامدانەوەی بانگی کەینونەیە، گەشەکردنی ئیلاهیات‌و عیرفان‌و فەلسەفەو هونەری پیرۆز. بەمانایەکی دی ترادسیۆنی ئیسلامی سەرجەم وەڵامی بانگی کەینونە بوو، لەبیرنەکردنی کەینونە بوو، بزوتنەوە ئیسلامیەکانیش راکردنن لەبوون‌و لەبیرکردنی (بوون)، خاسیەتی سەرەکی ئەو بزوتنەوە ئیسلامیەیە. ترادسیۆنی ئیسلامی کرانەوە بوو بەسەر جیهاندا، بزوتنەوە ئیسلامیەکانیش دەرگا لە سەرخۆ داخستنەو پشت کردنە جیهان‌و نەتوانینی دەرگیربوون لەگەڵ شتەکان‌و مەسەلەکان. **چوارەم**: بزوتنەوە ئیسلامیەکان بەرهەمی ویژدانێکن، زەینێکن کە ویژان‌و زەینی کەسی داگیر کراوە (Colonized) (دواجار بەدرێژی باسی دەکەین)، ئەم ویژدانە شپرزەیە باوەڕی بەخۆی لەدەست داوەو لەجیهان دەترسێو لەماڵی خۆشیدا تەنیا لەقوژبنە تاریکەکاندا هەست بەئارامی دەکا، ئەمە لەکاتێکدا ئەو رۆحە یا ویژدانەی کە ترادسیۆنی ئیسلامی دروست کرد، رۆح‌و ویژدانێکی تەندروست‌و جەنگاوەرو سەروەر بوو، ترسی لەجیهان نەبوو و بۆ جیهان کرا بۆوەو جیهان شوێنی موغامەرە رۆحی‌و وجودیەکانی ئەو بوو. ئەم رۆحە چالاکە لەئەوانی دیکە سڵی نەدەکردەوە، هەر بۆیەش یۆنانی بەئیسلامی کردو بەئەفلاتوونی پەیگان (وەسنی) گوت "حەکیمی ئیلاهی" (ئەمە قسەی فارابی‌یە)، فەلسەفەو عیرفانی هیندی خۆماڵی کرد، ئایین‌و فیکرو میسۆلۆجیای زەردەشتی بەئیسلامی کردو کردنیە بەشێك لەخۆی. دەستورو شێوەی ئیدارەکردنی رۆمانی کردە بەشێك لەسیستەمی ئیدارەکردنی خۆو لەمەسیحیەتدا هاو دایەلۆگێکی دروست کرد. بەڵام ئەو رۆحەی لەپشت بزوتنەوە ئیسلامیەکانەوەیە رۆحی کەسێکی کۆیلەو داگیرکراوەو بەئەخلاقی کۆیلە دەڕوا بەڕێوە، لەهەمووان سڵ دەکاتەوە، لەفەلسەفەو عیرفانی خۆی سڵ دەکاتەوە، دژ بەتەریقەتە (عیرفانی ئیسلامی)، لەمەسیحیەت‌و ترادسیۆنی مەسیحی سڵ دەکاتەوە بێ ئەوەی بیخوێنێتەوە، لەفیکرو نەقد هەڵدەسڵەمێتەوەو تەکفیری دەکا، لێرەوە بزوتنەوە ئیسلامیەکان بەرهەمی هێزێکی داهێنەرنین‌و خۆیان نیشانەن، رەمزن بۆ داڕزانی ویژدانی موسڵمان‌و پەك کەوتنی موسڵمان‌و ماندووبونی ئەو لەبیر کردنەوەو داهێنان. لەبەر رۆشنایی ئەو وێنا کردنەی سەرەوەو ئەو چەند خاڵەدا دەتوانین لەسەر بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستان قسان بکەین، چونکی ئەم بزوتنەوەیە پەیوەندی بەو فەزا شێواوەی دنیای ئیسلامەوە هەیەو لەوفەزایەدایە کە بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستان سەر هەڵدەداو لەوخاسیەتانەدا هاوبەشە. تائێستا لەبەر رۆشنایی بەرنامەی (اخوان المسلمین)ی میسرو بۆ چوونەکانی حەسەن بەناو سەید قوتب‌و مەودودی‌و عەلی عیزەت بیگۆ ڤیج و ئەوانی دیکە کاردەکا. لەڕوویەکی دیکەوە ئەم بزوتنەوە ئیسلامیە کوردییە زادەی ماڵی کورد خۆیەتی‌و پەشێوی‌و شپرزەیی‌و بێ بەرنامەیی‌و ئینجا ترۆریشی‌و شێوازی کوشتنی غەنیمەکانی بەپلەی ئیمتیاز تەعبیر لەکوردو شێوازی کوردانەو رۆحی کوردی

دەكەن، هەروەك چۆن كوردايەتی تەعبیرە لەرۆحێك كە شپرەزەیەو ناموو گومبو وبێ پرۆژە. لێرەوە بێ هودەیـیو بێمانـایی ئەو هەوڵە دەردەكەوێ كـە بەكوردايـەتی (هـەموو حیزبـە كوردییـەكان لەسەرتاسـەری كوردسـتاندا) دەیـەوێت شـەڕ لەگـەڵ ئیسلامیەكان بكا یا بەئیسلامیەكانی كوردستان شەڕ لەگەڵ كوردايەتی بكا. ئەمە وەك ئـەوە وايـە كـە بەجـەهل شـەڕ لەگـەڵ جەهل بكەیت، بەشپرزەیی بەگژ شپرزەییدا بچیتەوە، بەتاریكی دژ بەتاریكی بوەستیتەوە، كوردايەتیو بزوتنەوەی ئیسلامی كوردی هەردووك تەعبیر لەو زەینەو ماندوو بوونی ئەو رۆحە دەكەن كە زەینو رۆحی كوردیـە. چـەندە بێهودەییـەو چـەندە سەفستەیە كەوا تەسەوەر بكەین حیزبی كوردی (بۆنموونە یـەكێتیو پـارتی) خـاوەنی پـرۆژەی بینـاكردنی كۆمـەڵگای نوێـی كوردینو بزوتنەوە ئیسـلامیەكانیش نوێنـەرانی هـێزی ئـاینیو كۆنسـەرڤەتیڤی كۆمـەڵگای كـوردی، ئـەم بۆچوونـە بۆچوونـی سۆفستائیيەكانی كوردە (واتە رۆشنبیران) كە بەدوورە لە سادەترین بیركردنەوەو سەرنجدان و تێڕامان. حیزبە كوردیـەكانی كوردستان لەوانە پارتیو یەكێتی تێكەڵەیەكن لە هەموو شتێك كەلەدواجاردا بەپلەی ئیمتیاز شپرزەیی رۆحی كـوردی نیشـان دەدەن، كەمێك لەئایین (دیارە هەرگیز بەمانا میتافیزیقییەكەی ئاین نا، بەڵكو بـەمانای ئـاینی بـووە داوو داسـتگاو عـادەتو خوو)، كەمێك لەسۆشیالزمو كۆمۆنیزمو كەمێك لەدیموكراسـیەتو كـەمێك لەتایەفەگـەریو خـزم خواهـیو زۆرێكیـش لەكـەڵت (Cult)ی سەرۆك پەرستی (واتەئاینی سەرۆك پەرستی). هێزە ئیسلامیەكانیش بەهەمان شێوە تێكەڵەیەكن لەهـەموو شـتێك، زۆرێك لەكەڵت بوون (لێرەدا بەمانای گروپێكی ئاینی داخراو)، كەمێك لەماركسـی بـوونو كۆمۆنـیزم بـوون (بەموفارەقەیـەكی زۆرەوە ! !) كەمێك لەعاداتو خوی كوردانە زۆرێك لەدۆگما. لێرەوە شەڕكردن لەگەڵ هەریەك لەم لایەنە بەئەوی دی بۆ رزگار كردنی كوردو روناككردنەوەی ماڵی كوردی، مایەی تێنەگەیشتنە لەجەوهەری ئەم دوو لایەنەو حـاڵی نەبوونیشـە لـەو راسـتیە كە هەردووكیان زادەی یەك رۆحی شپرزەن. رزگاری واله تەجاوز كردنی كوردايەتیو بزوتنەوە ئیسلامیەكانداو تەنها ئەو هێزە لەماڵی تاریكی كوردیدا چرا دادەگیرسێنێ كە تەجاوزی ئەم شپرزەییە بكا كە لەنیشـانەكانی ئـەم سـەرگەردانیە كوردايـەتیو بزوتنەوەی ئیسلامیە) ئەم هێزەش ئەو كاتە لەدایك دەبێـت كـە وەك هۆلدرلـین دەڵـێ "لەوكاتـەدا كـە مەترسـی هەیـە هـێزی رزگاركەریش گەشە دەكا" بەو مانایەی كە مەترسیەكانو سەرەو لێژبوونەوەی كورد گەیشتە پـڕ لەمەترسـی خـۆی، ئەوكاتـە هێزێكی رزگاركەری كوردیش لەدایك دەبێت، بەڵام زۆر گرنگە ئەو راستیە بزانین كە نەكوردايەتیو نە بزوتنەوە ئیسـلامی ئـەو هێزە رزگار كەرەنین، هەروەك چۆن هێزی چـەپیش ئـەو رزگـار كـەرە نیـە، چـەپ میوانێكـی خـۆ فـەرزكردووە بەسـەر مـاڵی كوردیدا، ئەمە ئەو راستیەناشارێتەوە كە باڵێكی ناوبزوتنەوەی ئیسلامی، باڵە میانڕەوەكە، لەوكاتەدا سەری هـەڵدا كـە مـاڵی كوردی غەرقی پاشا گەردانیو خۆكوژیو بێهودەییو بێ پرۆژەیی بوو كە دیاری كوردايەتی بوو، ئـەم لایەنـە ئیسـلامیە دەبـا ماڵی كوردیو مەسەلە ویژدانیـەكانو بـاری ناهـەمواری رۆحـی كـوردی بـەگیرو گرفـت بكـا، بـەمانای خسـتنەرووی پرسـیاری وجودیو سیاسی ئەوتۆ كە بەهۆیەوە بەخەبەر هاتنەوەیـەك، بەئاگاهاتنەوەیـەك لەخـەوی غەفڵـەت، تـەكانێك بـەخۆ دروسـت ببوایە تا سنورێك بۆ ئەو دابەش بوونە رووحیە دانرابا، بەڵام ئەو باڵە میانڕەوەش هـەروەك باڵـە توندرەوەكـانی دیكـەی نێـو بزوتنەوەی ئیسلامی، گوێی لەم بانگەی رۆحی كوردی نەگرت، ئەوبانگەی لەئازاری قوڵی كورد بوونەوە هاتەدەرێ بـەڵام بـەر گوێیەكی كەڕ كەوتو ئەوباڵە میانڕەوەش وەك هەموو ئەوانی دیكە غەرقی ئەو دێوانەییە بوو كە ماڵی كوردی داگیركردووە. ئەو باڵە میانڕەوە بەهۆی شوناسـە ئاینیەكەیـەوە واتـە بانگەشـەكردن بـۆ ئیسـلامی بوونـی چـاوەڕوانی ئـەوەی لێدەكرا كـە لەكوردايەتی سەرتاپا گیرترو عەقڵ گەورەتربێتو چاو لەترادسیۆنی ئیسلامیو مـیراتێكی گـەورەی بیركردنـەوە بـبڕێ، بـەڵام بەپێچەوانەی بانگەشەی خۆیو چاوەڕوانی ئێمە، ئەو باڵەش ئیسـلامی كـورت كـردەوە بـۆ هـەندێك گفتوگۆی بێزەنتیانـە، و ئاینی كورت كردەوە بۆ هەندێ سرووت وەكو نوێژ كردنو بەرۆژو بوونو چەند تەسەورێكی فقهی ئیسلامی.

كاتێك بزوتنەوە ئیسلامیەكان لەپرۆسەی بەئیسلامی كردنەوە قسە دەكەن مەبەستیان نیە كە ئاین وەكو وزەیەكی لـەبن نەهاتووی داهێنان سەیر بكردرێ، بەڵكو لای ئەم هێزە سەرجەم تەنیا ئاین پەیڕەوكردنە لەفەرمانەكانی شەریعە. شـەریعەش

لەدیدی ئەم هێزەوە لیستێکە لەفەرمانەکانی خوداوەند. لەکاتێکدا شەریعە کۆمەڵێ ئیجتیهاداتە، هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لەئیرادەی خوداوەند کە لەقورئانی پیرۆزدا هاتووەو پێویستی بەتەئویل هەیە نەك تەفسیر. بەرای ئێمە ئەو تەسەورەی ئەوان بۆ شەریعە خۆکوشتنێکی میتافیزیقیەو بێبەری کردنی خۆیە لەفەلسەو حیکمەتی نەمر. لێرەدا بەپێویستی دەزانین بۆ روونکردنەوەی زیاتر لەمەڕ ئایینەوە ئاماژدەیەك بە بۆچوونی خۆمان بدەین لەمەڕ ئاینەوە. لەدیدی ئێمەوە خوداوەند لەگەردووندا خۆی مانیفێست دەکا، گەردوونیش یەکێتیەکی هێزەکانە. لەهەمە چەشنەیی‌و ژیانی گەردووندا یەکێتیەك هەیە کە خوداوەندە، یەکێك لە هەموو شتەکاندا. خوداوەند تاك‌و تەنیایە بەلاّم مانیفێستی ئەو یەکیتی‌و هەمەشنەیی گەردونە.خوداوەند بوونە Beingو هێزێکی چالاك‌و ژیان بەخشە لەخولقاندن‌و خەلیقەداو زەمینەی هەموو بوونەو زاتی ئەو هەقیقەتە. زاتی ئەوبوونەو هەموشتێکی دی لەو دەکەونەوە، خوداوەند جیهانە. لەکتێبی "خوداوەند، چەند گفتو گۆیەك"دا هێردەر وەکو سپینۆزاییەك بەم شێوەیە لە خوداوەند دەدوێ:-

**سیۆفیرۆن: بەلاّم ئەی چۆنە خوداوەند لەدەرەوەی جیهان نیشتەجێ بێ؟**

**فیلۆ لۆس: چ شوێنێك هەیە لەدەرەوەی جیهان؟ جیهان خۆی،**

**شوێن‌و زەمان لەناویدا، هەموو ئەوهۆکارانەی لەرێگایانەوە ئێمە قیاسی شتەکان دەکەین‌و شتەکانی پێ دەژمێرین، هەموو هەن لەرێگای ئەوەوە، ئەوی لاموتەناهی(٩)**

ئەم بۆچوونەی ئێمەو بۆچونی هێردەر لەتەك تەسەورێك کە لەفیکرو عیرفانی ئیسلامیدا هەیە تەبادێتەوە. خوداوەند هێزێکە نەوەك خوداوەندەکەی ئەرستۆ کە هێزێکە یەکجار دنیای دروست کردووەو ئیدی وازی لەدنیا هێناوەو "بزوێنەرێکە کە نابزوێ "، وە نەئەوەی خوداوەند هیپچ گیروگرفتی نەبێ سەرقاڵی ژیانی رۆژانەی ئەم یان ئەو بێت (ئەمەش ئەو بۆچوونەیە کە هێزی ئیسلامی پیادەی دەکا بۆ خوداوەند)، بەڵکو خوداوەند هێزێکی چالاك‌و ژیان بەخشەو بێکۆتای‌و سەرمەدییە، خوداوەند:

**لەهەموو گەردووندا خۆی بەیان دەکات لەرێگای هێزەکانەوە،**

**هەروەها ئەو هێزە بێکۆتاییانە لە خودادا تەعبیر لەجەوهەری ئەو دەکەن،**

**سنوریان نیە، هەرچەندە تەعبیر لەهەمان زاتی خوداوەند دەکەن لەهەموو شوێنێکدا(١٠).**

ئیبن عەرەبی ئاماژدە بە فەرمودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) دەکا کە تیایدا هاتووە کە خوداوەند دەفەرموێ "ئێمە گەنجینەیەکی شاراوە بووین جیهانمان دروست کرد تاوەکو کەشف بکردرێین". خوداوەند دەسەلاّتە، هێزی هێزەکانەو گەردونیش کە مانیفێستی هێزەکانە خۆی هیچ نیە جگە لەخوداوەند. ئایین لەدیدی ئێمەوە دۆگما نیە، هێزێکی چالاك‌و چالاکی بەخشە، فەلسەفەی ژیانە، مەست بوونە بەژیان‌و ژیانیش داهێنانێکی ئەبەدیە، داهێنانیش واتە ئازادی‌و بوونی دەسەلاّتی کردار نواندن، ئازادی داهێنانە، کردارە، لەرێگای ئازادی‌و داهێنانەوە خودا لەئێمەدا، کە خەلیفەی ئەوین لەسەرزەوی بەپێی تەسەوری ئیسلامی، خۆی مانیفێست دەکاو ئێمەش دەگەین بەخوداوەند. لێرەوە جەوهەری ئاین ئازادیە، چونکە هۆشیاریە دەربارەی خۆمان‌و ئەوشتەی کە دەمانەوێت ببین‌و زانینی ئەوەی چۆن لێپرسراوێتی هەڵبگرین بەرامبەر بەچارەنوسمان ، ئازادی چالاکیەو پڕە لەدەسەلاّتی چالاکانە. ئازادی ئەزموونەو بناغەی ئەزموونیش ئایینیەو بەر مەبنای نەفەسی خوداوەندە، بەرمەبنای رۆح‌و سروشتی ئینسانە وەکو وێنەی خوداوەند، نەفەسێکی پڕ رەحمەتی خوداوەند، ئێمە نەفەسێکی خوداوەندین ئینجا خەلیفەی ئەو لەسەر گۆی زەوی. لەرێگای ئازادییەوەیە کە ئینسان هەست بەنەفەسی خوداوەند دەکا ئەونەفەسەیکە بۆن‌و بەرامەی حەقیقەتە.

ئەو هێزەی کەباس لە بەئیسلامی کردنەوەیکۆمەڵگای کوردی دەکا ئایا ئەوە بۆچونیەتی بۆ خوداوەندو ئایین؟ بێگومان نەء، لەدیدی ئەو هێزەوە خوداوەند هیچ نیە جگە لەهێزێکی جەبارو قەهار کە لیستێکی ئەمرو نەهی دا بەزاندۆتە خواری‌و

ئێمه تەنیا ئەوەمان لەسەره پەیڕەوی لێبکەین، تەنانەت ناتوانین خۆشیشمان بوێتو هەوڵ بدەین قسەی‌لەتەکدا بکەین ئایا ئەو هێزه بۆ ئەوەهاتووه که ئیمانی لەق بوونمان بەخواوەند لازیندو بکاتەوەو لەئیمان بەخودادا جارێکی دی ژیانو بوونمان خۆش بووی‌و لەسەر سفرەی پیرۆزی کۆببینەوەو بەئیمانێکی بێ سنور جارێکی دی جڤاتی کوردی‌و ماڵی کوردی لەسەر ئەو سفرەیه خڕ بکەینەوەو گوێ لەبانگی هەق بگرین؟ بێ گومان نەء، ئەو لە ئیمانێك دەدوێ ئازادی‌و داهێنانو عەشقی خوداوەندی تێدا نیه. ئایا ئەو هێزه ئیسلامیه وەك هێزێکی چالاك سەیری ئایین دەکا؟ وەکو سەرچاوەی ئازادی؟ بێگومان نەء ئایین لەدیدی ئەو هێزەوه جێبەجێ کردنی کۆمەڵێ سروتەو بەئیسلامی کردنەوەی کۆمەڵگای کوردیش واته کردنی کارێك که ئەو سروتانه بەتەواوی پەیڕەوییان لێبکەینو دووپاتیان بکەینەوه. کەواته بەئیسلامی کردنەوەی کۆمەڵگای کوردی لای ئەم هێزه واته مەرگی ئایینو ئازادی‌و هەڵفڕینی خوداوەند، ئەمەش هیچ نیه جگه لەمەرگی ئینسان.

# بەندی دووەم

# کورد ـ بوون ـ لەجیهاندا

# بەندی دووەم

# کورد ـ بوون ـ لەجیهاندا

بەباوەڕی ئێمە ئەمڕۆو بگرە لەمێژووی کورددا، جڤاتی کوردی لەشپرزەیی‌یەکی ڕۆحی ئەوتۆو سەرەو لێژبوونەوەیەکی (سیاسی)و کلتوری ئەو تۆدا ژیان بەسەر دەبا کە تاکە مانایەك لەو بارودۆخە کە شوێنی قبولْ کردن نیە بشیْ بەرهەم بهێندریْ، تاکە ڕووناکیەك بشیْ لەو کەوتنە سەراپاگیری‌یەوە بکەوێتەوە بریتی‌یە لە جارێکی دی پرسیار کردنی ئەوەی (**ئێمە کێین‌و چۆن هەین؟**) خۆ فریودانێکی گەورەیە وابزانین ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارەمان داوەتەوەو ئێمە دەزانین کێین‌و دەشزانین کە چۆن هەین، یاخود هەست بکەین وەڵامی ئامادەکراومان هەیە بۆ ئەم پرسیارە. ڕاستە ئەم پرسیارە پێشتر کراوەو وەڵامی نیوە ناچلْ لێرەو لەویْ خراونەتەڕوو. ئەگەر لەبەر خاتری ئەرگومێنتیش بێت بڵێین وەڵامەکان نیوە ناچلْ نەبوون، خۆ دەبێت ئەو ڕاستییە سەبارەت بە شوناس، شوناس جڤاتێك، میللەتێك ببینین کە پرسیاری (ئێمە کێین‌و چۆن هەین؟) ئەو پرسیارە کە ینونەیی‌و سیاسییەیە کە هەمیشە دەبێت بکردرێت‌و بخرێتە ڕوو هەرگیز وەڵامێکیش ناشێت ببێتە کۆڵەکەی پاڵدانەوەو مایەی سەرهەڵدانی دڵنیاییەك لە مەڕ شوناس چونکی ئەم هەڵوێستە بەمەرگ یا هەرەسی جڤات تەواو دەبێت. ئەمەش لەبەرئەوەی کەزانین‌و تێگەیشتن لەشوناسی وەك زانین‌و تێگەیشتن نیە لەهاوکێشەیەکی ماتماتیکی بۆیەکجار لەهەموو شوێنێکدا هەرهەمان بەرئەنجاممان بداتیْ. پرسیارکردن پاسەوانی شوناسە نەك گورز وەشێنەر لەشوناس. شوناس ناشیْ یەکجار پێناسە بکرێت‌و ئیدی لەگەلْ ئەو پێناسەیە بۆئەبەد هەڵبکەین. بەدوور لەڕێژەگەرایی کە مۆدەیەکی کوشندەیە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەڵێین شوناس هەم لەبوون Being دەویْ‌و هەم لە هەبوون Becoming (صیرورة). بوون لەپرەنسیپە جیْ بەخۆ گرتووەکانی شوناس ، توخمە پێکهێنەرە بنەڕەتیەکانی شوناس دەدویْ‌و هەبونیش لەگۆڕانکاریەکان‌و ڕێکەوتەکان (Contingencies) دەدویْ کەکارێك دەکا پرنسیپە جیْ بەخۆ گرتووەکانی شوناس هەمیشەو سەر لەنویْ پرسیاریان لیْ بکردرێتەوە. هەر بۆیە پرساری ئەوەی "ئێمە کێین" پاسەوانی شوناسەو پاڵدانەوەو حەوانەوە لەپالْ وەڵامێکدا ڕێگە دانە بەکلۆربوون، داڕزان، گەندەلْ بوونی شوناس. ئەمە لەکاتێکدا هەرچی پەیوەندی بە جڤاتی کوردییەوە هەبێت لەتەك پرسیاری (ئێمە کێین‌و چۆن هەین؟) مامەڵەیەکی فیکری‌و فەلسەفی قولْ نەکراوەو بوونی کۆمەڵیْ وەڵامی تەنك‌و بیْ بناغەو بەدوور لەدنیا بینی‌یەکی ئاشکراو بە دوور لە خوێندنەوەی ڕۆحی کوردی‌و ئیسۆسی (Ethos) کورد بوون، کە لەبەر دەستماندان خۆی مایەی پاشاگەردانیە ڕۆحی‌یەکی ئەمرۆیە، واتە ئەو وەڵامانە مایەی ئەو قەیرانەیەکە ئەمڕۆ کورد پێیدا تێدەپەڕیْ. گوتمان قەیران؟ بەڵیْ قەیران. ئاخر هەندێك کەس یا باشترە بڵێین هێزێك لەکوردا هەیە لەقوڵایی قەیرانەکانی خۆیەوە، لە قوڵایی کەم دەرك کردن‌و بیْ توانایی فیکری‌و بیرکردنەوەی خۆیەوە، وێنەیەکمان بۆ کوردو جڤاتی کوردی دەکێشیْ بەدوور لە قەیران‌و وێنەیەکی بیْ غەل‌وغەش لەمەڕ شوناسی بەکورد بوونەوە کە ئەم وێنەیە هیچ نیە جگە لەبەرئەنجامی ئەو قەیرانە قوڵانەی کە کورد تێدا دەژی‌و هەم ئەم بێدەستەڵاتیە فیکری‌و مەعریفیەش‌و هەم دڵنیابوونە موزەیەفەکە دایکی قەیرانەکانە. لەسی‌و چلەکانی سەدەی بیستەمدا بگرە تا ئێستاش باو بووەو باوە کە لەوەڵامی پرسیاری "ئێمە کێین"؟دا بگوتریْ:– "**ئێمە ئاريايين** "، واتە سەر بەرەگەزی ئارین. ئەوکەسانە یاخود ئەو هێزەی ئەم وەڵامەی دایەوەو ئەمرۆش هەرهەمان وەڵام دووپات دەکەنەوە یا دەکاتەوە، دەبێت بڵێین لەلایەکەوە وەڵامەکەیان لەژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیایەکی ترسناك دابوو کە جڤاتەکان بەسەر ڕەگەزەکاندا دابەش دەکاو لەڕەگەزدا توخمێکی سەرەکی شوناس

دەبینێتەوە کە ئەم توخمە دروست کراوە، واتە رەگەز بەرهەمی فەنتازیایەو ئەفسانەیە نەك توخمێکی خاوەن بناغەیەکی مەعریفیو فیکری. ئەو ئایدۆلۆژیا رەگەز پەرستەی کە جڤاتەکان بەرەگەزاوی (Racialization) دەکا یەکێك لە "شاکارەکانی" بریتیبوو لە هۆڵە کۆست (المحرقة)و ئێستاش بەردەوامە لەنواندنی (شاکار)ی دیکە کە لێك دوورخستنەوەی جڤاتەکانو دابەشکردنی مرۆڤایەتیو جەنگو جیاکاری رەگەز پەرستی (تمیز العنصري) مۆرکی ئەون. ئەو هێزەی لە کوردا گوتی (ئێمە ئاریاین) لەراستیدا هیچی نەگوت جگە لەبەرەگەزاوی کردنی شوناسی کوردیو لێرەوە ئەو وەڵامە تەنیا رتیۆرێك، رەوانبێژیەك زیاتر هیچی دیکە نەبوو، لەتەك بوونی کورد لەجیهاندا مامەڵەی نەکردو رابردوو ئێستای کوردی نەخستە ژێر پرسیارو لێکۆڵینەوەو پێی نەگوتین بۆ ئێمە بەو شێوەیە هەین کەهەین، لەدواجاریشدا پێی نەگوتین کە "ئاریایی" بوونی کورد دەرمانی چ دەردێکی کورد دەکاو لێرەوە ئەم وەڵامە هەڵاتن بوو وەئێستاش هەڵاتنە لەمامەڵە کردن لەگەڵ شوناسی کوردیو ناهەمواری کورد ـ بوونو لەلایەکی دیکەشەوە پەرچە کردارێك بوو دژ بەعەرەبو تورکو ئیسلام، هەروەها بێئاگابوو و وەئێستاش بێئاگایە لەو رەخنە توندەی کە ئاراستەی بەرەگەزاوی کردن کراوەو دەکرێ. ئەو هێزە پێی نەگوتین کە ئێمە "ئاریایین" ئەی هۆی چیە فەلسەفە بەرهەم ناهێنینو دژ بەهەموو هەوڵێکی فەلسەفینو لەدنیای فیکردا تەنها عاشقی ئەو ئایدۆلۆژیایانەین کەدژ بەفەلسەفەن؟ ئاخر رەگەز پەرستێکی وەکو ئێرنست رێنان پێی وابوو کە فەلسەفە موڵکی نەژادی ئاریاییەو نەژادی سامی ئاینی بەرهەم هێناوەو نەژادی ئاریایش فەلسەفە. ئەو هێزە کوردیە پێی نەگوتین نەبوونی میراتی فیکریو فەلسەفی، نەبوونی میراتێکی بیرکردنەوە لەرابردوودا و ئێستادا مانای چیو دەتوانین لەبەرەگەزاوی کردنی کوردا ئێمە چی بەدەست بهێنین؟ پێی نەگوتین ئێمە بۆماڵمان ئاوها شێواوە؟ گەر زوڵم نەکەین دەبێت بڵێین ئەو هێزەی کە گوتی (ئێمە ئاریایین)و شوناسی ئێمەی رەگەزاوی کرد، وەڵامی نیە چونکە لەدواجاردا پەیوەندیەك نیە لەنێوان رەگەزو ماڵکاولکاریدا، بیماری ویژداندا، لەنێوان رەگەزو بیرکردنەوەدا. گوتنی (ئێمە ئاریایین) بەرئەنجامی بیرکردنەوە نەبوو، تەنیا پەرچەکردار بوو، هەولێك نەبوو بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ بارودۆخی شوێنی بەزەیی کوردا. هەرهەمان هێز وەك لەدرێژ کراوەیەکی وەڵامەکەی گوتی (ئێمە لەنەوەی مادەکانین)و خاوەنی مێژوویەکی سێ هەزارساڵەین. بەلانی کەمەوە دەبێت بڵێین ئەم وەڵامە تەماوییەو تینوێتی رۆحی ئێمە ناشکێنێ، رۆحێك کە دەیەوێت بزانێ لەکوێوە هاتووەو بەرەوکوێ ملی ناوە. کۆمەڵە خەڵکێك رۆژێك لەرۆژان ئیمپراتۆریەتێك دابمەزرێنن هۆی چیە لەدوای روخانی ئەو ئیمپراتۆریەتەوە دەبنە کۆیلە سەرمەدیەکانی ئەوناوچەیە؟ هۆی چیە ئیدی جارێکی دی بیر لەدامەزراندنی کیانێکی سیاسی ناکەنەو؟ نەیان توانی بێنەوە سەر شانۆی سیاسەتو دەسەڵات؟ نەیانتوانی یان نەیان ویست؟ لەهەمووی تەماوی تر ئەوەیە کە"ماد" بوونی کورد لەسەر بناغەی هەڵکۆڵین (حفریات)ی مێژوو بوو، خوێندنەوەی تێکستەکان بوو، رۆچوونە ناو روحی کوردی بوو یاخود تەنیا گوتنی فاکتێکی (راستیەکی) مێژوویی بوو؟ لەهەمووی ترسناکتر ئەم پرسیارەیە دوای ئەوەی کە ئێمە زانیمان کە ئێمە لەنەوەی مادەکانین، ئێ دوای ئەوە چی؟ چی لەئێمەدا زیندووە کە ئاماژدە بە "ماد" بوونی ئێمە دەکاو بوونیشی دەتوانێ وەڵامگۆی چ پرسیارو چ کارەساتێکی ئەمرۆی کورد بێت؟ "ماد" بوون بەدەردی چی دەخوا بۆ جڤاتێك کە ماڵەکەی دابەش بووەو کۆیلەی کۆمەڵێ دەستەڵاتەو خۆشی رۆژانە نوقمی جەهلو نەزانینو بیماری دەبێت. "ماد "بووونی کورد هەڵاتن بوو لەمامەڵە کردنی جدی لەگەڵ هەنووکەی کوردو ناهەمواری جڤاتی کوردیو ئینجا وەڵامی ئەو پرسیارەش نەبوو کە "ئێمە کێینو چۆن هەین؟". گرنگە ئەو راستیە بزانین کەئەو وەڵامەی سەرەوە بێبەری نەبوو لەبەرژەوەندی بەڵکو لەسەریەوە هێزی "سیاسی"و ئایدۆلۆژی دروست بوو، هێندەی تەماوی بوونی ئەو وەڵامە ئایدۆلۆژیای ئەو هێزەش تەماوی بوو کە کوردایەتیە، بەدوور لە ئەرگیومێنتو بەدوور لەبیرکردنەوە، بەڵام کارەسات ئەوەیە رۆژگارێکە تەنیا گەمەیەکە لەشارداو خەڵکی بۆ لەپێناودا بەقوربانی دەدرێ. دووبارە بپرسین "ئێمە کێینو چۆن هەین؟" هەرهەمان هێز وەڵامی دایەوەو گوتی "ئێمە زەردەشتین". گوتیان کارەساتی کورد لەهاتنی ئاینێکی دیکە دایە کە مەبەستیان "ئیسلامی داگیر کەرە" بۆ سەر

ئاین‌و دنیا بینی زەردەشتی کە ئێمە لـە پـەیڕەوەکانی بووین. ئـەم وەڵامـەش جگـە لـەوەی کـە کـارێکی نـەکرد ئێمـە سـەر لەموعەمای کورد بوون دەر بکەین بەڵکو کێشەیەکی دیکەشی خوڵقاند ئەویش چۆن مامەڵـە بکـەین لەگـەڵ هـەزارو چوارسـەد ساڵەی میرات‌و فیکرو ئەخلاقی ئیسلامی؟ ئەی موسڵمان بوونی کورد لەو ماوەیـەدا چـی لێبکـەین، تـۆ بڵێـی جڤـاتێك هێنـدە ساویلەکەو خۆش باوەڕ بێت‌و وەك هەویر وابێت چیت بوێ لێی دروست بکـەیت وەکـو ئـەو سـەر لێشـێواوەی ئـەمڕۆ لـەکوردا خەریکی نووسینی "ثرثرة"یەو بانگەشە بۆ ئەوەدەکات کە ئەو مێژووە دەبێت بسڕدرێتەوە[11]. ئایا شوناس بـەئارەزوی ئـەم یا ئەو رۆشنبیر دروست دەکرێ‌و دەگۆردرێ‌و هەڵدەوەشێتەوەو دروست دەکرێتـەوە؟ ئایـا جڤـات‌و شوناسـی جڤـات شـوێنی سێرکی شەکەڕۆکەکانە "مهرج"؟ ئەم وەڵامەش وەکو وەڵامـەکانی دی لەبـەر ئـەنجامی خوێندنـەوەی رۆحـی کـوردی‌و ئاینـە کوردییەکان وەکو (یەزیدی‌و کاکەیی‌و ئەهلی حەقە)و تێکستەکان‌و رووداوەکان نەبوو، بۆ رزگار کردنی ئێمەنیـە لـەو قەیرانـە روحییەی کە پێیدا تێدەپەڕین، ئەو قەیرانەی کە کورد لەگەڵیدا دەست‌و پەنجە نەرم دەکا کەقەیرانی شوناسـیکوردە بـەڵکو ئارەزویەکی رۆشنبیرانە بوو وەهەیە خەیاڵێکە بۆ دەرباز بوون لەپرسیارە سەختەکانی ئێستاو باری گرانـی هەنوکـەی کـورد. وەك ئەوە وایە بڵێیت "کورد زەردەشتیەو تەواو" بێبەڵگە، بێ مەبەست، بێ بیرکردنەوە لەپرۆژەیەکی نەتەوەیی، بێ زانینـی ئاینی زەردەشتی کەیەکێکە لەئاینە گرنگـەکان. ئـەو کەسـانەی کـە تائـەمڕۆ بانگەشـە بـۆ زەردەشـتی بوونـی کـورد دەکـەن ئاوێستایان نەخوێندۆتەوە زۆر نائاشنان بەفیکرو فەلسەفەی پارسی یا ئێرانی. ئەم کەسانە دوای خوێندنەوەی سەهرەوەردی بەو قەناعەتەیان نەگەیشتن کە کورد زەردەشتیە، دوای خوێندنەوەی فەلسەفەی ئیشراق بەو قەناعەتە نەگەیشتن، گەر ئیـبن سیناو سەهرەوەردیان خوێندبایەتەوە بێگومان سەنەدێکیان لادروست دەبوو بۆ قسەکانیان، چونکی سـەهرەوەردی، شـێخی ئیشراق، زیندو کەرەوەی کۆمەڵێ توخمی فیکـرو فەلسـەفی ئـاینی زەردەشـتییەو بەرەگـەزیش کـوردە. بـەڵام چونکـی ئـەم کەسانە سکۆڵەر (باحث) نین‌و گەڕان بەدوای حەقیقەتدا مۆتۆڕێك نیـە لـەودیو قسـەکانیانەوە بـەڵکو سۆفسـتائین‌و سـەرقاڵی سەفسەتەن، بوغز لەئیسلام مۆتۆڕەکەیە هەر بۆیەشە نازانن باس لەچی دەکەن. ئەمە جگەلەوەی کە زەردەشت بوونی کورد وەڵامی ئەو پرسیارە ئەبەدییە نیە کە "ئێمەی کورد کێین؟" ئینجا مامەڵە کردنێکـی هەنوکـەیش نیـە لەگـەڵ ئـەمڕۆی مـاڵ‌و ویژدانی کاول‌و بیماری کوردا. سـادەترین وەڵامـی پرسـیاری "ئێمـە کێـین"؟ ئـەم وەڵامەیـە کـەدەڵێت "ئێمـە موسـڵمانین". سادەیی ئەم وەڵامە لەسادەیی کردنەوەی ئیسلام‌و خودی پرسیارەکەدایە، وەك ئەوەی کە ئیسلام بۆیە هـاتبێت کـە هـەموو جیاوازییەکان بکوژێت یان توانیبێتی جیاوازیە ئیتنکیەکان بکوژێ. ئیسلام وەك شێوازێکی ژیان‌و وەك میتافیزیقایـەك لەسـەر پەیامێکی گەردوونیەوە دروسـت بـووە، کۆکردنـەوەی جڤاتـە جیاوازەکانـە لەسـەر خوانـی میتافیزیقایـەك بـەڵام هـەر جڤاتـە (کۆمەڵەیە) بەتەعبیری خۆی‌و بەشێوازی خۆی لەسەر ئەو خوانە کۆبۆتەوە بێ ئەوەی ئەمە سازش بێـت لەلەسـەر حیسـابی وەحدانیەت، خودایەتی، هەر ئەمەشە جەوهـەری "هـەڵکردنی ئیسـلامی". گوتنـی ئـەوەی کـە ئێمـە "موسـڵمانین" بـێ وورد بوونەوەو بێ خوێندنەوەی رۆحی کوردی‌و دیتنی جیاوازیەکانی کورد راکردنە لەپرسیاری "ئێمـە کێـین". لـەیادمان بێـت کـە ئێمە لێرەدا سەرقاڵی بە "ناسیۆنالیزمکردنی" مێژوو و ئایین نین، دەزانـین کـە شـتێك لـە مێـژوودا هـەبووە بـەناوی "ئومـەی ئیسلامی"و ئیسلام خۆی شوناسێك بووە، فارسی بوون‌و تورك بوون‌و کورد بوون‌و مالیزی بوون شـوناس نـەبوون لەبەرانبـەر ئیسلامدا قوت بکرێنەوە وەکو ئەوەی ئەمڕۆ دەی بینـین، مـەولانا جـەلالالدین نـە ئـەفغانی بـوو، نـە ئـێرانی، نـەتورك، بـەڵکو موسڵمان بوو، بەڵام هەموو میراتی ئەفغانی بوون، ئێرانی بوون‌و میراتی تورکیا لەمەولانادا، لەشوناسی موسڵمان بوونـی ئـەو زاتەدا زیندوون. ئیبن عەرەبی ئەندەلوسیە، ئەورووپیە، موسڵمانە، عەرەبە، مەحویش کوردە، موسلمانە، هەرئەوەشە ئـاڵۆزی شـوناس‌و فـرە مەرجەعیـەتی شـوناس. کێشـەی ئـەو وەڵامانـەی سـەروە لـەپاڵ کۆمـەڵێك وەڵامـی تـردا لـەم خاڵانـەی خوارەوەدایە:—

**یەکەم**:ـ وەڵامی سادەنو بەرئەنجامی خوێندنەوەی رۆحی کوردی نین، بەرئەنجامی گەشتێك نین بەجوگرافیای رۆحی کوردیدا کە خۆی لە چەند تێکستێكو کۆمەڵێ ئەزموونی جڤاتی کوردیداو کۆمەڵێك جەنگو ئەدەبیاتو مۆسیقای کوردیدا خۆی بەیان دەکات. ئەو وەڵامانە دوای خوێندنەوەی شەرەفنامەو مەموزینی خانیو تحفیەی مظفریەو مۆسیقای عەلی مەردانو سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی نین، بەڵکو کەفو کوڵو "اسقاطات"ێکن بەدوور لەبیرکردنەوەو ئینجا راکردنیش لەخودی پرسیاری ئەوەی کە (ئێمە کێین).

**دووهەم**:ـ ویرای ئەو وەڵامانەی سەرەوەش ئێمە هەرنازانین کە ئێمەی کورد کێین؟ شوناسی ئێمە لەهەمووکات زیاتر ئالۆزترەو ئەوەش دەرگای خستۆتە سەرپشت بۆ کۆمەڵێك هەولی بەدوور لەمەعریفەو فیکر کە هێرش بکەنە ناو دنیاو رۆحی ئێمەوەو ئەو شتانەمان بەسەردا بسەپێنن کە بەماڵی ئێمە بێگانەن. رۆحی ئێمە لە ژێر هێرشێکی ژەهراویدایە کەکۆمەڵێك کەسی مینمایە (Mediocre) پێی هەڵدەستن کە خۆیان زادەی سەردەمێکن کەباس لەدارزانو سەرەو لێژبوونەوەی فیکرو رۆح دەکات کە سەردەمی مۆدێرنە. لەیادمان بێت ئەو سەرەولێژ بوونەوەیە سەرتاپا رۆحی کوردیشی گرتۆتەوە، بەتایبەتی زۆر گرنگە لەبیرمان بێت کە دوژمنەکانی کورد لەمێژە کار لەسەر ئەوە دەکەن کە کاراکتەرو رۆحی کوردی بشێوێننو توشی سەرەدەر گومیو گوم بونو داڕزانی بکەن تاروحی کوردی ئالودە بێت بە بەدگومانی، تا ویژدانی کوردی دوچاری بیماریو شپرزەیی بێت کە بەداخەوە ئێستا ئێمە شاهیدی ئەو حاڵەتە ینو رۆحی کوردی لەژێر ئەو بارە سەختەدا ژیان دەباتە سەر. ئێستا لەهەموو کات زیاتر لەمێژووی کورد ـ بوون ـ ماندا نادڵنیاترین لەشوناسمان، ماڵی ئێمە لەهەموو کات زیاتر تاریکترە، رۆحی ئێمە بۆتە مۆڵگەی گەرای نەخۆشی عەجیبو غەریب، ڤایرۆسەکان لە رۆحی ئێمەدا پیاسە دەکەنو ئێمە دژە ڤایرۆسێك شك نابەین، پرۆگرامێك (واتە پرۆژەیەك) شك نابەین کە ڤایرۆسەکانمان بۆ دیاری بکاو فرێیان بداتە دەرەوە، ڤایرۆسی ڕق بوونەوە لە خۆ، خۆبەکەم زانینن، دوژمن نەناس، بێ غروری، لەدەست دانی جوامێری و مروەت مرۆڤ دۆستی کوردانە، لەدەست دانی سەر بەخۆییو کاڵ بوونەوەی عەشقی ئازادیو ڤایرۆسی بوون بە وەك هەموو کەسێکی دی (The sameness)، مەرگی جیاوازیەکان، ڤایرۆسی لەدەست دانی پیاوەتی، ئاخر ئەمڕۆ شەرمە بیر لە شەرەفو کەرامەتی بوون بەپیاو بکەیتەوە، لەکاتێکدا تحفیە مظرفریە کە تۆمارێکی رۆحی کوردیە باسی سەرجەم نەك عەشق بەڵکو باس لەپیاوەتی دەکات، ئەمڕۆ ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین کە ئێمە بەسەردەمی (مەرگی پیاو) ناوی دەبەین، مەرگی پیاوێك کە سومبولی هەموو مروەتو نەجابەتو جوامێریو شەهامەت بوو، تحفیەی مطفریە باس لەوە دەکا کە گەر پیاوەتی نەبێت ئاخر چۆن کەسێك بۆ مەعشوقەکەی خۆی قوربانی دەکا، پیاوەتی واتە بوونی توانای عاشق بوون، خۆ بەخت کردنو خاوەنی بوونی پرنسیپ، ئەمڕۆ ئەم مەخلوقە روحانیە لە ژێر پرسیاری ڤایرۆسێکدایە کەپێی دەڵێن (فیمینیزم). لەدەست دانی رۆحی جەنگاوەرانەی کورد، عاشق بوونی یەکسانیەك کە بەمەرگی هەموو جیاوازیەکانو ئینجا مەرگی ئینسان تەواو دەبێت.

**سێیەم**:ـ ئەو وەڵامانە راکردنن لەئیسلامو نەتوانینی مامەڵە کردنن لەگەڵ میراتێکی دەوڵەمەندی فیکرو دنیابینی گەردوونی کە ناوی. ترادسیۆنی ئیسلامیە. هەمووو ئەو کەسانەی کە باس لە (ماد) بوونی کورد ، (زەردەشتی بوونی کورد)، (ئاریایی بوونی کورد) دەکەن لەو جۆرە بونانەدا پەناگایەك دە دۆزنەوە کە رزگاریان بکا لەموسڵمان بوونی کورد چونکی لەموسڵمان بوونی کوردا ئەسڵی بەڵاکە دەبینینەوە، ئەوانەش کە (لەموسڵمانی بوونی کوردا) پەنا گا دەبیننەوە رادەکەن لە ئالۆزی شوناسی کوردو هەموو مەرجەعیەتەکانی ئەو شوناسە وەك ئەوەی کە (گوتمان کورد موسڵمانە) ئیدی کێشەکانمان چارەسەر کردبێت. هیچی ئەو هەوڵانە لە ئەنجامی خوێندنەوەو گەڕانێکی قەلەق ئامێزو پڕ لەئازارەوە نەهاتوون بەڵکو جۆرە وەڵامێکیسادەن وەك رێگر لە بەردەم هەر گەڕانو گەشتێکی رۆحیدا بۆ دۆزینەوەی شوناسی کوردیو لێ تێگەیشتن لە هەنووکەی پڕ لە ئیشکالیەتدا.

**چوارەم**:ـ سەرجەم ئەو وەڵامانە پێکەوە دەشێت راست بن، واتە کورد هەم ئاریایی بێت، هەم ماد، هەم زەردەشتی، هەم موسڵمان، واتە گەر پێکەوە گرێیان بدەین شوناسێکی ئاڵۆزو دەوڵەمەندمان دەدەنە دەست کە پێویستی بە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەو تێڕامان هەبێت. بەواتایەکی دی ئێمە لێرەدا لەفرە مەرجەعیەتی شوناسی کوردی قسە دەکەین بەڵام بێ ئەوەی بەتوخمێك شەڕ لەگەڵ توخمێکی دیکەدا بکەین. بوونی مەرجەعیەتی زۆر مایەی دەوڵەمەندی شوناسە بەڵام بەومەرجەی وەك فاکتێك (راستییەك) سەیر نەکرێ بەڵکو کاری لەسەرەوە بکردرێو ببێتە مایەی بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوەو قسەکردن. لەو کاتەدا کە دەڵێین (کورد موسڵمانە) دەبێت هەموو میراتی فکری شارستانێتی ئیسلامی بە کوردی بکەین، کە کارێکی سەخت نیە بەو مەرجەی بیرپارو لێکۆڵەرەوەی گەورەت هەبێت، ئاخر بەکوردی کردنی ئیبن عەرەبیو مەولانا جگەلەوەی کە شوناسی کورد ـ بوون دەوڵەمەند دەکات هیچ بەر ئەنجامێکی دیکەی نابێت، ئەمە لەکاتێکدا لەیادمان بێت تا هەشتاسالێ بەر لەئێستا لە حوجرەکاندا گلستانو بوستانی سەعدی دەخوێندران نەك وەك دوتێکستی بێگانە بە رۆحی کورد بەڵکو وەك بەشێکی زیندو لەدنیابینی کوردی. پەیوەست کردنی ئیبن عەرەبیو حەلاجو سەهرە وەردی بە مەحوییەوە مایەی دەوڵەمەند کردنی دنیابینی کوردییە نەك هەژاری، دابڕاندنی کوردیش لەو میراتە فیکریو فەلسەفیو عیرفانییەجگە لەبێ چەك کردنی کورد هیچی دیکەی لێ بەرهەم نایەتو یاریەکە کە هێزێك دەیەوێت بیکات بەڵام بە ئاگر، بەچارەنوسی جڤاتی کوردی خۆی بێ ئاگاداری کورد خۆی لەم یارییە کە هیچ نیە جگە لە (خۆکوشتن)، خۆکوشتنی کورد بەدەستی خۆ بەڵام لەلایەن هێزێکەوە کە بێ باکەو بێ پەرواو تاسەر ئێسقان غەرق بووی (هیچ).

**پێنجەم**: ئەو وەڵامانەی کە قسەمان لەسەرکردن راکردن بوون لەپرسیاری (چۆن هەین). زانینی ئەوەی کە ئێمە کێین خود بە خود زانینێك نیە، کلیلێك نیە بۆ کردنەوەی سندوقی پڕ لەنهێنیەکانی (ئێمە چۆن هەین). گریمان ئێمە زانیمان کە کێین بەڵام گەر مامەڵە نەکەین لەگەڵ ئەوەی ئێمە بۆ (ئاوها دەژین؟) ، (هۆی چیە ئێمە کویلەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستین)، هۆی چیە هیچ بەرهەم ناهێنن؟، هیچ داهێنانێکمان نیە، هۆی چیە ئێمە ماڵمان دابەش کراوەو جورئەت ناکەین بیر لەماڵی خۆو لەسەر بەستیو ئازاد بوون بکەینەوە، هۆی چیە رابەرێکی حەکیممان نیە؟، ماڵی ئێمە پڕیەتی لە جاسوسو جاشو بەکرێگیراو، پڕ لە ویژدانی نەخۆشو دارزاو؟ بە مانایەکی دی ئەوەی کەئێمە چۆن دەژینو جۆری بونی ئێمە لەدنیادا ئەو وەڵامانەی سەرەوە ناتوانن لەتەکیدا مامەڵەبکەن، ناتوانن پێمان بڵێن ئێمە بۆ ناتوانین بیر بکەینەوە، بۆ ناتوانین خاوەنی بیری رەسەنی خۆمان بین؟ بۆبوینەتە مۆڵگەی ڤایرۆسی ئایدۆلۆژییەکانی وەکو مارکیزمو سۆشیالیزمو کۆمۆنیزمو فیمینزمو پۆست مۆدێرنیزمو.. هتد؟ بۆ ئێمە جگە لەلاسایی کەرەوەیەکی لەشەکرۆکە چوو زیاتر هیچی دیکە نین؟ بۆ ناتوانین بیر بکەینەوەو زەوقو جوانناسیو ئەخلاقی خۆمان هەبێت؟ هۆی چیە کە بێزمان لە هەمووشتێکی خۆماڵی دەبێتەوە؟ هۆی چیە لەمێژە توانای (پێزانین بەرانبەر بەهەر شتێکی کوردی)مان لەدەست داوە؟ هۆی چیە داهێنەرەکانی کورد لەبەردەم داهێنەرەکانی جیهاندا دەخوێنینەوەو بەلاسایی کەرەوەیان دەزانین نەك داهێنەرێك کە رۆحی کوردی مۆتۆڕەکەیە لەپشت ئەو داهێنانەوە؟ هۆی چیە لەبەراوردکردنی تێکستی کوردیدا، تۆ بڵێ رۆمانێك یا چیرۆکێکی درێژ، یەکسەر پەنا بۆ کافکا یا کامۆ دەبەین لە جیاتی ئەوەی بیر لە لەتحفەی مطفریە بیکەینەوە وەك سەرچاوەیەك؟ لە هەمووی ترسناکتر ئەو وەڵامانە مامەڵە کردن نەبوونو نین لەگەڵ هەنوکەیی بوونی کوردا لەجیهاندا. لەبەدرخانیەکانەوە تا گۆڤاری رەهەند ئێمە قسە دەکەین لەسەر کورد بەڵام بێئەوەی بزانین (ئێمە کێین؟) (ئێمە بۆ لێرەین؟) (مەبەست لەبوونی جڤاتی کوردی چیە؟) (بونی کورد لەجیهاندا مانای چی؟) (پەیوەندی کورد بەبوونەوە چیە؟) ئایا کۆبوونەوەی ئێمە هەرەمەکیە یان کۆبوونەوەیەکی رۆحیە. ئەوکەسەی کە ئەم چەند دێرە دەخوێنێتەوەو چاوەڕوانی ئەوەدەبێت کە ئێمە وەڵامێکمان هەبێت، بەداخەوە دەبێت بڵێین نائومێد دەبێت چونکە ئێمە وەڵام شك نابەین، ئەو پرسیارانە رۆحی ئێمە دەکرۆژنو ئەم قسانەی ئێمەش تەنیا کولانەوەی برینەکانمانە نەك ساڕێژکردنیان ئێمە حەکیم نین بەڵکو دەروێشێکی رێگای حەقین کە پرسیار رۆحی

خوردوین، پرسیاری ئەوەی کە (ئێمە کێین؟)،(ئێمە بۆ هێندە بیمارین) پرسیاری ئەوەی (ئێمە بۆ هێندە ماڵ لێك ترازاوو سەرگەردانین؟).

ئەمڕۆ کورد بەیەکێك لەهەرە قۆناغە تاریەکەکانی مێژووی خۆیدا تێدەپەڕێ، قۆناغێك کەتیایدا واخەریکە هەموو ئەو توخمانەی کە کورد بوونیان درووست کردووە لەناو دەچن توخمەکانی وەکو جوامێریو ئازایەتیو عاشق بوونی سەربەخۆیی، ئەمە وێڕای ئەو گوتارە لوت بەرزە دوور لە مەعریفەو فیکرەی کە هەمووشت دەڵێت جگە لەراستیو دەمان خەڵەتێنێت بەوەی کە دەڵێ (کورد بارودۆخی زۆر چاکە)، ئەو گوتارەی کە نەك ڤایرۆسەکان نابینێت کە مۆڵگەیان بەستوە لەرۆحی کوردا، بەڵکو خۆی واتە کوردایەتی (بەمانای هێزی تەقلیدی کوردی لەسەرتاسەری کوردستاندا) ڤایرۆسێکە لەکوردا چێنراوە بۆ داڕزانی هەموو مەزنیەکی کورد بوون. ڤایرۆسێك کە کار لەسەر ئیمان دەکا. پەیوەندی ویژدانو ئیمان، جڤاتو ئیمان، کورد بوونو ئیمان پەیوەندییەکی ئۆرگانیە، جڤاتی کوردی بێ ئیمان ناتوانێ بوونی هەبێت، ئیمانیش لە دەرەوەی جڤاتێك، جڤاتێکی کۆبۆوە لەسەر خوان ئیمان بەڕۆح کە هیچ نیە جگە لەرۆحی جڤات، ئیمان بەرۆحانیەتی ئەو خڕبوونەوەیە لەسەر خوانی جڤات، بوون لەدەرەوەی ئەم ئیمانە بوونی نیە، یاخود دەبێتە خڕ بوونەوەی کۆمەڵێك چەتەو بازرگانو سۆفستائی لەدەوری کۆمەڵێ بەرژەوەندیو درۆو فێڵو خۆ هەڵخەڵەتاندن. جڤات خۆی کۆبونەوەیەکی میتافیزیقیە نەك کۆکردنەوەی تاکەکان لە سەرخوانی چەند بەرژەوەندیەك یا ئازادیەکی سادە، رۆحی جڤات قسە لە ئازادی تاكو جڤات دەکا، خڕبوونەوەی کۆمەڵێك رۆح لەسەر خوانی کۆمەڵێ پرەنسیپ بۆ خولقاندنی زەمینەیەك، بۆ خولقاندنی سەر زەمینێك بۆ تاقی کردنەوەی ئەگەرەکان، بۆ بەدەست هێنانی مەزنی، بۆ تێگەیشتن لە بوون. ئەم کۆبوونەوەیە کە کۆبونەوەیەکی ویژدانیە لەسەر خوانی بوون بەبێ ئیمان مەحاڵە. یەکێتی سیاسیانەو رۆحیانەی خەڵکێك، جڤاتێك، نەتەوەیەك دەبێت، بەپێویستی دەبێت، دەرگیر بوون بێت لەتەك ئامانجێکی هاوبەشداو چاو لەشتێك ببڕێت بەرزتر، مەزنتر، شکۆمەندتر لەتەنیا بوون، بۆنێکی سادە یاخود چاو بڕینێك بێت لەمانەوە. ئەو وەڵامانەی کە تائێستا ئاماژەمان پێدان بۆ تاقیکردنەوەی خۆو دنیای خۆو بارودۆخی هەنوکەی خۆ نەبوون. تاقی کردنەوەی خۆ (مەبەست خۆیە لەئەمڕۆی دنیاداو هەم مامەڵە کردنی خۆ لەگەڵ دنیادا) بریتیە لەپاککردنەوە لەرێگای تاقیکردنەوەی فیکرو ویژدانو سلوکی خۆوە لەرۆژگاری ئەمڕۆدا. (زانینی چۆن هەین؟) بەرهەمی ئەو تاقی کردنەوەیە بەرهەمی پرسیار کردنە لە ئەمڕۆی شوناسو چۆنێتی سلوكو ئەخلاقو مامەڵە کردنی ئێمە لەگەڵ دنیادا. گرنگە بزانین ئێمە (کێین؟) بەڵام (چۆن هەین؟) پرسیارە سەرەکیەکەیە چونکی دەشێ ئێمە بۆ خۆمان شوناسێکی خەیاڵی دروست بکەین، وێنا بکەین بێ ئەوەی راستەوخۆ مامەڵە بکەین لەگەڵ ئەوەی کە واقیعە، کە بارو دۆخو هەلومەرجی بوونی ئێمەیە لەبوونو جیهاندا، کە لەدواجاردا هەر ئەو هەلومەرجەشە بوونی ئێمە دیاری دەکاو پێما دەڵێ ئێمە چۆن هەین. دەشێ رابووردویەکی پاڵەوانانە دروست بکەین بەڵام کە ئەمڕۆ ئێمە کۆیلەین ئەو رابووردوە دەتوانێ دادی چی ئەمڕۆی کۆیلایەتی بدات؟ کە ئەمڕۆ ئێمە ژیانی جڤاتیانەمان ئالودەی کۆمەڵێ نەخۆشیە، رابووردویەکی مەزن بە ئێمە چی؟ ئێمە کەئەمڕۆ کۆیلەین رابووردووی سەروەرانە بەئێمە چی؟ کە ئەمڕۆ ئێمە لەلایەن چەتەو سەرکردەی بێ حیکمەتو پڕ لەفڕوفێڵو تا سەر ئێسقان غەرق بووی ئەخلاقی کۆیلە حوکم دەکرێین، بەئێمە چی هەموو پاڵەوانو جوامێرەکانی رابووردوو؟ کە ئەمڕۆ ئێمە گیرۆدەی بەڵای میانمایەیو جەهلو عەدەمیەت کە (هەمووشت رەوایە) بووین لە پاڵەوانێتی رابووردودا دەتوانین چی دروێنە بکەین؟ راستە رابووردوی پڕ جوامێری دەشێ کۆمەکمان بکا لەوەدا کە بتوانین تەجاوزی ئەمڕۆی پێ بکەین بەڵام بەو مەرجەی کەدیاری کردنی ئەو رابووردووە بەرهەمی خوێندنەوەیەکی قوڵی رۆحی کوردی بێتو چاو لەپڕۆژەیەکی رێنیسانس ئاسا ببڕێ بەرەو داهاتوو، پڕۆژەیەك لەسەر ئیمانەوە دروست بوبێت. بەڵام لەغیابی ویژدانێکی تەندروستدا پڕۆژە بوونی نیە. بەڵام بۆ ویژدانی کوردی بیمارە؟ وەڵامی ئەوپرسیارە وا لەتێگەیشتن لەواقیعی داگیرکردنی ماڵی کوردیدا کە دواجار هەوڵدەدەین باسی بکەین. ئەوەی زۆرگرنگە کە ئەمڕۆ ببێتە مایەی گفتوگۆ

کردنە سیاسیو فیکریەکانمان، ئەو کلتورەیە کە تەعبیر لە شوناسی کوردی دەکا کە کلتورێکە سـەر شۆڕیو ڕەزیـل بـوونو چۆك دادان پەخش دەکاتەوە کە لەنێو دالآنەکانی رۆحو کلتوری هاوچەرخی ئێمەدا دەدرەوشێنەوەو باس لە رۆحێکی مەست بوو بە ستەمکاری دەکەن، عاشق بووی کۆیلەیی عاشق بووی هـەموو شـتێکی بێگانـەو لاسایی کـەرەوەو بیرنەکـەرەوەو بـێز هاتوەوە لەخۆو خۆ بەکەم زانین. لەتێڕوانینی ئەو وەلآمانەی کە دیمان سەبارەت بەپرسیاری (ئێمە کێـین) خـاڵێك کەدەشـێ لەبەر چاوی بگرین بریتیـیە لەدواکەوتنی هۆشیاری. دواکەوتنی هۆشیاری سەهۆلَ بەندانی فیکـرە،بەگشـتی کردنـی جەهلـەو رازی بوونە بە ستەمکاریو کۆیلەیەتیو هاونیشتمانی بوونی دووهەمو سێهەم وەك ئەوەی کە ئەمرۆ کورد هـەموو شـتە جگـە لەهاونیشتمانیەکی ئازادو سەربەخۆ، دابەش بوونی ئینسانی کوردە، مەرگی زەمەنو پرۆژەی کوردییە. هەروەها "دواکەوتنی رەوتی کوردانە" خاسیەتێکە کە کوردی پێدەناسرێتەوە لە ئەمرۆدا، ئەو "دواکەوتنـە رووتـە" خـۆی لـەگوم بوونـی ئـیرادەی سیاسی کوردیدا دەبینێتەوە،غیابی ئیرادەیەك کە بیەوێت راستەوخۆ مامەڵە لەگەلَ واقیعی کۆیلانـەی کـوردا بکـاو مەبەسـتی بێت بیگۆڕێو دواجاریش پرسیار بکـا کـە "ئێمـە کێـینو چـۆن هـەین؟"دوا کـەوتوویی کلتـورو نـەبونی ئیرادەیـەکی سیاسـی رێگرێکە لەبەردەم ئینطلاق کردنێك بەرەو زاتو پەیداکردنی هوشیارییەك لەمـەڕ خـودی خـۆوە، لەمـەڕ تێگەیشـتنی کلتـوری ستەمکارییەوە لەویژدانی جڤاتو تاکەکانداو تێگەیشتن لەکلتورێك کە زیلەت، کۆیلەییو بێزهاتنەوە لەسەر بـەخۆییو ئـازادی بەرهەم دەهێنێ، لەویژدانی تاکـەکاندا، ئـەو کلتـوری زیلەتـە کـارێك دەکـات کەکۆیلایـەتی کوردانـە قـابیلی قبـولَ بێـت، ئـەو کۆیلایەتیە رۆژانە لـەرۆحی کوردیـدا پێدابکوتـێو پرسـیارێکیش خـۆی قـوت نەکاتـەوە لەمـەڕ ئـەم کۆیلایـەتیو ئـەم مـیراتی کۆیلایەتیەوەو مەرگی ئەو جوامێرییەوە کە رۆژێك تەعبیر کردن بوو نەك لە کورد بوون. ئەمرۆ هەموو کەس دەرگیرە لەگەلَ ئەم کلتوری زەلیل کردنەدا، هەموو یەکتر زەلیل دەکەین، هەرهەمووش خۆمـان بـەزەلیل دەزانـین لەبەرامبـەر ئـەوی دیکـەدا "الاخر" لێرەوە زاتێك خۆی زەلیل بکـاو زەلیلـی نیشـان بـدات چۆن دەتوانـێ داوای رێـز بکـا لەئـەوانی دیکـەو ئینجـا چـۆن چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ کە پرۆژەیەکی هەبێتو لەبوونی خۆی ـ لە ـ دنیـادا تێبگـا؟ لـێرەوە رزگـاری لـەزەلیلیو مـیراتی زەلیل بوون دەرگایەکە بەرەو رێنیسانس. ئێمە ناتوانین شاری کوردی دروست بکەین، شاری کوردی بـەر مـەبنای فەزیلـەت، گـەر بێـتو ئـەخلاقی مـروەت، جوامـێری کوردانـە، ئازایـەتیو راسـتگۆیی کـە بـەهای رەسـەنی کوردانـەن نەکەینـە بەشـێك لەپرسیاری شوناسی کوردیو بوونی ئێمە لەجیهاندا. ئێمە ناتوانین نە لەشوناسی کـوردی بگـەینو نەمامەڵـە لەگـەلَ ئـەمرۆی دارزانی کوردا بکەینو نە دەتوانین پرۆژەیەکمان هەبێت بۆ داهاتوو گەر مامەڵە نەکەین لەگەلَ کلتوری چۆکدا دانـدا کـە وەك میوانێکی ناوەختو بێزەوەر هاتۆتە ناو رۆحی کوردیەوە لەرێگای ئیستعمارو هێزە داگیرکەرە ناوچەییەکانەوە، نا بەڵکو ئەم کلتورە بەرئەنجامی هێزێکی ناو خودی رۆحی کوردییە کە عاشقی کۆیلەییەیە، چۆن؟ بەلآم مەبەست چیـە لـە کـورد ـ بـوون ـ لەجیهاندا؟

بوون چالاکی بوونە ـ لە ـ جیهاندا[١٢] بەلآم بوونی جڤات، بوونی ئینسان لە جیهاندا جیاوازە لە بوونی شتومەك یا بابـەت (Object). شتومەکەکان، بابەتەکان تەنیا لەوێ هەن، روودەدەن کە لەوێ بن، رێك دەکەوێ کە هەبن لە جیهاندا بەلآم جڤات یائینسان بونێکی ئۆنتۆلۆژی لە جیهاندا هەن. یەکێك لەو مانایانەی ئەم بونـە ئۆنتۆلۆژیـە لـە خۆدەگرێـت وەك هایدگـەر لـە کتێبی (بوونو زەمان)دا پێی گوتین خستنەرووی پرسیاری بوونە، نیشاندانی غەم یا بەتەنگەوە هاتنی بوونە. بوونی بابەت ـ لە ـ جیهاندا بوونێکە شوێنی (مەکانی)، هەروەها مانای لەخۆگرتن دەگەیەنێت، بوونی شتێك لە شـتێکی تـردا، لـە خۆگرتنـی شتێك بۆ شتێکی دی وەك ئەوەی دەڵێین (وێنە کـە لەئەلبومەکەدایـە)، وێنـە کەلـە رووی شـوێنییەوە (مەکانیـەوە) لەوێیـە، بەلآم کە دەڵێین بوونی کورد یاکورد ـ بوون ـ لە ـ جیهاندا ئەم مانا شوێنییە مەبەستەکە نیە. یەکێکی دی لەماناکانی بوون ـ لە، مانای دەرگیر بوونە وەك بوونی جڤـاتێك لـە حاڵـەتێکدا، دەرگـیر بـوون لـە تەنگـە تاویـەکدا، کـە بوونـی جڤـاتێك ـ لـە ـ جیهاندا، جڤاتێك زیاتر لەم مانایەوە نزیکە واتە دەرگیر بوون، سەرقلَ بوونی بوون لەجیهاندا. گەر هەنگاوێك لەمەزیاتر بنێـین

دەبێت بڵێین بوونی ـ جڤاتێك ـ لە ـ جیهاندا مانایەکی ئەنتۆلۆژی لە خۆدەگرێت کە ئاماژەدە کردنە بەنیشتە جێ بوون (To dwell)، بوونی جڤاتێك ـ لە ـ جیهاندا بونێکی شوێنی نیە وەك شتو مەك بەڵکو بونێکی ئۆنتۆلۆژیـیە بەمانای نیشتەجێ بوون، دانیشتن لەجیهاندا، جێ گیر بوونو دەرگیر بوون لەگەڵ جیهانی شتەکاندا، هەر ئەم دەرگیر بوونو نیشتە جێ بوونەشە کە وادەکات جڤات لەبونیدا ـ لە ـ جیهاندا ئاگاداربێت کە بوونی ئەو لە ـ جیهاندا ـ بوونی ئەو نیە وەکو بابەتێك لەشوێنێکدا، بڵێ جوگرافیایەکدا، جیهانێتی لێرەدا جوگرافیانییە، شوێن نییە هێندەی دەرگیر بوونەکانو پەیوەندیەکانە بەمانا ئۆنتۆلۆژیەکەی پەیوەندی جڤات بەجیهانەوە. بابەتەکان ناتوانن لەپەیوەندیدابن لەتەك یەکتری بەڵام ئینسانەکانو جڤاتەکان دەست لەشتەکان دەدەنو دەستیان لێدەدرێو لەپەیوەندیو دەرگیریدان لەتەك یەکتری. لەرێگای بوون ـ لە ـ جیهاندا ئینسان یا جڤات لەوەتێدەگات کە چارەنوسی بەستراوەتەوە بەبوونی هەموو ئەو بونەوەرانەی دیکە کەئەم لەتەکیاندا دەرگیرەلەجیهاندا نەك بەتەنیا جڤاتەکانی دی بەڵکو هەموو مەخلوقات. بوونی جڤات شان بەشانی ئەوانی دیکە هیچ نییە جگەلە ـ بوون ـ لەجیهاندا، ئەم بوونەش واتەنیشتەجێ بوون. کاتێك نیشتەجێ دەبین لەشوێندا لێرەدا مەبەست لەجیهانە، ئیدی ئەوشوێنە بابەتێك نیە بەڵکوبەشێکە لەئێمە واتەبوون ـ لە ـ جیهانداو کردنی جیهانە بەبەشێك لەخۆ.(بوون ـ لە ـ)واتەنیشتەجێ بوون، بوونەخاوەنی ماڵو نیشبەجێ بوون dwelling رێگایەکی ئۆنتۆلۆژیانەیە بۆ بوونی ئێمە ـ لە ـ جیهانداو کردنی جیهانە بەماڵی خۆ. ئەم نیشتەجێ بوونەش لەدەرەوەی پەیوەندی خود ـ بابەت دایە، کورتکردنەوەی بوونی ئینسان یاجڤات بۆئەم پەیوەندیە ئیشکالیەتێکی چەند قوتابخانەی فەلسەفی‌یەو چەند فەیلەسوفێك (لەوانە دیکارت وکانت). نیشتەجێ بوون زنجیرەیەکی بێ برانەوەیە لەمەبەستو ئەرکو کرداری پراکتیکی وپێکەوە ژیان لەگەڵ ئەوانی دیکەوپرسیارکردن لەخودی بوونو دەرگیر بوون هەرهەموو پەیوەندیان هەیە پێکەوەو ئەم مانای نیشتەجێ بوونە دەگەیەنن، "بوون ـ لە ـ" واتە نیشتەجێ بوون ـ لە ـجیهاندا. مانایەکی دیکەی بوون ـ لە ـ جیهاندا کرانەوەییە، کرانەوەیی بەسەر جیهاندا. کرانەوەیی شێوەیەکە یاشێوازێکە، رێگایەکی بوونە بۆ بوون ـ لە ـ جیهاندائەم بوونەش وەك گوتمان مانای نیشتەجێ بوونو دەرگیری بوون دەگەیەنێت. بوون ـ لە ـ جیهاندا ئەزمونێکە لەکرانەوەیی بەرەوجیهان، کرانەوە بەسەر جیهانداو پەیوەندی وشتەکانی ناو جیهان. بەڵام مەستمان چی یەلە"جیهان"بەچەند مانایەك"جیهان"بەکاردەهێنرێت؟ لەوانەبەمانای "گەردوونی"جیهان واتەکۆی بابەتەکان، یاخود بەمانای "جیهانی فیزیکی"واتە هەموو ئەو سیفەتە هاوبەشانەی کەبابەتەکان لەناو یەکتردا هەیانە. یاخود"جیهان"دەشێ وەك کۆی کایەیەك بەکاربهێنرێت وەکو ئەوەی دەڵێن"جیهانی سینەما"یا"جیهانی ئەدەب"...هتد. بەڵام مانای ئۆنتۆلۆژی (جیهان وەك هایدگەر پێیگوتین بریتییە لەجیهانێتی جیهان (the worldness of the world)[١٣] جیهان بەمانا ئۆنتۆلۆژیەکەی بۆ جڤات واتە دەرگیربوون ـ غەمغواردن (بەمانای بوونی concern نەك غەم وخەفەت)، جیهان واتەشوێنێك، ماڵێك بۆ نیشتەجێ بوون، ماڵێك بۆ بەیانکردنی بێزاری، بەیان کردن وەك بوون ـ لەجیهاندا، بەتەنگەوەهاتن کەخۆی بەتەنگەوەهاتن وەك ئەوەی هایدگەر بەدوورو درێژی لێی دەدوێ رێگایەکی ئۆنتۆلۆژی ئینسانەلەبوونیدا ـ لە ـ جیهاندا، هەروەها جیهان وەك ماڵێك بۆ دەرخستن. بوونی جڤاتێك ـ لە ـ جیهاندا واتە هەبوونی ماڵ، کردنی جیهان بەماڵ، بەماڵێك بۆ بەیانکردنو دەرخستنو بەتەنگەوە هاتنی بوون. بوون لەجیهاندا بوونە لەگەڵ، ئینجا بوونە لەپێناو بوونی مەبەستێك، ئامانجو بەتەنگەوەهاتنو غەمو..هتد، نەك مەبەست بەمانای خودێتی (subjectivity). بوون ـ لە ـ جیهاندا هەرگیز ئەم مانایە لەخۆ ناگرێ، یاخود بەلانی کەمەوە لەدیدی ئێمەوە ئەم مانایە لەخۆناگرێ ئەویش مانای هاوکێشەی "منو جیهان"وەك ئەوەی کەمن لێرەبمو جیهانیش لەوێ، یاخود من جیهانی خۆم هەبێتو جیهانیش خۆی لەوێ بێت بەجیهانێتی خۆیەوە، ئەمەشێواندنی مانا ئۆنتۆلۆژیە کەی بوونە ـ لە ـ جیهاندا. بوون ـ لە ـ جیهاندا خود بەخود واتەبوون لەگەڵ ئەوانی دیکە، بوون خودبەخودواتە کرانەوە بۆ ئەوانی دیکە، کرانەوەش بەمانای ئەوەنا کەنهێنیەك کەشف بکەیت بەڵکو بونیادی بوون ـ لەگەڵ ئەوانی دیکە خۆی کرانەوەیە بۆبوونو بوو

نیش لە یەکێك لەمانا جەوهەرییەکانی بریتییە لەبوون ـ لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، بە بەشداری کردن لەجیهاندا. ئەم بوونەش لەگەڵ ئەوانی دیکەدا سك پڕە بەکۆمەڵێ ئەگەر، هەر لەئەگەری ڕەسەنایەتیەوە، بوونی جڤاتێکی دەرگیر بوو لەگەڵ بووندا، دەرگیربونێکی ڕەسەنانەو بوونی بەزەمینەیەك بۆ خولقاندنی یا مسۆگەرکردنی مەزنیو بوونی بەزەمینەیەك بۆ تاقیکردنەوەی بەهرەو توانای تاکەکانو سەر بەخۆییان، تاکو ئەگەری نارەسەن بوون بۆ نموونە وەك بەیەك کردنو بەیەك شێوەکردن کە ئەمڕۆ بەخاسیەتێکی هەرە ئاشکرای دنیای مۆدرێنە. مۆدێرنتی لەجەوهەریدا کە پرۆسەیەکی عەدەمییە ئالەم بەوە یەککردنو یەك بەرگی کردنو یەك شێوەکردنەدا کە کیرکگارد ناوی دەبابە"Levelling" خۆی بەیاندەکاو بەمەرگی جیاوازیەکانو هەرەمی کۆمەڵایەتیو تواناکانو بەهرەکان کۆتای دێتو هەرئەمەشە ناڕەسەنایەتی ئەم پرۆژەیە. بوونی رەسەن واتە بوون لەماڵی خۆدا، نیشتەجێ بوون لەماڵدا، بەتەنگەوەهاتنی ماڵی خۆ واتە بوون ـ لە ـ جیهاندا. بوونی ڕەگوریشە یارەگو ریشە داکوتان لەماڵی خۆدا کە ماڵی خۆهیچ نییەجگە لەجیهان. لەماڵی خۆدا بوون واتەنیشتەجێ بوون هاوڕێ لەگەڵ ئەو شتانەی کەپێیان ئاشناین، لەماڵی حۆدابوون لەپاڵ شتەکاندا واتە بەتەنگەوەهاتنی جیهانو جیهانیش هەرگیز ناشێ بەمانای بوونی شتە بەردەستەکان سەیر بکەین، ناشێ کۆی شتەکان بن بەڵکو ئەو شتەیە کەڕێگا دەدات شتەکان ببن، جیهان واتە بەتەنگەوە هاتنی خودی بوون لێرەوە ئینسان ئەو بونەوەرەیە کە پرسیاری بوون دەخاتە ڕوو. جڤات هەم کرانەوەیە بۆ بوونو هەم ئەو زەمینەیەیە بۆبوونی ئێمە.

ڕەسەنایەتی ئەوە دەخوازێ کە بەجۆرێکی نوی خۆپەیوەست بکەینەوە بەفەزایەکی گشتیەوەکەهەرهەموو هاوبەشین تێیدا کەجڤاتە. ڕەسەنایەتی واتە لەگەڵ ئەوەی دیکە ژیانو بەتەنگەوەهاتن، غەمخواردنو هەبوونی توانای غەمخواردن لەمەڕ بوونەوەو بوونی توانای پرسیارکردن لەبوون. کاتێك بێ باکیو نەنواندنی چالاکی یا سستی لەژیانی هەر جڤاتێکدا زاڵ دەبن ئەو جڤاتە ڕۆژ بەڕۆژ ڕۆدەچێ بەرەو بێ بناغەییو بناغەی ماڵی ڕۆژ بەڕۆژ بۆش دەبێتو لەدواجاردا بوونو نەبوونی دەبنەیەك. کەسی بێ باك کەسێکی ناڕەسەنەولە ئینکارکردن(Denial)و لەبیرکردندا دەژی، جڤاتی ناڕەسەنیش ئەو جڤاتەیە کەبوونی لەبیرکردوەو یاخود بەلانی کەمەوە پرسیار لەبوون ناکاوهەڵدەکا لەگەڵ ئەندامە بێ باکو بێ لێپرسراوێتیەکانیدا، ماڵی لەم جۆرە بوون(Being) خۆی تێدابەیان ناکا، هەر بۆیەشە پرسیار لەبوون لەماڵی ئاوها ناڕەسەندا ناخرێتەڕوو هەربۆیەشە ماڵی لەوجۆرە لەڕووی داهێنانی فیکریو فەلسەفییەوە بیابانێکی بەرەهوتە. ئەوەی ڕێگە لەم هەرەسە دەگرێ، ڕێگەلەم لێك ترازانەی ماڵ دەگرێ، لەم ڕۆچونە بۆناو ناڕەسەنایەتی، تەنیا قەلەقیو بەتەنگەوەهاتنە. قەلەقی لێرەدا بەمانای سایکۆلۆژی بەکارناهێنین کەخۆی مانیفێستێکیڕەسەن نییە، مەبەستی ئێمە لەقەلەقی مانا ئۆنتۆلۆژی یەکەی قەلەقییە. (قەلەقی) بوون لەجیهاندا دەکاتە بوونێکیڕەسەنو بێباکیو بەتەنگەوە نەهاتنیش شێوازی ناڕەسەنانەی بوونن لەجیهاندا. بەلام بۆئەوەی بێ باك نەبین دەبێ گوێ لە"بانگ"ێك بگرین کەهەم بانگی بوونەو هەم بانگیو یزدان. جڤاتی ڕەسەن گوێ لەبانگێك دەگرێ، دەنگێك کە وادەکا لەشتێك تێبگا کە بریتییە لەچۆنێتی بوونی ئەو، بانگێك کە بانگی دەکا بۆکردنی شتێك نا، کارێك نا، بەڵکو بانگی دەکا بۆبوونو گوێگرتن لەبوونو بەتەنگەوە هاتنی بوون کەبوونی ئەوخۆیەتی. وەك هایدگەر پێمان دەڵێ ئەم بانگە لەکاتێکدا دەدرێ بەگوێماندا کە ئێمەچاوەروانی نین، لەگەرمەی قەیرانەکاندا، لەگەرمەی سەرقاڵیو نقوم بوونماندا لەژیانی ڕۆژانەدا، ئەم بانگەدێت تاکو ڕەوتی شتەکان تێك بدا، رۆتینەکان بشکێنێو مەجرای لەبیرکردن بشکێنێ، چونکە ئەوبانگە لەڕەوتی شتەکاندا کە بەوشێوەی هەن سەرەو لێژی ئێمە دەبینێتەوە، تێکدانی ڕەوتی شتەکانو خوەکانو بێزارکردنمان کاری ئەوبانگەیە. ئەوە کێیە کەبانگ دەکرێ؟ و بۆچیو بۆکردنی چیبانگ دەکرێو کێ بەوبانگ کردنە هەڵدەستێ؟ گەرباسی جڤات بکەین دەبێت بڵێین ئەوەی بانگ دەکرێ جڤاتێکە هێندە سەرگەرمی ژیانی ڕۆژانەیە نەك بوونی لەبیرکردووە بەڵکو خۆی لەبیرکردوە، هێندەلەخۆی دورکەوتۆتەوە خەریکە گوم دەبێتو دەبێتە نامۆ بەخۆی. ئەم بانگە بەرەو کوێ بانگی دەکا؟ بانگی دەکا بەرەو خودی خۆیو ڕۆحی خۆی کەخۆی مانیفێستی بوونە، ئێمە لێرەدا بواری

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەمان نیە کە ئایا جڤات بانگ دەکرێ یا تاکەکان؟ بەڵام لەدیدی ئێمەوە جڤات هەروەك تاکەکەس بانگ دەکرێ، بوونی کەسی رەسەن تەنیا لەنێو جڤاتی رەسەندا بونێکی شیاوە، لەجڤاتێکی نارەسەندا کە بوون خۆی تێدا مانیفێست ناکا دەشێ کەسێك گوێ لەبانگێك بگرێو خۆی قوتاربکا بەڵام تاچەند دەتوانێ بونێکی رەسەنانە لەنێو ئەو جڤاتە نارەسەنەدا ببێت، کە فەزای گشتی نارەسەنانە بێت بوونی رەسەن چۆن خۆی بەیاندەکا؟ ئەوە کێیە کە بانگ دەکاو بەکاری بانگ کردن هەڵدەستێ؟ ئەوە خودی بوونو ویژدانی جڤاتە. ناشێ ئەو بانگە لەدەرەوەی جڤات خۆی بێت بەڵکو ئەو بانگە لەبوونی جڤات خۆیەوە دێت. گەر بمانەوێت ئەم بانگە ووجودییە ڤۆلگەرایز (بەبازاڕی) بکەین ئەوە دێین‌و باس لەبانگێك دەکەین لەدەرەوەی جڤاتێك بۆ خودی ئەو جڤاتە ئەوەش ئەو نوکتە بێ تامەیە کە خۆی لەتیوریەکانی وەکو گەشەکردن‌و جیهانگیری‌و شتی لەم بابەتە دەبینێتەوە، یاخود بانگی ریفۆرمی جڤاتێك لەدەرەوە ئەمە عەینی بەبازاڕی کردنی بوونە. ئێمە دەزانین کە تیوریەکانی گەشە کردن لەپەنجاو شەستەکانی سەدەی رابردووداو بەرمەبنای بۆ چوونی ئیستعماریانەی هێزە (خۆرئاواییەکان) لەسەدەی هەڤدەهەمەوە، ئەو هێزانەی لەو کاتەوە حوکمی جیهان دەکەن، ئەوتیوریانە جیهانیان دابەش دەکرد بەسەر (وولاتە گەشە کردوەکان) (وڵاتە دواکەو تووەکان) یا (گەشە نەکردووەکان) یا (لەژێر گەشە کردنەوە) یا (لەسەر رێگای گەشە کردن) کە ئەم جۆرەی دووەمیان دەبێت ریفۆرم بکرێت دەبێت گوێ لەو وڵاتانە بگرن کە (پێش کەوتوون) تاکو بەوان بگەنەوە، ئەمەش واتە بانگی جڤاتێك لەدەرەوە بۆ گۆڕینی کە لەتیوریەکان‌و سیاسەتەکانی جیهانگیریشدا خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەم بانگە زۆر نارەسەن‌و مەبەستی ئێمە بانگێکی رەسەنە لەناو خودی جڤاتەوە نەك لەهێزێکی دەرەوەو بەمەبەستی ئابوری یا سیاسی یا هەر مەبەستێکی دی. ئەم بانگە بەمانا رەسەنەکەی بانگی بەتەنگەوە هاتنە کە کۆی جڤات بەیاندەکا، لەوێیە تاکو جڤات بانگ بکاتەوە بۆ بەتەنگەوە هاتنی بوون. شتێك مایەی لێ تێگەیشتنە لەم بانگەدا کە بریتی‌یە لەبەتەنگەوە هاتن. کاتێك کە جڤات سەرگەرمی لەبیرکردنی بوون دەبێت‌و بەرەو سەرەولێژی لەرووی رۆحی‌یەوە مل دەنێ بانگێك بەبێدەنگی رەوتی شتەکان دەشێوێنێ، یاخود مەبەستێتی رەوتی شتەکان بشێوێنێ. لەبیرمان بێت بانگ هەیە بەر گوێی کەڕ دەکەوێ‌و نابیسترێ، بانگ هەیە بێ وەڵام، هەبوونی بانگ مەرج نیە بە دوایدا یەکسەر بەتەنگەوە هاتنی بوون ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکەی ئەو بانگە بێت، چونکی رۆچوونی جڤات بەرەو نارەسەنایەتی عادەتە نەك (استثناء). لێرەوە جڤات لەزۆربەی حاڵەتەکاندا مەرج نیە گوێ لەبانگ بگرێت، بگرە کەم نین ئەو حاڵەتانەی کە تێیدا جڤات بەسەختی دژی ئەم بانگەی بوون دەوەستێتەوەو دەکەوێتەوە ترۆرکردنی پەیامبەرەکانی ئەوبانگە کە زۆرجاران بیریارو عارف‌و فەیلەسوفەکانن. بیریارو عارف‌و فەیلەسوفەکان دەشێ ئەو کەسانەبن کە گوێیان لەم بانگەیەو ئەم بانگەش لەرێگای ئەوانەوە ببیسترێ‌و لەبانگێکەوە بگۆڕدرێتە سەر گووتار (Discourse)، بۆ بانگکردنی جڤات بۆ هۆشیاربوونەوە لەزەلکاوی لەبیرکردنی خۆو بوون. لەمێژووی جڤاتەکاندا کەم نین ئەو عارف‌و فەیلەسوفانەی کە ژەهر خواردوو کراون، ترۆرکراون‌و ئەمڕۆش بەبێدەنگی ترۆر دەکرێن لە کاتێکدا کە جڤاتەکان بانگ دەکەن بۆ رەسەنایەتی. ئەمڕۆ هەندێك جڤات مەسخەرە دەکەن بە هەر بانگێك‌و هەر پەیامبەرێك، فەیلەسوفێك کە بانگیان بکا بۆ هەبوونی بونێکی رەسەنانە، ئەمڕۆ لەبیرکردنی بوون‌و رۆچوونە ناو زەلکاوی نارەسەنایەتی بۆ تە مۆدەو ئەو کەسانەش زۆرن کە ئەم بوونە نارەسەنە جوان دەکەن‌و جڤاتەکانیش زۆرتر گوێ لەم مەخلوقە شێواوانە دەگرن تاکو عارف‌و فەیلەسوفە رەسەنەکان.

ئەم بانگە بۆ بوون زۆرجار لە شێوەی قەلەق بووندا خۆیی بەبێدەنگی بەیاندەکا، قەلەقی لەچی؟ قەلەق بوونی جڤات بۆ؟ وەك گوتمان قەلەقی بەمانای ئۆنتۆلۆژی واتە بیرکردنەوە لەبوون. ئەوەی کەقەلەقی دەیکا بریتی‌یە لەوەی کە جڤات (لەیادمان بێت مەبەستمان ئەوەنیە جڤاتێك هەر هەموو لەیەك کاتدا قەلەق بن، ئەمە بەمانای بازاڕیکردنی مانای قەلەقی‌یەو ئەوەش مەبەستی ئێمە نیە) بەرەو جیهان رابکێشێ‌و بەجیهانی بکاتەوە، واتە جیهانی جڤات خۆی‌و ئەگەری بیرکردنەوە لەسیحرو موعامەکانی جیهان مسۆگەر بکات. ئەگەری جیهان ئەوەیە کە ئێمە لەبەردەمیدا قەلەقیمان هەیە، لەقەلەقیدا ئێمە

فڕێ دەدرێینە ئەو دیـوو بـوون لەجیـهاندا بـەرەو بـوون لەبـەرخاتری ئەگـەرەکانمان. لـەم پرۆسـەیەدا هـەموو ئاشـنایەتیەك، رۆتینێك، خوویەك، بێ باکیەك دەکەون، هەموو ئاشنایەتیەك لەگـەڵ جیـهاندا دەکـەوێ. تێـك دانـی ئـەمنو ئاسایشـی رۆژانـە لادەباتو دەمانگەرێنێتەوە بۆ پرسیارکردنو لەپرسیاریشـەوە بـۆ خـودە رەسـەنەکەی خۆمـان. قەلـەقی تـەنیا ئـەو کەسـانە دەگرێتـەوە یـا داگیردەکـا کـە مانایـەك بـۆ بـوون شـك دەبـەن وەك ئەگـەری بـوون بەڕەسـەن ئـەم مانـای بوونـەش لەلایـەن قەلەقییەوە چڕدەبێتەوە. وەك گوتمان قەلەقی لەدەرەوەی ئەومانا ئۆنتۆلۆژیـەی کـە بەمەسـتەکەی ئێمەیـە جـۆری دیکـەی هەیە، وەکو قەلەق بوون لەکێشەیەکی سیاسی یا ئابووری یا بلاّو بوونەوەی دیاردەیەك لەکۆمەڵگادا. ئەوەی شوێنی سەرنجە لەنێو جڤاتی کوردیدا ئەوەیە کەتەنانەت قەلەقی بەم مانایەش وجودی نییە، واتە نە قەلەقی سیاسی بوونی هەیە نە قەلەقی لەمەڕ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. ئەوەی کەجڤاتی کوردی قەلەق نییە بەمانا ئۆنتۆلۆژییەکەی کەمەبەستمانە، یاخود قەلەقی خۆی لەوجڤاتەدا بەیان ناکا شوێنی نکۆڵی لێکـردن نیـەو شـایەنی لێتێگەیشـتنە لـەڕووی رۆحیـیەوە کەپـەیوەندی بـەرۆحی کوردییەوە هەیە بەلاّم کەقەلەق نیە لەچارەنووسی سیاسی خۆی ئەمەیان کەوتنە بۆناو گێژاوێك، رۆچونە بۆناو هەلومەرجێك کەشایەنی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە واتە جگە لەوەی بـەزەیمان بـەکوردا بێتـەوە کـەدەبینین تائـەو ئاسـتەبێ ئاگایـە لـەژیانی خۆیو ئاسودەیە. لەم کاتەدا کە ئەم قسانە دەکەین دوژمنەکانی کورد سەرقاڵی داڕشـتنی پیلانـن ئینکـاری بوونـی دەکـەنو دەشیانەوێ لەئایندەدا بوونێکی سیاسی نەبێت، بـەلاّم کـورد، جڤـاتی کـوردی ئاسـودەیەو ئاگاشـی لێی نیـەو سـەرقاڵی بـێ ماناییەکی سەیرە کەخوێنی لێدەتکێ، نەك ئەمە بەڵکو گەرکەسێك لەو جڤاتە پرسیار بخولقێنێو مەبەستی بێت سەرنجی ئەو جڤاتە بەرەو باری ناهەمواری ئـەو جڤاتـە ڕابکێشـێو بڵـێ"ئاگـاداری چـۆن دەژیـت؟" "ئاگـاداری تـاکوێ غـەرقی بێئاگـایی بوویت؟" "ئاگاداری دوژمنەکانت سەرقاڵی چین؟" ئەوا ئەو جڤاتە نەگوێ دەگرێو بگرە هـەڵدەکا لەگـەڵ ئـەو ناڕەسـەنانەی کەهێرشی دەکەنە سەر کەسی خاوەن پرسیارو خاوەن ویـژدانو ڕەسـەن لـەناو جڤـاتی کوردیـدا. ئـەم جڤاتـە تەسـاموحێکی غەریبی لەگەڵ کەسە ناڕەسەنەکانی ناوەوەو دوژمنەکانی خۆیدا هەیە. لەژیان یابوونی جڤاتدا لەجیهاندا ئـەوە بیرکردنەوەیـە کەڕێچکە دەشکێنێ، بیرکردنەوە ڕێچکە دەشکێنێ بۆمەعریفەیەك کـە نۆرمـەکان (Norms)و هایەڕایەکیـەکان (مەراتبـەکان) ڕێك دەخا، مەعریفەیەك کەتێیداو بەهۆیەوە خەڵکێك، جڤاتێك تەحقیقی بوونی خۆی دەکات کـە لـەڕووی مێـژوویو کلتـوریو ڕۆحییەوەو میللەت ئەو کاتە سەرهەڵدەدا، دێتە بوون، دێتە ناو دنیاوە کە پەیوەندیـەکی رەسـەن بوونـی هەیـە، پـەیوەندی ئـەو میللەتـە بەجیهانـەوە، بەشـتەکانەوە ئـەویش دەخـوازێ کەشـتەکانو مەسـەلەکان لەکەینونـەدا زەمینـە داکوتـن (Grounded). کـاتێك کەشـتەکان لەکەینونـەدا بناغەیـەکیان نـەبێت، کـاتێك جڤـات لەپەیوەندییـەکی تەنگاتـەنگدا نـەبێت بەکەینونەوە، ژیانی ڕۆژانەی ئینجا بوونی بەمانا رۆحانیەکەی بەرەو سەرەو لێژبوونەوە دەچێ. بـەڕای ئێمـە ئـەمڕۆ جڤـاتی کوردی لەسەرەو لێژبوونەوەیەکی ترسناکدایە لەجیهاندا، مـاڵی لێکـترازاوە، لەلایەکـەوە لـەبوون دابـڕاوەو لەلایـەکی دیکـەوە ئیدی پرسیاری بوون ناکات یاخود بوون غەمی گەورەی ئەو جڤاتە نیەو هەربۆیەشە لەسەد ساڵی ڕابـردوودا (مـەحوی) یـەکی دی دروست نەکردووە. ئینسانی کورد ئەمڕۆ خۆی لەنێو سەرەو لێژبوونەوەیەکی مـەزن، پاشا گەردانیـەکی رۆحـی گـەورەدا دەبینێتەوە،زەیفـو خۆهەڵخەڵەتاندنو ڕاکردن لەخۆو هەڵهاتن لەماڵی خۆو بیرنەکردنەوە لەحاڵی خۆ سەرتاپا ئـەو ماڵـە لێك ترازاوەی کوردی گرتۆتـەوە. گووتـاری شـعری کـورد بـاس لـەم سـەرەو لێژبوونـەوە رۆحیـیەو لەبیرکردنـەی بـوون دەکـات. گووتـاری "سیاسـی" مانیفێسـتی ئـەم سـەرەو لێژبوونەوەیەیـە، پەیوەندیـەکانی جڤـات لـەناوخۆدا بـاس لـەم پاشـاگەردانیە دەکەن، نەبوونی مەعریفە کەنۆرمەکانو بەهاکان دیاری دەکات باس لەم تاریکییە دەکات. ئێمەی کورد لەبەرمەترسـی ئـەوە داین کەدنیاو ماڵی ئێمە بەتەواوی ببێتە شەوەزەنگ، ڕۆحی ئێمە کەڵکەڵـە ترسـناکەکان داگیری بکـەن کـە بەمـەرگی هـەموو شتەجوانەکان وەك جوامێریو ئازایەتیو مروەتو سەربەخۆیی تەواو ببێتو گومان لەهەموو شێکی خۆو مـاڵی خـۆ داغانمـان بکات. کورد لەبەردەم مەترسی ئەوەدایە کەئەو ووزە ڕۆحانییە کەمەش کەماوە لەدەستی بداو کەئـەم ووزەیـەش لەدەسـت

چوو مەحاڵە تەنانەت لەوخاڵەش بگاتو ووزەی ئەوەی هەبێت ببینێت کەچۆن سەرەو لێژبووەتەوە. بەهۆی سەرەو لێژبوونەوەیەیە کەئیدی کورد سەرمەشقی مومتاز بوون (excellence)و جوامێر بوونی نیە. لێرەوە تەنیا ئومێد لەدەست پێکردنەوەیەکی دیکەدایە کەقەلەقیو پرسیار دروست دەکەن، هەموو دژایەتیەکیش بۆئەو ڕۆحەجوامێرە ئۆرستۆکراسیەیی کە لەناو کورددا دەیەوێت پرسیار بچنێ، خۆکوشتنی جڤاتی کوردیە بەدەستی خۆ.

ئەوە ڕۆحی جڤاتێك، نەتەوەیەك، کۆمەڵە خەڵکێکە کەبوونی ئەو جڤاتە یان نەتەوەیە دیاری دەکات لەجیهاندا. لەهەر جڤاتێکی مێژوویدا (خاوەنی مێژوو) ئەوەی هەیە ڕۆحێکی کۆمەڵەیی‌یە. بریارە ئەخلاقیەکانی تاکەکان بەشداری دەکەن لەجۆرێك لەڕۆحی جڤاتدا، ڕۆحیش کۆی هێزو کەڵکەڵە وجودیەکانە کەپێکەوە ڕۆحی گروپێك پێك دەهێنن. بەڵام بابزانین مەبەست لەهێز چی‌یە؟

ئێمە هێز بەمانای (Kraft)ی ئەڵمانی بەکاردەهێنین کە چەمکێکی فەلسەفی‌یەو لەدوای (هێردەر)ەوە لەئایدیالیزمی ئەڵمانی‌دا بەکارهێنانی فەلسەفی جۆراو جۆری هەیە. کرافت وەك کاتیگۆریەکی میتافیزیقی واتە هێز یان دەسەلاتێکی داینامیك. ئەو چەمکە، وەك چەمکێکی میتافیزیقی، وەك پرنسیبێکی سەبەبی لەئەزموونی جڤاتەوە دێت بۆخودی خۆیو وەك بکەرێك کەهۆکاری بەدیهێنانی شتەکانە، هەروەها کرافت مانایەکی ئاینی یاعیرفانی هەیە بەواتای (نەفەسی خواوەند وەك پرنسیپی بەخشینی ژیان). ئایدیای ئەوەی کە خوداوەند خۆی وەك هێزێك هەڵسو کەوت دەکا، ئەم ئایدیایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتونو نوسینەکانی فیلۆ (philo)و عارفەئەسکەندەریەکانو کەبەڵە (cabbala) (عیرفانی یەهودیەت). هەروەها مانایەکی دیکەی Kraft (هێزە یا دەسەلات) بریتی‌یە لەڕۆحی ئینسان، کرافت وەك ڕەهەندێکی ئۆرگانی ژیان. ئێمە لێرەدا کرافت (هێز) وەك هێزی چالاکو نا چالاك لەمەملەکەتی مێژوو لەژیانی جڤاتدا بەکاردەهێنین. هێردەر پێی وابوو کە kraft (هێزەکان مادەی خامی مێژوون) کرافت لەم دیدەوە توخمێکی ئۆرگانیە لەمێژوودا هەر ئەم توخمەشە لەودیوو ڕوداوو کردارەکانەوە.

هەموو شتێك بەمانایەك لەماناکان هێزەو هەر هێزەش بێ هێزی دیکە بوونی نیە، هێزەکان کردار دەنوێنن، لەسەریانەوە کردار دەنوێنرێ، هێز لەپەیوەندی پەی دەرپەیدا لەگەڵ هێزەکانی‌دی. پەیوەندی هێزەکان واتە مەشق کردنی هێزێك بۆ ئیرادەی، خواستو ویستی، من دەخوازم..) لەسەر ئیرادەیەکی دی. ئیرادەیەك فەرمان دەردەکا، هێزێکی دی مل کەچی فەرمانە بەم مانایە هێز لەکێشمەکێش دایە لەگەڵیا دژ بەهێزێکی دی نەك لە ژیانی‌سیاسی‌و ڕۆحی‌و فیکری‌و کۆمەلایەتی جڤاتێکداو لەنێوان جڤاتەکاندا، بەڵکو هێزەکان لەناو کیانێکیش دا، لەبوونەوەر یکیشدا، ئۆرگانیزمێکیشدا لەخەباتدان، هەرئەمەشەمەبەستی ئێمە کە دواجار ئاماژەی پێدەدەین لەوەی کە لەناوڕوحی کوردیدا، کاراکتەری کوردیدا، هێزەکان لەکێشمە کێش دان، هێزێك فەرمان دەردەکاو هێزێکی دی خولقاوە بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمان. کەدەڵێین ڕوح مەبەستمان لەکێشمە کێشی ئەو هێزە پێکهێنەرانەی ڕۆحە، هێزێك خوازیاری ژیانو ریسکو جوامێری‌یە هێزێك خوازیاری جێ بەجێ کردنی فەرمانەو لەڕیسك سڵ دەکاتەوەو لە ئازایەتیدا، لە سەربەخۆییدا مەرگی خۆی دەبینێتەوە، هێزێك چاو لەجیاوازی دەبڕێت لەسەر جیاوازی خۆی جەغت دەکاو لەزەت لەجیاوازی دەبینێت، هێزێکی دی دەترسێ لەجیاواز بوونو سەرمەشقی (وەك یەك بوونە)و لەژێر پەردەی یەکسانیدا یا هەر بەهانەیەکی دیکەدا نەوێرانی خۆی بۆ جیاواز بوون دەشارێتەوە. هێزێك ماهیەتی ئەو نواندنی کردارە، هێزێکی دی تەنیا لەنواندنی پەرچەکرداردا خۆی بەیان دەکا. هێزێك دەیەوێ ببێ بەڵام بەو جۆرەی دەخوازێو بەومەرجەی لە سەرماهیەتی کردار ئامێزو ئیرادەگەری خۆی نەکەوێت، هێزێکی دی دەیەوێ ئەوەی هەیە بیپارێزێت، یا ببێت (هەر چۆنێك بێت هەر گرنگ ئەوەیە ببێت)، ئەوەی یەکەم داهێنەرەو تازەکەرەوەی ژیان، ئەم هێزەی

دی مەفتونی مانەوەیە بەهەرنرخێك بێتو داهێنانیلەسەرەوە دەكرێت. بێ ئەوەی زنجیرەی بیركردنەوەمان بپچڕێنین دەیهێنینەوە یادتان كەلەیەك تاكە كەسدا ئەم دوو هێزە لەكاردان، بەلاَم ئێمە باس لەڕۆحی جڤاتێك دەكەین كەكۆی ئەو هێزانەیە، ئەو كەڵكەڵانەیە. هێزی چالاك، هێزی خاوەن كردار، هێزێكە سەروەر، جوامێر، هێزی خاوەن پەرچە كردارو لەسەر كاركراو غەرقینێگەتیڤەو هێزێكە بەرمەبنایكەڵ كەڵەی كۆیلایەتی. با هێزی یەكەم كەكردار نوێنەو پرپەتی لەووزەی داهێنانو ئیرادە ناوبنێن جەنگاوەر یا خاوەن ئیرادەی جەنگاوەر، بەرمەبنای كەڵكەڵەی جەنگاوەر بوون، جەنگاوەر بوونیش بەمەبەستی بەرپاكردنی جەنگو قەتڵو عام كردن نا، بەپێچەوانەوە جەنگاوەری ڕەسەن دژیقەتڵو عام كردنە یا كوشتنە، ئەم هێزە بۆیە جەنگاوەرە چونكی داهێنەرە، ئازایە، جوامێرە، خاوەنی ئیرادەیە، مەستەبەژیان، ژیانەیش ئازایەتی دەخوازێ چونكە خۆی ژیان دەرگیر بوونو كێشمەكێشو فەرمانڕەوایەتیكردنو بوونی توانای جەغد كردنەوە (تەئكیدكردن)، تێكدانو بیناكردن، ڕووبەڕو بوونەوەو تەجاوز كردن، بەرزبونەوەی (Ascend) بەرەو بالاَو دابەزینەوە بۆ خوارەوە، توانای تەجاوز كردنو روخاندنی رۆتینەكانو ڕێكخستنەكانی كە ئیدی مانا دروست ناكەن... كەواتە هێزی یەكەم جەنگاوەرە بەر مەبنای كەڵكەڵەی جەنگاوەرانە كەباس لەئازایەتیو سەربەخۆییو ئیرادە دەكا. هێزی دووەم دەتوانین ناوبنێین هێزێكی پاسیڤ یا مل كەچ، ئەم هێزەش هێزێكە بەر مەبنای كەڵكەڵەی كۆیلایەتیو كۆیلە بوون لەدەرەوەی كۆیلە بووندواو لەمل كەچیدا، كە كردار لەسەر نواندنە، ناتوانێ بوونی خۆی ببینێ. دەیهێنمەوە یادتان كە چ مانای جەنگاوەر بوونو چ مانای مل كەچ كردوو (پاسیڤ بوون) بە دوورن لەمانا سۆسیۆلۆژیەكەی. ئێمە لێرەدا باس لەچینو دەستەو تاقم یا قۆناغێكی مێژوویی ناكەین، ئێمە باس لەمیتافیزیقای بوونی هێزەكان دەكەین كە لەخودی تاكە كەسێكداو لەرۆحی جڤاتێكدا. ئەم دوو كاتیگۆریە لای ئێمەو كۆمەڵێ فەیلەسوفی دی كاتیگۆری میتافیزیقینو ژیان بێ ئەم كێشمەكێشەی نێوان ئەو دوو كەڵكەڵە جیاوازانەو ئەو هێزە دژ بەیەكانە مانایەكی نیەو هەردوو ئەم هێزەش وەك یەك بۆژیان پێویستن، واتە باتەسەور نەكەین كە ئەو هێزەی مل كەچە پێویستی بەرزگار كردن هەیە، ژیان لەژیانی خانەیەكەوە، ئەمیبایەكەوە بیگرە تا ئالۆزترین بوونەوەر، ئینسان، بێ هێزی مل كەچ (پاسیڤ) ناتوانێ نەك مانای هەبێت بەڵكو بوونی هەبێت، دەبێت هێزێك هەبێت لەبەردەم ئیسۆسی پرسیار كردنو تێكداندا، مانەوە پەیامی ئەوبێت دەنا ژیان دەبێتە كەیاس (ئاژاوە) یاخود تەنیا هەبوون (Becoming) كە ئەمەش مەرگی ژیانە. هێزی جەنگاوەر ووزەیەكە بۆ جەغت كردنەوە، بەهانەی نیە جگە لەبوونی خۆی، نە بەهانە بۆ خۆی دەهێنێتەوە نە بۆژیان. هێزی مل كەچ كردوو یا پاسڤ بەهانەی بوونی لەدەرەوەی خۆیەتیو سەرقاڵی بەهانە هێنانەوەیە بۆ ژیان. جەنگاوەر قارەمانانە بەختەوەرە، قارەمانانە چارەنوسی خۆی قبوڵ دەكا گەر مەرگیش بێت. بەختەوەرە لەلوتكەی كلۆڵیشدا، هێزی مل كەچ كردوو كلۆڵە لەلوتكەی بەختەوەریشدا، هێزێكە كە گومانی هەیەو غەرقی ویژدانە كلۆڵەكەیەتیو شپرزەیی نیشانەی ناسینەوەی ئەم هێزە مل كەچ كردوو پاسیڤەیە. هێزی جەنگاوەر شێوە درووست دەكات، هەلو مەرج دروست دەكات، كۆنترۆڵ دەكا، دەبێتە خاوەندار، بوونی خۆیو چارەنووسی خۆی لەناوخودی خۆیدایە. هێزی مل كەچ كردوو یا پاسیڤ پەیڕەوی لەشێوەكان دەكا، پەیڕەوی لە هەلومەرجەكان دەكا، بە كۆنترۆڵكردنی خۆی رازییەو نایەوێت ببێتە خاوەنی خودی خۆیو چارەنوسی خۆی. جەنگاوەر بەهاكان دادەتاشێو دەڵێت (شتەكان دەبێت بەم شێوەیە بنو ئەمەش ماناكانیانە) دەڵێت (من دەخوازم شتەكان بەم شێوەیە بن نەك بەوشێوەیەی دیكە) دەڵێت (ئەمە حوكمی منە بەسەر شتەكانو مەسەلەكاندا) واتە جەنگاوەر توانای حوكم دان (Judgment)ی هەیە. هەرچی هێزی پاسیڤیشە پەیڕەوی لە بەها داتاشراوەكان دەكاو توانای حوكم دانی نیە، تەنیا پەیڕەوی لەسەرە، ئەم هێزە پاسیڤە لەسلوكیدا دەیەوێت بڵێت (شتەكان بەو شێوەیەن كە ئێوە دەخوازن) (ئەوە حوكمی ئێوەو ئەوەش مل كەچ كردنی من)، (ئەوە بەهای ئێوەو ئەوەش پەیڕەو كردنی من)، هێزی پاسیڤو مل كەچ كردوو چاوەڕوانی حوكم دانە. جەنگاوەر ئەگەرەكان دروست دەكا، موغامەرە دەكا، هێزی مل كەچ كردووش لەئەگەرەكان سڵ دەكاتەوەو لەڕیسك دەترسێ. دەیهێنمەوە یادتان ئەم كێشمە كێشە لەناو یەك

ڕۆحدا ڕوو دەدەن ئـەوەی کەسیسـتەمی سیاسـیو کۆمەڵایـەتی، ئـەوەی کـەکلتور دواجـار دەبنـە مـەیدانی مانیفێسـتی ئـەو کێشمەکێشمەی نێوان جەنگاوەرو مل کەچ کردوو ڕاستییەکی دیکەیە کە شایەنی نکۆڵی لێکـردن نیـە. کلتـور هیـچ نیـە جگـە لەمەیدانێك بۆ زاڵ بوونی ئەم یا ئەو هێزیدی لەو کێشمەکێشە ڕۆحیەدا. ئـەم دووهـێزە تـایپن (Type)و تـایپیش واقعێکـی سایکۆلۆژیو مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ڕۆحیە. با باسێکی ڕۆحی کوردی بکەین.

وەك گوتمان ڕۆحی جڤاتێك، لەوانە کورد، بریتیـیـە لـەکۆی ئـەو هێزانـەی کـە لەکێشـمەکێش دان، کـۆی کەڵکەڵـەو تایبـە جیاوازەکـان، ئـەوە لـەڕۆحی جڤـاتدا کـار دەکـا، هـێزە بـەمانای ئـەو ووزە ئۆرگانیـە میتافیزیکی‌یـەی کـە لــەودیوو ڕووداوو کردارەکانەوەیە، هێزیش خولقێنەری بـەهاو نـۆرمو داموو دەسـتگاو سـلوكو عـادەتو خـوو تەقالیدەکانـە. لـەودیو مـەتاهاتی تیۆریە جیاوازەکانەوە لەسەر ناسیونالیزم ئێمە دەڵێین کە بوونی کورد وەکو جڤاتێك لەڕووی مێژوویـیـەوە ڕاسـتیەکی نکۆڵـی لێ نەکراوە. کورد وەك میلەتێك ڕاستییەکی مێژووییە بەڵام ڕاستیی‌یەکی سیاسی نیە واتە هەبوونی دەسـەڵاتی سیاسـی یـا گەیشتن بەقۆناغی سەروەری سیاسی‌و هەبوونی دەوڵەتو دەسەڵاتی خۆو هەبوونی دەسـەڵاتی دیـاریکردنی چارەنوسـی خـۆ بەدەستی خۆ. هۆی غیابی ئەم ڕاستیە سیاسیەش ئێمە لە ڕۆحی کوردیدا دەبینینەوە لەجیاتی پیلانی دوژمنـەکان کـەوێرای ئەوەی پیلانی دوژمنەکانی کورد خۆی بوونێکی واقیعی هەیە بەڵام ئەوەی کـە کـارێکی کـردوە کـورد وەك ڕاستیەکی‌سیاسـی نین(واتە هەبوونی دەسەڵاتو کیانی سیاسی) ڕۆحی کوردی خۆی لێی بەرپرسـیارە نـەك ئـەو پیلانـە یـەك لـە دوای یەکانـەی دوژمنان. کورد وەکو هەبوونی ڕۆحێك (spirit)، یەکەیەکی کلتوری ڕۆحـی، وەك مانیفێسـتێکی تـەواو جیـاواز لەڕۆحیـەتێکی تایبەتی جڤاتێك شوێنی گومان نیە. لەم جەغد کردنەوەیەدا چۆنێتی هەبوونی کورد، جڤـاتی کـوردی مەسـەلەیەکی دیکەیـە، واتە کورد وەك میلەتێکی خاوەن مێژوو، کلتور، زمان، خاوەنی ڕۆحێکی تایبەتی کوردانە بوونی هەیە بەڵام چۆن هەیەو ئـەم ڕۆحە چۆن خۆی بەیاندەکا ئەمەیان کێشەیەکی‌ترە. ئێمە لەبۆنەیەکی تردا گوتوومانە کەکورد وەك میلەت بوونی نیـە، بـەڵام مەبەستمان لەمۆدێلی نەتەوە ـ دەوڵـەت بـووە. گـەر مۆدێلـی نەتـەوە ـ دەوڵـەت وەکـو داهێنانـەکانی مۆدێرنتـی وەربگریـنو لەبەرۆشنای ئەو مۆدێلەدا کـورد بخوێنینـەوە کـورد میلـەت نیـە، بـەڵام کـورد، ڕۆحـی کـوردی وەکـو تـایپێك لـەمێژووی ئـەو ناوچەیەدا حەقیقەتێکی مێژووییە کورد نەلە فارس دەچێو نەلەعەرەبو نەلە تورك، خۆی خاوەنی خاسیەتە جیـا کاریـەکانی خۆیەتی، هەر ئەم سیفەتانە، ئەم دەرکەوتنانە، ئەم بەیانکردنە جیاوازەی خۆیەکە من ناوی دەنێم ڕۆحـی کـوردی. ئێمـە لـە کوێوە دەزانین کە ئەم ڕوحە بوونی هەیە؟ ئێمە دەتوانین دڵنیابین لە بوونی ئەم ڕوحە لەرێگای نەك خوێندنەوەی مێژووەوە، بەڵکوله ڕێگای خوێندنەوەی تێکستەکانەوە هەر لەشەرەفنامەوە تاکو گوتاری شیعری کوردی، هەر لەتێرامان لەڕووداوە یەك لە دوای یەکەکانی نێومێژووی ئەو ناوچەیەوە تاکو بەیانکردنی ئەم ڕوحە لەمۆسیقادا، لەئایینو ئاینیزاکانەوە تـاکو تەریقـەت (قادری‌ونەقشبەندی)، جارێکی دی لە شەرفنامەوە تاکو تحفیة مظفریة وله مۆسیقادا هەر لەمەلا کریمو ڕەشۆڵەوە تا مامۆستا عەلی مەردانو ڕەفیق چالاكو مۆسیقای موجەمەعـەکان (کـەداڕزانی ڕوحـی کوردیـە)، هـەر هـەموو مـەیدانی بـەیانکردنی ئـەم ڕۆحەن بەیان کردنی ئەم ڕۆحە کوردی یە بەیانکردنی کەڵکەڵەجیاوازەکانو هـێزە جیاوازەکـانی ناوەوەیـەتی کەئـەم ڕوحـەی پێکهێناوە، هێزی جەنگاوەرو هێزی مل کەچو ئامادەی فەرمان، هێزی جەغد کـەرە سـەرژیانو هـێزی بـێز هـاتووەوە لـەژیان، هێزی ئیرادەگەرو هێزی کۆیلەو ترساو لە ئیرادە، هێزی عاشق بووی سەروەری‌و ئازادی‌و سـەربەخۆیی‌و خـاوەنی مـاڵی خـۆو هێزی کۆیلەو لەئازادی هەڵاتوو و دژ بەسەربەخۆیی‌و بێزهاتووەوە لەماڵی خۆ، بەواتایەکی دی هێزێکی جەنگاوەرو هێزێکی مل کەچو پاسیف. ئەم دوو هێزە لەناو ڕۆحی کوردیدا لەکێشمە کێشـدان، ناسـینەوەی تێکسـتی شـاکارو ناسـینەوەی داهێنـانی ئـەدەبی‌و مۆسـیقی‌و ناسـینەوەی کارەسـاتو خیانـەتو هەرەسـی بزوتنـەوەکانو شۆڕشـەکان، ناسـینوەی جاشـایەتی‌و قارەمـانێتی، هەرهـەموو پابـەندن بەناسـینەوەی هێزەکـانو زانینـی ئـەو ڕاسـتیە کەئـەوە چ هێزێکـە کـە لەچرکـە سـاتێکی دیاریکراوی ژیانی ڕۆحی‌و سیاسی کوردا باڵادەستە. کە ڕۆحی جەنگاوەر باڵادەست دەبێت لـەڕۆحی کوردیـدا مـاڵی کـوردی

باس لەڕووناکیی و عاشق بوونی ئازادیی و سەربەستیدەکا، باس لەداهێنان و عەشقی ژیان دەکا. کەهێزی مل کەچ کردوو زاڵ دەبێت لەڕۆحی کوردا ئەوە ماڵی کوردی باس لەتاریکی و عاشق بوونی کۆیلەیی دەکا، باس لەتەقلیدو بێزهاتنەوە لەنیشتمان و ژیان دەکا، باس لەجاشایەتی و خیانەت دەکا، باس لەپێنەزانین و ڕق بوونەوە دەکا لەهەموو شتێکی کوردانەو گەورەکردنی زیاد لەپێویستی هێزە داگیرکەرەکان و پەیڕەو کردنێکی کوێرانەی مۆدێلی بێگانەکان دەکا، کە دواجار ئێمە ئەم زەینە، ئەم ئەخلاقە ناو دەنێین بەزەین و ئەخلاقی کەسی داگیرکراو (colonized). هەر قۆناغێکی مێژوویی لەکوردا بگریت، هەرماوەیەکی دیاریکراو لەئەدەبیات و مۆسیقای کورد بگریت زاڵ بوونی یەکێک لەم دووهێزە مۆرکی خۆی لەسەر داناوە، لەشۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردا ڕۆحی جەنگاوەرەکە زاڵە لە شکستەکاندا، لە خیانەتەکاندا لەنوچدانەکاندا، لەدەست لەمل کردنی دوژمنەکاندا ئەوە هێزی مل کەچ کردووە یاپاسڤەو ئەخلاقی کۆیلەیە کە لەڕۆحی کوردا زاڵە، لە داهێنانە ئەدەبیەکاندا، مۆسیقا پڕ لەعەشقی ژیان و ووزەی ژیانبەخشدا ئەوە جەنگاوەرە کە قسە دەکاو سەما دەکا، لەو مۆسیقایەشدا کەپڕێتی لە قیژەقیژو نەڕاندن و ووشەی بێ ماناو گریانێکی بەدوور لە ڕووحانیەت و ووشەی بێ سەرو بنداو نەغمی نەشازو بێ مانادا ئەوە هێزی مل کەچ کردووە بالا دەستە لە ڕوحی گوردیدا. بەواتایەکی دی لە سەیدعەلیئەسغەری گوردستانیدا ڕۆحی جەنگاوەرە کەسەما دەکاو لەمۆسیقای هەشتاکان و نەوەدەکان و ئەمڕۆی کوردیدا ئەوە ڕۆحی کۆیلەیە خەریکی پاڕانەوەیە یاخود سەرقاڵی شاتەشات و نقووم بوویبێ مانایەکی کوشندەیە. مەبەستمان چیە لەهێزی جەنگاوەر؟

جەنگاوەر وەك هێزێك نەك چین و دەستەو تاقمێك، هێزێکی ڕۆحی و هۆشیاریەکی ڕۆحی و سیاسییەو داکۆکی کەری مەزنی و مومتاز بوون(exelence)و مانا گەورەکانی ژیانە. ئازایەتی و ڕیسك خاسیەتی ناسینەوەی ئەم هێزەن. لای ئەم هێزە جڤات جەوهەرییە چونکی جڤات ئەو سەرزەمینەیە کەئەم هێزە ڕیسکەکانی خۆی، ئازایەتی و جوامێری خۆی تێدا مانیفێست دەکا. جوامێری و مروەت ئیسۆسی(Ethos) ئەم هێزە جەنگاوەرەیە. لەکتێبی نۆییەکاندا(Enneads)[١٤] ئەفلۆطین (plotinus) ئەرگومێنتی ئەوە سەر ڕێگادەخا کە کۆمەڵگای چاك کۆمەڵگای ئازایەتییە. لەو باوەڕەدایەکە (ئینسانە خراپەکان حوکم دەکەن لەڕێگای ترسنۆکی مەحکومەکانەوە) لێرەدا ئەفلۆطین باس لەئازایەتی ئینسانە خراپەکان ناکا بەڵکو مەبەستێتی ترسنۆکی ئەو هێزە دەربخا کە بێ چالاکی سیفەتێکیسەرەکی ئەوەو هەر ئەمەشە ناعەدالەتی دروست دەکا. ئەو کەسەی چالاك نییە زۆرترین ناعەدالەتی دەچێژێ. ئەفلۆطین لەم کتێبە هەرە گرنگەیدا نەك بەتەنیا سروشتی ئینسانەکان و هێزەکان وەسف دەکا بەڵکوسروشتی جەنگاوەریش بەدیار دەخا. لای ئەو جیهان وەکو گەمەیەك وایەو هەرکەسە، هەر سەربازە دەبێت ڕۆڵی خۆی ببینێت ڕۆڵی کەداوای ئەوەمان لێدەکا کە بجەنگین بۆ بوونمان. زۆرترین ئازارو زەجر ئەو کەسانە دەیچێژن کەچالاك نین. جیهان حوکم دەکرێ لەلایەن هێزەکانەوەو ئەوە داواکاری خوداوەندە کەجوامێر بجەنگێ، کەسێك جەنگ دەباتەوە کەتەنیا بەپاڕانەوەوە ناوەستێتەوەو دەجەنگێ. لای ئەفلۆطین دیدی ڕەسەن بەدەستەڵات ترەلە کردار. بەرمەبنای ئەم دیدە ڕەسەنەیە کەئینسان دەبێت بجەنگێت، بەرمەبنای ئەم دیدەیە کەجەنگاوەر ڕێگا نادا جیهان لەلایەن هێزی شەڕو کۆیلەو ئەخلاقی کۆیلەوەکۆنترۆڵ بکردرێ. ئەم دیدە خاوەن مەعریفەیەکی میتافیزیقی و ئەخلاقییەو لەڕێگەی ئەم مەعریفەیەوەیە کە ڕۆح خۆی پاك دەکاتەوە. لەڕێگای ئەم مەعریفەیەوەیە کەدیدی جەنگاوەر ڕوودەکاتە ئامادەی(ئەو) (واتەخوداوەند). لای ئەفلۆطین ئەوە خودایەتییە(divinity) کە دوا زەمینەیەکە بۆ ئازادی تاکە کەس و دەستەڵات و لەهەمووی گرنگتر دوا زەمینەیەکە بۆ هێزی جەنگاوەر. جەنگاوەر هێزێکە کەبوونی لەبەرخاتری چاکەیە لەجیهانێکدا کە لێوانلێوە لەهەوەس و ترۆر، سەرکەوتنی بەرئەنجامی هەڵوێستێکی ڕۆحانیە وەستانەوەیەکە پڕە لەڕۆحانیەت. هێزی جەنگاوەر ڕیشەکانی خۆی لەقوربانیدا، خۆ بەقوربانی کردندا دادەکوتێ. ڕسك کردن بەژیان و ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ کارو ئەخلاقی هێزێك نییە کەسەرمەشقی چێژەکانە، واتە هێزێکی چێژپەرست (Hedonist)، ئەوەی ڕیسك دەکا جەنگاوەرە بەڵام هەر جەنگاوەریشە کە ژیان بەتەواوی دەژی. لەیادمان بێت کە ئیسۆسی جەنگاوەر بەشێکە لەگەشتی ڕۆح، ڕێگایەکی

عیرفانی‌یە، دوا ئامانج (خۆ گوم کردنە لەڕووناکیدا) ئیسۆسی جەنگاوەر ئەمەیە (ئێمە ناتوانین ئینسان بین تاکو نەبینە شتێك زیاتر لەئینسان)، لێرەوە ئەولیایەکان (SAINTS)و فەیلەسوفەکان‌و جەنگاوەرەکان هەرهەموو تەعبیرکەرن لەهێزێك کەجەنگاوەرەو ئیشی ئەم هێزەش قوربانی‌یە لەپێناو عەدالەتدا، بەڵام عەدالەتێکی پڕ لەشکۆ نەك عەدالەتێك کەهێزی مل کەچ کردوو وێڵییەتی کەتیایدا کردار دەمرێ‌و عەدالەتێکە زۆرتر لەبەهانە دەچێت بۆ تەمبەڵی‌و کارنەکردنی خۆی. کاتێك لەجڤاتێکدا هێزی مل کەچ کردوو پاسیڤ زاڵ دەبێت ئەو جڤاتە بەرەو سەرەو لێژی مل دەنێ‌و ناتوانێ داکۆکی لە بوونی بکا. جەنگ بەم مانا ڕۆحانیە میتا فیزیقی یەزۆرتر جەنگ‌و جەداڵێکی ناو خۆدی ڕوحە، جەنگی ئیرادەیە بەڵام ئیرادەو عەقڵ‌و بیرکردنەوە ئەو کەناڵانەن کە ئەم جەنگە لیوەیان خۆی بەیاندەکا. لەکتێبی (شاری خودادا[١٥]) سانت ئۆگستین لەو باوەڕەدایە کەفەزیلەت کارێکی کرد کەڕۆحی‌ڕۆم Rome مەزن بێت. ئەو لەو باوەڕەدایە کە ڕۆمانەکان عاشقی شکۆمەندی بوون. ئەوەی گرنگە (ئەوان چونکی ئارەزوی ئەوەیان هەبوو بژین لەبەرئەوە دوو دڵ نەبوون کەبمرن). هەموو ئارەزوەکانی دیکەی ڕۆمانەکان سەرکوت دەکرێ لەلایەن عەشقی ئەوانەوەبۆ شەرەفی نەتەوەیی. ئۆگستین دەڵێ مەزنترین تموحی ڕۆمانەکان ئەوەبوو کەبمرن بەئازایەتی یاخود بژین سەربەستانە. بەڕای ئێمە (مردن بەئازایەتی یاخود ژیان بەسەربەستی) جەوهەری ئەو هێزە جەنگاوەرەیە کەئێمە قسەی لێ دەکەین‌و سەخت نیە لەناو ڕۆحی کوردیشدا ئەم هێزە جەنگاوەرە بدۆزینەوەو پەنجەی بخەینە سەر، هەر ئەم فەزیلەتە بوو بەڕای ئۆگستین ڕێگا ڕاستیەکەی دەسەڵات‌و شکۆمەندی ڕۆح.

ئۆگستبن لەو باوەڕەدایە کەمەزنی ڕۆم بەر ئەنجامی سەربازی نەبوو بەڵکو (عەقڵێك کەئازاد بوو لەبڕیاردانددا، خۆی تەرخان نەکرد بۆ تاوان‌و بۆ هەوەس) هەرئەمەش بوو بەردی بناغەی کارکتەری ڕۆمانی. ئۆگستین لەدرێژەی قسەکانیدا لەسەر داڕزانی ڕۆم ئاماژدە بەوە دەکا کەئەوە عەشقی سامان بوو، تەمبەڵی بوو، نەبوونی توانای جیاوازی کردن لەنێوان چاکەو خراپەدا بوو، بەرژەوەندیە خود پەرستەکان کە بووە مایەی سەرەو لێژبوونەوەی ڕۆم، کەبووە مایەی ئەوەی دانیشتوان ببنە کۆیلەی چێژەکان‌و چێژپەرستی. (ڕۆم بەدەستەڵات‌و مەزن بوو چونکی ڕۆمەکان لەدیدی عەشقی شەرەفەوە چاك هەڵس‌و کەوتیان دەکرد). ڕۆمانەکان بێزار بوون لەکاروباری تایبەتی خۆیان لەپێناو ڕیپەبلکدا (کۆماری ڕۆمدا)، ڕۆم مەزن بوو چونکی تاکی ڕۆمانی ئەو تۆ هەبوون مەزن بوون، ئەم مەزنیە بەرمەبنای لەخۆ بوردن‌و خۆبەقوربانی کردن بوو کەکاراکتەری پاڵەوانانەیە کەخاسیەتی جەنگاوەرە ناچار بووین کەمێك ئاماژدە بەئەفلوطین‌و ئۆگستین بکەین تاکو مانیفێستێکی فەلسەفی‌ومێژوویی هێزی جەنگاوەر دیاری بکەین تاکو کۆمەکی خوێنەران بکا لەوەی بەرجەستەبوونی مێژوویی ئەو هێزە ببینن‌و لەڕووی میتافیزیقیشەوە ئەو وێنا کردنەی ئێمە بۆ جەنگاوەر زیاتر شایانی لێتێگەیشتن بێت. بگەڕێینەوە بۆ دیاری کردنی جیاوازیەکانی ئەو دوو هێزە لەڕۆحی کوردیدا.

یەکێك لەخاسیەتە ئاشکراکانی هێزی مل کەچو پاسیڤ تۆڵەو تۆڵەسەندنەوەیە، ئەو هێزە بەردەوام ئەزمونی تۆڵەسەندنەوە دەکات، ڕۆحی تۆڵەسەندنەوە لەهەموو بوون‌و هەموو بابەتێك، چونکی لەهەموو بوون‌و شتێکدا ئەم هێزە دژایەتی خۆی دەبینێتەوە بەپلەیەك کەئەم هێزە بەهەموو شت قەڵس دەبێت‌و ڕقی لەهەموو شتێك دەبێتەوەو دەخوازێ بەدزیەوە، لەپەناوە، بەنهێنی تۆڵە بکاتەوە، ئەم هێزە قەڵسە بەوەی کەئەوانی دیکە دەژین، ئەوانی دیکە سەرقاڵی داهێنانن، ئەوانی دیکە بیر دەکەنەوە، لێرەوە بۆ شاردنەوەی نەتوانینی خۆی‌و تەمبەڵی‌و لاوازی خۆی سەرقاڵی تۆڵە کردنەوەیە. هەموو کۆڕو کۆبوونەوەیەکی‌ئەم هێزە، ئەم مەخلوقە بۆ پلان داڕشتنە، بۆ تۆڵە کردنەوەیە. ئەم هێزە ڕووی دانیشتنی ئازادو بێ‌نهێنی نیە، حیزب دروست دەکا بۆ ئەوەیە تۆڵە بکاتەوە، گۆڤار دەردەکا بۆئەوەیە تۆڵەبکاتەوە، دەنوسێ بۆ ئەوەیە تۆڵەبکاتەوە شعر دەنوسێ تاتۆڵە بکاتەوە لەگەڵ دۆستان (گەر دۆستی هەبێت، ئاخر ئەوهێزە لەمانای دۆست تێناگا) کۆدەبێتەوە تاتۆڵە بکاتەوە. گەر سەیری گۆڤارە کوردی‌یەکان بکەن ئەوسا تێدەگەن ئێمە باسی چ هێزێکی کلۆڵ‌و بیمار دەکەین. لەکوردا زاڵ بوونی ئەخلاقی هێزی مل کەچ کردوو یا پاسیڤ ئاراستەی ئەو تۆڵە سەندنەوەیە بەرەو

خوده (زات)و بەرەو ناوخۆیە. واتە تۆڵە سەندنەوەیەك نیە لەدوژمنو ئەوانی دیکە بەڵکو ڕووبەڕووی کورد خۆیەتی. تۆڵەی کورد لەکورد تۆمارێکی مێژوویییەو لەوێ هەیە بۆ هەمووان تالێی ووردبینەوە، بێدەسەلاتی کوردیش، موجامەلەی دوژمنەکانیشی پێبەپێی ئەم کەڵکەڵەیە ڕێدەکا. زاکیرەی ئەم هێزە کوردیە کەبەشێکە لەڕۆحی کوردی پڕە لەڕقو بوغز لەناو خۆیداو بوغز بۆ خۆی، بوغز، لەلایەن خۆیەوە بۆ خۆیو بەهۆی خۆیەوە. تۆڵە، پەیوەندیەکی عادیو سالمی نێوان هێزی چالاکو جەنگاوەرو هێزی مل کەچ کردوو، کۆیلە دەگۆڕێتە سەر پەیوەندیەکی ناسالم. لێرەوە تۆڵەو ڕۆحی تۆڵە سەندنەوە سەرکەوتنی هێزی مل کەچو پاسیف، کۆیلەو ئەخلاقی کۆیلەیەو بەرمەبنای ئەخلاقێکە کە دژی دەستەڵاتو هێزو داهێنانو ژیانە. تایپی مل کەچو کۆیلە، لەڕۆحی تۆڵەدا ماهیەتی خۆ دەبینێتەوە، تایپی جەنگاوەریش لەلێخۆشبووندا، لەنواندی کاری مەزندا ماهیەتی خۆی دەبینێتەوە. باهەڵوێستەیەك بکەین چونکی باسی لێخۆش بوون دەکەین. لێخۆش بوون، لێبوردن ئەخلاقی جەنگاوەرە، بەڵام لەهەمان کاتدا عەدالەتو پەیڕەویکردن لەعەدالەتو چاوبڕین لەعەدالەت بەهەمان شێوە ئەخلاقی جەنگاوەرانەیە، کەواتە لەکاتێکدا کە جەنگاوەر خۆش دەبێو بیر لەتۆڵە ناکاتەوە کە عەدالەت کەبەرهەمی ئەوە مەجرای خۆی وەربگرێ. ئێمە دەزانین لەدنیای کوردا لێخۆشبوون لەکارەساتەکان، لەقەسابخانەکان، لەقەتڵو عامەکان، لەدوژمنەکان سکەیەکی باوەو ڕەواجی هەیە، گرنگە بزانین ئەم لێخۆشبونە مانیفێستی ڕۆحی جەنگاوەرانەی کورد نیە بەڵکو ئەوە هێزی مل کەچ کەرە، ئەوە کوردی بووە کۆیلەیەکە لەدوژمنەکانی خۆی خۆش دەبێتو ئایدیای دوژمنی نیەو دنیا بەدەشتێکی کاکی بەکاکی دەزانێو دوژمنو دۆست لەم دەشتەدا وەك یەکن. لەمێژە کە هێزی مل کەچکەر کۆیلە، باڵی بەسەر ڕۆحی کوردیدا کێشاوەو تەنیا خۆیو دنیای کوردی کردۆتە گۆرەپانی مانیفێستی خۆیو لێرەوە لەهەموو تاوانەکان، جاشەکان، ناپاکیەکان دوژمنەکان، ئەنفالو هەڵەبجە خۆش دەبێت. ئەو لێخۆش بوونە لە گەورەیی ڕۆحی ئەو هێزەوە نەهاتووە بەڵکو لەترسو ترسنۆکیو ڕقی ئەم هێزەوە هاتووە هەم لەعەدالەتو هەم لە خودی خۆی. ئەم هێزە مل کەچە کە باڵی بەسەر ڕۆحی کوردیدا کێشاوە دەڵێ (ئەوەی ڕوویدا ڕوویداو باپەڕەیەکی تازە هەڵبدەینەوە) چونکی ناتوانێ ڕووبەڕووی واقیعی خۆی ببێتەوە، چونکی ناتوانێ ئازابێو پێدا بگرێت لە سەر مافو بوونی خۆی، لەبیرمان بێت کە ئەو هێزە لەسەر بەخۆیی ڕادەکا، هێزێکیش دەتوانی داوای عەدالەت بکا کە سەر بەخۆیەو دڵنیایە لە بوونی خۆیو عادل بوونی مەسەلەکانی خۆی. ئەمڕۆ ئەنفالو هەڵەبجەو تراژیدیاکانی دی لەسەردەستی ئەو هێزە مل کەچ کردووە، کۆیلەیە بونەتە یادێك، هەلێك، بۆنەیەك تاتێیدا پەخشانەکان بڕازێنرێنەوە نەك تێیدا داوای عەدالەت بکردرێ. ئەم هێزە کۆییلایەتی پەرستە لەعەدالەت دەترسێو هەربۆیەشە زوو خۆش دەبێ، گەر دوژمن ڕابکێشرێتە سەر مینبەری دادگایی کردن ئەم هێزە پڕ لەڕقو بوغزە لە خۆو لەژیان وەك ئەوە وایە خۆی ڕاکێشرابێتە ناو دادگاوە. ئاخر لەبیرمان بێت ئەنفال دروست کراوی هاو پەیمانیەتێکی نێوان دوژمنو ئەم هێزەمل کەچ کردووەیە کە هەردووکیان لەسەر خوانی ئەخلاقی کۆیلەدا یەك دەگرنەوە. ئەوەی ژەهری باران بەسەر هەڵەبجەدا لەگەڵ ئەوەی بازنەی دەستی ئافرەتانی هەڵبجەی دەرهێناو دزیو دەستەکانی ئافرەتانی هەڵەبجەی بڕی، گوارەی گوێی ئافرەتانی هەڵبجەی دەرکرد تابیفرۆشێ لەیەك هاوپەیمانێتی جەهەنەمیدا بوون واتە کوردایەتیو فاشیزمی بەعس هەردووك هەڵەبجەو ئەنفالیان خولقاندو ئەنفالو هەڵەبجە دیاری کۆیلەکانی کوردو عەرەب بوو بۆ جڤاتی کوردی. ئیدی چۆن دەشێ کۆیلەی کورد داوای عەدالەت بکا، ئاخر خۆی خولقێنەری ئەنفالو هەڵبجەیە هاوڕێ لەگەڵ دوژمنەکانی جڤاتی کوردا، ئەوەی ئەمڕۆ لەکوردو دنیای کوردا باڵادەستە ئەو هێزە مل کەچ کەرەیە کە بەشدارە لە خولقاندنی ئەنفالو هەڵەبجەدا. لێخۆش بوونی ئەم هێزە لەدوژمن بەرمەبنای ئەخلاقی سەروەرو ئەخلاقی جەنگاوەرانەی کورد نیە بەڵکو بەرمەبنای ترسنۆکیو بێباکیو بەتەنگەوە نەهاتنی کوردە بۆخۆیو ماڵی خۆی، تا ئەم کۆیلەیە حوکم بکات عەدالەت بەدەست نایەت، تا ئەم هێزە مل کەچ کردووە باڵادەست بێت کە ئەمڕۆ خۆی لەکوردایەتیدا دەبینێتەوە کورد ماڵی پڕ شپرزەییو عەدەمیەتو ناعەدالەتیو ناجوامێریو کۆیلەیی دەبێت. بەمانایەکی دی تا ئەم هێزە باڵادەست بێت کورد کۆیلەی

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، کەواتە لێخۆش بوونی ئەم هێزە لەسەروەری بوونەوە نەهاتووە بەڵکو لە ترسنۆکیو لەکۆیلە بوونیەوە سەرچاوەی گرتووە.

تایپی کۆیلە یان هێزی مل کەچ کردوو نەك دەرگیری تۆڵە سەندنەوەیە بەڵکو ناتوانێ موعجیب بێت واتە ناتوانێ خاوەنی توانای دەربڕینی ئیعجاب بێت بەرامبەر بەشتی مەزن، کاری مەزن، داهێنانو شاکاری گەورە، ناتوانێ ڕێز بگرێتو عاشق بێت. تایپی هێزی مل کەچ کردوو نەدەتوانێ ڕێزی خۆی بگرێتو نەڕێزی هاوڕێو نە دوژمن. ئاخر ڕێزگرتن بەرهەمی توانای هەست کردنە بە (awe) واق وڕمان لەبەردەم شکۆمەندیدا. لەشکۆمەندیدا (Sublime) ئەوەی شوێنی سەرنجە ئەو توانایەیە کە کەسێك هەست بەواق وڕمان، مەزنی بکا. ئایین کە باس لەم هەست کردنە دەکا بەشکۆمەندی خۆی موڵکی سەروەرە. ئایین موڵکی جەنگاوەرە نەك کۆیلە، کۆیلە لەئاییندا شکۆمەندی دەکوژێو رووتی دەکاتەوە بۆ سرووتو رۆتینو هەندێ پەیڕەوو پرۆگرامی رۆژانە بەڵام کەسی جەنگاوەر لەئاییندا مەفتونی شکۆمەندیە هەر بۆیەشە دەتوانێ ڕێزبگرێو توانای هەبێت ڕێز بگرێت. کەسی جەنگاوەر سەرقاڵی ڕێزەو کۆیلەش لەدەرەوەی ڕێز دەژی، ئەو کاتەی کە ئەخلاقی کۆیلە، وەکو ئەمرۆی جیهان، باڵ دەکێشێ بەسەر جیهاندا ئەوکاتە ڕێز دەمرێ، ڕێز لەخوداوەند، ڕێز لەکتێبە پیرۆزەکان، ڕێز لەدایكو باوك، ڕێزی گەورەکان، ڕێز لەعارفو فەیلەسوفەکان، ڕێز لەخودی ئینسان بوون. ئەو کاتەی کە خودا دەمرێت ڕێزیش دەمرێت، چەندە پووچە وابزانین ئەو ئایدۆلۆژیایانەی قسە لەکەرامەتی ئینسان دەکەن دوای ئەوەی خودایان ترۆر کردووە دەتوانن ڕێز لەئینسان بگرن هەرئەمەشە عەدەمیەتی مۆدێرنتی. مۆدێرنتی واتە بەخشینی وەهم بە ئینسان کە گوایە مقیاسی شتەکانە، بەڵام دوای ئەوەی کە هەر خودی مۆدێرنتی هەمووو بەهاو نرخو مقیاسێكو ڕێزو پیرۆزیەك دەکوژێ. مۆدێرنتی واتە مەرگی شەرمو ڕێزو پیرۆزیو خودا، کە خودا مرد لەگەڵیدا ڕێزو شەرمو پیرۆزیش دەمرن ئینسانێکی رووتی بووە بابەت، شتو مەك، مادەی خام لەوێ دەمێنێتەوە کە بێ گومان دەبێ کۆنترۆڵ بکرێ چونکی بێ شەرمو ڕێزو خوداو پیرۆزی، ئینسان تاسەر ئێسقان هەمەجیەو هەموو شتێك دەکا، هەر لەتەجاوز کردن بەدایکی خۆیەوە تاکو کوشتنی ئینسانەکانی دیکە. لەمۆدێرنتی‌دا کە خودا ترۆر دەکرێ بۆ ئەوە نیە ئینسان ئازاد بێ بەڵکو بۆ هێنانەوەی بەهانەیەکە بۆ کۆنترۆڵ کردنو دیسپلین کردنی ئینسان، ئاخر کە خودا نەما، ڕێزنەما هەمووشت ڕەوایە. ئیدی دەبێت تێبگەین کە مۆدێرنتی بەرمەبنای ئەخلاقی کۆیلەیە، بەرئەنجامی شۆرشو ئاشوبی کۆیلەکانە نەك سەروەرەکان، بەتکا بۆ تێگەیشتن لەم خاڵە میراتی چوارسەد ساڵەی فیکری (خۆرئاوا) بخوێننەوە.

تایپی هێزی مل کەچ کردوو چاوی بەرایی نایەت جوانیو مەزنیو داهێنان ببینێ. ئەم تایپە، ئەم هێزە، ناتوانێ عاشق بێت بەڵکو تەنیا دەیەوێت مەعشوق بێت. عاشق بوون واتە انطلاق کردن، ریسك کردن، موغامەرەکردن، جەنگ کردن، لەخۆ بوردن، جوامێریو بۆ سەلماندنی بەهاو ڕێزی خود عاشق دەبێت بجەنگێو بیسەلمێنێ کە بەهادارە، واتە دەبێت کرداری هەبێت، بەڵام تایپی مل کەچ کردوو، کۆیلە، ناتوانێ کرداری هەبێت. ئەو تەنیا کرداری لەسەرەوە دەکردرێت، عاشق بوون بۆ ئەو مەحاڵە. لێرەوە هەمیشە گلەیی سەرەکی ئەو ئەمەیە (خۆش ناویستریێ) کەس نیە ئەمی خۆش بووێ، لەجیاتی ئەوەی کە خۆی بەکرداری عیشق هەڵبستێ بوون بەمەعشوق، لەجیاتی عاشق بوون ئەخلاقی کەسی مل کەچ کردووە. لەبیرمان بێت ئەم هێزە ناتوانێ کردار بنوێنێ عەشقیش سەرتاپا کردارە. کەسی مل کەچ کردوو، کۆیلە، هەر خەریکی دابەش کردنی لێپرسراوێتیە بەسەر ئەوانی دیکە دا جگە لەخۆی، خۆی لێپرسراو نیە لە هیچ شتێك، هەموو کەس لێپرسراوە لە هەموو شتەکانو رووداوەکان جگە ئەم، ئەوانی دیکە لێپرسراون کە ئەم ژیانی خراپە. بەدبەختی ئەم ئەوانی دیکە لێی بەرپرسیارنو ئەم بێ گوناهە. تایپی کەس یا هێزی مل کەچ کردوو ناتوانێ بۆ جارێکیش لێپرسراوێتی ژیانی خۆی بگرێتە ئەستۆ. لێرەوە مەبەستێتی کە هەموو ئەوانی دیکە بەخراپ لەقەڵەم بداتو خۆی بێگوناح. "هەموو کەس بەدە کە واتە من زۆر چاکم" ، هەر ئەمەیە پرنسیپی هێزی مل کەچ کردوو کە ئەم هێزە لەبەدی ئەوانی دیکەدا چاکەی خۆی دەبینێتەوە کە ئەمە خۆی تۆڵە

سەندنەوەیە لەحاڵەتی بێ چالاکیو بێ ئیرادەیی خودی ئەم هێزە. ئەم هێزە ناتوانێ بۆ تەنها جارێکیش بووە لێپرسراوێتی ژیانی خۆی بگرێتە ئەستۆی خۆی. رۆحی ئۆرستۆکراتیش دەڵێ "من جوانم من بەختیارم من چاکم". کەواتە لە تایپی جەنگاوەردا جەغد کردنەوە هەیەو لەگوزارەی هێزی مل کەچ کردوودا نەفی کردن هەیە. لەرۆحی کوردییدا کە شانۆیی ئەم جەنگەیە لەنێوان هێزی جەنگاوەرو مل کەچ کردوودا (کۆیلە) بەم شێوەیە ئەو کێشمەکێشە خۆی بەیان دەکات:- لە هەر کاتێکدا هێزی جەنگاوەر لە رۆحی کوردیدا باڵادەست بێت، پێزانینی جوانیو داهێنان لەدنیای کورددا خۆی بەیان دەکات، کاتێ ئەو هێزە باڵادەست دەبێت، داستانەکانی عیشق تۆمار دەکرێنو ریسکو موغامەرەکردنو جەنگو لەخۆ بردوویی و جوامێری لەلوتکەدایە. کاتێکیش هێزی مل کەچ کردوو و کۆیلە باڵادەست دەبێت هەست کردن بەجوانیو مەزنیو داهێنان لەسفر دایە چونکە ئەم هێزە چاوی بەرایی نایەت کەداهێنانو جوانی ببینێت. لەوکاتەدا کە ئەم کۆیلەیە باڵادەستە نەك عەشقو عاشق بوونو تۆمار کردنی داستانەکانی عەشق نابینین بەڵکو مەرگی عەشقو هاوڕێتیو داستانە مەزنەکان ئەو تەرمانەن کە دەبێ لەتەکیاندا مامەڵە بکەین. کە هێزی کۆیلە لە رۆحی کوردیدا باڵادەست دەبێت، تەنیا بوغزو کینەو فێڵو درۆکردن درۆینە دەکەین لە موڵکی کورددا.

ویژدانی بیمار کە ویژدانی کەس یان هێزی مل کەچ کردووە، ئەو ویژدانەیە کە **یەکەم**: ناتوانێ لەسەر دنیا کار بکا، ناتوانێ لەتەك ئەوانی دیکەدا بجەنگێ، لەجیاتی ئەوە دەگەڕێتەوە ناو خۆی، واتە مەجرای بزووتنەوەکە بەرەو دەرەوە نیە بەڵکو بەرەو ناوەوەیە. چ بزووتنەوەیەکو چ کردارێك؟ کردار نا بەڵکو پەرچە کردارێك بەرەو ناوەوەی، بوغزو رقو کینەو تۆڵە. رق بوون لەخۆو لە هەموو شتێکی ماڵی خۆ چونکە ئەم هێزە ناتوانێ بکەر بێت، ئەکتەر بێت، لێرەوە کرداری ئەو بریتی‌یە لەبردنە ناوەوە (Internalization).

ویژدانی هێزی مل کەچ کردوو ویژدانێکی بەدە، ویژدانێکی بیمارو پەشێواوە، ویژدانی بیمارو شپرزە ئەو ویژدانەیە کە تەنیا سەرقاڵی ژماردنو کەڵەکە کردنی ئازارە، بۆ ئەوەی بە ئەوانی دیکە بڵێ "ئەها دەبینن ئێوە چیتان لە من کردوە". کەڵەکە کرنی ئازار بەو مانایە نایەت کە شەهامەتی بەرگە گرتنی ئازاری هەبێت. واتە هێزی مل کەچ کردوو سۆفی‌یەك نیە لەئازاردا هۆکارێك بدۆزێتەوە بۆ گەورە بوونو کامڵ بوون، وەك عاشقێك نیە کە لەئازاری عەشقدا تەئکید کردنی خۆی بسەلمێنێ، بەڵکو ژماردنی ئازار تەنیا بۆ ڕاکردنە لە لێپرسراوێتی خۆیو بەشەیتان کردنی ئەوانی دیکە. لای هێزی جەنگاوەر ئازار بەرۆحانی دەکرێو ووزەیەکە کەکەسی جەنگاوەرو کەسی ئۆرستۆکرات بەهۆیەوە جیاوازی خۆی دەسەلمێنێ. لای ئەم هێزە ئازار تێپەڕ بوونە بە حاڵەتێکی نەشازدا واتە نەتوانینی بەخشین، ئاخر بەخشین کاری ئەم جەنگاوەرەیە. دوو چرکە ساتی ئازاراویی لای جەنگاوەر بوونیان هەیە: ئەو چرکە ساتە ئازاراوییە کە تێیدا نەتوانێ بەخشندەبێت، یاخود ئەو چرکە ساتەی کە ناچار بێت وەر بگرێت، بەخشندەیی واتە داهێنان بوونی هێزی کردار نواندن، وەرگرتنیش واتە بوون بەهێزێکی کار لەسەر کراو. لای جەنگاوەر ئازار مانایەکی دیکەی ئۆنتۆلۆژی هەیە لەکاتێکدا لای هێزی مل کەچ کردوو ژیان بۆیە بێ مانایە چونکی ئازاری تیایەو ئازار بۆ کۆیلە مایەی بێزاریو هەڵاتنە. لای جەنگاوەریش ژیان بۆیە قەشەنگە چونکی پڕە لەئازارو توندو تیژی، ژیان کەر نەڤاڵی ئازارەو ئازاریش تاقی کردنەوەکانی ژیانە. کەس یا هێزی مل کەچ کردوو لە ئازاردا بەهانە دەدۆزێتەوە بۆ بەخشینەوەی تۆمەتو گلەیی بەسەر ئەوانی دیکەدا (من ئازار دەچێژم کەواتە ئەوانی دیکە لێپرسراون) لای جەنگاوەریش ئازار مایەی سەربەخۆییە (من ئازار دەچێژم، کەواتە من هەم) لەکاتی ئازاردا جەنگاوەر دەڵێ چی لەمندا هەڵەیە؟ هێزی مل کەچ کردووش دەڵێ (من ئازارم هەیە هەمووشت لەئێوەدا هەڵەیە). ئەوکاتەی لەرۆحی کوردا جەنگاوەر باڵادەستە ئەوکاتە مامەڵەیەکی جوامێرانە، سەرووەرانە لەگەڵ ئازار دەکرێ، واتە رۆحی کوردی لە ئازاردا بوونی خۆی دەبینێتەوە، مۆسیقای غەم ئەنگیزی کوردی شاهیدی ئەم حاڵەیە بە تایبەتی ئاوازی گەرمیانیو مۆسیقای ڕەفیق چالاکو حسەین عەلیو عایشە شانو سێوەو محەمەد عارف جەزراوی سەرجەم ئەمانە مۆسیقای غەم ئەنگیزن بەڵام غەمی

جەنگاوەرانە. ئەو غەمەی لە مۆسیقای رەفیق چالاك یان حسەین عەلیدا هەیە غەمێكی وجوودیـەو پەخشـكردنەوەی گلـەییو لێپرسراوێتی نیە بەسەر ئەوانی دیکەدا، بەڵکو غەمێکە لە بەتەنگەوەهاتنی رۆحی کوردی‌یەوە بۆخۆیو بۆ بوونـەوە هـاتووە. کـاتێك گـوێ لـەرەفیق چـالاك یـا حوسـەین عـەلی دەگرین غـەمێك سەرتاسـەر دات دەگـرێ کـە دەتباتـەوە بـەرەو پرسـیارە بنەڕەتیەکانی بوون، هەرگیز بەهانە داناتاشیو هەڵ نەیەیت لەلێپرسراوێتی کورد بوون، رەفیق چالاك بەو هەموو سۆزو غەمو ناسـۆرەیەوە عاشـقی ژیانـە نـەك بـێزەوەر لـەژیان. حوسـەین عـەلیش کـە تۆمـارێکی ئـاوازی گەرمیانـە، دەر بڕێکـی رۆحـی جەنگاوەری کوردە لەکاتی پشووداندا نـەك شکسـتدا. غـەمی کـوردی کـە لەمۆسـیقای رەسـەنی کوردیـدا خـۆی بـەیان دەکـا بەرهەمی دیدی جەنگاوەرە نەك هێزی مل کەچ کردوو. هێزی مل کەچ کـردوو توانـای غـەم خواردنـی نیـە، ئـەوە جـەنگاوەرە غەمبارە، ئەوە جەنگاوەرە بیر لە مـەرگ دەکاتـەوە. لـێرەوە دانـە پـاڵی تۆمـەتی مـەرگ پەرسـتی بـەکلتوری کـوردی وەکـو موتڵەقێك گوناهێکی گەورەیە، زوڵمێکی بێ سنورە، چونکـی کلتـوری کـوردی هـەر وەك چـۆن مـەیدانی کۆیلەکانـە، ئاوهـاش گۆڕەپانی هێزە سەروەرەکانە بەخۆیانو مۆسیقاو ئەدەبیاتو رۆحانیەتە پڕ لەژیاندۆستیو بوون پەرسـتەکەیانەوە. ئێمـە لـە رۆحی کوردی تێناگەین تاکو گوێ لەمۆسیقای کوردی نەگرین، ئەو مۆسیقایەی کە مـەیدانی جـەنگی ئـەم دووهێزەیـە، هـێزی جەنگاوەر یا سەروەرەکانو هێزی مل کەچ کردووەکان، هەموو حوکمێکی موتڵەقیش کە (ئا ئەمە رۆحی کوردیە) (ئـا ئەمـە کۆمەڵگای کوردیە) حوکمێکی نیوە ناچڵە چونکە رۆحی کوردی هەر بە زوویی توشی شۆکمان (Shock) دەکـا بـەوەی کـە جۆرێکی دی خۆی بەیاندەکا. کە گوتمان کورد مەرگ دۆسـتە ئـەو ژیاندۆسـتیو جوامـێریو ئازایـەتی خـۆی نیشـاندەدا، کـە گوتمان ئازایەو ژیان دۆستە ئەو مل کەچیو کۆیلەیی خۆی نیشان دەدا. هەر بۆیەشە ئێمە لەو باوەڕەداین کە رۆحـی کـوردی ئاڵۆزترین رۆحە ئەو کەسەی پێی وایە کورد بونەوەرێکی سادەیەو زۆر زوو خۆی بەدەستەوە دەدا زۆر بەهەڵەدا چووە، کورد مەخلوقێکی ئاڵۆزە لە دنیادا بەڵام لەبەر نەبوونی میراتی بیرکردنەوە ئەم مەخلوقە بـیری لێ نەکراوەتـەوە پەخشـانێکی زۆری لەسەر نوسراوە بەڵام هەرگیز نەبۆتە مادەی بیرکردنەوە. دەبێت بڵێین کە هیچ تیۆرێکی هاوچەرخ نیە لەمەڕ ناسیۆتالیزم کـە بتوانێ مامەڵە لەتەك کورد بووندا بکا.

قسەکردن لەسەر کورد بوون پێویستی بەفەلسەفە هەیە، فەلسەفەش بەکورد نامۆیـە هێنـانی ئـەم یـان ئـەو ئایدیۆلۆژیـاو تەرجوومەکردنی هەر تیۆریەك، هێنانی رستەیەك لێرە لە (رێنان)وە، رستەیەك لەوێ لە (سمیس)ەوە، رسـتەیەك لـێرەوە لـە (گیلنز)ەوە رستەیەك لەوێ لە (فۆکو) یاخود (ماکس فیبەر)ەوە، مایەی بیرکردنەوە نیە. لەراستیدا هێنانـەوەی ئـەو رسـتانە خۆی مایەی بیرنەکردنەوەیە کوردانەیە. گەر دەمانەوێ لەکورد بگەین دەبێت تحفیەی مظغریە بخوێنینەوە، مۆسیقای کوردی گوێ لێبگرینو شی بکەینەوە رۆحی کوردی لەوە ئاڵۆزترە کە بەوعیبارەتانە شیبکردرێتەوە، تا بیرکردنـەوەی رەسـەن لـەناو خودی کوردا سەر هەڵنەدات ئێمە ناتوانین لەرۆحی کوردی بگەین. ئەمرۆی دنیای کـورد توشـی لەیـەك تـرازانو پەشـێویەکی رۆحـی بـووە، ئـەو رۆحـە چـواردەوری بـەئایدیۆلۆژیاکان گـیراوە، ئایدۆلۆژیاکـان کـە نـامۆن بـەم رۆحـەو لەبـەردەمیدا قـوت بوونەتەوە، بەڵام ئەم رۆحە ناتوانێ ریشەکانی ئەو ئایدۆلۆژیایانە بزانێ، ناتوانێ لەو قەیرانانەی کە ئەم ئایدۆلۆژیانە دروستی دەکەن تێبگا. ئەم رۆحە لەجیهانێکدا دەژی کە لەلایەکەوە بیر کردنەوەو کۆنترۆڵی لەسـەر شـتەکان نیـەو لەلایـەکی دیکـەوە بیرکردنـەوەش مولکـی خـۆی نیـە، گوتارەکـان مولکـی ئـەو نـین گوتارەکـان دێـنو ئـەم تـەنیا ئیعجـابی لەسـەرە بەرانبـەر بەگوتارەکانو دنیا. ئەم رۆحە دەچێت بۆ قوتابخانەو زانستەکان دەخوێنێ، ماتماتیك، فیزیا، کیمیا بەڵام هاوکێشەکانی ئـەم زانستانە لەبەردەکا بێ ئەوەی ریشەکانیان بزانێ بێ ئەوەی لەڕەوتـەکانیان بگـا، بـێ ئـەوەی بزانـێ ئـەم زانسـتانە لـەکوێوە هاتوون پێش ئەم زانستانە چی گوزەراوە، بێ ئەوەی لە کاریگەری ئەو زانستانە لەسەر مرۆڤایەتی تێبگا، بـۆ نموونـە تێناگـا کە ئەو زانستانە واخەریکن مرۆڤایەتی بەرەو مەرگ دەبەن، ئەمانە هیچی گیروگرفتی ئەم هێزە، ئەم کەسایەتی‌یە ئـەم رۆحـە نین. کاتێك ئەم رۆحە لەخۆی دەڕوانێ، جگە لە دووبارەکردنەوەی بابەتە سواوەکان زیاتر هیچی دیکـە نابینێتـەوە، دووبـارە

کردنەوەی شەڕە خێڵەکیەکان. زاتی کوردی لە خۆی دابڕاوە، واتە دابڕاوە لەوشتەی کە ڕۆژێك بووە، لەوشتەش کە بانگەشەی دەکاو لە کەوتنێکی گەورەدا دەژی لە بەردەم چوونە ـ ناو ـ بوون لەجیهاندا. لەبەردەم ئەو شکستەدا بۆ شاردنەوەی ئەو شکستەدا بەهانەکان دادە تاشیّ، بەهانەی ئەوەی بۆ ئەم لەمێژوودا شکستی هێنا، لێرەوە ئیسلام بەهۆی شکستی خۆی دەزانیّ، دابەشکردنی وولاّتی لەلایەن هێزە داگیرکەرەکان بەهۆ دەزانیّ دوژمنەکان نەیانهێشت ئەم بوونی هەبێت یاخود وەك پڕکردنەوەی ئەو شکستە خۆی بە مۆدە عەجیبو غەریبەکانی بازاڕی ئایدیۆلۆژیاکاندا هەڵدەواسیّ تا سنوری مەحوو کردنەوەی خۆی یاخود زیادە ڕۆیی دەکا لەوەدا کە قوربانی ئەوانی دیکەیە یاخود زیادە ڕۆیی دەکا لەوەی کە هەر قوربانی نیەو لەجیهانێکدا دەژی (کە هەموو شتێك بەچاکی دەڕوا) (وەکو ئەوەی دەیبیننەوە لەو گوتارە تازەیەدا لەسەر جیهانگیری کە مایەی بیرنەکردنەوەیە).

لە هەردوو حاڵەتەکەدا مەحوکردنەوەی هەم لێپرسراوێتیو هەم مەوزوعیەت، تێکەلّ کردنی ڕووداوو شتەکانو ڕەوتەکانیان بەرهەمی ئەم ڕۆحەیە، لەم ڕۆحە کوردیەدا گرنگ نەقد نەکردنی خۆیە، ئەم زاتە پشت دەکاتە هەرموغامەرەیەك ڕووبەرووی حەقیقەتی خۆی بکاتەوە. شپرزەیی ئەم هێزە لەوەدایە کەعەقڵی چەکێك نیە لەخزمەت حەقیقەتداو شوێنێکیش بۆ نەقدی خۆ بوونی نیە. ڕۆشنبیرەکانی لەکاتێکدا کە هەست بەبەرزی خۆیان دەکەن لەچاو کۆمەلاّنی خەلّکدا، لەهەمان کاتدا دوچاری خۆ بەکەم زانینێکی ترسناك بوونەتەوە لەبەرانبەر (خۆرئاوادا). ئەم دەستەو تاقمە لە جیاتی ئەوەی کە بەئارامیو لەئەنجامی بیرکردنەوەوە کاربکەن، زیاتر سەرقاڵی پاڵەوان بازین. تەنانەت ڕەتکردنەوەشیان بۆ دەستەلاّت بەرمەبنای بیرکردنەوە نیە، هەر بۆیەشە زوو خۆ بەدەستەوە دەدەن خۆ تەسلیمی دەستەلاّت دەکەن. ئەوانە نەخاوەنی مەرجەعیەتن، نە مەعریفە، ئامڕازێکی مەعریفی چیە لەبەردەستیاندا نیە. نەبوونی چەمکەکانو تێکستەکانو سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکانو قاموسەکان دەبێتە مایەی ئەوەی کە هەموو شت لەو نێوەندەدا بڕوا، جەهل، گێلێتی، فێلّ کردن، بوون بەحەربا ... هتد. مۆدەکان دێنو ئالۆگۆڕیان پێدەکریّو هێزێك نیە هەڵیانبسەنگێنیّو بیانخوێنێتەوەو نەقدیان بکا. ئەم بوونەوەرە کە (ڕۆشنبیری) پیّ دەڵێن گەر کەسێك نەقدبکا، بەقەولی خۆی، لەسیاق قسەکانو ڕستەکان دەردەهێنیّ نەقد ناکا بەڵکو تەشهیردەکا، کەسی بەرانبەر ناخوێنێتەوە بەڵکو لەئینسان بوونی دەخاو بەشەیتانی دەکاو سیفەتێکی موقەدەسو ئایدیالّ بەخۆی دەدا. تا ئێستا باسمان لەدوو هێز کرد، جەنگاوەرو ئەخلاقو جیهانبینی جەنگاوەر لەگەلّ هێزی مل کەچ کە ئەخلاقی ملکەچو جیهانبینی ئەو هێزەی کە لەملکەچیدا سەلامەتی ڕۆحی دەبینێتەوە. گوتمان ئەم دوو هێزە لەڕۆحی کوردیدا لە کێشمە کێشدان لە هەر چرکە ساتێکدا کام هێز بالاّ دەست بێت مۆرکی خۆی بەسیاسەتو ئەدەبو مۆسیقاو دنیای کوردەوە جیّ دەهێڵیّ. تا ئێرە باسمان لە مانیفێستی ئەم دوو هێزە کرد لەڕۆحی کوردیداو ئەنجامەکانی زالّ بوونی هەریەکێکیان. بەلاّم لەدەرەوەی ڕۆحی کوردی ئەو هێزە نەیارانە زۆرن کە لەسەر ئەم ڕۆحە، ئەم کارکتەرە کاردەکەنو مەبەستیانە بیکە نەجیّ مۆڵگەی مەبەستو ئامانجی خۆیانو ئەم ڕۆحە بکەنە سەرزەمینێك بۆ مەشق کردنی ئیرادەی خۆیان، لێرەوە کاریگەری ئەو هێزە دەرەکیانە لەسەر ڕۆحی کوردی بەئاشکرایی دیارە، ئێمە کاریگەری ئەو هێزانە لە داڕزانی ڕۆحی کوردیدا بەزەینی کەسی داگیرکراو لەقەڵەم دەدەین. مەبەستمان لەداگیر کردنو زەینو ڕۆحی کەسی داگیر کراو چیە ؟

# فینۆ مینۆلۆجیای زەینی کەسی داگیر کراو

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە  بوونی کوردستان وەك کۆلۆنیەكو کۆلۆنیالیزم وەك حاڵەتێك حەقیقەتێکی مێژوویی‌ەو لەمێژە کوردستان دەستو پەنجەی لەتەکدا نەرم دەکا ئەم حەقیقەتەش کۆمەڵێ کێشەو پرسیار لەسەر هەموو ئاستەکان لەخۆ دەگرێ هەر لەکێشە سیاسی‌یەکانەوە تاکو چۆنیەتی مامەڵە کردنی ئیبستمۆلۆژیو ئۆنتۆلۆژیانە لەگەڵ بوونو دەوروبەرو جیهان، دارشتنی فینۆمینۆلۆجیایانەی پەیوەندی هێزی داگیرکەرو هێزی داگیرکراو لەزۆر رووەوە سەقامگیر دەبێت لەژیانی رۆژانەو مامەڵە کردنی رۆژانە لەگەڵ جیهاندا واتە ژیان ـ جیهان. هەر ئەم رەهەندی رۆژانەیە حەقیقەتی  داگیر کردنە کە دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی بەدئیمانی (Bad Faith) لەزەینی کەسی داگیر کراودا. داگیر کردن بریتی‌یە لە سەپاندنی هەلو مەرجێکی نائاسایی بەسەر جڤاتو تاکەکاندا لەژیانی رۆژانەیاندا کە ژیانی جڤاتیشو تاکەکانیش دیارە بەهەموو رەهەندەکانیەوە. داگیرکردن کە حاڵەتێکی نا مرۆڤانەیە زۆر بۆ خەڵکی داگیر کراو دەهێنێت لەحاڵەتێکی زۆر نامرۆڤانەدا کە بپرسن ئەوان کێنو چی هەڵەیە دەربارەی ئەوان. بەڵام چونکی داگیرکردن حاڵەتێکی نائاسایی‌و نامرۆڤانەیە یەکەم بەرهەمێك کەلێی دەکەوێتەوە بریتی‌یە لە بەدئیمانی بەرانبەر بەخۆ واتە بەد ئیمانی کەسی داگیرکراو. بەدئیمانیش بەمانا (فانون)ی‌و (سارتەر)یەکەی واتە شێوەیەك لەدرۆکردن لەگەڵ خۆ وەك هەوڵێك بۆ راکردن لەئازادی، لێپرسراوێتی‌و ئینجا راکردن لەئینسان بوون. کەسی داگیرکراو (Colonized) لەجیهانێکی توندو تیژیدا، نا ئاسایی‌دا دەژی کە بوار بۆ مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ مەسەلەکاندا ناهێڵێتەوە. لەپەیوەندیدا بەهێزی داگیر کەرەوە، کەسی داگیر کراو کەسێکە خاپورکراوەو بێ هێزو ئیرادەیە لەبەردەم دەستەڵاتێکدا کە بەسەریدا سەپێنراوە.  هەلومەرجی داگیرکردن کارێك دەکا کە کەسی داگیرکراو شوێنێکی نەبێت، مافێکی نەبێتو لەم پەیوەندیە دەسەڵاتێتیەدا تەنیا پەیڕەو کردنو چۆك دادانی بۆ بمێنێتەوە. لەم هەلومەرجی داگیرکردنەوەو لەم پەیوەندیە دەستەڵاتێتیەوە زنجیرەی پەیوەندیە نا ئاسایی‌یەکانی ترو ناهەمواریەکانی دی دەست پێدەکا، پەیوەندی کەسی داگیرکراو لەگەڵ خۆی لەگەڵ هاوشاریەکەی‌و هاوکێشەکەی، لەگەڵ هێزی داگیرکەر ئەم زەنجیرەیەش لەنا هەمواریەکان ویژدانێك دەخولقێنن کە تەندروست نیە. ئەو ویژدانەی کە هەلومەرجی داگیرکردن لەکەسی داگیرکراودا پەروەردەی دەکا، ویژدانێکە بیمارو موبتەلا بە بەدئیمانی، بەد ئیمانیەك کە لەلایەکەوە قسە لەڕاکردن لە لێپرسراوێتی‌و ئازادی‌و بوونە ئینسان بوونی کەسی داگیرکراو دەکاو لەلایەکی دیەوە لەپەیوەندیدا بەهێزی داگیرکەرەوە قسە لەگەورەکردنی، بەمەزن کردنی هێزی داگیرکەر دەکا، لەلایەکەوە زیادەرۆیی لەبچوك کردنەوەی خۆو ناشرین کردنی ماڵو نیشتمانی خۆو لەلایەکی دیکەوە جوان کردنو مەزن کردنی نائاسایی یانەی هەموو شتێکی هێزی داگیرکەر پەیوەندیەك کە لەنێوان هێزی داگیرکەرو کەسی داگیرکراودا هەیە پەیوەندیەکی شتو مەکی‌یە (التشيء) واتە پەیوەندیەك نیە لەنێوان (من ـ تۆ)دا کە تێیدا ددانانی هاوبەش بە ئینسانیەتی بوونی یەکتر هەبێت، ئەو ددان پێدانانەی کە هیگڵ لە (فینۆ مینۆلۆجیای رۆح)دا باسی دەکا کە لەبەرئەنجامی جەنگەوە بەدەست دێت، بەڵام ددان پێدانانێکە بەئینسانیەتی یەکترو مافی بوونی یەکتر. لەجیاتی پەیوەندی من ـ تۆ یا ئێمە ـ ئێوە داگیرکرنو هێزی داگیرکەر پەیوەندیەك دەخولقێنێ لەپەیوەندی من ـ ئەو شتە دەچێ. لەم پەیوەندیەدا کەسی داگیرکراو ددانی پێدانانرێ وەك بوونەوەرێکی فرە رەهەندو خاوەنی بوونو ژیانو شێوازی خۆی، ددان بەبەهاکانی‌دا نانرێ، لەجیاتی ئەمە وەك شتومەك سەیر دەکرێو  بگرە دەکرێ بەشتومەك لەپرۆسەی داگیرکردنو لەو پرۆژەی موغامەراتەکانی هێزی داگیرکەردا. لەم پرۆسەی بەشتومەك کردنەدا یەك لایەنی ئینسانی بوونی هەیە ئەویش هێزی داگیرکەرەو یەك ددانان پیانان بوونی هەیە ئەویش ددان پێدانان بەبوونو ژیانو مافی هێزی داگیرکەر. ئەم پەیوەندیە خۆی بەهانەیە بۆ هەموو فەرمانو دیدو گوتارو هەڵسو کەوتی هێزی داگیرکەر،

چونکی تەنیا ئەو بوونی هەیە بونێکی ئینسانی. لەم پەیوەندیە شتومەکیەدا چەندە (من)ی هێزی داگیرکەر مەزن بکردرێت هێندە (من)ی کەسی داگیرکراو بچوك دەکرێتەوەو لەئینسانیەتی دەخرێ یا دادەبڕێ. ڕۆژانە هێزی داگیرکەر لەڕێگای ئەو هەموو کەناڵانەوە کە لەبەردەستیدان هۆشیاری زەینی کەسی داگیرکراو سیخناخ دەکا بە ئەو وێنانە، ئەو بۆچونانە کەباس لەوەدەکەن کە کەسی داگیرکراو ئینسان نیە بەڵکو شتومەکە، ئەم وێناکردنەش وەکو حەقیقەت بەیاندەکرێ و دامو دەستگاکانی هێزی داگیرکەر هەمیشە یادی کەسی داگیرکراوی دەهێننەوە لەم بەناو (حەقیقەتەوە). سەرەتا کەسی داگیرکراو وەك بوونەوەرێکی لاوازو بێ ئیرادە وێنا دەکرێ. لەڕێگای توندو تیژیەوە، دواجار گەمەکە دەبێت بە گەمەی لۆژیك. بەڵگەنەویستە کە ئەم پەیوەندیە شتومەکیەی نێوان هێزی داگیرکەرو کەسی داگیرکەر کراو (جڤاتی داگیرکراو) پەیوەندیەکی نادروستەو تەنیا ناتەندروستی بەرهەم دەهێنێ، هەربۆیەشە کەسی داگیرکراوو زەینی ئەو وەك بەرئەنجامێکی ئەم. پەیوەندیە دەبێتە بوونەوەرێکی نا تەندروست. نا تەندروست لەکۆمەڵێ ڕووەوە، لەڕوی ئیرادەوە کەسێکی بێ ئیرادەو لاوازو مشەخۆر لەڕوی رۆحیەوە کە کەسێکی بێ سەنتەرو خاوەن بەدئیمانی، لەرووی سیاسیەوە ناسەربەخۆو بێ توانای بڕیاردان... هتد. بەتێپەڕبوونی کات لەزەینی کەسی داگیرکراودا ئەو وێنەیە دەخولقێ کە هێزی داگیرکەر خاوەن توانایەکی لەرادەبەدەرەو کەسی داگیرکراویش ئادەمێکی لاوازوبێ دەسەڵات. ئەم وێناکردنە وێناکردنێکی ئیحتیقار ئامێزە، نەفرەت لەخۆو لەهەمووشتێکی خۆو ئیحتقار کردنی ماڵی خۆ. بۆچرکە ساتێك هەڵوێستەیەك بکەین و بیهێنینەوە یادمان کە ئێمە باس لەواقیعی کۆلۆنیالزم دەکەین بەگشتی و داگیرکردنی ماڵی کوردی بەتایبەتی کە تێیدا ئەو جۆرە پەیوەندیە شتومەکیە بەرکەماڵە. کوردستان لەدوای شەڕی چالدێرانەوە وڵاتێکی دابەش بووەو ئەم بەش بەگژ ئەو بەشی دیکەدا دەکرێتەوەو لەوسەردەمەوە شێواندنی زاتی کوردی دەست پێدەکات. هەروەها لەسەردەمی کۆلۆنیالیزمی خۆرئاواییدا دووجاران پرۆسەی داگیرکردن بەسەرماڵی کوردیدا دەسەپێنرێت، جارێك داگیرکردنی هەمووو ناوچەکە لە لایەن هێزە (خۆرئاوایی)یەکانەوە، دەسەڵاتی حوکم کردنی هێزی (خۆرئاوایی) بۆ جیهان و جارێکی دی لەڕێگای دابەشکردنی ئەو ماڵەوە بەسەر کۆمەڵێ دەوڵەتی نەتەوەدا کە ئەمانەی دوایی بەرۆڵی خۆیان وەك هێزی داگیرکەر هەمیشە مامەڵەیان کردووە. ئەم حەقیقەتەی داگیرکردن ئەو جۆرە لەپەیوەندی پەیوەندی شتومەکی و پەیوەندی دەسەڵاتێتی لەکوردستاندا پیادە کردوەو بەرهەمەکەشی ئەو زەینەی کەسی داگیر کراوە، واتە کورد، کە ئێمە لەرووی فینۆمینۆلۆجیەوە دەخوێنینەوە. پەیوەندی دەستەڵاتێتی لەهەل و مەرجی داگیرکردندا کەسی داگیرکراو دادەبەزێنێتە خوارترین پلەو هێزی داگیرکەریش بەئەفسانەدەکا. ئەم نمونەیە بەسەر هەموو پەیوەندیەکاندا، هەموو بووندا تەعمیم دەکرێ وەك پرۆسەیەکی خود بەخود، کلتوری هێزی داگیرکەر لەدیدی هەردوولاوە کلتورێکی ئینسانیە، رۆشنگەرە، عەقڵانیە، ماڵی ئەو پاك و بێگەردە، رێکخراوەو هەموو شتەکان مانای خۆیان هەیەو نەشاز بوونی نیە بەڵام کلتوری خۆ (مەبەستم لەکەسی داگیرکراوە) کلتورێکی نا عەقڵانی، نائینسانی و دواکەوتووە، ماڵی خۆ ماڵێکە پڕ لەئاژاوەو پیسی و دزێو ... هتد. کەسی داگیرکراو لەماڵەوە، لەقوتابخانە، لەدائیرە، لەپەیوەندیە عیشقیەکانیداو لەپەیوەندی بەهاوڕێکانیەوە هەستی خۆبوون و ئینسانی بوون لەدەست دەداو ئاسایشێکی نیەو رۆحی پڕە لەنائومێدی بەرانبەر بەچارەنوسی خۆی. ئەم پەیوەندیە شتومەکیە من ـ شتومەك، کە پەیوەندیەکی ناسالم و نائینسانییەو ویژدانی کەسی داگیرکراو داغان دەکا، یەك قۆناغی نیەو بگرە بەچەند قۆناغێکدا دەڕواو هەمیشە لەبەرزی و نزمیدایە.

لەسەرتادا دەشێت وەك بەرئەنجامی یەکەم بەریەك کەوتن قسە لەقۆناغێك بکەین بەناوی قۆناغی دروست کردنی وێنە دژ بەیەکەکان. لەم قۆناغەدا هەستی ئینسان بوونی کەسی داگیر کراو و غرورو هەستی بوون لەماڵی خۆ واتە نیشتمانی خۆ هەر هەموو دەچنە ژێر گوشارەوەو ئەو وێنانە کاڵ دەبنەوە کە کەسی داگیرکراو خاوەنیانە لەمەڕ خۆی و دەرگیر دەبێت لەگەڵ ئەو وێنە تازانەی سەبارەت بەخۆی و ئەوی دیکە کە هێزی داگیرکەر بۆی فەراهەم دەکا. ئەو وێنانەی کە هێزی داگیرکەر بۆ

ئەمی دروست دەکا باس لەم دەکەن وەك دواکەوتوو، بێ کلتور، بێ مێژوو (کەسێك خاوەن مێژووە کە بتوانێ ریسك بەژیانیەوە بکات). هێزی داگیر کەر هەر لەسەرەتاوە جەغد لەسەر ئەوە دەکا کەسی داگیرکراو گومانی لادروست بێت بەرانبەر بەبوونیو هەموشتێکی خۆی. هێزی داگیرکەر زەینی کەسی داگیرکراو سیخناخ دەکا بەکۆمەڵێ وەهمو ئەفسانە لەوانە (ئەو (کەسی داگیر کراو) ناتوانێ حکومی خۆی بکا) "نازانێ ئیدارەی مالّی خۆی بکا" (لەیاساکانی ئابوری تێناگا) (ئاینی ئەو هیچ نیە جگە لەسیحرو جادوگەری) (خاوەنی میراتێکی فیکری نیە) (ئەدەبیاتی ئەو زارەکییە (واتە پێش نووسین)، هەموو ئەم شتانە بەهەموو نەتەوەکانی دەرەوەی خۆرئاوا گوتراوون لەسەردەمی کۆلۆنیالیزمی کلاسیکەوە تا کۆلۆنیالّیزمی نوێ واتە تائەمڕۆ. هێزی داگیرکەر بوغزێك لەرۆحی کەسی داگیرکراودا دەچێنێ کە بەپلەی یەك ئاراستەی زاتی کەسی داگیرکراو دەکرێ، واتە رق بوونەوە لەخۆو لەهەمووشتێکی خۆ، کەسی داگیرکراو دەبێتە کەسێکی خەجالّەتی، خەجالّەت لەخۆو دنیای خۆو لێرەوە هەولّدان بۆ راکردن لەو خەجالّەتییە لەرێگای تانەو تەشەرگرتن لەزاتی خۆ. هێزی داگیر کەرو کەسی داگیرکراو دەچنە هاوپەیمانێتییەکەوە بۆ راگەیاندنی جەنگێك دژی بوونو نیشتمانو مالّی کەسی داگیرکراو. هێزی داگیرکەر لەنێومالّی کەسی داگیرکراودا ئەو دەستەو تاقمە دروست دەکا کە لەرێگەوەی ئەو وێنانە لەزەینی کەسی داگیرکراو بچێنێ. گەر کەسی داگیرکراودا خوێندەواربێتو سەربەو دەستەو تاقمەبێت کە (مەعریفەیەکی کەم) یا (مەعریفەیەکی تەنك)ی هەیە ئەم هەستە قولّتردەبێتەوەو جەنگێکی تەمام عەیارو دژ بەهەموو شتێکی خۆ، ئایینو کلتورو کە لەپووری خۆ رادەگەیەنیّو هێزی داگیر کەر بەم شێوەیە لە دەستەو تاقمە خوێندەوارەکاندا هاوپەیمانێك دەبینێتەوە بەلاّم بێ ئەوەی لەسەر ئاستی بەها هیچ نرخێکی بۆ دابنێ ئەوەتا دەلّێت (کە تۆلستۆیەکتان بەرهەم هێنا ئێمەش دەیخوێنینەوە) قەدری زات تەنیا بەوە دیاری دەکرێ کە چەندە کەسی داگیرکراو خۆی نزیك دەکاتەوە لەهێزی داگیرکەرەوە، چەندە لاسایی بەهاکانی دەکاتەوەو دەیانباتە ناوەوەی خۆی. ئەم پەیوەندیە لەپەیوەندیەکی دەستەلاّتەوە دەگوێزرێتەوەو دەبێتە پەیوەندیەکی جازبیەتی ویژدانی، ڕاڕایی لەنێوان سەرشۆڕکرنو تەبەعیەداو هەندێك جاریش کەلّکەلّەی رەفزکردنەوە بەلاّم رەفز کردنەوەیەك نا لەسەر ئاستی فیکرو هەبوونی پرۆژە بەلّکو لەسەر ئاستی کاولکاریو لەزۆربەی حالّەتەکانیشدا کاولکاری مالّی خۆ، واتە بواری مەدەنیو هۆکارە مەدەنییەکان. ئەم دوو فاقییە کەسی داگیرکراو بەرەو ریاکاریو درۆو فێلّو پاشقول گرتنی دەبات، ئەمانەش ئەو سیفەتانەن کە دەتوانین بەئەخلاقی کۆیلە لەقەلّەمیان بدەین. چ هیگلّو چ نیچەش پێ لەسەر ئەوە دادەگرن لەدوالیزمی کۆیلە ـ سەرەوەدا کە کۆیلە خاوەنی (Cunning) واتە زرنگییە بەمانای فیلّبازیو زرتی نەك هۆشیاری. لێرەوە درۆکردن لای کۆیلە، واتە کەسی داگیرکراو دوای ئەوەی دەبێتە سروشتی دووهەم جۆرێکە لە سەرکەوتن، باشترین درۆزنو خاوەنی درۆی گەورە بە کەسێکی سەرکەوتوو لەقەلّەم دەدرێو درۆ دەبێت بە بەشێك نەلە پێکهاتەی دەرونی بەلّکو کۆمەلاّیەتی کەسی داگیرکراو درۆ لەگەلّ خۆ، درۆ لەگەلّ خێزان، لەگەلّ هاوڕێکاندا لەئیدارە، لەسەر ئیش... هتد. ئەم بوونەی کەسی داگیرکراو دێتە بوون لەجیهانێکی موزەیەفدا، جیهانێك کە هیچ شتێکی تێدا واقیعی نیە جگە لەپەیوەندی داگیرکەرو داگیرکراو، ئیدی پرسیاری چارەنووس ساز نەسەرهەلّدەداو نەپێویستیەکیش بەدی دەکرێ کە پرسیار بکردرێ، خودی پرسیار دەبێتە دۆزینەوەی رێگا بۆ درۆکردنو ئەوی دیکە هەلّخەلّەتاندن. کەسی داگیرکراو کە ئەم وێنەیەی لاتۆخ دەبێتەوە وێنەی خۆی وەکو کەسێکی سەر بە کەسێکی دی نەك ئازاد کەسێك کە قەدەری ئەوە وابڕێ نەك ئەم حالّەتە دروستکراوی خۆی بێت هەموو قەدری خۆزانینێك لەدەست دەداو ئیمانی بەخۆی نامێنێت، ئیدی رۆحی، جڤاتی، هەر هەموو دەبنە مۆلّگەی نەخۆشی ئەوتۆ کە باس لەبێ ئیرادەیی ئەو دەکەن، وەکو رابەر پەرستن، هیوا بەستن بەرزگار کەرێك. لەدیدی ئەم کەسەوە رزگاری، گەر پێویست بکا ئەم پرسیارە بخرێتە روو، ئەوا بەرئەنجامی پرسیار کردنو گفتوگۆ کردنی کێشەکان نیە لەگەلّ هاونیشتمانیەکانی دی لە فەزای گشتیدا، بیرکردنەوەنیە لەکێشەکان لەگەلّ هاو دەردەکانیدا، چونکی ئەم لەبنەڕەتەوە لەفەزای گشتی کشاوەتە دواوەو بەفسکەفسكو لەودیو پەردەوە قسان دەکا، لەبەر ئەوە تەنیا

ڕێگایەك بمێنێتەوە یـا موئامەرەیـە یـاخود ڕزگارکـەرێك وەك دەسـتی قـەدەر. ئیـدی ئەمـە ئـەو حاڵەتەیـە کـە تێیـدا هـەموو تواناکانی دەمرن، بەهرە کۆمەڵایـەتیو سیاسـیەکانی دەپوکێنـەوەو بـڕوا بـەهێزی خـۆ دەگاتـە پلـەی سـفر. گـەر گۆڕانێکـی سیاسی یا ئابووری بخوازدرێ ئەوا دەبێت لەلایـەن هـێزێکی دەرەوە یـان کۆدەتایەکـەوە بێـت، واتـە هـەرگیز ئـەم پرسـیارە بەخەیاڵی کەسی داگیرکراودا نایەت (من دەتوانم چی بکەم لەگۆڕینی چارەنوسی خۆمدا؟) بەڵکو ئەم پرسیارە باوە (ئێمـەی کەی ڕزگارمان دەبێت). لەیادمان بێت ئێمـە بـاس لـەگروپێکی دیـاری کـراو ناکـەین بـەڵکو بـاس لـەزەینی کەسـی داگـیرکراو دەکەین. هێزی داگیرکەر هەمیشە ڕۆژانە لەسەر ئەوەکار دەکا کە ئەم بێ ئیرادەییەی کەسـی داگـیرکراو زیـاتر بچەسـپێنێو تۆوی ئەم بەدئیمانیە زیاتر لەناخیدا چەکەرەدەربکاو سەیرکردنی ئەوەی کەهەیە لەم پەیوەندیە شتومەکیو دەستەڵاتێتیەدا وەك پەیوەندییـەکی وجـودی کـە گۆڕینـی بۆنیـەو حاڵەتێکـە سروشـتیە. دوای قۆنـاغی وێنـا دروسـت کـردن دەشـێ قسـە لەقۆناغێکی دی بکەین لەزەینی کەسی داگیرکراودا ئەویش قۆناغی بەهانە داتاشینو سەرزەنشت کردنی ئەوی دیکەیە ئەمەش لەجەوهەردا تەواوکەری قۆناغەکەی ترەو جۆرێکی دیکەی مامەڵەکردنە بەرمـەبنای ئـەخلاقی کۆیلـە لەگـەڵ دنیـادا. لـەبیرمان بێت ئێمە باس لەقۆناغی مێژوویی ناکەین بەڵکو باس لەفینۆمینولۆجیای زەینی کەسی داگیرکراو دەکەینو ئەم گۆڕانانە، ئەم قۆناغانە لەسەر ئاستی هۆشیاریو ویژدانیو ڕۆحی ڕوودەدەن لەناو عەقڵی کەسی داگیرکراودا. وێڕای ئەمەش کە ئێمە جەغد لەسەر ئاستی هۆشیاری دەکەین مەبەستمان نیە ئینکـاری ئـەوە بکـەین کـە ئـەم گۆڕانانـە مانیفێسـتی (دەرەکـی)یـان نیـە. هەروەك چۆن لەدیالێکتیکی سەروەر ـ کۆیلەدا لـە (فینۆمینۆلۆجیـای ڕۆح)دا هیگـڵ لەسـێ مانیفێسـتی خـود هۆشـیاری ئـەو دیالێکتیکە دەدوێ. ڕواقیەت (StoIcism)، گومانێتی (Skepticism)و هۆشیاریەکی بەدبەخت[١٦] وەك قۆناغ یا ئەگەری ناو خود هۆشیاری، گەشتی ڕۆحی موتڵەقدا بەڵام مانیفێستی دەرەکی یا مێژوویشیان هەیە لەسەرهەڵدانی قوتابخانەی فیکرو بـۆ چونی ئاینیدا لە مێژوودا کە هیچ نیە جگە لەگەشتی ڕۆح. هەرچی پەیوەندی بەزەینی کەسی داگیرکراوەوە هەبێت دەڵێن لـە سەرەتادا وێنەکان بۆ دیاری کردنی جێگاو شوێنی کەسـی داگـیرکراون لەهاوکێشـەی داگیرکـەر ـ داگـیرکراوداو هەسـت کـردن بەبێ ئیرادەیی ناوی گەمەکەبوو. بەڵام لەقۆناغێکی تـردا بەهانـەکان، گلـەییو گازندەکـان لـەخۆوە دەچنـە دەرەوەو کەسـی داگیرکراو هەروەك کۆیلەی ناو دیالێکتیکی سەروەر ـ کۆیلە پێویستی بەکەسێکە بیکاتـە لێپرسـراو بەرانبـەر بـە تراژیدیاکـانی ژیانی. ئەم قۆناغەش ڕاکردنە لەلێپرسراوێتیو دووبارە ئەوە بەدئیمانیـیە کە فەرمانڕەوایەو (تۆ بەدیت بۆیە من چـاکم) نـاوی گەمەکەیە. ئەمە بەومانایە نایەت کە پەیوەندیە کە گۆڕاوە یاخود ئەو پەیوەندیە شتومەکیە عادلانەیەو هێزی داگیرکەر بێ گوناه، بەڵکو هاوکێشەی ئەم دابەشکردنەی لێپرسـراوێتی بەسـەر کەسـانی دیکـەدا فێڵێکـە بـۆ پرسـیار نـەکردن لـەڕۆڵی خـۆ لەمەڕبوونو ژیانی خۆوە. لێرەدا کەسی داگیرکراو لەحاڵەتی ئینکارکردن (Denial)دا دەژی، ئینکارکردنی لێپرسـراوێتی خـۆ بەرانبەر بەژیانو چارەنوسی خۆو کەسێکیش لەئینکارکردندا بـژی جگەلـە خـۆی هـەمووو کەسـێکی دی بەلێپرسـراو دەزانـێ ئەوەش جۆرێکی دی هەڵاتنە لەمامەڵە کردنێکی تەندروستانە لەتەك ئـەوەی کـە هەیـە. گرنگـە ئامـاژدە بـەوەبدەین کـە ئـەم جۆرە مامەڵە کردنە هەنگاوێك نیە بەرەو ڕزگاریو سڕینەوەی ئاکامەکانی ئەو پەیوەندیە نادروستەی نێوان هـێزی داگیرکـەرو کەسی داگیرکراو، بەڵکو تاوانبارکردنی ئەوی دیکە دەکەوێتە سەرشانی نەك بەتەنیا ئەو هێزانەی کە ئەم (کەسـی داگـیرکراو) هـەرگیز نـاتوانێ ڕووبـەڕویان بووەسـتێتەوە یـاخود وەهمـین، بـەڵکو ئـەو کەسـانەش کـەنزیکن لەکەسـی داگـیرکراوە وە. لەگوتاری میللیو (سیاسی) کوردیدا دەتوانین ئەمە بەزەقی ببینینەوە کە تێیدا واتێزی کوریو کێشەکانی کورد وێنا دەکـرێ کە هەموو کەس تاوانبارە جگە لەکورد خۆی، هەندێك جاریش ئـەم تاوانبارکردنـە دادەبەزێتـە سـەر دەسـتەو تـاقمی کـوردی بەڵام دوای ئەوەی لەکوردی بوون دەخرێن. لێپرسراوکردنی ئەوانی دیکە لەبەدبەختیـەکانی خـۆ میکانیزمێکـە بۆشـاردنەوەی کەمتەرخەمیو بێ ئیرادەیی خۆ.

قۆناغی سێیەم دەشێ ناوبنێین قۆناغی توندوتیژی. کەسی داگیرکراو بۆ هەڵاتن لەترس و بێ ئیرادەییەک کە کەسی داگیرکەر تێیدا چاندووە لەتوندوتیژیدا وەک ئەڵتەرناتیڤێک چارەسەر دەبینێتەوە. توندوتیژی دەبێتە شێوازێک لەتەعبیر کردن لەتێکشکانە رۆحی‌یەکان . بەڵام گرنگە ئەوە لەیاد نەکەین کە ئەم توندو تیژی‌یە هاوشانی بیرکردنەوەیەک، ستراتیژیەتێک، تاکتیکێک، پرۆژەیەک نیە بۆ رزگاری. لەغیابی ستراتیژیەتیێکی سیاسی‌دا توندو تیژی تەنیا چاو لەتوندوتیژی دەبڕێ یا بەقەولێکی دی (توندوتیژی لەپێناو توندوتیژی‌دا) کە لەئەنجامدا خودی توندوتیژی دەبێتە ستراتیژیەتێک بێ ئەوەی ئەوە بزانرێ کە توندوتیژی بۆ؟ ئیدی توندوتیژی دەبێتە تەنیا هۆکارو زمانێک بۆ قسەکردن لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ئاراستە دەکرێت دژ بەخودی کەسی داگیرکراو. ئەم توندوتیژی‌یە لەپێناو سەندنەوەی مافە خوراوەکاندا نی‌یە، لەپێناو بەرز ڕاگرتنی ماناکانی ژیان و کەرامەتی ئینسانی‌دا نی‌یە بەڵکو ڕاکردنە لەلێپرسراوێتی و مامەڵە کردنێکی حەکیمانە لەگەڵ باروذۆخی داگیرکردنداو هەبوونی پرۆژەیەک بۆ دەربازبوون لەباروذۆخی قبوڵ نەبوو، کە لە دواجاردا توندوتیژی لەغیابی پرۆژەیەکدا خۆی بەمەزن دەکرێ، مەرگو کوشتن تەمجید کرنی بەپلەیەک کەباشترین و مەزنترین کەس ئەو کەسەیەکە کوژراوەو ڕەصیدی کۆمەڵایەتی خێزانێک لەڕێگای کوژراوەکانیەوە دیاری دەکرێ. لە بزوتنەوەی کوردایەتیدا ئەم حاڵەتە زۆر ئاشکرایە. سەدەی بیستەم سەدەی ڕاپەرینەکان و توندوتیژی‌وکوشتن و بەکوشتن دان و شەهیدبوونی هەزاران کەسی کوردو کەسانی ناو ئەو بزوتنەوەیەیە بەڵام ڕەصیدی کوردایەتی لە بواری فیکردا زۆر هەژارە. بەمانایەکی دی هاورێ لەگەڵ توندوتیژیدا پرۆژەیەکی نەتەوەیی بونی نەبووە، یاخود توندوتیژی لەپێناو پرۆژەیەکدا نەبووە بەڵکو خۆی بۆتە مەبەست. توندوتیژی بۆتە ڕەمزی بوون نەک هەولێک بۆ بونێکی چاکتر. شەڕکردن لەبەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانەوە نەهاتووە کە خۆی واتە بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕی بەر ئەنجامی بیرکردنەوەیە لە گۆرینی وەزعێک کەشایەنی قبوڵ کردن و بەرگەگرتن نی‌یە بۆ وەزعێکی ئینسانی تر، بەڵکو میکانیزمێکی کاتی‌یە بۆڕاکردن لەبیرکردنەوەیەکی عەقلانی لەباروذۆخی ناهەموار. لێرەوە ڕاپەرین سەر هەڵدەدا، سەرکوت دەکرێ، ڕاپەرینێکی دی، توندوتیژی و کوشتن و برینێکی دی بەڵام لەجەوهەردا باروذۆخێک کەدەبا بگۆڕدرایە، وەکو پەیوەندیەکەی نێوان هێزی داگیرکەرو کەسی داگیرکراو، ناعەدالەتی‌یە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکە هەروەک خۆی بێ‌دەست لێدان دەمێنێتەوە. لەدواجاردا تەمجید کردنی توندوتیژی دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی ئەو گروپ و تاقمانەی کەمۆنۆپۆڵی نوندوتیژی دەکەن و هەست بەناوازەیی خۆیان دەکەن و لەجۆرێک هەستی جەبەروتی‌یەوە وا دەڕواننە مەسەلەکان وەک ئەوەی هەموو شت بۆ ئەوان ڕەوایەو ئەوشتەی بۆ ئەمان ڕەوایە بۆ کەسی دی ڕەوانیەو بگرە قۆناغێکی مەترسیداری ئەم مامەڵەکردنە هەق بەخۆدانی ئەو گروپانەیە، حیزبانەیە، کەبڕیاردەری مافی ژیان و مەرگی کەسانی دی بن، کێ دەبێت بژێت و کێ دەبێت ترۆر بکردرێت. ئەوەی لەم قۆناغەدا کار دەکا هەرهەمان زەینی کەسی داگیرکەرە (واتە حیزب و نەیارەکانی دروستکراوی زەینی ئەون). پێ بەپێ هەموو بۆ چون و میکانیزمەکان پێکەوە کاردەکەن، واتە گرنگە ئەو وەهمەمان لادروست نەبێت، دیاری کردنی قۆناغ تەنیا بۆ تەشخیص کردنی ئەو زەینەیەو هەڵس و کەوتی کەسی داگیرکراو نەک باسکردن لەقۆناغێکی تەواو جیاوازو مێژوویی وەک ئەوەی قۆناغەکانی دی بەجێ هێشتبێت لەوکاتەشدا کە کەسی داگیرکراو پەنادەباتە بەر توندوتیژی و تەمجیدی دەکا هەرهەمان کەسە خەجاڵەتی و باوەڕ بەخۆ نەبووەکەی پێشووە. هەرهەمان کەسە نەخاوەنی فیکرێکی سیاسی ئاشکرایەو نەپرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی، هێز بەکار دەهێنێ بەڵام هەر لەهەمان زەینی کەسی داگیرکراوی خۆ بەهیچ نەزانەوە، ڕەنگە لێرەو لەوێ دەم لەتیۆریە شۆرشگێڕەکان بدا، ناوی چەند تیۆریسینێک لەقسەکانیدا فڕی بدا بەڵام لەڕووی زەین و بونیادی عەقڵییەوە هەرهەمان کەسە کە دەترسێ پرسیاری جیدی بکاو دەترسێ بێتە ژیانەوە لەدەرگایەکی فراوانی لێپرسراوێتی‌یەوە. یەکێک لە سیماتە دیارەکانی زەینی کەسی داگیرکراو نەبوونی ڕێک و پێکی‌یە لەبیرکردنەوەدا. شپرزەیی و هەڕەمەکی و تێکەڵ کردن و ئاڵۆزی و تناقضات و سادەیی و نەبوونی ئەرگیومێنتی عەقڵی

لەسیماتە دیارەکانی زەینی کەسی داگیرکراون. لەبیرکردنەوەو مامەڵە کردن لەگەڵ واقیعـدا زەینـی کەسـی داگـیرکراو توشـی سەرلێشێواوی‌و شپرزەیی دەبێت چونکی توانای ئەوەی نیە:

**یەکەم:** واقیع دەست نیشان بکاو ئینجا توانای رێکخستن‌و تەرکیز کردنە سەر واقیعی نیە.

**دووەم:** ناتوانێ بۆ چونەکانی لەساتێکی دیاریکراودا رێك بخا لەمەڕ ئەوشتەی کەدەیـەوێت بیڵێت یـا بـیری لێ دەکاتـەوە، ئیدی سەرەتای فەوزایەکی فیکری‌و هەڕەمەکی‌و گوتنی شتی دژ بەیەك لێرەوە دەستپێدەکا. زەینی کەسی داگیرکراو ناتوانێ دەربارەی هیچ مەسەلەیەك کـە پرسـیاری لێ دەکـەین بـیری لێبکاتـەوەو بۆچونێکـی ئاشـکرای هـەبێت‌و ئینجـا بتوانـێ چـەند پێشنیارێکت بداتە دەست لەمەڕ هەر کێشەیەکەوە. بیرکردنەوەی دروست‌و رێك‌و پێك کە مامەڵـە لەگـەڵ مەسـەلەیەکدا دەکـا سەرەتا ئەم پرسیارە دەکرێ (من لەگـەڵ چیـدا مامەڵـە دەکـەم)؟ واتـە پرۆسـەی دەرهاویشـتنی کۆمـەڵێ شـت لەمەسـەلەی شوێنی بیرکردنەوەو سنوردارکردنی مەسەلەکە. ئەمەش بۆ ئەوەی کە بیرکردنەوە لەمەسـەلەیەکی دیـاریکراو بەهەموولایـەکدا نەڕواو تەنیا جەغد لەسەر مەسەلەکە بکات. لێرەوە هەنگاوی دووەم پێناسەکردنی ئەو شتەیە کە شوێنی ئیشکالیەتە، یاخود پرسیاری ئەوەی ئەو شتە چی‌یە کە شـوێنی ئیشـکالیەتە لـەم مەسـەلەیەدا کـەمن مامەڵـەی لەتـەکدا دەکـەم. بیرکردنـەوەی دروست هەنگاوی سێیەم بەوە دەست پێدەکا کە ئەو هۆکارانە چین، هۆکاری مەعریفی وەك چەمك‌و زاراوەو تیـۆری‌و.. هتـد، ئەو شێوازانە چـین بـۆ مامەڵـەکردن لەگـەڵ مەسـەلەی شـوێنی بیرکردنـەوە، دواجـار دیـاریکردنی ئامـانج، واتـە ئامـانج چیـە لەبیرکردنەوە لەم مەسەلەیەی کە شوێنی بیرکردنەوەیە؟ لێرەدا مەبەستمان نیشاندانی ئەو راستی‌یەیە کە لەزەینی کەسـێکی سالمدا بیرکردنەوە جۆرە رێکخستنێك لە خۆ دەگرێ کە بەبێ ئەو رێکخستنە بیرکردنەوەی دروست مەیسـەر نـابێت. هـەرچی پـەیوەندی بـەزەینی کەسـی داگـیرکراوە وەهەیـە لـەغیابی ئـەم رێکخسـتنەدا لەگـەڵ ئیشـکالیەتەکاندا مامەڵـە دەکـا، هـەر لەهەنگاوی یەکەمەوە هەڕەمەکیەك‌و شپرزەیی‌یەك لەبیرکردنەوەیدا خۆی نیشاندەدا، سەرەتا ناتوانێ بزانێ مەسەلەی شوێنی پرسیار دیاری بکاو لەمەسەلەکانی دی جیای بکاتەوە، دواجار هەرگیز ناتوانێ پێناسەیەك بدات بەدەستەوە لەمەڕ ئەوشـتەی قسەی لەسەر دەکاو لەهەمووی ترسناك تر چەمکەکان ئامادەییان نیە لەبیرکردنەوی ئەودا، زەینی ئـەو چـەمك دروسـت ناکـا چونکی لەبنەڕەتەوە بیر ناکاتەوە، تەنیا زەینێك چـەمك دروسـت دەکـا کـە بیربکاتـەوە. دواجـار تێکـەڵ کردنـی کێشـەکان‌و چارەسەرە سیحریەکان پێکەوە بەرئەنجامی هەر بیرکردنەوەیەکە کەزەینی کەسی داگیرکراو پێـی هەڵبسـێ‌و ئینجـا سـەردەر گومی‌و حەیران بـوون بەرئەنجامەکەیـە. کـە پرسـیاری ئەوەشـی لێبکـەیت (چۆن؟) (ئـەم شـتانەی دەیـان لێیـت چـۆن بـەو شێوەیەن‌و بۆ؟)، ئەو زەینە بەتەواوی پەکی دەکەوێت لە رووی عەقڵی‌یەوە وەڵامێکی قانیع کەرت بداتەوە لەبەرئەوە یا پەنا بۆئینفعالات دەبا یاخود دەڵێت (ئەمە رای منەو هەموو کەسیش ئازادە رای خۆی هەبێت) گوتنی بەرای مـن میکانیزمێکـە بـۆ دەرباز بوون لەو شپرزەیی‌یە مەعریفی‌یەی کەزەینی کەسی داگیرکراو تێیدا دەژی، هەرلێرەشەوەیە کە لەلایەکەوە ئەو زەینـە لەقۆناغی پێش مەعریفەدا دەژی‌و لەلایەکی دیکەشەوە مەجزوبی هـەر ئایدیۆلۆژیایـەك، هەردنیابینیـەك دەبێـت کـە لەبـەهای مەعریفـە کـەم بکاتـەوەو پێـی بڵـێ (هـەموو راکـان وەك یـەکن)و ئیـدی زەینـی کەسـی داگـیرکراو لەرێژەگـەرایی‌دا بـۆ نمونـە سەلوایەکی رۆحی دەبینێتەوە.

بەموفارەقەیەکی زۆرەوە نەبوونی رێك‌و پێکی لەبیرکردنەوەدا لەلای دەستەو تاقمی رۆشنبیران زەقـتر خـۆی ئاشـکرادەکا چونکی ئەم دەستەیە ئیدعای بیرکردنەوە دەکاو بەرهەمەکەشیمان بۆ دەخاتە بەردەم. هەروەها دەرچوانی زانکۆو هـەڵگرانی شەهادەکان دووچاری ئەم ئیشکالیەتەن لەبیرکردنەوەدا.

خاسیەتێکی دیکەی زەینی کەسی داگیرکراو نەبوونی توانای قووڵ بوونەوەو توانای خوێندنەوەی واقیع یا هەرکێشـەیەك. سەرنجەکانی ئەم زەینە سادەن‌و بەتوێکڵی هەر مەسەلەیەك، بابەتێکەوە دەگیرسێنەوەو توانای تێپـەڕاندنی ئـەم قۆناغـەیان نیەو ناتوانن بگەن بەقۆناغی شی کردنـەوەو هەڵسـەنگاندن‌و نـەقدو ئینجـا حوکـم (Judgement). ئـەم زەینـە کـورت بینـە

توانای ئەوەی نیە کە چینەکانی کەڵەکەبوونی هەرکێشەیەك یەك بەیەك یەکاڵابکاتەوە تاکو بگاتە کرۆکی کێشەکە.لێرەوە ئەحکامەکانیشی لەلایەکەوە بەرهەمی شیکردنەوەو بیرکردنەوەنین بەڵکو ئەحکامی سەرپێیی‌و هەڕەمەکین، لەلایەکی دیکەوە هیچ بەهایەکی مەعریفیان نیە. لەکاتێکدا زەینی کەسی داگیرکراو نەتوانێ لەگەڵ دیار دەیەك، کێشەیەك، مەسەلەیەکدا بەرێك‌و پێکی‌و بەرمەبنای بیرکردنەوەیەکی دروست مامەڵەبکا، بێ گومان قودرەتی ئەوەشی نابێت کە ئەو کێشەیە، ئەو مەسەلەیە، ئەو دیاردەیە پەیوەست بکاتەوە لەگەڵ دیاردەو کێشەکانی دی‌و لەبۆتەقەیەکدا کۆیان بکاتەوە تاکو بتوانی دیدێکی سەراپاگیری هەبێت بەرانبەر بەشتەکان. لێرەوە خاسیەتێکی تری زەینی کەسی داگیرکراو نەبوونی دیدێکی سەراپاگیرییە، لەڕاستیدا نەبوونی دنیابینییە ئەوەی کە هەیە تەنیا Fragments (شذرات)ن دەربارەی دنیا کەپرن لەکەم‌و کوڕی‌و بێ توانایی لەنیشاندانی وێنەیەك بەرانبەر بەدنیا. زەینێك دەتوانێ خاوەنی دنیابینی بێت کە خاوەنی قودرەتی شیکردنەوەی واقیع‌و خاوەنی میکانیزمەکانی بیرکردنەوەبێت تاکو لەرێگاوەی بۆچوونە پشت ئەستوورەکان بەمەعریفە بەرهەم بهێنێ. بەڵام زەینی کەسی داگیرکراو کە بەدەست نەبوونی توانای بیرکردنەوەی نەقدییەوە دەناڵێنێ هیچ دنیابینییەك بەرهەم ناهێنێت. زەینێك کە قودرەتی جیا کردنەوەی مەسەلەکانی نەبێت، سیاقە جیاوازەکان لێك جیانەکاتەوە، قۆناغی سەرنجدان بەجێ نەهێڵێ‌و ئینجا توانای بینینی کارلێك کردنی پەیوەندیەکانی دیاردەکانی نەبێت‌و نەقدیانە مامەڵە نەکاو صەبری لێکۆڵینەوەی نەبێت‌و توانای تەرکیز کردنی نەبێت دیارە ناشتوانێ بزانێ چی لەدنیادا دەگوزەرێ.

گرنگە ئەوە بزانین کە لەدنیای کەسی داگیرکراوداو لەو شوێنەدا ئەم زەینە باڵادەستە مەحاڵە باحس‌و فەیلەسوف لەدایك بێت چونکی زەینی کەسی داگیرکراو حەوسەڵەی بیرکردنەوەو صەرف کردنی جەهدێکی زۆری نیە لەسەر هیچ کێشەیەك، پرسیارێك. لەچاوپێکەوتنێکدا هایدگەر دەڵێت کە فەیلەسوفی گەورە ئەوکەسەیە کە هەموو ژیانی سەرقاڵی یەك پرسیار بێت، هەروەك چۆن هایدگەر لە هەموو ژیانیدا سەرقاڵی پرسیاری بوون بوو. ئەم داواکاریە بۆزەینی کەسی داگیرکراو کابوسە. چونکی حەوسەڵەی ئەوەی نیە کە هیچ کات لەسەر بابەتێك، یا کێشەیەك بۆ ماوەیەك کاربکا. لێرەوە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەم زەینە بەرهەمیان دەهێنێ یا ئەوەتا کۆکردنەوەی چەند سەرنجێکن یاخود کۆکردنەوەو لێکدانی راو بۆچوونی لێکۆڵەرەوە جدییەکان‌و داڕشتنەوەیان لەپەخشانێکدا، کە خۆی باس لەنەبوونی سیفەتێکی تر دەکا کە لێکۆڵەرەوەی جدی دەبێت خاوەنی بێت واتە ئیلتیزام. ئەم زەینە بیمارە نەئیلتیزامی بەرانبەر بەخۆی هەیە نەبەرانبەر بەمەعریفە، نە ئیلتزام بە ئەوانی دیکەوە ئینجا نەبوونی رێز بۆ هەوڵی کەسانی دیکە. هەر بۆیەشە لەسەر بەرهەمی خەڵکی دی دەژی بێ نیشاندانی پێزانین (Acknowledement). گەر بەرهەمێکیش بەرهەم بهێنێ ئەوا زۆر شکڵی‌و جزئی دەبێت‌و بەدوور دەبێت لەهەر بەهایەکی فیکری‌و مەعریفی. دیارە ئێمە زوڵم دەکەین لەکەسی داگیرکراو گەر داوای لێ بکەین دەربارەی دنیا بۆ چونێکی دروست بخوڵقێنێ، دنیا بینییەکی هەبێت، ئەو تەنانەت دەربارەی بارودۆخی ناهەمواری خۆی ناتوانێ دیدێکی دروستی هەبێت‌و بزانێت چی لەدنیاکەی ئەودا دەگوزەرێ. بزوتنەوەی کوردایەتی هەشتاساڵی رەبەقە قوربانی دەدا بەڵام نەیتوانیوە کتێبێکی فیکری دروست‌و حیسابی لەمەڕ پرسیاری کوردەوە بەرهەم بهێنێ. کەواتە سیماتە سەرەکیەکانی زەینی کەسی داگیر کراو بریتییە لەنەبوونی توانای بیرکردنەوە، نەبوونی بیرکردنەوەیەکی عەقڵانی، نەتوانینی خوێندنەوەی واقیع، لەجیاتی زاڵ بوونی رێکخستنێکی لۆژیکی لەبیرکردنەوەدا، دەمارگیری‌و هەڵچوون‌و ئەحکامی بەدوور لەلۆژیك زاڵن لەبیر کردنەوەیدا، زاڵ بوونی شپرزەیی بەسەر هەرگفت‌وگۆیەکدا کە سازی بدات، سەیر نەکردنی بەرامبەر وەك هاو دایەلۆگ بەڵکو وەك غەنیمێك لەجیاتی تێ گەیشتن لێی بردنەوەلێی واتە گفت‌وگۆ بەمەبەستی تێگەیشتن ساز نادرێ بەڵکو زۆرانێکە دەبێت کەسێك بیباتەوە، فێڵ کردن‌و درۆ لەگەڵیدا، ئینجا نەبوونی توانای پێزانین، زەینی کەسی داگیرکراو هەرگیز (عیرفان بالجمیل)ی نیە.

مادامێك زەینی کەسی داگیرکراو بەدەست کورت بینیەوە دەناڵێنێو لەشپرزەییەکی تەمام عەیاردا سەرگەردانە لێرەوە نەکۆنترۆڵکردنی رووداوەکانی پێدەکرێو نە دەتوانێ لەواقیع بگا، ئەم دەستەوستانیە کارێك دەکا ئەم زەینە سەرلێشێواو بیمارە پەنا بۆچەند میکانیزمێك بەرێ بۆ ئەوەی لانی کەمی ژیان مسۆگەر بکردرێت. تەنانەت هەرەمەکیەکو دژایەتیەکیش لەو میکانیزمانەدا هەیە کە ئەم زەینە پەنایان بۆ دەبا، بەواتایەکی دی ئەم میکانیزمانە ئەو رێگا رەسەنانە نین کە ئەم زەینە ئەم ویژدانە بیمارە، ئەم کەسە داغان بووە دەیانگرێتەبەر بەڵکو هەڵبژاردنیان بەرئەنجامی شپرزەییەو لەگەڵ دەست بەرکەوتنی ئەم زەینە بەهەریەك لەم رێگایانە ئەوا رەسەنایەتی خۆیان لەدەست دەدەن، لەوانە پەنابردن بۆ ئایین، گەڕانەوە بۆ رابووردووی پرشنگدار، پەنابردن بۆ جڤات. هەڵبژاردنی ئەم رێگایانە بەرئەنجامی هەڵبژاردنێکی لۆژیکی نیە بەڵکو تەنیا چرکە ساتێکی زوو گوزەرە کە ویژدانی کەسی بیمار لەچرکەساتێکدا پێیدا تێدەپەرێو دەشێ هەردوای ماوەیەك دژی ئەم هەڵبژاردنانەی خۆی بوەستێتەوە، ئەمرۆ ئایین پەروەرەو سبەی دژی ئایین، ئەمرۆ باس لەجڤات دەکاو سبەی باس لەمەزنی تاك دەکا، ئەمرۆ لەرابووردوو گەورەیی‌و مەزنی دادەتاشێ سبەی بێزی لەرابووردووی کۆمەڵ دێتەوە، واتە ئەم زەینە بەراستی سەر لێشێواو گووم بووە. ئەم ویژدانە سەرگەردانە دەستی بەر هەرشتێك بکەوێ ئاڵتون بێت دەبێتە زبڵ، ئەمەش بەتایبەتی لەمامەڵەیدا لەگەڵ ئایین بەچاکی دەردەکەوێ. ئایین بەهۆی سروشتی‌یەوە هەمیشە پەناگایەکی رۆحی ئینسانە. ئینسانی داگیرکراویش دەگەڕێتەوە بۆ ئایین‌و ئەو گەڕانەوەیەش گەڕانەوەیەکی وجودیانەی رەسەن نیە بەڵکو میکانیزمێکە بۆ هەڵاتن لەواقیعو شکستەکانی ئەم ئینسانە. ئەم زەینە شێواوە واسەیری ئایین ناکا وەکو کایەیەکی رۆحی پڕ لەرزگاری‌و وزەی ژیان‌و داهێنان بەڵکو ئایین وەکو کۆمەڵێ سروتو ئەحکامی نەگۆڕو بەدوور لەژیان‌و دنیامیکیەت سەیردەکا. ئەو کە دەگەڕێتەوە بۆ ئایین لەدنیا ڕادەکاو هەرواش سەیری ئایین دەکاو وەك مەنزڵێکی خۆ ئامادەکردن بۆ مەرگ نەك ووزەیەکی ژیان. ئەو لەئاییندا لە ئازایەتی‌و جوامێریەك کە ئایین دەیبەخشێ دەترسێ لەجیاتی ئەوە وەك کاری هەمیشەیی ئەو زەینە بەتوێکڵێکی دەرەوەی ئاینیەوە دەوەستێتەوەو ئایین کورت دەکاتەوە بۆ هەندێ پەندو لەبەرکردنی دووئایەتو چۆنیەتی نوێژ کردن. ئەولەجەوهەری ئایین کە جەوهەرێکی رۆحانی‌و رزگارکەرە، رزگاری لەدەست هەموو قەیدو بەندێك، دەترسێ هەربۆیەشە بەتەفسیێکی حەرفی‌یەوە دەگیرسێتەوە. بەڵام کە ئایین کورت دەکرێتەوە بۆ چەند سرووتێك ئایین لەوە دەکەوێ کە پەناگەیەکی رۆحی بێت، هەر بۆیەشە دەشێ ئەم زەینە شپرزەیە دوای ماوەیەك بەهەمان خێرایی کەبەرەو ئایین دەچێ لەئایین دوردەکەوێتەوە. لەدژایەتی کردنیشیدا بۆ ئایین ئەم زەینە توندڕەوە، چونکی توانای بیرکردنەوەی نیە دەست دەکاتە دانەپاڵی هەموو کورت بینیەکانی خۆی بۆ ئایین، ئایین دەکاتە لێپرسراو لەکارەساتەکانی خۆی، شکستەکانی، کەمتەرخەمی‌یە فیکریەکانی خۆی‌و هەرچی کەم‌و کوڕی خۆی‌هەیە دەیداتە پاڵ ئایین‌و بەکۆمەڵێ تەفسیری بەدوور لەمەعریفەو عەقڵی دێتە دەرەوە، هەربۆیەشە لەکۆمەڵگایەکی داگیرکراودا کەسی ئایینی‌و کەسی خودانەناس بەدەست هەمان گیروگرفتەوە دەناڵێنن‌و لەجەوهەردا یەکێکن. چۆن کەسێکی ئاینی عوزرخوایی هێنەرەوەیە بەرانبەر بەئایین، واتە هەمیشە لەرەخنە دەترسێ لەئایین‌و عوزری بۆ دەهێنێتەوە کە لەکاتێکدا کە ئایین پێویستی بەکەس نیە عوزری بۆ بهێنێتەوە چونکە دڵنیایی موتڵەق سیفاتی ئاینە، بەڵام ئەم زەینە کە عوزر بۆ ئاین دەهێنێتەوە، عوزر بۆ خۆی‌و هەڵوێستی یا هەڵبژاردنی ئەو بۆ ئایین دەهێنێتەوە کەدژی ئاینیش دەوەستێتەوە هەرهەمان کەسی عوزر هێنەرەوەیە. هەروەك چۆن کە لەوکاتەدا ئایین پەروەرە ناتوانێ لەگفتوگۆیەکی حسابی‌دا بەشداربێت لەسەر ئایین بێ ئەوەی پەنا بەرتکفیر کردن ببا، ئاوهاش کە دژی ئایینە ناتوانێ لەگفتوگۆیەکدا لەسەر ئایین بەشدار بێت بێ ئەوەی دورە پەرێزی بکا لەهەڵ ڕشتنی هەڵەو مەڵەو ئەحکامی منداڵانە لەسەر ئایین.

کەسی داگیرکراو هەڵدەکەوێ کە رێگایەکی دی هەڵبژێرێ بۆ دەربازبوون لە شپرزەیی ژیانی ئەویش بەچوونە ناو کۆمەڵو دەستەو تاقمەکان‌و رۆچوونە ناو جڤاتەوە. وەك لەپێشەکی ئەم کتێبەدا گوتمان تاکی تەندروست بەتەنیا لەجڤاتێکی

تەندروستدا لەدایك دەبیٚو پەیوەندی تاكو جڤات پەیوەندیەكی تەنگا تەنگە، یەك ئەوی دی تەواو دەكات، نەجڤاتی تەندروست بیٚ تاكی تەندروست بوونی هەیەو نەتاكی تەندروستیش بیٚ جڤاتی تەندروست (مەگەر لەحاڵەتی ناوازەدا نەبێت). لەجڤاتێكی تەندروستدا، لەحاڵەتێكیهەبوونی هەلو مەرجی دروستدا، تاك لەژیانی كۆمەڵایەتیو سیاسیانەی خۆی لەنێو جڤاتدا دەچێتە ناو یانەكانەوە، ڕێكخراوە مەدەنیەكانەوە، ڕێكخراوە سیاسیەكانەوە، پەیوەندی بەكۆمەڵەو دەستەو تاقمەكانەوە دەكاو دەبێتە ئەندام، بەشداریكەری چالاكیەكان ئەم كارەی تاكیش هەم سروشتیيە، چونكی ئەرستۆ واتەنی (ئینسان ئاژەڵێكی سیاسیيە)، هەم بۆتەعبیركردنو پاراستنی بەرژەوەندیەكانی تاكە، بۆ تەعبیر كردنی تاكە لەخۆیو دنیابینیو ئینجا بۆ ئەوەی لێپرسراوانەو مەدەنیانە بژی. بەڵام كەسی داگیركراو پەنا بۆ ئەم دامو دەستگایانە دەبا وەكو ڕاكردنێك لەلێپرسراوێتی تاكیانەی خۆی، بۆ دەرباز بوون لەرووبەرووبوونەوەی دنیاو واقیع. لێرەوە چۆن وەك دیمان لەپەنا بردنیدا بۆ ئاین، ئایینی شێواند ئاوهاش ئەم یانانە، ئەم دامو دەستگایانە ئالوودە دەكات بەشپرزەیی خۆی. لای ئەم مەبەستە كە تەعبیركردنی ئازادانە نیە لەكەسایەتیو تاكایەتی خۆی بەڵكو ترسە لەتاكێتی خۆیو لەكۆمەڵدا ئارامییەك دەبینێتەوەو لەوێدا شوێنێك دەدۆزرێتەوە بۆ ئیعتیماد كردنەسەر ئەوانی دی نەك مومارەسەكردنی ئیرادەو ئازادی خۆی. لێرەوە لەوڵاتێكی داگیركراوی وەك كوردستاندا یانەكان، ڕێكخراوەمەدەنیو سیاسیەكان شوێنی كۆبوونەوەی تاكە ئازادەكان نین بەڵكو زۆرتر لەكەڵت (Cult) (گروپی ئاینی) دەچنو شوێنێكن بۆ تواندنەوەی تاكەكانو تەسلیم كردنی ئیرادەیان بە بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێكخراوانە، بەسەركردەی ئەو كەڵتە، ئەو حیزبە كە حیزب هیچ نیە جگە لەكەڵتێكی گەورە نەبێت . ئەم ڕاكردنە لە باوەش گرتنی شوناسێكی گەورە نیە، دەوڵەمەند كردنی شوناسی تاك نیە بەڵكو هەڵاتنە لە دنیای دەرەوەو لەشوناسی تاك. هەتاكو كەسی داگیركراو نا دڵنیاتر بێت لەشوناسی خۆیو ترسنۆكتر بێت لەمامەڵەكردنیدا لەگەڵ دنیای واقیعدا دەمارگیریو وەلائی بۆ گروپ زۆرتر دەبێت، تا زیاتر لەسەربەخۆیی تاكانەی خۆی بترسیٚ زیاتر مەجزوبی ئەو كەڵتانەو ڕابەرەكانیان دەبێتو زیاتر ئامادەیی ئەوەی تێدا دەبێت كە لەو كەڵتەدا هەموو شت بكات جگە لەرەخنەگرتنو ڕادەربڕینی ئازادانە، گەر بڵێن "بكوژە" ناڵیٚ بۆ. تەنها ئینسانی ئازاد دەتوانیٚ پرسیار بكاتو بڵیٚ چۆنو بۆ؟ لەكۆمەڵگایەكی داگیر كراودا جڤات بەڕۆڵی سیاسیانەو ڕۆحیانەی خۆی هەڵناستیٚ واتە پەروەردەكردنی ئینسانی ئازادو خاوەن بیركردنەوەی سەربەخۆو ئینسانی سالم، هەر بۆیەشە هەموو كۆڕو كۆبوونەوەكان دژی كەسی سەربەخۆنو كەسی سەربەخۆ هەرگیز ناتوانیٚ لەحیزبێك یان ڕێكخراوێكی مەدەنیدا هەڵ بكا. ئەم كۆڕو كۆبوونەوانە شوێنی بەخشینی میهرەبانیو ڕاوێژی دروستو دەست گرتنی تاك نین بەڵكو ئەو شوێنانەن كە تیایدا تاك لەئینسان بوون دەكەویٚو دەبێتە "ئەندام"و مەبەستو نیازی لەودیو سیاسەت، بەمانا ئەرستۆییەكەی، خەڵكی كۆكردۆتەوە لەو كۆڕو كۆبوونەوانەدا لەوانە نیازو مەبەستی ئابوری، پاراستن لەدەست گروپو تاقمی تر، یاخود هەندێك جار بۆ وەدەست هێنانی سوودمعەیە چونكە لەكۆمەڵگای داگیركراودا فەزایەكی گشتی ئازادا نیە ئینسانەكان بەشێوازی سالمو تەندروست ناتوانن ژیان تاقی بكەنەوەو بەهرەكانیان نیشان بدەن لەبەرئەوە چوونە ناو ئەو كەڵتانەوە هەندێك جار بۆ بەدەست هێنانی سومعەیەكە كە خۆی موزەیەفە چونكە ناوو ناوبانگ تەنیا ئەوكاتە مانای هەیە كە كەسیٚ ئازادبیٚ. ئەمە لەكاتێكدا ئەو كەڵتانەی ئاماژەمان پێدان هەم دژی سەربەخۆیینو هەم تاكگەراییو وەك موڵكی كەڵت سەیری تاك دەكەن. هەر لێرەشەوە دەتوانین لەو هەڵوێستە بگەین كە كاتێك كەسێك خۆی لەكەڵتێك یاحزبێكی سیاسی ڕزگار دەكات لەلایەن كەڵتەوە ترۆر دەكریٚ چونكی ئەو لەبنەڕەتدا وەكو موڵكی ئەو كەڵتە سەیری كراوە، هەر ئەمەشە پەیوەندی موڵكایەتی كە پەیوەندیەكی نامۆییە. هەر ئەمەشە پەیوەندی باوی ناوحیزبە كوردیەكان.

پەنابردنە بەرئایین بێت، چوونە ناو كەڵتە كۆمەڵایەتیو سیاسیەكان بێت یا ڕێكخراوە مەدەنییەكان، لەهەموو حاڵەتێكدا كەسی داگیركراو بۆ شوێنێك دەگەڕیٚ بۆ بارودۆخێك دەگەڕێت كە تێیدا خۆی نەبێت ئیعتماد بكاتە سەر هێزی

دەرەكی هـەم بۆ پاراستنیو هـەم بۆ دانی مانا بـەژیانی. ئیعتمـاد كردنـە سـەر ئـەوانی دی خاسیەتێكی سـەرەكی‌یە كـە لەرێگاوەی دەتوانین كەسـی داگیركراو و ویـژدانو زەینـی كەسـی داگیركراوی پـێ بناسـینەوە. بـا لـەم موفارەقـە (Irony) عەجیبـە وورد بینـەوە. پـەیوەندی داگیركـەرو داگیركراو، بەواتایـەكی دی كۆلۆنیـالیزم، پەیوەندیـەكی سـتەمكارانەیەو پـڕ لەتوندوتیژیو بەخۆبێگانە كردنی كەسی داگیركراو و دابڕ لەئینسانیەتی. بەپلەی یەك دامو دەستگایەك بەم كارە هەڵدەستێ كـە دەوڵـەتـە. لـێرەوە لۆژیك داوامـان لێدەكـا كـە كەسـی داگیركراو بەتێپـەڕبوونی كـات جـۆرە دیدێك، وێنـاكردنێك لەمـەڕ دەوڵەتەوە گەشە پێبداو بخولقێنێ، نەك دژی دەوڵەتی كۆلۆنیال بێت بەتەنیا بگرە دوای قۆناغی رزگـاریش لـە دەوڵـەت سـڵ بكاتەوەو هەوڵ بدا كە رۆڵـی دەوڵـەت لـەژیانیدا زۆر كـەم بێـت تـا ئەوپـەڕی ئیمكـان. بەواتایـەكی دی لۆژیكی‌یـە كـە كەسـێ تەجروبەی كۆلۆنیالیزمی كردبێت لەدەست پێكردنەوەی نوێدا، لەزەینیدا، لەبەڕێوە بردنی ژیانیدا كـەمترین شـوێنی بـۆ رۆڵـی دەوڵەت دانابێو رێگا نەدا كە دەوڵەت بەهەموو كارەكان هەڵبستێو ناشێت ئیعتیمـاد بكاتـە سـەر دەوڵـەت بـۆ ئیدارەكردنـی ژیانی. تەواو پێچەوانەی لۆژیك، كەسی داگیركراو بە مروری زەمەن وێنا كردنێـك چـەمكێك، تێگەیشـتنێك، سیاسـەتێك لەمـەڕ دەوڵەتـەوە پـەروەردە دەكـا كـە تێیـدا دەوڵـەت بەهـەموو كارەكـان هەڵبسـتێو ئـەمیش دوا ئیعتمـادی لەسـەر دەوڵـەت بـێ بەپلەیەكی ترسناك كە دەوڵەت ببێتە ئەو بوونەوەرەی كەمافی مەرگو ژیـانی ئـەمی هـەبێت. واتـە لـەدنیاو لـەزەینی كەسـی داگیركراودا شوێنێك بۆ ئەو بیرۆكە شاكارە كۆنسەر ڤەتیڤە نابێتەوە كە كۆمـەڵێ بیریـاری گـەورەی كۆنسـەرڤەتیف لـەماوەی سێ سەدساڵی رابووردوودا لەئەوروپاو ئەمەریكا جەغدیان لەسەركردووە ئەویش: هەتا رۆڵی دەوڵەت زیادبێت لەژیانماندا ئێمە كەمتر ئازادینو كەمتر ئینسان، دەوڵەت وەحشیەكی دڵڕەقە هیچت ناداتێ گەر لەموقابیلدا شتێكت لێوەرنەگرێ،ئـەوەی لێـت وەردەگـرێ دیـارە ئـازادیو بوونـی ئینسـانی تۆیـە، لـێرەوە هـەموو ئیعتمـاد كردنێك لەسـەر دەوڵـەت یـا حكومـەت لێدانـە لەجەوهەری ئینسان بوونو لـەئازادی مـرۆڤ. بـەڵام كەسـی داگیركراو بـۆ هـەموو شـتێك دەگەڕێتـەوە بـۆ دەوڵـەت، لـەكاتی قەیرانەكاندا كێشەكاندا لەجیاتی ئەوەی پرسیار بكا: (مـن دەتـوانم چـی بكـەمو دەبێـت چـی بكـەم؟) ئـەو دەسـت دەكاتـە گلەییو فسكەفسك: (بۆ دەوڵەت خزمەتمان ناكا؟) (دەبوایە دەوڵەت ئەم كارەی كردبا) (دەوڵەت بۆ معاشمان بۆ نابڕێتەوە؟) (ئێمە كلۆڵین دەوڵەت لێپرسراوە)، ئیدی دەوڵەت لەزەینی كەسـی داگیركراودا دەبێتـە خـودای سـەرزەویو بـۆ هـەموو شـت دەبێ بـۆی بگەڕێینـەوەو ئیعتمـادی بكەینـە سـەر. زەینـی كەسـی داگیركراو لـە هـەندێ ئایدیۆلۆژیـادا، وەكـو سۆشـیالیزمو ماركیسزم، سەنەدێكی فكری دەبینێتەوە لەوەدا كە ئەم ئایدیۆلۆژیایانـەش جـەغدی گـەورەیان لەسـەر ئەوەیـە كـە دەوڵـەت دەبێت بەهەموو كارێك هەڵبستێ، بێ هۆنیە كە ماركسیزم سیستەمێكی تۆلیتاری ترسناكی دروست كـرد، كـە تێیـدا دەوڵـەت هەمووشتو ئینسان هیچ، كەچی تا ئەمڕۆ لەدنیای كوردا ماركسـیزم رەواجـی مـاوە. ئـەمڕۆ یـەكێك لەخاڵـەكانی كۆچكردنـی خەڵكی لەكۆمەڵگا كۆلۆنیالكراوەكانی پێشووەوە بۆ وڵاتە خۆرئاواییەكان بوونی دەوڵـەتی خـۆش گوزەرانیـە لـەخۆرئاوا كـە تێیدا دەوڵەت بەكۆمەڵێ كاری خزمەتگوزاریو كۆمەك كردنی بێكارانو بێ دەرامەتەكان هەڵدەستێ، كۆمـەڵێك بـەرو خۆرئـاوا دەڕۆن بۆ ئەوەی دەوڵەت بۆ ئەبەد بیانژێنێ تۆ لەكوردێك كە چـەند سـەدەیەكە قوربـانی دەوڵـەتو سیاسـەتی دەوڵەتەكانـە ئەوە چاوەڕوان دەكەی كە هەڵی بـۆ هەڵكـەوت هـەوڵی سـەربەخۆییو ئـازادی بوونـی خـۆی بێـتو لـەرزەت لـەئیعتماد كردنـە سەرخۆ ببینێت، بەڵام نا چونكی داغان كراوەو كاراكتەری شێوێندراوەو هەمیشە چـاو لەحكومـەت دەبـڕێ بـەخێوی بكـا بـێ ئاگاڵەوەی كەباجەكەی دەیدا سەر بەخۆیی خۆیەتی. جالیەیەك نیە خراپتر لەجالیەی كورد لـەخۆرئاوا، ئـەم جالیەیـە هـەموو فرۆفێڵـەكان فـێربووە بـۆ هەڵخەڵـەتاندنی سیسـتەم، كاردەكـاو پـارەی سۆشـیالیش وەردەگرێ، لەسیسـتـەم فێـڵ دەكـا. لەكوردسـتانیشو لـەژێر سـایەی دەسـەڵاتی كوردیـدا تاكـە رەخنەیـەك كـە لەدەسـتەڵاتی كـوردی گـیرابێتو زەق بێـت ئـەو رەخنەیەیە كە بۆ (حكومەت فلان كارناكا، بۆ نامانژێنێ؟) كەسێك نیە بڵێ (من دەتوانم چـی بكـەم بـۆ نیشـتمانەكەم؟) هـەر هەموو دەڵێـن (حكومـەت چـی دەكـات بـۆ نیشـتمان). لـێرەوە ئـەو كەسـەی كـە لـەو باوەڕەدایـە كـە لەكوردسـتان بـیروڕای

کۆنسەرڤەتیڤی هەیە بەهەڵەدا چووە چونکی جەوهەری کۆنسەرڤەتیڤ بوون واتە زۆرترین رووبەر بۆ جڤات‌و تاکە کەس‌و کەمترین رووبەر بۆ رۆڵی حکومەت لەژیانی سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆحی جڤات‌و تەکە کەسدا. کۆنسەرڤەتیزم چۆلەکەیەکە بەئاسمانی کوردستاندا هەڵنەفڕیوە.

لەبەرئەوەی کە کەسی داگیرکراو دنیای خۆی نیەو توانای بیرکردنەوەی سەربەخۆیانەی نیەو بیماری ویژدانی لە بیماریەکی بێ چارەسەردایە، بۆ هەموو شتێك ئەم مەخلوقە چاو لە هێزە داگیرکەرەکان دەبڕێ‌و لەگەڵیاندا خۆهاوشێوە (Identi Fication) دەکا، کە بریتی‌یە لە گونجاندن‌و خولقاندنی زاتێك لەسەر بوونی ئەوانی دیکەوە، ئیعجاب بەبوون‌و دنیای ئەوی دیکەو لاسایی کردنەوەی‌و نەبوونی قودرەت‌و ئیرادە بۆ بیناکردنی زاتێکی سەربەخۆ. خۆ گونجاندن‌و خۆ هاوشێوەکردن لەگەڵ کەس یا هێزی داگیرکەردا سیفەتێکی باوی ناو کۆمەڵگای کوردی‌یە کە لەسەرەوەی هەڕەمەکەوە دەست پێ دەکا کە (خۆرئاوا)و (هێزە خۆرئاوایی‌یەکانن) دواجار دەوڵەت‌و سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان‌و سیاسەتمەدارەکانی ئەو دەوڵەتانە تا دەگا بەڕابەرە ناوچەیی‌یەکان. ئەم خۆ هاوشێوە کردنە کۆمەڵێ فۆرمی هەیەو لەکۆمەڵێ کایەو بواردا ئەنجام دەدرێت. شێوەی هەرەزەقی خۆ هاوشێوە کردن بریتی‌یە لەکەمکردنەوەی خۆو بێزهاتنەوە لە هەموو شتێکی خۆ، بێزهاتنەوە لەئەدەبی خۆ، بەهاکۆمەڵایەتیەکانی خۆ، خێزانی خۆ، نیشتمانی خۆ، مێژووی خۆ، زمانی خۆ ماڵی خۆ، ئیتنیکی خۆو گەورەکردن‌و مەزن کردنی هەموو شتێکی کەسی داگیر کەر یا هێزێکی جیهانی لەم حاڵەتەدا (خۆرئاوا). لەم حاڵەتەدا ئینسانی داگیرکراو بەڕاستی لەتەڵەزگەیەکی وجودیدا دەژی کە لەخۆیدا یەك عەیبی گەورە دەبینێتەوەو بۆ پڕکردنەوەی ئەو عەیبە وجودی‌یە کە کیانی ئەوە، دەبێت پەنا بۆ ئەوانی دیکە بەرێت‌و لەگەڵیاندا خۆ هاوشێوە بکا (منیش مەدەنیم وەکو ئێوە) (منیش باوەڕم بە دیموکراسی یە) (منیش رۆشنگەرم) .... هتد. هەتا دوایی ئەو پارانەوانە کە رۆژانە بەکوردی دەیانخوێنینەوە، ئەم خۆ هاوشێوە کردنە بەپلەیەك دەگا کە تێیدا کەسی داگیرکراو (کورد) ناتوانێ هیچ جوانیەك لەماڵ‌و دنیای کوردا ببینێتەوە بێزی لەکورد بوونی خۆی دەبێتەوەو ئەم بێزهاتنەوەیەش جوان دەکا، دەڕازێنێتەوە لەژێر ناوی (کۆسمۆ پۆلیتیانیزم) یا (فرە کلتوری) یا جیهانی بووندا، یاخود (تاکێکی بێ نیشتماندا)، یاخود (عەبەسی بوون‌و وجوودی بووندا) (کرێکار بووندا ئەو کرێکارەی مارکس گوتەنی نیشتمانی نیە). ئەم ویژدانە بیمارە بەکۆمەڵێ ئەحکامی سلبی دەست پێدەکا کە لەعیزەتی نەفس‌و غروری خۆی پێ دەداو دواجار بەداغان کردنی ماڵی خۆ کۆتایی پێ دێت. لەموقابیلی ئەم بێ عیزەتی نەفسەداو بچوك کردنەوەی هەموو شتێکی خۆدا سەرقاڵی گەورە کردنی ئەوی دیکە (الآخر) دەبێت‌و تەنانەت لەگەڵ سادەترین رەخنەیەك کە کەسێك لەئەوی دیکەی بگرێت هەڵ ناکاو دەڵێت (تۆکێیت رەخنە لە ئەمەریکا بگریت)؟، (حاڵی خۆت زۆر جوانە رەخنە لەخۆرئاوا دەگریت؟!)، ئەوەی رووبەڕووی ئەم قسانەشمان دەکاتەوە لەزۆرترین حاڵەتدا رۆشنبیرەکانی جیهانی سێیەمن لەوانە رۆشنبیری کورد. جوتیارێکی کورد رەنگە ئاینەکەی هێندە غروری پێ دابێت کەسل نەکاتەوە لە نەقد کردنی (خۆرئاوا) یا (ئەوی دیکەی ئیسلام) یا (ئەوی دیکەی کورد) بەڵام رۆشنبیری کورد تەسامحی لەپلەی سفردایە کاتێك گوێی لەرەخنە بێت لە (ئەوانی دیکە)و لەوانەش خۆرئاوا ئەو رستەیەیی کە بەردەوام گوێمان لێ دەبێت ئەم ڕستەیەیە (ئەی ماڵی خۆمان وەزعی چاکە؟)، دەربڕی ئەو رستەیە مەبەستی نیە کە سەرنجمان بۆ ماڵکاولی‌و وێرانی دنیای کورد رابکێشێ چونکی خۆی بەشێکە لێی، بەڵکو دەیەوێت هەم نەقد کردن‌و زمانی نەقدی‌و هەوڵی بیرکردنەوە بکوژێ‌و هەم دنیای خۆو نیشتمانی خۆ هێندە رەزیل بکا تا سنوری بێزهاتنەوەو لەهەمان کاتدا گەورەکردنی ئەوی دیکەو لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ئەوی دیکەی (خۆرئاوا) ئەمڕۆ (خۆرئاوا) لەزەینی بیماری رۆشنبیردا ئەو بەهەشتەیە، ئەو جیهانەبێ غەل‌و غەشەیە کە هەزاران ساڵە مرۆڤایەتی خەونی پێوە دەبینێ، لەلایەکی دیکەوە ئەم زەینە بیمارە تەصەورناکا کە لەکوردا عەقڵێك هەڵبکەوێ بوێرێ نەقدی خۆرئاوا بکا، لەبەرئەوە تەنیا پەرچەکردارێك شك بەرێت بچوك کردنەوەی هەموو هەوڵێکی نەقدی‌و هەموو هەوڵێکی سەربەخۆیانەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دنیادا.

ئەم بێزهاتنەوەیە لەخۆو دنیای خۆ بەپلەیەك دەگا کە ئینکاری ئینتمای نەتەوەییو ئایینی بەرئەنجامەکە دەبێت، دەگاتە ئەو ئاستەی کە بڵێ (حەزم دەکرد کورد کورد نەبوومایە) چی بکەم بەکورد خەلق بووم؟[١٧] .

زیادەرۆیی لەم دیاردەیەدا بەمەرگی هەموو بەهایەکی ئینسانی کۆتایی دێت. کەسی داگیرکراو رزگاریەك لە وەزعی خۆیدا نابینێتەوە جگە لە هاوشێوەکردنی خۆی لەگەڵ کەسی داگیرکەرو دنیای ئەوانی دیکەداو ئینکار کردنی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی ئینتیمای خۆی. هێزە داگیرکەرەکانیش لەم مامەڵەکردنەدا زەوییەکی پتەو دەبیننەوە بۆ زیاتر چاندنی تۆوی خۆ بەکەم زانین‌و لەخۆ دان‌و خۆ بەهیچ زانینی کەسی داگیر کراودا.

کەسی داگیرکراو لەم حاڵەتەدا لەنامۆبۆنێکی ترسناکدا دەژی، لە دژایەتیکردنی ماڵی خۆو خۆهاوشێوەکردن لەگەڵ هێزی داگیرکەردا، کە دواجار بەوە دەشکێتەوە پەیوەندی نامۆ ئاسای نێوان داگیرکەر ـ داگیرکراو بەردەوامی هەبێت گەرچی لەرووی سیاسیشەوە ئەو پەیوەندیە بەردەوام نەبێت، واتە تەنانەت دوای بەناو رزگاریش ئەو پەیوەندیە لەسەر ئاستی ویژدانی هەر بەردەوام دەبێت (ئەمەش ئەو ئیشکالیەتەیە کە گوتاری پۆست کۆلۆنیالیزم نایبینێ)، چ جەلادو چ قوربانی لەسەر ئەوە هاو ڕا دەبن کە دنیای قوربانی شوێنی بێزلێهاتنەوەیە، لێرەوە قوربانی (کەسی داگیرکراو) دەکەوێتە ئینکارکردنی زاتی خۆی‌و هەرشتێك پەیوەندی بەماڵی خۆوە هەبێت. ئەمەش لەلایەکەوە بەمەرگی هەموو موبادەرەیەك، پرۆژەیەکی سیاسی کۆتایی دێت‌و لەلایەکی دیکەوە جۆرێك لەشیرزەیی‌و بیماری دەخولقێنێ کەرێگا دەگرێت لە دایك بوونی هەر دیدێکی نەقدی کە پێویستە بۆ سەر رێگاخستنی گۆڕان‌و ریفۆرمی بارودۆخی هەنووکە. کەسی داگیرکراو لەخۆ گونجاندن‌و خۆ بەهاوشێوەکردنی هێزە داگیرکەرەکاندا تا ئەو سنورە زیادە رۆیی دەکا هەمان سلوکی دوژمنکارانەی داگیر کەر بگرێتە بەر دژ بەهەموو شتێکی خۆ هەموو گوتارەکانی (Discourse)ی داگیرکەر وەکو توتی دەڵێتەوە چ لەمەڕ دنیای خۆی‌و چ لەمەڕ دنیاوە، لاسایی هەموو دەرکەوتنەکانی هێز دەکاتەوەلای داگیرکەر، بەپلەیەك لاسایی کردنەوەکە دەگاتە پلەی دووبارە کردنەوەی نا بەڵکو کۆپی کردنی دنیابینی‌و سلوکی کەسی داگیرکەر. ئەم کۆپی کردنەش لەسەر ئاستی پەیوەندی هاو نیشتمانیان‌و دەستگاکانی پۆلیس‌و ئاسایش بەتەواوی خۆی بەیان دەکا. توندوتیژیەك کە ئامێرەکانی دەسەڵات بەکاریان دەهێنێ دژی هاونیشتمانیان، بۆ نمونە لەدەسەڵاتی کوردیدا، مومارەسەکردنی دەسەڵات لە سەرۆکی حکومەتەوە تا کارمەندێکی سادە لەئیدارەیەکدا، هەرهەمان مومارەسەکردنی دەسەڵاتە کە هێزی داگیرکەر دەینواند، بەواتایەکی تر پەیوەندی فەرمانڕەواو فەرمان پێدراو دوبارەکردنەوەی هەمان هاوکێشەیە کە داگیرکەر سەپاندبووی. ئەمەش تا سنورێك لۆژیکیە چونکی زەینی کەسی داگیرکراو مادامێك لەبنەڕەتەوە نەیتوانیوە پرۆژەیەکی نوێ، ئیدارەیەکی نوێ لەسەر بناغەی بیرکردنەوەی خۆوە بهێنێتە دی، ناچار پەنا دەباتە بەر ئەو مۆدێلی حوکم کردنەی کە پێی ئاشنایە.

خۆ هاوشێوەکردنی کەسی داگیرکراو یاهێزی داگیرکراو لەبواری لاسایی کردنەوەی بەهاکانی هێزو کەسی داگیرکەردا زیاتر خۆی مانیفێست دەکا. کەسی داگیرکراو لەجیهانی بەهاکانی هێزی داگیرکەردا شێوازی ژیانی خۆی دەدۆزێتەوەو هەرچی لەو دیو ئەو بەهایانەوە بوو بە (رجعی) (تەقلیدی) (سەلەفی) (قرون وستایی) (عوسمانی) لەقەڵەم دەدا، لەم حوکم دانەشیدا دەیەوێت کە چارەسەری قەیرانە وجودیەکەی خۆی بکا نەك نەقد یا تێفکرێنێکی دیکەی هەبێت.

کەسی داگیرکراو ئایدیالێکیتر شك نابات بۆ جێبەجێ کردنی زاتی خۆی جگە لەشێوازی ژیانی هێزی داگیرکەر، لەبیرمان نەچێت بەشێك لەم خۆ هاوشێوەکردنە بەرهەمی سیستەمی پەروەردەکرن‌و میدیایە کە ئەم پێی ئاشنایەو لەودیوو ئەو دوو رێگا یەوە ئەم نەیتوانیوە خۆی رزگار بکاو ئەڵتەرناتیڤێك بدۆزێتەوە. فرانز فانون لە کتێبەکەیدا (پێستی سپی‌و ماسکە سپییەکان)دا باس لەم قەیرانەی ئینسانی ئەفریقی دەکاو ئاماژدە بەوەدەکا کەڕەش پێستەکان لەبوغزیانەوە لەزاتی خۆیان سەرقاڵی ئەوەن کە ببنە سپی، ئەوەتا دەنوسێ (پیاوی رەش پێسیت دەیەوێت سپی بێت) (ئەو رەش پێستەی کە دەیەوێت رەگەزەکەی بکات بە سپی کلۆڵە هێندەی ئەوکەسەی کە بوغز دژ بەسپی بڵاو دەکاتەوە) (بۆ رەش پێست تەنیا یەك

چارەنووس هەیە ئەویش سپی بوونە)[١٨]. فانون باس لەسەرکەوتنی ئەو کەڵکەڵەیە دەکا کە لەناخی رەش پێستەکاندا چێندراوە (سپی بوون نیشانەی گەورەبوونو مەزن بوونە) (هەمووشتێکی پیاوی سپی مەزنە، شێوازی خواردنی، جلوبەرگی، قسەکردنی، سیاسەتی، بیرکردنەوەی، سێکسی، چونە سەر ئاودەستی) (هەموو شتێکی پیاوی رەش مایەی شەرمەزاریە).

لای کوردیش هەموو شتێکی خۆرئاوا جوانە، شێوازی ژیانی، جلو بەرگی، حوکم کردنی، پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکانی، شێوازی ناوماڵی... هتد ئینسانی داگیرکراو لەرێگای ئەو لاسایی کردنەوەیەوە دەیسەلمێنێ کە ناڕەسەنەو درۆکردن لەگەڵ زاتی خۆیو پۆشینی ماسکو لاسایی کردنەوەی ئەوانی دیکە سەراپا سیماتەکانی بوونی ئەون، ئەو لەهەموو شتێکی رەسەن سڵ دەکاتەوە لەمۆسقای رەسەنی خۆ، لەزمانی خۆ، لەجلوبەرگی خۆ، لەمێژووی خۆ، لەپاڵەوانەکانی خۆ، لەجیاتی ئەمانە ئیدیعا دەکا کە مەزنی لەمۆسیقای کلاسیکدایە بەڵام ناتوانێ یەك دەقیقە چیە لەسەر مۆسیقای کلاسیك قسان بکا، ناوی ئەدیبە خۆرئاواییەکان ریزدەکا بێ ئەوەی خوێندبنیەوە. ئەوتەنیا فێری ئەوە بووە ناو ریزبکا بەڵام بێ ماهیەتو جەوهەر (ئای کە گۆتە گەورەیە، بەڵام چۆن؟ نازانێ) (هۆڵدەرلین هۆڵدەرلینە چۆن؟ کێشەی ئەم نیە) (کامۆ گەورەیە بۆ؟ وەڵام نیە).. گرنگ ناو ریزکردنە، گرنگ خۆ هاوشێوەکردنە لەگەڵ دنیای هێزی داگیرکەردا، گرنگ نیشاندانی ئیعجابە بەرانبەر بەهەموو شتێکی هێزی داگیرکەرو بێگانە، گرنگ عەرزکردنی خۆیە وەك کەسێکی بەئاگا بەڵام لە راستیدا بۆشو بێ شوناسو بێ ئاگا، کەسی داگیرکراو موبتەلایە بەبیماری (خوشەویستی خۆ نیشاندان)، نیشتنەوە بەرووکەشەوە، ترسو تۆقین لەرۆچوونە ناو جەوهەرەوە. ئەو بەداهێنانی ئەوانی دیکەوە شانازی دەکا بێ ئەوەی خۆی داهێنەر بێت، لەهەموو کارەسات تر رقی لەهەموو داهێنەرەکانی ناو جڤاتی خۆیەتیو ناتوانێ ددانیان پیادابنێ چونکی تەصەورناکا کەسێك هەبێت لەپێستو خوێنی ئەو نزیك بێتو داهێنەر بێت، هەرئەمەشە ئازاری ئەو چەند کەسە داهێنەرەی ئەمرۆی دنیای کورد کە گیرایان خواردووە بەدەست ئەم ویژدانە بیمارەوە کە باڵادەستە. کۆشش بۆ لاسایی کردنەوەی بەهای هێزە داگیرکەرەکان لەژیانی جڤاتی کەسی داگیرکراودا ئایدیاڵترین شتە کەبیری لێ بکردرێتەوەو لەدەرەوەی ئەم کەسێك هەبێت بیر لەرەسەنایەتی بکاتەوە بەعەجیب لەقەڵەم دەدرێ. کەواتە کەسی داگیرکراو لەدنیای خۆیدا بەهایە نابینێتەوە کە گرنگی پێبدا، یاڕێنومایی ژیانی بکا، لێرەوە هەوڵی جیدی ئەو بۆ ئەوەیە کە نیشانی کەسی یا هێزی داگیرکەر بدات کە ئەمیش مەدەنیە ئەوەتا گوێ لەمۆسیقای رۆك ئەندرۆڵ دەگرێ (Rock and Roll).

کارەساتی خۆ هاوشێوەکردن لەگەڵ هێزی داگیرکەردا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە کەسی داگیرکراو، زەینی کەسی داگیرکراو دەبێتە هۆکارێك، هێزێك دژ بەهەوڵێکی رەسەنو ئازا بۆ خولقاندنی دنیایەکی دیکە، دژی هەموو جوامێریەك دەوەستێتەوە، کە ئەم نیەتی، چونکی ئەم ترسنۆك ترین مەخلوقە، جوامێریەك بۆ پیادەکردنی پرۆژەیەکی نوێو سەرڕێگاخستنی دنیا بینیەکی نوێ. هەر ئەوەشە گیروگرفتی ئەو چەند کەسە کەمە لەدنیای کوردا کە رووبەرووی ئەو هێزە دەبنەوە کە تاسەر ئێسقان کۆپی هێزە داگیرکەرەکانن لە کوردستاندا. ئینسانی داگیرکراو لەحاڵەتێکی وجودی پڕ لە شپرزەییو شێواوی بیماریدا دەژی. دوژمنایەتیەك کە ئەزموونی کردووە، پەیوەندیەکی من ـ شت کە تێیدا ژیاوە، نامۆبوونێك لەهەر شتێك کە موڵکی خۆو سەربەماڵی خۆی بووە، ئەم حاڵە ئینسانی داگیرکراو دەکاتە مەخلوقێکی نەك بیمار بەڵکو مەخلوقێك کە شایەنی تەحەمول کردن نیە کە ئەمرۆ وێنەکەی لەئینسانی کوردا بەچاکی دەردەکەوێ. کە کورد قسەدەکا، دیارە لەم دیدە بیمارەوە، پرسیارێك کەخۆی قوت دەکاتەوە ئەمەیە: (ئەم مەخلوقە لەکوێوەهاتووە؟) دیارە لەهەلو مەرجی داگیرکردنەوە هاتووەو دروستکراوی واقیعی داگیرکردنە.

دوژمنانی کورد بەدرێژایی مێژوویەکی دوورو درێژ بەرمەبنای بەرنامەیەکی دارێژراو لەسەر خولقاندنی ئەم زەینە، کەزەینی کەسێکی داگیرکراوە، لەنێو کوردا کاریان کردووە لەوڕاستیەوە کە زەینێکی لەم جۆرە هەرگیز ناتوانێ بەتەنگ ماڵی خۆیەوە بێتو ماڵی خۆی بۆڕێك ناخرێ . پرۆژەی گەورەو خەباتی گەورەش لەلایەکەوە لەهەڵوەشاندنەوەی واقیعی

داگیرکردن له کوردستانداو مه‌حف کردنه‌وه‌ی هه‌ل‌و مه‌رجی داگیرکردندا خۆی ده‌بینێتــه‌وه،و له‌لایـه‌کی دیکه‌شـه‌وه کـارکردن له‌سه‌ر زیندوکردنه‌وه‌ی ئه‌خلاقی کوردانه که هیچ نیه جگه له جوامێری‌و ئازایه‌تی‌و راســتگۆیی‌و عاشـق بوونـی سـه‌ربه‌خۆیی، زیندوکردنه‌وه‌ی که‌ڵکه‌ڵه سه‌روه‌ریه‌کانی ناو رۆحی کوردی. پیاده‌کردنی ئـه‌م پرۆژه‌یـه‌ش شـتێك نیـه مـه‌حاڵ، بـه‌و مه‌رجـه‌ی چاوانمان بشۆین‌و ده‌ستێك به ویژدانماندا بهێنین به‌مه‌به‌ستی پاك کردنه‌وه تا بتوانین هه‌م ماڵی کوردی وه‌کو ئه‌وه‌ی که هه‌یه له‌ودیو وه‌همه‌کانه‌وه ببینین‌و هه‌م به‌ویژدانیشه‌وه راستگۆیانه له‌گه‌ڵ ناهه‌مواریه‌کانماندا مامه‌ڵه بکه‌ین. کـه هـێزی داگیرکـه‌رو واقیعی داگیرکردن ویژدانێکی بیمار به‌رهه‌م ده‌هێنێ، خه‌باتی راسته‌قینه کارکردنه بۆ له‌دایك بوونی ویژدانێکی ته‌ندروست.

# بەندی سێیەم
# ئیسۆسی ڕا پەڕین و ئیسۆسی ستەمکاری

# بەندی سێیەم

# ئیسۆسی (Ethos) ڕاپەڕینو ئیسۆسی ستەمکاری

**بەلاّم لەتەبایی ئیستیبدادی ئاسیاویدا... هەمیشە ناکۆکیەك هەیە... هەروەها گەر یەکێتیەك ببینی لەوێ، ئەوە هاونیشتمانیان نین کەیەکیان گرتووە، بەڵکو لاشە مردووەکانن یەك لەپەنای ئەوی دیکەوە نێژراون.**

**مۆنتسیکیۆ(١٩)**

چرکە ساتی ڕاپەڕین لەکوردستانی عێراقو ئەزموونی دوای ڕاپەڕین واتە ئەزموونی دەستەلاّتی کوردی دوو مانیفێستی ڕۆحی کوردین، دوو ئیسۆس کە لەڕێگایانەوە دەتوانین لەڕۆحی کوردی بگەین. لەلایەکەوە لەسەروەریو لەلایەکی دیکەوە لەبەدبەختیو بێگانەبوونو بیماری ئەو ویژدانە دەدوێ کەویژدانیکوردیە. دوو ئیسۆس یەکێکیان باس لەجوامێریو سەرکەوتنو بەخشندەیو بوێریو ئازایەتیو سەربەخۆیی دەکات کەئیسۆسی ڕاپەرینەو ئەوی دی چرکە ساتی شکستەو باس لەداڕزانو بیماریو هەڵوەشاندنەوەی جڤاتی کوردیو ماڵ کاولکاریو جەنگی خۆکوژیو ماڵ جێهێشتنو لەدەست دانی هێزی دەستپێشخەر دەکات کەئیسۆسی ستەمکاریە.

لەکۆتایی هەشتاکاندا نەك جەستەی "سیاسی" کوردی جەستەیەکی ساردەوە بوو بوو، نەك گوتاری "سیاسی" هەروەك ئێستاییو ڕابردووی لە قەیرانێکی قوولّ دا بوو، قەیران لەغیابی دیدو بۆچوونو فەلسەفەیەکی سیاسی گونجاو و غیابی ستراتیژیەتێکی نەتەوەییدا، فەزای گشتی تەماویو ئاسۆی نەتەوەیی لێڵو ڕۆحی کوردیش لێوانلێو لە نائومێدی بوو. لەڕۆحی کوردیدا ئەو کەڵکەڵەیە خۆی مانیفێست دەکرد کەزۆرجاران لەمێژووی کورددا بەشێوەی جۆراو جۆر خۆی بەیان کردووە ئەویش لەدەستدانی باوەڕبەخۆ بوون، خۆ بەکەم گرتن، داڕزانی خۆو بینینی خۆ وەك "هیچ". لەم ڕووەوە دوژمنەکانی کورد لەتێکشکاندنو چۆك پێدادانی کورددا سەرکەوتوو بوون. بەلاّم ڕاپەرینی سەرەتای نەوەدەکان ووزەو خوێنی کردووە بەبەر ئەو لاشە ساردو بێگیانەدا، ڕاپەرین سەردەرهێنانەوەی کەڵکەڵەیەکی تری ناو ڕۆحی کوردی بوو، کەڵکەڵەی جوامێریو دلێریو مست بوو بەئایدیای سەربەخۆییو ئازادی، هەر ئەوەشە کە ئێمە پێی دەڵێین ئیسۆسی ڕاپەرین.

ڕاپەرین تەنیا دیاردەیەکی سیاسی نەبوو بەڵکو دیاردەیەکی ڕۆحی، کلتووری، ئینجا سیاسی بوو. لەچرکە ساتێکدا کەکۆمەڵێك خەڵك ڕادەپەڕن، ڕۆحێك لەخەوی غەفڵەت بێدار دەبێتەوەو دەڵێ نەء بۆ کۆیلەیەتی. ئیسۆسی ڕاپەرین چاوبرین بوو لەگەڕانەوەی جارێکی تر کەرامەت بۆ ئینسانی کورد، گەڕانەوەی مانا بۆ بوونو ژیانی جڤاتێك کەدوژمنەکەی سەرکەوتوو بوو لەوەدا کەژیانو بوونی میللی بێ مانا بکات، کەرامەتی ئینسانی بڕوشێنێت. ڕاپەرین ڕەفز کردنی بەعسیزم بوو، دژی تۆتالیتاریزم بوو، بەعسیزم نەك تەنها بەمانای شێوەی حوکم کردن بەڵکو بەعسیزم وەك ئەخلاق، کلتوورو دنیابینی سیاسیو ئینجا ڕێکخستنی کۆمەلاّیەتی. بەعسیزم تێکەڵەیەکی سەیرو سەمەرەیە لەفاشیزمو نازیزم، ستالینیزمو کۆمۆنیزم، قەبیلەگەرایی، ناسیۆنالیزمی عەرەبیو میلیتاریزمو ستەمکاری خۆرهەلاّتی، واتە تێکەڵەیەك لەو ئایدیۆلۆژیانەی کەمۆدێرنتی خولّقێنەرین. لەڕێکخستنێکی سیاسی تەندروستدا فەزای گشتی (public)و فەزای تایبەت، دەستەلاّتەکان (بۆ نمونە تەشریعیو تەنفیزیو یاسایی)، نوێنەرایەتی کردنو تەنفیز کردن هەر هەموو لەیەك جیاکراونەتەوەو سەربەخۆی خۆیان هەیەو پاسەوانی تێکەلّ نەکردنیان بریتیە لەبوونی جڤاتێکی هۆشیار کە لەفەزای گشتیدا مومارەسەی ئینسانیانەی خۆی واتە مافی سیاسیانەی خۆی پیادە دەکات، جڤات بەمانای پێکەوە ژیانو کۆبوونەوەی تاکە کەسەکان، هێزە کۆمەلاّیەتیو

سیاسی‌یەکان. بەڵام بەعسیزم وەك تەجروبەیەك داگیرکردنی فەزای گشتی‌یە، داگیرکردنی دام‌و دەستگا مەدەنیەکانە، تێکەڵ کردنی بواری گشتی‌و تایبەتە، نەهێشتنی جیاوازی نێوان دەستەڵاتەکانە، داگیرکردنی خێزانە، بەمانایەکی دی داگیرکردنی حوکمەت‌و کۆمەڵگایە. ئیسۆسی راپەرینیش چاوبڕین بوو لەگەڕانەوەی شتەکان بۆ شوێنی خۆیان، جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان، زیندوو کردنەوەی فەزای گشتی‌و جیاکردنەوەی لەبواری تایبەت، بەواتایەکی تر پێچەوانەی دنیا بینی بەعسیزم لەپێناو گەڕانەوەی کەرامەت بۆ ئینسان کەتەنها ئەو کاتە بەرکەماڵ دەبێت کەوەك بوونەوەرێکی سیاسی مامەڵەی لەتەکدا بکرێت.

راپەرین بەرهەمی حیزبی سیاسی کوردی نەبوو. حیزبی سیاسی کوردی زۆر بەدووره لەئیسۆسی راپەرین چونکە ئەو حیزبە نەك ناتوانێ‌و نایەوێ دەستەڵاتەکان لێك جیابکاتەوەو فەزای گشتی‌و تایبەت لەیەکدی جیابکاتەوەو وەك بونەوەرێکی سیاسی سەیری ئینسانی کورد بکات، بەڵکو خۆی هەروەکو بەعس تێکەڵەیەکی عەجیبە لەتوخمە مۆدێرن‌و پێش مۆدێرنەکان‌و لەو جیاکردنەوانە دەترسێ‌و مەرگی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەوەك بوونەوەرێکی سیاسی سەیری ئینسانی کورد بکات، لێرەوە ئینسانی کورد وەك یەکەیەکی ڕەگەزی، خوێنی، خێزانی، قەبیلەیی، ناوچەگەری، ئایدیۆلۆژی سەیردەکرێت لەلایەن حیزبی کوردیەوە لەجیاتی سەیرکردنی وەك بوونەوەرێك سیاسی. لێرەوە جیاوازی بەعس‌و حیزبی کوردی تەنیا جیاوازیەکی چەندێتی‌یە نەك چۆنیەتی، واتە لەجەوهەردا سەر بەیەك دنیا بینین‌و لەدایك بووی یەك سەردەمی پڕ قەیران‌و کلتوورێکی قەیراناوی‌و غەرق بوو لەدەهلیزەکانی تێکشکان‌و ڕۆچوندان. کەواتە حیزبی کوردی وەك هێزێك لەپشت راپەرینەوە نەبوو. وە بەرنامەی بۆ دانەڕشت‌و نەك بێ ئاگا بوو لەئیسۆسی راپەرین بەڵکو ئیسۆسی راپەرین خۆی بەجۆرێك لەجۆرەکان ڕەتکردنەوەی حیزبی کوردی بوو. راپەرین بەرهەمی گشت توێژو دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتیەکانی ناو جڤاتی‌کوردی بوو، راپەرین بەرهەمی ڕۆحی کوردی بوولەچرکەساتێکدا. بزوتنەوەی کوردایەتی هەروەك بەعس تووشی ڕاچڵەکین (شۆك) هات لەبینینی تەقینەوەی ئەو توانایەی جڤاتی کوردی بەڵام دواجار کەحیزبی کوردی دەستەڵات دەگرێتە دەست، خۆی دەکاتە خاوەنی ئەو دیاردە مێژوویی‌یەو دەیکاتە بەشێك لەسەرمایەی ڕەمزی خۆی. ئیسۆسی راپەرین کەخەون بینینێکی تر بوو لەدنیایی سیاسەتدا تەمەن کورت بوو لەوەدا کەحیزبی سیاسی کوردی دەگەڕێتەوە ناو گۆڕەپانی کوردستان لەگەڵ ئەم ئیسۆسەدا، ئەم ئەزموونەدا هەڵناکاو ناژی وە ناتوانێ بەپێی ئیسۆسی راپەرین گۆڕان بەبونیادی (ستراکچەری) خۆی بدات، سەرکردەی کورد ئەو گوێیەی نابێت بۆ بیستنی ئیسۆسی راپەرین چونکە لەمۆسیقاو مارشی ئەو ڕۆحەدا کەراپەرینە ئەم مەرگی خۆی دەبینێتەوەو ئیدی لێرەوە هەموو هەوڵەکان دەچنە خزمەت پووکاندنەوەی ئەو ئیسۆسەو دامرکانەوەی ئەو ڕۆحە ڕاپەریوە، ئیدی لێرەوە ئیسۆسی راپەرین نابێتە ئیسۆسی سیاسی کوردی کەخۆی لە رەفز کردنەوەی ستەمکاریدا دەبینێتەوە، خۆی لەخەون بینین بەرێکخستنی سیاسی‌یانەو کۆمەڵایەتی‌یانەی تازەوە دەبینێتەوە لەوانەش رەفزکردنی سیاسەت‌و هەڵوێست‌و هەڵس‌و کەوتی حیزبی سیاسی کوردی‌و سەرکردایەتی‌یەکانی. کاتێك کە حیزبی کوردی دەگەڕێتەوەو کۆنترۆڵی ئەو گۆڕەپانە دەکات یەکەم کار کەپێی هەڵدەستن بریتی‌یە لەلێدان لەئیسۆسی راپەرین، تیرۆرکردنی ڕۆحی یاخی بوون، دەستکردن بەلێ بووردن بەرامبەر ئەو هەمووو جاش‌و کوردە ناپاکانەی کە راپەرین دژی‌یان وەستابووەوە، دەست دەخەنە ناو دەست ئەو دوژمنەی کە راپەرین لەدژی وەستابووەوە. ئالێرەدا راپەرین وەك ئەزموون کۆتایی دێت‌و تەنیا لەبیرەوەری میللی‌یماندا وەك چرکەساتی ئەو ڕۆحە جوامێرەی کە خولقاندی دەمێنێتەوە. کار بەوەوە ناوەستێ بەڵکو ئەو ئیسۆسە، ئەو ڕۆحە جوامێرەی کە لەپشت راپەرینەوەبوو ڕۆژانە لەرێگای خوتبەی سیاسی‌یەکان‌و پەخشانی ڕۆشنبیرەکانەوە لەکەدار دەکرێت بەتێنەگەیشتن لەپەیامی راپەڕین‌و ڕێك نەخستنێکی تازەی جڤاتی کوردی کە خواستی راپەرین بوو. خاڵێکی جەوهەری کە دەبێت لەیادمان بێت ئەوەیە کە پووکانەوەی ئیسۆسی راپەرین بەرئەنجامی ئەو هەوڵانە بوو کەدام‌و دەستگا حیزبی‌یەکان‌و کەسایەتی‌یە سیاسی‌یە تەقلیدییەکان دایان بۆ

پوکاندنەوەی، بەڵام ئەوەی لای ئێمە گرنگەو دەمانەوێت پێی لەسەر دابگرین ئەو خاڵەیە کە هەر خودی رۆحی کوردی بووە مایەی پووکانەوەی ئیسۆسی راپەڕین بەدەرگا خستنە سەرپشت بۆ ئەو هێزەی تری ناو رۆحی کوردی کە دژایەتی کردنی خۆو ماڵکاولکاری خۆ لەسیفەتە سەرەکییەکانیەتی. دوای راپەڕین بەماوەیەکی کەم ئەم هێزە سەردەر دەهێنێتو دەست دەکاتە وێرانکردنی ماڵی کوردی، وێرانکردنی فیعلی دامو دەستگاکانو ژێرخانی ئابووری کۆمەڵگای کوردیو ئەو دیو کردنی هەمووشت، هەر لە پێویستیە مادی یەکانی کۆمەڵگاوە تا دەگاتە ئینسان، ئەم چرکە ساتە چرکەساتێکی بەربەریانەی رۆحی کوردییە کە تائێستا کورد پەردەیەکی داوە بەسەر ئەو دیاردە ترسناکانەی ئەو چرکەساتە بەربەرییەداو بەڕای ئێمە هیچ پرۆژەیەکی کوردی پیادە ناکرێت گەر ئەو چرکەساتە بەربەرییە نەخوێنینەوە. ئەم رۆحە لەرێگای ئەو کەسانەوە خۆی بەیان کرد کە هەستان بەفرۆشتنی ماشینو بلدۆزەرو تەلی کارەباو محەولەی کارەباو نوسخەی کتێبو دەست نووسە بەنرخەکانو تالان کردنی دائیرەکانو مۆزەخانەو خەستەخانەکان. هەر ئەم کەسایەتییانەی کە هەستان بەئاودیو کردنی هەموو ئەو شتانە ئێستا یا حوکم دەکەن لەکوردستان یا لەدەرەوە قسەکەرو زمانحاڵی جڤاتی کوردین. ئەم دیاردەیە کە هیچ ناوێکی ناتوانین لێ بنێین جگە لەبەربەریەت بەپلەی ئیمتیاز کتێبەکان دەدوێ. دەدوێ لەوێرانیو بیماری رۆحی کورد، لەچرکەساتی وەحشیانەی ئەو رۆحە، هەر ئەو چرکەساتە خۆی یادکردنەوەی هەموو چرکەساتەکانی تری هاوشێوەی خۆیەتی لەمێژووی کورددا، یاد هێنانەوەی ئەوساتە مێژوویانەیە کە هەرهەمان رۆح لەکەرنەڤاڵێکدا سەرقاڵی ماڵ کاولکردنی خودو خۆکوشتن بووە. ئەم چرکەساتە بەربەرییە ئاژاوە بوو، ئەو ئاژاوەیەی (کەیاسە)ی کە هۆبز لە (لیڤیاپەسان)دا باسی لێوەدەکات لەغیابی دەستەڵاتدا. لەم کەیاسەشەوە ئیسۆسێکی دی سەری دەرهێنا کە ناوی دەبەین بەئیسۆسی ستەمکارییو دواتر بەدرێژی لێی دەدوێم.

لەدوای راپەڕینەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی حاڵەتێك خولقا کە گەر لەنێو جڤاتی کوردیدا سەرکردەی حەکیم بوونی هەبایە دەکرا سوودی لێوەربگیرێت، گەر درێژە بەئیسۆسی راپەڕین درابا دەکرا بارودۆخی جڤاتی کوردی گۆڕانێکی چۆنایەتی بەخووە بدیبایە. کارو هەڵوێستی سیاسییانەی دوو حیزبە گەورەکە ئامادەیە بۆ ئەوەدەکەن کە تێگەیشتن لەسیاسەت وەك هونەرو فیکر لەو گۆڕەپانەدا بوونی نیە، ئەمە سەرباری تێنەگەیشتن لەدینامیکیەتی پەیوەندییە نێو دەولەتییەکانو لەهەمووشی ترسناك تر تێنەگەیشتن لەدوژمنەکانی کورد، ئەمەش لای ئێمە هەم لۆژیکییەو هەم لۆژیکی تێدایە. لەشوێنێکدا سیاسەت وەك هونەرو فیکر سەیر دەکرێت کە بواری مەدەنی هەبێت، کەسی سەربەخۆو ئازاد هەبێت، جڤاتێك هەبێت کە بەرژەوەندی گشتی، هەبوونی ئایدیاڵو خەون بینین بەپێکەوە ژیانێکی مەدەنییانە، رێز لەیەکتری گرتن، لەخۆو لەڕابردوو ئەو توخمانە بن کە ئەو جڤاتەیان پێکەوە گرێ دابێت، ماڵێکت هەبێت پایەکانی مەحکەم بێت بەڵام پاش راپەڕین، کەخۆی رەتکردنەوەی بەعسو سیستەمی ستەمکاری بوو، هێشتا خەڵکی لەسەر شەقامەکان بوون کە ئەو دووحیزبە هاتنو جڤاتی کوردیو ئیسۆسی راپەڕینیان رەتکردەوەو گەڕانەوە بۆ بارەگای بەعس. کەواتە لەئیسۆسی راپەڕیندا مەسەلەی کورد وەك مەسەلەیەکی سیاسیو ویژدانی جڤاتێك خۆی بەیان دەکات نەك مەسەلەی کەمایەتیەکی ئیتنیکی یاکلتوری کە دەیەوێت تەنها بمێنێتەوەو خاوەنی مافی کلتوری بێت وەك ئەوەی لەگوتاری سیاسی کوردیدا هەمیشە خۆی دەخاتە ڕوو. جیاوازی نێوان داواکردنی مافی کلتوری لەگەڵ مافی سیاسی ئاسمانو رێسمانە، هەرگیز نەبەعسو نەرژێمە یەك لەدوای یەکەکانیعێراق گرفتی ئەوتۆیان نەبووە لەگەڵ داواکاری یەکەمدا، کێشەی ئەوان لەگەڵ بەسیاسی کردنی کێشەی کورددا بووەو هەیە، بەسیاسی کردن واتە بوونی مافی حوکمی خۆکردنو بوونی مافی بڕیاردان لەسەر کێشە چارەنووس سازەکان. ئینسانی بوون والە سیاسی بووندا، لەبوونی مافی چارەی خۆنووسین نەك هەبوونی مافی بوونی چەند رادیۆو تەلەفیزیۆنو گۆڤارو رۆژنامەو حیزبی کارتۆنی. لەسەر ئاستی جیهانی کۆمەڵێك بەڵگەنامەمان لەبەردەستدایە کە باس لەدیدارەکانی سیاسەتمەدارانی دووحیزبە گەورەکەی کوردستان (PUK - KDP) لەگەڵ دیپلۆماتو سیاسەتمەدارانی "خۆرئاواییو"

ناوچەی "خۆرهەڵاتی ناوەڕاست"و لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانو لەگەڵ میدیای جیهانیدا دەکەنو تیایاندا سیاسەتمەدارانی کورد هەمیشە دژی دووشت بوون: **یەکەم**، بەنێودەوڵەتی کردنی (تدویل) کێشەی کورد، **دووەم**، بەسیاسی کردنی کێشەی کورد (سیاسی بوون بەمانا ئەرستۆییو هانا ئارێنتییەکەی). ئەم دوو حیزبەو سەرکردەکانیان هەمیشە وەك کێشەیەکی کلتووری کەمایەتیەك، لەناو بۆتەقەی نەتەوە ـ دەوڵەت واتە نەتەوەیەکی خاوەن سیادە، سەیری کێشەی کوردیان کردووە، وەك کێشەیەکی ناوخۆ مامەڵەیان لەتەکدا کردووە، بگرە هەندێ جار وەك کێشەی خێزانێك، زوویر بوونی براکان لەیەکتر قسەیان لەسەر کردووە، واتە نەك بەزمانێکی فیکری سیاسی بەڵکو بەزمانی ئەنسرۆپۆلۆجیا دەدوێن، ئەوەتا یەکێتی نیشتمانی لەدوای کۆنگرەی دووهەمیەوە کێشەی کوردی کردۆتە کێشەیەکی ناوخۆییو ئیدی لەپیرۆزبوونی یەکێتی خاکی عێراق قسەدەکەن.

بۆ ئەوەی قسەکانمان نەبنەمایەی بەهەڵە لێتێگەیشتنو بەدحاڵیو بەهەڵە تەفسیر نەکرێت، کە بەداخەوە عەقڵێك هەیە لە بۆسەدایەو ئەم کارەو تەنها ئەم کارە بەڵەدە، دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە بوونی ئەو حیزبە کوردیانە بەوستراکچەرەوە کە هەیانە، بوونی ئەو سەرکردانە مو ئامەرەنین لەکورد، بەسەر کورددا نەسەپێنراون دەستی دوژمنانی کوردنین بەڵکو هەڵقوڵاوی ناو کلتوورو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی جڤاتی کوردیو هەڵقوڵاوی ڕۆحی کوردین. لێرەوە ڕەخنەی جدی ئەو ڕەخنەیەیە کەسەرەتا مامەڵە لەگەڵ ستراکچەری کلتووری دەکاتو ڕۆحی کوردی دەخوێنێتەوەو مانیفێستەکانی ئەو ڕۆحە لەکلتووردا، پەیوەندیەکاندا "سیاسەت"دا، وە لەئاییندا تەئویل دەکات، ئەوسا دێتە سەر دامو دەستگاکان لەوانە ڕێکخراوە سیاسییەکان بەخۆیانو سەرکردەکانیانەوە.

### ئیسۆسی ستەمکاری:

ڕاپەڕین ئیسۆسێك بوو بۆ ئەوانەی بێدەنگ کرابوون، گەڕانەوەی سیاسەت بوو بۆ جیهانێك کە بەعس سیاسەتی تێدا تیرۆر کردبوو، ئیسۆسێك بۆ دەرگا خستنە سەرپشت بۆ بەهرەو تواناکانی تاکەکان کە لەلایەن بەعسەوە بەپەراوێز کرابوون، ڕاپەڕین ڕەتکردنەوەی یەك دەنگیو یەك ڕەنگی بوو لەسیاسەتداو کرانەوە بوو بۆ هەمە چەشنەیی. ڕاپەڕین ئارەزووی جڤاتی کوردی بوو بۆ حوکم کردنی خۆ بەڵام حوکم کردنێکی جیاواز لەشێوە باوەکانی حوکم کردن لەو ناوچەیەدا، حوکم کردنێك بەدوور لەستەمکاری ئایدیۆلۆژیو ستەمکاری حیزبی، بەڵام ئیسۆسی ڕاپەڕین تەمەن کورت بوو بەدوایدا ئەو کەیاسەهات کە پێشتر باسمان لێکردو ناومان نا بەربەریەت کە خۆی لەدەهلیزەکانی ڕۆحی کوردیدا بوونی هەیە. لەنێو ئەم کەیاسەوە ئیسۆسێکی دی، ئەوەی کە کورد هەمیشە پێی ئاشنابووە، سەرهەڵدەدا، ئەویش ئیسۆسی ستەمکارییە. هەرچەندە ئەزموونی هەموو حیزبە کوردیەکانی کوردستانی گەورە باس لەسەر لێشێواوی ڕۆحی کوردیو باڵادەستی ستەمکاری دەکەن، لێرەدا ئێمە مەبەستمانە جەخت بکەینە سەر ئەزموونی دوو حیزبە کوردیەکەی کوردستانی خواروو لەماوەی دەساڵی ڕابردوودا. بەڵام با سەرەتا لەڕووی تێۆرییەوە بەکورتی باسێك لەستەمکار بکەین.

جیاوازی هەیە لەنێوان دیکتاتۆریەت (Dictatorship)، ستەمکاری (Tyranny)، دیسپۆتیزم (Despotism) موتڵەق گەرایی (Absolutism) (لەبواری حوکم کردندا) کە هەریەك لەم چەمکانە مێژووی خۆیانو مانای خۆیان هەیە[٢٠]. لەکۆماردا[٢١]، ئەفلاتوون باس لەسەرەو لێژبوونەوەی شارێکی ئایدیاڵ دەکاو بەم شێوەیە مەسەلەکەمان بۆ وێنا دەکات، شاری ئایدیاڵ سەرەتا سەرەو لێژدەبێتەوەو دادەڕزێ تا دەگاتە تیمۆکراسی (Timocracy)، واتە مەست بوو بەعەشقی شەرەف، ئینجا ئەمیش بەدەوری خۆی سەرەو لێژ دەبێتەوە بەرەو ئۆلیگارکی، عەشقی پارەو سامان وەك مۆتۆڕێك لەپشت ئەم سیستەمەوە

کاردەکات، دواجار قۆناغێکی تر لەداڕزان ئەویش دیموکراسی‌یە کەمۆتۆڕەکەی بریتی‌یە لـە عیشـقی ئـازادی، لێرەشـەوە ئـەم سیستەمە دادەڕزێ تا دەگاتە ستەمکاری کـە بریتی‌یـە لـەبێ سـنووری ئارەزووەکـان. سـوکرات لـەکتێبی دووەمـی کۆمـاردا دیموکراسـی، "دایکـی هـەموو سـتەمکاری‌یەکان"، دەبەسـتێتەوە بەسـتەمکاری‌یەوە چونکـە بـەڕای ئـەو کۆمـەڵانی خـەڵك (Masses) هیچ عەشـقێکیان نیـە بـۆ عەدالـەت بـەڵکو خولیـای ژیـانێکن کـە لـەژیانی سـتەمکار دەچێـت، هـەموو ئینسـانێك ستەمکارێکە بۆ خۆی، یاخود ئەمە فەنتازیای ئینسانی دیموکراتـە (گرنگـە لـەیادمان بێـت کەلەسـەدەی نـۆزدەدا هیگـڵ ئـەم فەنتازیایە بە ئەخلاقی کۆیلە لەقەڵەم دەدات). سوکرات دەیەوێت ئەوەمان نیشان بدات کە چۆن ئەم ژیانە (ژیانی سـتەمکارو ستەمکاری) حـەزی لەناعەدالەتی‌یـەو ئـەنجامێکی پراکتیکیـش بریتی‌یـە لـەلاوازکردنی ڕۆحـی بـەرەنگاری دژ بەسـتەمکاری. لەستەمکاریدا عەدالەت کورت دەکرێتەوە بۆ دەسەڵات (Power)، لێرەوە خەڵکی لاواز هیچیان لەدەست نایە جگە لەتەسلیم بوون‌و بوونیـان بەکۆیلـەی کۆیلـە (مەبەسـت لەمـەی دوایـی خـودی سـتەمکارە، ئـاخر سـتەمکاریش کۆیلەیـە بـەڵام کۆیلـەی ئارەزووە جەهەنەمی‌یەکان).

خەڵکی دەکەونە ناو ئەو ئاگرەوەی کە کۆیلەکان ببنە ئاغاکانیان‌و لەجێگای ئازادیـەکی مـەزن بـەڵام ناگونجـاو کـە لـەژێر سایەی دیموکراسیدا لەزەتیان لێدەبرد، خۆیان دەخەنە ژێر سەخت ترین‌و بەدترین کۆیلایەتیەوە، کۆیلایەتی کۆیلە.

Republic 569 b7 – C3

سوکرات پێی وایە خەڵکی پیاوێك، سەرکردەیەك بەرزدەکەنەوەو وەك پاڵەوانی خۆیان لێی دەڕوانن‌و پرسـیار دەکـات کـە "ئایا خەڵکی هەمیشە ئەو عادەتەیان نیە کـە پیـاوێك بکەنـە پاڵـەوانی خۆیـان، بـەخێوی بکـەن‌و بیکەنـە مـەزن؟ بـەڵێ ئـەو خوەیان هەیە".

Republic 565 C9 – d2

لای ئـەفلاتوون جیـاوازی نـەوعی نیــە لــەنێوان سـتەمکارو ڕەعیــەتدا (Subjects) (دەبێـت لـەبیرمان بێـت ڕەعیـەت هاونیشتمانی نیە) لەبەر ئەوەی پێکهاتەی ڕەعیەت هەم ڕێکخستنی سیاسی دروست دەکات‌و هەم ڕەنگدانـەوەی ڕێکخسـتنی سیاسـی‌یە کـە لـەژێر سـایەیدا دەژیـن. سـوکرات دەڵێـت: "یـاخود لـەو بـاوەڕەدایت کـە ڕژێمـەکان لەبـەردو دار بـەڕوووە سەرهەڵدەدەن نەك لەپێکهاتەی ئینسانیەکانەوە لەشاردا؟"( Republic 544C – 477b – C 544 d –e)

(دەی هێنمەوە یادتان کە گوتمان حیزبی کوردی‌و سەرکردەی کوردی هەردووك تەعبیر لەکوردو تەرکیبـەی ڕۆحـی کـورد دەکەن، ڕەخنە لەحیزبی کوردی دەبێت ڕەخنەش بێت لەڕۆحی کوردی) .

ئینسانی ستەمکار لەناو هەرکەسـێك‌و هـەموو کەسـێکدا دەژی‌و لەخـەودا خـۆی دەردەخـا، "لەوکاتـەدا کـە ئینسـان سـڵ ناکاتەوە کەسێکس بکا لەگەڵ کەسی خۆی یا هەر ئینسانێکی دی‌و بگرە لەگەڵ خواشدا، سڵ ناکاتەوە لـەوەی هەرکەسـێکی بەردەست کەوت سەری ببڕێ ..." سوکرات ئەم ئارەزووانە ناودەبات بە ئەو ئارەزووانەی کەیاسا بـەجێ دەهێڵـن. وەبیرتـان دەهێنمەوە کە قۆناغی دوای ڕاپەڕین، قۆناغی ماڵ کاولکاری‌و فڕکان فڕکان‌و دزین‌و هەڵوەشاندنەوەی ماڵی کوردی‌و خـاپوور کردنی کۆمەڵگا، چرکەساتێکی بەربەری بـووە وە لـەو کەیاسـەدا هـەموو کـەس سـتەمکار بـوو بـەڵام ئـەو کەیاسـە نـەدەکراو نەدەبوو بەردەوام بێت بۆیە لەوێوە دوو حـیزب‌و سـەرکردەکانیان هـاتن‌و کۆنـترۆڵی بارودۆخەکـەیان کـردو بوونـە سـتەمکار. ئێرۆس سەرۆکی هەموو ئارەزووەکانە ئێرۆس لەکەسی ستەمکاردا دەبێتە ڕابـەری هـەموو ئـارەزووە ناپێویستەکان ئـێرۆس ستەمکارەو لەڕۆحدا دێوانەیی وەك پاسەوان ڕادەگرێت. کاتێك ئێرۆس ڕێنومایی هەموو کردارەکان دەکات، کەسـی سـتەمکار بەرەو تاوان‌و هەموو هەڵس‌و کەوتێکی بێ شەرمانە ڕاپێچ دەکات.

بەپێی بەشەکانی 80– 578 لەکۆماردا ستەمکاری شارێکی داڕزاو و ناهەموارو بێ ئومێدو خاپوور بووە، چونکە شار وەك کۆیەك، لێرەدا دەتوانین بڵێین هەموو جڤات، و هەم دانیشتوانی شار هەر هەموو کۆیلەن، خودی سـتەمکاریش کڵۆڵـە چونکـە ئەمی سەروەری خەڵك‌و کۆیلەکان خۆی کۆیلەی ئێرۆس‌و ناعەدالەتی‌یە، حیکمەت‌و میانـە ڕەوێتـی لەلایـەن ئێرۆسـەوە وەدەر

نێردراون. چ شارو چ کەسی ستەمکار لەلایەن ئیرۆسەوە حوکم دەکرێن کە خۆی هێزێکە بۆ ئەوە دروست نەبووە کە حوکم بکات چونکە ئیرۆس توانای بیرکردنەوەی حەقیقی نیە، ئەم هێزە هەوڵی بیرنەکردنەوە (Thoughtlessness)و بێ جیاوازی کردن دەدات. لەژێر سایەی ستەمکاریدا کەسی تەندروست لەدایك نابێت. ستەمکاری نەخۆشی‌یەکی سیاسی‌یەو تیایدا تەنها گەرای نەخۆشی‌یەکان سەردەردەهێننو کەسی نەخۆشو ویژدان داڕزاوو بیمار پەروەردەکات. لەئاستی سیاسیدا ئەو داڕزانەی کە ئاماژدەمان پێدا لەشاری تەندروستەوە بۆ شاری مالۆسەکان (شاری ستەمکاری) نەخۆشی‌یەکانی ستەمکاری، ناهەمواری‌و ناگونجاندن لەخۆ دەگرێ لەنێوان گشت بەشەکانو چینو تاقمو توێژەکانی شاردا. لەلایەکەوە مەبەستی ئەفلاتوون ئەوەیە کە نەتاکەکانو نەچینەکان لەژێر سایەی ئەو سیستەمەدا ناتوانن وەزیفەی خۆیان بەچاکی ببینن وەلەلایەکی دیکەوە ئەو حاڵەتە ڕەچەتەیە بۆ جەنگی ناوخۆ. ستەمکاری بەرئەنجامی نەبوونی حیکمەتە لەلای سەرکردەکانو کەوتنە ژێر کاریگەری خێرایی زۆربەیە، ئەو زۆربەیەی کە ئارەزووەکانیان ڕاپێچیان دەکات بۆ لەئامێزگرتنی رووکەشی‌و بەختیاریەکی رووکەشانە، لێرەوە ناهەمواری سیاسی لەشارێکی لەو جۆرەدا تەنها نیشانەی نەخۆشی‌یەك نیە لەکەس یان هێزی ستەمکاردا بەڵکو نیشانەی نەخۆشی رۆحی رەعیەتیشە. ستەمکاران ئەوکاتە دەتوانن دەستەڵات بگرنە دەستو بیپارێزن کە مومارەسەی موجامەلە بکەن، موجامەلەی زۆرینەی خەڵك وە پەیمانی ئەوە بدەن کە مێگەل دڵخۆش بکەنو هەوڵ بدەن وەکو گاڕان (Crowd) هەڵسو کەوت بکەن. لەشاری ستەمکاردا نەکەسی ئازاد هەیە، نەفەزای گشتی، نە عەدالەت، نەسیاسەت، نە مەزنی، نە دەستکەوت، نە ئومێد. شاری ستەمکار شارێکە ئەو کەسانە حوکمی دەکەن کە شایستەی حوکم کردن نین، ئەمەش سیفەتێکی ئێستای دەستەڵاتی کوردی‌و شارو جڤاتی کوردی‌یە کە دواتر باسی لێوە دەکەین.

هەرچی پەیوەندی بەڕای ئەرستۆوە هەبێت سەبارەت بەستەمکاری خاڵی یەکەم کە دەبێت سەرنجی بدەین ئەوەیە کە شار (Polis) (کە بەهەڵە هەندێ جار بەدەوڵەت ـ شار تەرجومە دەکرێت) بریتی‌یە لەدروستکراوی سروشت ژینگەیەکی سیاسی‌یە کەتیایدا ئینسانەکان دەتوانن بەمەبەستەکانیان بگەن، یاخود وەك ئەرستۆ دەڵێ: "شار ئەو جەستەیەیە لەهاونیشتمانیان کە کافی‌یە بۆ مەبەستەکانی ژیان، وەشار بوونی هەیە لەبەر خاتری ژیانێکی چاك نەك لەبەر خاتری تەنیا ژیان"

(Politics, 1253a 2 - 1275b 20 - 21 - 1280a 31 - 32 )

سیاسەت بەڕای ئەرستۆ[22] هەم هونەرێکی سەروەرە، رابەرەو هەم زانستە کە ئامانجی "حەتمەن دەبێ چاکەی ئینسان بێت". هەر رێکخستنێکی سیاسی، بەڕای ئەرستۆ، کە تەنیا سەرقاڵی وەزیفەیەکی نێگەتیڤ بێت کە ئەویش پاراستنی کەسەکانو موڵك بێ، ئەو رێکخستنە بەڕاستی (شار – Polis) نیە چونکە شار هەر لەپێناسەکەیەوە دەبێت غەمی پەروەردەکردنی مەزنی لای ئینسان بخوات واتە گرنگی دان بەگەیاندنی ئینسان بەمومتاز بوون (Excellence). رۆڵی شار لەگەشەکردنی ئەگەرەکانی ئینساندا ئەوەیە کە فێرمان بکات حەزمان لەچاکە بێتو "کردنی هاونیشتمانیان بەهاونیشتمانی چاك لەرێگای چاندنی خووەوە لەناویاندا"

(Politics,1280b 5 - 8 )

ئەرستۆ لەباس کردنیدا بۆ ستەمکاری بێزهاتنەوەی خۆی ناشارێتەوە نەك لەبەرئەوەی کە سیستەمێکە لەسەر بێ بەزەیی‌یەتی‌و دڵ رەقی‌و توندو تیژیەوە دامەزراوە بەڵکو لەسەروو هەموویەوە چونکە لەئینسانەکاندا ئەوشتە تیرۆر دەکات کە ئەرستۆ بەجوانترینو سروشتیترین کەڵکەڵە ناوی دەبا کە کەڵکەڵەی گەورەبوونو چاوبڕینە لەمەزنێتی. گەر سیاسەتمەداران لەشارێکی عادلو حەقیقیدا خەون بە بەئەنجام دانی کاری مەزنەوە ببینن "ئەوا لەژێر سایەی ستەمکاریدا، ستەمکارەکان بەپلەی‌یەك‌و بەگشتی هەوڵ دەدەن پارێزگاری لە مەبەستە ئەنانی‌یەکانیان بکەن". بەڕای ئەرستۆ ستەمکار

لەسیستەمی ستەمکاریدا ئەوشـتە لـەناو دەبـات کەسیاسیەهاونیشـتمانێتی ـ بەشـداری کردنـی سیاسـیانە ـ کـۆرو کۆبونـەوە سیاسیەکانو ئینجا بڕیاری سیاسیانە (Deliberation) وە حوکمی سیاسیانەش دەگۆڕێ بـۆ ئیدارەکـردن ـ ئیدارەکردنێکـی ناوماڵ یان خێزان. (لەسەدەی بیستەمدا هانا ئارێنت وەکو ئەرستۆییەك دێتو لەسەر ئەم تێکەڵ کردنەی نێوان فەزای گشتی (Public)و فەزای تایبەت (Private) تیۆرییەکەی خۆی دادەڕێژێ لەمەڕ تۆتالیتاریزمــەوە[٢٣]، هـەر لـەم دیـدەی ئارێنتـەوە دەتوانین بڵێین کە لەئەمڕۆی خۆرئاوادا سیاسەت بوونی نیە چونکە ئەو سنووورە تێك شـکاوەو سیاسـەت بۆتـە ڕێکخسـتنێکی خێزانی یا ناوماڵی (Household Mangement). ستەمکار ئەو کەسەیە کە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ شاردا دەکات وەکـو ئەوەی کەماڵی خۆی بێت، خێزان بێت وەڕۆڵی گونجاوی شارو فەزای گشتی لەیاد دەکاتواسەیری شـار دەکـات وەك ئـەوەی شار هاوپەیمانیەتێکی ئابوری بێت کە تەنها بۆ ئەوە داڕێــژراوە کـە سـامان بەرهـەم بـهێنێت. (کـاتێك ئامـانجی شـار دەبێتـە ئامانجێکی ئابوریو شار دەبێتە یەکەیەکی ئابوری ئیدی خۆری سیاسەت ئاوا دەبێت، ئەمەش لەدنیای هاوچەرخدا بەئاشـکرا دیـارە وە ئـەوەی لەشـارەکانی خۆرئـاوادا دەیبینـین هـەموو شـتە جگـە لەسیاسـەت). ئەرسـتۆ دەڵێـت "لەباشـترین شــاردا هاونیشتمانی ئەو کەسەیە کە دەتوانێت هەڵبژێرێت وە هەڵبژێردرێت تا حوکم بکـرێو حوکـم بکـاتو چـاو لـەژیانێکی مومتـاز بـبڕێت". ئینسـانەکان، بـەڕای ئەرسـتۆ، تەنـها ئەوکاتـە دەتوانـن بەئامانجـە گونجاوەکـان، ئامـانجی مـەزن، بگـەن کـە وەك هاونیشتمانی شار خاوەنی توانای بڕیاردان بن، بڕیاردان لەمەڕ باشترین ژیانەوەو چۆنیەتی بەدەست هێنـانی باشـترین ژیـان. بـەڵام لەشـارێکی بـەددا، لـەژێر سـایەی سیسـتەمی سـتەمکاردا کـە ئەرسـتۆ بەناسروشـتی تریـن شـارو سیسـتەمی دادەنـێ، ستەمکارو ڕەعیەت جاهیلن بەرامبەر بە باشترین ژیان. ڕەعیەتی ستەمکاری ئەو توانایەیان لەدەست داوە کە پرسیار بکـەن، پرسیاری عەمەلی، توانای بڕیاردانیان لەدەست داوە، بڕیاردان لەمەڕ باشترین ژیانەوەو چۆنیەتی گەیشتن بەژیانێکی چاك.

ستەمکارێك کە هەموو تواناکانی بڕیاردانی لەمەڕ باشترین ژیانـەوە لـەناوبردبێت، سـتەمکارێك کـە توانیبێتـی حوکـم بکـاو خەڵکیش لەگەڵ ستەمکارێکی ئاوادا هەڵیان کردبێت، هەردوولا ناتوانن کە بپرسن کە ئایا ژیانێکی لەمەباشـتر دەکـرێ بوونـی هەبێو ناتوانن ئەڵتــەرناتیڤێك بۆهەلومـەرجی بـاو هەنووکـە (Status quo) ببیننــەوە. سـتەمکار لەپەککـەوتنی خـەڵکیداو پرسیار نەکردنیان لەوەی کە بۆدەبێت وابژینو پرسیار نەکردنیان لەژیانی چـاك دواچـەکی خـۆی دەدۆزێتـەوە بـۆ پاراسـتنی دەستەڵاتو درێژەدان بەستەمکاری، لێرەوە چ ستەمکارو چ ستەمدیدە یـەك ئـەوی دی تـەواو دەکـەن. بـەڕای ئەرسـتۆ شـار بریتیە لە کۆمەڵەی کۆمەڵەکان.

(Politics,1252blc - R)

شار بریتیە لەجڤات، لەبەشداریکردنو هاوبەشـی کردنـی چالاکانـەی خـەڵك وەکۆبوونـەوەیان لـەدەوری کۆمـەڵێك ئامـانجی هاوبەشدا. شار بەڕای ئەرستۆ بریتیە لەجڤاتی خێزانەکانو لەباش بووندا بۆ مەبەستی ژیانێکی کامڵو خود بەخود ئیعتیماد کردنە سەر خۆ".

(Poli,1280 b 32 - 35)

شارێکی لەو جۆرە لەچەند خاسیەتێکی تریشدا بەهرەمەندە لەوانە عەدالەتو هاوڕێیەتی.

لەستەمکاریدا، پەیوەندی تاکـەکان پەیوەندیـەکی سـتەمکارانەیەو زیـاتر لەپـەیوەندی نێـوان سـەروەر یـان ئاغـاو کۆیلـە دەچێت. کەواتە ستەمکاری ڕێکخستنێکی سیاسیانەیە کە هەموو ماناکانی جڤاتی بزرکردووەو لەدەست داوە، ئەو مانایانـەی کە خەڵکی پێکەوە پێویستەکاری بۆ بکەن، کارکردن بۆ چاکەی هاوبەشو ئامانجی هاوبەشو ژیـانێکی چـاك. پەیوەندیـەکان لەستەمکاریدا مۆرکی ئەنانیەتو دوژمنایەتیو بەدگومانیان پێوە دیارە. (لەئەمڕۆی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی کورد لەشارە کوردییەکاندا بـەدگومانی، فێـڵ، درۆ، دوژمنایـەتی، خۆپەرسـتیو کـەوتنی هـەموو بـەها ئینسـانیەکان بـاڵی بەسـەر هـەموو پەیوەندیـەکاندا کێشـاوە وەلەسـەرەوەی فێـڵ کـەرو پاشـقول گـرو بـێ ویژدانەکانیشـدا سیاسـەتمەدارانی کـورد دێـن.

سیاسـەتمەداری کـوردو خـەڵکی سـادە لەشـارە کوردیـەکاندا لـەناو حەلەبەیـەکی دێوانـەیی لەسـەر ئـاوازی بـێ ویژدانـی سەمادەکەن، هەر ئەمەشە ئیشکالیەتی ئەمڕۆی دنیای کورد). ستەمکاری هانی هاونیشتمانیان دەدا کە دوورە پەرێزی بکـەن لەسیاسەت. کەسێك ناتوانێت هاونیشتمانی راستەقینە بێت وەناتوانێ ئۆپۆزسیۆنێك (معارضە)ڕێك بخـات لـەکاتێکدا لـەبوارو جیهانـە تایبەتەکـەی خۆیـدا (Private Sphere) قـەتیس کرابێـت. لـێرەوە سـتەمکار هـەوڵ دەدات کـە دانیشـتوان لەهاونیشتمانەوە بکات بەرەعیەت لەرێگای لەناوبردنی فەزای گشتیو ژیانی سیاسی. ستەمکاری کاتی ئازادی خـەڵك بەسـەر گـەرمی (Amusement) پڕدەکاتـەوە، کـارێك دەکـات خـەڵکی سـەرقاڵی رابـواردنو کـەیفو خۆشـیبن تـاکو بیرنەکەنـەوە لەسیاسەتو جـەغد لەسـەر بەشـداری بوونیـان لـەکاروبارە سیاسـیەکاندا نەکـەن. سـتەمکاری پرسـیارە عەمەلیـەکان لـەناو دەباتو توانای بڕیاردانو بیرکردنەوە لەبڕیاردان لەسەر مەسەلە حەیاتیەکان لەتاکدا دەکوژێ بەتایبەت پرسیاری "ئەو شتە چیە کە باشترین ژیان پێك دەهێنێ" لێرەوە خـەڵك هـەرگیز نـاتوانن پرسـیار لـەبارو دۆخـی بـاو بکـەنو بـەدوای ئەڵتـەر نەتیڤێکدا بگەڕێن بۆ هەلوو مەرجی هەنووکەیی . لەرۆژگاری ئەمڕۆی دنیای کورددا خـاڵی سـەرگەرم کردنـی خـەڵك بەئاشـکرا دیارە، ئەوەتا دەعوەت کردنی گۆرانی بێژانی بەناو هونەرمەندو سازدانی میهرەجاناتی جۆراوجـۆرو گـەورەکردنی رۆڵـی ئـەم میهرەجانانە لەگازێتە کوردییەکانەوەو نیشان دانی خودی سـەرکردەش وەکـو دڵسـۆزی هونـەر بەهەسـتان بەدابـەش کردنـی خەڵاتو تا دوایی لەم چالاکیانە هەر هەموو بەمەبەستی لەیادکردنی سیاسەتو کوشـتنی توانـای پرسـیارکردنە لای ئینسـانی کورد لەوەی ئایا بەڕاستی سیاسییەکان خەریکی چین لەرووی سیاسیەوە !

من لەو کتێبەدا کەلەسەر ستەمکارییەو کاری لەسەردەکەم کـەمێك بـەدرێژی قسـەم لەسـەر بـۆ چوونـەکانی مۆنتسـیکیۆ کردووە، بۆیە لێرەدا تەنیا ئاماژە بەیەك دوو سەرنجی مونتسـیکیۆ دەدەیـن. بـەڕای مۆنتسـیکیۆ لـەژێر سـایەی سیسـتەمی ستەمکاریدا (کە ئەو لەجیاتی Tyranny ووشەی Despotism بەکار دەهێنێ) هەرسێ دەستەڵاتی تەنفیزی (Executive)، تەشـریعی (Legislative)، قـەزائی (Judicial) لەکەسـی سـتەمکار (Despot)دا کۆدەبنـەوە، ئەمـەش رەجەتەیەکـە بـۆ بەکارهێنانی هەڕەمەکیانەی دەستەڵات. لەژێر سایەی دیسپۆتیزمدا، دانو وەرگرتن نیە لـەنێوان خـەڵكو دامو دەسـتگاکاندا، بەشداری هاونیشتمانیان نیە لەحوکم کردندا، ترس حاکمی گەمەکەیە، لێرەوە سیاسەت کورت دەبێتەوە بۆ چپـەچپ. کلیلـی دیسپۆتیزم، بەڕای مۆنتسیکیۆ، بریتیـیە لـە هەڵوەشـاندنەوەی دەسـتەڵاتە میانجیـەکان (Intermediate Powers)و دامو دەستگاکانی نێوان دەسـتەڵاتەکان تـاکو دیسـپۆت حوکمـی رەعیـەت راسـتەوخۆ بکـات. دەسـتەڵاتی قـەزائی (J udicary) بریتیـیە لەباشترین وەسیلە بـۆ پاراسـتنی تاکـەکانی کۆمـەڵو ئازادیـان بـەڵام خاسـیەتی سـەرەکی دیسـپۆتیزم بریتیـیە لـە پوکانەوەی Judicary (دەسەڵاتی قەزائی) وەك دەستەڵاتێکی میانەو دامو دەستگایەکی میانە لەنێوان حاکـمو مـەحکومدا ، بۆ پاراستنی حوکم کراو لەبەکارهێنانی دەستەڵات لەلایەن حاکمەوە[٢٤].

بەڕای مۆنتسـیکیۆ دەسـتەڵات هەمیشـە دەبێـت فـەحس بکردرێـت دەنـا بەهەڵـە بـەکار دەهێنرێت، لـێرەوە بوونـی دامو دەستگا میانەییەکان پێویستیەکی نکۆڵی لێ نەکراون بۆ بوونی سیستەمێکی رێکخستنی عادلانە. لەژێر سایەی دیسپۆتیزمدا کەمترین ئاڵو گۆڕی ئایدیا هەیە لەنێوان خەڵکیدا واتە گۆشەگیری بەرکەماڵەو گفتوگـۆی سیاسـی لەپلـەی سـفردایە چونکـە گفتوگـۆی سیاسـی تەنـها لەفـەزای گشـتیدا دەکـرێو لـەژێر سـایەی دیسپۆتیزمیشـدا فـەزای گشـتی یـان داگیرکراوە یـان لەناوبراوە. لەژێر سایەی دیسپۆتیزمدا رەعیەت (نەك هاوننشـتمانیان) نـاتوانن بەڕاسـتگۆیانە قسـە بکـەنو بیربکەنـەوەو رای خۆیان بڵێن، لێرەوە دیسپۆتیزم لای مۆنتسیکیو ئەو جیهانەیە کە تیایدا چ رەعیەتو چ دیسپۆت (ستەمکار) ناسروشتینو نـا دلسۆز، درۆزنو فێڵکەر، ئەوتا لە "نامە فارسییەکان"دا دەخوێنینەوە: "ئێمە ناتوانین خـەڵکی ببینـین وەك ئـەوەی کەهـەن بەڵکو وك ئەوەی کە ناچارکراون بـبن"، "ئێمـە هەمیشـە تەجروبـەی غـەمباری درۆزنانـەو دڵخۆشـی درۆزنانـە دەکـەین [٢٥]". کەواتە لە دیسپۆتیزمدا رۆڵی "هاونیشتمانی" کورت دەکرێتەوە بۆ بوون بەرەعیەتێك کە هەمیشە دەبێت دەوربببینێـت، بۆیـە

کردارەکانی راستگۆیانە نیەو هەستەکانیشی نا سروشتین، ئا لەو دنیا دیسپۆتیزمەدا کە دنیایەکی درۆزنانەیە خەڵکی ویژدان نەخۆش پەروەردە دەبێت، ترس‌و درۆو فێڵ دەبنە دوا گەمەی ناو بواری گشتی.

لەبەر رۆشنایی ئەو پێشەکی‌یە تیۆرییەوە کە باسمان کرد، دەتوانین بگەینە چەند بەرئەنجامێك لەمەڕ ستەمکاری‌و بەکارهێنانیان بەمەبەستی تێگەیشتن لەستەمکاری کوردی. رێکخستنێکی سیاسی گونجاو ئەوکاتە بوونی هەیە کە خەڵکی، هاونیشتمانیان هەست بە سەرسوڕمان یان رێز بکەن لەبەردەم ئۆتۆرتی (Authority) دەستەڵاتدا چونکە ئۆتۆریتی یاسا، دایك‌و باوك، هاوڕێ یارمەتی ئەوە دەدات کە شار پێکەوە گرێ دراوبێت‌و جومگەکانی لێك نەترازاوبن‌و وەك یەکەیەك بەدەستکەوتی گەورەو کاری مەزن شادبن. لەستەمکاریدا هیچ کەس سروشتی نیە، هیچ کەس رەسەن نیە، هەموو کەس مونافقن، هەموو رۆڵ دەبینن، هەموو موجامەلەی گاڕان دەکەن لەپێناو بەدەست هێنانی دەستکەوتی ماددی‌دا لەستەمکاریدا هەموو کەس ئەکتەرەو ماسکی پۆشیوە، هەموو ئەکتەرن لەتراژیدیاییەکدا کە زۆر بەدووره لەتەندروست بوون‌و هارمۆنی‌و ئینجا بەدووره لەراستگۆیی‌یەوە کە عەقڵ داخوازیەتی و داوامان لێدەکات. ستەمکاری نەك تەنها ئەگەری ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دەکوژێ بەڵکو خۆی هەر کەسێکی بوێت تیرۆرایزی دەکات. هیچ کەس لەژێر سایەی سیستەمی ستەمکاردا ناتوانێ ئەگەرەکانی خۆی تاقی بکاتەوەو ناتوانێ چاو لەمەزنی ببڕێت چونکە لەستەمکاریدا تەنها غەریزەو ئارەزووە نەخۆشەو بیمارەکان تەحقیق دەکرێ. ئێمە لێرەدا لەنێو کۆمەڵێك پێناسەدابۆ ستەمکاری ئەو پێناسەیە زەق دەکەینەوە کە پێی وایە ستەمکاری بریتی‌یە لە حوکم کردنێکی هەڕەمەکی کە لەلایەن دەستورێکی گشتی‌و جەستەیەکی دەستوریەوە رێگەی لێ نەگیراوەو چواردەوری بەدەستور یان کۆدێکی یاسایی باش پێناسەکراو نەگیراوە. کەواتە ستەمکاری بریتی‌یە لەحوکم کردنێك لەپێناو مەبەستێکی تایبەتی‌و لەلایەك بەرژەوەندی کەس یان هێزی ستەمکار لەجیاتی لەپێناو چاکەی گشتی (general good)، لەلایەکی دی‌یەوە هەرەس هێنانی ویژدان‌و ئەخلاق‌و هەموو شتێکی مانادار، لەناوچوونی مەزنی‌و عاشق بوونی زبڵ‌و گەندو گوو وەك ئەوەی ئەمرۆ لەو وڵاتانەی ئێمەدا بەدی دەکرێت.

هانا ئارێنت رای وایە کە ستەمکار دەتوانێ حوکمی خۆی بەهێزبکات لەرێگای ستراکچەرێکەوە کە بێ شێوەیە (shapeless)، ستراکچەرێك کە هەمیشە رووی خۆی دەگۆڕێت بەشێوەیەك کە هیچ کەس جگە لەسەرکردە، کاریزما، رابەری حیزبی جەماوەری نەتوانێ بزانێ کامە توێکڵی ئەو ستراکچەرەیە کە لەپیاز دەچێت، کەس نازانێ ئەوە دەوڵەتە، حوکومەتە، پارتی پێشڕەو، یاخود پۆلیسی ئاسایش‌و موخابەراتە کە دەسەڵاتی هەیە لەکاتێکی دیاریکراودا. ستەمکاری بریتی‌یە لە پرۆسەی لەسیاسی خستنی هاونیشتمانیان‌و کردنیان بەڕەعیەت‌و هەوڵی ستەمکارو ستەمکاری ئەوەیە کە رەعیەت دوور بخاتەوە لەمەملەکەتی فەزای گشتی‌و سەرقاڵیان بکات بەژیانی تایبەتی خۆیانەوە، ئەم کارە چۆن دەکرێت؟ لەسیاسەت خستن (depoliticizatron) **یەکەم،** لەرێگەی بەکارهێنانی هێزەوە ئەنجام دەدرێت پاشان هەڵوەشاندنەوەی یانەو رێکخراوە مەدەنی‌یەکانەوە، **دووەم،** لەرێگای سەرقاڵ کردنی خەڵکی بە ئابووری‌یەوە، واتە خەڵك ناچار بکرێ بەردەوام کاربکات بۆ بوونی نان لەسەر سفرەی ئێوارانی، **سێیەم،** بەمەرکەزی کردنی ئیدارە واتە لێدان لەرۆڵی کۆمەڵە میانجیەکان (Intermediate Associations) یاخود هەڵوەشاندنەوەیان، **چوارەم،** بەکارهێنانی دیسکۆرس‌و زمان لەخزمەت ستەمکاریدا. ستەمکاری هەوڵ دەدات واقیعی کۆیلایەتی بشارێتەوە. لەرێگای شێواندنی زمان‌و سنووردارکردنی گووتارەوە (discourse) بەهۆی رۆژنامەکانی‌یەوە درۆمان لێدەکات بەڕاستی، جاهلیمان لێدەکات بەحەکیم، بێ بەهرەمان لێدەکا بەهونەرمەند، نەخوێندەوارمان لێدەکات بەنووسەر، بەڵام نووسەریشمان لێدەکات بەکەسێکی دزێو. لەژێر سایەی ستەمکاریدا ئەوەی دەیبینین تەنها رەوانبێژی‌و سەفسەتەیە کە خۆی لادانە لەکردنی پرسیاری جەوهەری دەربارەی ئەوەی کە هەیە، لەژێر سایەی ئەم سیستەمەدا موجامەلە حوکم دەکات، موجامەلەش سیفاتی سەرەکی رۆحی نەخۆش‌و ویژدانی بیمارە. گەر سەیری تەجروبەی دەساڵی حوکمی دەسەڵاتی کوردی بکەین کە دەسەڵاتێکی ستەمکاری‌یە بەپلەی ئیمتیاز دەبینین چۆن

هەموو دەستگاکانی ئاوەڵا کردۆتەوە بۆ کەسی بێ بەهرەو بێ توانا بەتایبەت توانای عەقڵیو بگرە بۆ کەسانی جەردەش، لەگازێتەکانیدا ستوونی داوەتە دەست چەتەکانو خەریکی تیرۆر کردنی رۆحی جوامێرانەی کوردە وەلێوەی چەتەکان بەردەوام هێرش دەکەنە سەر پیاوچاکانی کورد، لەم رووەوە لەماوەی ئەم دەساڵەدا هێندەی کورد زیانی دیوەو ویژدانی دارزاوە لەمێژووی چەندین سەدەی رابردوودا هێندە رۆحو ویژدانی کورد دانەرزیوە وەکەسیش بەرپرسیار نیە جگە لەرۆحی کوردی خۆی نەبێت. دانیشتوانی ژێرسایەی سیستەمی ستەمکاری گەشە نەکردوترین خەڵکن، گەشە نەکردوو لەرووی عەقڵو ئەخلاقو ویژدانو فیکرو بەهرەی هونەرییەوە، نەخۆش ترین مەخلوقن، هەر ئەمەشە بیماری ویژدانی کوردی کە ئەمڕۆ دەیبینینەوە لەژێر سایەی دەستەڵاتی کوردیدا کە دەستەڵاتێکی ستەمکارەو تەنهاو تەنها ویژدانی بیمارو کەسی ئالودە بەهەموو نەخۆشییەکان پەروەردە دەکا. ستەمکاری وەکو ئەفلاتوون دەڵێ "بەرجەستەبووی بەدترین نەخۆشییەکانی شارە" و رەعیەتو ستەمکار وەك یەك نەخۆشن، ئالودەن، ناعادلن، بێ بەهرەن، بەدوورن لە حیکمەتو عەقڵو فەلسەفە.

خاڵێکی تر کە گرنگە جەختی بکەینەسەر ئەو خاڵەیە کەعاداتو تەقالید پشتگیری ستەمکاری دەکەن. تاکەکانی کۆمەڵ عەکسی کردنەوەی کلتوری مەدەنین، لەم دیدەوە لەنێوەندێکدا کە فەزای گشتی (Public) مردبێت، سیاسەتیش دەمرێت، کەسیاسەتیش مرد ئیدی مەحاڵ دەبێ بۆ خاوەن ویژدانەکانو تاکە مەزنەکان سەرهەڵبدەن لەژێر سایەی ستەمکاریدا، هەر ئەوەشە ئەوەی کە هەیە لەدنیای کورددا، حیزبی کوردی ئینعیکاسی ویژدانی بیماری کوردییە، لێرەوە حیزبی کوردی وەك هەمیشە گووتومە هەیە بۆ ئەوەی کورد هەرگیز بیر لەمەزنی نەکاتەوە. عاداتو خوو وە تەقلیدی نەتەوەیەك، کاراکتەری نەتەوەیەك، بڕیاردەدات کە ئایا ئەو خەڵکە ئازادن یاخود بەدەست کۆیلاتییەوە دەناڵێنن، کۆیلایەتیش جۆری زۆرە، باس کردنی هەموو فەلسەفەو تیۆرییەکانی ئازادی بۆ خەڵکێك نایانکات بەخەڵکێکی ئازاد گەر لەناو ئەو خەڵکەدا ئیسۆسی ئازادی نەبێت، لەکورددا، لەرۆحی کوردیدا، لەمێژووی کورددا ئیسۆسی ئازادی هەیە بەڵام سەر ئاو دەکەوێتو غەرق دەبێتەوە، ئێستا لەژێر سایەی دەستەڵاتی کوردیدا ئیسۆسی ئازادی غەرق بووە چونکە ئیسۆسی ستەمکاری باڵادەستە کە مانیفێستێکی تری رۆحی کوردییە.

**لەبەر رۆشنایی ئەو پێشەکییە تیۆرییەدا با باس لەستەمکاری کوردی بکەین.**

لەناو ئەو چرکەساتەوە کەناومان برد بەچرکەساتێکی بەربەری رۆحی کوردی دوای راپەرین کە بریتی بوو لەماڵکاولکردنو هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگای کوردی، لەنێو ئەو کەیاسەوە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، لەناو رۆحی کوردیدا ئیسۆسێکی دی سەریهەڵدا کە ئیسۆسی ستەمکارییەو لێرەدا بەدرێژی باسی ئەم ئیسۆسە دەکەین. لەکوردستاندا دوو حیزب حوکم دەکەن کە بەستراکچەر "ناسیاسین" چونکە لەهەناوی فەزای گشتییەوە نەهاتوونو باوەڕیان بەرەهەندی سیاسی بوونی ئینسانی کورد نیەو بەزمانی سیاسەت (وەك فیکرو فەلسەفە) قسەناکەن بەڵکو بەزمانێکی خزم خواهی، عەشیرەتگەریو ئەنسرۆپۆلۆجی قسەدەکەن. لەنێو ئەم دوو حیزبەدا دوا بڕیار، دوا ووشە، دوا حوکم، حوکمی دوو سەرکردەیە، دووسەرکردە کە نەگوێ لە "راوێژکەرەکانیان" دەگرن، نەحیساب بۆ خەڵك نە بۆڕای گشتی دەکەن، بەڵکو وەك مەرومالآت سەیری ئینسانی کورد دەکەن. لەوکاتەدا کە بڕیاریاندا، بڕیارەکانیان دوا بڕیارە، جا ئەمە حوکم بێت یا حوکمدان، هەڵسەنگاندن یاخود هەرجۆرێکی دی لەکاری حوکمڕانی، سەرکردە تەنها لێپرسراوە (Accountable) بۆ خۆیو هیچ کەسی دیکە نا. سەرکردەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستانو بەتایبەت سەرکردەی یەکێتیو پارتی لەبەردەم هیچ هێزێکدا لێپرسراو نین. تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بەم غیابی لێپرسینەوەیەوە هەبێت، حوکمی حیزبی کوردیو سلوکی سەرکردەی کورد سەربەخێزانی تۆتالیتاریانیزم، دیکتاتۆریەتو ستەمکارییەو تەنها جیاوازی لەگەڵ تۆتالیتاریزمدا لەوەدایە کە تۆتالیتاریاینزمو جەوهەری تۆلیتاریزم لەو رژێمانەدا دەبینرێتەوە کە کۆنترۆڵی تەواوی ژیانی رۆژانەی هاونیشتمانیان دەکەن، کۆنترۆڵی بیرو بۆ چوونو جیهان بینیو هەڵسو کەوتو کردەوەکانیان دەکەن بەڵام لەستەمکاری کوردیدا ئەم کۆنترۆڵ کردنە

لەئێستادا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی تۆتالیتاریزم، نەبوونی ئەم هەوڵە لـەوەوە نـەهاتووە کـە سـەرکردەکانی ئـەو دوو حیزبـە نایانەوێت ئەو کارەبکەن بەڵکو تا ئێستا بەپێویستیان نەزانیوە چونکە.

**یەکەم**: حوکمی خۆیانو خێزانەکانیانو حیزبەکانیان مسۆگەر کردووە.

**دووەم**: کۆمەڵگای کوردیو ئینجا سروشتی ئەو دووحیزبەش بەشێوەیەکە کەئەو کۆنترۆڵ کردنە بەو ڕادەیە لەم قۆناغـەدا پێویست نـەبێت. لـەم دوو حیزبـەدا هـەموو تواناو بەهرەیـەك تـیرۆرکراوەو هەرکەسـێك کـە ویستبێتی بـیر لەسـەرکردایەتی بکاتـەوە وەلانـراوەو وەلائـی ئـەو دوو حیزبـە بـۆ ئـەو دوو سـەرکردەیە بەپلـەی موتلـەق‌و موقـەدەس گەیشـتووە. حوکمـی کوردایەتی، کە مەبەست لەسەرکردایەتی ئەو دوو حیزبەو هەردوو حیزبەکە وەك دوو هـێزی تـەقلیدی نوێنـەری کوردایـەتین، لەگەڵ فاشـیزمدا بەشـێوەیەکی گشـتی لەیـەکدی دەچـن، سـتەمکاری یـان دیکتاتۆریـەتی کوردایـەتی هـەوڵ دەدات حوکمـی خێزانێك، بنەماڵەیەکی تایبەتی، پارتێك مسۆگەر بکاتو تەنیا چاو لەو بەرژەوەندیە بەرتەسـکە دەبـڕێ لـەکاتێکدا فاشـیزم ئیدیعای ئـەوەی کـردوە کـە خـەبات بـۆ دامـەزراندنی یـان هەیمەنـەی سروشـتێکی تایبـەت، یـان ڕەگـەزێکی تایبـەت بەسـەر هەموجیهاندا دەکـات. کەواتـە لـە حاڵـەتی کـورددا هەیمەنـــەی ســـەرکردەیەك‌و بنەماڵەیـــەك‌و حـــیزبێك بەســـەرناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستاندا ئامانجەو چ لەحاڵەتی فاشیزمدا هەیمەنەی ڕەگـەزێك بەسـەر جیـهاندا. سـتەمکاری کـوردیو فاشـیزم لەخاسیەتە مێژوویی‌یەکانیشدا جیاوازیان هەیە بۆ نموونە، فاشیزم وەك پەرچە کرداری چینی ناوەڕاسـت سـەری هـەڵدا دژبـە بۆرژوازی، فاشیزم وەك ڕزگارکەری ڕەگەز، نەتەوە، خەڵك سەیری چینی ناوەڕاسـت دەکـات لـەکاتێکدا سـتەمکاری کـوردی، لەنموونەی هەردوو حیزبەکەدا، وەك ڕزگارکەری خەڵکێکی چەوسـاوەو ژێردەسـتی ڕژێمـە تۆلیتاریـەکان خـۆی وێنـا دەکـات. بەڵام وێڕای ئەم جیاوازیەش چ فاشیزم‌و چ سـتەمکاری کـوردی لەسـەر خـاڵێکی گرنـگ یـەك دەگرنـەوە ئـەویش: لـەناوبردنی سیاسـەتە، لـەناوبردنی فـەزای گشـتیو پەرسـتنی سـەرکردەو سـەیرکردنێتی وەکـو ئـەوەی ئـەو بەسروشـت خولقـابێت کـــە سەرکردە بێت تا مەرگی سروشتی. لەسەرو ئەم خاڵە جەوهەریەشەوە هەردوو فاشیزم‌و ستەمکاری کـوردی لەچـەند خـاڵێکی تردا هاوبەشن:

**یەکەم**: بوونی پارتێك، حیزبێکی بەناو سیاسی کە لەزووربەی حاڵەتەکاندا لەلایەن یەك کەسەوە ڕابەرایەتی دەکرێـت یـان لەلایەن یەك خێزان یان یەك بنەماڵەوە بەڕێوە دەچێت.

**دووەم**: بوونی ئایدیۆژیایەك کـە پێکهـاتووە لـەدۆکترینێکی واتـە عەقیدەیـەکی ڕەسمـی کـە هـەموو ڕەهـەندەکانی ژیـانی کۆمیۆنتی لەخۆ دەگرێ. ئەم ئایدیۆلۆژیایە چاو لەیەك چارەسەر بۆ کێشەکانو بوونی یەك پرەنسیپ دەبڕێ.

**سێیەم**: بوونی سیستەمێك لەتیرۆر کە لەرێگای حیزبەوە ئەنجام دەدرێ لەرێی کۆمەڵێ دەستگای پۆلیسی وەك ئاسایش، دەزگای زانیاری، پۆلیسـی نـهێنی، لیژنـەی ئیغتیـالات کـە هەرهـەموو پشـتگیری حـیزب‌و سـەرکردایەتی‌یەکەی دەکـەن‌و دژی "دوژمنەکان"ی حیزبن کە لەحاڵەتی فاشیزمدا دوژمنانی "ڕەگەزی سەروەر"و لەحاڵەتی کوردیشـدا "دوژمنـانی کوردایـەتی" کە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا هەر کورد خۆیەتی نەك دوژمنانی کورد، مێژوو شاهیدی حاڵە نـاکۆکیو شـەڕە یـەك لەدوایەکـەکانی حیزبە کوردیەکان لەگشت پارچەکانی کوردسـتان بەگشـتیو نێـوان یـەکێتیو پـارتی بەتایبـەت ڕاستیەکی بەڵگـە نەویسـتە، هەروەها تیرۆر کردنی کەسانی "نەیار"و ئازادی خواز کە بۆچوونی جیاوازیان هەبووە. زیادە ڕۆیی نیە گەر بڵێـین ئـەوەندەی کورد لەخۆی کوشتووە هێندە ترسی لەسەر دوژمنانی کورد دروست نەکردووە.

**چوارەم**: ئیحتیکار کردنێکـی تـەواو وە سـەراپاگیری هۆکارەکـانی ئـاڵو گـۆڕ کـردن لەسـەر دەسـتی حـیزب‌و حکومـەت‌و سەرکردەدا، مەبەستمان لەهۆکارەکانی وەك رادیۆو تەلەفیزیۆن‌و ڕۆژنامەکانـە.لـە ئـەزموونی فاشـیزمدا ئـەم کۆنـترۆڵ کردنـە موتڵەقە وەکو ئەزموونەکانی ئەڵمانیای نازی، سۆڤیەت، کوبا، عێراقی بەعس، کۆریای ژوورو، بـەڵام لـە سـتەمکاری کوردیـدا تائێستا ئەم کۆنترۆڵە بەم پلەیە نەگەیشتووە نەك لەبەرئەوەی ئەو دوو حیزبە نایانەوێت ئەو کارەبکەن بەڵکو چونکە تەمەنی

ئەو ئەزموونە ستەمكارى‌یە كەمە ئەگینا لەجەوهـەردا ئـەم دوو حیزبـە دەیانـەوێت ئـەو كارەبكـەن (داخسـتنى چـەند گۆڤـارو رۆژنامەو سەركوتى حیزبى سیاسى‌و دەستگیركردنى رۆژنامە نووسى ئازاد بەڵگەى ئەم ئەجێندا ستەمكاریەن) گـەر فاكتـەرى زەمەن رێگابدات.

**پێنجەم**: ئیحتیكار كردنى چەك‌و بەكارهێنانى چەك، چ لەفاشیزم‌و چ لەتەجروبەى ستەمكارى كوردیدا دەبینین بەشـێوازى جیاواز ئیحتیكار كردنى چەك هەیە. حیزبى كوردى هێزى پێشمەرگەى خۆى هەیە، ئەم هێزە هـێزێكى نیشـتمانى، نەتـەوەیى نیە بۆ پاراستنى وولات بەڵكو هێزێكە بـۆ پاراسـتنى حـیزب‌و بنەماڵـەو سـەركردە، لەتەجروبـەى فاشیزمیشـدا چـەك لەلایـەن حكومەتەوە ئیحتیكار كراوە، كەحكومەت هیچ نیە جگە لەحیزبى حاكم.

**شەشەم**: كۆنترۆڵ كردنێكى مەركەزیى ئابوورى ناوچـە یـان وولات لەلایـەن حـیزبى حـاكم‌و كۆنـترۆڵ كردنـى هـەموو جـم‌و جوڵێكى ئابوورى لەلایەن ئەجهزەى حـیزب‌و دام‌و دەسـتگا نهێنى‌یـەكان‌و گومرگـەوە، ئـەوەتا لـە كوردسـتاندا سـنوورەكان‌و بازاڕەكـان‌و كۆمپانیاكـان هـەموو لەلایـەن حیزبـەوە كۆنـترۆڵ كـراون. گرنگـە ئامـاژدە بـەوەبدەین كـە چـۆن سـەرچاوە سروشتى‌یەكان لەلایەن حیزبەكانـەوە كۆنـترۆڵ كراوەو لەخزمـەتى بەسـەربازى كردنـى حـیزبدا بـەكار بـراوە لـەكاتێكدا ئـەم مواردانە موڵكى خەڵكن‌و دەبێ سوودەكانیان بۆ پرۆژە مەدەنیەكان بەكار ببرێت. لەنمونەى ستەمكارى كوردیـدا كـە هـەردوو حیزبى پارتى‌و یەكێتى نوێنەرایەتى دەكەن هەرچى پەیوەندى بەسەركردەوە هەبێت ئەوەى پەیڕەوى لێدەكرێ. بریتى‌یـە لـە كەڵتى كەسایەتى (Cult of Personality) هەروەك جۆرێك لەتایپى سەرۆك خێڵى كۆمەڵگا سـەرەتاییەكان، سـەرۆك هـەم حاكمە، هەم قەشە یان ئیمام. سەركردەى كورد تەفسیردەكات، حوكم دەكـات، دۆكـترینى حـیزب دادەرێژێـت‌و دەى گـۆڕێ‌و بەئارەزوى خۆى تەئویلى دەكات، بزوتنەوەكەشى یا حیزبەكەشى چاو لە دەست‌و پەنجەى پڕ لەمیهرو عەقڵ‌و حیكمەتى ئـەو دەبڕێت بۆ تەفسیر كردنى ئەو عەقیدانە (دۆكترین)، ئەو سیاسەتانەى كە دەبێت ئەو پـەیڕەویان لێبكـات. هەرهـەموو حـیزب چاویان لە فەرماندەیى سەركردەى كورد بڕیوە لەوەى كە چۆن بیربكەنەوە، چى بڵێن، چۆن هـەڵس‌و كـەوت بكـەن. هـەردوو سەركردەى پارتى‌و یەكێتى ئەمڕۆ ئەم رۆڵە دەبینن، وەزیفەى قەشەیەك، مەلایەك، كەسێك كە تەكفیر دەكات، ئـەم سـەرۆكە دواقسە هى خۆیەتى وە دواتەفسیر هى ئەوە.

لەتەجروبەى ستەمكارى كوردیدا مولازم، كە مەبەستم لەئەندامانى مەكتەبى سیاسى هـەردوو حیزبەكەیـە، رۆڵێكـى گرنـگ دەبینن. ئەم مولازمانە ئەو هۆكارانەى كۆنترۆڵ كردنن كە ئەم سیستەمەى لەسەرەوە بینا كراوەو لەسەرى بەندە لـەوەدا كـە بەهانە دەهێننەوە (Justify) كە گوایە شێوەیەك لەعەدالـەت هـەبێ وەبەهانـە دادەتاشـن بـۆ ئـەو سیسـتەمە وەكـو ئـەوەى بڕیارەكان هى یەك كەس نەبن بەڵكو جەماعى بن وەخودى سـەرۆك لـەڕێى ئـەم مولازمانـەوە هەقانیـەت دەدات بەدەسـەڵاتى خۆى. رۆڵێكى دى ئەم مولازمانە كاركردنە بۆ دڵنیابوون لەوەى كە بەهیچ شێوەیەك نەلەناو حـیزبداو نـە لـەدەرەوەى حـیزب تەحەدایەك سەر هەڵنەدات دژ بە دەستەڵاتى سەرۆك. ئەم مولازمانە خۆیان تەرخان كردووە بۆ حیزب‌و بـۆ ئایدیۆلۆژیاكـەى‌و وە بۆ سەركردەى بێ پرسیار، بێ رەخنەو هەموو پرسیارێك بەخیانەت حیسابى بۆ دەكرێ. لەبەرامبەر ئـەم وەزیفەیـەدا ئـەم مولازمانە بەشدارى هەموو سەروەت‌و سامان‌و غەنیمـەتى ولات دەكـەن، ژیـانى مادییـان مسـۆگەر دەكرێـت، زەوى‌و ماشـێن‌و پاسەوانى تایبەت‌و سەفەرى دەرەوەى ولاتیـان بـۆ دابـین دەكـرێ، خـزم‌و كـەس‌و كارەكانیـان دەسـتیان دەگیـرێ‌و پۆسـتى (وەزیفـە) باشـیان پێدەدرێـت. سیفەتێكى دى ئـەم مولازمـە سیاسـیانە ئەوەیـە كـە لەسیسـتەمى سـتەمكارى كوردیـدا وەك رابەرانى دەستى دوو دەبێ هەڵس‌و كەوت بكەن لەخەباتیاندا بـۆ بنیـاتى كۆمەڵگایـەكى تۆتالیتـارى بەمانایـەكى تـر لـەغیابى سەرۆكدا وەهمى ئەوەیان لادروست دەبێت كە دەتوانن رۆڵى ڕابەر ببینن لەكاتێكدا كە خۆیان هیچى دى نین جگە لەسـێبەرى رابەر. وەزیفەیەكى ترى ئەم مولازمە سیاسیانە پەیوەست كردنى خودى سەرۆكە بەحیزب‌و جـەماوەرەوە، گـەیاندنى هـەموو جموجۆڵێكى ووردو درشتى كۆمەڵگا بەسەرۆك‌و وەسف كردنى سەرۆكیش بۆ كۆمەڵانى خەڵك‌و گەیاندنى فەرمانەكانى.

هەرچی پەیوەندی بەحیزبەوە هەبێت لەئەزموونی کوردیدا دەبێت بڵێین کە حیزب لەلایەکەوە بریتییە لەئەو گروپە لەخەڵك کەرێکخراون، کۆبوونەتەوە لەڕێکخراوێکدا بەنیازی فەراهەم کردنی ئاسایش بۆ سەرکردەی ئەو حیزبە، لەم خربوونەوەیەدا ئەندامان جۆرێك لەسوودی (ئایدیاڵیو ماتەریاڵی) یان پێدەبەخشرێت، واتە هیچ حیزبێك بیٚ ئەم سوودە ئایدیاڵیو مادیەیە بوونی مسۆگەر نابێت، لەلایەکی دیکەوە حیزب خێزانی خودی سەرکردەیە، ئەندامانی حیزب منداڵی سەرکردەنو گویٚ رایەڵی ئامۆژگاریەکانی سەرۆکن بەواتایەکی تر هەم ئەندامانی حیزب منداڵی سەرکردەنو هەم منداڵە بایۆلۆجیەکانی سەرۆك ئەندامی حیزب، بۆئەوەی کوڕێکی سەرۆك ببێتە ئەندامێکی باڵا لەحیزبدا ئەوەندە بەسە کە سمێڵی گوگرە ببێت، نە بەهرەو نەعەقڵو نەتواناو نەمەعریفە پێویست نین تەنها رێگەبدە سروشت کاری خۆی بکات. لەکۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای کوردیدا خوێنی عەقیدەی حیزبو سۆزی حیزب هەرهەموو تێکەڵ بەجستەی سیاسی دەبنو دڵو سەری سەرۆکیش عەقیدەی حیزب. سەرۆك حیزبەو حیزبیش کۆمەڵگاو کۆمەڵگاش ماڵە تایبەتیەکەی سەرۆك، لێرەوە سەرۆك هەموومان بەمنداڵی خۆی دەزانیٚ چ لەمیهرەبانیداو چ لەتوڕەبوونیداو لەلووتکەی غەزەبیدا دەبێت سزا بدرێن (واتە بکوژرێین) وە لەلووتکەی ئارامیو میهرەبانی سەرۆکیشدا عەفو بکرێین.

حیزب لەنموونە کوردیەکەیدا دەشێت بەراورد بکرێت بە دەوڵەتی هۆبزی کە تیایدا هەموو ئەندامە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەکوڵو سەرتاپاگیر ئیعتیماد دەکەنە سەر دەستەڵاتدار، ئۆتۆریتەو بڕیارەکانی بەمەرکەزی کراون. ئەندامانی حیزبی کوردی مامەڵەیەکی سیاسیان لەگەڵدا ناکریٚ واتە وەك ئینسان مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت، ئەم ئەندامانە لەتۆڕێکی ئەرکو لێپرسراویدا، کە دواجار سەرۆك ئەم تۆڕەو ئەرکەکان دیاری دەکا، گیر دەخۆن. ئەندامانی حیزبی کوردی کەسانی ئازادو سەربەخۆ نین کەوێڵی ئامانجێکی سیاسیو مەدەنی بووبێتن بەڵکو هەرئەوەندە بوون بەداوی حیزبەوە رزگار بوونیان مەحاڵە. حیزبی کوردی کۆبوونەوەی کۆمەڵیٚ کەسی ئازاد نیە لەسەر خوانی چەند ئایدیاو بیرۆکەو ستراتیژیەتێکی سیاسی بۆ گۆڕان، بەڵکو لەهەنگاوی یەکەمەوە یا هەڵەیەك لەئارادایە یان بەرژەوەندیەکی خێزانیو قەبیلەیی کە پەیوەندی نە لەدوور نەلە نزیك بەسیاسەتەوە نیە. ئەوەی کە مەراتبەکان، هەڕەمی حیزب دیاریدەکات وەلائە، دڵسۆزیە، وەفایە بۆ سەرۆك نەك بەهرەو توانای تاکە کەس. لەناو حیزبدا تەکەتوڵی خێزانیو قەبیلەیی هەیە، ئەمە جگەلەوەی کە خودی حیزب قەبیلەیە. لەحیزبی کوردیدا تاکە کەس شوێنی نابێتەوە، چونکە حیزبی کوردی لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە دروست بووە کە هەموو کەڵکەڵەیەکی تاك گەرایی تیرۆر بکات، خودی سەرۆك لەهەموو کەسێکی بەویژدانو سەربەخۆ سڵ دەکاتەوە، هەربۆیە لەو دوو حیزبە کوردیەدا تاکە کەسە سەربەخۆو بەویژدانەکان یان ئەوکەسانەن کە تیرۆر کراون یان ئەوانەن کەلە پەراوێز هاوێژراون، لەحیزبی کوردیدا باشترین کوردو باشترین تاك ئەو کەسەیە کە مردووە واتە کوژراوە. هەربۆیەشە ژمارەی مردوەکان رەصیدی تۆن لەونێوەندەدا نەك مەعریفە. لەحیزبی کوردیدا بۆ ئەوەی بمێنیتەوە تەنیا چارە تەماهی کردنە لەگەڵ حیزبو سیاسەتی حیزب کە خۆی واتە حیزب هیچ نیە جگە لەسەرۆك واتە تەماهی کردن لەگەڵ خودی سەرۆكو بنەماڵەی سەرۆکدا دوا ستراتیژیەتی مانەوەیە.

لەباس کردنی مۆنۆپۆڵکردن (ئیحتیارکردن)دا ئاماژەمان بە مۆنۆپۆڵیزەکردنی راگەیاندن کرد، لەئەزمونی هەردوو حیزبەکەی کوردستان کە ئەم ئیحتیکارکردنە بەئاشکرا دیارە. میکانیزمی ئەم ئیحتیکارکردنە خۆی لە ئیحتیکار کردنی راگەیاندنی تایبەت (Private Communication)دا دەبینێتەوە. سەرجەم گۆڤارو رۆژنامەو تەلەفیزیۆن نەك بەتەنها لەخزمەتی حیزبدان بەڵکو لەخزمەتی سەرۆکدانو هۆکارن بۆ پڕوپاگەندە. کیٚ بەم کارە هەڵدەستیٚ؟ بیٚ گومان مولازمە سیاسیەکان بەکاری پڕوپاگەندە هەڵدەستنو بەردەوام کار بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم ئیحتیکارکردنە بەتەواوی بەرکەماڵ بێت. لەپاڵ ئیحتیکارکردنی هۆکانی راگەیاندندا، حیزب هەڵدەستیٚ بەئیحتیکارکردنی سیستەمی پەروەردە ئەویش بۆ سەپاندنی عەقیدەیەك بەسەر کۆمەڵانی خەڵکدا. ئا لەم خاڵەدا ئەزمونی فاشیزمو ستەمکاری کوردی بەموو جیاوازییان نیە، چ

ماموستایان‌و چ قوتابیان لەژێر گوشاری حیزب‌و ڕێکخراوەکانیدان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پەیامی حیزب کە خۆی پەیامی سەرۆکە لەبیرنەکرێت، لێرەوە جیاوازی نامێنێت لەنێوان پڕوپاگەندەو پەروەردەدا. پەروەردە، هەروەك ئایدیۆلۆژیا، دەبێتە ئامێرێك لە ژێر دەستی ڕژێمدا کە هەڵدەستێت بەتعریف کردنی حەقیقەت، حەقیقەت لەدیدی حیزب‌و خودی سەرۆکی فەرماندەوە.

تیرۆر خاڵێکی جەوهەرییە کە فاشیزم‌و ستەمکاری کوردی پێکەوە گرێ دەدات. شێوەبەخشین بەئێستا لەپێناو هەندەسی کۆمەڵایەتیدا واتە دروست کردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، کە خۆی ئەم ئیرادەیە بۆ بەدەست هێنانی گۆڕانی کۆمەڵگا بەپێی خواست‌و مەرامی حیزب بەحەتمی تیرۆر دروست دەکات، حیزب لەهەموو نەیارێك سڵ دەکاتەوە وە تیرۆر تاکە شێوازێکە بۆ ڕزگار بوون لە دەنگی نەیار لە حیزبی کوردیدا. بۆ قسەرکردن لەسەر تیرۆری یەکێتی‌و پارتی پێویستمان بە باسێکی دوورو درێژ هەیە کە تیایدا مەلەفەکان هەڵبدەینەوە ئێرەش شوێنی ئەو باسە نیە هێندە کافیە بڵێین تیرۆری، جا چ بەفعلی یان مەجازی، ئەندامی حیزب کە سەرپێچی دەکەن، کەسانی نەیارو خاوەن ڕای جیاواز لە سیفەتە سەرەکیەکانی ئەم دوو حیزبە کوردییەن.

هەر یەك لەم دووحیزبە کوردیە لیستی تایبەتی دووژمنیان هەیە، بەڵام با بزانین دوژمن کێیە؟ لە لیستی دوژمنانی حیزبە کوردیەکاندا دوژمنەکانی نەتەوەی کورد بوونی نیە بەڵکو دوژمنی حیزب لەناو جڤاتی کوردیدا ئەو لیستە دەرازێنێتەوە چونکە حیزبی کوردی ئایدیاو دیدی ڕۆشنی نیە بۆ چەمکی دوژمن لەسەر ئاستی بەرژەوەندی میللیدا. هەموو دژایەتیەك کە کورد ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەلایەن دوژمنەکانیەوە لای حیزبی کوردی لەزۆربەی حاڵەتەکاندا بەبەد حاڵیەکی برایانە لەقەڵەم دەدرێ کە دەشێ لە دانیشتنێکدا، موفاوەزاتێکدا ڕاست بکرێتەوە، بۆ نموونە کاتێك تورکیا هەڕەشە دەکات‌و دەکوژێ‌و دەبڕێ دەوترێت ئەوە برا تورکەکان لەنیازی ئێمە حاڵی نەبوون، گەر حاڵی بن دەزانن ئێمە نیازمان خراپ نیە بەڵام لەسەر ئاستی جڤاتی کوردی‌و لەبەرانبەر کەسانێك کە دەنگ بەرزبکەنەوە، حیزبی کوردی چەمکی دوژمنی هەیەو دڵڕەقانەو بەتوندی وەڵامی هەیە بۆ دوژمنەکانی خۆی‌و هەرگیز خۆش نابێت. دوژمن لای حیزبی کوردی ئەو کەسەیە کە پرسیار لە سیاسەتی حیزب دەکات‌و لە حیکمەتی سەرۆك دڵنیا نیە. دوژمنەکانی حیزب بەپێی وەرز دەگۆڕێن، دوژمنەکانی دوێنێ دۆستی ئەمڕۆن‌و دەشێ دۆستانی ئەمڕۆش دوژمنی ئایندە بن.

حیزبی کوردی هەرگیز بەو دوژمنانە ناڵێ دوژمنی حیزب یا سەرۆك بەڵکو پێیان دەڵێت: "دوژمنی کوردو کوردایەتی"، "دوژمنی ناسیۆنالیزمی کوردی"، "دوژمنی خەڵکی بەشەرەفی کورد" لەم دەستەواژانەدا تا ئێستا چەندین کەس‌و گروپ شوێنیان بۆتەوەو شەڕیان لەگەڵدا کراوەو لەبەر ڕووناکی ئەو تبریرانەدا تیرۆر کراون. با پرسیار بکەین ئەم ئەزموونە کە لەستەمکاری کورد لەکوردستانی خوارو دەدوێ لەکوێوە سەرچاوەی گرت؟

لەکاراکتەری کوردا کە کاراکتەرێکی ئاڵۆزە چەند کەڵکەڵەیەك، چەند هێزێك لە کێشمەکێشدان، لەجەنگدان، لێرەوە بۆ تێگەیشتن لەریشەکانی ستەمکاری لەنێو کوردا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕۆحە، بۆئەو کاراکتەرە ئاڵۆزە، بۆئەو هێزانەی کە خۆیان لەڕۆحی کوردیدا مانیفێست دەکەن، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت مێژووی کورد بخوێنینەوەو لە بونیادەکانی کلتوری کوردی بکۆڵینەوە بەڵام هەرچی پەیوەندی بە ئەزموونی ماوەی دەساڵی ڕابردووی حوکمی کوردیەوە لە کوردستانی خوارووەوە هەبێت توخمێکی تر کە پێویستە لەسەری بوەستین تەجروبەی بەعسە. ڕژێمەکانی پێش بەعس نە ڕژێمی دەستوری بوون، نە دیموکراسی بەڵام هیچ کامیان هێندەی بەعس پرۆژەیەکی سەراپاگیر، تۆتالیتار نەبوون. بەعس هەر لەسەرەتای دەستەڵات گرتنە دەست بەپێی بەرنامەیەکی دەقیق کاری لەسەر شێواندنی کاراکتەری کوردی‌و خاپورکردنی ماڵی کوردو ویژادنی کوردی کردووە، بە پلەیەك بەعس ئینسانی کوردی خاپور کردووە کە کورد نەتوانێ ئەڵتەرناتیڤێکی دی

لەدەرەوەی بەعس بۆ سیاسەت، کلتور، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، ئەخلاق ببینێتـەوە. لـە ڕێکخسـتنی سیاسـیدا ئـەم ڕاسـتیە بەئاشکرا دیارە. لێرەدا ڕەنگە ئێمە نەتوانین مـافی تـەواو بـەم ئەرگیۆمێنتـەمان بدەیـنو دەش زانـین ئـەم ئەرگیۆمێنتـەمان هەندێ کەس بێزار دەکات بەڵام پێویستە بەراوردێك بکەینو ئەرکی سەلماندن (The burden of Proof)ی پێچەوانـەی ئـەم ڕایەی ئێمە دەکەوێتە سەر شانی دەسەڵاتی کوردی.

گفتوگۆیەکی چڕوپڕو ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند لەسەر ناسیۆنالیزم هەیە، گەر لەم ئەدەبیاتـەدا تـەنیا ئامـاژەدە بەئـەو ڕایـە بکەین کە دەڵێت: "ئەوە بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیە کە نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوە دروست دەکات"، بـا واز لەڕاسـتی یـان هەڵەی ئەم بۆچوونە بهێنین، ئەوا بزوتنەوەی کوردایەتی، کە پارتیو یەکێتی نوێنەرین، بزوتنەوەیەکە کە ناوچە گەرێتی تۆخ دەکاتەوە، لەجیاتی ئەوەی نەتەوە دروست بکات خودی نەتەوە بەش بـەش دەکـاو ئیسۆسـی ناوچەگـەرێتی تێیـدا مۆتـۆڕی ڕووداوەکانە. کوورت کردنەوەی کوردسـتان بـۆ کوردسـتانی عـێراقو دابەشـکردنی ئـەو ناوچەیـەی کوردسـتان بەسـەر چـەند هەرێمێکداو لە هـەر هـەرێمێکدا پیـادەکردنی مۆدێلێـك بریتیـیە لـە ئیسۆسـی ناوچـە گـەرێتی. بزوتنەوەیـەکت هەیـە هـەموو کوردستانت لێدەکات بە پارێزگایەك، ئەزموونێك نیـە لـەدنیادا کـە تیـایدا میللـەتێك بکـرێ بـە قوربـانی ناوچەیـەکی بچـووكو دیدێکی تەسك بینی حیزبی، ئەمڕۆ لەکوردستانی خوارو دوو حیزبت هەیە کە هەریەکەیان دامو دەستگای حکومـیو ئیعلامـی خۆی هەیە کە موڵکی حیزبن نەك هی کۆمـەڵ. کێشـەکە لەمـە زیـاتر دەڕواتو لـێرەو لـەوێ مـیراتی بـەعس خۆیمـان نیشـان دەداتەوە. تیکرار بوونەوەی ئەزموونی بەعس لەم خاڵانەی خوارەوە دەتوانین دیاری بکەین:

**یەکـەم**: داگـیر کـردنو تێکـەڵ کردنـی حکومـەت (دەوڵـەت)و کۆمـەڵگاو حـیزب. بەعسـیزم وەك شـێوەیەکی ترسـناکی ستەمکاری بریتیـیە لەداگیر کردنی کۆمەڵگاو حکومەتو دامو دەستگاکان لەلایەن حیزبەوەو ئینجا داگیرکردنی حیزب لەلایەن دەستەو تاقمێکەوە کە لەدەوری کەسایەتیەکی کاریزما خڕبوونەتـەوە. کـاتێك کـە بـەعس دێت یەکـەم کـاری بریتـی دەبێت لەداگیرکردنی سوپای عێراقو دامو دەسـتگا پۆلیسـیو ئاسایشـیەکان، دواجـار داگـیرکردنی حکومـەت، ئینجـا بـەدوایدا پـەل هاویشتن بۆ داگیر کردنی کۆمەڵگای عێراقی بـەر مـەبنای تەسـەوراتێکی سـتەمکاری کـە تیـایدا کۆمـەڵگاو حکومـەتو حـیزب دەبنە یەك وەحدەو ئەم یەکەیەش بەپێی ئارەزو ئـیرادەی کەسـایەتیەکی کـاریزمی کـە خـودی سـەرۆکە لەجولاندایـە یـاخود لەمەداری سەرۆکدا دەخولێتەوە. ئەمڕۆ لەکوردستان دوو حکومەتت هەیە کە لەلایەن دووحیزبـەوە بـەڕێوەدەچێت، ئـەم دوو حکومەتە بەپلەیەك تێکەڵ بەو دوو حیزبە بوون کە جیاکردنەوەیان شیاو نیە، حکومەت حیزبـەو حـیزبیش حکومـەت، ئینجـا حکومەت کە خۆی حیزبـە بەقسـەکەری سـەرجەم جڤـاتی کوردییـەو بـەناوی هەموانـەوە بڕیـار دەردەکـاو ئەمـەش لەلایـەن سەرۆکی حیزبەوە دەبێت، لەکاتێکدا سەرۆکی حیزب ئەندامی حکومەت نیەو هیچ وەزارەتێکی بەدەستەوە نیە، هـێزی بڕیـار دەرکردن وا لای ئەو. لەدانیشتنە چارەنوس سازەکاندا لەگەڵ دەرەوە سەرۆکی حکومەت مافی بڕیاری نیەو بگرە هەندێ جار مافی دانیشتنیشی نیە بەڵکو ئەوە سەرۆکی حیزبە کە ئەو کارانە دەکاو مافی بڕیار دانـی هەیـە (لـەدوا دانیشـتنی بـە نـهێنی نێوان هەردوو سکرتێرو سەرۆکی ئەو دوو حیزبەدا کـە کوڕەکانیـان بەشـدار بـوون کـە ئەمـە خـۆی بـەخێزان کردنـی حـیزبو حکومەتە کە هاوشێوەیە لەگەڵ تەجروبەی بەعس لەعێراقو سوریاو هەندێ ڕژێمی دیکتاتۆری تری ئـەو ناوچەیـە وەك لیبیـاو یەمەن). بەواتایەکی دی، لەکاتێکدا حیزب خۆی حکومەتو کۆمەڵگای داگیر کردووە، خۆی واتە حیزب لەلایەن دوو بنەماڵەوە لە جیاتی هەموو جڤاتی کوردی بیردەکەنەوەو بڕیار دەدەن کە خـۆی ئـەم دیاردەیـە دووبارەکردنـەوەی تەجروبـەی بـەعسو سیسـتمە دیکتاتۆریـەکانی ئـەو ناوچەیەیـە. مـن گومـانم نیـە لـەوەی کـە تەجروبەیـەکی تۆتالیتـاری لەکوردسـتاندا لەسـەر هەڵدانداو تەنیا زەمەنی پێویستە کە خۆی بەتەواوی بەیان بکاو دەربکەوێو ئینجا لایەنە دڕندەیەکەشی دەر بکەوێ، ئەمـە ئەگەر دەرنەکەوتبێت، لەیادمان بێت بەد ناوترین زیندان لەکوردسـتان هەیـە کـە ئاسـانە بچیتـە نـاوی بـەڵام هاتنـەدەرەوەی بەکجار زەحمەتە.

**دووەم:** داگیرکردنی دامو دەستگا مــەدەنیو کلتورییــەکانو کردنیــان بــە دامو دەستگای حــیزبی وە تــیرۆرکردنی فــەزای گشتی. بەعس هەرچی میراتی مەدەنی بــوو خــاپوری کــردوو لەهــەر کۆلانێکدا لقێکــی حــیزبی بەعســی کــردەوە بــەعس نــەك رۆژنامەی حیزبی خۆی دەرکرد بەڵکو رۆژنامەکانی داگــیر کــرد، زانکۆکــانی لەســەرەتاوە کــردە بارەگــای حــیزبو دواجــاریش بەبەشێك لەوەزارەتی دیفاع، رادیۆو تەلەفزیۆنەکان سەرەتا بوونە موڵکی حکومەتو دواجار حکومەتیش بووە موڵکی حیزب. حیزب لەتەجروبەی کوردیشدا شوێنی دەوڵەتو کۆمەڵگاو بواری مەدەنی گرتۆتەوە (لەیادمان بێت هەنگاوێك بەولاتر لەو دامو دەستگا مەدەنیانە خێزان داگیر دەکرێ کە دوا پەناگەی ئینسانە). ئــەمرۆ هــەردوو حیزبــە گەورەکــەی کوردســتان ســەرقاڵی پیادەکردنی ئەم ئەزموونــەن ئــەوەتا دامو دەستگاکان کــە خۆیــان بڕیــار بــوو دامو دەســتگای کۆمــەڵی کــوردەواری بوونایــە بوونەتــە موڵکــی حــیزبو لەڕێیانــەوە پشــتگیری ئــەو کەســانە دەکــرێ کەلەگــەڵ سیاســەتی حــیزبدانو وە ئەوانــەی ســەر بەڕێبازەکەی حیزب نین بایکۆت دەکرێن. ئەمرۆ لەکوردستاندا بودجەی حیزبو حکومەت یەك بودجەیە، ئەستەمە بزانین لەکوێدا دەسەڵاتی حیزب دەست پێدەکاو تــا کــوێ دەڕوا، لــەکوێوە دەســەڵاتی حکومــەت، کــە دەبــا نوێنەرایــەتی خــەڵکی بکردایە، دەست پێدەکاو تــاکوێ بڕەکــات واتــە گشــت ســنورەکان تێکــەڵ بــوون، ئــەم دووحیزبــە ســەرتاپا دامو دەســتگا مەدەنیەکانی لەچەشنی زانکۆ، راگەیاندن، یانــەکان، رێکخــراوە مەدەنیــەکانیان داگیرکردووە ئــەم حیزبانــە (هــەردوو حیزبــە سەرەکیەکە) لەهەر ناوچەیەکو بگرە لەهەر گەڕەکێکدا لقێك یان بارەگایەکی حیزبیان کردۆتەوە کــەوەك نوێنــەرانی خــەڵکی گەڕەك مامەڵە دەکەن، گەر سەرپێچیەك بکرێت پێش پۆلیس لەلایەن ئەوانەوە دەکەوێتە ژێــر لێپرســینەوەوە بۆیــە وەزیفــەی یەکەمی ئەو "مەجالیسانە" مراقەبەکردنی خەڵکی گەڕەکە، گەر خەڵکیش بەمە رازی بوو ئــەوا دەتوانن گــەر کارەبایــان بــڕا ئەوان ئاگادار بکەنەوە تا کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکــەن. ئــەم دامو دەستگایانە بــۆ مەبەســتی حــیزبیو ئــایدیۆلۆژی بــەکار دەهێنرێنو لەڕێیانەوە هێرش دەکرێتە سەر نــەیارانی حــیزب، بۆنموونــە گــەر رەخنەیــەك لەحکومەتەکــەی ســلێمانی بگــیرێت لەرووی حوکم کردن یان سیاسەتی ئەو حکومەتەوە پێش ئەوەی حکومەت وەڵام بداتەوە حــیزب وەڵام دەداتــەوە لــەکوێوە؟ لەو دامو دەستگایانەوە کە هەر هەموو بەحیزبی کراون. دووبارەکردنەوەی ئەزموونی بەعس تەنــها لــەڕێگای تــیرۆرو زینــدانی کردنی خەڵکەوە نــاکرێ بــەڵکو لــەڕێی تــیرۆرکردنی بــواری مەدەنیــەوە، داگیر کردنــی کۆمــەڵگا لەلایــەن حــیزبو دواجــاریش سەرۆکەوە دەکرێت. لەهەفتەنامەی هاولاتیدا(٢٦) دوو هەواڵ بڵاوکراونەتەوە یەکەمیان باس لەوە دەکات کە لەناوچــەکانی ژێــر دەســەڵاتی یــەکێتیدا لــەناو دائیرەکــاندا داوا لەخــەڵك کــراوە کــەیان ئــەوەتا دەبێت بــبن بەیــەکێتی یــان دەســت بــەرداری وەزیفــەکانیان ببنو دووەمیــان بــاس لــەوەدەکات کــە لەناوچــەی ژێــر دەســەڵاتی پــارتی دیموکــرات دوو نووســەر لەســــەرکار دەرکراون لەبەر ئەوەی بێلایەنن. یەکێك لەئیشەکانی کەبەعسیش کردوویەتیو دەیکات ئەوەیــە کــە بــۆ ئــەوەی ئێــواران نــان لەسەر سفرەکەت هەبێتو منداڵەکانت لەبرساندا نەمرن دەبێت بەعسی بیت. ئەمرۆ ئەو دوو حیزبە دەیانەوێت ئــەم ئەزموونــە دووبارە بکەنەوە بەوەی کە سەرجەم کۆمەڵگا بکەن بەموڵکی حیزب، سیاسەتو ئابوریو گشت لایەنەکانی دی ژیــانی جڤــات داگیر بکەن بەڕادەیەك گەر حیزبی نەبیت یان ئەوەتا دەمریت، دەکوژرێیت یــان ســەری خــۆت هــەڵدەگریت. ستەمکاری لــەم شێوە کوردیــەیدا واتــە بــەزاندنی سنورەکانی نێوان رەهــەندە جیاوازەکــانی ژیــانی جڤــاتی کــوردیو کۆکردنــەوەی لایەنــە جیاوازەکانو خودی جڤاتەکە لەبۆتەقەیەکدا کەحیزبە، ئەم داگیرکردنە تەنها داگیرکردنی ژیانی سیاسیو فیکری رۆحی جڤات نیە بەڵکو داگیر کردنی مێژووی جڤاتیشە لێرەوە حیزب مۆنۆپۆڵی زاکیرەی جڤاتیش دەکا، بۆنە تایبەتیەکانی خــۆی دەکاتــە بۆنەی هەموو جڤات، وەمێژووی جڤاتو سەرمایەی رەمزی جڤات دەکاتە موڵکی خۆی، لێرەوە یاد کردنەوەی نەورۆز دەبێتە بۆنەیەکی حیزبیو یادی دامەزراندنی حیزبێکیش دەبێتە بۆنەیەکی نیشتمانی هەر بۆیە ئەمرۆ لەکوردستان ئەســتەمە بتوانین جیاوازیمان بۆ بکرێ لەنێوان حیزبو بوارە مەدەنیو دامو دەستگا مەدەنیەکاندا. با ئاماژدە بەنمونەیەك بکــەین کــە مــەغزای قوڵی هەیەو لەسەر ئایندەی پەروەردەی منداڵانی کورد کاریگەری بەجێ دەهێڵێت، مەبەستم لەزانکۆیە. د. فــەریدون حیلمــی

لەووتارێکدا لەسەر لاپەڕەی کوردش میدیا لە ژێر ناونیشانی "ڕێگرەکان لەبەردەم پێشکەوتندا"[٢٧] ئاماژەدە بۆ ئەو ڕاستییە دەکا کە دەسەڵاتی کوردی چۆن ڕێدەگرێ لەبەردەم بەهرەیکوردیدا، کەسانی پسپۆڕ کە توانای ئەوەیان هەبێت خزمەت بەجڤاتی کوردی بکەنو هەر لەوێدا پەردە لەسەر ئەو ڕاستییە تاڵە لادەبات کە چۆن دەسەڵاتی کوردی هەموو ئیمکاناتێك دەخاتە بەردەم کەسێکی خۆرئاوایی کە گەر بۆ سەردانیش بچێ بۆ کوردستان بەڵام هەزاران کۆسپو تەگەرە دەخاتە بەردەم پسپۆڕێك یان بیرپارێکی کورد کە بیەوێت بگەڕێتەوە[٢٨]. گەمەی داگیرکردنی گشت دامو دەستگاکان گەمەیەکی ترسناکەو جڤاتی کوردی باجەکەی دەدات، ئەم گەمەیە گەمەی ستەمکارانە دژ بەجڤات، دژ بەبەهرەو دژ بەتوانا کوردییەکان. ئەم گەمەیە بەتایبەت لەبواری پەروەردەدا بەرئەنجامی ترسناکی هەیە بەتایبەت بەهۆی دانانی کەسانی نا بەجێ لەشوێنی ئەوتۆ کە شایستەیان نیەو بەهۆی حیزبی بوونیانەوە پێیان دەبەخشرێت، زانکۆکان لەسەردەمی بەعسدا کرابوونە سەربازگەو لەژێر دەسەڵاتی حوکمی کوردیدا بارەگای حیزب[٢٩].

**سێیەم:** قبووڵ نەکردنی ڕەخنەو تیرۆرکردنی دەنگی نەیارانو نەبوونی هەمەچەشنەیی حیزبی. ئەم خاڵە سیفەتێکی هاوبەشی گشت سیستەمە ستەمکارەکانە. لەم ڕووەوە دەسەڵاتی کوردی دەیەوێت ئەزموونی بەعس وەك خۆی دووبارە بکاتەوە. بانگەشە کردن بۆ دیموکراسیەتو ئەگەری قبووڵ کردنی رای جیاواز لەلایەن ئەم دووحیزبە کوردییەوە لەبەردەم سادەترین پرسیاردا هەرەس دەهێنێ، پرسیاری ئەوەی کە هۆی چیە ئەو دووحیزبە یەکتر قبوڵ ناکەن؟ قبووڵ کردنی حیزبی شوعیی، دوای کارەساتەکەی پشت ئاشان، کە خۆی حیزبێکەو لەپەراوێزدا دەژی سەنگی مەحەك نیە، بەڵکو قبووڵ کردنی پارتی لەلایەن یەکێتیو قبووڵ کردنی یەکێتی لەلایەن پارتییەوە سەنگی مەحەکە بۆ قبووڵ کردنی فرەحیزبی. گرنگە ئاماژەدە بەوە بدەم کەیەکێتی نیشتمانی پێش ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست دەستەو یەخەبووە لەگەڵ زۆربەی حیزبە کوردییەکانداو ئینجا هەندێ لایەنی عێراقیش وەکو حیزبی شیوعی، لەدوای ئەوەی دەسەڵاتیشی گرتۆتە دەست لەسەر ئەم خووەی بەردەوامەو چەند لایەنێکی دیو کەسایەتی دی خستۆتە سەر ئەولیستە، ئینجا هەستاوە بە تیرۆر کردنی کۆمەڵێك کەسایەتی سیاسی کوردی، گەر زاکیرەی دەستە جەمعی جڤاتی کوردی کورت بێت ئەوا زاکیرەی ئێمە کورت نیەو لەیادمانەو هەموو لەگەڵ تیرۆری حیزبی کوردیدا گەورە بووین لەهەفتاکانی سەدەی رابردووەوە.

**چوارەم:** نەبونی شەفافیەت لە سیاسەتو لەبڕیارە سیاسییەکاندا. لەسیستەمە ستەمکاریەکانی وەکو بەعسدا هەمووشت لوغزە (مەتەڵە) هالەیەك لەلوغزو قەفەسێك لەدرۆ چواردەوری سیاسەتو بڕیارە سیاسیەکانی داوە، هاونیشتمانی نا بەڵکو رەعیەت بۆی نیە پرسیار بکات، ئەم بڕیارە بۆ؟ حیکمەت لەم سیاسەتە چیە؟ بەڵکو ئەوەیان لەسەرە کە ئیمانێکی پتەویان هەبێت بەحیکمەتی سەرکردایەتیو پەیڕەو و بڕیارو ئامۆژگاریەکانی سەرکردە بکەن، ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە لەکوردستانی عێراق ڕوودەدات. وەك گوتمان یەکێتیو پارتی سەرجەم دەستگاکانو بوارە مەدەنیەکان داگیر کردوەو کردویانن بەموڵکی حیزب، لەژینگەیەکی لەو جۆرەدا کە لێوانلێوە لەستەمکاری، شەفافیەت بوونی نامێنێو خۆی پرسیار کردن لەبڕیارە سیاسیەکان بەخیانەت یان کاری گێرە شێوێنیو تیرۆرستی لەبەرانبەر نەك حیزب بەڵکو لەسەرۆك لەقەڵەم دەدرێت. لەم ڕووەوە دەتوانین چەندەها پەڕە بنووسین بەڵام لێرەدا تەنها ئاماژەدە بەنموونەیەك دەکەین کە دوادانیشتنی بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و مەسعود بەرزانی بوو لە ٢٠٠٢/٦/٦ لە ئەڵمانیا، من تەحەدای نەك جڤاتی کوردیو ڕۆشنبیرانی کورد بەڵکو ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو دووحیزبە دەکەم گەر بتوانن پێمان بڵێن چی لەدانیشتنی ئەو دوو بەڕێزەدا ڕووی داوەو لەسەرچی ڕێك کەوتوونو لەو دانیشتنە نهێنیەدا باسی چیان کردووە؟ ئەمە لەکاتێکدا ئەو دوو بەڕێزە لەگەڵ لێپرسراوانی ئەمەریکادا باسی ئایندەی کوردیان کردووەو لەسەر چەند خاڵێك ڕێك کەوتوون کە ئێمە نازانین چین. شەفافیەت واتە ئەو دوو بەڕێزە بەجڤاتی کوردی بڵێن لەسەر چی ڕێك کەوتوونو ئەو خاڵانە چین کە باس کراون، کە ئەمە بەجڤاتی کوردی ناڵێن واتە بوونی سیستەمێکی ستەمکاری لەکوردستان، لەبیرمان بێت ئەو دوو بەڕێزە بەشێك نین لەو دوو حکومەتەی کوردستان،

کەواتە ئەوەی کە ئەمڕۆ لەسەر چارەنووسی کورد بڕیار دەدات حکومەت نیە بەڵکو حیزبەو بگـرە حـیزبیش نیـە بـەڵکو تاکـە سەرکردەی حیزبە، بەڵکو دوو بنەماڵەن، ئـا ئەمەیـە ئـەزموونی دیموکراسـی لەکوردسـتان؟ بـەش بـەحاڵی خـۆم گومـانم نیـە لەوەی کە ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەگوزەرێ بەجۆرێکە لەستەمکاریو دووبارە کردنەوەیەکی بێ تامی بەعسیزمە.

# بەندی چوارەم

# گەمەی سۆفستائیەکان لەغیابی ویژدانو عەقڵێکی سوکراتیدا

# بەندی چوارەم

# گەمەی سۆفستائیەکان لەغیابی ویژدانو عەقڵێکی سوکراتیدا

دەستەو تاقمێك کەزۆرترین لێپرسراوێتی ئەو بارە ناهەموارەی کوردی دەکەوێتە سەرشانو لەداڕزانی ماڵی کوردا بەشی شێری بەردەکەوێت دەستەو تاقمی ڕۆشنبیرەکانن. ئەوان لەپێشەوەی ڕوداوەکانن، بەهانە هێنەرەوەی ڕوداوەکانن داڕێژەری گوتارەکانن، هەر ئەوان تائێستا لەزۆربەی حاڵەتەکاندا هەقی ئەوەیان بەخۆ داوە کەببنە قسەکەری جڤاتی کوردیو بڕیار بدەن کە کورد چیەو چۆنەو چی دەوێتو دەبێت چیبکات. ڕەنگە کێشەکە لەم هەقەدا نەبێت کەئەم دەستەیە بەخۆیانی دەدەن کەدەست وەربدەنە ووردوو درشتی ئەو جڤاتەوە کەخۆی ئەمە شوێنی پرسیارە بەلاَم کێشەکە لەوەدایە کەئەم دەستەیە چۆن ئەم کارە دەکاو لەسەر چ میراتێکەوەو بەرهەمی چیە؟

سەرەتا دەبێت لەو بەڵگە نەویستەوە دەست پێبکەین کە "ڕۆشنبیر" وەك زاراوە، وەك وەزیفە، ئاماژدە کردنێك بۆ بوونەوەرێك، سەر هەڵدانی "ڕۆشنبیر" دیاردەیەکی نوێیەو مێژووکەی لەیەك دوو سەدە تێناپەڕێ نەك لەکوردا بەڵکو لەئەوروپادا. بۆیەکەمجار لەگەڵ کێشەی دریفۆسدا ناوی "ڕۆشنبیر" (INTELLECTUAL) دەهێنرێت لەزمانی فەڕەنسیو ئینگلیزیدا، مشتو مڕێك کە لەسەرگرتنو دادگایی کردنی کاپتن ئەلفرێد دریفۆسی جولەکە دروست بوو لەساڵی١٨٩٤. کاتێك دریفۆس حوکمی بەسەردا درا بەزیندانی ئەبەد، بەڵگەی تازە هاتنە دەرەوە کەباسیان لەبێ گوناهی دریفۆس دەکرد، لێرەوە حەملەیەك دەستی پێکرد بۆ جارێکی دی دادگایی کردنەوەی دریفۆس، ئەم هێرشە لەلایەن کۆمەڵێك "ڕۆشنبیرەوە" لەوانە ئەمیل زۆلاو ئەناتۆل فرانسو مارسێل پرۆستو دانیاڵ هالڤیەوە دەستی پێکرد بەئیمزا کۆکردنەوەو ئیمزاکردنی مەزبەتەیەك کەلەڕۆژنامەیەکدا چاپ بوو. سەرنوسەری ڕۆژنامەکە مەزبەتەکەی ناونا بە (manifeste des intellectuels) واتە "مانیفێستۆی ڕۆشنبیرەکان"، لە دواجاردا ووشەی Intellecual لەلایەن هەردوو کامپەکەوە بەکار هات وەك ئاماژدە کردنێك بۆ دریفۆسیەکان (واتە ئەوانەی داکۆکیان دەکرد لەدریفۆس). ئەم ڕووداوە ڕوناکی خستە سەر چەند خاسیەتێکی زاراوەی "ڕۆشنبیر" کەدواجار تاکۆتایی سەدەی بیستەم ئەنجامەکانی مانەوە. لەوانە، یەکەم،"ڕۆشنبیر"ی پێناسە کرد وەك (Enlightenment) (کەسێکی ڕۆشنگەر) عەقڵی ڕۆشنبوو یا بەڕۆشنگەری گەیشتوویەکی لیبرالو چەپڕەو. دووەم. ئەوەی کە جەوهەری بوو لەتێگەیشتنی ئەم ڕۆشنبیرانەدا بۆخۆیان گەردونایەتی (universality)و جیهانێتی یابوون وەك هاونیشتیمانێکی جیهای (کوسمۆپۆلوتیان) کەڕەگەز پەرستی ڕەتدەکاتەوە واتە سنوری شەڕی ئایدیۆلۆژی لەو ڕوداوەدا خۆی بەیان کرد: لە تەرەفێکەوە داواکارانی کرانەوەییو ئازادی سیاسیو بەها لیبڕاڵەکانو کە ڕۆشنبیران بوون لەتەرەفێکی دیکەوە هێزی موئامەرە چیەکانو دژەسامیەکانو کۆنسەرڤەتیڤە فەڕەنسیەکان. ووشەی "ڕۆشنیر" هاتە ناو دنیای مۆدێرنەوە هەرچەندە گرامشیودانیال بێڵ لەدواجار ئەویان پێشنیار کرد کە پێویستە ئێمە فراوانتر لەم زاراوەیەو لەم دەستەو تاقمە بڕوانین کە هەموو ئەوانەش بگرێتەوە کەدەرگیرن لەگەڵ کاری ڕوشنبیرانەدا. هەر لەڕوداوی دریفوسەوە بەر ئەنجامێکی تر کەوتەوە ئەویش سەیرکردنی ڕۆشنبیرەکان وەك دەستە بژێرێك (elite)ی کۆمەلآیەتی کە دوورە پەرێزن لەعامەی خەڵكو موعاناتی هاونیشتمانیان. درێفوسیەکان بەوەی کە پاڵ پشتی درێفوسیان کرد خۆیان بەبێگانە کرد لەلایەن دانیشتوانەوە. ئەم هەستی دژە ڕۆشنبیریە دواجار ترادسیۆنێکی دژ بەڕۆشنبیران دروست کرد کەئاشکراترین هەڵوێستی ئەمریکاییەکانە، ئەمەریکای ژوورو، بەرانبەر بەڕۆشنبیر کەوەکو گروپێکی بێگانەو زۆرجار لوت بەرزو بەدوور لەغەمی هاونشتمانیان سەیر دەکرێن. دانیال بێڵ[٣٠] کۆتەیشنێك (اقتباس) لەفێردیناند برۆنتیر دەهێنێتەوە کەتەعبیر لەم هەستە دژ بەڕۆشنبیرانە دەکا:-

**"هەرچی پەیوەندی بەم مەزبەتەیەوە هەیە کە لەنێو ڕۆشنبیراندا دەگەڕێ تەنها حەقیقەتی ئەوەی کە لـەم زۆر نزیکانـەدا ووشەی intellectuals دروست کراوە وەك ئەوەی کەئاماژەکردن بێت بەوەی ئەمانە ئورستۆکراتن، ئـەو تاکـە کەسـانەن لـە موختەبەرەکانو کتێبخانەکاندا دەژین، تەنیا ئەو ڕاستی‌یە بەسەبۆ نیشاندانی مەسخەرەیی شازبوونی سەردەمی ئێمـە. واتـە ئیدعاکردنی بەرز کردنەوەی نوسەرانو زانایانو پرۆفیسۆرەکانو فیلۆلۆجیتەکان بۆ ئاستی سۆپەرمان"**

ئـەم نـەقدە لـە ڕۆشـبیران تـا ئـەمڕۆ سـەنگینی خـۆی هەیـە بـەڵام دەبێت بگوترێــت کـە بـە هەڵــەش لەلایـەن چـەند ئایدیۆلۆژیستێکەوە بەکاردەهێنرێ. لێرەوە ئەو وێنەیە لکێنرا بەڕۆشنبیرانەوە کەلە دەرەوەی فەزای گشتین(public)، وێنەی بوونەوەرێك کەچاو لەئایدیاڵەکانی ڕۆشنگەری دەبڕێ، بەڵام بێدەسەڵاتە لەڕێکخستنی بواری مەدەنی‌دا، دابـڕاوە لەخـەڵکیو ئەم وێنە گەورەیە لەمە زیاتر گەورەکرا تائەو شوێنەی ڕۆشنبیران بەخیانەت، شکست، پاشەکشێ، کوفرو سەرەو لێژبوونەوە تاوانبار دەکرێن، واتە هەموو وازهێنان یا دژایەتی‌کردنی هەموو ئـەو پرەنسیپانەی کەڕۆشـنبیرەکان بانگەشـەی بـۆ دەکـەن. یەکێك لەوخاڵانەی کەهەمیشە زیندوو ڕادەگیرێ لەگفتوگۆکاندا لەسەرئەم دەستەوتاقمە مەسەلەی لێپرسـراوێتی‌یەو تاوانبـار کردنی ڕۆشنبیران بەبێ باکی‌و مەسـئول نـەبونیان. لـەزۆر مـەحافلدا ڕۆشـنبیران تاوانبـار کـراونو دەکرێـن بـەوەی "شـوێنی ئیعتماد نین، لێپرسراوێتی هەڵناگرن، ئیدعای ئەوە دەکەن کەتینوی مەعریفەن بەڵام بەتوێکڵی شـتەکانەوە دەگیرسـێنەوە"، ئیدی شوێنی سەرسوڕمان نی‌یە کە ناونیشانی کتێب ببینن باس لەخیانەتی ڕۆشنبیران بکاو وەکـو کتێبەکـەی جولیـان بێنـدا (the betrayal of the intellectuals) (خیانەتی ڕۆشنبیران)و بگرە لەووڵاتانی ئێمەشدا بەهەمان ناونیشان کتێبەکەی جەلال ئال ئەحمەد "خیانەتی ڕۆشنبیران".

بێنـدا لەفەسـڵی یەکـەمی کتێبەکـەیدا بـاس لەجـەماوەری کردنـی کۆمـەڵگا دەکـاو لـەو باوەڕەدایـە کـەدیاردەکانی وەکـو ناسیونالیزمو دژە سامێتی (ANTI SEMITISM) لەپێشوودا تەنیا لەنێو هــەندێ بەشـی کۆمکـەڵگادا بـاوبوون، بـەڵام بـەهۆی ڕۆشنبیرانەوە کەڕێکخـەرو موشـەجعی بوغـزی سیاسـین، هێناویاننەتـە نـاو فـەزای گشـتی‌یەوە. هـەروەها کتێبەکـەی ڕەسـڵ جـاکۆبی (RUSSEL JACOBY)[٣١] وا پۆرترەیتـی ڕۆشـنبیران دەکـا وەك بوونـەوەرێکی نادڵسـۆزو بـێ وەفــاو بــێ وەلائــی کۆمەڵایەتی، هەروەها بوونی وەهمی کۆزمۆپۆلۆتیانو خەونی مەرکەزیەتی ئەوروپی، لێرەوە لەم دیدەوە ئەو پۆرترێتــەی کـە گوایە ڕۆشنبیران ئەو کەسانەن کە هەلوومەرجی هەنووکە بەگیروگرفت دەکەنو ئەڵتەرناتیڤ دیـاری دەکـەن، هەمیشـە لـەژێر پرسیاردابووە. ئێمە لێرەدا باسی ڕووداوەکەی درێژمان کرد تاکو ئەوە نیشان بدەین کـەزاراوەی "ڕۆشـنبیر" زاراوەیـەکی نوێ‌یەو لەگەڵ سەر هەڵدانی ئەم زاراوەیە کەئاماژە بەدەستەو تاقمێك دەدا هەستی دژایەتی کردنـی ئـەو دەسـتەو تاقمـەش سەرهەڵدەدا، کەواتە گرنگە بزانین "ڕۆشنبیر" داهێنانێکی زۆر تازەیە، بەتایبەت لەکۆمەڵگاکانی ئێمەدا ئـەم دەسـتەو تاقمـە سەرقاڵی ئەوەن کە مێژوو بشێوێننو وا پۆرترێتی رۆشنبیردەکەن وەکو ئەوەی خولقێنەری مەعریفـە بێـتو لەئەزەلـەوە ئـەم مەخلوقە بوونی هەبێت، لەکاتێکدا کە لەباشترین حاڵەتدا دەتوانـین بڵێـین زادەی دنیـای مۆیۆنـە. هـەروەها مەبەسـتمان بـوو ئاماژەیەك بەهەستی دژە رۆشنبیر بکـەین، چونکـی ئێمـەش هەرهـەمان هەڵوێسـتمان هەیـە بەرانبـەر بەرۆشـنبیرانی کـورد، بەتایبەتی دوورە پەرێزی ئەوان لەفەزای گشـتی (Public)و ئینجـا سسـتی ئـەوانو کارنـەکردنیان بەرانبـەر بـەدنیای مـەدەنی کوردی کە مەبەستی ئەم بەندەیە.

ئیدوار شیلزی سۆسیۆلۆجیست رۆشنبیران دابەش دەکا بەسەر دوو کامپدا ئەوانەی کەدژی وەزعی هەنووکەو بەهاکانینو ئەوانەی هەوڵدەدەن کە ڕێکخستنو بەردەوامێتی ژیـانی مـەدەنی بپـارێزن. ئـەم گروپـەی دواییـان دەوریـان هەیـە لەدروسـت کردنی جڤاتە نەتەوەیی‌یەکاندا. شیلز دەڵێت: (لەرێگای ئیقناع کردنو گوتنـەوەی وانـەو نووسـینەوە رۆشـنبیران بـۆ چـوون دەخەنە مێشكو عەقڵی دانیشتوانەوە ئەوانـەی کـە نەرۆشـنبیرن وەکـو ئـەرکی رۆحـی‌و نەرۆشـنبیرن وەك رۆڵـی کۆمەڵایـەتی لەڕێگای تەکنیکەکانی وەکو نووسـینو خوێندنـەوەو حسـابداری کـارێك دەکـەن کـە وەك یـەك بـوون بچێتـە نـاو گـەردونێکی

فراوانـترە. دروسـت کردنـی نەتـەوەکان لەعەشـیرەتەکان، لەسـەرەتای زەمـەنی مۆدێرنـەوە لەئـەوروپاو لەئێسـتای ئاسـیاو ئەفریقادا، ئەمە کاری رۆشنبیرەکانە، هەروەك چۆن دروستکردنی نەتەوەی ئەمەریکی لەو گروپە ئیتنیکیە جیاوازانـە کـاری مامۆستاکانو پیاوە ئایینییەکانو رۆژنامە نوسەکانە.([٣٢]).

شیلز پێزانینی خۆی نیشان دەدا بەرانبەر کارێکی بەهادار کە هەندێ رۆشنبیر دەیکەن ئەویش گەشە پێدانی ئەگەرەکانی سیستەمێکی بەها کلتوریەکانە، بەڵام لەهەمان کاتدا بـەتوندی رەخنـە لـەرۆڵی رۆشـنبیران دەگـرێ، گروپێـك لەرۆشـنبیران، لەتێکدانی رۆحی هاوکاری نێوان خەڵکیو تێکدانی ترادسیۆنی دامەزراو، لێدان لە هەموو ئۆتۆرەتیەك، نەبوونی لێپرسراوێتیو خۆبە لێپرسراو نەزان لەبەردەم هیچ ئۆتۆرەتیەکدا. ئیدوارد سەعید بەپەیرەوی لەگرامشی رۆڵی رۆشنبیر لەفـەزای گشـتیدا وا دەبینێتـەوە کـەرۆڵی (Outsiders) (بـێ ئینتماکـان)، تێکدەرانـی وەزعـی هەنوکـە Status Quo دەبینـێ([٣٣]). لای سـەعید رۆشنبیرەکان ئەو کەسانەن کە رۆڵی مەدەنیانەی ئەوان نە دەشێ پێش بینی بکرێتو نەدەشـێ بکـرێ بەدروشـم، پـێ بـەپێ لەگەڵ سیاسەتی حیزبێکدا یا دۆگمایەکدا. لێرەوە سەعید جیاوازی دەخاتە نێـوان ئـەو رۆشـنبیرە نـاقدو بـێ ئینتمایانەیکـە (راسـتی بەدەسـتەڵات دەڵـێن)، ئـەو رۆشـنبیرانەش کـە Insiders (خـاوەن ئینتیماکـان) ئەوانـەی تەشـجیعی بەرژەوەندیـە تایبەتیەکان دەکەن، نیشتمان پەروەری، ناسیۆنالیزم، بیرکردنەوەی کۆرپۆرەیت (Corporate)، بەرژەوەندی چـین یـا رەگـەز .. هتد. رۆشنبیر لەدیدی سەعیدەوە ئەو کائینەیە کە دەتوانێ (نوێنەرایەتی پەیامێك بکا یا بەرجەستەی بکا یاخود پـەیامێك دابڕێـژێ، بۆچونێك، هەڵوێسـتێك، فەلسـەفەیەك یـا بیروڕایـەك بـۆ خـەڵکی). کێشـەی ئـەم بـۆ چوونـە لەوەدایـە کـە هـەر لەئەکادیمیەکەوە دەیگرێتەوە تاکو سیاسەتمەدارێك. کێشەی دیدی سەعید بۆ رۆشـنبیر لەوەدایـە کـە پێمـان نـاڵێ مەبەسـت لەخەڵکی، بواری مەدەنی یا فەزای گشتی Public چیە، بگرە گریمان دەکا وەکو ئەوەی هەر هەموو لەسەر پێناسەیەك رێك کەوتبین کە فەزای گشتی. هەروەها ئەوە ئاشکرانیە کە چۆن ئەوەبزانین کامە بەرهەم رۆشنبیرانەیەو کامە رۆشنبیرانە نیـە، کام بەرهەم لەخزمەتی دەستەڵاتدایەو کامە پەردە لەسەر دەستەڵات لادەبات. هەروەها سەعید پـەی بـەو راسـتیە نابـا کـە توانای جیاکردنەوە لای رۆشنبیر سنوردارە، لەو کاتەدا کە کێشەیەك زەق دەکاتەوە کێشەیەکی دی دەشـارێتەوە. هـەروەها سەعید لەوکاتەدا کەدەڵێت رۆشنبیر ئـەو کەسـەیە کـە راسـتی بـە دەسـتەڵات دەڵـێ، ئـەم پێناسـەیە بـۆ گشـت قۆناغـەکانی مرۆڤایەتی دەبێـت، بـۆ نمونـە بـەپێی ئـەم پێناسـەیە سـوکراتیش رۆشـنبیر بـووە، لـەکاتێکدا رۆشـنبیر وەك گوتمـان زادەی مۆدێرنەو وەزیفەیەکی دیاریکراوی هەیەو لە هەلومەرجێکی تردا لەدایك بووەو رۆڵی جیاواز لـە فەیلەسـوفو بیریـار. هـەروەها دژایەتیکردنی دەستەڵات بێ کرایتریایەکی (مقیاس) دیاریکراو، چ مـەعریفیو چ ئـەخلاقی، زۆرتـر لەرۆمانسـیەتەوە نزیکـترە، هەرچی دژایەتی دەستەڵاتی کرد مانای وانیە رۆشنبیرێکی چاکەو هەروەها دەستەڵاتیش ئەو شتە بێزەوەرە نیـە کـە سـەعید قسەی لێدەکا بەتایبەت کە قسەدێتە سەر بەرژەوەندیو دەسـتەڵاتی جڤـاتێك، دووبـارە بەتایبـەتی بـۆ کۆمەڵـە خـەڵکێك لـە قۆناغی بیناکردنی نەتەوەدا.

هـەنێك جـار رۆشـنبیران بنـەڕەت تریـن رۆڵ دەبینـن لەپێناسـەکردنی نەتــەوەدا، یـا جڤـاتدا، لـەبیناکردنی نەتــەوەدا، لەبەهێزکردنی جڤاتدا، لێرەوە بینینی رۆڵی رۆشنبیر لەوەدا کە حەتمەن دەبێـت دژی دەسـتەڵات بێـت واتـە دژایـەتی کردنـی جڤاتێك کە رۆشنبیر خۆی دەیەوێت بەهێزی بکا ئەوەش پارا دۆکسە. هەروەها گـەورەکردنی رۆڵـی رۆشـنبیر لەسـەر حسـابی جڤاتەوەو بەخشینی ئەو هەقەی کە لەبەردەم هیچ دامو دەستگاو ئەتۆرەتیەکدا لێپرسراو نەبێت ئیشکالیەتی نەك بۆ چوونـی سەعیدە بەڵکو کۆمەڵێ رۆشنبیری تریشە. پەیوەندی رۆشـنبیر بەدەسـتەڵاتەوە، بەجڤاتـەوە، بەودەوڵەتـەوە، بەکۆمـەڵگاوە دەبێت شوێنی بیرکردنەوەمان بێت. لەهەندێ حاڵەتدا، سەربەخۆیی رۆشـنبیران لەسیاسـەت (بـەمانا گشـتیەکەی سیاسـەت وەکـو دەوڵـەت) دەبێـت جـەغدی لەسـەر بکردرێـت، بـەڵام لەهــەندێ حاڵــەتی دیکەشــدا نیشــانەی بــێ بــاکیو نــەبوونی لێپرسراوێتیە، بەتەنگەوەهاتنی رۆشنبیران بۆ ئەو جڤاتەی کە ئەوان ئینتیمایان بۆی هەیە لەکاتێکدا ئەو جڤاتە رووبـەڕووی

ناعەدالەتیەك دەبێتەوە ئەم هەڵوێستە دەبێت پشتگیری لیٚ بکردرێت، بەڵام جڤاتێك، نەتەوەیەك لەکێشەیەکدا، مەسەلەیەکدا، جەنگێکدا، سەرقاڵی نا عەدالەتیو ترۆرایزکردنی ئەوانی دیکە بێت پشت گیری لەلایەن رۆشنبیرانەوە لاعەقڵانیەتێکی رووتـە، کەواتە دەبێت هەڵو مەرجەکان لەبەرچاو بگرین لـەکاتی قسـەکردنماندا یـا حوکـم دانمـاندا بەسـەر رۆشـنبیراندا. رۆشـنبیران چاکترە لەرێگای ئەو رۆڵەی کە خۆیان دیاریانکردووە نەناسینەوە کە دەشێت ئەم رۆڵە یا لەخزمـەت دەسـتەڵاتدابێت یـا دژی دەسـتەڵات، بـەڵکو لـەرێگای مـەوقیعی کۆمەڵایـەتی رۆشـنبیرانەوە، پـەیوەندیان بەجڤاتــەوە، بەکەسـانی نـاو تاقمــە رۆشنبیریەکانەوە، لەهەمووی گرنگتر لەرێگای ئەو شـتانەی بانگەشـەی بـۆ دەکـەنو ئینجـا بەرهەمەکانیانـەوە، ئایـا ئـەوەی بەرهەمی دەهێنن مەعریفەیە؟ سەفسەتەیە؟ داهێنانە؟ جووینەوە؟ ئەرگومێنتە یا موجامەلە یا پەخشانە؟ زانینـی حەقیقـەت ئامانجە یاخود (هەمووشت دەڕوا؟) لێرەوە ئێمە هەوڵ دەدەیـن گفتوگـۆ کـەمان بگوێزینـەوە بـۆ ئاسـتێکی دی لەفەلسـەفەو لەبەرۆشنایی قسەکردنەوە لەسەر سۆفستائیەکانو سوکرات، رۆڵی رۆشنبیرو بەتایبەت رۆشـنبیرانی کـورد بکەینـە بابـەتی لیٚ وورد بوونەوەکەمان.

مەبەستی ئێمە لەسوکرات لەلایەکەوە ئـەو پیـاوە واقیعیەیەکـە لەزەمـەنێکی دیـاریکراودا ژیاوەو داوجـار لەدادگاییـەکدا مەحکوم دەکرێت بەوەی ژەهر بخواتەوە، هەروەها سوکراتیٚ کە ئەفلاتوون لەرێگایەوە فەلسـەفەکەی خـۆی بـۆ ئێمـە بـەیان دەکا، لە لایەکی دیکەوە مەبەستی ئێمە لەسوکرات تایپە، جۆرێکە لـەبیریار، تـایپی فەیلەسـوفە، لەمـەزیاتر هـەنگاو دەنێـنو دەڵێین تاکە تایپێکی فەیلەسوفی راستەقینەیە، هەروەها نمونەی ویژدانو عەقڵە. بەڵام بۆ ئەوەی لەسوکرات وەکو تایپ یان (Arichetype) فەیلەسوف بگەین دەبێت لەسوکراتی واقیعی قسەبکەین، دەشمانەویٚ سـوکرات وەك تـایپێك قـووت بکەینـەوە لەبەردەم (رۆشنبیران)داو لەبەر رووناکی ژیانی واقیعی ئەو فەیلەسوفەداو ئەو تایپە ئایدیاڵـەدا رۆڵـی رۆشـنبیران بزانـین، کـە دواجار لەناو ئەو دەستەو تاقمەدا ئەوانە جیا دەکەینــەوە کـە دەشـیٚ بەسۆفسـتائی لەقەڵـەم بدرێـن. بـۆ ئـەوەی لەسـوکرات بگەین بێگومان دەبێت دایەلۆگی عوزرخوایی بخوێنینەوە، دەبێت شانۆنامەی (هەورەکان)ی ئەریستۆ فانس بخوێنینەوە.

ئەفلاتوون هەمیشە لە دایەلۆگەکانیدا (41 دایەلۆگ) سوکراتمان وەکـو تـایپی فەیلەسـوف بـۆ دەخاتـە ڕوو، رووداوەکـانی ژیانی سوکرات، گیرو گرفتو چەرمەسەریەکانی رووبەڕوویان بۆوە، نوێنەرایەتی ئەوە دەکـەن کـە فەیلەسـوفێکی لـەو جـۆرە پێویستە رووبەڕووی بێتەوە. عوزر خوایی پێمان دەڵیٚ کە کێشەی سیاسی فەیلەسوف ئایینە، کێشەی فەلسەفەو سیاسـەتەو کێشەی فەیلەسوفو شارە. ئەزمونی سـوکراتو پـەیوەندی ئـەو کێشـەیە کـە لـەعوزر خواییـدا دەردەکـەوێت بـە کۆمـەڵگای مەدەنیەوە باس لە پەیوەندی فەلسەفە بەسیاسەت مەدارانەوە، یاساوە، خواکانەوە، فەلسەفەو ئایینـەوە دەکـات. سـوکرات یەکەم فەیلەسوف نیە کـە لەگـەڵ شـاردا لوتیـان بتـەقیٚ بەیەکـەوە بـەڵام یەکـەم فەیلەسـوفە کـە ئێمـە ژیـانی ئـەو بەشـێوە دراماتیکیەکەو لەداڕشتنێکی شاعیرانەدا بگاتە دەستمان، کە پۆرترەیتی پاڵەوانێکی فیکرە وەکو هیگڵ پێی وایە کە سوکرات داهێنەری ئەخلاقە، خاڵی وەرچەرخاندنی رۆح خۆی لەخۆیدا. "ئـەو وێنەیـەکی گەورەیـە لـەگالاری پاڵەوانـەکانی فیکـردا کـە لەرێگای دەسەڵاتی عەقڵەوە توانی بچێتـە نـاو شـتەکانەوە، سروشـتو رۆحـەوە، نـاو بوونـی خـوداوە..."[٣٤]. خوێندنـەوەی دەقیقی دایەلۆگی عوزر خواییو شانۆنامەی "هەورەکان"ی ئەرستۆ فانسو کتێبەکـەی زینفـۆن لەسـەر سـوکراتو دایـەلۆگی سۆفستائیو کۆمار لەگەڵ دایەلۆگەکانی تردا، هەڵدەگرین بۆ پرۆژە فەلسەفییەکان لەداهاتوودا، گەر تەمەن رێگەبدا بـەنیازین بیان خەینە ڕوو، دەرهەق ئێستا گەشتێکی خێرا دەکەین.

دایەلۆگی "عوزر خوایی" لەراستیدا دایەلۆگ نیە، جگەلە چەند بۆنەیەکی کـەم نـەبێت کـەتیایدا سـوکرات پرسـیار لەوانـە دەکات کە تاوانباریان کردووە، ئیدی گفتوگۆیەك لەئارادا نیە، عوزر خوایی لە راستیدا ووتارێکە کە تێیدا کۆمـەڵێك رەهـەندی جیاواز نیشان دەدرێن. سەرەتا عوزرخوایی[٣٥] وەك تێکستێك پرۆترەیتی سوکراتە بەڵام گرنگـە سـەرەنجی ئـەوە بدەیـن کـە

لەعوزر خواییدا بەدەگمەن سوکرات باس لەوە دەکا کەچی کردووە، بەڵکو زیاتر باس لەوە دەکا کە چۆن بیر دەکاتەوە لەهەلومەرجە ئینسانیەکانو کێشە تایبەتیەکان. لێرەوە پۆرترەیتی سوکرات کە لەعوزر خواییدا نیشان دەدرێ لەمەڕ ئایدیاکانی سوکراتەوەیە. ئەوەی کە دەبێت دەربارەی ئایدیاکانی سوکرات بیان زانین ئەوەیە کە **یەکەم:** ئەو ئایدیایانە لەمەڕ ئەو مەسەلانەوە کە لە ژیانی رۆژانەو ژیانی سیاسی جڤاتدا سەر هەڵدەدەن لەشاردا (Polis)، **دووەم:** ئەو ئایدیایانە بەدرۆ خستنەوەیەکی موتڵەقی ئەو شتانەن کە خەڵکی بەبەڵگە نەویستیان دەزانن، هەر بۆیەشە عوزر خوایی مانفێستی پرەنسیپی ئەخلاقە، لێرەوە ئەو ئایدیایەمان دەست دەکەوێ کە فەزیڵەت هەم رەهەندێکی مەدەنی هەیەو هەم شەخسی، تاقیکردنەوەی خودی خۆ جەوهەریە بۆ فەزیڵەتو بۆ بەختیار بوون. رەهەندێکی دیکەی عوزر خوایی ئەو رەهەندەیە کە باس لەتراژیدیای فەلسەفەو ئینجا تراژدیای شار دەکا، دەربارەی شوناسی ئەسینایە، شوناسی سیاسەتە هەروەك چۆن باس لەتراژیدیای سوکراتو فەلسەفە دەکات. عوزر خوایی تەنیا دەربارەی ئەوەنیە کە سوکرات کێیەو سورشتی چالاکی فەلسەفە چیە، بەڵکو بەهەمان شێوە دەربارەی ئەسینابیەکانە، ئەمانە کێنو سروشتی چالاکی سیاسی ئەسینیەکان چۆنە. هەروەك تراژیدیا، فەلسەفەی سوکرات کارێك دەکا کە شار بیربکاتەوە لە کاراکتەری ئامانجە دەستە جەمعیەکان، بەواتایەکی دی ئامانجەکانی جڤات. سوکرات دەیەوێت ئەسینابیەکان تێبگەن کە ئەو شتە چیە شوێنی گیرو گرفتە لەمەڕ پراکتیكو بڕیارەکانی ژیانی رۆژانەیان، چونکی وەك خۆی دەڵێت **"ژیانێکی تاقی نەکراوە شایەنی ژین نیە"**، کەواتە سیاسەتی ئەسینا دادگایی دەکرێت هەروەك چۆن فەلسەفەو فەلسەی سوکرات دادگایی دەکرێن لەم تێکستەدا. ئایرۆینەکە موفارەقەکە لەوەدایە کە ئەو کەسەی بەفاسد لەقەڵەم دراوە خۆی رزگارکەری شارە، لەکاتێکدا رزگارکەرەکانی شار (یاساکان، ترادسیۆن، ژیانی مەدەنی) خۆیان فاسدەکانی شارن، دیارە هەر فەسادی شارە کە ناهێڵێ ئەم راستیە ببینرێت. لەدواجاردا سوکرات ئەو رێگایە هەڵدەبژێرێت کە ببێتە قوربانی، ئەوەش لە لاوازیەوە نەهاتووە بەڵکو لەبەهێزیەوە هاتووە. هەروەك ئەکیلی پاڵەوانی ئەلیادەی هۆمیرۆس کە سوکرات خۆی بەئەو دەشوبهێنێ، چارەنووسی خۆی قبوڵ دەکا بەئیرادەوە گەرچی مەرگیش بێت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کەسێك چۆن ژیانی دەژی نەك ئەوەی دەژی. چۆنێتی ژیان، چۆن بژین، بریتیە لە بەتەنگەوە هاتنی مەزنی، مومتاز بوون لە هەموو شتێکدا چ مەدەنیو چ شەخسی، بەتەنگەوە هاتنی عەدالەتو عەدالەتی کردارەکانمان لەجیاتی حیساب کردنی بەرژەوەندییەکانمان. عوزر خوایی تێکستێکە پرە لە ئایرۆنی (موفارەقە). ئایرۆنیەکی دی ئەم تێکستە ئەوەیە کە سوکرات لەو دادگاییەدا سزای دوور خستنەوەی بۆ منفا رەت دەکاتەوە بەرمەبنای ئەوەی کە ئەو لاعەقڵانی نیە (لەوەتێنەگا کە هەڵکەندنی لەرەگو ریشەوە لەئەسینا زۆر بەدترە لەمەرگ). بەشێوەیەك لەشێوەکان سوکرات خۆی مەنفییەکی سیاسیە لەناو ئەسیناداو تاسنورێك بێگانەیە بەخەڵکی ئەسیناو لەماڵی خۆیدا بێگانەیە. وەك لەدواجاردا دەیبینین ئەو واقسە لەخۆی دەکا وەك کەسێکی بێگانە لەناو مەحکەمەدا.

عوزر خوایی لەسێ ووتار پێك هاتووە: **یەکەم:** ووتاری داکۆکی کردن (19A - 35D)، **دووەم:** ئەو ووتارەی کە تێیدا سوکرات قسە لەسەر سزا دەکاو ئەلتەرناتیڤ پێشنیار دەکا (35e – 38b). **سێیەم:** دوا ووتار کە سوکرات دوای خوێندنەوەی حوکمەکە قسە دەکا (38C – 42A). سوکرات سەرەتا ئاماژە بەوە دەکا کە رووبەڕووی دوو جۆرە تۆمەت بۆتەوە، تۆمەتی رەسمی کە لەلایەن سێ کەسایەتیەوە پێش کەش بەدادگا کراون لەگەڵ تۆمەتە کۆنەکان کە ئەو تۆمەتانەن لەمێژە لەشاری ئەسینادا شوێنی باسو خواستن لەمەڕ سوکراتەوە. تۆمەتی رەسمی وەکو خۆی دەڵێت بەم شێوەیەیە:– (سوکرات گوناهبارە بەوەی کە گەنجەکان فاسد دەکاو باوەڕی بەو خودایانە نیە کە شار باوەڕی پێیانە، بەڵکو باوەڕی بەشتی رۆحانی نوێ هەیە). بەڵام سوکرات سەرەتا دەست دەکات بە هەڵوەشاندنەوەی تۆمەتە کۆنەکان، چونکی وەکو خۆی دەڵێ (هەیئەی موحەلەفین Tne Jury) لەگەڵ ئەو ئیدعایانەدا گەورەبوون. تۆمەتە کۆنەکان بەم شێوەیەن:– (پیاوێك هەیە پێی دەڵێن سوکرات، حەکیمە، قوتابی هەموو شتێکە لەئاسمانداو لەژێر زەویدا، ئەو پیاوەی کەکارێك دەکا بەدترین ئەرگیومێنت

(حوجە) وەك بەهێزترین خۆ بنوێنێ، ئەوانەی ئەم ئیدعایــە بـڵاو دەكەنــەوە، بـەڕێزان، ئەوكەسـە ترسـناكانەن كـە تاوانبـارم دەكەن، چونكی گوێگرەكانیان باوەڕ بەوە دەهێنن كە ئەو كەسانەی لەوشتانە بكۆڵێتەوە باوەڕیان بە خوداوەندەكـان نیـە). (18b6 – C1).

تۆمەتە كۆنەكان ئاشـكران، سـوكرات دەرگیری لێكۆڵینـەوی سروشـتییە، لـەرووی فەلسـەفی‌یەوە گفتوگـۆ دەكـاو هـەر ئـەو شـتانەش بەكەسـانی دی دەڵێتـەوە. پـارادایمی تۆمەتـە كۆنـەكان شـانۆنامەی (هـەورەكان)ی ئەرستیۆفانسـە كـە سـوكرات ئاماژەی پێدەدا. لە (هەورەكان[٣٦])دا ئەرستۆفانس سوكرات نیشان دەدا وەك سەرۆكی قوتابخانەیەك كـە تێیـدا سـوكراتو قوتابیەكانیشی لەسروشتی شتەكان دەكۆڵنەوە لەئاسمانو لەژێر زەویدا، هەروەها سوكرات وانەی هونەری argumaentation، هونەری مجادەلە كردن دەڵێتەوە ئەو هونەرەی هێندە بەتوانایە كە كارێك دەكا ئەو كەسەی ئەو هونـەرە فـێر بێـت دەتوانـێ هەموو كەسێ لەدادگادا ببەزێنێو لەهەموو موناقەشەیەكیشدا غەنیمەكەی، بەرانبەرەكەی، ببەزێنێ. بەواتایەكی دی سوكرات هەم سروشت گەڕایەو هەم سۆفستائی. لـە "هـەورەكان"دا سـوكرات ئـەو پیاوەیـە كـە ڕقـی لەوشـتە دەبێتـەوە كـە خـەڵكی بەتەنگیەوە دێنو بەتەنگ ئەوشتەوە دێت كە خەڵكی رقیان لێی دەبێتـەوە. ئەرسـتۆفانس هـەم سـنوردار بوونـی (حیكمـەتی ئاسمانی) فەیلەسوف دیاریدەكاو هەم مەهارەتی تیۆری فەیلەسوف. لەم پۆرتریتەدا سوكرات حیكمەتی عەمەلی نیــە ئـەوەش لەوەدا دەردەكەوێ كە بەسترپسیادیس Strepsiades (باوكی قوتابیەكەی) دەڵێت، بەپێچەوانەی یاسای شارەوە كە دەخوازێ خوداكانی ئۆلۆمپیا بپەرستن، ئەو دەڵێ خوداكان بونیان نیە، ئەمە پێش ئەوەی ئـەوە تـاقی بكاتـەوە بزانـێ كـە ئـەم پیـاوە بەتەمەنە ئایا توانـای عـەقڵی ئـەو تـۆی هەیـە، كاراكتـەری ئـەخلاقی پێویسـتی هەیـە تاڵـەم قسـەیە بگـا، ئـەوەش دەلالـەت لەنەبوونی حیكمەتی عەمەلی‌یە، هەروەها ئەو راستی‌یە كە فەلسەفە موڵكی عەوام نیـە بـەڵكو بـۆ ژمارەیـەكی كـەمی خەڵكـە، ئەوانەی هەم توانای عەقڵیان هەیەو هەم كاراكتەر كە بتوانن مامەڵە بكـەن لەگـەڵ فەلسـەفەداو لێـی تێبگـەین. سـوكرات لـەو وێنەیەی كە ئەرسـتۆفانس بۆمـان دەكێشـێ تەنانـەت حـەزەرناكاو بـیر لەبەرئـەنجامی قسـەكانی خـۆی ناكاتـەوە. سـوكراتی ئەرستۆفانسی باوەڕی بە دەستەڵاتی عەقڵو لۆژیك Logos هەیە، بەڵام ئـەو نـاتوانێ ئـەو حەقیقەتـە ببینـێ كـە ئینسـانەكان هەمیشە بەپێی لۆژیك هەڵسو كەوت ناكـەن یـاخود بـەپێی یاسـا لـەبواری مـەدەنیدا هـەڵسو كـەوت ناكـەن، هـەروەك چـۆن سترپسـیادیس كـە لـەدواجاردا قوتابخانەكـەی سـوكرات دەسـوتێنێ چونكـی فەیلەسـوفە كـە ئینكـاری خوداكـانی كـردووە. ئینسانەكان زۆرجار هەڵسو كەوت دەكەن بەپێی ئـارەزووی خۆیـانو هـێز بـەكار دەهێنـن لـەجیاتی ئیقنـاع، گوتـار، عـەقڵ، زۆرجار بەحەماسەوە هەڵسو كەوت دەكەن بێ ئەوەی بزانن بۆ. نەبوونی حیكمەتی عەمەلی لەلای سوكرات كـە ئەرسـتۆفانس پێشنیاری دەكا، واتە نـەبینینی ئـەو راسـتییەی كـە خـۆی ئـەم موعـرەزە یـا وەزعـی ناسـكە، هۆشـیاری زاتێتـی نیـە. وەك فەیلەسوفێك بەتەنگ حەقیقەتی سەر مەدیەوە دێت، نەك دیاردە تێپەڕەكان، ئەو خۆی دەرك بەوە ناكات كـە خـۆی بەشـێكە لەو دیاردە تێپەریوانە. نەك بەتەنیا موعرەزە بۆ هێرش، بەڵكو ئەو ئیعتیمادی لەسەر ئەوانی دیكەیە هەم بۆ بەرهــەم هێنـانی خواردنێ كە دەیخواو هەم قوتابیانێك كە لەگەڵیاندا دەژیو وانەیان پێدەڵێتەوە. واتە سوكرات خـود هۆشـیاری نیـە. ئـەوەی كە ئێمە لە "هەورەكان"دا دەی بینین لەراستیدا پۆرترەیتی، بەڵام كاری كاتۆری، فەیلەسوفەكانی پێش سوكراتەو بەتایبەت پۆرترەیتـی سۆفسـتائیەكانە، هـەر سۆفسـتائیەكانن كـە دەرگیری هونــەری رەوانبێژیــنو قوتابیــان فــێری ئــەوە دەكــەن لەموجادەلەدا، لەدادگادا چۆن كەیسەكان ببنەوە بێ گوێدانە راسـتی. سـوكراتێك كـە ئێمەلەزینـەفۆندا Xenophon دەبینـینو لەئەفلاتووندا سەرو كەلەی لەتەكدا پەیدا دەكەین ئەو پیاوەیە كە رەخنەكەی ئەریستۆفانسی زۆر بەجدی وەرگرتووە، نەقدی ئەریستۆفانسی وەك ئامۆژگاریەكی هاوڕیانە سەیر كردووە، لەبیرمان بێت ئـەم دوو پیـاوە بـەفیعلی هـاوڕێ بـوون، بەشـداری گفتوگۆكانیان كردووە، بۆ نمونە بڕوانە دایەلۆگی سـیمپۆزیەم. ئامۆژگـاری ئەریسـتۆفانس تـەنیا بـۆ سـوكرات نیـە بـەڵكو بـۆ

هەموو فەیلەسوفێکە کە ئاگادارین لەو کاتەدا کـە لەگـەڵ شـارو کێشـەکانیدا مامەڵـە دەکـەن بزانـن چـی دەڵێـنو چـۆن قسـە دەکەن، بەداخەوە کەم نین ئەو فەیلەسوفانەی ئەم ئامۆژگاریە لەیاد دەکەن.

لەعوزر خوایدا سوکرات کە تۆمەتە کۆنەکان رەتدەکاتەوە ئاماژدە بەوە دەکا کە ئەم تۆمەتە خراپانـە، ئـەم بـەد ناویـەی ئەو لەباوەڕی ئەمەوە هاتووە کە (ئەرکێکی فەلسەفی) هەیە لەژیاندا کە دەبێ جێبەجێی بکا، بەشێك لەم ئەرکە فەلسـەفی‌یە ئەوەیە کە کارێك بکا ئەسینایییەکان بەتەنگ راستی‌یەوە بێنو بەتەنگ چاککردنو کامڵ کردنـی رۆحـی خۆیانـەوە بێـن. "مـن دەرۆم لەناو خەڵکیدا دەخولێمەوەو هیچ ناکەم جگە لەتەشجیع کردنی گەنجو پیر لـەنێو ئێـوەدا کـە بەتـەنگ جەسـتەتانەوە، سـامانەوە مەیـەن، فـەزڵی زیـاتر بەسـەر سـامانو مـاڵی دنیـاوە مـەدەن، بەهـەمان شـێوەی کـە دەبێـت بەتـەنگ باشـترینو گونجاوترین شێوەی رۆحتانەوە بێن".

سوکرات بەناوبانگ بووە، وەك زینۆفۆنو ئەفلاتوون پێمان دەڵێـن، بـەوەی کـە پیـاوێکی ئیزعـاج بـووە، چونکـی لەهـەر شوێنێکدا بووبێت بەمیتۆدی سوکراتی پرسیاری لەخەڵك کردووە. میتۆدی سوکراتی چیـە؟ گرنگـە ئاماژدەیـەك بـەم میتـۆدە بدەین چونکە ئەمە ئەو میتۆدەیە کە (رۆشنبیرەکان) خاوەنی نین. میتۆدی سوکراتی (بەیۆنانی Elenchos) واتە لێکۆڵینەوەو جەدەلێکی سیستماتیکیو تاقی کردنەوەی ئەرگیومێنتی یـەکتر (Elencos). بونیـادی موجادەلـە کـردن (Elencos) سـادەیە: سوکرات پرسیار دەکا Interlocutors بەرانبـەرەکان، یـا هـاو دایەلۆگـەکان وەڵامێـك دەدەنـەوە بـە پرسـیارەکەی ئـەو ئینجـا سوکرات دوای پرسیارکردنی تر دەیانگەیەنێتە ئەو قەناعەتــەی کـە زۆر دوورن لـەو شـتەوە کـە باوەڕیـان پێیـەتی. سـوکرات هەمیشە سورە لەسەر ئەوەی کە خۆی هیچ وەڵامێك نازانێ بۆ پرسیارەکانی کە دەیانکا، هەر ئەوەندە دەزانێ کەئەم نازانێ. ئەم وەزعی لەخەڵکی دی چاکترە نەك لەبەر ئەوەی زۆر تر دەزانـێ بـەڵکو ئـازاد تـرە لەخـەڵکانی دی، ئـازادە لەتێگەیشـتنی هەڵەی مەعریفەدا (22.el- 5 ) لەعوزر خواییدا پێشنیاری ئەوەدەکا کە دەرگیر بوون لەگـەڵ ئـەم میتـۆدا بریتی‌یـە لەشـێوازێك بەرەو ریفۆرم کردنی ئەخلاقی. ئەو بانگەشە بۆ تاقی کردنەوەی ژیان دەکا لەرێگای ئەم میتۆدەوە کە یەکێك لەداواکاریـەکان موجادەلەکردنە سەبارەت بە فەزیلەتو ژیـانی مـەدەنی لەشـاردا، ئـەو پێشـنیاری ئـەوە دەکـا کـە لـەرێگای ئـەو میتـۆدەوە (موجادەلە کردن) خەڵکی هان دەدا بەتەنگ فەزیلەتو رۆحـی خۆیانـەوەبێن. پرنسـیپی سـوکراتی ئەمەیـە: ئینسـان دەبێـت بۆخۆی ئامانجو مانا بۆ کردەوەکانی بدۆزێتەوەو ئامانجیش بۆ جیـهان دەبێـت بـە حەقیقـەت بگـات لـە نـاو خۆیـدا. میتـۆدی سوکراتی، موجادەلە کردن، بەرمەبنای ئەرگومێنتو تاقی کردنەوەی ئەرگومێنتەکان، دوو خاسیەتی سەرەکی هەیە:ـ **یەکەم:** دەیەوێت خەڵکی سادە هان بدات، ڕایانبکێشێت بەرەو بیرکردنەوە لە ئەرکەکانیان لەڕێگای بەشـداری کردنیانـەوە لـەگوتاردا discourse، **دووەم:** ئـەم میتـۆدە خـەڵکی لەکـەیسو نمونـە دیاریکراوەکانـەوە دەبـا بـەرو بیرکردنـەوە لەگـەر دونیـەکان (Theuniversa). میتۆدی سوکراتی، موجادەلـە، لـەدوو چرکەسـات پێـك هـاتووە: موفارەقـە (Irony)و مامـانی (Midwifery)، موفارەقە رێگایە کە بۆ قسەکردن یا نووسین کـە مەبەسـت لێـی دیـاریکردنی ئـەو شـتەی کەقسـەی لەسـەر نـەرکراوە یـاخود نەنوسراوە، ئاماژدەکردنەو بەو شتەی کە بێدەنگە، بێدەنگـی هەیـە بەرانبـەریو پشـت گـوێ خـراوە، گوتمـان عـوزر خوایـی تێکستێکە نمونەی ئایرۆنی. لەم تێکستەدا ئایرۆنی سوکراتی وەزیفەی ئەوە دەبینێت کە لەناو ئەوی دیکەدا پێویستی بوونی بیرکردنەوە زیندو بکاتەوە، پێویستی بوونی ئەوەی کە دەبێت بزانێت، پرسیارکردن لەو ئایدیایانـەی کـە قبـوڵ کـراون بـەبێ پرسیارو مجادەلە، تا ئەوانی دیکە وادارایکا کەژیان تاقی بکەنەوە. مامانیش، لەو میتۆدەدا واتە هێنانی فیکر بۆ ناو جیهان یا لەڕێگای دەست پێکردنەوە لە کۆنکرێتەوە، لەهۆشیاریەکی بیر لێنەکراوەوە تاکو گەردوونایەتی چەمك بەرهەم بـهێنی یـاخود لەچەمکەوە دەست پێدەکا تاکو هۆشیاری تـاقی کـراوەو بـیر لێکـراوە بەرهـەم بـهێنێ. کەواتـە دەبێتـە مایـەی سـەرهەڵدانی پێویستی بوونی بیرکردنەوە، Reflection بڵاودەکاتەوە. پرۆژەکە سوکرات بریتی‌یە لەهێنانی هەموو شـتێك بـۆ ژێـر پرسـیار، هەر ئەمەشە کەوا دەکا لە دیدی شارەوە Polis دەبێت بە مەرگ مەحکوم بکردرێت وەك (دوژمنێکی موتڵەق).

# سۆفستائی

بۆ ئەوەی لە سۆفستائی، یا سۆفستائیەکان قسە بکەین دەبێت لە کۆمەڵێ دایەلۆگی ئەفلاتوون قسە بکەین، لەوانە (کۆمار) (پرۆتۆگۆراس) (گۆرگیاس) (سۆفستائی) (یاساکان) ..چەند دایەلۆگێکی دیکەش، دیارە مەبەستی ئێمە لێرەدا قسەکردن نیە نە لەسەر ئەفلاتوونو نە سۆفستائیەکان بەڵکو سەرگەرمی بیناکردنی ئەرگومێنتێکین لەسەر رۆشنبیران کە ئێمە بە سۆفستائیە هاو چەرخەکان لەقەڵەمیان دەدەین. هەر خودی ئەم پرۆژە فیکرییە بواری تایبەتی پێویستە کەبێ گومان ئێمە لەداهاتوودا دەگەڕێینەوە سەری. لێرەدا چاو خشاندنێکی خێرا چاو دەخشێنین بەدایەلۆگی (سۆ فستائی)و دایەلۆگی (گۆرگیاس)داو دواجار لەبەر رۆشنایی ئەم ئەرگومێنتەدا لەرۆشنبیرانو بە تایبەت لە رۆشنبیری کوردی دەدوێین.

دەیهێنینەوە یادتان کە لەسەرەتای کتێبی حەوتەمدا لە (کۆمار) دەربارەی "عەدالەت"دا سوکرات وێنەیەك دەربارەی سروشتی ئینسانو پێویستی بوونی پەروەردە دەکێشێ لەڕێگای ئەفسانە یا ئەنالۆجییەو، لەرێگای وێنەی ئەشکەوتەوە. سوکرات وەزعی ئێمە دەشوبهێنێ بەوەزعی ئەو زیندانیانەی ناو ئەشکەوتەکە کە زنجیر لەدەستو قاچیان دایە وتەنیا تارمایی شتەکان لەسەر دیواری ئەشکەوت دەبینن کە رەنگدانەوەی رووناکییەکە لەپشتیانەوەیە. ئێمە چواردەورمان گیراوە بە تاریکی وتەنیا رێگایەك شك بەرین بۆ ناوزاتی خۆمانو جیهان بریتییە لە چاودێری کردنو سەرنجدانی سێبەری سەر دیواری ئەشکەوتەکە. لەگەڵ ئەوەشدا کە چوار دەورمان بەتاریکی گیراوە، مەنفەزێکی روناکیش هەیە، هەر ئەمەشە کەوادەکا هەندێك بتوانن لە ئەشکەوتەکە بچنە دەرەوە. کەواتە ژیانی ئێمە پێك هاتووە لە دوو ئەگەر، ئەگەری تاریکیو ئەگەری شکۆمەندیو رووناکی، (بە پێچەوانەی رۆشنگەری مۆدێرنەوە کە باوەڕی وابوو دەشێ رووناکی بهێنرێتە ناو ئەشکەوتی پڕ لەجەهلو تاریکییەوە. سوکرات قسە لە دەرباز بوون دەکا لەو ئەشکەوتەو رێنومایی کردنی ژمارەیەك بەرەو ئەو رووناکییە، چونکی روناك کردنەوەی هەموو ئەشکەوتەکە وەك رۆشنگەری Enlightnment?? ئیدعای دەکرد خۆی لە خۆیدا مەحاڵە چونکی بەشێك لە ئێمە ئارەزوو تاسەی سێبەرو تاریکی دەکا، ئەمە جگە لەوەی کە هەندێك لە ئێمە لەزەت لەجەهل دەبینێ، لێرەوە ئەو روناکییە دەشێوێنرێ. تاکە سەرچاوەی رزگاری بریتییە لەنائومێدی لە ئەشکەوت، گەر نائومێدنەبین لە ئەشکەوتەکەو قەلەق نەبین بەرانبەر بە هەلومەرجی ئینسانیمان لە نێو ئەشکەوتەکەدا رزگاری مەحاڵە).

ئەفسانەی ئەشکەوت لە (کۆمار)دا تەنیا وێناکردنی ئاستە جیاوازەکانی بوونو مەعریفە نیە، بەڵکو وێناکردنی دوو رێگاو بزوتنەوەی ژیانیشە، بەرز بوونەوە بۆ بوونو رۆچونیش بۆ عەدەم. دەشێ ئەم بەرز بوونەوەیە هاوشێوە بکەین لەگەڵ فەلسەفەداو ئەو رۆچونەش لەگەڵ سەفسەتە (Sophistry) ئەفلاتوون هەر لەدوای ئاماژدە کردن بەم ئەنالۆژیە دەست دەکاتە قسەکردن لەسەر Sophistryو پەروەردەی سۆفستائی. سۆفستائی قوتابخانەیەك نیە، (Sect)یك نیە یاخود کۆمەڵێك بیرو بۆچوون. ناشێ ریفۆرم بکردرێت یان راست بکردرێتەوە لە رێگای جێ گرتنەوەی کۆمەڵێ بیرو بۆ چوونی هەڵە بەبیرو بۆ چوونی راستو باڵاترو رەواتر، بەڵکو تەنیا بەجێگرتنەوەی (ڕا) Opinion لە لایەن مەعریفەوە دەشێ سەفسەتە Sophistry راست بکردرێتەوە. سۆفستائی شێواندنی ئەم یا ئەو فەلسەفە نیە بەڵکو شێواندنی خودی فەلسەفەیە. چوونە دەرەوە لە ئەشکەوت واتە بوون بە فەیلەسوف، رۆچوونە ناو ئەشکەوت واتە بوون بە سۆفستائی. گرنگە سەرەنجی ئەوە بدەین کەنە چوونە دەرەوەیەکی ئەبەدی هەیەو نە رۆچونێکی ئەبەدی، نە رزگار بوونێك هەیە بۆ ئەبەد، نە رۆچوونە ناو تاریکی یەك هەیە بۆ ئەبەد، لەهەموو چرکە ساتێکدا فەیلەسوف ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتەوە بە سۆفستائی، واتە بگەڕێتەوە ناو تاریکیو دیلی (ڕا) بێت. نەك ئەمە بەتەنیا بەڵکو سۆفستائی بوون ئەگەرێکی هەموومانە. سۆفستائی ئینسانێك، یا گروپێك نین، هەمووەمان سۆفستائین، بەڵام کۆمەڵێك هەن بەو ناوەوە کە مامۆستا گەورەکانن کەسانی وەکو Pericles، پرۆتۆگۆراسو

گۆرگیاس و کالیکلیس، ئەمانە نمونەی ئەو سۆفستائیەن کە لە رۆحی هەموماندا هەیە. لەلایەکی دیکەشەوە فەیلەسوف دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ناو ئەشکەوت تاکو دەستی زیندانیەکانی دی بگرێت هەر ئەوەشە ئەرکی فەلسەفی و سیاسیانەی فەیلەسوف و فەلسەفە. هەرچی پەیوەندی بە سۆفستائییەوە هەیە، ئەو ناشێ بەتەواوی لەمەعریفە بێ بەش بێت، بەڵام بەشێوەی گشتی دەست بە (Opinions)، ڕاکانەوە دەگرێ و کێشەکە لەوەدایە کە لەگەڵ (حەقیقەت)دا تێکەڵیان دەکا. هەرچەندە لە قولایی تاریکی دایە بەڵام واهەست دەکا لەبەردەم روناکی دایە لێرەوە هیچ بەپێویستی نازانێ تەکانێ بەخۆی بدات، لێرەشەوە نەقەلەقە دەبارەی وەزعی خۆی و نەبەرانبەر بەهاو ئەشکەوتەکانی، بگرە ئاسودەیەو لەو باوەڕەدایە کە شپرزە نیەو بگرە بەفەیلەسوف پێدەکەنێ کە لەهات و چۆدایە لەنێوان ئەشکەوت و دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا، دنیای تاریکی و دنیای راستەقینەی روناکی، دنیای (ڕا)و دنیای (مەعریفە یا حیکمەت). لە دایەلۆگی سۆفستائیدا دەخوێنینەوە کە:

**میوان**: سوفستائی بەرەو تاریکی هەڵدێ، تاریکی ئەو شتەی کەنیە، کە ئەو ممارەسەی هەیە لەمامەڵە کردنیدا لەتەك ئەوشتەدا، هەروەها زۆر سەختە کە ببینێ لەبەرئەوەی شوێنەکە زۆر تاریکە، ئایا ئەمە راست نیە؟

**سیتیتۆس**: وا دەر دەکەوێ.

**میوان**: بەڵام فەیلەسوف هەمیشە عەقڵ بەکار دەهێنێ تاکو نزیك بێت لە ئایدیاوە (شێوەوە)، لە بوونەوە، ئەویش زۆر سەختە ببینێ چونکی ناوچەکە زۆر روناك و پرشنگدارەو چاوانی رۆحی زۆربەی خەڵك ناتوانن راستەو خۆ سەیری ئەو شتە بکەن کە ئیلاهییە[٣٧].

سۆفستائی مادامێك لەو شوێنەی خۆیدا دەمێنێتەوە کە یەکەمجار لێوەی دەستی پێکردووە، توشی قەلەقی نابێت، نەك ئەوەندە بەڵکو قەلەقی لای ئەو شوێنی مەسخەرەیە. سۆفستائی لەلایەن ئەو ئایدیاو راو بۆ چونانەوە حوکم دەکرێت کە دروست کراوی ئینسانن، ئەویش بەدەوری خۆی لەناو خەڵکی دیکەدا دەیانچێنێت. لێرەوە سۆفستائی ئینسانێکی لەلایەن ئینسانەوە دروست کراوە Man – Made - Mam. سۆفستائی کێیە؟ لەبەشەکانی 235 – 216 دا چەند خاسیەتێکی دیاری سۆفستائی بەدەر دەکەون، ئەمە لەدایەلۆگی (سۆفستائی)دا لەوانە:– راوکەری گەنجەکان بۆ پراکتیك کردنی دەسەڵات بە سەریاندا چونکی گەنجەکان تێ ناگەن، وەك کەسێکە بازرگانێکی شتومەکی رۆشنبیری لەم شار دەچێ بۆ ئەو شاری دی، لەم قوتابخانە بۆ ئەوی دی بۆ فرۆشتنی زانیاری (لەبیرمان بێت Information، زانیاری، جیاوازە لەمەعریفە Knowledge، و هەروەها لەبیرمان بێت کە ئەم سەردەمەی ئێمە پێی دەگوترێت سەردەمی (Information)و فرۆشتنی تیۆریەکان، وەك بازرگانێکی محەلی دەتوانی بەرووبومی رۆشنبیری خۆی بەرهەم بهێنێ. کەواتە سۆفستائی ئەو کەسەیە کە شتێك دروست دەکا بەڵام چی دروست دەکا؟ رەوانبێژی، کە دواجار لە دایەلۆگی گۆرگیاسدا سوکرات ئەوە دەسەلمێنێ کە رەوانبێژی هونەر نیە بەڵکو مەهارەتە Skill ئەوەی پێی دەڵێن Knack. گەر سۆفستائی شانسی هەبێت بازاڕێك بۆ ئەم شت و مەکە پەیدابکا ئەوا، کە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا بازاڕی گەرمە، سەرقاڵی فرۆشتنی ئەم کاڵایە دەبێت. مەهارەتی سۆفستائی لەدیبەیت کردندا ( Debate) (گفتوگۆ کردن)، و شارەزاییان لەلۆژیکداو بوونی توانای داکۆکی کردن لە گوزارەیەك و هێرش کردنە سەر گوزارەیەکی دی بێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە ئەو گوزارەیە راستە یا هەڵە، ئەمانە هەر هەموو ئەو خاسیەتانەن کە سۆفستائییان پێ دەناسرێتەوە. سۆفستائی مامۆستایەو چاو لەوە دەبڕێت کە خەڵکی فێر بکاو رای خەڵکی بگۆڕێ لەرێگای رەوانبێژی یەوە، چۆنیەتی گفتوگۆ کردنەوە، بەڵام ئایا وەك مامۆستایەك توانای جیاکردنەوەی را دروستەکانی هەیە لە ڕا نادروستەکان؟ گەر ئەم توانایەی هەبوایەو یاخود بیری لەمە کردبایەتەوە ئەوا دەبوونە فەیلەسوف، فەیلەسوف ئەو کەسەیە کە خەڵکی لەرای خراپ پاك دەکاتەوەو دەستیان دەگرێ بەرەو مەعریفە، دەستیان دەگرێ بەرەو پاك کردنەوە لە جەهلێکی خۆنەویست. کێشەکە لەوەدایە کە سۆفستائی وەکو مامۆستایەکی خەڵکی ئەوەی کە بە هەڵەی دەزانێ راستە، ئەوەش کە بەراستی دەزانێ هەڵەیە، لەم حاڵەتەدا هەروەك فەیلەسوف مامەڵە دەکا لەوەدا کە رۆحی خەڵکی پاك

دەكاتەوە،بەڵام رۆحی خەڵكی پاك دەكاتەوە لە ئاساری حەقیقەت، ئەو رۆحەی سۆفستائی دەستی بگاتێ ئاسەواری حەقیقەتی تێدا نامێنێت. سۆفستائیەت دەربارەی بابەتێكی تایبەتی نیە بەڵكو مامەڵە كردنە لەگەڵ شتە ئیلاهیی‌یەكانو شتە دنیایی یەكانو جیهانی ئینساندا، هەروەك ئەرستۆ دەڵێت (سۆفستائی هەروەك فەیلەسوف لە هەمووشت قسەدەكا[٣٨])، پرسیارەكە ئەمەیە كە چۆن ئینسانێك دەتوانێ لە هەمووشت قسەبكاو لە هەموو شت بزانێ؟ بۆ سۆفستائی ئەوا زۆر ئاسانە چونكی مەعریفەی سۆ فستائی بریتی‌یە لە (Opinionative Knowledge مەعریفەی عەقیدەیی)، مەعریفەی عەقیدەی فاكتەری داڕشتن Constructive لە خۆ دەگرێ. كاتێك شتێك دەزانرێ بەنیوە ناچڵی ئەوا ئێمە دەبێت وێنە دابڕێژین، گریمانكاریەكان دابڕێژین دەربارەی ئەو شتانەی نایانزانین، ئەم مەعریفە زاتێتی‌یە (خودێتی‌یە) بریتی‌یە لە عەقیدەیی. مەهارەتی سۆفستائی وا لەداڕشتندا، سۆفستائی داڕێژەری ڕای خودێتی‌یە Subjective Opinion كە تەنیا لە حەقیقەت دەچێ، حەقیقەت نیە، ئەو عارف نیە (Knower) چونكی عارف هیچ دانارێژێ، بەڵكو عارف بەتەواوی خۆی دەبەخشێتە ئەركی راوكردنی ئەو شتەی كە هەیە. سۆفستائی دروستكەری شتە، واتە لاسایی كردنەوەی بوون، دروست كردنی وێنەو پێر سپێكتڤ (نیچەو نیچەوی‌یەكانی وەكو فۆكوو دریداو دولوز هەمیشە پێیان لەسەر ئەوە داگرتوە كەئەوەی هەیە تەنیا پێرسپێكتیڤە كەدواجار باسی لێوە دەكەین). فەلسەفە تاكە هۆكارێكە بۆ گەیشتن بەمەعریفەیەكی دروست دەربارەی سروشتی بوون، فەلسەفە تاكە هۆكارێكە لێوەی ئێمە بتوانین ئازاد بین لەرێژەگەرایی هەستەكان. سوفستائی رێگا دەدا كەگوتارەكەی لەلایەن زاتیەتەوە دیاری بكردرێت، لەلایەن ئەو كەموكوڕیانەی زاتیەتەوە، كەموكوڕیەكانی هەستەكان، لێرەوە مەكتەبەكان پڕدەكا لەتیۆری كەهەرهەمووی داڕێژراون، كێشەكە لەوەدایە بەم شێوەیە بەربەست دروست دەكا لەبەردەم رێگای حەقیقیدا بۆ تێگەیشتن، رێگای حەقیقەت بەو وەهمانە دەبەستێت لەبەردەم خەڵكیدا. سۆفستائی دروست كەری وێنە خراپو تەڵخەكانە سەبارەت بەواقیع، سەبارەت بە بوون. لای ئەفلاتوون نا ئومێدترینو بەدترین جەهل بریتی‌یە لەجەهلێكی خۆنەویست، جەهلی كەسێك كە نازانێ بەڵام لەو باوەڕەدایە كە دەزانێ (Soph 229 cl - 10)، بەڵام لەناو جۆری جەهلەكاندا جەهلی سۆفستائی جەهلێكی ترسناكە، لێرەوە تەوەقعی ئەوە دەكرێ كە سوكرات جەهلی سۆفستائیەكان بداتە پاڵ جەهلی خۆنەویست (Involuntary Ignorance)، بەڵام وەك هەمیشە توشی تەعەجوبمان دەكا بەوەی كە بەم كارە هەڵناستێ. جەهلی سۆفستائی جەهلێكی پاسیڤ Passive نیە بەرێكەوت تێی كەوتبێتو رەنگە ئومێدی ئەوەش هەبێت لەرێگای مجادەلەوە رزگار بكردرێت، كە ئومێدی هەموومانە رزگار بكردرێین لە جەهل. نا ، بەڵكو جەهلی سۆفستائی جەهلێكی چالاكە Active، كەڵكەڵەیەكە بەرەو جەهلێك كە شوێنی پێزانینەو شاراوە نیە، ئەم سەرلێشواویو تێكدانە خۆرسك نیە، جەهلی سۆفستائی جەهلێكە كە خودی سۆفستائی لێی بەرپرسیارە، تەنیا ئەوكاتە راست دەكرێتەوە كە وەك ئەفلاتوون لەكۆماردا دەڵێت (وەرچەرخاندنی هەموو رۆح، وەرچەرخاندنێكی تەواو). (Rpp 518. 7 - 8)، تاكو بەرزوێ بەرەو ئاراستەیەكی دی. رۆحی سۆفستائی لە جوڵەدایە، بەڵام لەباتی ئەوەی لەراو بۆ چوون دوور بكەوێتەوە رووبكاتە حەقیقەت، دەجوڵێو لەحەقیقەت دور دەكەوێتەوە، قیبلەی ئەم جەهلە. لێرەوە سۆفستائی زۆر ترسناكترە لە جاهیلێكی سادە كە لەو باوەڕەدایە زۆر شت دەزانێو هیچ نازانێ.
لەوكاتەدا كە فەیلەسوف بەگومانە لەراو بۆچوونی خودێتی Subjective و متەوازعە لەبەردەم حەقیقەتدا، ئا لەوكاتەدا سۆفستائی لەهەموو راستی‌یەك بەگومانەوە لە بەردەم راوبۆچوندا مل كەچە. میتۆدی سوكراتی پاكمان دەكاتەوە لەڕاو بۆچوونو بەرەو حەقیقەت دەستمان دەگرێ، سۆفستائیش، رەوانبێژی سۆفستائی، واتە سەفسەتە، لەواقیعەوە، لەحەقیقەتەوە دوورمان دەخاتەوەو دەعوەتمان دەكا بۆ سەر خوانی (ڕا) Opinion. فەلسەفە هەنگاو نانە لەجەهلەوە، لەڕاوە بۆ مەعریفە، بۆ حەقیقەت، سۆفستائیەتیش هەنگاونانە بەرەو جەهل وەدور كەوتنەوە لەحەقیقەت، سۆفستائی هەڵنەخەڵەتاوە لەلایەن نەفامی یا نەزانی خۆیەوە، بەڵكو كارخانەیەكە جەهل دروست دەكاو جەهل بەحوسنو رەزایی خۆی پەخش دەكاتەوە لێرەوە جەهلی سۆفستائی كوشندەیەو شار كاول دەكاو هەر بۆیەشە ئەركی فەیلەسوفە كە جڤات لە

سۆفستائیەکان ئاگادار بکاتەوە، بەڵام چۆن ئەم کارە دەکا لەکاتێکدا کە سۆفستائیەکان نزیکترن بەرۆجی جڤاتو رۆحی جڤات زۆرتر عاشقی سەفسەتەو سۆفستائیەکانەو لەجەهلی سوفستائی خۆشی دێ، و بێزارە لە حەقیقەتو لەفەلسەفە؟ ئەمەش مەرگەساتی بەشەریەتە هەر لەسەر هەڵدانی فەلسەفەوە تا ئەمڕۆ. سۆفستائیەکان حوکم دەکەنو فەیلەسوفەکانیش وان لەپەراوێزدا گەر بەسەر سێ دارەکانەوە نەبن. ئەوکاتە کارەساتی گەورە دەست پێدەکا، وەکو ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین، کە سۆفستائیەکان هەموو دامو دەستگا مەعریفیەکان بگرنە دەستو سۆفستائی بوون عادی ترین شت بێتو لەمەش کارەسات تر ئەوەیە کەبەناوی فەلسەفەو فیکرو مەعریفەوە قسان بکەن وەکو ئەوەی دەیبینین. ئێستا لەدوای زانینی ئەم حەقیقەتەوە لەو قسە گرنگەی کیرکجارد دەگەین کە لەسەدەی نۆزە دا گوتی (بەشەریەت پێویستی نەبە شۆرشو نە بەریفۆرم نیە بەڵکو پێویستی بە سوکراتێکە).

با ئاماژدەیەك بە دایە لۆگی گۆرگیاس بدەین، مەسەلەی سەرەکی کە کۆمەڵێ پرسیاری دەربارە دەخرێتە ڕوو لەگۆرگیاسدا بریتییە لە پەردە هەڵمانین لەسەر نە گونجاندنیو ناتەبایی عەقلیانەو نامەسئولیەتی سیاسیو ئینسانیانەی پراکتیك کردنی ریتۆریك یا رەوانبێژی سۆفستائیانە، کە گورگیاس نوێنەرایەتی دەکا. هەر لەم غەمەوەیە کە مەسەلەکانی دی مامەڵەیان لەتەکدا دەکرێو دایەلۆگەکەش ستراکچەری خۆی وەر دەگرێ.

# گۆرگیاس Gorgias

مەسـەلەی سـەرەکی کـە کۆمـەڵێ پرسـیار دەربـارەی تـەرح دەکـرێ لەگۆرگیاسـدا بریتـیـە لەپەردەهـەڵماڵین لەسـەر نەگونجاندنو ناتەبایی عەقڵیانەو نامەسئولیەتی سیاسیو ئینسانیانەی پراکتیك کردنی ریتۆریك یان رەوانبێژی سۆفسـتائیانە کـە گۆرگیـاس نوێنەرایـەتی دەکـا. هـەر لـەم غەمەوەیـە کـە مەسـەلەکانی دیـی مامەڵـەیان لەگـەڵدا دەکـرێو دایەلۆگەکـەش ستراکچەری خۆی وەردەگرێ.

لەرێگای پرسیارو وەڵامەوە سوکرات لەگۆرگیاسەوە وەڵامێکـی سـەرەتایی دەر دەهێنـێ کـە (هەریـەكو هـەموو هونـەرێك Techne بریتـیـە لە جۆرێك لە ووتار یاقسەکردن کەمامەڵە لەگەڵ بابەتی ئەو هونەرە دەکات) بەڵام گۆرگیاس بەرگری دەکات لەوەی کە هەموو هونەرەکان زانستەکان بە Rhetorical یا راونبێژی بوون لەقەڵـەم بـدا، بەهانەکەشـی ئەوەیـە کـە (سـەرجەم پراکتیك کردنی ڕەوانبێژیو ئەو دەستەڵاتەش کە دەیبەخشێت، لەووتارەوە دێتو تەنیا لەووتارە، کاریگەریەکەشی لەشتێکی زیادەوە یا عەمەلیاتی دەستـیـەوە نایەت وەك ئەوەی لەبواری پزیشکدا دەیبینین، یـاخود کەشـتیەوانی یـا هـەر پیشـەیەکی دی. سوکرات وەڵام دەداتەوە بەوەی کە بیری گۆرگیاس بیهێنێتەوە کە هونەری تر هەن کە پێویستیان بـەووتار هەیـە زیـاتر لەهەر شتێکی دی بۆ مومارەسەرکردنی بوارەکەیان. سوکرات کارێك دەکات کە گۆرگیاس لەگەڵیدا هاوڕابێت لـەوەدا کـە وەك مومارەسە ڕەوانبێـژی لـەدواجاردا ووتارێکـە لـەنێو ووتارەکـاندا کەپشـت بـە Skill، مـەهارەت، دەبەسـتێت، ئـەوەش دەرگـا دەخاتە سەر پشت بۆ سوکرات کە لەگۆرگیاس داوا بکا کە بەئاشکرایی ئەوە روون بکاتەوە کە ئەو بابەتـە چیـە کـە هونـەری پشت بەستو بەووتار، واتە رەوان بێژی، جیادەکاتەوە لەهونەرەکانی دیو زانستەکانی دی؟

گۆرگیاس وەڵام دەداتەوە کە ئەو شتە "بریتـیـە لەمەزنترین کاروبارەکانی ئینسانو بەبەهاترینیان" (گۆرگیاس C 451). بەڵام مادامێك ئەم وەڵامە زۆر ئاڵۆزە، گۆرگیاس ناچـار دەبێـت کـەبڵێ (بابـەتی رەوانبێـژی بریتـیـە لـە رازی کـردن، بوونـی قودرەتی ئیقناع، بەکارهێنانی ئەم هونـەرە بـۆ ئامـاجی شەخسـیو ئینجـا لـە رێگـای ووتـارەوە، بۆ بـەکار هێنـانی لەلایـەن ئەوانەوە کە دەستەڵاتی سیاسیان هەیە، هەروەها بۆ ئیقناع کردنی زۆربە، یاکۆمەڵانی خەڵك لەشاردا ...

سوکرات خۆشحاڵ دەبێت بەم وەڵامە، بەڵام گۆرگیـاس وەك پێویسـت مەبەسـتەکەی هێشـتا روون نەکردۆتـەوە، چونکـی چالاکی تر هەن وەکو دەرس گوتنەوە، کە پشت بە ئیقناع دەبەستن. سوکرات سورە لەسەر ئەوەی کە بزانێ کەڕەوانبێژی چ جۆرە ئیقناعێکە، ئەو شتە چیە کە ئەم هونەرە هەوڵ دەدا ئیقناعمان بکـا بـۆی لـەدواجاردا گۆرگیـاس لەبەشـەکانی (- 454 458)دا مەبەسـتەکەی خۆیمـان بـۆ روون دەکاتـەوە. مەبەسـتی ئـەو لـەئیقناع، ئیقنـاع کردنـە بـۆ بـاوەڕ هێنـان. ئیقنـاع لەئەنجومەنو دادگادا، مەبەستی ئەو لەڕازی کردن، ئیقناع کردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵك To Plethos جەماوەر Ho Ochlos، زیاتر لە پسپۆڕانی بابەتێ لەبابەتەکان. بەڵام ئەم وەڵامە بەرئەنجامی پارادۆکسی هەیەو سوکرات ئیزعـاج دەکـا ئـەوەش کـە رەوانبێژ وەسائیلی ئیقناع دادەهێنێ کەوا نیشان بدا لەبەرانبەر ئەوانەدا کە هەروەك ئەو جاهلن یا بێ ئاگان، کە ئەم زۆر لەو بابەتانە دەزانێ. سوکرات گۆرگیاس ناچار دەکا کە باوەڕ بەوەبهێنێ کە (ئەو کەسەی کە دەیەوێ ببێتە رەوانبێـژ) پێویسـتە ئەوە بزانێ کە عەدالـەت چیـەو ناعەدالـەتی چیـە، بـەڵام هێشـتا ئـەم وەڵامـە شـوێنی قبـوڵ کـردن نیـە چونکـی لەسـەرئەوە رێدەکەون کە گەر ڕەوانبێژ عادل بێت، ئەوا ڕەوانبێژ هەرگیز کاری ناعەدالەتی ناکا. بەڵام ئەم قسـەیە دژایـەتی هەیـە لەگـەڵ بۆچونێکی تری گۆرگیاس خۆیدا کە پێشتر خستونیەتەڕوو ئەویش رەوانبێژ دەتوانێ لەگەڵ بەرئەنجامی ترسناکدا هـەڵبکات، دەتوانرێ کە ڕەوانبێژی بەناعەدالەتی بەکار بهێندرێت.

لەئەسینادا قسەکەری بەتوانا لەئەنجومەنەکانداو لە دادگاکاندا دەتوانین بڵێین کە دەسەڵاتی ژیانو مەرگیان هەبووە بەسەر خەڵکانی دیکەدا. لێرەوە خراپ بەکار هێنانی دەسەڵاتی ڕاونبێژی واقعێک بووە کە شوێنی سلّ کردنەوە. کەواتە ئەوەی لەم دایەلۆگەدا ڕوودەدا لەڕووی لۆژیکو درامییەوە ئاراستەی ئەو کێشەیە کراوەتەوە. لەڕووی تیۆریەوە گۆرگیاس نەیدەویست کە ئیعتراف بکات کە مەشق کردنی رەوانبێژیو گوتنەوەی وانەی رەوانبێژی کە ئەو دەیگوتەوە دەشێ ناعەدالەتی بێت یا بەناعەدالەتی بشکێتەوە، کالیکلیس تصدیقی ئەمە دەکا.

لەم خاڵەدا پۆلۆسی گەنج بەبێ ئەدەبیەوە قسە بەسوکرات دەبڕێو تاکو داکۆکی لەگۆرگیاس بکاو ڕازی دەبێت دوای تیز پێکردنەوە لەلایەن سوکراتەوە کە دیالێکتیک بکا لەجیاتی گۆرگیاسو وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە. پۆلۆس پرسیار لەسوکرات دەکا کەبەڕای ئەو (سوکرات) رەوانبێژی چیە؟ سوکرات یەکسەرو راستەو خۆ وەڵام ناداتەوە. سوکرات ئیقتباسێك لەخودی بۆچوونی پۆلۆس دەکاو دەڵێ (بریتیە لەبناغەی هونەر یا زانست). پۆلۆس لەڕۆڵی خۆیدا وەکو پرسیارێك، هەڵەیەك دەکاو ئەم پرسیارە تەرح دەکا (باشە، ئایا تۆ واسەیری رەوانبێژی دەکەیت کە شتێك بێت باشو چاك مادامێك خەڵك خۆشحاڵ دەکا؟).

ئەمەش ئەو فرسەتە دەدات بە سوکرات کەپێشنیازی ئەوە بکات کە بڵێ (هەبوونی توانایە بۆ بەرهەم هێنانی قەناعەت تێر بوون) لێرەوە پۆلۆس دەڵێ کەواتە Cookery هونەری چێشت لێنانو رەوانبێژی وەك یەکن؟ سوکرات دەڵێ، نەء، بەڵکو دوو بەشن لەهەمان پراکتیك، مومارەسە. ئەم پراکتیکە چیە؟ سوکرات یەکسەر وەلام ناداتەوە، چونکی گۆرگیاس مامۆستای رەوانبێژییەو سوکرات نایەوێت یەکسەر بە بۆچوونی خۆی تیزی پێبکا. وادەر دەکەوێ لەم چرکەساتەی دایەلۆگەکەدا کە سوکرات ڕای وایە: رەوانبێژی هونەرێکی چاك نیە. بەڵام دوای ئەوەی گۆرگیاس سوور دەبێت سوکرات دەڵێ (رەوانبێژی بریتیە لە بەموزەیەف کردنی بەشێك لەسیاسەت) بەڵام گۆرگیاس تێناگا لەبەر ئەوە سوکرات جۆرە بۆچونێك پیادە دەکا کە بەپێی ئەوە چاکەی دەروونو چلۆنایەتی ژیان هەمی سیاسەتە لەبەرانبەر Gymnastic و پزیشکی کە بەپلەی یەك غەمی جەستە بخۆن، سیاسەت وەکو هونەری ژیان. بەڵام سیاسەت وەکو هونەری ژیان دووبەشی هەیە: تشریع Legislation و ئیدارەکرن (واتە چەسپاندنی عەدالەت) کە بەرانبەر هەر دووبەشی مەشق کردنو چارەسەر کردن دەوەستنەوە لە هونەر یا زانستی جەستەدا. جارێکی دی سوکرات دەست دەکاتەوە بە پرسیار لەگۆرگیاس، گەر پرسیارو وەڵامی یەکەم بۆ رزگار بوون بووبێت لەدەست شەڕی ڕای هەڵە، ئەوا لێرە بە دواوە بۆ نیشاندانی ئەو راستییەیە کە ڕەوانبێژی سۆفستائی زانست یا هونەرێکی موزەیەفە. هەروەك هونەری طبخ، پراکتیك کردنی رەوانبێژی شێوەیەکە لە Flattery تەمەلق کە ناتوانێ حسابێکی عەقڵانی دەربارەی خۆی بدا بەدەستەوە.

ئەو کاتەش کە چ گۆرگیاسو چ پۆلۆس رەفزی ئەوە دەکەن کە قسە بکەن سوکرات خۆی گوتارێکی شرح کەرانەی دوورو درێژ دەخاتە ڕوو.

ئەو موجادەلەیەی کە لەدواجاردا دەبێتە بێ دەنگ کردنی پۆلۆس نیشانە لەم خاڵە دەگرێتەوە کەبڵێ رەوانبێژی بەکار نایەت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی نا عەدالەتی. پۆلۆس تەئکید لەسەر ئەوە دەکا کە چاکترە خراپە بکەی نەك ببیتە قوربانی خراپە، چاکترە کە لەدەست سزای خراپە نواندن هەڵبێی وەك لەوەی کە بەدەست عەدالەتەوە ئازار بچێژی. سوکرات پێشنیارێکی عەجیب دەخاتەڕوو: کەسی چاك کەسێکی بەختەوەرە، لەکاتێکدا کە کەسێك کە خراپە دەکا کلۆڵە. ئەو کەسەی کە لەدەست سزای عادیلانە هەڵدێ زۆر لەوکەسە کلۆڵ ترە کە باجی خراپەکەی خۆی دەداتەوە، وێڕای پێکەنینی پۆلۆس بەم ڕایە، سوکرات سورە لەسەر ئەوەی کە ستەمکارێك ستەمکاری دەکاو بێ ئەوەی ڕووبەڕووی عەدالەت بێتەوە زۆر کلۆڵ ترە لەو ستەمکارەی کە لەخاڵێکدا ڕادەگیرێ.

سوكرات سوره لەسەر ئەوەی كە خراپە كردن زۆر خراپ ترە لەوەی كە ببیتە قوربانی خراپــە یــا ئـازاری خراپــە بچێـژێ. راكردن لەسزای عادلانە بەهۆی نواندنی خراپەوە زۆر خراپترە لەوەی كە ئازاری ئەو سـزایە بچێـژێ. ئینجـا سـوكرات پۆلـۆس قانع دەكا بەم پێشنیارە كە گەر شتێكی چاك بێت ئیدارەی سزایەكی عادلانە بكەیت كەواتە شتێكی چاكە كـە ئـازاری سـزای عادلانە بچێژی. (ئەو پیاوەی كە باجی هەڵەكەی خۆی عادلانە دەداتەوە ئـازاری ئەوشـتە دەچێـژێ كـە چاكـە). ئـەو لەشـەڕ ڕزگار دەكرێ، شەڕی خراپەی ڕۆح یا كاراكتەر. عەدالەت ڕزگار بوونە لەدەست خراپەی ڕۆح، ڕۆحی خراپ. هـەر چـەندە ئـەو باجە خۆشی Therapy چارەسەرێكی خۆش نیە بەڵام بەسودە. لێرەدا پۆلۆس ئامادەیە كە ئەو بەرئەنجامە قبوڵ بكا لەدژی ئیدعاكەی سەرەتای خۆی دەربارەی دەستەڵاتی ڕەوانبێـژی. لەبـەر ئـەوەی گـەر ئینسـانێكی كڵـۆڵو خراپەكـەر لـە دەسـت عەدالـەت رابكـا ڕەوانبێـژی، كـە ئـەو ئینسـانە دادەبـڕێ لـە سـودی عەدالـەت بـەوەی كـە كـارێك دەكـا بـۆی دەربــاز بـێ، لەبەرژەوەندنی ئەو نیە چونكی ڕاكردن لەعەدالەتو هەبوونی كاراكتەرێكی بەد خراپ ترین شتەو كەسیش ئارەزووی ناخوازێ بۆ خـۆی گـەر بزانـێ. دەسـتەڵاتی ئـەو ڕەوانبێژییـە تـەنیا بریتییـە لـەزیادكردنی كلۆڵــیو بەدبــەختی كەســی خراپەكــەر لەیارمەتیدانیدا بۆ بەدەست هێنانی ئەو شتەی كە كەسی خراپەكەر تەصەوەردەكا چاكە بـۆ ئـەو، نـەك ئەوشـتەی كـە خـۆی لەراستیدا چاكە.

ئینجا كالیكلیس كە تائێستا بە سەبرەوە بێدەنگ بوو دەكەوێتە دوان. كالیكلیس سوكرات تاوانبار دەكا بەوەی كـە ژیـان تەواو پێچەوانە دەكاتەوە بەوەی كە داوایان لێدەكا ئەو شتە بكەن كە پێچەوانەی ئەوشتەیە كـە دەبێـتو زەروریـیە بیكـەن لەڕێگای سروشتەوە، بەسروشتی زەروریيە. ئەویش كێشەی سروشتو ڕێك كەوتنە Convention. بــەپێی سروشـت كردنـی خراپە كارێكی خراپ نیە، یاسای سروشتی ئەوەیە كە ئەو كەسەی بە سروشت بــەهێزترەو بـەتواناترە هـەرچی دڵـی بخـوازێ وەریدەگرێو دەیستێنێ لەو كەسەی لاوازە. ئەوەش دەكا بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو یاسایانەی كە ئینســان دروسـتی كـردون چونكـی ئـەو یاسـا ئینسـانیانە هیـچ نـین جگـە لەرێكـەوتنو عورفێكـی سـەر لێشـێواوانەی كـە لاوازەكـان دایانـهێناوە دژ بـە بەهێزەكان.

سوكرات پرسیار دەكـا (كەسـی بـاڵا Kreitto لـەڕێگای هـێزەوە ئـەو شـتەی دەیـەوێت لەكەسـی بـێ دەسـتەڵات یـا نـزم وەربگرێ، كەسی چاك فەرمانڕەوایەتی كەسی خراپ بكا، كەسی نەجیب زۆرتری هەبێت لەكەسی نانـەجیب؟ ئایا كـاڵیكلێس كە دەڵێ كەسی باڵا ئایا مەبەستی لەوەیە كە (ئەوكەسەیە بەهێزترە؟ ئایا كەسی لاواز دەبێت پەیڕەوی لەكەسی بەهێز بكـا؟ ئایا باڵابوونو چاك بوون مانای بە هـێز بـوون دەگەیـەنن؟ كالیكلیسـیش وەڵام دەداتـەوە كـە بـەڵێ یـەك شـتن. سـوكراتیش دەڵێ:- ئایا زۆربە باڵاتر نیە لەتاكە كەس؟ كالیكلیس ناچار دەبێت بڵێت كە من مەبەستم لەباڵا بـوون ئەوەنیـە كـە كۆمـەڵێ كۆیلە لەڕووی فیزیكیەوە بەهێزترن لە تاكە ئینسانێ، بەڵكو باڵابوون بەمانای هەبوونی ئازایەتی لەكارو باری مەدەنیدا. ئینجا سوكرات دەڵێ ئایا ئەو كەسەی كە باڵایە، باڵا دەستە دەبێت زۆرتریان هەبێت لەوانـەی كـە ئـەوان حوكمیـان دەكـەن؟ بـەڵێ، ئینجا سوكرات دەڵێ ئایا دەبێ زۆرتریان هەبێت لە حەقی خۆیان، لەو گریمانكاریەوە كە هەر ئینسانە پێویستە حوكمی خۆی بكا، ئەوەش پوچییەكەیە، ئەوەی كە ئینسانی باڵا، باڵا دەست پێویستە زۆرتری هەبێت لەوەیكە خۆی هەیەتی.

لای كالیكلیس ئینسانی ئازاد كۆنترۆڵی تەواوی خۆی ناكا. بەڵام لای سوكرات، ئینسـان ئـازاد نیـە گـەر بێـتو كۆنـترۆڵی خۆی نەكا، لەرێگای موعتەدل بوونەوە (Moderation) (Sophrosyne). كالیكلیس لەبۆچوونیدا پشـت بەیاسـای سروشـت دەبەستێت، كەسێ نەجیبە بەسروشـت، سـەروەرەو عـادل، ئـەو كەسـەی كـەڕێگا دەدا ئارەزوەكـانی مـەزن بـن، بـۆ ئـەوەی ئارەزوە مەزنەكان تێر بكرێن دلێری پێویستە. ئەو كەسانەی بەهێزن گەر دیسپلینو ڕێكخستن قبوڵ بكەن وەك ئەوە وایە كـە یاساو عەدالەتی كۆمەڵانی خەڵكی ترسنۆكو كۆیلـە قبـوڵ بكـەن. شـیرینی ژیـان والـەتێركردنی هەمیشـەیی ئارەزوەكـاندا تـا ئەوشوێنەی شیاوە. دواجار سوكرات دێتە سەر مەسەلەی سیاسەتو سیاسەت مـەدارانو پیشـەكانی دی، دكتـۆر، پـارێزەر،

کەشتیوان، هەر هەموو هەوڵ دەدەن کە ئەو کەسانە بپارێزن کە خزمەتیان دەکەن. بەڵام هیچ کات ئیدعای باڵا بـوون ناکـەن بەسەر پیشەکانی تردا وەك ئەوەی سیاسەتمەدارەکان دەیکەن. لای سوکرات سیاسیەکان بێ کەڵك دەبن گەر ئیش نەکەن بۆ ئەو خەڵکەی کە ئەمان ئیدعا دەکەن خزمەتیان دەکەن. بـەڵام مـادامێك کـارێك ناکـەن ژیـانی خـەڵکی چاکـتر بێـتو رۆحیـان چاکتر بێت، لەم حاڵەتەدا هیچ خزمەتێکی بواری مەدەنی ناکەن.

لـەم حاڵەتـەدا، رەوانبێـژی سیاسـەتمەدارەکان هـەروەك سەفسـەتەی سۆفسـتائیەکان وایـە. قوتابیـان دەشـێ شـتێ لەمامۆستاکان، یا سۆفستائیەکان فێربن، وەك مەهارەت، بەڵام نابنە ئینسانی چاكو چاکە خواز بەهۆی ئەو وانانەوە. لێرەوە باسێکی دی دەست پێدەکا ئەویش پەیوەندی رەوانبێژیو سیاسەت.

گۆرگیاس کە لەشارێکی ترەوە هاتووە ئەم پەیوەندیە نابینێت، کالیکلیسیش رێ دەدا سوکرات قسەبکا.

دواجار سوکرات ئەو خاڵە دەخاتە روو کـە هـەر لەسـەرەتاوە دەیـەوێت بڵێـت ئـەویش ئەوەیـە:– هونـەری ڕاسـتەقینەی ڕەوانبێژی جیاناکرێتەوە لەگەڕان بەدوای حەقیقەتداو گەڕان بـەدوای چاکـەی ئینسـانیدا. ئـەو خزمەتـەی سیاسـەتمەدارەکان دەیکەن لەڕاستیدا زیاتر لەتەمەلوقەوە نزیکەو گەڕان نیە بەدوای عەدالەتداو مەبەستیان نیە خەڵکی چاك بنو بەچاکی بژیـن. سوکرات بەکالیکلیس دەڵێ:– تۆبۆ کام لەئیدارە کردنی شـار بـانگم دەکـەیت، ئایـا بـۆ شـەڕکردن بـۆ تەندروسـتی شـار وەك دکتۆر، یاخود وەك کەیتەرەر caterer (ئـەو کەسـەی لەئاهەنگـەکاندا خـواردن پێشـکەش دەکـا)و هەمیشـە خـەڵکی بهێنمـە پێکەنین؟ کالیکلیس دەڵێ وەك کەیتەرەر. لەو کاتەدا سوکرات مەسەلەکە بەتـەواوی هەڵدەگێرێتـەوە دژ بـە سیاسـەتمەداری سۆفستائیو ڕەوانبێژەکان، خوێنەر وەبیری دەهێنرێتەوە کەسیاسەتمەدارە ڕاستەقینەکەی ئەسینایە چونکـی هـەموو ژیـانی تەرخان کردووە بۆچاککردنی ژیانی ئەسینایەکانو وادارکردنەوەیان بەوەی کەسیاسـەت واتـە بەتەنگـەوەهاتنی ڕۆح. لەگـەڵ ئەوەشدا تاوانبار دەکرێ. بگەڕێینـەوە بـۆ کـالیکلیس. کـالیکلیس (سـەروەری سروشـتی) بەمـەزن دەکـا کـە لـە ئـەدەبیاتی ئەوروپیدا زۆرجاران بۆچونەکانی کالیکلیس تەعزیم کراون لەوانە لەلایەن نیچەوە.

ئەفلاتوون لەکاراکتەری کالیکلیسدا ئەم لایەنەمان بۆ تۆخ دەکاتەوە یا نیشان دەدا:

**یەکەم**: کالیکلیس ئیرۆتیکیە، ئەو عاشقە، سوکراتیشو کالیکلیسـیش عاشـقن، هـەر ئەمەشـە زەمینـەی هاوبەشـی ئـەم دووانە، سوکرات عاشقی ئەڵسابایەدیسو خانمی فەلسەفەیە، کالیکلیسیش عاشقی پیاوێکە بەناوی demos، ئینجـا Demos کە بەمانای خەڵك دێت واتە خەڵکی ئەسینا.

**دووەم**: کالیکلیس کە پشت بەسۆفستائیەکان دەبەستێ، لەوباوەڕەدایە کە نـەك تـەنیا سروشـتیە پیـاوە سـەروەرەکان حوکم بکەن، بەڵکو ئەمە عەدالەتەو بگرە ئەمە یاسای سروشتە. بۆچونی کالیکلیس دەربارەی عەدالەتو توندو تیژیەکەشی بەهەست کردنە ئیرۆتیکیەکەیـەوە بەسـراونەتەوە، بۆچونـی سـوکراتیش بەهـەمان شـێوە، کەواتـە ئێمـە لەبـەردەم دوو جـۆر ئیرۆس داین. مادامێك هەردووکیان چ سوکراتو چ کالیکلیس عاشقن ئەمە خـۆی دەبێـت زەمینـەی تێگەیشـتن خـۆش بکـات، سـوکرات عاشـقی فەلسـەفەو ئەلسـابایەدیس، کالیکلیسـیش عاشـقی خـەڵکی ئەسـینا (Demos Athen)و دیمـۆس کـوڕی Pyrilampes. لەرێگای کاراکتەری کالیکلیس ئەفلاتوون ئێـمە رووبـەڕووی کاراکتـەرێکی سـتەمکار دەکاتـەوە، خـامو کـاڵو کرچە پێش پەروەردەکردنێکی فەلسەفی، پەروەردەی فەلسەفی خۆی گەرەنتیە کە کاراکتەری لەم جۆرە ئیرۆسـیان بخەنـە گەڕ لە خزمەتی خەڵكو ئەخلاقی مەدەنیو چاکەی مەدەنی، گەر وانەبێت کالیکلیس چی لەدۆستەکەی دەکا دیمۆسی، کـوڕی Pyrilampes پریلامپێس، ئەوا هەمان شت لەخەڵکی ئەسینا دەکا. کالیکلیس پلانی ئەوەی هەیـە کـە چۆن مامەڵـە لەگـەڵ دیمۆسی دۆستی دەکاو دڵی خـۆش دەکـاو بـەدەوریدا دێت بەهـەمان شـێوەش لەگـەڵ خـەڵکی ئەسـینادا مامەڵـە دەکا بـەو هیوایەی کە مەعشوقەکەی بەرز بینرخێنێت. مەعشوقەکانی کالیکلیس، دیمۆسو دیمۆس، قابیلی گۆڕانن، قابیلی ئـەوەن کـە زەوقو سەلیقەو بۆچونیان بگۆڕن، بەڵام سوکرات کە عاشقی فەلسـەفەیەو فەلسـەفەش هەمیشـە یـەك شـت دەڵێت، کەواتـە

ژیانی عیشقی سوکرات جـێ بـەخۆ گرتـووە، کـە هەمیشـە لای سـوکرات فەلسـەفە کـە نـاوێکی مێینەیـەو سـوکرات بـەخانمی فەلسەفە ناوڕێزی دەکا لەعاشقەکانی خۆی دەخوازێ کە لەدژایەتیدا نەژینو هەر ڕۆژەی شتێك نەڵێن. کالیکلیس لەقسەکانیدا داکۆکی لە "سەروەری سروشتی دەکا" ئەمەش بەعەدالەت دەزانێ (483C – 484a گۆرگیاس).

کالیکلیس ئەو بۆچونە رەت دەکاتەوە کە (باشترە قوربانی ناعەدالەت بی وەك لەوەی خۆت ناعەدالەتی بکەیت)، لای ئەو هەرکەسێ نەتوانێ ڕێگە لەوەبگرێ کە خۆی یاکەسێکی خۆشەویستی خۆی ببنە قوربانی ئـەو کەسـە کۆیلەیـە باشـترە بمـرێ وەك لەوەی بژی. مرۆڤ یا سەرکەوتو دەبێت یا ژێرکەوتو ئەمە یاسای ژیانە، بەڵام زۆربە لەبەر ئـەوەی لـەم یاسـایەی ژیـان سڵ دەکەنەوە ئەوا دەست دەکەنە داڕشتنی یاساو نۆرمو ئەخلاقو بەمەش ڕێگا لەئینسانە بەهێزەکان دەگرن تا چاکتر بژین (ئەمە بۆچونی نیچەیە لەسەر ئەخلاقی کۆیلەو سەروەر)، ئەم زۆربەیە، لاوازن، نەك لـەڕووی بەدەنیـەوە بـەڵکو لـەرووی کـەم بووی خەیاڵو دیدو بۆچونی مەزنانەوە. بۆچونی کالیکلیس پشت بە هــەندێ بۆچونـی سۆفسـتائیەکان دەبەسـتێت، بۆچونـی سۆفستائیەکان دەربارەی کۆمەڵگای سیاسی وەك پەیمانێك کەسنور بۆ ئارەزوە ئەنانیەکان دادەنێ، بەپێـی ئـەم عەقیدەیـە، سروشـتی ئینسـان کامڵـەو تـەواو شـکڵی خـۆی وەردەگـرێ بـەر لەرێکـەوتن (اجمـاع) Conventions، یاسـاو ئـەخلاقی جڤاتیسیاسی، سلوکی سروشتی بریتیە لە تێرکردنی ئارەزووەکان.

ئەرگومێنتی کـالیکلیس پشـت بەسـێ پێشـەکی لۆژیکـی هەڵـە دەبەسـتێ (لەووتارەکـەیدا). ١ـ کـالیکلیس لەوباوەڕەدایـە کەلەنێوان عەدالەتی سروشتو عەدالەتی Conventionدا شەبەقێکی گەورە هەیە.

٢ـ لەلایەکی دیکەوە لەو باوەڕەدایە کەمرۆڤ دەبێت خۆی لەکارو باری شار هەڵقورتێنێو خزمەت بکـا تـا لـەم ڕێگەیـەوە لەژیاندا سەرکەوتووبێت.

٣ـ هەوڵ دەدا کە تەوازنێك لەنێوان فەلسەفەو کردەی سیاسیدا دروست بکا.

کەواتە سروشت ناشێ دوربێت لەکۆمەڵگای سیاسیەوە، کۆمەڵگایەك بەخۆیو گوتارو یاسا دانەرو یاساو ئەخلاقیەوە وەك ئەوی کالیکلیس لەسەرەتادا ئاواتی دەخواست لەرێگای ئایدیای "سەروەری سروشتی" سەروەرێك کە ئازادی تەواوی دەبێت لەژیانی سروشتیدا ئازاد لەرێگرە رێکەوتنییەکان. کالیکلیس موعجبە بەسەروەری سروشتی وەك مۆدێلێکی کامڵ بـوون، ئـەو اعجابەشـی تێکەڵەیەکـە لەتەصـەوراتی پێـش سـوکراتیو سۆفسـتائی لەلایەکـەوە، جیاکردنـەوەی "سروشـت" لـە "Convention" لەلایەکی دیکـەوە موعجیـب بـوون بـەو کاراکتەرانـەی کـە خزمـەتی کۆمـەڵگای ئەسـینایان کـردووە لەوانـە پیرکلیس. ئەو بەشە کافیە بۆ ئەوەی بزانین کە کالیکلیسو چەمکی (سەروەری سروشت) ئیشـکالیەت ئـامێزنو کـالیکلیس نازانێ چی دەوێ. با لە ئەرگۆمێنتی سوکرات وورد بینەوە.

(491 D - 488B گۆرگیاس)

**یەکەم:** ئەرگۆمێنتی سوکرات ئەمەیە، مادامێك زۆربە بـەهێزترن، کەواتـە بـەپێی قسـەی کـالیکلیس بێـت ئـەوان چاکـترن. یاساکانی کەدایدەڕێژن کە لەسەر مەبنای یەکسانیە، یاسا گەلێکن کە عادلنو نەبیل نەك بەپێی Convention بـەڵکو بـەپێی سروشتیش. لێرەدا کالیکلیس ناچار دەکرێ بڵێ "مەبەستم لەچاکتر" شتێکی ترە، چاکتر دەبێت مانـای کاراکتـەری چاکـترو عەقڵی چاکتر بگەیەنێت نەك هێز. بۆ ئەوەی مانای (فەرمانڕەوایـەتی سروشـتی) نەکەوێتـە نـاو ئایدیـای زۆربـەوە کـالیکلیس ناچار دەبێـت کـە پێناسـەی سـوکرات قبـوڵ بکـا کـە پێناسـەیەکە دوور لـە بۆچوونـە هیراکلیتسیە وەحشییەکە دەربـارەی عەدالەتو جەنگ، پێناسەیەکە لەسەر حیکمەتو عەقڵ بیناکراوە نەك حاڵەتی سروشتی. کالیکلیس دەگاتـە ئـەو قەناعەتـەی کە بڵێ تەنیا ئەو پیاوە هەقی هەیە حوکم بکا کە زۆر ترین مەعریفەی هەیە دەربارەی شتە سیاسیەکان، ئەو کەسـەی حوکـم دەکات دەبێت خاوەنی حیکمەتی عەمەلی بێت Phronesis کەسێ حەکیمە Phronimos، دەربارەی کاروباری شار، ئاشتی، جەنگو ئینجا کاروبارە سیاسیەکانی کە لەبازاڕدا (Agora) قسەی لەسەر دەکرێ لەلایەن خەڵکیەوە. کەواتە کەسـی حـەکیم

ئەو کەسەیە، لای سوکرات، کە شارەزای هونەری فەرمانڕەوایەتی کردنە، بـەڵام کـالیکلیس اعـتراض دەکـاو دەڵـێ:– زانینـی هونەری حوکم کردن کافی نیە بەڵکو ئازایەتیو حەماسیش پێویستە بۆ جێبەجێکردنی پلانە سیاسـیەکان، ڕۆحێـك پێویسـتە دلێر نەك لاواز. ئەمەش ئەو ئایدیایەیـە کـە لـە (Republic )دا ئـەفلاتوون درێـژەی پێـدەدا واتـە بوونـی حیکمەت لەلای فەرمانڕەوا لەگەڵ بوونی سۆمۆس Spirit نەك تەنها لەکەسی فەرمانڕەوادا بەڵکو لەشاریشدا.

لەووتاری یەکەمی کالیکلیسدا وەك دیمان کالیکلیس "سەروەری تـەبیعی" پیاوێکـە لـەجنسو قومـاش مەلیکانـە Royal stock وەك ستەمکار دەبێ حکوم بکات. لەوتاری دووهـەمی دا ئیشـارەت بـەوە دەکـا "یـا سـتەمکاری یـان دیسـپۆتیزم کـە ئەوەی دووهەمینیان زیاتر ئیشارەتە بەحوکمی سی (٣٠) ستەمکارەکەی ئەسینا دوای تێکشـکانی ئەسـینا لەشـەڕیدا لەگـەڵ سپارتا. لە وەڵامی ووتاری دووەمی کالیکلیسدا، سوکرات هــەوڵ دەدا کـالیکلیس وادار بکـا کـە لـەجیاتی هیدۆنیسـتی "چێـژ پەرستی"یەکی سروشتیو بێ ئەرقەلە، واداری بکا کە باوەڕ بەچێژ پەرستی حیسابداری بکا، چێژ پەرستێك کـە حیسـاب بـۆ کۆمەڵێ ڕەهەندی کەسیو کۆمەڵایەتی دەکا. بۆ ئەو مەبەستە قسە لەئەفسانەی گۆزە دەکا. بەپێی ئـەم ئەفسـانەیە، بەشـی ئارەزو لەرۆحی پیاوێکی ناموعتەدلدا لەگۆزەیەك شەراب دەچێ کە لێـی دەچـێ، کونـی تێدایـە، هـەر شـەرابی تێدەکـاو لێـی دەتکێو ناچار دەبێت پڕی بکاتەوە (492 D – 494 a). ئایا چاکتر نیە کە پیاو پێش لـەئارەزووەکانی بگـرێو بەشـێوەیەك کە جلەویان بۆ خۆش نەکا بەڵکو حەکیمانە فەرمانڕەوایەتی ئەو ئارەزوانە بکا؟ پیاوی موعتەدل یەکجار گۆزە پڕدەکاو ئیـدی لەئاشتیدا دەژی، لەکاتێکدا پیاوی ناموعتەدلو کەسێ کەجلەو بۆ ئارەزوەکانی خۆش دەکا پێویستی بەوەیە کـە " هەمیشـە سەرقاڵی پڕکردنەوەی گۆزەکەی بێت. بەڵام کالیکلیس نەئەم ئەفسانەیە دەکڕێو نەباوەڕی بەیەك جار تێرکردن هەیە بـەڵکو چاوی لەئەگەری چێژی بێ سنورەو لەو باوەڕەدایە کـەچێژی بێسـنور بـەهای ئـەوەی هەیـە کەئینسـان هەمیشـە لەحاڵـەتی جەنگو جەدالدا بژی نەك ئاشتی. ئەفسانەی گۆزە لای سـوکرات ئامـاژدە کردنـە بۆبەئـەقڵانی کردنـی چێژەکـانو بەخشـینی عەقڵ بەمەنزڵی جلەوبەدەست، هەروەها بەئەولەویات کردنی چێژەکان واتــە پرسـیار کردنـی کامـە چێـژ بـەهای زۆرە، چێـژە مەدەنیەکان یاچێژە ڕۆحیەکان؟ سێکس یا فەلسەفە؟دەبێـت ئـەوەش بڵێـین لـێرەدا ئێمـە ڕووبـەڕووی ئۆنتۆلۆژیایـەکی یـەك لایەنەین، یەك ڕەهەندین، ئۆنتۆلۆژیایەکی باڵاتر لەکۆماردا گەڵاڵە دەبێت، تێکەڵ کردنی فەلسەفە بە ئیرۆس.

بیرۆکەیەکی دی بخەمە ڕوو: ووتاری کالیکلیس بـەناوی (سـەروەرە سروشـتیەکانەوە) کەسـی سـەروەر لـەچوار چێـوەی ئۆنتۆلۆژیایەکدا دەبینین کەلە سۆفستائیەکانو فەیلەسوفەکانی پێش سوکراتەوە سەرچاوە دەگـرێ. سـەروەر لەسروشـتەوە بەعەفەویانە سەرهەڵدەداتو کاڵکلیسیش باوەڕی بەوە نیـیە کەهیچ ئەخلاقو عورفـو عاداتێك، هیچ پەروەردەو سیستەمێکی پەروەردە، هونەرێك ڕێگا لەم عەفەویەتــە بگـرێ. سـوکرات هـەولدەدا کەئـەم ئەنتۆلۆژیایـە هەڵگێڕێتـەوە، لـەجیاتی هـەبوون Becoming چانسو حاڵەتی سروشتی کەڕەهەندەکانی ئۆنتۆلۆژیاکەی سۆفستائیەکانو پێش سوکراتەو کـالیکلیس پـەیڕەوی لێ دەکا سوکرات دەیەوێ ئۆنتۆلۆژیایەك لەسەربوونەوە بینابکـا، لەسـەر ئایدیـای چاکـەوە،چاکـەی هاوبەشـی گشـت Public، بۆئەم مەبەستە هەولدەدا کەکالیکلیس قانع بکا کە"excellence"گەورەیی، مەزنی دەشێ بەدەست بێ نەك لەڕێگای شـانسو هەبوونەوە(صیرورة)وە بەڵکو لەڕێگای هونەر techeو ڕێکخستنی فەلسەفیەوە.

سوکرات دەیەوێت کالیکلیس لەوە ئاگادار بکاتەوە کەئەو سیاسەت تەنیا لەکەوتنو سەرکەوتن، سەروەریو کۆیلایـەتی، تێرکردنی ئارەزووەکانی بێسنور، دەبینێتەوە. سوکرات دەیەوێت بڵێت عونسرێك هەیە لەئیرۆسدا کەلەیەکسانی، موتـەبادلو شەرەف بۆمەعشوق دەدوێ لەهەمان کاتدا هـەرەم لەئیرۆسـدا هەیـە واتـە پەیژەکـەی دایـەتیمای سـیمپۆزیەم "واتـە هـەموو تاسەیەك وەك یەك نین" تاسەیەك هەیە بۆ جوانــترین، چاکـترین، مـەزنترین، کـەزۆرترین چێـژو شـەرەف بەدەسـت دەهێـنێ، تاسەیەك هەیە لەئیرۆسدا بۆشتە زۆرزوو بەسەر چووەکان.... ئەو دەیەوێت ئیرۆسی کالیکلیس کەئیرۆسی ستەمکارە لـەڕووی بوونی بەهێزەوە ڕام بکاو بیخاتە خزمەت کارە سیاسیە عادلانەکان.

ئەوکاتەی کالیکلیس دەڵێ "باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی گورز نەخۆی ئەوەیە یاخۆت حوکم بگریتە دەست یا ببیتە هاوڕێی فەرمانڕەوا" ئالێرەدا سوکرات لەدڵی ئەم بۆچوونەی کالیکلیس دەداو ئەو ڕایەمان بۆدەخاتە ڕوو کە نەقدێکی توندە لەهەموو ستەمکارەکان، ئەو دەڵێ کەکالیکلیس ناچارە بۆڕازی کردنی Demos (خەڵکی ئەسینا) لاسای بکاتەوەو موجامەلەی‌خەڵك بکا لەم ڕێگەیەشەوە ئەو جیاوازی نامێنێت لەگەڵ زۆربەدا، یا Mob (قطیع)دا کە بەپێی وتاری یەکەمی کالیکلیس‌و مەبدەئی سەرەوەری طبعي ئەو بەچاوی سوکەوەسەیری دەکرد. لەم ڕێگایەوە کێ سەروەرە؟ کالیکلیس یا Demos ؟ لێرەدا کالیکلیس پەکی دەکەوێ . تائێستا ئەو هەوڵ دەدا کە موجادەلەی ئەوە بکا کەئەخلاقی convention (ڕێك کەوتن) ڕێگا لەپیاوە سەروەرەکان دەگرێ کە ئەگەرەکانیان تاقی بکەنەوە، ئێستا ناچار کرا أعتراف بکا بەوەی کەزۆربە جڵەوی یاریەکەیان بەدەستەوەیە، کەواتە ئایا کالیکلیس سەرەوەرە یاکۆیلە؟ کەواتە سوکرات دەیەوێت بڵێت ئەو ناتوانێ تەرکیبە یەك دروست بکا لەنێوان سەربەخۆیی سروشتی‌و سەرکەوتنی (conventional) (ڕێکەوتن) (531a - b) " سۆفستائیەکان خەیاڵ پلاّون ئەو کاتەی موشتەریەکانیان ئامۆژگاری دەکەن کەئەمان "سۆفستائیەکان" وانەی هونەری rhetoric دەڵێنەوە ئەم هونەرەش کارێك دەکا کەکەسێکی خۆپەرست بەپەیسەر طموحەکانیەوە بچی‌و چێژەکانی تێر بکاو بەسەلامەتی لەکاریگەری جڤات دەرباز بێت، هەروەك چۆن لە (rRpublic) داهاتووە، ڕۆحی تاك ناشێت ببینرێت لەدەرەوەی پەیوەندی بە politeia (ڕژێمی سیاسی)و جڤاتی سیاسی، هەردووك شێوە بەیەکتر دەبەخشن.

سوکرات پێی وایە کەکالیکلیس هەقیەتی تاسەی سەربەخۆیی سروشتی بکا بەڵام سەربەخۆی سروشتی دەبێت لە شوێنێکی تر لەدەرەوەی سەروەری سیاسی بۆخۆی بگەرێ، دەنا دەکەوێتە ناو بازنەی ڕێك کەوتنی بازاڕی‌یەوە (convention vulgar)وە کەخۆی کالیکلیس بێزی لێی دێتەوە. کالیکلیس ناتوانێ ببێتە سەروەری خەڵکی ئەسینا تا نەبێتە کۆیلەی ئەسینا، ئەوەش بۆهەموو ستەمکارەکان ڕەوایە. لای سوکرات کەسێ طموحی سیاسی هەیە دەبێت ئەوە بسەلمێنێ کەئەو بەتەنگ چاکەی هاوبەشی خەڵکەوە دێت، سەرەتا لەڕێگای بەتەنگەوە هاتنی تاکە کەسێکەوە لەژیانی تایبەتیدا (A - 515 B)، هونەری سیاسەتیش بریتی نیە لەجڵەو خۆش کردن بۆ ئیروس بەڵکو ڕام کردنی ئیرۆسە، بردنی ئیرۆسە بەکەناڵێکدا کەنزیکی دەکاتەوە لە اعتیدال‌و حیکمە نەك جڵەو خۆش کردن بۆ تێر کردنی‌بێ سنوری تاسەکان. بەپێچەوانەی سۆفستائیەکانەوە کە پێیان وابوو جوڵەی ڕێکەوت‌و Becoming کرۆکی جیهانن، سوکرات پێی وایە کەحوکمی چاکە لەگەردووناو لەژیانی تاکەکەسدا، حوکمێکی واقیعیە ، هەمیشەییە، جەوهەریە. ئەوەی لەدایەلۆگی گورگیاسدا دەیبینین‌و لەکارکتەری کالیکلیسدا هیچ نییە جگە لە پۆرترێتی کەسایەتیەکی ستەمکار کەربەرمەبنای ئیرۆسێکی چەواشە، بەرمەبنای ئۆنتۆلۆژیایەکیpremordialist ، کەواتە ئۆنتۆلۆژیای پری مۆردیالیزم چییە؟ ئۆنتۆلۆژیای پری مۆردیالیزم پشت بەهەندێ پرنسیپ‌و پێشەکی لۆژیکی دەبەستێت لەبۆچوونە سیاسیەکانی سۆفستائیەکانداو فەیلەسوفەکانی پێش سوکراتدا. ئەوەی ئەفلاتوون بە "motion men" لەدایەلۆگی Theaetetus ناویان دەبا، ئەو باوەڕەی کەدەڵێ نەبوونی استقرار گۆرانی هەمیشەیی حەقیقەت یا واقعی سروشتن. لەم دایەلۆگەدا ئەفلاتوون ئەم خاسیەتە، ئەم بیرکردنەوەیە بەخاسیەتی سۆفستائیەکان‌و شاعیرەکان‌و فەیلەسوفەکانی پێش سوکرات دەزانێ. دەڵێ (ئەم حەکیمانە یەك لەدوای یەك، لەمانە هیراکلیتس، ئیبادۆکلیس‌و پرۆتۆگۆراس، هەروەها شاعیرەکانی تراژیدیاو کۆمیدیا، هەرهەموو باوەڕیان وایە کەشتەکان کۆرپەی "گۆڕان‌و جەرەیانن"لەبەرئەوە هیچ شتێك نییە بەڵکو هەمیشە لەحاڵەتی صیرورەدایە ( e–152d ). هەمووممان بێ ئاگاداری فیکری‌و هۆشیاری سیاسی ئەم قسەی هیراکلیتسمان ئەزبەرکردووە " ناتوانیت دووجار پێت بخەیتە ناو هەمان ئاوەوە..). هێڵی جیاوازی کردن لەنێوان پێش سوکرات‌و سۆفستائیەکاندا لێرەوە پێویستی بەپێدا چوونەوە هەیە واتە ئەو دابڕانە نییە کەپێشتر لێکۆڵەرەوەکان‌و هەندێ فەیلەسوف بۆی دەچوون لەنێوان سۆفستائیەکان‌و پێش سوکراتیەکاندا. ڕاستە سۆفستائیەکان دژ بەهەندێ کێشەی فەلسەفی‌و عەمەلی پێش سوکراتیەکان دەوەستانەوە، بەڵام ئەوان پرنسیپەکانی

پێش سوکراتیەکانیان تۆخ کردەوە، ئەو پرنسیپانەی کەپەیوەندی بەسروشتی مرۆڤەوە هەیە. سۆفستائیەکان گریمانکاریە فەلسەفیەکانی پێش سوکراتیەکانیان چەسپاند بەسەر کێشە کۆنکرێتیەکاندا.

لەدایەلۆگی "یاساکاندا" ئەم پێناسەیە مان بۆ ئۆنتۆلۆژیای پری مۆردیالیزم دەست دەکەوێت. مەبدەئێکی ئەم ئۆنتۆلۆژیایە بریتیە لەوەی کەسروشت (phusis) بریتیەلە genesis. شتە سەرەتایەکان کە لەجولە بێ سەروبەرەکانو ناڕێکەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەو شتانەی هاتوونەتە بوون بەپێی چانس katutuche، دواجار ئەم جولەیە دەبێتە مایەی ئاوێتە بوونی دەسەلاتی شانسی بچووکتر، لەوانە ڕووەکو ئاژەل. ئەم ئالۆزو تێکەل بونانە دێنە بوون لەڕێگەی ڕێکەوتەوە، مەحروم لەعەقل nous، هونەر techneو حوکمی ئیلاهی. کەواتە سروشت دەبێت لێی تێبگەین کەبریتیە لەئەسڵە نەبینراوەکان کەلێوەیان واقعی بینراو سەرهەلدەدەن (دایەلۆگی یاساکان 888e-889c).

ئەو شتانەی کەلەسروشتەوە هەل ناقولێ، لەڕێگای هونەرەوە دێتە بوون. بۆچوونی پری مۆردیالیستیەکان دەربارەی هونەر ئەوەیە کەهونەر techne ڕێگایەکە بۆوروژاندنی ریتمی ناڕێکی سروشت، هەرهەمان ڕێکخستنە گەردونیە. لەم نێوەندەدا، ئەوەی پەیوەندی بەمرۆڤەوە هەبێت وەك نمونەی عەفەویەتی سروشتو گۆڕانە هەمیشەیەکەی،ئەوا لەمرۆڤدا ئارەزوو نمونەی ئەو حالەتەی سروشتە. گۆڕان لەمرۆڤدا پالنەرە بۆپاراستنی ژیانمانو سۆزو هەلچونەکان. یاساو ڕێکەوتن ڕێگامان لێدەگرن کەدەستو پەنجە لەگەل ئارەزوەکانمان نەرم بکەین. ئەم عورفو یاسایانە بەسەرسروشدا سەپێنراونو لەسروشتەوە نەهاتوون بەلگەش ئەوەیە کەیاساکانو عورف لەکۆمەلێکەوە بۆ کۆمەلێکی تر دەگۆڕێن . ئەوەی گەردونیەو نەگۆڕە خود پەرستیە کەحالەتێکی سروشتیە. لەیاساکاندا دەخوێنینەوە کە "ژیانی دروست بەپێی سروشت ئەو ژیانەیە کەوهەولدەدا دەسەلات بەسەر ئەوانی تردا بکێشێ تاکو ئەم ئارەزوانە تێر بکا" 889e-890a. باشترین ژیان بەدەستهێنانی چاکترینە.

بەپێی ئۆنتۆلۆژیای پری مۆردیالسیت نومۆس فەرمانمان بەسەردا دەکا تا باوەڕبهێنین بەوەی کە خوداکان وادارمان دەکەن کەهەول بدەین بۆ ئاشتیو ڕێزی ژیانی ئەوانی دیکە ، خێزانەکانو مومتەلەکاتەکانیان بگرین (890a). بەلام حالەتی سروشتی ئینسان بریتیەلە جەنگی پیاو کوژی مەدەنیانەو تاوان کە لەهەموو چرکە ساتێکدا ئامادەیە بتەقێتەوە. بەپێچەوانەی دەسەلاتی یاساوە، غەریزە سروشتیەکان پالمان پێوە دەنێن کە عەفەویانە وێلی سەرکەوتن بین بەسەر ئەوانی دیکەدا لەڕێگای هێزەوە. ئەمە ئایدیای"سەروەری سروشتی" کالیکلیسمان بیردەخاتەوە ئەو سەروەرەی کەملکەچی عورفی ئەخلاقی ناکا. لەدیدی ئەفلاتوونەوە دیارترین بەرئەنجامی ئۆنتۆلۆژیای پریمۆردیالیست بریتیە لەوەی کەستەمکاری باشترین شێوەی ژیانە. مادامێك کەپۆتاسیۆنی بێفۆرمی سروشت، کەهەمیشە لەهەلچوندایە دەخوازێ کەهەموو یاساکان ژێر بخرێنو بگرە سیستەمی ڕێکخراو هەمیشە هەلدەوەشێنرێتەوە. لەم ئەنتۆلۆژیایەدا سروشتی ئینسان واوێنا دەکرێ وەك ئەوەی کەپێش سیاسەتە، بەرژەوەندی خۆپەرستە، پێش یاساو پێش پەروەردەیە. عورف لای پریمۆردیالیستەکان (لای سۆفستائیەکان) ڕێگرە لەبەردەم توانا سروشتیەکانی مرۆڤ. بەلام لای سوکرات مەسەلەکە وادەکەوێتەوە کەعروف دەشێ نەقد بکرێ گوتاری ئەقلانی دەتوانێ عورف بەجێبهێلێ، بەعەقلانی بکا لەئەنجامی دایەلۆگەوە، دیالکتیکەوە. دیالکتیك کۆمەکمان دەکا کەکەمو کورپیەکانی عورف بپالێوین، چاك بکەین لەبەر ڕۆشنایی فۆرمە جێبەخۆگرتوەکاندا. لای پریمۆردیالستیەکان "هیچ شێك بوونێکی جێگیری نیە بەلکو لەسەیرورەیەکی ئەبەدیدایە (Theaeteus 152d-e)، کەواتە هەبوون (صیرورة) بریتیە لەدووشت ئەوەی کەدەردەکەوێ لەگەل ئەوەی کەهەیە (is) لای ئەوان شوناسو دژایەتی مەبدەئی گوتارن نەك جیهان. لای سوکرات شوناسو دژایەتی مەبدەئی گوتارن چونکیلەبنەرەتدا مەبدەئی جیهانن کەواتە لەلایەکەوە سروشت هەلقولانێکی عەفەویانەیە، بوونیش هەبوونە(Becoming)بەرئەنجامی ئەم تێگەیشتنە لەسەر هونەری rhetoric بەم شێوەیە دەکەوێتەوە لای پری مۆردیالسیتەکان، لەوانە سۆفستائیەکان. ڕیتۆریك پەیمانی بەخشینی ئەو دەسەلاتەمان

پێدەدا کەلەڕێگەوەی  بتوانـین ئەوشـتومەکە پەیدابکـەین لـەنێو ئـەم فـەوزای هەبوونـەدا تـابتوانین ئاوێتـەی تـازەی بـوون دروست بکەین. لێرەوە بەرز ڕاگرتنی Techne، هونەر لای سۆفستائیەکان هۆکەی دەبینینەوە. بۆنمونەRepublicدا گلاو کـۆن نمونەیـەکی ڕەخنـەیی سۆفسـتائیەکانمان لەعەدالـەتی عورفـی نیشـاندەدا. ئـەو حەماسـی خۆیبـۆ تـەکنیك نیشـاندەدات کەخودپەرستی بەرز ڕادەگرێ، Techne کەکارێك دەکا کە کەسێکی ناعادل، بگرە ستەمکار وەك عادل نیشـان بـدا لـەکاتێکدا کەسەرقاڵی استثماری خەڵکیە (R 360c-361a). ئەم ووتەیەی هیراکلیتس دەربارەی سروشت دەربرینێکە  لـەبۆچوونی پـری مۆردیالیستەکان دەربارەی سروشت "سروشت جەنگە،کێشمەکێشە" "جەنگ شای هەمووشتەکانو باوکی شتەکان، هەندێکی وەك خواکان نیشانداوە، هەندێکیدی وەك پیاوەکان، هەندێکیتر وەك عەبد، هەندێکی دی ئازاد). دیارە ئەوەی لەم جەنگەدا سەرکەوتووە، سەرکەوتووە تاکو کەسێکی دی بەهێزێکی توندترەوە ژێر خۆی دەنـێ. تـا ئـەو شـوێنەی دەسـەلاّتیان هەیـە کەسێك ناتوانێ بپرسێ ئایـا دەسـەلاّتیان عادلانەیـە یـا ناعادلانـە، لەبەرئـەوەی سـتانداردێکی سـەرو هەسـت supersensibleو سـتانداردێکی سـەرمەدی وجـودی نـیـە تـا لێـوەی حوکم بدەیـن یـا پشـتی پـێ ببەسـتین. هـەر ئەمەشـە مانـای پێناسـە بەناوبانگەکـەی سـریماخۆس بـۆ عەدالـەت لـەکۆماردا: عەدالـەت وەك بـەرژەوەندی بـەهێز (R338c) ئەمـەش عـەقیدەی پۆزەتیڤیزمی یاسایە، حیزبی فەرمان ڕەوا، یاکەسی فەرمان ڕەوا، گروپی فەرمان ڕەوا ئەو یاسایانە دادەڕێژێ کە لەخزمەت بەرژەوەندیەکانی خۆیدایە، ناویان دەنێ عەدالەتو پەیڕەو لێکردنیشـیان وەك یاسـا دەسـەپێنێ. کەسـی مـەحکوم، فـەرمان بەسـەردا دراو ئـەوەی لەسـەرە کـەمل کـەچ بێـت چونکـی پێویسـتە مـل کـەچ بێـت، فـەرمان ڕەوا دەسـەلاّتی هەیـەو هیـچ سـەرچاوەیەکی تریش نـیـە بـۆ Authority سیاسـی، نـەئیلاهیو نەسـەرمەدی وەك چـۆن پرۆتۆگـراس هـەروەك هـەموو سۆفستائیەکانی دی موجادەلە دەکا کەبـەرژەوەندی خـود لـەدوا قۆنـاغدا ژیـانێکی سروشـتیـیە. ئەسـتەمە کەئـەم پرنسـیپە سەرەتاییە بگونجێنرێت لەگـەڵ چاکـەی جڤـات (community)دا بـەهیچ شـێوەیەك. هەرئەوەشـە کـە لەیاسـاکاندا ئـەفلاتوون عەقیدەی سۆفستائیەکانو ئۆنتۆلۆژیە پری مۆردیالیستیەکانیان دەباتە ژێر زەرەبینـەوە. لـەو قەناعەتـەوە کەلـەدوا قۆنـاغدا خاڵی بنەڕەتی عەقیدەی سیاسیو ئەخلاقی سۆفستائیەکان ئەوەیە کەستەمکاری باشترین شێوەی ژیانە. پێش سوکراتیەکان لەوباوەڕەدا بوون کەنارێکیو  توندوتیـژی جەوهـەری ژیانـە، واتـە قسـەکەی هـیراکلیتس: "جـەنگ بـاوکی هـەموو شـتەکانە" "کێشمە کێش عەدالەتە". ئەم دوو بۆچوونە یا موقەدەمـە لۆژیکەیـەوە وەرگرتنـی وەك بەدیـهی کـەتێڕامانێکن لەسـەربوونو سروشت، بەرئەنجامی سیاسی ترسناکیان هەیە لەوانە بەرئەنجامی ستەمکارانەو ئیمپریالستیانە. باوەڕهێنـان بـەئۆنتۆلۆژیای پری مۆردیالیست واتە زیاد کردنی دەسەلاّتی هەواو هەوەسو ئـارەزوو بەسـەر تـاکدا، دەروونـدا، ئەمـەش تـاك دەخاتـە ژێـر رەحمی چانسەوە، بەو مانایەی کەتاك دەست هەڵدەگرێ لەئایدیای کۆنترۆڵکردنی خۆ، ئیدی ڕێ لەهێزە لائەقڵانیەکان ناگرێ کەلەسروشتی ئینساندا کاردەکا، بەمانایەکی تریش وادارمان دەکا کەئەم نەزەواتانە تێر بکەین، بەلاّم مادامێك ئەمە حاڵەتێك دەخولقێنێ کەئێمە سەربەخۆیی لەدەست بدەین چونکی بۆ تێر کردنی ئەم هەواو هەوەسانەو بۆ بەدەست هێنانی بەختیاری دەبێت پشت بەهێزی شتە دەرەکیەکان external ببەستین کەهەم تاسەر نینو  هـەم لەدەسـەلاّتی ئێمەشـدانین هـەر ئەمەشـە ئایدیای بەخت. کەواتە وەك غۆلێکی ئیرۆسی، ستەمکار هیچ نیە جگە لەعەبدی شانس.

گرنگی ئەم گفتۆگۆیە ئەوسا دەردەکەوێ کەفەلسەفەی مۆدێرن بخوێنینەوەو بەتایبەت ئەو قوتابخانە فیکریانەی کەلەڕاسـتی دەدەنو لەلایەکی دیکەشـەوە دەیانـەوێت ئینسـان بـەخۆیو هـەموو ئـارەزووو کەڵکەڵـە سروشـتیەکانیەوە بکەنـە مەرکـەزی گەردوونو دەرگا بخەنە سەرپشت بۆ  ئەوئارەزووانـە دوای لێدان لەهـەر بەربەسـتێکی عـەقڵیو ویژدانـیو ئـەخلاقی. لێرەوە دەتوانـین بڵێـین کەبـەپرۆژەی مۆدێرنتیـەوە شـوێن پەنجـەی سۆفسـتائیەکان بەئاشـکرا دیارەو بەتایبـەت ئەوبالاّنـەی بـاس لەجەستە دەکەن.

بۆبەم شێوەیە، تاڕادەیەك درێژە پێدان، قسەمان لەسەر سۆفستائیەکان کـرد؟ لەبەرئـەوەی بەقەناعـەتی ئێمـە بـەتوندی ئارگومێنتی ئەوە دەکەین، موجادەلـەی ئـەوە دەکـەین کەئـەمڕۆ ئێمـە لەسـەر دەمێکدا دەژیـن کەسـەردەمی سۆفسـتائیەو سۆفستائی هاوچەرخیش کەس نیە جگەلە"ڕۆشنبیر". ئەوەی کۆنترۆڵی بازاڕی کلتـوری کـردوە کۆنـترۆڵی میدیـای کـردووە، کەئەم دەستگایە شەووڕۆژ سەرقاڵی داتاشینیدرۆو وێنەو گوتاری پڕ لەناڕاستیو شێواوە سەبارەت بەجیهان، ئەمە کۆنترۆڵی زانکۆکـانی کـردووە، ئـەوەی نێوەنـدی لێکۆڵینـەوەکانو (Think Tank)ە کـان بـەڕێوە دەبـاو ڕۆشـنبیرەو ڕۆشـنبیریش لـەم حاڵەتەدا ئەو کەسە نییە کەمەعریفە بەرهەم دەهێنێ بەڵکو ئەو کەسەیە کەوێنەو گوتـاری پـڕ لەئیشـکالیەت، پـڕ لەشـێواوی دەربارەی جیهان بەرهەم دەهێنێ، ئەوەی جەوهەریە لەچالاکی ئەم سۆفستائیە هاوچەرخەدا بریتی نییـە لـە گـەڕان بـەدوای حەقیقەتدا، کەشف کردنی حەقیقەت نییە عەشقی حیکمەت نییە، وێـڵ بـوون نییـە بـەدوای حیکمـەت دا، فەلسـەفە نییـە، بەمانا کلاسیکیەکەی فەلسەفە واتە ـ عەشقی حیکمەتو وێڵ بوون بەدوایدا، باسکردنی عەدالەت نییە لـەودیو بـەرژەوەندیو ئارەزوو شەخسیەکانەوە، بەڵکو قســەکردنە لەعەدالـەت هـەروەکو سـریماخۆس "عەدالـەت بـەرژەوەندی بەهێزەکانـە". ئـەم مەخلوقە بەدەرەجەیەك ڕۆچووتە ناو داموو دەستگاکانەوەو سەرقاڵی خزمەت کردنی بـەرژەوەندی داموو دەسـتگاکانە لـەبیری چۆتەوە کە حەقیقەت چیەو بگرە حەقیقەت لای ئەم هەر پرسیار نیە، بەڵکو لای سۆفستائی هاوچەرخ حەقیقەت وجودی نیە چونکی حەقیقەت دروست دەکرێ، دادەتاشرێ، هەروەك چۆن سۆفستائی کلاسیك رای وابوو.

باسەیرێکی پۆست مۆدێرنیزم بکەین، کەسەفستەی هاوچەرخە، سـەرەتا بالەنیچـەوە دەسـت پـێ بکـەین چونکـی بـاوکی ڕۆحی پۆست مۆدێرنیستو پۆست ستراکچرالستیەکانەو هەموو پۆستەکانی دیکەش.

فەلسەفەی نیچە هەرلە "لەدایك بوونی تراژیدیا"وە تاکو "ئیرادەی دەسەلات"[٣٩] هەوڵێکـە بۆلێـدان لەفەلسـەفە لـەدوای سوکراتەوەو گەڕانەوە بۆپێش سوکراتیەکان. کەدەڵێین پێش سـوکراتیەکان مەبەسـتمان لەفەیلەسـوفە سروشـتیەکانە، هـەر لەتالسیەوە تاهیراکلیسو ئیمبادۆکلیسو دیمۆکریتس،ئینجا دیدی تراژیدیا نووسەکان، سۆفۆکلیسو ئەسخیلیۆسو یۆرپیدیس ئینجا سۆفستائیەکان. نیچە وەکو گوتمان یەکێك بوو لەموعجیبەکانی کالیکلیس، واتە گەڕان بۆ میراتێك لەفەلسـەفەو دیدێك کەزیاتر لە Becomingدەدوا، لەحاڵەتی سروشـتی ئینسـان دەدوا. فەلسـەفەی نیچـە تـەنیا لـەڕێگای هەبوونـەوە Becoming، دەناسرێتەوە کەخۆی دیدێکی تراژیدیە بۆژیـان، مەبەسـت چـی لـەدیدی تراژیـدی بـۆ ژیـان؟ ئـەم نـاوە زۆر قەبەیـەو مایـەی هەڵخەڵەتاندن. دیدی تراژیدی ئەو دیدەیە کەدەڵێت:— جیهان یان بوون بریتـیـە لەهـەبوون Becoming ، هەمووشـێك کـە لـە کەیاس، ئاژاوە دەدوێ، لەدژایەتیەکان دەدوێ، ژیان ئـازارەو ئـازار بنـەڕەتی ژیـان چونکـی پرنسـیپێکی نەگۆڕنیـە، چونکـی "بوون"بوونی نیە بەڵکو ئەوەی کەهەیە هەبوونەBecoming، کەواتە ژیان سـەرتاپا هەبوونـە کـە لـەگۆڕانێکی بەردەوامدایـەو لێرەوە ئەوەی کەموتڵەقە تەنیا ئەم سەیرورەتەیە، تەنیا جەغد کردنە سەر ئەم ئازارەیە. سـوکرات لـەدیدی نیچـەوە ڕەمـزی سەرەولێژبوونەوەیە چونکی لەبەرانبـەر Becoming دا بـاوەڕی بـەبوون هـەبوو وەك ئایدیـاو توانـی حوکـم بـدا بەسـەر ژیـاندا لەدیدی ئایدیاوە، ئایدیای عەدالەتو حەقیقـەتو فەزیلـەتو باشـترین ڕژێمـەوە. کەواتـە وەك نیچـە دەڵـێ "سـوکرات یەکـەم تیۆریسین (theoritical man) بوو وەك دژێك یاپێچەوانەی پیاوی تراژیدی. حوکمی سوکرات بەسەر ژیاندا وەك لـەعوزر خوایـدا دیمان بریتیە لەم ڕستەیە "ژیانێك تاقی نەکرابێتەوە شایەنی ژین نیە"، بەڵام لای نیچە تاقی کرانەوەی ژیان واتـە حوکـم دان بەسەر ژیاندا، مادامێکیش پرنسیپێك نیە، ئایدیایەك نیە تائێمە لێوەی حوکم بدەین بەسـەر ژیـاندا، یـاخود ژیـانی پـێ تـاقی بکەینەوە کەواتە دەبێت ڕێگە بدەین "ژیان مەجرای خۆی وەربگـرێ"واتـە بـەردەوام بێـت لەکـەیاسو هـەبوونی خۆیـدا هـەر ئەمەشە دیدی تراژیدی بۆژیان. ژیان لەم دیدەوە ناشێ تیوو ریزە بکردرێ، ژیـان تـەنیا دەشـێ بژێـنرێ to live، هـەرچۆنێك دەبێت یابێت، هەرئەمەشە داوای دایۆنیسیس، ئەپۆلۆ هەوڵی بەعەقلی کردنە، ڕێکخستنە، دایۆنیس خـودای شعرە، ئـەپۆلۆ خودای هونەرە پلاستیکیەکان، بەڵکو ئەوەی کە دژی دایۆنیسە ئەوە سوکراتە نەك ئـەپۆلۆ. کێشـەی سـوکراتیشو هیگڵـیش

بەڕای نیچە، لەوەدایە کەسەر قاڵی بەهانە داتاشینن بۆ ژیان، واتە سەرقاڵی تیۆرین، پێویستی بەتیۆرری نیە، پێویست بەژینە (هەمیشە بەتکا کالیکلیستان لەبیر بێ کەباسی نیچە یاسۆفستائیە هاوچەرخەکان دەکەین یاخود پۆست مۆدێرنیستەکان). لای نیچەی پڕ گومان، چەمکی ڕاستی بریتیەلە چەمکێکی پڕ لەبێ مانایی ئەوەتا دەڵێت "حەقیقەتەکان بوونیان نیە، هەموو شتێك لەحاڵەتی جەرەیاندایە، شایانی لێتێگەیشتن نیە، ئەوەی کەتاڕادەیەك شایەنی مانەوەیە ڕاو بۆچونەکانمانە"، هەروەها "چاوی جیاواز جیاواز بوونی هەیە، تەنانەت ئەبوهۆلیش چاوی هەیە_ لەئەنجامدا حەقیقەتەکان جۆریان زۆرە، لەئەنجامدا حەقیقەت وجودی نیە"

(The Will To Power , #540)

بەلاّم چ نیچەو چ نیچەویەکانو چ سۆفستائیەکانی ئەمڕۆ کەئەم ووتەیە دوپات دەکەنەوە ناتوانن وەلاّمیان هەبێ بۆ ئەم ڕەتکردنەوەیە: گەر حەقیقەت وجودی نیە ئەوەی ئێوەش دەیڵێن حەقیقەت نیە. باواز لەکارەساتی ئەوە بهێنین کەگەر حەقیقەت وجودی نەبێت ژیان دەبێتە گۆڕەپانی چ کارەساتێکی مەزن؟ تەنیا لەوانە گەر حەقیقەت نەبێت عەدالەتیش مانای نامێنێت، گەر حەقیقەت نەبوو، عەدالەت مانای نەما، صدام حسێنو هتلەرەکان هەرهەموو لەسەر حەقن وەکو هۆلۆکوست کراوەکانو ئەنفال کراوەکان.پرسیارەکە ئەوەیە کەکاتێك ڕۆشنبیرێکی کورد دەکەوێتە بەرهێرشی ئەم حەملەی عەدەمیەتەوە ئایا لەبەرئەنجامەکانی قسەو کردەوەکانی خۆی ئاگادارە؟ ئێمە کاتێك دەتوانین هیتلەر تاوانبار بکەین کەتوانای حوکم دانمان هەبێت، ئەو کاتەش دەتوانین حوکم بدەین کەلەبەر ڕۆشنایی کۆمەڵێ پرەنسیپدا لەوانە مانای عەدالەت توانیبێتمان بیرمان کردبێتەوە، لەکاتێکدا حوکم دەتوانین دەربکەین کەشتێك هەبێت بەناوی حەقیقەتەوە، دەنا گەر هەموو شت وەکو نیچە دەڵێ "پێر سپیکتڤ (وجهة النظر)" بێت ئەوا هەموو پێر سپیکتڤێك مافی ژیانی هەیە لەوانەش پێر سپێکتیڤی فاشیزمو نازیزمو بەعسیزم، تۆبڵێی ئەوانەی ئەم قسەیەی نیچە دووبارە دەکەنەوە لەم بەرئەنجامە ئاگادار بن؟ نیچە جگە لەوەی سۆفستائیە هیچی دیکە نیە. بەومانایەی کەسۆفستائی ئەو کەسەیە کەتەسلیمی شتێکە لەدەرەوەی حەقیقەت، حەقیقەت تەسلیمی شتێك دەکا لەدەرەوەی خۆی، واتە بۆ مەبەستی دیکە لەدەرەوەی حەقیقەت، سۆفستائی ڕێژەگەرایە "هەموو بەهایەك ڕێژەییە، حەقیقەت بەهایە، کەواتە حەقیقەت ڕێژەییە" هەر ئەم ڕێژە گەراییەشە کە ئەمڕۆ لەپۆست مۆدێرنیزمدا ڕەنگی داوەتەوە. هەڵوەشاندنەوەی ئەو هاوکێشە لۆژیکیەی سەرەوە تەنیا بەوە دەکرێت کە ئەو موقەدەمە لۆژیکیە تێك بدەین کە دەڵێت (حەقیقەت بەهایە) لە ڕاستیدا حەقیقەت بەهانیە، حەقیقەت مەوزوعییە، بەها زاتیە Subjective نیچە ڕای وایە (حەقیقەت جۆرێکە لەهەڵە کە هەندێ مەخلوقاتی ناو ژیان Species بێ ئەو ناتوانن بژین، بەها بۆژیان ئەو شتەیە کە دوا بڕیاردەرە) (wp 493)، یاخود ئەوەی کە دەڵێت عەقلّ بریتیە لە (بەدرۆ خستنەوەیەکی بەکەڵك) (wp 584)، (زانین واتە تێگەیشتن لە هەموو شتێك کە چۆن خزمەتی بەرژەوەندی ئێمە بکا). لای ئەفلاتوون هەڵسەنگاندن واتە مانای زانین، کەسێکیش ئەو شتە دەتوانێ بزانێ کە هەیە (is)، لای نیچە زانین واتە هەڵسەنگاندن (سۆفستائیەت) ئینجا کەسێك تەنیا هەڵسەندگاندن بەرمەبنای ئارەزووەکانی دەکا واتە پێر سپێکتڤیزم. لەدڵی سۆفستائیەتی نیچەدا ئەم فۆرمیلەیە هەیەکە بەردەوام دووپات دەکرێتەوەو قوتابخانەی ئەدەبیو فەلسەفی لەسەر دامەزراوە (حەقیقەتەکان نین ئەوەی هەیە تەفسیرەکانن) (wp 481). (حەقیقەتەکان نین) ئایا ئەمە حەقیقەتە یاخود تەفسیرە؟ ئایا دەتوانین تەفسیر بکەین گەر حەقیقەت نەبێ؟ لەسەر چیەوە تەفسیر بکەینو لەبەر ڕۆشنایی چیو بۆچی؟و چۆن بزانین کە کام تەفسیرە دروست ترە؟ ئایا کە گوتمان تەفسیری ڕاستەقینە، گەر لەبەر ڕۆشنایی حەقیقەتێك دانەبووبێت چۆن زانیمان ڕاستەقینەیە؟ ئایا دەتوانین هێندە مل هوڕبین بڵێین (ئەمە تەفسیری حەقیقیە، وەری دەگرێ باشە وەری ناگرێ کێشەی خۆتە)؟ . تەفسیر چیە گەر حەقیقەتی تەفسیر خۆی نەبێ؟ گەر وابێت هەموو تەفسیرێك ڕاستە، کە هەموو تەفسیرێکیش ڕاست بوو لەڕووی مەعریفیو فیکرییەوە ئەو تەفسیرە بالاّدەست دەبێت کە هێزی زۆرتری هەیە، دەستەلاّتی زۆرتری هەیە، ئەوەش واتە فەلسەفەی

کالکلیسی سۆفستائی (دیتان چۆن ئەفلاتوون زیندووە)! دیتان نیچە چۆن سۆفستائیەکە! لەیادمان بێت کە تەنیا نیچە نیە کە سۆفستائیە، فەلسەفەی مۆدێرن تۆڵەی سۆفستائیەکانە لەفەلسەفە. ئەم کێشەیە لەکانتەوە دەست پێدەکاو تا ئەمڕۆ بەردەوامە لەفەلسەفەدا. چ دولوز لەکتێبەکەیدا لەسەر فەلسەفەی نیچەو چ فۆکۆو چ فۆکۆییەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە فەلسەفەی نیچە فەلسەفەی ئەرێ گوتنی ژیانە، هەر لێرەشەوە بێ ئاگایانەو بەرمەبنای ریتۆریك هێرش دەکەنە سەر ئەفلاتوون، بەڵام پێمان ناڵێن کە ئەمە چ فەلسەفەیەکە بەئینکاری کردنی هەموو شتێك تەواو دەبێت ئەمە چۆن فەلسەفەیەکی ژیانە کە بەنەفی هەموو شتێك تەواو دەبێت کە حەقیقەت نیە (No truth No facts)، لێرەدا سۆفستائیو عەدەمیەت دەبن بەیەكو یەك خزمەتی ئەوی دیکە دەکات. رەوایە جارێکی دیکە بپرسین کە گەر فاکتەکان (راستیەکان) نەبن تەنیا بیرو بۆ چون هەبن، چۆن دەتوانین لەگەڵ ئینکار کەرەکانی هۆلۆکوستدا موجادەلە بکەین؟ گەر هەمووشت تەفسیر بێت، چۆن دەتوانین لەگەڵ ئینکارکەرەکانی ئەنفالدا موجادەلە بکەین؟ هەرهەمان پرسیار دەتوانین لەئاغا درێدا بکەین کە دەڵێ (شتێك نیە بەناوی حەقیقەتەوە خۆی لەخۆیدا بەڵکو تەنیا زیادە رۆیی کردنی، تەنانەت گەر هەبێت بۆ من، دەربارەی من، حەقیقەت کوێیە)[٤٠] لای پۆست مۆدێرنیستەکان حەقیقەت بەرهەمی گەمەی دەستەڵاتە (کالیکلیس لەبیرمەکەن)، ئەوەتا فۆکۆ دەڵێت (ئێمە مل کەچی بەرهەم هێنانی حەقیقەت کراوین لەرێگای دەستەڵاتەوە، ناشتوانین دەستەڵات مەشق بکەین مەگەر تەنیا لەرێگای بەرهەم هێنانەوەی حەقیقەتەوە نەبێت)[٤١] لێرەوە لای پۆست مۆدێرنیستەکان مەحاڵە حەقیقەتو دەستەڵات لێك جیابکرێنەوە، کەواتە هیچ بوارێك نیە بۆ ئەگەری حەقیقەتێکی موتڵەق، ئەمەش هەر ئەو شتەیە کە نیچە دەیگوتو هەر هەمان شت کە سۆفستائیەکانی کلاسیك دەیانگوت. لەمە خەتەر ناکتر ئەوەیە کە سۆفستائیەکانی ئەمڕۆ، پۆست مۆدێرنیستەکان، ئیدیعا دەکەن کە حەقیقەت جۆرێکە لەتیرۆریزم. بۆ دریار [٤٣] (رای وایە کە حەقیقەت تۆقێنەرە. لەم دیدەوە حەقیقەت، یا گوتنی حەقیقەت، یا ئیدیعا کردنی حەقیقەت بۆ ئەوەیە کە بەهانە بۆ دەستەڵاتدار بهێنرێتەوەو کەسی لاواز هەست بکا کە لەسەر هەڵەیە هەرهەمان رای سیراما خۆسە لەکۆماری ئەفلاتووندا، هەر هەمان رای کالیکلیسە. شپرزەیەکی عەجیب هەیە لەلایەن پۆست مۆدێرنیستەکانەوە لەتێکەڵ کردنی حەقیقەتو دەستەڵات. ئەوەتا لیوتارد[٤٢] دەڵێت کە (حەقیقەت) ئەرگومێنتی (ئەوی دیکە) لەناو دەبا، بۆچوونی کەسێکی دی پووچ دەکاتەوە (ئەمەش ئازاری دەدا لەبەرئەوە شیاو نیە). لەسەر دەستی ئاغای لیۆتاردا ئەرگومێنت مانای نامێنێت، موجادەلە مانای نامێنێت، لە موجادەلەدا لەمەو دوا بەکەسێك کە لەسەر هەڵەیە (بەپێی رای ئاغای لیۆتارد هەڵە بوون نیە)، بۆئەوەی ئازاری نەدەین، مێشکی ماندو نەکەین نابێت بڵێین تۆ هەڵەیت (بەڵکو) ئەوەی بەرێزتان دەیڵێن رایەکی جیاوازە (کە من خۆم بەهۆی وەزیفەکەمەوە رایەکی ترم هەیە) (بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە بەرێزتان هەڵەن). پۆست مۆدێرنیستەکان کە حەقیقەت رەت دەکەنەوە، لەگەڵیشیدا فیکرەی (نووسەر) (زات) رەت دەکەنەوە رەتکردنەوەی نووسەر واتە تاکە کەسێك (نووسەر) ناتوانێ پێمان بڵێ کە تێکستێك مانای چیە، تەفسیری راستەقینە بۆ تێکستێك وجودی نیە، چونکی زاتێك وەك بکەرێك کە مانا بەناوەرۆکی گوزارەیەکی حەقیقەت بدا بوونی نیە، هەروەها حەقیقەت واتە بوونی توانای جیاکردنەوەی ئەوەی کە ئامادەیە لەگەڵ ئەوەی کە نادیارە، بەڵام نادیار تا رێژەیەك ئامادەیەو دیاریش هەمیشە نادیارە، کەواتە حەقیقەت بوونی نیە.

دیارە دەتوانین درێژە بەقسەکانمان بدەین لەسەر پۆست مۆدێرنتی، بەڵام مەستی ئێمە تەنیا ئەوە بوو نیشانی بدەین کە پۆست مۆدێرنیزمو پۆستەکانی دیکەش لەراستیدا زیندو کردنەوەی سۆفستائیەتی کلاسیکن، کە خۆی نیشانەی ماندوو بوونی شارستانیەتێکە لەبیرکردنەوە. ریشەی سۆفستائیەتی هاوچەرخ حەتمەن دەبێت بگەرێنینەوە بۆ دیکارتو لەوێوە دەتوانین پێ بەپێ لەگەڵ ئەو هەڵانەدا بێنین کە بەناوی فەلسەفەوەن بەڵام دژی فەلسەفەن، ئەمە پرۆژەیەکی دیکەیە. دەرهەق ئێستا ئەم چەند خاڵە با لەبەرچاو بگرین:—

١- كۆمەڵێك نوسەرو لێکۆڵەرەوە لەدنیای مۆدێرنداو لەماوەی سەد ساڵی رابووردووداو لەئێستادا بوونیان هەبووەو هەن کە ئێمە لەبەر نەبوونی ناوی دی پێیان دەڵێین (رۆشنبیر)، لەراستیدا بیرکەرەوەن، لێکۆڵەرەوەن، رەخنەگرن، نەکەوتونەتە ناو گێژاوی ئینکار کردنی حەقیقەتەوە، بەڵام لەدەرەوەی ئەم ژمارە کەمەوە (رۆشنبیر) بەو مانایەی کە لەسەرەتادا ئاماژەمان پێکردو خۆی لەراستیدا واتە سۆفستائی. رۆشنبیرەکان بەهۆی هەم ئینتمایانەوە لەنێو دامو دەزگا جیاوازەکانداو هەم نەبوونی ئینتمایان، لەهەردوو حاڵەتەکەدا دیاردەیەکی هەم نوێیەو هەم کۆن، نوێیە لەوەدا کە بەفیعل لەگەڵ مۆدێرنتیدا لەدایك بوون‌و مۆدێرنتی دروستی کردوون بۆ پڕکردنەوەی کۆمەڵێك وەزیفە: رۆژنامە گەری، وەزیفەی ناو ئیدارە، میدیا، پڕوپاگەندەچی، مانیجەر، زانا، مامۆستا، نووسەر، شاعیر، کۆنە لەوەدا کە هەوڵی شێواندنی واقیعە، خزمەتکردنی دەستەڵات، تێکدانی بیرکردنەوە، دژایەتی کردنی فەلسەفە، خزمەت کردنی گوتاری سیاسی‌و داڕشتنی گوتاری سیاسی، خزمەت کردنی ستەمکارو هێنانەوەی بەهانە بۆ ستەمکاری، خستنی رەوانبێژی لەخزمەت وەزعی هەنووکەدا، ئەمانە هەموو ئەرکی سۆفستائیانەن کە سۆفستائیە کلاسیکیەکان پێی هەستاون، یاخود راسترە بڵێین بەدرێژایی مێژوو سۆفستائیەکان ئەم وەزیفەیەیان دیوە.

٢- لەگەڵ سەرهەڵدانی عەدەمیەتی هاوچەرخدا، سۆفستائیەتی هاوچەرخ زیاتر بەکار دەبێت. عەدەمیەت بەقەولی نیچە واتە (ناهیلیزم مانای چی؟ ئەوەی کە بەها بەرزەکان خۆیان پووچ دەکەنەوە ئامانج گوومە بۆچی؟ وەڵامێك نیە) (wp #2)، ناهیلیزم واتە باوەڕ نەبوون بەهیچ، جیهانێکی میتافیزیقی‌و مەنع کردنی باوەڕ هێنان بەهەر جیهانێکی راستەقینە) (wp. 12). یاخود ناهیلیزم واتە (یەکێك لەهەرە نیشانە گەردونیەکانی سەردەمی مۆدێرن، ئینسان لەچاوی خۆیدا کەرامەتی خۆی لەدەست داوە تا سنورێکی باوەڕ پێنەکراو) (wp. 8)، (ناهیلیزم وەك سەرەولێژ بوونەوەو قەیرانی دەستەڵاتی رۆح: وەك ناهیلیزمی پاسیڤ) (wp . 22) (هۆکانی ناهیلیزم: ١- جنسە بەرزەکان نین واتە ئەو جنسانەی کە دەستەڵاتی لەبن نەهاتوویان ئیمان بەئینسان هەمیشە رادەگرن، ٢- جنسە نزمەکان (مێ گەل، جەماوەر، کۆمەڵگا) فێری ئەوە دەبن کە واز لەتەوازوع بهێنن.. بەو شێوەیە هەموو بوون بەبازاڕی دەکرێت (WP . 27). عەدەمیەت واتە نەمانی مانا، باوەڕ نەبوون بە حەقیقەت، ئەوەی کە هەمووشت دەڕواو رەوایە، ئەمەش زەمینەیەکی زۆر چاکە بۆ سۆفستائیەکان چونکی سۆفستائی وەکو دیمان نەلەبیری حەقیقەت دایە، نەمانا، بەڵکو رەوانبێژیەك کە مەبەستی بردنەوەیە لەژیاندا.

٣- بەهۆی زاڵ بوونی رێژە گەرایی، هیستۆریسیزم (مێژوویێتی)، پۆزەتڤیزم، خودێتی (Subjective) کە لەدیکارتەوە دەست پێدەکات ئەمانەش هەموو نیشانەکانی سۆوفستائیەتن.

٤- مۆدێرنتی دایکی کۆمەڵێك ئایدیۆلۆژیایە وەکو لیبرالیزم، سۆشیالیزم، مارکسیزم‌و نیولیبرالیزم، کە هەر بەسروشت ئایدیۆیالۆژیا خۆی پێویستی بەسۆفستائی هەیە بۆ خزمەت کردن‌و پڕوپاگەندە بۆ کردن‌و داڕشتن پیادەکردنی لە کۆمەڵگادا. ئایدیۆلۆژیا بەپلەی سەدو هەشتا لەگەڵ فەلسەفەی سیاسیدا جیاوازە، یەکێکیان، فەلسەفەی سیاسی (وەك پەیڕەوی کردن لەئەفلاتوون‌و ئەرستۆو ترادسیۆنەکان) باس لەحەقیقەت دەکا، عەدالەت‌و فەزیلەت، ئایدیۆلۆژیاش باس لەلۆژیکی ئایدیا دەکا بەقەولی هانا ئارێنت یاخود "سیستەمێك لەبەهاو مانای دروستکراوو پڕوپاگەندە بۆکراوو" یان بەقەولی مارکس "هۆشیاری موزەیەف".

٥- بەهۆی شۆرشە جەماوەرییەکانەوە دەستەڵاتی کۆمەڵانی خەڵك‌و بەهۆی دیموکراتیزە کردنی مەعریفەوە پاشەکشەیەکی تەواو لەفەلسەفەدا هەیەو سۆفستائیەتیش لە برەودایە، سۆفستائیەت بیرو بۆچوونی عامەی خەڵكەو فەلسەفەش یان نیە یا کەبوو حەتمەن تەعبیر کەری رۆحی ئۆرستۆکراسیە، لەوەدا کە چاو لەحەقیقەت‌و عەدالەت‌و بوون دەبرێت.

٦ـ له "خۆرئاوا"دا، سوپاس بۆ مۆدێرنتی كه شۆرشی سۆفستائیه‌كانه به‌سه‌ر فه‌لسه‌فه‌و ئایینداً، ئـه‌مڕۆ بـه‌هۆی كۆمـه‌ڵێ بنكه‌ی لێكۆڵینـه‌وه (Think Tank) (شـانۆنامه‌ی هـه‌وره‌كانتان بیرده‌خه‌مـه‌وه)و زانكـۆو میدیـاو رۆژنامـه‌و گۆڤـارێكی زۆره‌وه له‌سه‌رده‌می سۆفستائی‌یه‌كاندا ده‌ژین، به‌ڵام له‌هه‌مان كاتدا سوپاس بۆ هێزێكی كۆنسه‌رڤه‌تیڤ كه ده‌یه‌وێ به‌هه‌ر شێوه‌یه‌ك بووه شتێك بپارێزێ‌و گرنگی ده‌دات به‌میراتی فیكری "خۆرئاوا"یی. لێره‌وه هه‌رچه‌نده كاریگه‌ری سۆفستائی‌یه‌كان (پۆست مۆدێرنیسته‌كان، پۆست ستراكچره‌لیسته‌كان، هیستۆریسیسته‌كان) زۆره له‌سه‌ر ژیانی رۆحی خه‌ڵكی. هه‌رچه‌نده كلتوری به‌د خۆری (ئیستیهلاكی) واخه‌ریكه ده‌ست له‌بینا قاقای دوامانا گیرده‌كات‌و عه‌لمانیه‌ت وه‌كو به‌رهه‌می سۆفستائیه‌كان واخه‌ریكه هیچ مانایه‌ك ناهێڵێته‌وه، وێڕای ئه‌وه‌ش به‌هۆی ئـه‌و هـێزه كۆنسـه‌ر ڤه‌تیڤـه‌وه سـیمینارو سـیمپۆزیه‌م سـاز ده‌درێـن لـه‌زانكۆ موعته‌به‌ره‌كاندا، هه‌ندێ كۆرسی گرنگ ده‌گووترێنه‌وه، مـیراتی فه‌لسـه‌فه بـه‌رده‌وام چـاپ ده‌كرێنـه‌وه، هـه‌ر ئه‌مه‌شـه مانـای گه‌وره ئه‌مرۆ له خۆرئاوادا، نه‌ك ئـازادی‌و شـتی لـه‌و بابه‌تـه. بـه‌ڵام ئـه‌وه‌ی كـه سۆفسـتائیه‌ت ببێتـه عـاده‌ت، بـاو، دواگه‌مـه له‌كلتورێكی هه‌ژاری وه‌كو كوردا ئه‌مه عه‌ینی كاره‌ساته. باباسی ئه‌م كێشه‌یه بكه‌ین.

ده‌رباره‌ی رۆشنبیری كورد، ئێمه له‌چاوپێكه‌وتنێكدا كه دواجار له‌به‌رگی نامیلكه‌یه‌كدا هه‌فته‌نامه‌ی هاوڵاتی بڵاوی كرده‌وه له‌ژێر ناو نیشانی (پاكس ئه‌مریكانا)دا گوتوومانه كه (رۆشنبیری) كورد مه‌خلوقێكی زۆڵه‌و نه‌باوكی هه‌یه‌و نه ئه‌سـڵ‌و فه‌سـڵ. باواز له‌و په‌رچه كردارانـه‌ی (رۆشـنبیری) كـورد بـهێنین كـه لـه جیـاتی ئـه‌وه‌ی ره‌سـه‌نایه‌تی خۆیانمـان نیشـان بـده‌ن چـۆن پێچه‌وانه‌كه‌یان سه‌لماند، واته بۆ چونه‌كه‌ی ئێمه، و ته‌ركیز بكه‌ینه سه‌ر ناڕه‌سـه‌نایه‌تی ئـه‌م بونـه‌وه‌ره‌و بیكه‌ینـه سـه‌ره‌تای قسه‌كردنمان له‌سه‌ر رۆڵی رۆشنبیر له‌ماڵی كوردیدا.

له‌زمانی ئینگلیزیدا له Bastard (نا شه‌رعی) واته شتێكی موزه‌یه‌ف، شاز، خاوه‌ن چۆنیه‌تیه‌كی به‌د، شوێنی گومان لـه‌ڕووی ئه‌سڵ‌و فه‌سڵی‌یه‌وه، بێ ئه‌سڵ‌و فه‌سڵ، هه‌ر ئه‌مه‌ش بوو مه‌به‌ستی ئێمه له (پاكس ئه‌مریكانا)داو مه‌به‌سـتی ئێمه‌شـه لـێره‌دا جه‌غدی له‌سه‌ر بكه‌ینه‌وه، واته (رۆشنبیر) له‌كوردا ئه‌و بوونه‌وه‌ره شازه‌یه، ئه‌و بوونه‌وه‌ره ناڕه‌سه‌نه‌یه له‌ڕووی جینیۆلۆجی‌و وه‌زیفه‌یه‌وه كه خاوه‌نی چۆنێتیه‌كی به‌ده بـه‌ڵام چـۆن؟ هـه‌روه‌ك چـۆن له‌جیـهاندا (رۆشـنبیر) دیارده‌یـه‌كی تازه‌یـه ئاوهـاش له‌جڤاتی كوردیدا تازه‌یه، هه‌موو هه‌وڵێك بۆ به (رۆشنبیر) كردنی شاعیرو رۆحـانی‌و مێـژوو نووسـانی كـورد لـه‌مێژووی كـوردا جگه له‌تێكه‌ڵ كردنێكی مه‌عریفی‌و جگه له‌سه‌ر گه‌ردانی له‌ڕووی فیكری‌و مێژوویی‌یه‌وه هیچ مانایـه‌كی دیكـه‌ی نیـه، شـه‌ره‌ف خان رۆشنبیر نه‌بوو، جه‌نگاوه‌ر بوو، میر بوو، مێژوو نوس بوو، ئه‌حمه‌دی خانی بیریـار، سـۆفی، شـاعیر بـوو نـه‌ك رۆشـنبیر، مه‌حوی بیرمه‌ندو عارفێكی گه‌وره بوو نــه‌ك رۆشـنبیر. كه‌واتـه لـێره‌دا ئـه‌م پرسـیاره سـه‌ر هـه‌ڵده‌دا: ئایا (رۆشـنبیر) كـه‌ی‌و له‌كوێوه سه‌ری هه‌ڵدا؟

رایه‌ك هه‌یه ده‌ڵێ كه (رۆشنبیر) درێژ كراوه‌ی رۆڵی مه‌لاو زانا ئاینیه‌كان‌و شاعیره كورده‌كانه هه‌ر له‌سـه‌ده‌ی هه‌ڤده‌هـه‌م‌و تـاكو سـه‌ده‌ی بیسـته‌م. كێشـه‌ی ئـه‌م رایـه له‌وه‌دایـه كـه تێكـه‌ڵ كردنێكی مه‌نهـه‌جی‌و مـه‌عریفی‌و فیكری‌یـه‌و چه‌مكـه‌كان‌و وه‌زیفه‌كان چ فیكری‌و چ ئیداری‌و چ كۆمه‌ڵایه‌تی تێكه‌ڵ ده‌كاو هه‌ڵده‌ستێ به‌پرۆسه‌ی Projection (اسقاطات) له‌دیدی ئه‌مڕۆوه‌و سه‌پاندنی به‌هاكان‌و ماناو وه‌زیفه‌كانی ئه‌مڕۆ به‌سـه‌ر سـه‌رده‌مه جیاوازه‌كـانداو نـه‌بوونی قودره‌تـی جیاكردنـه‌وه‌ی خاسـیه‌ته تایبه‌تیه‌كانی سـه‌رده‌مه جیاوازه‌كانـه. رۆشـنبیرو رۆڵـی رۆشـنبیر زاده‌ی ئـه‌و قۆناغـه‌ی مۆدێرنتی‌یـه كـه تێیـدا پرۆسـه‌ی بـه تایبه‌تیكردن‌و به‌پسپۆڕی كردنی بواره جیاوازه‌كانه. قۆنـاغی فرۆشـتنی گوتاره‌كانـه Discourses به‌كۆمـه‌ڵانی خـه‌ڵك، قۆنـاغی په‌روه‌رده‌كرنی جه‌ماعی مۆدێرن واته كردنه‌وه‌ی قوتابخانه‌و زانكۆ له‌به‌رده‌م كۆمـه‌ڵانی خـه‌ڵكدا، قۆنـاغی شۆڕشـی كۆمـه‌ڵانی خه‌ڵك، كه هه‌ر هه‌مووی هیچ نیـه جگـه لـه شۆڕشـی سۆفسـتائیه‌كان به‌سـه‌ر فه‌لسـه‌فه‌و فه‌یله‌سـوف‌و بیریاره‌كـاندا. لـێره‌وه ناسینه‌وه یا هاوشێوه‌كردنی شاعیرو بیریارو سۆفی‌و عارف‌و مێژوو نوسه‌كانی كورد لـه‌ڕابووردوودا له‌گـه‌ڵ (رۆشـنبیر) بوونـدا

تێکەڵ کردنێکە باس لەناحاڵی بوون دەکا، ناحاڵی بوون لە وەزیفە جیاوازەکان. گوتمان کە کوردوو بوونی جڤاتی کوردی حەقیقەتێکی مێژوویی‌یەو ئەم جڤاتە بەشێوەی جۆراو جۆر لەبیناکردنی شارستانیەتەکانی خۆر هەلاتی ناوەڕاستدا بەشداریکردووەو ئەم بەشداریکردنەی ڕۆحی کوردیش بۆتە مایەی سەرهەڵدانی زانای ئاینیو شاعیرو مێژوو نوسو میرزا (بەمانای کاتب)و بیروکرات (بەمانای کەسێك کە وەزیفەیەکی هەبووە لە ئیمپراتۆریەتی ئیسلامدا) جێو مەقامی هەریەك لەمانە بەلە لەبەرچاوگرتنی ڕەوتی ئەو شارستانێتی‌یەو ئەو کۆسمۆلۆژیایەی کە ڕێکخەری ئەو شارستانێتی‌یە بووە، واتە ترادسێون، ڕێگای ئەوەمان نادەن کە ئەو کەسانەو وەزیفەکانیان بەرۆشنبیرو وەزیفەی رۆشنبیر بوون لەقەڵەم بدەین. هەبوونی توانای نووسینو خوێندنەوە بەس نیە بۆ ئەوەی کەسێك بکا بە (رۆشنبیر)، دەبێ هەلومەرجی دیکە لەئارادابن، کە ئەو هەلومەرجە نایەتە بوون تاکو سەدەی بیستەم. شاعیرو زانای ئاینیو مەلاو میرزاو مێژوونوسی کورد لەسەدەکانی رابووردوودا بەشێك بوون لەجڤاتی کوردی، دەرگیر بوون لەگەڵ جڤاتی کوردیدا، لێپرسراو بوون لەم جڤاتە، هەندێکیان سەرکردەو میرو جەنگاوەرو حەکیمی ئەم جڤاتە بوون، بەواتایەکی دی خودی جڤاتی کوردی بوون. بەلام رۆشنبیر بوون بەمانای مۆدێرن واتا دروست کردنی مەسافەیەك، شوێنێك، دوره پەرێزی یەك، لەنێوان جڤاتو (رۆشنبیر)دا. دروست کردنی بۆشاییەکی گەورە لەنێوان جڤاتو ئەو بونەوەرە تازەیەدا واتە (رۆشنبیر)ەو هەوڵ دەدا جڤات بکاتە شوێنی مەشق کردنی بیروبۆچونو پیادەکردنی ئایدیاکانی. زانایەکی ئایینی لەسەردەمەکانی پێشوودا بەم شێوەیە لەگەڵ جڤاتی کوردا نەدواوە وەك ئەوەی ئەمرۆ رۆشنبیرێکی کورد دەدوێ. "خۆی لەڕاستیدا ئێوە زۆر دواکەوتوونو غەرقی کۆمەڵی پەیوەندی دواکەوتوانەنو باوەڕتان بەپێش کەوتن (Progress) نیەو باوەڕتان بەمافەکانی مرۆڤ نیەو مەرگ پەرستنو حەزتان لەژیان نیەو زۆرتر بەدەست عوقدەی ئۆدیبەوە گیرتان خواردووەو ناکۆکی چینایەتی داغانی کردوونو زوڵم لە چینی کرێکار دەکەنو ئەو چینەی کە حەتمەن شۆڕش دەکاو ئێوە هیچ حسابێ بۆ Gender (جێندەر، کێشەی نێرو مێ) ناکەنو ئێوە سێکسیستن، چارەسەری کێشەکانی ئێوە وا لەپیادەکردنی عەلمانیەتدا، لێدان لەدەستەلاتو پیرۆزی دەستەلات، والە ئەو دیدەی کە دەڵێت هیچ پیرۆز نیەو ئاین کێشەی تاکە کەسە نەك کۆمەڵو جڤات، کەسێ باوەڕی هەیە یا نیە کێشەی خۆیەتی، ئێوە لەرۆشنگەریو مەدەنیەت دواکەوتوونو تاکە ئومێدی ئێوە گوێگرتنە لەمن". نا، بەڵکو زانایەکی ئایینی، شاعیرێك یا بیریارێك بەم شێوەیە لەگەڵ جڤاتی کوردی دەدوا، بابڵێین لەحاڵەتی لادانی جڤاتی کوردیدا لە پرنسیپەکانی ئاینو ژیانی جڤاتی کوردی لەحاڵەتی قەیراندا "گوێ بگرن، ئێوە بەتەنگ عەدالەتەوە نایەن، ئێوە لەبیرتان چۆتەوە کە پرسیار بکەن ژیانی چاكو چاك ژیان مانای چی؟ ئێوە لەبیرتان چۆتەوە کە بەتەنگ ویژدانو بوونو ئەمڕۆی دنیای خۆتانو دوارۆژی خۆتانەوە بێن واتە ئەو دنیای دیکە وەبێن، ئێوە نە بەتەنگ خۆتانەوە دێنو نە بەتەنگ ئایینتانەوەو نە بەتەنگ دەرو دراوسێ کانتانەوەو نە بەتەنگ ویژدانو ئەخلاقو سلوکتانەوە، ئێوە لەبیرتان کردووە کەمانای ئینسان بوون چیەو لێپرسراوێتی چیە لەبەردەم خوداداو رۆژی مەحشەرداو ئێوە لەبیرتان کردووە پرسیار بکەن لەبوونو نەبوونو لە باشترین بوونو خراپترین ژیانو ئیدی سەرقاڵی ئەوەنین کە عادلانە بژین عادلانە مامەڵە بکەنو ئیدی لەبیری خوداو پەیامی خوداوەندداننین"، بەڵێ دوو پەیامی جیاوازو دوو وەزیفەی جیاوازو دوو مەخلوقی جیاواز، یەکێکیان رۆشنبیری کورد لەم سەردەمەداو ئەوی دیکەیان زانای ئایینیو شاعیرو بیریاری کورد لەسەردەمەکانی ڕابووردوودا، یەکێکیان خانیو نالیو مەحویو ئەوی دیکەیان رۆژنامە نووسو دەرچووی زانکۆکانی ئەمڕۆ، کەواتە پردێك نیە لەنێوان ئەم دوو بوونەوەرەدا. لێرەوە دەڵێین کە (رۆشنبیر) بوونەوەرێکی نوێیەو درێژکراوەی جنسەکانی پێش خۆی نیە. بەلام ئەی ئەم بوونەوەرە لەکوێوە هات؟ئەم بوونەوەرە کە (رۆشنبیر)ی پێدەڵێن زادەی هاتنی، بەلام هاتنێکی شێواوانەی مۆدێرنتی‌یە بۆ ناو ماڵی کوردی، زادەی ئەو ئایدیۆلۆژیایانەیە کەبەم یابەو شێوەیە خۆیان گەیاندۆتە ناو کۆمەڵگای کوردی، ئایدیۆلۆیای ماکسیزمو ناسیۆنالیزمو سۆشیالیزمو کۆمۆنیزمو... هتد، دواجار هەر کۆرپەکانی ئەم ئایدیۆلۆژیانە ئەم ئایدیۆلۆژیانە تا ئەمڕۆ رادەگرن، ئەم بوونەوەرە زادەی

سیستەمێکی پەروەردەیە کـە دەوڵـەتی نەتـەوە لـەعێراق‌و ئـێران‌و تورکیـاو سـوریا پیـادەی کـردووە. (رۆشـنبیر)ی کـوردی بەرهـەمی سیسـتەمی پەروەردەیـە بـەڵام پـەروەردەی کلاسـیك نـا بـەڵکو پـەروەردەی ئـەو دەوڵەتـە ناسیۆنالیسـتانەی کـە کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە. رۆشنبیری کورد پەروەردەی سیستەمی پەروەردەی دەستە جەمعی‌یە (Mass Education) کە هیچ دەوڵەتێکی نەتـەوە نـاتوانێت بـەبێ ئـەم سیسـتەمە بـژی‌و گیـانی سـالم لەئـەمڕۆدا بـەدەربکا، ئـەو سیسـتەمەی کـە مەبەستی نیە ئینسانەکان شت فێربن‌و عەوداڵی حەقیقەت بن‌و پرسـیار بکـەن‌و فـێری پرسـیارکردن بـبن‌و مەبەسـتیان بێـت بەخۆیان بگەن‌و سەرمەشقی حەقیقەت بن‌و لەعەدالەت پرسیار بکەن‌و بڵێـن (ئێمـە بـۆ لـێرە هـەین‌و مەبەسـت چیـە لـەبوونی ئێمە؟) بەڵکو دەبێت بپرسن (ئێستا کەمن لێرەم چۆن سەرکەوتوو دەبم)، چۆن لەئەوانی دیکە ببەمەوە؟ چۆن وەزیفەیـەکی چاکم دەست بکەوێت؟ بەواتایەکی دی چۆن ببمە سۆفستائیەکی زۆر چـاك؟). سیسـتەمی پـەروەردە لەسـەردەمی دەوڵـەتی نەتەوەدا چۆنە؟ گرنگە ئێمە لەم سیستەمە تێ بگەین چونکی هەر ئەم سیسـتەمەیە کـە (رۆشـنبیر) دروسـت دەکـات. بـەڵام چاکترە سەرەتا لەسیستەمی پەروەردەی کلاسیك لە وولاتە ئیسلامیەکاندا بگەین، چونکی مۆدیلێکی تـرە کـە تێیـدا بیریـارو شاعیرو کەسی خاوەن ویژدانی سەر بەجڤاتی دروست کردووە نەك رۆشنبیر، هـەروەها ئـەو سیسـتەمە پەروەردەیـە کـەناڵی‌و مەولەوی‌و مەحوی دروستکرد کە رۆشنبیر نەبوون بەڵکو بەشێکی زیندوو و ئۆرگانێکی جڤـاتی کـوردی بـوون، رۆحـی کـوردی لەڕێگای ئەوانەوە خۆی مانیفێست کردووە.

لێرەدا ناتوانین باسی ئەو حەقیقەتە نەکەین کە فیکرەی پەروەردەی کلاسیك‌و فیکرەی زانکۆ بەماناکەی ئـەمڕۆ لـەخودی شارستانیەتی ئیسلامیەوە سەرهەڵدەدا. زانکۆ بەو مانایەی کە لەدنیای مۆدێرنـدا بـەکار دێـت لـەژێر کاریگـەری شارسـتانێتی ئیسلامیدایە، بۆ ئەم مەبەستە دەتوانن سەیری هەوڵەکانی جۆرج مەقدیسی بکەن[٤٤]، بۆ زانینی پەروەردە بوونی ئیسلامی یا کلاسیکی چاکترە سود لەمامۆستایەکی ئەمڕۆ، واتە سەید حوسەین نەسر وەربگرین. سەید نەسر پێمان دەڵێت کە مەنهـەجی خوێندن لەقوتابخانە کلاسیکی‌یەکاندا لەئێراندا، لەدنیای ئیسلامدا تـاکو بیسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم بەشـێوەیەکی جیـاواز بووە.

ئەوەی کە سەید نەسر دەیڵێت تا سنورێکی زۆر بەسـەر سیسـتەمی پـەروەردەدا دەچەسـپێ کـە لەکوردسـتانی گـەورەدا پەیڕەوی لێکراوە. سەید نەسر پێمان دەڵێ کە پەیڕەوو پرۆگرامی خوێندنی کلاسیك بەم شێوەیە بووە[٤٥]:-

١- زانستە نەقڵیەکان

A- زانستی مۆرفۆلۆجی (صرف)، کەتێیدا ئەم زانستانە خوێندراون:-

١- صرفی میر.

٢- تەفسیری زەنجانی لەلێکۆڵینەوەی ئەو تێکستەوە کە عزەدین ئیبراهیم زەنجانی نوسیویەتی کـە لەسـەدەی سـیازدەدا ژیاوە.

٣- شەرحی نیزام.

B- نەحو، زانستی سینتاکس (رێزمان)

١- عەواملی جۆرجانی، کاری لێکۆڵەرەوەیەکی سەدەی یازدەهەمە، عبدالقادری جۆرجانی.

٢- عەواملی مەلاحوسەین.

٣- سەمادیە Suma diyyah کە تێکستێکە لەلایەن شێخ بهاءالدین ئەمیلی‌یەوە نووسراوە.

٤- ئەلفیە Alfiyyah کە لەنووسینی ئیبن مالکی ئەندەلوسی‌یە (لەگەڵ چەند تێکستێکی تـردا کـە سـەید ناسـر ئاماژەیـان پێدەکا).

٢- زانستی رەوانبێژی‌و بەدیع

٣ـ ئوسوڵی فقیه کەتێیدا یازده تێکست خوێندراوه.

٤ـ فقهه کەتێیدا چوار تێکست خوێندراوه لەگەڵ یازه سەرچاوەی فقهدا.

٥ـ زانستی حەدیس (فەرمودەکانی پێغەمبەر).

٦ـ زانستی تەفسیر، نۆ سەرچاوەی تەفسیر لێی کۆڵراوەتەوه.

٧ـ زانسته عەقڵیەکان

A– لۆژیك که تیایدا رسالەی کوبراو شەرحی شەمسیەو شەرحی مەنزومەی سەبزەواری فەیلەسوفو عارفو شەرحی ئیشاراتی ئیبن سینای فەیلەسوفو شەرحی ئەلتەجویدی ناسرەدین توسیو حیکمەتی ئیشراقی سەهرەوەردیو لۆژیکی ئیبن سینا.

B– فەلسەفەو کەلام. که تێیدا کۆمەڵێ تێکستی فەلسەفه خوێندراوه لەوانه بەرهەمەکانی ئیبن سیناو رازیو حیکمەتی ئیشراقی سەهرەوەریو مەلا صەدرا.

٨ـ سۆفیزمو عیرفان که تێیدا کۆمەڵێ تێکستی عیرفانی خوێندراوه لەوانه بەرهەمەکانی ئیبن عەرەبیو کاشانیو شەرحی مفتاح غەیبی سەدرەدین قونەوی (شەرح کەری ئیبن عەرەبی له خۆرهەڵات).

٩ـ زانستی پزیشکی، کەتێیدا کۆمەڵێك تێکست خوێندراوه لەوانه کانونی ئیبن سینا.

١٠ـ زانستی ماتماتیك، هەندەسەی ئیقلیدسو حیسابو تەزکەرەی ناسرالدین تووسیو کۆمەڵی تێکستی دیکه.

گەر لەو پرۆگرامەی سەرەوه ووردبینەوه که ئێمه بەکورتی لەسەید نەسرەوه وەرمان گرت دەبینین که پەروەردەی کلاسیك لەئێرانو دنیای ئیسلامدا تاکو بیستەکانو سیەکانی سەدەی بیستەم چۆن بووەو جەغد لەسەر چیکراوه که لەگەڵ دنیای کوردا جیاوازیەکی ئەو تۆی نیه. لەکوردستاندا پێش سەرهەڵدانی سیستەمی پەروەردەی مۆدێرن، لەحوجرەو قوتابخانەکاندا قوتابیان بەهەمان شێوه رێزمانو فقهەو فەلسەفەو عیلمی کەلامو لۆژیكو ماتماتیكو عیلمی تەفسیرو عیلمی حەدیسو عیلمی قورئانیان خوێندووه. بەتایبەتی گرنگه سەرنج بدەینه ئەوەی که چۆن لۆژیك، لۆژیکی ئەرستۆیی، و عیلمی کەلامو فەلسەفه گوتراوەتەوه. گوتنەوەی ئەم بابەتانه له بەدترین حاڵیشدا جۆرێکه لەهۆشیاری، بەتەنگەوەهاتنی پرسیاره فەلسەفیەکان، بەتەنگەوه هاتنی ئەرگومێنت (حجەو بورهان) بەتەنگەوه هاتنی ئەو شتەی که دەیڵێت واته زمانو ڕێزمان، فێربوونی چۆنیەتی قسەکردنو پیادە کردنی ئەرگومێنت. لەگەڵ هاتنی سیستەمی پەروەردەی مۆدێرن یا پەروەرده بەکۆمەڵ که بەرهەمی دەوڵەتی نەتەوەیه چ لەئێرانو چ لەتورکیا چ لەعێراق چ له سوریادا، ئەو وولاتانەی که کوردستانیان بەسەردا دابەش کرا، ئەوەی شوێنی سەرنجه ئەوەیه، یەکەم مەبەست لەپەروەردەی جەماعی نەپەروەردەکردنی عەقڵو نەپەروەردەکردنی کەسێکه تا بەتەنگ عەقڵو فەلسەفەو ویژدانو فیکرو زمانو بەهرەکانیەوه بێت، نه ئەوەی که چاو لەدروست کردنی یا پەروەردەکردنی کەسێك ببڕێ که باش گفتوگۆ بکا، باش موجادەله بکا، لەفەلسەفه عیلمی کەلامو لۆژیك بگا، لەزانستەئاینیەکان بگاو بزانێ چۆن ئارگومێنتێك پیاده دەکا، نا بەڵکو بەخوێندەوار کردنی کۆمەڵانی خەڵكو ئامادەکردنیانه بۆ وەزیفه کۆمەڵایەتیو ئابووریەکان، هەر ئەمه مەبەسته لەپەروەردەی مۆدێرنتیو دەوڵەتی نەتەوەدا. لەسیستەمی پەروەرده له دەوڵەتی نەتەوەدا لەئێران، لەپاڵ فیزیاو کیمیاو فێربوونی زمانی فارسی چۆنێتی بەسەردا هەڵدانی رژێمو لەتورکیا لەپاڵ زانسته سروشتیەکاندا به بەمەزن کردنی ئەتاتورکو لەعێراقو سوریادا پیادەکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبیو لێره شتێك لەمێژوو و لەوی شتێك لەجوگرافیای دنیای عەرەبو پەروەردەی ئایدیۆلۆژی دەخوێنرێ. ئا لەم سیستەمەدایه که ئەو بوونەوەره لەدایك دەبێت کەپێی دەگوترێت (رۆشنبیری کورد). ئەوەی ئەم بوونەوەره لەقوتابخانه نایخوێنێت هەرگیز لەدەرەوەی قوتابخانەش عەودالی نابێت، واته هەروەك چۆن لەقوتابخانه فەلسەفەو لۆژیكو عیلمی کەلامو سیۆلۆجی (خوداناسی)و گرامەر (صرفو نحو) ناخوێنێو فێر ناکرێت که موجادەله بکات ئاوهاش له دەرەوەی قوتابخانه

ڕێگایەك ناگرێتەبەر بۆ پەروەردەکردنی خۆو فێر بوونی ئەو زانستانە. ئامانجی پەروەردەی مۆدێرن‌و بەتایبەت لەقۆناغی پەروەردەی جەماعی هەرگیز پەروەردەکردنی ئینسانێك نیە کە باش بیربکاتەوە، باش موجادەلە بکات، زمان بەچاکی بزانێت، نە ئەوەی بیرنەکاتەوەو هێزی بیرکردنەوەی لەسفردا بێت نە ئەوەی باش بیربکاتەوە، نە ئەوەی هەرگیز نەتوانی بنوسیّ‌و بخوێنێتەوە نە ئەوەی کە بتوانیّ باش بنوسیّ‌و باش بخوێنێتەوە. نە ئەوەی جاهل بێت نە ئەوەی زانا، ئەمەش کەس نیە جگە لە (ڕۆشنبیر) کە بەرهەمی سیستەمی پەروەردەی مۆدێرنە، بەرهەمی سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیە. لە سیستەمی پەروەردەی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە تاکو قۆناغی زانکۆ شتێك لەفیزیا دەخوێنرێت. بەڵام بیّ لێکۆڵینەوە لەتیۆرە فیزیاییەکان، بیّ زانینی ڕەگو ریشەی زانستی فیزیاو بیّ زانینی فەلسەفەی زانست، شتێك لە کیمیا دەخوێنرێت بیّ زانینی فەلسەفەی کیمیا شتێك لەبایۆلۆژیا دەخوێنریّ بیّ بیرکردنەوە لەڕۆڵی ئەم زانستەو بیّ بیرکردنەوە لەتیۆریەکانی ئەم کایەیە، شتێك لەماتماتیك دەخوێنریّ بیّ زانینی فەلسەفەی ماتماتیك‌و ڕۆڵی ئەم زانستە لەشارستانیەتە جیاوازەکان‌و بیّ زانینی فەلسەفەی ماتماتیك لە فیساغۆرسەوە تاکو فەیلەسوفەکانی دیکە، بیّ دیاری کردنی ڕۆڵی ئەم زانستە لەکۆسمۆلۆژیاکانی ئیسلام‌و هیندۆیزم‌و یۆنانی کۆن‌و مەسیحیەتدا ماتماتیك وەك زانستێکی موجەرەد دەخوێندریّ بیّ پەیوەست کردنەوەی بەدنیا بینی‌و فەلسەفەو ئایینەوە، بەشێك لەزمان‌و ڕێزمان دەخوێندریّ بیّ ئەوەی قوتابی ئاگادار بکرێتەوە لەوەی کەزمان چیەو پەیوەندی زمان چیە بەژیانی فیکری‌و سیاسی‌و ڕۆحی جڤاتەوەو بیّ ئەوەی قوتابی فێری باش خوێندنەوەو باش نووسین بکردرێت. قۆناغی زانکۆ درێژەی ئەم حاڵەتەیەو زانکۆ هیچ نیە جگەلە دواناوەندیەك. قوتابی بەکالۆریۆس تەواو دەکا بەڵام ناتوانیّ مەقالێك بنوسیّ، لەڕاستیدا نووسین ئەو شتەیە کە هەرگیز لەو وڵاتانەی ئێمە شوێنی دەرس گوتنەوەو وانە گوتنەوە نیە. ئەمە لەکاتێکدا نووسین‌و بیرکردنەوە دوو پرۆسەن تەواوکەری یەك، باش بیرکردنەوە بەدوایدا باش نووسین دێت، نەتوانینی نوسینی باش واتە بیرکردنەوەیەکی سەرلێشێواوانەو باش بیرنەکردنەوە لەم سیستەمەشدا تەنیا (ڕۆشنبیر) لەدایك دەبیّ نەك فەیلەسوف‌و بیریار، بیّ هۆنیە بەڵکو زۆر لۆژیکیە کە لەدنیای ئێمەدا فەیلەسوف لەدایك نابێت، نەك ئەوە بەڵکو نوسەرێك لەدایك نابێت بتوانین ڕووی ئەوەمان هەبێت نوسینەکانی تەرجومەی زمانە زیندوەکان بکەین. لە باشترین حاڵەتدا (ڕۆشنبیر) لەوڵاتی ئێمە لەدایك بووی زانکۆیە، بەڵام زانکۆ چیە؟ ئایا زانکۆ بوونی هەیە؟ ئێمە وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بەتێکستی فەلسەفی لە داهاتویەکی نزیکدا دەدەینەوە، لەبەر ئەوە دەرهەق ئێستا دەڵێین زانکۆ بوونی نیە، ئەوەی هەیە درێژکراوەی قوتابخانەیە. زانکۆ دواناوەندیە کە تێیدا لەهەر زانستێك، هەر کایەیەك، پرنسیپە سەرەتاییەکان بەقوتابی دەگوترێتەوە تا لەبەری بکەن. زانکۆ ئەو نێوەندە ئازادە نیە کەکۆی سکۆڵەر (باحث)و عاشقانی زانست بێت، مامۆستاو قوتابی. مامۆستاش کەسێکە پڕچەکە بەمەعریفەو ئیشی ئەوەیە کە پەروەردەکەر Educator بێت‌و پەروەردە کردن بەئەرکێکی ئاینی‌و سیاسی‌و نیشتمانی‌و زانستی بزانیّ‌و قوتابیش ئەو کەسە نیە کەوێڵی مەعریفەبێت‌و بیەوێت فێربێت‌و فزوڵیەتی مەعریفی ڕۆحی کرۆشتبێت‌و پرسیارە مەعریفیەکان کەللەسەرە بچووکەکەی داگیر بکەن‌و فێربوون خولیایەکی مەعریفی‌و ئایینی بێت لەکەللەسەریدا. مامۆستا کارمەندەو قوتابیش دەیەوێت وەزیفەیەکی دەست بکەوێت، ئەو سیستەمەش تەنیا (ڕۆشنبیر) دروست دەکات. سیستەمی پەروەردە لەوڵاتانی ئێمەدا لەبەدترین حاڵەتیدا دەژی‌و مەخلوقێکی لاسایی کەرەوە، بیرنەکەرەوە، باش نەنوس، نەخوێندەوار، خاوەنی هیچ مەشروعێکی عیلمی‌و فیکری، خاوەنی هیچ پرسیارێکی جیدی‌و نەبوونی فزوڵیەتی مەعریفی دروست دەکات کەکەس نیە جگە لە (ڕۆشنبیر). ئەو مەخلوقەی کە لەزانکۆکانی ئێمەوە دێنە دەریّ، مەبەستم لەزانکۆکانی کوردستان نیە بەتەنیا بەڵکو هەر لەزانکۆکانی مەراکیشەوە تاکو زانکۆکانی ئێران‌و پاکستان، ئەو مەخلوقەیە (مەعریفەی کەمی هەیە)و ئەم مەخلوقەش ترسناکە ئەو مەخلوقەیە کە لەبەراورد بەعامەی خەڵك هەنگاوێکی ناوە بەڵام لەبەراورد بە پرسیارە مەعریفیەکان‌و مەوزوعیەتی بابەتە زانستیەکان‌و میراتی فیکردا هێشتا نەکەوتۆتە سەر ڕێگای گەشت بەرەو فێربوون‌و مەعریفەو دنیای

سكۆڵەر (باحث) بوونو هێشتا مەعریفە نەبۆتە خولیای. ئەو خولیایەی کە داگیری بکا، ئەمەش کەسێ نیە جگە لە (رۆشنبیر).

(رۆشنبیر) لەدنیای کوردا دیاردەیەکی تازەیەو بەرهەمی کاریگەری کۆمەڵێ ئایدیۆلۆژیای خۆ فەرزکردووە بەسەر کۆمەڵگای کورداو بەرهەمی سیستەمێکی پەروەردەییە کە دەوڵەتی نەتەوە پیادەی کردووە. بەڵگە نەویستە کە ئایدۆلۆژیاکان نایانەوێت مەخلوقێك دروست بکەن، بەرهەم بهێنن کە جیدی بێت، پرسیارکەر بێت، ناقدبێت، بیرکەرەوەبێت، بەتەنگ فەلسەفەو بیرکردنەوەو لۆژیکەوە بێت، باش بیربکاتەوەو باش ئارگومێنت پیادە بکا لەهەمووی گرنگتر سەربەخۆبێتو عاشقی ئازادی تاکە کەسیانەی خۆی بێ، گەر ئایدیۆلۆژیاکان ئەم مەخلوقە دروست بکەن ئەی بۆ ئایدیۆلۆژیا چی دەمێنێتەوە ئاخر ئایدیۆلۆژیا واتە پرسیار نەکردن، بیرنەرکردنەوە، ناقد نەبوون، بەتەنگ فەلسەفەوە نەهاتن، خراپ بیرکردنەوەو پێویست نەبوونی ئەرگومێنتو ئینجا دەست بەردار بوون لەسەربەخۆیی، هەروەها سیستەمی پەروەردەی دەوڵەتی نەتەوەش نایەوێت مەخلوقێکی بیرکەرەوەو خاوەن سەربەخۆیی خۆیو عاشقی مەعریفەو فەلسەفەو پرسیارە فەلسەفییەکان بخولقێنێ. گەر ئەم کارەی کرد ئەمە دەبێتە رەچەتەی مەرگی خۆی، دیارە سیستەمێکیش بەدەستی خۆی گۆڕ هەڵکەنی خۆی دروست ناکا بەڵکو ئەو مەخلوقانە دروست دەکا کە خزمەتی دەکەن، لەدائیرەکاندا دەبنە کارمەند، وەزیفە دەبینن، پرۆپاگەندەی بۆ دەکەن، بەچێژە سادەکانی کارمەندبوون رازین، ئەمەش کەس نیە جگە لە (رۆشنبیر). رۆشنبیری کورد زادەی ئەم حاڵەتەیە، مەنزڵێکی هەیە لەنێوان مەنزڵەکاندا وەکو موعتەزلەییەکان دەیانگوت لەنێوان جەهلو مەعریفەدا، لەنێوان تاریکیو روناکیدا، لەنێوان نوسینو خوێندەواری بەڵەد نەبووندا و زانینی شتێك لەنوسینو خوێندن، لەنێوان نەناسینی ناوە عەجیبەکانی فەیلەسوفو نوسەرو زاناو دانا کانداو تەنیا زانینی ناوی فەیلەسوفو نوسەرەکان بێ خوێندنەوەیان. لەنێوان نەتوانینی نوسینداو توانینی نوسینی پەخشاندا نەك نوسینی باسو لێکۆڵینەوە، لەنێوان نەزانینی ئەوەی ئەرگومێنت چیە لەگەڵ نەتوانینی خستنە رێگای ئەرگومێنتی دروست، واتە سۆفستائی بوون. رۆشنبیری کورد ئەو سۆفستائییەیە کە مەنزڵێکی هەیە لەنێوان مەنزڵەکاندا، پڕ مەترسیترین مەنزڵیش ئەو مەنزڵەیە کە لەنێوان دوو مەنزڵدایە، نێوان جەهلو مەعریفە.

بابپرسین (رۆشنبیر)ی کورد، واتە سۆفستائی کورد، چ جۆرە تایپێکە؟ ئەم سۆفستائیەی کورد لەو جۆرەیە کە هەڵگری ئەو شتەیە کە ئەلفرید شویتز (Alfred Schutz) ناوی دەبا بە(مەعریفەی رەچەتەیی). مەعریفەی رەچەتەیی مانای چیە؟

مەعریفەی رەچەتەیی مەعریفەیەکە کە بەکەڵکی هەندێ کاروباری کۆمەڵایەتی دێت. رۆشنبیرەکان مەعریفەی رەچەتەییان هەیە، واتە ئەوەندە دەزانن کە لەگەڵ یەکتردا کاروباریان پێکەوە بڕواو بەسەری بەرن. مەعریفەی رەچەتەیی واتە لەبەرکردنی هەندێ ناوو زاراوەو ناونیشانی کتێبو زانینی هەندێ هەواڵ لەمەڕ چاپکردنو زەمەنی چاپکردنی کتێبو ساڵی لەدایك بوونو مردنی نووسەرانو هونەرمەندانو کردنیان بەباتی دانیشتنەکانو نوسینە رۆژنامەییەکانو کۆڕەکانو پەخشانەکان. مەعریفەی رەچەتەیی پێویستی بە خوێندنەوەی کتێبەکان نیە بەڵکو تەنیا زانینی ناو نیشانەکانی، پێویستی بەزانینو قوڵ بوونەوە لەبیرو بۆ چوونی نوسەرو فەیلەسوفو بیریارەکان نیە بەڵکو زانینی ئەوەی کەی لەدایك بوون کەی مردوونو شتێکی گشتیش لەمەڕ دیدیانەوە، وەکو ئەوەی ئایا کۆمۆنیست بوون یا لیبراڵ یا کۆنسەرڤەتیف. ئەم مەعریفەیە پێویستی بەقوڵ بوونەوە لەزاراوەکان نیە بەڵکو تەنیا لەبەر کردنیانە، ئەم مەعریفەیە پێویستی بەزانینی هەر قوتابخانەیەکی فیکریو ئەدەبیو هونەری نیە بەڵکو کەی ئەو قوتابخانەیە سەری هەڵداوەو کێ دامەزرێنەرەکەی بووەو زانینی ئایا رەواجی ماوە؟ وەك ئەوەی کە بزانین بونیەویەت کێ دایمەزراندووەو زانینی ئەوەش کە رەواجی نەماوەو ئینجا بێ هۆو بێ مەعریفەکردنی بەلەقەبێكو سەپاندنی بەسەر خەڵکدا. مەعریفەی رەچەتەیی بەواتایەکی دی هەبوونی زادێك (توێشوو) بۆ سەفەرێکی زۆر کورت. مەعریفەی رەچەتەیی واتا راکردن لەپرسیارە مەعریفییە بنەڕەتییەکانو بیرنەکردنەوە لەکێشە

سەرەکیەکانو تەنیا رازی بوون بەزانینی هەندێ زاراوەو نـاوی عـەجیبو غـەریب ئـەویش بـە بـەکارهێنانی وەکو کلێشـەیەك لـەگفتوگۆکاندا بـۆ نیشـاندانی ئـەوەی کـە (ئێمـەش لـەخۆتانین) واتـە (رۆشـنبیرین). مەعریفـەی رەچەتـەیی تـەواو کرۆکـی سۆفستائی بوونە. هەروەك دیمان چۆن سۆفستائیەت واتە راکردن لەرووناکیو هەرگیز نەویستنی مەعریفەو حیکمەتو تەکان نەخواردن بەرەو رووناکی ئاوها مەعریفـەی رەچەتـەیی رۆشـنبیرانیش راکردنـە لەبیرکردنـەوەو حیکمـەتو تـەکان نـەخواردن بەرەو پرسیارکردنو بیرکردنەوەی جیدی لەشتو مەسەلەکان. لەمەعریفەی رەچەتەییدا گرنگ ئەوە نیە چـی دەزانـیو چـۆن دەیزانـیو چـۆن پێـی گەیشـتویت، بەرهـەمی هــەوڵو کۆشـشو شـەو نخونـیو قەڵـەقیو تێرامانــە یـاخود نـەقڵ کـردن لەسەرچاوەیەکەوە، لەهەوڵو کۆششی کەسانی دیکەوە، گرنگ چلۆنایەتی نیە بەڵکو چەندێتییە، چەندە دەزانیت نەك چـۆن دەزانیت گرنگە، چەند ناو ریزدەکەیت لەنێوان قسەکانتدا، چۆن ناوی قوتابخانەی هونەری یەك لەسەریەك ریـز دەکـەیت نـەك تێگەیشتن لەو ناوانەو خوێندنەوەیانو هەبوونی پرسیار لەو قوتابخانانە.

باس کردنی مەعریفەی رەچەتەیی بێگومان دەمانبا بۆ خاسیەتێکی دیکەی سۆفسـتائیەکانی کـورد، واتـە رۆشـنبیرەکان، ئەویش نەبوونی ئەو شتەی ماکس ڤیبەر لەووتارێکیدا (زانست وەکوVocation) ئاماژدەی پێدەکا واتـە سـەیرکردنی مەعریفـەو ئەو بوارە مەعریفیەیەی کە کاری تێدا دەکەیت وەك (Vocation) ئـەرك، لـێرەدا ڤۆکەیشـن زرنگانەوەیـەکی ئـاییـنی هەیـە واتـە ئەرکی ئاینی سەیرکردنی ئەو کارەی دەیکەیت وەك ئەرکێکی ئاییـنی. لێکۆڵـەرەوەی جیـدی، نووسـەری جیـدی هێنـدە سـەر مەشـقی کایەیـەکی خۆیـەتی، هێنـــدە ووردکـــار دەکـــا، هێنـــدە حیســـاب بـــۆ ووردو درشـــتی لێکۆڵینەوەکـــەی، داڕشـــتنی، پرسیارەکانی، بابەتەکەی دەکا وەکو ئەوەی دەنگێك لەغەیبەوە پێی گوتبێت کە دەبێت بەدیقەتەوە ئیش بکاو راست گۆبێت لەگەڵ خۆیو ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە. ئەم لێپرسراوە هەم لەبەردەم ویژدانی خۆیو هەم ئەو پرەنسیپانەی ئەو کایەیەی ئیشیان تێدا دەکاو هەم ئەتۆرەتی مەعریفی ئەو کایەیە، کۆی ئەم مامەڵەیەش واتە سەیرکردنی ئەو کـارەی دەیکـەیت وەکـو ئەرکێکی ئایینی. لەدنیای نووسینو رۆشنبیرییە کوردیدا ئاسەواری ئـەم مامەڵـە کردنـە نابینینـەوە، ئـەو دنیـای رۆشـنبرییە کورد لەغیابی هەست کردن بە ئەرکو سەیرکردنی نوسین وەك ئەرك بەسەری دەبا. لەلای سۆفستائی کورد نووسین ئەرك نیە بـەڵکو گەمەیـەکی کۆمەڵایەتیـیە لـەنێوەندێکدا ئـەنجام دەدرێت بـۆ نیشـــاندانی ئـــەوەی کـــە (ئێمـــەش لـــەخۆتانین) واتـــە (رۆشنبیرین)، یاخود بەدەست هێنانی مەکسەبو جێو مەقامی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئیداری، واتە پەیدا کردنی نان.

رۆشنبیری کورد (بـاحث) نیـە واتـە ناگـەڕێ بـەدوای مەسـەلەکانداو عـەودالی زانـین نیـەو پرسـیار ناکـات تـاکو عـەودالی وەڵامەکان بێتو کۆی ئەم گەشتەش لێکۆڵینەوەو باسەکانی بـن. هیـچ رەهـەندێکی ئـاییـنیو مـەعریفی لـە ئیشـی ئـەودا نیـە چونکی لەبنەڕەتەوە قەڵەق نیە، قەڵەقی مەعریفی لای ئەم سۆفستائییە لەپلەی سفردایە، واهەست دەکات دەزانێـت، تـەواو پێچەوانەی سوکرات، فزولیەتی لەپلەی سفردایە، واتە هێزێکی ناوەکی نیە کە وای لێبکا فزول بێتو بیـەوێت بزانێـتو زۆرتـر بزانێت. بەکەمترین شت رازییە بەزانینی هــەندێ مێـژوو، مێـژووی لـەدایك بـوونو مـردن، بـەڕیزکردنی چـەند نـاوو ناونیشـان کۆتایی بەگەڕانی مەعریفی خۆی دەهێنێت. چونکی وێڵی مەعریفـە نیـە زیـاتر سـەرقاڵی زانینـی مۆدەکانـە، چ قوتابخانەیـەك ئەمرۆ مۆدێتی، چ نووسەرێك زۆر باوە، ئەمەش نەك بۆ خوێندنەوە بەڵکو هەڵکراندنی هەندێ زانیاری لێرەو لەوێ تـاکو ببێتـە مەعریفەی رەچەتەییو لەدانیشتنەکاندا وەکو سلعەیەك بخرێتـە روو و بکرِدرێت. لـێرەوە خۆشـترین خەبـەر بـۆ ئـەم زانینـی ئەوەیـە کەفلانـە قوتابخانـەی ئـەدەبی یـان فیکری بـاوی بەسـەر چـووە، ئیـدی ئەمـە لەلیسـتی مەعریفـە رەچەتەییەکـەیدا دەکەوێتو پێویست ناکا هیچی لەبارەوە بزانێت، (بونیەویەت لەمێژە مردووە) ئەمە خۆشترین هەواڵـە بـۆ ئـەو سۆفسـتائییە چونکی ئیدی پێویست بە خوێندنەوە ناکا. چونکی (باحث) نیە، واتە موسافیری رێگای مەعریفەو حەقیقەت نیە، حەوسەڵەی بیرکرنەوەو باس کردنو گەڕانی هیچ شتێکی نیە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. لای ئەم سۆفستائیە کە (رۆشنبیرە) ئەوەی کەسێك تەمەنێك سەرف بکات لە کایەیەکدا، لەخوێندنێکدا شوێنی سەر سوڕمان نیە بەڵکو شوێنی نوکتەیـە، تۆپێـی بڵـێ رابواردنـە.

بەفیعلی کۆمەڵێك نوکتە لەمەڕ ئێمەوە لەماوەی چەند ساڵی رابووردودا هاتنە دەرو لەلایەن "رۆشنبیرە ناقدەکانی کە خاوەن پرۆژەن" چونکی ئێمە زیاد لەبیست ساڵێکە سەرقاڵی فەلسەفەین‌و ئەوە دەساڵیشە بێ ووچان دەخوێنین، ئەمە لای سۆفستائی کورد مایەی پێکەنین‌و رابواردنە چونکی لەدیدی ئەوەوە تەنیا کەسێك بەم کارە هەڵدەستێ کە دێوانە بێت، ئەو خۆی هیچ پێویستی بەم گەشتە دوورو درێژە نیە، بلیتێك دەبڕێ بەرەو کتبێخانەی گشتی‌و دوو کتێب دەردەهێنێ‌و پەرەپەریان دەکاو هەفتەی داهاتوو کۆڕ دەگرێ‌و مانگی داهاتوو کۆڕێکی دی‌و ئیدی تا عومر دەبێتە نووسەرو شاعیر، بەنوسینی شعرێك بۆ هەموو تەمەنی رەچەتەی شاعیر بوون وەردەگرێ ئیدی بیست ساڵی خوێندنی فەلسەفەی بۆ چیە؟ ئەم سۆفستائیە هەروەك سۆفستائیەکانی کلاسیك‌و هاوچەرخ نەفەسی کورتە، لەباس کردندا، لەگەڕانداو زۆر زوو توشی تەنگە نەفەسی دەبێت. لەگفتوگۆکانیدا کە مەعریفەی رەچەتەیی دادی نادا هەر زوو پەنا دەباتە بەر رێژەگەرایی‌و پیرسپیکتڤیزم (وجهە النظر)، گەر تەنگاو بوو ئەرگومێنتی پێ نەبوو قسەی پێبکا ئەوا دەڵێت (هەمووشتێك نسبیە) یاخود (ئەوە ڕای خۆتەو ڕای منیش جیاوازە)، (بەڕای من ...) ئەمە دروشمی سۆفستائیەکانە. لەدیدی ئەم سۆفستائیانەوە هەموو رایەك دەڕواو وەك یەك قورسیان هەیە، دواسەنگەریش بۆ ئیعتراف نەکردن بەجەهل هەرئەمەیە (ئەوە ڕای خۆتە). ئەوەی کە دەبێت راو بۆچوون تاقی بکردرێنەوەو کارێك بکردرێت پشت ئەستوربن بەمەعریفە، بەگەڕان‌و پرسیارو هەڵسەنگاندن، ئەمە لەدەرەوەی حیساباتی سۆفستائیە، واتە رۆشنبیری کورد، چونکی مەعریفە واتە گەڕان‌و شەو نخونی‌و قەلەقی‌و ئینجا سەیر کردنی وەکو ئەرکێك ئەمەش لەتوانای ئەودا نیە. ویژدانی ئەو لەڕوی مەعریفی‌یەوە کە ویژدانێکی ئاسودەو ئارامو بێ ئازارو بێ قەلەقی‌یە واتە خاوەنی پرسیاری مەعریفی نیە بەڵام لەڕووی ئەخلاقی‌یەوە زیاد لەپێویست بیمارە، بیمارە لە کۆمەڵێ رووەوە، چونکی خاوەنی هەوڵی خۆی نیە زۆر بەئاسانی فێڵ دەکا لەئەوانی دیکەو واتە ئەو لەبنەڕەتەوە فێڵی لەزاتی خۆی کردووە، لەسەر شەونخونی ئەوانی دیکە دەژی، راو بۆچوونی ئەوانی دیکە دووپات دەکاتەو بێ ئەوەی ئامانژدەمایان پێبداو دەیانکا بەموڵکی خۆی. چونکی دەبێت کە کەسێك لە بوارێکدا قسەی کرد ئەمیش (ڕا)ی خۆی بڵێ، زۆرجار بەتەڵەوە دەبێت دیارە لەدیدی خاوەن ویژدانەکانەوە بەتەڵەوە دەبێت ئەمەش خۆی شوێنی پرسیارە کە ئایا لەو نێوەندە رۆشنبیری‌یەی کوردا خاوەن ویژدان هەیە؟ بەتەڵەوە دەبێت لەوەدا کە لەسەر ئەو شتانە قسەدەکاتو دەنووسێت کە پێشتر پێی نەگووتوین لە ریزی ئیهتیماماتەکانی بەڕێزیدایە، بۆ نموونە، سۆفستائی‌یەکی کورد دێتو بێ ئەوەی فەلسەفەی پەروەردەی خوێندبێتەوە، ماستەر یا دکتۆرای لەفەلسەفەی پەروەردەدا هەبێت، دوای ئەوەی کەسێکی ئەکادیمی لەسەر زانکۆ قسەدەکات، ئەمیش دێتو ووتارێك دادەبەزێنێت کە هیچ نیە جگە لەدووپات کردنەوەی هەوڵی کەسە ئەکادیمی‌یەکە کە پێشتر قسەی کردووە، بەڵام تەنانەت ئامادەیشی نیە ئامازدە بەڕای کەسی پسپۆر بکا، بۆ؟ چونکە ئامازدەکردن بەهەوڵی کەسانی دیکە لەمەزهەبی ئەمدا نیە، ئێمە لەگەڵ ئەم ویژدانە بیمارە سەرو کەلەمان هەیە. ئەم ویژدانە بیمارە لەروویەکی ترەوە کە نووسینەکانی، قسەکانی، راکانی تێکەڵەیەکن‌و کۆکردنەوەی راوقسەو سەرنجی خەڵکانی دیکەن‌و بەناوی خۆیەوە دەیانخاتە ڕوو بێ ئەوەی ویژدانی تەکان بخواو بپرسێ "ئامانج چیە لەم کارە"؟ "من بۆ ئەم کارە دەکەم؟" بێ ئاگا لەوەی کە ئەوپێش خەڵك خۆی فریوداوە، خۆی دۆڕاندوە، بەڵام هەرگیز پەیامی "بەچی دەچێت دنیا ببەیتەوە لەکاتێکدا خۆت بدۆڕێنی" مەسیحانە نابێتە میوانی ئەم ویژدانە.

بپرسین کە تایپی رۆشنبیری کورد چ تایپێکە؟ ئایا تایپێکی فاوستی‌یە، واتە تایپێك کە لەپێناو مەعریفەدا ئامادەیە لەگەڵ شەیتان بچێتە هاو پەیمانێتیەکەوە؟ ئایا تایپێکی بەدەوی‌یە، بەدەوی بوون بەمانا دولوزیەکەی، واتە گەشتیارێك، رێبوارێکی نێو هەمەچەشنەیی شوناس‌و خاوەنی ئەرێ گووتن بۆ ژیان‌و هەبوون؟ ئایا تایپێکی قەلەقە، قەلەق بوون بەرامبەر بوون‌و ژیانی رۆحی؟ ئایا تایپێکی پراگماتی‌یە، پراگماتی بوون بەمانای ئەو شتە راستە کە پراکتیکی‌یەو کاردەکات؟ ئایا تایپێکی مەوسوعی‌یە، بەمانای هەبوونی مەعریفەیەکی مەوسوعیانە؟ ئایا تایپێکی نەتەوە دروست کەرە بەمانای بەشداریکردن لە

بەرنامە دارشتندا بۆ دەوڵەتی نەتەوە؟ یاخود تاپێکی سۆفستائی‌یە، بەمانای راکردن لەحەقیقەتو سەرگەرمی رەوانبێژی‌و ئینجا عەبەسی بوون بەمانای راکردن لەلێپرسراوێتی؟ لەگەڵ هەبوونی ئیشکالیەتیشدا لەو تاپانەی سەروەدا، رۆشنبیری کورد نەفاوستی‌یە تا لەپێناو مەعریفەدا خۆی بفرۆشێ‌و نە بەدەوییە تاعاشقی ئازادی‌و هەمەچەشنەیی بێت،نەپراگماتیە تاکو بەزەویەوەو ژیانی ڕۆژانەی جڤاتەوە بگیرسێتەوەو نەچاو لەو شتە دەبڕێ کەکار دەکات، نەقەلەقە لەئیمان‌و وجودی خۆی، نەنەتەوە دروست کەرە تابەر نامەیەك بۆ نەتەوە داڕێژێ‌و بەشداربێ، بەشداریەکی تیۆریانە لەبینا کردنی نەتەوەو دەوڵەتدا، بەڵکو سۆفستائیە کە عەبەسی بەمانای ڕاکردن لەلێپرسراوێتی. ڕۆشنبیری کورد زۆرتر لەتاپیی ماکس ستێرنەریە[٤٦]، واتە ئەو مەخلۆقەی لەدەرەوەی جڤات دەژی‌و حیسابێك بۆ جڤات ناکاتو ئیگۆی فووی تێکراوە تاحاڵەتی تەقینەوە، ئەوەی دەیڵێت ڕاستیە بەڵام بێ‌ئەرگومێنتو بێ‌موجادەلە کردن‌و بێ لۆژیك‌و دایەلۆگ. یان قبووڵی دەکەیت یان ڕەتی دەکەیتەوە. ڕۆشنبیری کورد بەکەمترین زانیاری ڕازیە، لەبەرئەوە پێویستی بەهیچ هاوپەیمانیەتێك نیە لەگەڵ شەیتانداو قەلەق نیە بەرامبەر بەبوونی‌و زۆر لەژیان‌و بوونی ڕازیەو لێوان لێوە لەدڵنیایی، بچوکترین‌و بێ‌نرخترین (مەعلومە) خۆشحاڵی دەکا، چونکە لەتاپیی ماکس ستێرنەریشە هەر ووتەیەکی خۆی، ووتارۆچکەیەکی خۆی، گوزارەیەکی خۆی لێدەبێتە شاکارو ساڵیان ساڵ لەسەریەوە دەژی. تەنانەت ڕۆشنبیری کورد، کەئێمە ئێستا بەسۆفستائی ناوڕیزمان کرد بەپێچەوانەی سۆفستائی کلاسیکیەوە هونەری ڕەوانبێژی بەڵەد نیەو لەئەرگومێنت داڕشتندا کلۆڵەو تەنیا چەند ئەرگومێنتێك بەڵەدە لەوانە بۆ نموونە، ئەدهۆمینیەم (Ad Hominem) (ئەو ئەرگومێنتەیە کەهێرشی شەخسیە) بۆنموونە پەلاماری بۆچوونی کەسێك بەڵام بەرمەبنای لێکۆلینەوەی ئەو بۆچوونە نا بەڵکو سیفاتو خاسیەتی کەسی خاوەن بۆچوونەکە، ئەرگومێنتی توکیوکیو Tuquoque واتە ئەو ئەرگومێنتەی دەڵێت "تۆ ناتوانیت بەمن بڵێیت وامەکە لەکاتێکدا کە خۆت هەمان شت دەکەیت"، ئەرگومێنتی سترۆمان straw man، واتە ئەو ئەرگومێنتەی کەلەوی دیکەدا. بەرانبەردا پەلاماری شتێك دەدا کەخۆی لەبنەڕەتدا دروست کراوی خەیاڵی ئەمە، واتە دانە پاڵی کۆمەڵێ خاسیەتو سیفات بەئەوی دی‌و ئینجا پەلاماردانی‌و ڕەتکردنەوەی‌و دواجاریش زەماوەند ساز کردنێك کەگوایا بەئەرگومێنت ئەوی دیکەمان بەزاندووە ئەمە لەکاتێکدا ئەوی دیکە بێ بەرییە لەو ئەرگومێنتەو لەو تۆمەتانەی کە دراونەتە پاڵی. نوسین‌و بڵاوکراوەی کوردی کە بەرهەمی ڕۆشنبیری کوردە پڕیەتی لەم جۆرە ئەرگومێنتانە، ئەدهۆمینیەم لەوەدا کە پەلاماری کەسێك دەدرێت لەبەر ڕابووردووی سیاسی یا فیکری ئەو لەکاتێکدا پەیوەندی بەو ڕاوبۆچونەوە نی‌یە کە لەئێستادا دەیخاتە ڕوو. ئەرگومێنتی توکیوکیو لەوەدا کەپەلاماری کەسێك دەدرێت کەلە سەر بناغەی شتێکەوە کە پەیوەندی بەڕاو مەعریفەوە نی‌یە. ئەرگومێنتی سترۆمان لەوەدا کەجلەو بۆ خەیاڵ شل دەکرێتو شوناسێکی خەیاڵی بۆ نوسەرێك یا کەسێکی خاوەن ڕا دروست دەکرێ کە هیچ نیە جگەلە لەپرۆسەی projection (اسقاطات)و دەگووترێ "ئائەمە تۆیت" بێ ئەوەی کەسی شوناس بۆدروست کراو لەدوور یا لەنزیك پەیوەندی بەو شوناسەوە هەبێت. ئەم ئەرگومێنتەی دواییان بۆ کار ئاسان کردنی خۆیە بەتایبەت لەکاتێکدا کەسی لەژێر گوشاردا کەسێکی ئاڵۆزو فرە مەرجەع بێتو ڕۆشنبیری کورد نەتوانێ مامەڵەی لەتەکدا بکات پەنا بەرئەم ئارگومێنتە دەبا تاکو کارەکەی خۆی ئاسان بکا. واتا دابەش کردنی لەقەب بەسەر ئەوانی دیکەدا. بۆنمونە ئێمە لەماوەی چەند ساڵی ڕابووردوودا ئەم لەقەبانەیان داوینەتە پاڵ: بونیەوی، دوای بونیەوی، پۆست مۆدێرنیست عەلمانی، نیچەوی، هایدگەری، ئەفلاتوونی، دوژمنی کوردایەتی، ناسیۆنالیست، فەندەمێنتالێیست، دژ بەخۆرئاوا، نەیتیڤیست، ڕاستڕەو، دوا نوکتە "عوسمانی". دیارە ئەو لەقەبانە هەر هەموو دژ بەیەکن‌و کەسێك ناتوانێت نەك هەڵگرێ هەموویان بگرە دوو دانەشیان بێت پێکەوە، ئەی بەقودرەتی چ سیحرێك درانە پاڵ ئێمە؟ دیارە بەقودرەتی سیحری ئەرگومێنتی سترۆمان، واتە پرۆسەی اسقاطات بەمەبەستی کارئاسان کردنی خۆ. ڕۆشنبری کورد ئەو کاتەی کەلە بەرانبەرەکەی ناگا پەنا بەر دابەزاندنی لەقەبێك دەکا بۆ خۆ ڕزگار کردن. ئاخر بۆ تێگەیشتنی هەندێ بەرانبەر پێویستە کەسێك بخوێنێتەوەو قوڵ ببنەوەو بیربکەنەوە ئەوەش لەحەوسەڵەی ڕۆشنبیری کوردا

نی‌یه‌، جاچاكتره‌ په‌نا به‌ر ئه‌م جۆره‌ ئه‌رگومێنته‌ ببا. ڕۆشنبیری كورد لـه‌خود بێگانه‌یـه‌كی ترسـناكدا ده‌ژی، سـه‌ر بـه‌جڤاتی كوردی نیه‌و ئه‌و شته‌ی ده‌یلێت به‌ماڵی كوردی بێگانه‌یه‌و ته‌نانه‌ت شوناسی خۆش شوناسـێكه‌ هـی خـۆی نیـه‌، واتـه‌ تووشـی دابه‌ش بوونی ڕۆحی بووه‌، هه‌ڵگری شوناسـێكه‌ نـه‌ك له‌گـه‌ڵ جڤـاتی كوردیـدا تـه‌با نایه‌تـه‌وه‌ بـه‌ڵكو له‌گـه‌ڵ هیـچ جڤـاتێك دا ناتوانێت ماڵێك، كونجێك بۆخۆی بدۆزێته‌وه‌، هیچ جڤاتێك نی‌یه‌ له‌جیهاندا به‌رگه‌ی ئه‌و هه‌موو داڵغانـه‌ی ئـه‌م بگرێـت، داڵغـه‌ی منداڵ بوون بۆ هه‌میشه‌و گه‌وره‌نه‌بوون‌و ڕوو به‌ڕوو نه‌بونه‌وه‌ی لێپرسراوێتی گه‌وره‌بوون، داڵغــه‌ی ئـازاد بـوون لـه‌ودیو هـه‌موو لێپرسراوێتیه‌كی سیاسی‌و كۆمه‌لایه‌تی‌و ئه‌خلاقی‌یه‌وه‌ واته‌ عه‌به‌سی بوون كه‌ڕۆشـنبیری كـورد بانگه‌شـه‌ی بـۆ ده‌كـا، داڵغـه‌ی مه‌زنی بوون به‌لام له‌ودیو كرداره‌وه‌و ته‌نیا به‌رمه‌بنای گه‌وره‌كردنی ئیگۆی خۆتا سنووری هه‌موو بیّ ویژدانیه‌ك. گـه‌وره‌كردنی ئیگۆ به‌لام له‌خه‌یاڵداو له‌ ڕاستیدا چۆك دان له‌به‌رده‌م ساده‌ترین كێشه‌داو هانابردن بۆ هه‌موو ناچیزێك بـۆ ڕزگـاركردن. داڵغـه‌ به‌ پێویست ده‌مانباته‌وه‌ بۆ شیعر ئـه‌و گوتـاره‌ كـه‌گوتاری شـیعریه‌و بالاده‌سـته‌و لـه‌و دیـوو هـه‌موو سانسـۆرێكی مـه‌عریفی‌و فیكری‌و ئه‌خلاقی‌و كۆمه‌لایه‌تی‌یه‌و تاكه‌ گه‌مه‌یه‌كه‌ له‌شاردا.

سه‌ره‌تا بۆ ئه‌وه‌ی به‌هه‌ڵه‌ لێتێگه‌یشتن دروست نه‌بێت ده‌بێت بڵێین كه‌ شیعر دیوانی كورده‌و گوتاری شیعری تـا (گـۆران) تاكه‌ مه‌یدانێك بووه‌ بـۆ زۆرانبـازی ڕۆحـی كـوردی له‌تـه‌ك ژیانداو بـه‌هۆی هـه‌ژاری بواره‌كـانی دیكـه‌وه‌ ڕۆحـی كـوردی تێیـدا بۆچوونـی خـۆی له‌مـه‌ڕبوون‌و ژیانـه‌وه‌ بـه‌یانكردووه‌. بـه‌لام له‌گـه‌ڵ سـه‌ر هـه‌ڵدانی ڕۆشـنبیری كـوردی‌و كـپ بوونـی یـاخوود پاشه‌كشه‌ی ڕۆحی كوردیدا گوتارێكی شیعری نویّ سـه‌ر هـه‌ڵده‌دا كه‌نـه‌ پـه‌یوه‌ندی بـه‌ بیركردنـه‌وه‌و تێڕامـان لـه‌بوون‌و ژیـان هه‌یه‌و زیـاتر له‌په‌ناگایـه‌ك ده‌چێـت بـۆ هـه‌لاتن له‌بیركردنـه‌وه‌ لـه‌بوون‌و حه‌قیقـه‌ت‌و خـودی ژیـان‌و شـوێنێكه‌ بـۆ بـه‌یانكردنی سه‌فسه‌ته‌و داڵغه‌ی شاعیره‌كان، ئه‌و داڵغانه‌ی كه‌باس له‌ شیزۆفرینیا ده‌كه‌ن، باس له‌ئیگۆیـه‌كی زیـاد له‌پێویسـت گـه‌وره‌كراو ده‌كه‌ن، گه‌وره‌كراو تا سنورێك كه‌له‌م جیهانه‌دا شوێنێك نی‌یه‌ بۆیان.

ئه‌وه‌ی كه‌ عبدالله‌غه‌زامی ده‌رباره‌ی شیعری هاوچه‌رخی عه‌ره‌بی ده‌یڵیّ تاڕاده‌یه‌كی زۆر به‌سه‌ر گوتاری شـیعری كوردیـدا ده‌چه‌سپیّ له‌وه‌دا كه‌هه‌روه‌ك شیعری عه‌ره‌بی هاوچه‌رخ شیعری كوردیش سه‌رقاڵی دروسـت كردنـی فه‌حلـه‌، گوتارێكـه‌ ڕێگـر له‌به‌رده‌م ڕێنیسانسێكی هه‌مه‌لایه‌نه‌دا. گوتاری شیعری كـوردی سـه‌رقاڵی دروسـتكردنی فـه‌حل واتـه‌ "مـن"ێك یائیگۆیـه‌كی زه‌به‌لاح كه‌خۆی لیّ تائه‌و سنوره‌ گه‌وره‌ بووه‌ كه‌باوه‌ڕی به‌هیچ حوكمێكی مه‌عریفی‌و فیكری‌و عه‌قڵی‌و ئه‌خلاقی نیه‌و ناشهێڵیّ عه‌قڵ سه‌ر هه‌ڵبدا. ئه‌و فه‌حله‌ی كه‌ له‌شـعری كوردیـدا ده‌بینینـه‌وه‌ شـه‌ق له‌هـه‌موو بـه‌هاو نۆڕمـه‌ ئینسـانیه‌كان ده‌دا بـه‌ناوی شاعیر بوونه‌وه‌، لێره‌دا گوتاری شعری ڕووبه‌ڕێك نیه‌، جوگرافیایه‌ك نیه‌ بۆ جۆرێكی دی بیركردنه‌وه‌ له‌ بوون به‌ڵكو له‌لایه‌كه‌وه‌ ڕاكردنه‌ له‌بیركردنه‌وه‌و له‌لایه‌كی دیكه‌وه‌ ڕووبه‌ڕێكه‌ بۆ دروست كردنی فـه‌حلێك كـه‌ ئـه‌وه‌ی ئـه‌و ده‌یڵێـت "ده‌بێـت بـڕوا" بـیّ ئه‌وه‌ی به‌هیچ فلته‌رێكی عه‌قڵی‌و ویژدانیدا تێپه‌ڕیّو ئه‌مه‌ش به‌ناوی داهێنانه‌وه‌ ده‌كرێت. ئه‌و فه‌حله‌ی كه‌ له‌زاتی خۆیدا غه‌رق بووه‌ هه‌موومان ده‌كاته‌ بونه‌وه‌ری مه‌جازی‌و ڕێگا نادات وه‌كو بونه‌وه‌ری تیۆری‌و پراكتیكی‌و فیكری هـه‌ڵسو كـه‌وت بكـه‌ین‌و ئه‌م سیاقه‌ش له‌ گوتار شارستانێتی دروست ناكاو دژ به‌دنیای مه‌ده‌نیه‌. ئه‌وه‌ی‌كه‌ته‌نیا گوتـاری شـعری لـه‌دنیای كـوردا زاڵـه‌ خۆی شكستێكی شارستانیانه‌ی كورده‌، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌وه‌ی كه‌ شعری كوردی (به‌هه‌لاواردنی یه‌ك دوو شاعیر) مۆڵگه‌ی داڵغه‌یـه‌ نه‌ك داهێنان. هه‌نگاوێك له‌مه‌ زیاتر، ئێمه‌ ڕامان وایه‌ كه‌ هیـچ پرۆژه‌یـه‌كی فیكـری‌و شارسـتانی لـه‌كوردا مه‌یسـه‌ر نـابێت گـه‌ر خۆمان ڕزگار نه‌كه‌ین له‌م گوتاره‌ شعریه‌. هه‌ر له‌م گوتاری شعرییه‌دایه‌ كه‌ له‌فیكره‌ی نیشتمان ده‌دریّ. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی گوتـاری شعری له‌و دیو هه‌موو لێپرسراوێتیه‌كی فیكری‌و ئه‌خلاقیه‌وه‌یه‌و تێیـدا "هه‌مووشـت ڕه‌وایـه‌و هه‌مووشـت ده‌ڕوا"، كه‌واتـه‌ ئـه‌و هێرشه‌ی كه‌ ده‌كرێته‌ سه‌ر جڤاتی كوردی‌و سه‌ر فیكره‌ی نیشتمان وه‌ك ئه‌و شـوێنه‌ی كـه‌ شـایه‌نی ئه‌وه‌نیـه‌ "شـاعیر" تێیـدا بژی، ئه‌م هێرشه‌ش وه‌كو هه‌موو ئایدیاكانی دی ده‌ڕواو بگره‌ چه‌پڵه‌ی بۆ لێده‌دریّ. كه‌ فیكره‌ی نیشـتمان، جڤـاتی كوردیـش وه‌كو كۆبوونه‌وه‌یه‌كی سیاسی‌و ڕۆحی لێی دراو مرد ئه‌وسا زنجیره‌ی كاره‌ساته‌كان ده‌ست پێده‌كا هـه‌ر لـه‌دیارده‌ی كۆچـه‌وه‌

تاکو سلوکی عەبەسیانە بەرانبەر بەهەموو پیرۆزییەکانی ئەو جڤاتە. گوتاری شیعری تەنیا فەحلێك، غۆلێك دروست ناکا تاکو لەجڤاتو پیرۆزییەکانیو فیکرەی نیشتمان بدا بەڵکو غۆلێك دروست دەکا تاکو لەهەموو بەهایەکی ئینسانی بدات لەوانە هاوڕێیەتی،مەحەبەت، ئینسان بوون، رۆحانیەت، ئایین، حەقیقەت، فیکرەی ئینتماءو بوونی وەفا بۆ جڤاتێکی دیاریکراو، ئەم لێدانەش بەناوی شیعر گەراییو داهێنانەوە ئەنجام دەدرێو هەر بەناوی شیعر گەرایشەوەیە کە لێپرسینەوە خۆی قوتار دەکا، واتە هەر کە گوتت ئەم کارە بۆ دەکەیت پێت دەگوترێت "ئەمە شیعرەو شیعریش کۆنترۆڵ نا کرێ". وەك ئەوەی کە شیعر کایەیەك بێت لەو دیو لێپرسراوێتی ئەخلاقیو فیکریو مەعریفیەوە.

خاسیەتێکی هەرە ئاشکرای دیکەی رۆشنبیری کورد نارەسەنایەتیەتی، واتە پەیوەست نەبوونی بەجڤاتی کوردییەوەو مەفتون بوونی بەهەموو شتێکی دەرەوەی جڤاتی کوردییەوە. رۆشنبیری کورد لەهەر شتێك، بابەتێك کێشەیەك قسان بکا ئەوا ئەو قسەکردنەی لەپەیوەندیدا نیە بەجڤاتی کوردیەوە، واتە جڤاتی کوردیو بەرژەوەندییەکانی ئەو جڤاتە چەقی تێڕامان یا خاڵی دەست پێکردنو دوا ئامانج نیە، قسەکردنی رۆشنبیری کوردی لەسەر جیهان لەبەرژەوندی جڤاتی کوردیەوە سەرچاوە ناگرێ. لێرەدا وەك نمونەیەکی ئاشکرا ئاماژە بەبۆچوونی رۆشنبیری کورد دەدەین لەمەڕ جیهانگەریەوەو هەر بەم نموونەیەش کۆتایی بەم چاپتەرە (بەند)ە دەهێنین دیارە دەشێ لەسەدان نموونە قسان بکەین بەڵام ئەم باسە، واتە جیهانگیری دوا گەمەی نێو ئەو نێوەندەیە. دەبێت هەر لەسەرەتاوە ئاماژە بەوە بدەم کە ئێمە لێرەدا زۆر بۆخۆمان دەهێنین کە لەسەر ئەو دیاردەیە یا ئەو پرۆسەیەی پێی دەڵێن جیهانگیری قسە بکەین. ئەمە لەو خاڵەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە ئێمە ئاشنای ئەو گفتوگۆیە نەبین، یان ناچار نەکرابێتین کەم تا زۆر ئەو ئەدەبیاتە بخوێنینەوە. ئێمە "جیهانگیری" وەکو وانە لەزانکۆ دەڵێینەوەو لەژیانی ئەکادیمیانەشماندا ناچار کراوین کە لەسەر ئەو دیاردەیە هەم وتار بنووسینو هەم سیمینار بگرینو هەم تاقیکردنەوەی باڵاو چروپڕ ئەنجام بدەین. بەسادەیی بڵێین کە جیهانگیری بابەتو پرسیاری فەلسەفی ئێمە نیە، غەمی ئێمە نیە.

گەر لەزەوقو سەلیقەی شەخسی بگەڕێین، ئەوا ئەمرۆ دەبینین کە بابەتی "جیهانگیری" بۆتە وێردی سەر زمانی هەمووانو پسپۆڕو شارەزاو خوێندەوارو رۆژنامەنووسو ئەدیبو بسنزمان (Businessman)و بازرگانو سیاسیو هەرهەموو قسە لەسەر گلۆبەلایزەیشن دەکەن. زانکۆکان بودجەی تایبەتی بۆ ئەو سیمپۆزیەمو سیمینارانە دەدەن کە سەبارەت بەم دیاردەیە یان ئەم پرۆسەیەن. لەنێو کوردیشدا کە ئەمەیان هۆ سەرەکیەکەیە کە ئێمە لێرەدا ناچارین ئاماژەیەك بەم پرۆسەیە بدەین، لەچەند ساڵی رابردوودا قسەکردنێك لەسەر ئەم دیاردەیە هەیە، چۆن قسەکردنێك؟ ئەمە بابەتی ئەم چەند سەرنجەیە. ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی قسان بکەین، ئەوەی کە رۆشنبیرانی کورد قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەن شوێنی دڵ خۆشیە چونکی جیهانگیری وەك پرۆسەیەك کۆمەڵێ رەهەندی هەیەو هەر رەهەندێکیش بەم یا بەو شێوەیە چ بەچاکو چ بەخراپ پریشکەکانی راستەو خۆو ناڕاستەوخۆ جڤاتی کوردی دەگرێتەوە. لێرەوە ئامادەبوونی رۆشنبیری کورد لەسەر ئەم سفرەی قسەکردنە زۆر پێویستە بەلام پرسیارەکە ئەوەیە کە وەك گوتمان چی لەکوردا دەربارەی ئەم کێشەیە دەگوترێت؟ ویژدانی کوردی چۆن مامەڵەی لەتەکدا دەکاو کێن ئەوانەی قسەدەکەن؟ گفتوگۆ لەسەر جیهانگیری لەنێو دیپارتمانەکان (قسمەکان)ی زانستە کۆمەڵایەتیەکانەوە بۆیەکەمجار هاتە دەرەوە، بەواتایەکی دی بەپلەی یەکەم بابەتێك بوو و وەبابەتێکە زادەی زانکۆکانو ئینجا بنکەکانی لێکۆڵینەوەو ئەو سەنتەرانەی بە Think - Tank ناسراون. لێرەوە هەقمانە بەپلەی یەك چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێت کە زانکۆکانی کوردستان بەم کارە هەستابنو هەڵبستن. ئایا زانکۆکانی کوردستان سیمپۆزیەمو کۆڕو سیمیناریان لەسەر ئەم بابەتە سازداوە؟ تا ئەو شوێنەی کە ئێمە ئاگادارین ئەم کارەیان نەکردووە. گەر زانکۆکان، پسپۆڕەکانی کورد ئەم کارەیان نەکردووە ئەی ئەو قسەکردنانە کێ دەیانکاو لە چ سەرچاوەیەکەوەن؟ جگە لەهەوڵی چەند کەسایەتیەکی کوردی کە لەبوارەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا خوێندویانە، زۆربەی ئەو قسەکردنانە ناچنە ریزی قسەکردنی

کەسی پسپۆڕو شارەزاوە لەم پرۆسەیە. ئەمە بەومانایە نایەت کە قسەکردنی ئەو چەند کەسە بێ ئیشکالیەتە، بەڵام ئەوەی گرنگە رەچاوی بکەین ئەوەیە کە "جیهانگیری" بۆتە بەزۆرد (ووشەیەکی زۆربباو)و لەهەموو مەحافلێكو لەهەموو بوارێكو ووتارێكو سەر ووتارێکی رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکاندا، لەخوتبەی سیاسیەکانداو چاوپێکەوتنەکانو لە کۆڕوکۆبونەوەی رۆشنبیراندا بەکار دێت. بار دەکرێت بەکۆمەڵێ مەسەلە کە ئەم زاراوەیە، ئەم پرۆسەیە، ئەم دیاردەیە تەحەمولی هەڵگرتنی ناکات. هیواو ئاواتێکی زۆری پێدەبەسترێت (بێ ئەوەی بەرمەبنای ئەرگومێنت نیشان بدرێت چۆن؟)، دژایەتی دەکرێت بێ ئەوەی بزانرێت بۆ؟ بێ ئەوەی ئەو کتێبانەی لەسەر ئەم دیاردەیە نوسراون بەسەر بکرێنەوەو یا یەك دوانێکیان کرابن بەکوردی، بێ ئەوەی کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی کە لەسەر ئەم بابەتە ساز دراون کرابن بەکوردی... بە شێوەیەك باس دەکرێت وەکو ئەوەی عەسای سیحری بێتو هەموو کێشەکانی پێ چارەسەر بکرێت، هەندێك هەنگاوێك لەمە زیاتر دەڕۆنو دەڵێن (ئیدی سەردەمی لەناوچوونی کورد بەسەر چوو چونکی ئێمە لەسەردەمی گلۆبەلایزەیشن داینو گلۆبەلایزەیشن واتە سەردەمی ئازادیو دیموکراسیەتو مافی کەمایەتیەکانو..؟)

بۆئەوەی قسە لەسەر هەر دیاردەیەك بکەین، بەباوەڕی ئێمە چەند کرایتریایەك پێویستن. **یەکەم کرایتریا کە دەبێت** رۆشنبیرانی جڤاتێك لەبەر چاوی بگرن بوونی ئەوانە سەر بەجڤاتێکی دیاریکراو و لێرەوە بابەتی قسە لەسەرکراو بەم یا بەو شێوەیە دەبێت پەیوەست بێت بە ئەو جڤاتەوە. بەڵام لەمە گرنگتر **کرایتریای دووهەمە** کە بریتی‌یە لەقسەکردن لەسەر ئەوبابەتە لە هەناوی ئەو جڤاتەوە، لەپێرسپێکتڤی ئەو جڤاتەوە، بەلەبەرچاوگرتنی غەمو کێشەو خواستو ویستو پرۆژەکانی ئەو جڤاتە، واتە کەسی لێکۆڵەرەوە یا رۆشنبیر لەنێو ئەو جڤاتەوە لەشتەکان، لەبابەتی قسە لەسەرکراو دەدوێ. هەر لەکەنەدادا قسەکردنی رۆشنبیرێکی فەرەنسی (لەکوبیك) جیاوازە لە قسەکردنی لێکۆڵەرەوەیەکی ئینگلیز لەسەر گلۆبەلایزەیشن، ئەمە بەو مەرجەی وەك لێپرسراو بۆ جڤاتەکەیان قسەبکەن. هەروەها ئاماژدە بەکرایتریایەکی دی بدەین کە لەگرنگیدا بەپلە دوو نایەت بەڵکو گرنگی کەمترنیە لەو کرایتریایانەی کە تائێستا ئاماژدەمان پێداون ئەویش **پێویستی بوونی پرسیاری تاکەکەسی لەسەر ئەو بابەتە**. مەبەستمان ئەوەیە کە کەسێك گەر ناچار نەکرێت قسە لەسەر بابەتێك، دیاردەیەك ناکا کە کێشەی ئەو نیە، پرسیاری ئەو نیە غەمی ئەونیە، بابەتی بیرکردنەوەو تێڕامانی ئەو نیە. لێرەوە هەموو کەس لەسەر هەموو شتێك قسەناکا. بۆنموونە گەر کەسێك کەگلۆبەلایزەیشن نەغەمی ئەوبێتو نەشوێنی بیرکردنەوەی ئەو قسە لەسەر ئەو بابەتەناکات.

**کرایتریایەکی دی کە تەواوکەری ئەوانی دیەو** مەرجی سەرەکیە بۆ هەق دان بەخۆ بۆ قسەکردن لەسەر بابەتێك، شارەزا بوونی لانی کەمی بابەتەکەو کایەکەو ئەو ئەدەبیاتەیە کەلەسەر ئەو بابەتە هەیە. هەموو کایەیەکی مەعریفی، لێدوان لەسەر هەر دیاردەیەك، بابەتێك، کەمێك ستەمکاری تێدایە لەوەدا کە هەق دەدات بەهەندێك قسەبکەنو هەق لەهەندێکی دی دەسێنێتەوە، ئەمە لەو شوێنەدا کە رێز بۆ ئەو کایەیە هەیەو شتێکیش هەیە پێی دەگوترێ ئەخلاقی مەدەنی. شارەزابوون لەبابەتی قسە لەسەر کراوو ئاگادار بوونی پاشخانی ئەو گفتوگۆیە لەلایەکەوە مەرجێکی سەرەکی‌یەو لەهەمان کاتیشدا سنووردارە. بۆ نموونە ئەگەر لەئینتەرنێتدا بچیتەسەر ئەمازۆن دۆت کۆم (Amazon. Com)و گلۆبەلایزەیشن تایپ بکەیت، ناونیشانی سەدەها کتێب پێدەدات. لەو زانکۆیەی من کاری تێدا دەکەم ٣٩٠ کتێبو ٦٠٠ لێکۆڵینەوەی پەرتەوازە لەگۆڤارو رۆژنامەکاندا هەیە. نە دەکرێ هەموو ئەمانە بەسەر بکەیتەوەو بیانخوێنیتەوە وە نەدەشکرێ بێ ئاگاداری لەم پاشخانە قسەبکەیتو بڵێیت "بەڕای من"، "ڕا" کاتێك شایەنی گوێ لێگرتنە کەپشت ئەستووربێت بەزانیاری. ئایا لەپەیوەندیدا بەقسەکردن لەسەر "جیهانگیری" لەنێوەندی کوردیدا هەموو ئەم کرایتریایانە بوونیان هەیە پێکەوە؟ لەپەیوەندیدا بەهیچ قسەکردنێکەوە ئەم کرایتریایانە بوونیان نیە چ جای تا دەگات بە "جیهانگیری". چەند کەسێك هەن کەم تا زۆر ئاگاداری ئەو پاشخانو ئەدەبیاتەن (کرایتریای ٣) بەڵام مۆتۆڕ یا پاڵنەری قسەکردنیان نە لەبەرژەوندی جڤاتی کوردیە (کرایتریای ١) نە لە

جیّ پێگەی ئەو جڤاتەوە قسەدەکەن، بەڵکو قسەکردنیان دەچێتە خانەی پەرچەکردارەوە، مادامێك هێزێك هەیە، کەسایەتیەك هەیە دژی ئەم دیاردەیەیە دەبێت ئەمان لەگەڵیدا بن، ئەوەش ئەو حاڵەتەیە کە دەشێت ناو ببرێت بە "پاسۆلۆجی رۆشنبیران" واتە بیماری رۆشنبیران.

بەپلەی یەکەم جیهانگیری دیاردەیەکی ئابووریەو بزوێنەرەکانی بریتین لەو کەس یان هێزانەی کە استثمار (بەکار بردن) دەکەن، بازرگانەکانو خاوەن کارو کۆمپانیا گەورەکان، نەك سیاسیەکانو حکومەتەکان. سیّ هێز لەپشت ئەم دیاردەیەوەن، تەکنۆلۆژیا، سەرمایەو، ئیدارە کە دەیانەوێت جیهان لەبۆتەقەیەکدا کە لەخزمەتی خۆیاندا بێت رێك بخەن. لەجەورهەردا جیهانگیری پرۆسەی تەکنۆلۆژیەیە یاخود خۆی تەکنۆلۆژیایە، بەزیاد کردنی "نیۆەندێتی ئابووری" کە هاوپەیوەستە بە "مەرکەزیەتی خۆرئاواییەوە". مەرکەزێتی خۆرئاوا لەوە دەدویّ کە ئەم دیاردەیە بەرهەمی "خۆرئاوا"یە بەپلەی ئیمتیاز چەمکی "جیهانگیری" بەپلەی یەك سەریهەڵدا وەك هەوڵێك بۆ وەسف کردنی رووداوەکان نەك تەفسیرکردنیانو شیکردنەوەی. ئەو کەسانەی لەم بوارەدا کاردەکەن بەوە دەوەستنەوە کەوەسف بکەن بەبیّ ئەوەی خۆ لە قەرەی هۆکان بدەنو ئینجا هەر هەموو دەستەوەستانن لەبەردەم ئەم پرسیارەدا: "دوای ئەوەی جیهان بەپرۆسەی جیهانگەریدا تێپەری لەدوای ئەم پرۆسەیەوە چی دێت؟" جەوهەریترین شت ئەوەیە کە بەروونو ئاشکرا بیربکەینەوە لەم دیاردەیەو وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: "جیهانگیری لەبنەرەتدا چیە؟" جیهانگیری ئارەزوویەك، کەڵکەڵەیەك نیە بۆ چەپاندنی جەهلو نەخۆشیو ستەمکاری، پرۆژەیەك نیە بۆ بەرزراگرتنی کەرامەتی ئینسانو مافی جڤات بۆ هەرشێوەیەك لەژیان کەهەڵیدەبژێرێت. ئەکتەرەکانی کە لەپشت ئەم پرۆسەیەوە کاردەکەن بازرگانو هێزە ئیمپریالیستیەکانن کە شێوەیەك لەشارستانێتی دەچەسپێنن کەلەسەر ئەو پرنسیپەکاردەکات کەدەیەوێت هەموو جیهان داگیربکردرێت لەلایەن پرنسیپی مونافەسەکردنو کێشمە کێشمی ئابووریەوە. باپرسین ئایا جیهانگیری بەراستی جڤاتە جیاوازە کانی لەیەکتر نزیك کردۆتەوە؟ وەڵامی دروست ئەوەیە کە نەخێر جیهانگیری ئەو کارەی نەکردووە، ئەمە ئەفسانەیە کە هەندیّ رۆشنبیر خوڵقاندوویانە کەگوایە ئێمە لەگوندێکی بچووکدا دەژین. لەجیاتی پەیوەندی کردنو تێگەیشتنی ئینسانیەوە لەنێوان جڤاتەکاندا، جۆرێك لەپەیوەندی کۆنترۆلّ کردنو دەسەلاّتداریو بە کۆیلەکردن ئەمرۆ باڵی کێشاوە بەسەر پەیوەندی نێوان جڤاتەکاندا لەجیهاندا بەهۆی پرۆسەی جیهانگیریەوە. لێرەوە موفتیەکانی جیهانگیری لەماڵی کوردیدا باس لەگەشەکردنو پێشکەوتن دەکەن لەکاتێکدا کەدەبێت باس لەکەوتنی کلتوورەکانو داموو دەستگاکان بکەن، باسی داگیرکردنی زەویەکانو خاپوور کردنی ترادسیۆنەکانو کارە هونەریەکانو شێوازە جیاوازەکانی ژیانو لەناوچوونی ئەگەرەکانی دیکەی بوون، بوونێکی جیاوازبکەن. باس لەهەندیّ چالاکی ئابووری دەکەن کەچۆن کوردستانی بەدەرەوە بەستۆتەوە لەکاتێکدا. دەبووایە باس لەوە بکەن کەچۆن بەهۆی جیهانگیریەوە ئینسانەکان پشت دەکەنە خواکان، زەوی، ژیانمان، شێوازی بوونیان هەر لەسەماوە تاکو شیعرو جیهان بینیو حیکمەتی هەزاران ساڵەیان. لەم پرۆسەیەدا جڤاتەکانی دەرەوەی "خۆرئاوا" یەك وانەیان پیّ دەگوترێتەوە ئەویش ئەوەی "مونافەسە بکەن" مونافەسە کردن ناوی گەمەیەکە. ئەوانەی بۆ کورد باس لەجیهانگیری دەکەن باس لە گواستنەوەی شتو مەکەکان دەکەن، باس لەپەیوەندی بازرگانی نێوان کوردستانو وولاّتەکانی دیکە، وە ئێمەش دەلێین لەم پرۆسەیەدا ئابووری سروشتی جڤاتەکان تێك چووە. لەرەوتی دراوە، جووتیارەکانی جڤاتەکان بوونەتە قووربانی کۆمپانیا گەورەکانی کشتوکاڵی. ئەوان باس لەئابووریەکی نویّ دەکەن لە کاتێکدا دەبا باس لەوەبکەن کە چۆن ووزە ئینسانیەکان فرێدراونو خراپ بەکاردەهێنرێت، ئەوان باس لەشارستانێتێکینویّ دەکەن لەکاتێکدا دەبا باس لە بەگیروگرفتی کردنی بارودۆخی ئەمرۆی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بکەن. لەباس کردنی جیهانگیریدا رۆشنبیرانی کورد لەهەموو دیدو دنیابینیەکەوە قسەدەکەن جگە لە دیدو لەبەرژەوەندی جڤاتی کوردەوەنەبیّ وە ئەو وێنەیەی کە لەمەر ئەم پرۆسەیەوە دەیخەینە روو لەلایەکەوە دوورە لەواقیعو ئەو مەسەلانەی کە ئەو پرۆسەیە لەخۆیان دەگریّ، لەلایەکی دیکەوە

لەبەرژەوەندییەکانی جڤاتی کوردیەوە سەرچاوەیان نـەگرتووە، بەواتایـەکی دی رۆشـنبیری کـورد جڤـاتی کـوردی نەکردۆتـە پێگەیەك تالێوەی لەپرۆسەی "بەجیهانی کردن" بڕوانیٚ‌و مەبەستی نیە شوێنێك بۆ کورد لەو پرۆسەیەدا بکاتەوە.

ئێمە باسمان لە "جیهانگیری" کرد تا نیشانی بدەین کە چەندە رۆشنبیری کورد بێگانەیە بـەکوردو تـا چـەندە جگـە لـە کۆپی کەرێك زیاتر هیچی دیکە نیە. لەباس کردنی "جیهانگیریدا"، وەك نموونـەی هەرباسـێك یـان بابـەتێکی دی، رۆشـنبیری کورد لەبەرژەوەندی جڤـاتی کـوردیو لێپرسـراوێتی خـۆی وەك بکـەرێك ناکاتـە دوو کرایتیریـا تـا لێـوەی لـەو پرۆسـەیە یـان هەربابەتێکی دی قسە بکات بەڵکو پەیڕەوی لەمۆد دەکات (Fashion)و بەم کارەش جگە لەوەی ببێتـە لاسـایی کەرەوەیـەکی سادە هیچی دیکەی لەدەست نایەت. ئەم مەخلوقە کە پێی دەڵێن رۆشنبیر لە کورد بوونی خۆی هەڵدیٚ‌و دەخـوازیٚ کـە هیـچ پەیوەندییەکی بەجڤاتی کوردییەوە نەبێت، هەموو شتێك یان هەر شتێك بێت جگە لەکورد.

# پاشکۆ:
# غەدری جەهل و "پاکس ئەمریکانا"

# پاشکۆ:
# غەدری جەهلو "پاکس ئەمریکانا"

**کۆیلایەتی‌یە کە تەنیا ئارەزووی ئەوە بکەیت بژیت لەجیاتی بژیت ژیانێکی چاك، پەیڕەو لەڕوو بۆچوونی زۆربە بکەیت لەجیاتی ئەوەی چاوەڕوان بیت زۆربە پەیڕەوی لەبۆچوونی تۆ بکەن، هەوڵی پارە بدەیت بەڵام بێ ئەوەی هیچ خولیایەکت هەبێت بۆ ئەو شتەی کە نەجیبە.**

**ئەرستۆ**

ئێمە ئەگەر رۆژێکیش دوودڵ بووبێتین لەوەی کە ئەو ویژدانەی کە لەدنیایکورددا دەستو پەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەین بەبیماری لەقەڵەم بدەین، کەساڵانێکە دوو دڵ نین لەم ناونانە، ئەوا دوای بڵاوبوونەوەی "پاکس ئەمریکانا" هیچ بوارێك بۆ دوو دڵی نەمایەوە. پێش ئەوەی باسی بیماری ویژدانی کوردی بکەین، لەو پەرچە کردارانەی کە بۆنی داڕزانی ئەو ویژدانەیان لێدەهاتو، ئەو زوڵمەی کە جەهل کردی بەرانبەر بەئێمە، دەبێ بەڕاشکاوی ڕاو بۆچوونی هەندێك دۆستو کەسانی خاوەن ویژدان لەم حوکم دانەی ئێمە بکەینە دەرەوە، ئەو ڕاو بۆچوونو نەقدانەی کە یا بەنوسین کران (کە زۆر کەم بوون) یان بەنامەو فاکسو تەلەفون پێمان گەیشتو ئێمەش وێڕای سوپاسو پێزانین وانەی تایبەت لەو بەڕێزانەوە فێر بووین. لەدەرەوەی ئەم ژمارە کەمە لەکەسانی خاوەن ویژدان، بڵاو بوونەوەی ئەو چاو پێکەوتنە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك پەرچەکردار بووە وەو زۆر شتی لەسەر گوتراوەو دەگوترێ. بەشێوەیەکی گشتی قسان بکەین، دروست بوونی ئەو گفتوگۆیانە لەسەر ئەو چاوپێکەوتنە مایەی دڵخۆشی ئێمەیە چونکە مەبەستی سەرەکی لەسازدانی ئەو چاوپێکەوتنەدا شەڵەقاندنی ئەو گۆمە مەنگەبوو. لەلایەکی دیکەوە قسەکردن لەسەر بەرهەمێك، نووسینو تاو و توێکردن، هەڵسەندگاندنی، ئارەزووی نووسەر یان خاوەن بەرهەمەکەیەو ئینجا زیندوێتی نێوەندەکە نیشان دەدات. کەواتە کێشەکە لەوێدا نیە کە ئەو چاوپێکەتنە گفتوگۆی خستۆتەوە بەڵکو کێشەکە لەوێوە دەست پێدەکات کەچی گوتراوەو دەگوترێ دەربارەی ئەو بەرهەمە! خوێندرایەوە یان شێوێندرا!؟ بارگاوی کرا بەڕاو بۆچوونی دەرەوەی تێکستەکە یان بوار درا تێکستەکە قسە بکات؟ خوێندنەوەیەکی ئایدیۆلۆژیانە خوێندرایەوە یان فیکریانە؟ مامەڵە لەگەڵ تێکستەکەدا کرا یاخود ئەحکامی قەبلی بەسەردا سەپێندرا؟

دیارە سوپاس بۆ تەکنۆلۆژیای راگەیاندن، ئێمە ئاگادارین لەوەی کەچی لەمەڕ ئەم بەرهەمەوە گوترا، بەڵام کەس وەکو ئێمە ئاگادار نیە لەهەندێ پەرچەکرداری تر کە نەبوونە نووسینو بەرگوێی ئێمە کەوتنەوە هەر هەموو بوونە مایەی حەپەساندنی ئێمە، حەپەساندن لەوەدا کە ئەو هەموو ڕقو بوغزە لەکوێوە سەرچاوەی گرت بەرانبەر بەئایینو ئیسلامو بزوتنەوە ئیسلامیەکان، واتە هەندێ لەومەسەلانەی کە ئێمە لەو چاوپێکەوتنەدا ئاماژەمان پێدابوو. بڵاو بوونەوەی "پاکس ئەمریکانا" بۆ ئێمە وانەیەکی زۆر گرنگ بوو، گرنگ لەوەدا کە ئەو پەرچە کردارانەو ئەو قسانەی کران لەسەر ئەو بەرهەمە جارێکی دی ئێمەی هۆشیارکردەوە کە لەچ نێوەندێکدا کاردەکەینو چۆن دەبێت کاربکەینو دەتوانین چی بڵێینو چۆن قسان بکەین. هەروەها جەوهەری ئەو نێوەندەی بەتەواوی بۆ ئاشکرا کردین. وەك گووتم کۆمەڵێ وانە فێربووین، لەوانە لەپاڵ دەرکەوتنی بیماری ئەو ویژدانە، وانەیەك کە لەسەرەوەی لیستەکە دێت ئەو وانەیە بوو کە درا بەگوێماندا ئەویش ئەوەی

کەئەو نێوەندە بەناو سیاسیو کلتووریە تەسامحی لەپلەی سفردایە (Zero tolerance) بەرامبەر بەکەسێك کە لەسەر ئیسلام قسەبکات بەدوور لەو هێرشەی کە دەکرێتە سەر ئەو شارستانیەتە. ئەو نێوندە باوەشی کردۆتەوە بۆ هەر گەندو گوویەك کە لەسەر ئیسلامو شارستانیەتی ئیسلامیو میراتی فیکری ئیسلام بگووترێ، نەك هەرئەوەندە بەڵکو تۆ هەرگیز نابیتە رۆشنبیرو پاسپۆرتی رۆشنبیر بوونو نووسەر بوونو خاوەن فیکر بوون وەرناگری گەر تورەهاتەکانی هەندێ لەئۆرنتالێستەکان دووبارەو سەد بارە نەکەیتەوە، گەر بەسەر میراتی رۆحیو فیکری ئەو ناوچەیەدا رق هەڵنەڕێژی. لەم رووەوە پرسیارێك کە رۆحی ئێمە دەکرۆژێ ئەمەیە: ئایا جڤاتی کوردی (واتە هەموو کورد)، جوتیارو کاسبکار، دایكو باوکی ئێمە هەر هەموو ئاگادارن کە ئەم دوو مەخلوقە بەناو سیاسیو رۆشنبیرە بەچ ئاگرێك یاری دەکەن؟ ئایا ئاگادارن کە لەپشت جڤاتی کوردییەوەو بەناوی کوردەوە رۆشنبیرەکان بڕیاریان داوە کە کورد چیەو چی پێویستەو دەبێ چی بکات؟ رێگەش نەدەن بەکەس بۆچوونەکانیان تاقی بکەنەوە؟ بەڵام باسەرەتا بپرسین ئایا "پاکس ئەمریکانا" خوێندرایەوە؟ کێشەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە خۆی پابەندە بەکۆمەڵێ پرسیاری ترەوە کە بەداخەوە ئێمە لێرەدا ناتوانین هەقی تەواویان بدەینێ، بۆ نموونە ئایا هۆشیاری تێکست خوێندنەوە هەیە؟ نێوەندێك کە تێکستی بەرهەم نەهێنابێ چۆن دەتوانێت تێکست بخوێنێتەوە؟ میکانیزمەکانی خوێندنەوە لەو نێوەندەدا چین؟ ئەگەر هارۆڵدبلۆم بەنێوەندی ئەمەریکیو ئینگلیزی بڵێ لەبیریان چۆتەوە خوێندنەوە چیەو بۆ ئەم مەبەستە کتێبێك بنووسێ بە ناوی "خوێندنەوە چۆنو بۆچی" ئەی ئێمە چی بڵێین لەنێوەندێکدا کەلە چاوپێکەوتنێکدا تەنیا ووشەیەك یان رستەیەك زەق دەکاتەوەو لەسیاقی دەردەهێنێتو بارگاوی دەکات بەنیازو مەرامی حیزبیو ئایدیۆلۆژیو شەخصی؟ ویژدانێك کە بیمار بێتو خاوەنی خاسیەتی قەدر زانین نەبێت ئایا چاوەڕوانی لێدەکرێت بزانێت باش بخوێنێتەوە؟ ئینجا نێوەندێك کە لە بەرزەخدابێت، واتە نەسەر بەترادسیۆنە فیکرییەکانی خۆرهەڵاتو نەسەر بە خۆرئاوا بێت چۆن دەتوانێت بخوێنێتەوە؟ بەڕای من لەئێستادا زۆر گرنگە هەر لەسەرەتاوە دەست بکەینەوە بەپێناسەکردنی ئەو شتانەی کەوا دەزانین دەیانزانین لەوانە، تێکست چیە؟ نووسین چیە؟ خوێندنەوە چیە؟ خوێندنەوە چۆن مەیسەر دەبێو... هتد. وەك گووتمان ئێمە لێرەدا بواری ئەوەمان نیە لەسەر هونەری خوێندنەوەو چۆنیەتی خوێندنەوەی بابەتێك قسەبکەین بەڵام وێڕای ئەوەش ئاماژە بەیەك دووخاڵ دەدەین. خاڵی **یەکەم**: بریتیە لەجەخت کردنە سەر دوورە پەرێزی لە "بارکردن"ی تێکستێك بەمەبەستو نیازێك کە رەنگە ئەو تێکستە نەتوانێ هەلیبگرێو نەشیاوبێت بۆ ئەو مەبەستە، بەواتایەکی دی، خوێندنەوە نەك بارکردن، دەرك کردن بەماناو نیازو رەمزو دەلالەت لەسیقای ئەو تێکستەدا، نەك مەزەنەکردن (Gussing)، نەك هێنانی نیازو مەبەستی دەرەکیو سەپاندنی (Reading into) بەسەر تێکستەکەدا. لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بە خوێندنەوەیەك بکەین کە ئەو نێوەندە بێ ئاگایە لێی ئەویش خوێندنەوەی ئیسۆتریکییە (Esoteric) واتە خوێندنەوەی (باطنی). لەم جۆرە خوێندنەوەیەدا لەجیاتی سەپاندنی مانا بەسەر تێکستدا ماناو رەمزو نیازو دەلالەتەکان لەناو خودی تێکستەکەدا دەدۆزرێتەوە. ئەمە بەپێچەوانەی خوێندنەوە ئێکسۆتریکی (Exoteric) واتە طاهري کە بەروو کاری دەرەوەی تێکستو خوێندنەوەی حەرفی تێکستو بەتوێکڵەوە دەگیر سێتەوە، لەکاتێکدا خوێندنەوەی ئیسۆتریکی (باطنی) رۆدەچێتە ناو تێکستەوە. کێشەی خوێدنەوەی ئیسۆتریکی (باطنی). لەوەدایە کەخوێندنەوەیەك نیە بۆ هەموو کەس وە هەموو کەس ناتوانێ بەو کارە هەڵبستێ. ئەم خوێندنەوەیە بۆ ئەو کەسانەیە کەلە نێوەندێکی تایبەتدا کار دەکەنو لەگەڵ هەموو تێکستێکیشدا ناکرێ بەڵکو لەگەڵ تێکستە فەلسەفیو میتافیزیقیو ئایینیو فیکر بەعیرفانیەکاندا دەکرێت هەر لەبەرئەمەیە ئێمە لێرەدا واز لەباس کردنی ئەم جۆرە خوێندنەوەیە دەهێنین. لێرەوە زووربەی خوێندنەوەکان ئێکسۆتریکی بە (ضاهري - ڕووکەش) کە خۆی ئەم جۆرە خوێندنەوەیەش پرینسیپو ئوسوڵو شێوازی جیاوازی هەیە.کاریگەرێکی عەدەمیانەی هەندێ قوتابخانەی نەقدی هاوچەرخ لەوێدایە کە بانگەشەیان بۆ ئەوەکردکە هەموو کەس دەتوانێ خوێندنەوەی خۆی بۆ تێکستێك هەبێتو هەموو خوێندنەوەیەکیش ڕەوایە. گەر ئەمە راست بێت، کە ڕاست نیە ئەوا

جیاوازی نێوان کەسێك کە هەموو تەمەنی سەرقاڵی خوێندنەوەی تێکستەکانە وە ئسوڵی خوێندنەوە بەڵەدە، لەگەڵ کەسێك کەناتوانێت تێکستێك بەدەستەوە بگرێتو تەواوی بکات نامێنێت. گەر ئەوڕایە پەسەند بکەین ئیدی پێویست ناکات بچینو لەژێر دەستی مامۆستاکاندا فێری چۆنیەتی خوێندنەوەی تێکستێك بینو ئەوەندەمان بەس دەبێ کە ووشەکانمان بۆ حونجە بکرێتو ئیتر دەتوانین رای خۆمان لەسەر هەموو تێکستێك دەربڕین. لێرەوە زۆر گرنگە جەغد بکەینەوە سەر ئەو خاڵەی کە خوێندنەوە فیکرەو هونەرەو مەهارەتەو لەهەمان کاتدا پرنسیپی خۆی هەیەو دەبێ فێریان ببین.

خاڵێکی دی کە شوێنی گرنگی پێدانە لەپرۆسەی خوێندنەوەدا بریتی‌یە لەخستنە ناو کەوانەوەی بیرو بۆچوونو ئەحکامی پێشینەی خوێنەر لەکاتی خوێندنـەوەی تێکستێکداو پاشان خستنەناو کەوانـەوەی هـەموو بیرو بۆچوونو هەڵوێستەکانی پێشووی نوسەری تێکستەکە، ئەمە ئەگەر خوێنەر ئاشنابوو پێیان، کەواتە بۆ ئەوەی **یەکەم:** لەتێکستێك تێ بگەینو **دووەم:** زوڵمی لێ نەکەین ناچارین سەرەتا دەست بەرداری ئەحکامی پێشینەیی بینو رێگا بدەین تێکستەکە قسەبکاتو هەروەها رێگە نەدەین راو بۆچوونمان سەبارەت بە نووسەر یان خوڵقێنەری ئەو تێکستە بەربەستێك دروست بکات یان دزە بکاتە ناو پرۆسەی خوێندنەوەوە دەنا خوێندنەوەکە لەخوێندنەوەیەکی مەوزوعی‌یەوە دەبێتە بارکردنی تێکستەکە بەو هەموو شتانەی کە پێشتر زانیومانن وەحوکممان بەسەردا داون. رەنگە خوێندنوەی تێکستێك بمانگەیەنێتە هەمان قەناعەت کە پێشتر هەمان بووە سەبارەت بە نووسەرەکەی بەڵام گرنگ ئەوەیە لەکاتی خوێندنەوەدا ئێمە رێگەنەدەین ئەو حوکمە بدەینو حوکمەکان رێگا نیشاندەرمان نەبێت. هەر ئەم خاڵەی دوایی پەیوەندی بەخاڵێکی ترەوە هەیە لەپرۆسەی خوێندنەوەدا ئەویش بەپلەی یەکەم تێگەیشتنە، کەسانی وەك هایدگەرو هانا ئارێنتو گادامیر بەدرێژی قسەیان لەسەر کردووە، ئینجا تێرمانو پرسیارکردنو دواجاریش حوکم دان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاژاوە فیکرییەی دنیای مۆدێرنو سەپاندنی ئەحکامی خێراو سەپاندنی نیازو مەبەستی ئایدیۆلۆژی کە بۆتە کاری کۆمەڵێ ئایدیۆلۆژیست، هەندێك لەو باوەڕەدان کە پرۆسەی خوێندنەوە هیچ نیە جگە لە تێگەیشتن واتە خولقاندنی تێکستێك چاو لەتێگەیشتن دەبڕێ نەك ئەوەی حوکمی بەسەردا بدرێت بگرە هەندێ لەمە زیاتر دەڕۆنو دەڵێن حوکم دان مەحاڵە. بەهەرحاڵ باس کردنی پرۆسەی خوێندنەوە بۆ بۆنەیەکی تر هەڵدەگرین، ئێستا لەبەر رۆشنایی ئەو چەند سەرنجەی سەرەوەدا با بپرسین کە ئایا (پاکس ئەمریکانا) خوێندرایەوە؟

وەك ئاماژەمان پێدا جگە لەیەك دووهەوڵی چەند کەسێکی خاوەن ویژدان کە چەند سەرنجێکی گرنگیان لەمەڕ ئەو چاوپێکەوتنەوە دەربڕیو ئێمەش بەدەوری خۆمان لەسەرنجەکانیانەوە فێربووین، ئیتر ئەو دوایی قسەکردنەکان خوێندنەوە نەبوون، نەك ئەمەندە بەڵکو لەهەندێ شوێندا بینیمان هێرشێکی ناڕەوای کرایە سەر لەلایەن چەند کەسێکی بێگانە بەنووسینو هەنگاوێ لەمە زیاتر کۆمەڵێ تەشهیر کردن بەناوی نووسینەوە لەلاپەڕەی چەند رۆژنامەیەکدا بڵاوکرانەوە.(٤٧)

کۆمەڵێك سەرنجی ناو "پاکس ئەمریکانا" کۆمەڵێ خەڵکی وەڕس کردووە، چ دۆستو چ نا دۆست، جا بەهەق یان بەناهەق. ئێستا بالەسەر ئەم لایەنە قسەبکەین. سەرەتا رێگامان بدەن هەروەك ئێوە، خوێنەران، لەسەر لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەو بەرهەمە قسان بکەین، واتە وەك ئەوەی کەتێکستێکەو وەك بەرهەمی ئێمە نەبێت مەوزوعیانە قسەی لەسەر بکەین. ئەو چاوپێکەوتنە بەمەبەستی بڵاوکردنەوە کرا لەرۆژنامەیەکداو یەکەم ئیشکالیەت بریتی‌یە لەناهەقی کردن بەفەلسەفە، بابزانین مەبەستمان چیە؟ مەبەستمان هێنانی کۆمەڵێ چەمكو ئایدیاو بیرۆکەو بۆچوون، کە تەنیا لەناو مەعریفەی ئیسۆتریکیدا بەکار دەهێنرێو تەنیا لەتێکستی فەلسەفیدا سیاقەکەیان دەردەکەوێتو تەنها لەوێشدا شایەنی لێتێگەیشتن، بۆ ناو گفتوگۆی رۆژنامەگەری. مەبەستمان ئەوەنیە کە فەلسەفە ئاڵۆزەو ناشێ بە زمانێکی سادە هەندێ کێشەی فەلسەفی روون بکەینەوە وە مەبەسیشمان ئەوەنیە کە "پاکس ئەمریکانا" دەبا سادەتر بوایە یاخود ئەو چەمکە فەلسەفی‌یانە سادەتر بخراتایە تەڕوو، نا، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کەتۆ ناتوانێ لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەگەریدا چەمکەکانی وەکو ئیسۆتریك، ئیکسۆتریك، رۆشنگەری موتڵەق، خوداوەند، شارستانیەت، کانونی فەرهەنگی، جەنگاوەرو...

هتد. زۆر بەخێرایی فـڕێ بدەیتـە نـاو قسـەکردنتەوە لەسـەر چـەند دیاردەیـەك لـەدەرەوەی سیاقی مـەعریفیو فیکـری ئـەو چەمکانە. بۆ ئەوەی ئەم کارە شیاوبێت دەبێت کۆمـەڵێك روون کردنـەوە بەدەسـتەوە بدەیـت، کۆمـەڵێ تەفسـیرو پێشـینە بخەیتە بەردەم خوێنەران. هەروەها دەبێت بزانین کە سنوور هەیە بۆ هێنانی چەمكو ئایدیای بوارێکی ئیسـۆترکی (لەوانـەش فەلسەفی بۆناو بوارێك کە خۆی مەبەست بووە بۆ گشت توێژوچینو دەستەوتاقمە کۆمەڵایەتیـەکان بێـت کـە ئاسـتی فیکـری جیاوازیان هەیە، ئاستی تێگەیشتنو زەوقو سەلیقەی جودا جودایان هەیە. سـنوورەکەش لـەوێوە دێـت کـە هـەندێ چـەمكو ئایدیاو بیرۆکە هەن کە بۆ هەموو مەحافلێك دەست نادەن) هەر ئەوەشە ناحەقی کردن لەفەلسەفە. تـا ئێسـتاو بـۆ ئەبـەدیش فەلسەفەو مەعریفەی ئیسۆتریکی تەنیا بابـەتی کۆمـەڵێك خـەڵکی کەمـەو خۆکوشـتنەگەر بێتـوو دیموکراتیزەیـان بکـەین. با نموونەیەك بهێنینەوە، لەو چاوپێکەوتنەدا لە لاپەڕە (١٤)دا ڕستەیەك هەیە کەدەڵێ: "رۆشنگەری لەڕاستیدا تاریکترین چرکە سـاتی مێژوویـی بەشـەرییە، مۆتـۆڕی ئـەم پرۆژەیـە جیاکردنـەوەی عەقڵـە لەعـەقڵی فـەعال (Intelect) کـە رەهـەندە ترانسدێنتاڵەکەی عەقڵە". ئەم رستەیە، کە دواجار قسەی لەسەر دەکەین، رستە یان بیرۆکەی نـاو تێکسـتێکی فەلسـەفییەو تووڕ هەڵدانی بۆ ناو ئەو قسانە بێ شیکردنەوە حەتمەن ئیشکالیەت دروست دەکات، بەتایبەت تووڕ هەڵدانی بۆ نێو نێوەندێك کە جگە لەچەند "پەخشانێك" لەسەر رۆشنگەری هیچ بەرهەمێکی فیکری لەسەر رۆشنگەری نەدیتبێت، نێوەندێـك کـە خـۆی قوربانی رۆشنگەری بێت بەڵام بەهۆی نەبوونی تەقلیدی بیرکردنەوەوە نـەزانێت، لـێرەوە تـووڕ هـەڵدانی ئـەو بیرۆکەیـە هـەم ئیشکالیەتی تێدایەو هەم دەبێتە مایەی لێ تێنەگەیشتنو لەدوا جاریشدا جگە لەخاوەنەکەی کەس لەو بە هەڵە لێ تێگەیشـتنە بەرپرسیارنیە. لە "پاکس ئەمەریکانا"دا کۆمەڵێك ڕستە، چەمك، بیرۆکەی لەو بابەتەی سەرەوە هەن کە تەنـها لەتێکسـتێکی فەلسەفیدا شیاونو مانا بەچاکی دەگەیەنن نەك لەچاوپێکەوتنێکدا بێ روون کردنەوە.

ئیشکالیەتێکی تری ئەو چاوپێکەوتنە باس کردنی بوارێکی مەعریفی تایبەتە، مەبەستم لە (IR) واتە کایـەی پەیوەندیـیە نێو دەوڵەتیەکان، بەو شێوە خێرایەو ئەو رەخنە توندانە بەڵام سەرپێ بیانەو عەرز کردنیان لەسـەر ئـەو بـوارەو نـاو هێنـانی کۆمـەڵێك کەسـی نێـو ئـەو بـوارەو هێنـانی سـەرجەم ئەمانـە بـۆ نێوەندێـك کـە بـێ ئاگایـە لـە (IR)و هیـچ بەرهـەمێکی ئـەو نووسـەرانەی نـەبینیووە خـۆی جێـی ئیشـکالیەتە (لـەم سـاڵانە دواییـدا چـەند کەسـایەتیەکی کـورد لـە زانکۆکـاندا IRو یـان خوێندەوە هیوادارین لە ئایندەی نزیکدا لەسەر ئەو کایەیـە بنووسـنو قسـەبکەن). بـۆ نموونـە ئێمـە سـەرجەم بەرهەمـەکانی واکـەرو ئاشـڵیو دۆنـەڵیو مۆرگنتاومـان خوێندۆتـەوەو ئینجـا خوێندنـی قوتابخانـە جیاجیاکـانی نێـو ئـەو کایەیـە بـەڵام لەقسەکردنەکانماندا لەسەرو IR ئەو قوتابخانانە گریمانکاری ئەوە کراوە کە خوێنەری ئەو چاوپێکەوتنە چاك شارەزایە (Well in Formed)و چـاك خوێندویەتیـەوە (Well read) لەمـەڕ ئـەو کێشـانەوە یـان بـەلانی کەمـەوە فزوڵێکـی مـەعریفی هەیـە کـە بەرێگەیەك لەرێگاکان خۆی ئاشنا بکات، ئەمە لەکاتێکدا ئەمە بـۆ خوێنـەری کـورد راسـت نیـە. بـاجێك کـە ئێمـە دامـان لـەم نموویەدا بەچاکی دەردەکەوێت: ئێمە لەسیمینارێکدا لەزانکۆی کارڵتۆن هەمان ئەو ڕەخنانەمان لەسـەر ئـەو بـوارە دەربـڕیو پێشوازیەکی چاکی لێکرا لەلایەن پرۆفیسۆرو قوتابیانی بواری IRو وەك بیرکردنەوەیەکی سەر بـەخۆو دەسـتکەوتێك تەماشـا کرا. لەم نێوەندەدا قسەکانی ئێمە ئاوها شکایەوەو لەنێوەندی کوردیشدا بەو شێوەیەی کە دیمان.

ئێستا با قسە لەسەر چەند بابەتێك بکەین کە مایەی بەهەڵە لێتێگەیشتن بوون لـە "پـاکس ئـەمریکانا"داو بەتایبـەت ئـەو قسانەی کە بەئایدیۆلۆژی کرانو هەندێك بۆ نیازو مەبەستی تایبەتو لەویژدانە بیمارەکەیانـەوە کەوتنـە شـێواندنی قسـەکانی ئێمە. یەکێك لەو مەسەلانە بۆ چوونی ئێمە بوولەسەر یـەکگرتووی ئیسـلامی. ئێمـە لەلاپـەڕە (٢٤)دا دەڵێـین: "یـەکگرتووی ئیسلامی بەهۆی میانڕەویەکەیەوەو بەهۆی ئەوەی کەچەکی هەڵنەگرتووە ئەگەری ئەوەی پێبوو، وەئێستاش ئـەو ئەگـەرەی تێدایە کەببێتە ئۆپۆزسیۆنێکی جدی لەنبەرامبەر ئەو پاشاگەردانیەدا . . . . ."

سەرجەم قسەکانی ئێمە لەمەڕ بزوتنەوە ئیسلامیەکانەوە لەئەحکامی پێش وەختەو ویژدانێکی بیمارو لەدیدێکی شێواو دوور لەعەقلانیەت مامەڵەی لەتەکدا کراو هەرچی ڕای ئێمەشە سەبارەت بەیەکگرتووی ئیسلامی هەمان ئەو مامەڵەیەی لەتەکدا کرا کەلەگەڵ ئایەتی "لەنوێژ نزیك مەبنەوە لەکاتێکدا سەرخۆشن"دەکرێت واتە تەنها جەغد دەکرێتە سەر بەشێکی، لەم حاڵەتەدا جەغد دەکرێتەسەر "لەنوێژ نزیك مەبنەوە"و بەشی "لەکاتێکدا سەر خۆشن" پشت گوێ خراو لەیاد کرا. ئەمەش تەنها بیماری ئەو مەیدانەو ئەو ویژدانە نیشان دەدات. لەمێژووی ئەو ڕێکخراوەدا، یەکگرتوو، هیچ کەس هێندەی ئێمە ڕەخنە گرانە مامەڵەی لەتەکدا نەکردوە لەکاتێکدا کەسانی بەناو سیاسیو ڕۆشنبیر تائێستا جگەلە هێرش کردنە سەر ئەو ڕێکخراوە لەدیدی ئایدیۆلۆژیەوە هیچ کارێکی تریان نەکردووە. لەمەزیاتر هەندێك لەسەر ئەو ڕێکخراوە بوون بەنوسەر، ڕۆژنامەنووس، خاوەن وەزیفە، مامۆستا لەدەورە حیزبیەکاندا بێ ئەوەی تائێستا توانیبێتیان ڕەخنەیەکی جدی لەیەکگرتوو بگرن، وەك گووتم هەندێکی دی بۆ سەلماندنی ڕۆشنبیر بوونی خۆیان کردویانەتە عادەت کە دەبێت هێرش بکەنە سەر ئەم ڕێکخراوە، بەڵێ هێرش نەك خوێندنەوەی نەقدی، نەك بانگ کردنی یەکگرتوو بۆ سەر خوانی گفتوگۆ، لەم ڕووەوە یەکگرتوو یان پشت گوێ خراوە یان هێرشی کراوەتە سەر، بەلام ئێمە لەیەك دووساڵی ڕابردوودا لەکۆڕو سیمینارەکانماندا لەشاری سلێمانیو لەکۆرسێکی فەلسەفیدا لەزانکۆی سلێمانی لەگەڵ ئەندامانو لایەنگرانو لەیەك دوو بۆنەشدا لەگەڵ کەسانی لێپرسراوی ئەو بزوتنەوە ئیسلامیەدا گفتوگۆمان کردووەو ڕاو بۆ چوونمان گۆڕیوەتەوە. وەك حەقیقەتێکی مێژوویی دەبێت بڵێین کە نەئێمە شەرمان کردووە لەوەی کە بۆچونە نەقدیەکانمان بشارینەوەو نەئەو بەڕێزانەش موجامەلەیان کردووە هەردوولا وەك کەسانێکی مەدنی ئاڵو گۆڕی بیروڕامان کردووە. لێرەوە ئەو وێنە بەربەریەی کە ڕۆشنبیری کورد بۆ ئەو ڕێکخراوەی کێشاوە زوو کەوت.. ئەندامانو لایەنگرانی یەکگرتوو کە لەو کۆرسەی زانکۆدا بەشداریان کرد لەباشترین قوتابیەکانم بوون، هونەری گوێگرتن بەڵەد بوون، چاکترین پەیپەر (مەقال) ئەوان نووسیان، لەکاتێکدا فس فس پاڵەوانەکانی بەناو ناسیۆنالیزمی کوردی نەگوێیان دەگرت، نە ئەخلاقی گوێگرتن بەدڵەد بوونو نەزانیان مەقالێك بنووسنو هەندێکیان هەر زوو کشانەدواوە. گەرەکمە بڵێم کە ئێمە هەر لەسەرەتاوە بە دیدێکی نەقدیەوە مامەڵەمان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدا کردووە، نەقد نەك بوغز، لە "پاکس ئەمەریکانا"شدا وویستومانە هەنگاوێك زیاتر بڕۆینو ئەو مامەڵە تایبەتە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە کراوە لە چەند ساڵی ڕابردوودا کە لەسەر ئاستێکی فەزای گشتی بووە، بەلام تەسکتر، ئەمجارە گەورەتربکەینو بەنووسین لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدا قسان بکەین. ئەندامانو لایەنگرانی یەکگرتوو بانگ بکەین بۆ دایەلۆگو بیانکەینە بەشێك لە کۆمەڵگای مەدەنی کوردیو لەهەمووشی گرنگتر لەڕێگەی نەقدێکی شارستانیانەوە ناچاریان بکەین کە بکرێنەوەو دیدی خۆیانمان بۆ مەسەلەکان بۆ بخەنە ڕوو. لای ئێمە دیدی یەکگرتوو سەبارەت بەکۆمەڵێك کێشەو بوار ئاڵۆزە وەبۆ زانینی یان وەرگرتنی وەلامی پرسیارەکانمان سەبارەت بەو کێشانە تەنیا ڕێگەیەك کەشکی بەرین گفتوگۆیە، فشار بۆ هێنانە، فشارێکی نەقدیو گوتاری نەك تیرۆرایز کردنو تەشهیر پێکردنو هەڕەشەی مەرگو نووسینی خەزعەبلات وەك ئەوەی ئەو عەقڵەگرنگەی هەندێ ڕۆژنامە نووس دەیکا کە خۆشی نازانێ چی دەکاتو تەنیا نمایشی (عەرزی) ویژدانە بیمارەکەییو جەهلە کوشندەکەی دەکات. بەڵێ تائێستا سێ مامەڵە کردن لەپەیوەندیدا بەیەکگرتوو وە باڵەکانی تری ناو بزوتنەوە ئیسلامیەکان لەساحەی کوردیدا بوونی هەیە: مامەڵەکەی ئێمە کەبریتیە لەسەیرکردنیان وەك هێزی کوردیو لەدایك بووی کلتوورو سیاسەتو کۆمەڵگای کوردیو خوێندنەوەی بەرنامە ئایدیۆلۆژیو سیاسیو دیدە کۆمەلایەتیەکانیانو کردنیان بەبەشێك لە کۆمەڵگای مەدەنی کوردی، ئەمەش مانای قبوڵ کردنی بەرنامەو دیدی ئەو بزووتنەوە ئیسلامیانە ناگەیەنێت بەڵکو سیاسەت، فیکر، مەدەنیەت دەخوازێ کە ئێمەدان بەبوونیاندا بنێینو لەگەڵیاندا بکەوینە گفتوگۆ. دیدی دووەم: دیدی سەرکردەکانی هەردوو حیزبە گەورەکەی کوردستانە کە دیدێکی ئاڵۆزە. ئاڵۆزە لەوەدا کە بەڕێزان جەلال تاڵەبانیو مەسعود بەرزانی لەگەڵ سەرکردەی ئەو ڕێکخراوانەدا کۆدەبنەوەو لە ووتارە سیاسیەکانیاندا جەغد دەکەنە سەر گفتوگۆ کردن کەمایەیی دەستخۆشانەیەو

سیاسەتێکی سالمە بەڵام ئاڵۆزیەکە ئەو کاتە دەردەکەوێت کە لەسەر ئاستی دامو دەستگا حکومیو ئەعلامیەکانی ئەو دوو حکومەتەو بەتایبەت حکومەتی سلێمانی سیاسەتێکی تر پیادە دەکرێ، بۆ نموونە لەهەمان ڕۆژدا کە ڕێز دار جەلال تاڵەبانی لەگەڵ چەند سەرکردەیەکیبزووتنەوەیەکی ئیسلامیدا دادەنیشێ، گازێتەی حیزبەکەی کە ناوی کوردستانی نوێیە لە یەك دوو شوێندا هەموو بزوتنەوە ئیسلامیەکان بەتیرۆرست لەقەڵەم دەداتو ئەو ووتارۆچکانە بڵاو دەکاتەوە کە ئیسلامیەکان دەکاتە بێگانە. ئەم دیدە لەگەڵ ئاڵۆزیشیدا زۆر چاکترە لەدیدی سێیەم کە دیدێکی فاشیستی رووتە کەوا سەیری کێشەکە دەکات کە نەك ئیسلامییەکان بەکورد بێگانەن، نەك ئیستیرادی سعودیەو ئەفغانستانو ئێرانن بەڵکو خودی ئیسلام داگیرکەرەو تاکە چارەیەك سەربڕین هەموو ئیسلامیەکانە، لەپشت ئەم دیدە چەند فاشستییەوە "ڕۆشنبیر"ێكو یەك دوو بەناو سیاسەتمەدار بوونیان هەیەو ڕۆژانە کار بۆ ئەو ئامانجە فاشستییە دەکەن لەڕێگای ئەو ووتارۆچکەو کتێبۆچکانەوە کە دەیاننوسن ئەو وانانەی کە دەیانڵێنەوە لەدەورە حیزبیەکاندا، ئەو هەموو گۆڤارانەی کە لەژێر سایایەی ڕێکخراوە بەناو دیموکراتیەکان بڵاو دەبنەوە، کە ئەو بۆچوونە فاشستییەی لەسەر پەڕەیەکی دەنووسرێت بەهای پەڕەکە نیە.

کارەسات لەوەدایە کەچەتەیەك، فاشیستێك بێتو بەناوی "مەدەنیەت"ەوە "ئەقلانیەت"ەوە "کۆمەڵگای مەدەنی"یەوە "ڕێکخراوە دیموکراتیەکان"ەوەو لەژێر پەردەی "قبولکردنی ڕای جیاواز"دا ئەجێندا فاسیشتیەکەی پیادە دەکاو بەنیاز بێت هەموو نەیارانی خۆی سەربەنیست بکا (واتە بکوژێ، ببڕێ، تیرۆر بکا)و ئەو ئەجێندایەشمان وەك "مەشروعی نەتەوەیی" پێ بفرۆشێو ئینجا کۆمەڵێ کەسی بێکار، نیمچە خوێندەوارو نەخوێندەوار، کەبوونەتە نوسەر دەست بکەنە پەخشان نووسین بۆ ڕازاندنەوەی ئەجێندا فاشیستیەکەی ئەوو هێنانەوەی بەهانە بۆی. بڵاوبوونەوەی "پاکس ئەمریکانا"و ئەو پەرچە کردارانەی کەڕوو بەڕووی بووەوە ئێمەیان گەیاندە ئەو قەناعەتە کەئەگەر بێتوو ئێستا هێزێکی کوردی یاخود ناوچەیی یان جیهانی هەڵبستێت بەکوشتنو قەسابی کردنی هەموو ئیسلامیەکان، واتە نانەوەی مەجزەرەیەك، ئەوا گومانمان نیە لەوەی کەئەو مەجزەرەیە لەونێوەندە بەناو سیاسیو کلتووریەی کوردا بەئاسانی قبوول دەکرێتو بگرە کوردستانی نوێ بۆیەك مانگ دەبێت نامەی پیرۆزباییو دەستخۆشانە لەو کارە مەزنەو، پەخشانی پەخشان نووسوکان بڵاوبکاتەوە. بەکورتیەکەی بارودۆخی نەفسی ئامادەکراو بۆ مەجزەرەیەکی لەو شێوەیە هەیەو ڕۆشنبیرانیش ئەم کارەیان کردووە، ئەو ڕۆشنبیرانەی کەچەندین ساڵە کار لەسەرئەوە دەکەن کەچۆن ئیسلام داگیرکەرە، کەئیسلام داگیرکەربێت ئیسلامیەکان بەکرێگیراونو لەناوبردنی بەکرێگیراوانیش ئەرکێکی نیشتمان نییە. دیدی ئێمە لەمەڕ سەرجەم بزوتنەوە ئیسلامیەکانو ئینجا یەکگرتوو ئەمەیە. ئێمە لەدیدێکی فەلسەفیو عەقلانیەوە دەڕوانینە ئایین، عەقلانیەت بەمانا دیکارتیەکەی نا، بەمانا کانتیەکەی نا، هەرگیز بەمانا ئەدرۆنیو هۆرکهایمەریەکەی نا، بەڵکو بەمانا یۆنانیەکەی (ئەفلاتوونیو ئەرستۆییەکەی)ئەقلانیەت، بەمانا مەسیحیەتەکەی عەقلانیەت (سانت ئۆگستینو تۆماس ئەکواینەس)و بەمانا ئیبن روشدیو ئیبن سینناییو مەلا صەدراییەکەی عەقلانیەت، سەرجەم واتە بەمانا ترادسیۆنەکەی عەقلانیەت کەشوێنێکی بۆزاتێتی ئینسان تێدانیە بەڵکو عەقڵ لەپەیوەندیەکی تەنگاوتەنگدایە لەگەڵ لۆگۆسدا (Logos) بەمانا یۆنانیەکەی عەقڵ بریتیە لەلۆگۆس نەك بەمانا مۆدێرنەکەی کەبریتیەلە حیساب داری (calculation)و ئامێری (Instrument al) ئەم دیدەی ئێمە تەواو دژ بەپرۆسەی بەسیاسی کردنی ئایینە کەسەرجەم بزوتنەوە ئیسلامیەکان پێی هەڵدەستن. ئایین لەدیدی ئێمەدا بەشێکی هەرە زیندووی فەزای گشتیە (public)، خوڵقێنەری کلتوور (یان شارستانیەت)، کاراکتەرە، بەڵام وێرای ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەئایین بەهەق شتەکان بۆ شتە موقەدەسەکانو شتە ناموقەدەسەکان دابەش دەکات، شوێنی مەقەدەسو ناموقەدەس، زەمانی مەقەدەسو نامەقەدەس، زانستی مەقەدەسو ناموقەدەس، تێکستی مەقەدەسو ناموقەدەس، لێرەوە ئایین ناتوانێتو ناشێت جەغد لەسەر بوارێك بکات کەزیاتر مەوقعی "شوێنێك لەنێو دوو شوێندا" واتە "منزلة مابین المنزلتین"ی هەیە واتە لەنێوان موقەدەسو ناموقەدەسدا کەلەم حاڵەتەدا سیاسەتە (کەبەقەولی ئەرستۆ بەڕێوەبردنی

کاروباری جڤاته)و داگیری بکات. بابەهەڵە لێك تێگەیشتن دروست نەبێت مەبەستم جیاکردنەوەی سیاسەت لەئایین نیە، واتە من سیکولاریست نیم، عەلمانی نیم لەوەدا کەوەك ئەوەی بۆتە وێردی سەر زمانی ڕۆژنامە نووسەکانو بڵێم "ئایین کاروبارێکی تایبەتەو پەیوەندی بەتاکە کەسەوە هەیە"،نا، ئەمە عەدەمیەتە، ئەمە کوشتنی ئایینەو دەرگا خستنە سەرپشتە بۆهەموو گەندوگویەك. کەلەنێوشاردا بڕوات (شار بەقەولی ئەرستۆو سوکرات)و عەقڵو ناعەقلانیەت، حیکمەتو دیما گۆگیەت یان نەزەوات‌و ئارەزووە ئاژەڵیەکان هەموو وەك یەك سەیر بکرێنو ڕێگایان پێ بدرێ کەبڵێن ئەمە بۆچوونی ئێمەیە کەلەڕستیدا ئەم یۆچوونانە واخەریکە بەشەریەت بەرەو هەڵدێر دەبەن، بەڕای ئێمە سیاسەت وەك فیکر واتە وەك فەلسەفەی سیاسی کەبریتیەلە (contemplation) بیر کردنەوەو تێڕامان لەپرسیارە وجودیەکانو ژیانو ئینجا ژیانی جڤات لەدواجاردا لەگەڵ ئایینو فەلسەفەدا لەپرۆسەی بیرکردنەوەداو لەلوتکەی هەرەمەکەدا بەیەك دەگەنەوە، بەڵام سیاسەت وەك هونەری بەڕێوەبردنی کاروباری جڤات (کەدەشێ بڵێین نەتەوە یا وولآت) لەژیانە ڕۆژانەکەیی‌و لەپرۆسە فیعلیەکەدا ناشێ بەئایینی بکردرێت ئاینیش ناشێ لەلوتکەی تێڕامانو عیبادەتو بیرکردنەوە لەئیلاهی (Divine) دابەزێنرێتە سەر ئەو ئاستە لەبەڕێوەبردنداو لەووردو درشتی ئەو جڤاتە لەڕووی سیاسیەوە دەست وەربدات. ئایین دەستو پەنجە نەرم کردنە لەگەڵ موتڵەق، سیاسەتیش بەمانا پراکتیکیەکەی نەك تیۆریەکەی دەستو پەنجە نەرم کردنە لەگەڵ ڕێژە گەری. ئایین بەرمەبنای پرنسیپە نەگۆرەکانە،سیاسەتیش وەك لایەنە پراکتیکیەکەی بەرمەبنای شتە گۆڕاوەکانە،ئایین چاو لەبوون دەبڕێ (Being)، سیاسەتیش وەك لایەنی پراکتیکی خۆی مانیفێستی هەبوونە (صیرورة _ Becoming). کەواتە وەك گووتمان سیاسەت وەك فیکر یان فەلسەفە بەدوور نیە لەئایین بەڵکو هەردووکیان لەسەر خوانی پرنسیپە بنەڕەتیەکان، بەڵام بەشێوەی جیاواز، کۆدەبنەوە. بەڵام لەڕووی پراکتیکیەوە نەدەبێت ئایین بەسیاسی بکرێتو نەسیاسەتیش بەئایینی، لەم ڕووەوە ئێمە زیاتر (سان گۆستین)ین،. لەم دیدەی ئێمەدا شوێنێك بۆئەو عەدەمیەتە نیە کەناوی عەلمانیەتە، لای ئێمە چ ئایین چ سیاسەت تایبەتی نین (Private) بەڵکو سەربە فەزای گشتین (public)، بەتایبەت کردنی ئایین واتە مەرگی ئایین،خودا، ڕێز، موحیبەت، حەقیقەت، جوانی،بەواتایەکی دی مەحاڵ بوونی هەبوونی جڤات چونکەجڤات لە لایەکەوە کۆبوونەوەیەکی هەرەمەکی کۆمەڵێك خەڵك نیە بەڵکو وجودێکی میتافیزیقی هەیە، بەشێك لە موقەدەس بوونی تێدایەو ئینجا کۆبونەوەیە لەسەر خوانی موقەدەس، لەلایەکی دیکەشەوە جڤات لە دەرەوەی ئایین واتە لەدەرەوەی ئۆتۆرەتی، هەرەمی کۆمەڵایەتی، موقەدەسو ناموقەدەس،پرنسیپە بنەڕەتیەکان، موحیبەت،ڕێز، نیازو مەبەستی بوون، مانا نەك دەبێتە کەیاس (ئاژاوە)، نەك دەبێتە ئوتێل (واتە کۆبوونەی کۆمەڵێك موسافر لەشوێنێکدا) بەڵکو بوونی مەحاڵە. بەڵام عەلمانیەت یا عەدەمیەتێك کەمۆدێرنتی خولقێنەرەکەیەتی تەنیا بەم حاڵەتەی دوای دەشکێتەوە. ئایین لەدیدی ئێمەوە نەك (ڕۆحی جڤاتە، ئەو خوانەیە کەجڤات لەدەوری کۆدەبێتەوە، نەك ئەو کایەیە کەمانا بەبوونی جڤات دەدات) بەڵکو مامۆستاو ڕابەری جڤاتیشە بەڵام بەفیعلی (وەك پراکتیك) کاروباری جڤات کۆنترۆڵ ناکاتو سیاسەت بەمانا پراکتیکیەکەی بەئایینی ناکات چونکە سیاسەت بەمانا پراکتیکیەکەی لەهەندێ ڕووەوە بوارێکی ناموقەدەسە (Profane). خاڵی جەوهەری ئەوەیە کەچ سیاسەتو چ ئایین لەپێکهێنەرەکانی جڤاتن، ژیانو بوونی خەڵکین وەئەو کاتەی ئایین بەتایبەت دەکرێ سیاسەتیش بەتایبەت دەبێ هەرئەمەشە جەوهەری مۆدێرنتی. بۆ ئەوەی لەم قسەیەی ئێمە تێبگەن چاکترە بگەڕێنەوە بۆکتێبەکەی هانا ئارێنت، "هەلو مەرجی ئینسان"(The Human Condition). کەواتە ئەو کەسەی کەئایین وەك مەسەلەیەکی تایبەتی سەیر دەکات، سیاسەتیش‌و ڕاوبۆچوونو فیعلی سیاسیانەش (کاری سیاسیانە) بەرامبەر بە کێشەکانی جڤات بەتایبەت دەکات، ئەو کەسەی کەدەڵێت ئایین مەسەلەی باوەڕبوون یان باوەڕنەبوونەو هەردووکیشیان کێشەی تاکەکەسە ئەوا پشت دەکاتە سیاسەتو نەفیعلی سیاسی دەبێتو نەبیر لەسیاسەت دەکاتەوەو سیاسەت دەداتە دەست دەستەیەك واتە دەست بەرداری ئینسانی بوونی خۆی دەبێت ئەمەش واتە هەرەس هێنانی ئایینو سیاسەت پێکەوە.لەو کاتەدا کەئایین دەمرێت، سیاسەتیش

دەمرێت هەدووکیشی لەبنەڕەتدا واتە دەست بەرداربوونی لەبیر کردنەوەو لەبیر کردنی وجود، ئەوەشە ناهێلیزمی مۆدێرنتی. ئەوکەسەی لەهەڵبژاردنداو لەدیموکراسیەتی خۆرئاوادا سیاسەت دەبینێتەوە بەهەڵەدا چووە، خۆی لەڕاستیدا شوێنێکی ناسیاسی نیە لەجیهاندا وەکو"خۆرئاوا"، ئەوەی لە"خۆرئاوا"دا هەیە سیاسەت نیە بەڵکو ئیدارەکردن (mangment)و کۆنترۆڵ کردنی خەڵکیە بەمانای تەکنۆلۆژی، بەمانای ئەقلانیەتی حیساب داری.ئایا ئێستا دەرکەوت ئەو ڕستەیەی ئێمە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا ئێستا دەرکەوت ئێمە بۆ دیموکرات نین؟ کێشەی ئێمە لەگەڵ دیموکراسیەتدا هەمان کێشەی ئەفلاتوونە لەگەڵ دیموکراسیەتدا، دیموکراسیەت مەرگی سیاسەتو ئایینو موقەدەسو ڕێزە، مەرگی رۆحی جڤاتە. بەڵام هەر وەك سوکرات، لەلوتکەی بێز هاتنەوەماندا لەدیموکراسیەت، گەر جڤاتەکەمان بریاری دا ژەهر بخۆینەوە ژەهر دەخۆینەوەو ڕێگای هەلاتن ناگرینە بەر، ئائەمەش لێپرسراویەتی ئێمە بەرامبەر جڤاتی کوردیو هەر ئەمەشە جیاوازی ئێمە لەگەڵ چەتەو جەردەو پەخشان نووسەکانی کورددا.

بگەڕێینەوە سەر بزووتنەوە ئیسلامیەکان. بەئاینی کردنی یان بە ئیسلامی کردنی بواری سیاسیو کۆمەڵگای کوردیو بە سیاسی کردنی ئاینی ئیسلام کەبزووتنەوە ئیسلامیە کوردیەکان دەیکەن لەدیدی ئێمەوە شوێنی ئیشکالیەتەو ئێمە ناتوانین لەتەکیدا هەڵبکەین، هەڵنەکردنیشمان هەم لەدیدێکی فەلسەفیەوەسەرچاوە دەگرێ هەم وەك موسوڵمانێك شوێنی قبوول کردن نیە. بۆ ئێمە سەختە ڕازی ببین بەوەی کەپرسیارە میتافیزیقیەکان، رەهەندە رۆحیو فیکریەکان، فیکرو فەلسەفەی سیاسی، مانا وجودیەکانی جڤات، سەرجەم کورت بکرێنەوە بۆسیاسەتی شەریعەت کەلە ناو ئیسلامیەکاندا تا ئەمڕۆ هیچ نیە جگەلە: **یەکەم**، دابەزاندنی لیستی حەلاڵو حەرام، ئەمە بکەو ئەوی دیکە مەکە. **دووەم**، بەسیاسی کردنی ئایینو کورت کردنەوەی رەهەندە میتافیزیقیو فەلسەفیو فیکریەکەی ئایین بۆ مەلزەمەیەکی چۆنیەتی هەڵسو کەوت کردن لەبۆنە جیاوازەکاندا، چۆنیەتی نوێژ کردن، چۆنیەتی زەکات دان، سەیرکردنی فلان بەرنامەو دوورە پەریزی لەفلان بەرنامەی دی. **سێیەم**، پشت بەستن تەنها بەمەرجەعیەتی ئیسلامی لە گفتو گۆکاندا، لەکاتێکدا ئێمە بانگەشە بۆ فرەمەرجەعیەت دەکەینو خۆمان فرەمەرجەعین، مەسیحی، یۆنانی، ئیسلامی هیندی، مۆدرێن. **چوارەم**، وەك نەعامە سەرخستنە ژێرلمەوە وەك ئەوەی کە هیچ رووی نەدابێتو نەبینینی گۆڕانەکان لەسەر ئاستی دنیاو بینینی تەنیا چارەسەر لەگەڕانەوە بۆ گفتو گۆکانی ئیبن تەیمیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە مۆدرێرنەکان. **پێنجەم**، پەیڕەو کردن لەئەخلاقی مانەویەت واتە یان ئەوەتا لەگەڵمدایت یان دژمیت، بەواتایەکی دی واتە بوونی خاڵی سفر لەهەڵکردن. بەڕای ئێمە هەڵکردن فەزیڵەتەو بگرە جەوهەری ژیانە، ئاخر ئەو کاتە مەزنی بۆ چوونو ویژدانو ئەخلاقو بیری ئێمە دەردەکەوێت کە هەڵ بکەین لەگەڵ سەر لێشێواوو بێ ویژدانەکانو بێ فیکرو بێ مۆڕاڵەکاندا، ئەمە بەو مانایە نا کە ڕێگەبدەین کاروباری جڤات بگرنە دەستو لەڕاستیدا هەرگیز نابێ رێ بدەین ئەو مەخلوقە سەر لێشێواوانە دەستەلات بگرنە دەست، بەڵکو بەو مانایەی کە مافی ئەوەیان هەبێت لەجەهەنەمی خۆیاندا بژینو ئێمەش میهرەبان بین لەتەکیاندا.

وەك لە"پاکس ئەمریکانا "دا گووتمان بزوتنەوە ئیسلامیەکان گورزی گەورە دەدەن لە ئیسلام بەوەی کەیەکەیەکی رۆحیو فیکریو شارستانی کورت دەکەنەوە بۆ یەك رەهەند، لەبۆنەیەکی دیکەدا گوتمان دنیای ئیسلام لەسەردەمی شۆك بوونیەوە لەبەر یەك کەوتندایە لەگەڵ هێزە ئیمپریالیستیەکان کە زادەی مۆدێرنتی بوون، لەوکاتەوە دنیای ئیسلام سك پڕبوو بە پرۆژەیەکی شارستانی، ڕێنیسانسێکی دی لەشێوەیەکی دیدا، بەڵام لەجیاتی پرۆژەیەکی گەورەو هەڵگری تازە کردنەوەیەکی نوێی شارستانیو ڕێنسانس منداڵێکی مەشلول لەدایك بوو کە بریتیە لە فەندەمێنتا لیستە ئیسلامیەکان. لەجیاتی لەدایك بوونی مەخلوقێك کە کرداو بیرکردنەوە لە بۆتەقەیەکدا کۆبکاتەوە، مەخلوقێك لەدایك بوو دژ بەبیرکردنەوەو خاوەن کرداری بەدوور لەبیرکردنەوە. مەخلوقێك کە دەیەوێت تروسکایی ئەو مۆمە بچوکەش بکوژێنێتەوە کە لەفەزای گشتیدا هەیە لەناو دنیای ستەمکاری دنیای ئیسلامداو هەر هەمووومان غەرقی تاریکی بکات، مەخلوقێك کە تەنیا

مەشروعیەتی یان سەبەب لەبوونی دووشتە ستەمکاریو دارزانی ناو دنیای ئیسلامو عەدەمیەتی خۆرئاوا. ئێستا ئەو مەخلوقە مەشلولە واخەریکە پیر دەبێو ئێمەی موسڵمان پێویستە خەون بەکۆرپەیەکی جوانترەوە ببینین، کۆرپەیەك کە مژدە هێنەری شارستانیەتێکی نوێیە کە لەجەوهەردا دژایەتی نابێت لەگەڵ پرنسیپە گەردوونیو ئینسانیو ئیلاهیەکانی ئیسلامداو زیندوو کەرەوەی بەها ترادسیۆنەکان (ئیسلامی، مەسیحی، هیندی، بودی، یۆنانی) دەبێت لەجیهانێکدا کە کۆمەڵێك بازرگانو قاچاخچیو چەتە حوکمی دەکەن.

ئێمە لە "پاکس ئەمەریکانا"دا گووتومانە کە باڵێکی توند ڕەوی ئیسلامی هەیە کە باوەڕی بەدایە لۆگ نیەو زۆرتر پەنا دەباتە بەر تیرۆرو تەشهیرکردنو هەڕەشەی کوشتن بۆ پیادە کردنی ئەجێندا سیاسییەکەیو گووتوشمانە ئەو باڵە دەبێ فێری قسەکردن بکرێت، هەروەها گووتومانە کە یەکگرتووی ئیسلامی باڵێکی میانە ڕەوەو، چ توندڕەو چ میانەڕەو، بزووتنەوە ئیسلامیەکان زادەی کۆمەڵگای کوردینو لەوێ هەنو دەمێننەوەو دەبێت بەرمەبنای سیاسەتێکی حەکیمانە مامەڵەیان لەتەکدا بکەین.

ئەوەی کە شوێنی سەرنجە ئەو خاڵەیە کە ماوەی چەند ساڵێکە چ بەناو سیاسیەکانو چ کۆمەڵێ بە ناو رۆشنبیر باس لە تەجروبەی دیموکراسی دەستەڵاتی کوردی دەکەن، باس لە "کۆمەڵگای مەدەنی"و "رێکخراوی مەدەنی" دەکەن بەڵام هەموو بانگەشەو ئیدیعاکانیان لەبەردەم گروپێك یا چەند دەستەو تاقمێکدا کە ئەجێندایەکی جیاوازیان هەیە، سەرباری توندڕەو بوونیان، هەرەس دەهێنن، هەرچەندە ئەو هێزە "عەلمانیە" کوردیە تائێستا بەئاشکرا ڕاوبۆچوونی خۆی لەچوارچێوەیەکی مەعقولدا بۆ نەخستوینەتە ڕوو لەمەڕ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گروپی جیاوازداو لەمەڕ کۆمەڵگای مەدەنییەوە، هەتا ئێستاش جگە لەکۆمەڵێ دروشمو پەخشانو لەهەندێ حاڵەتیشدا تیرۆر زیاتر هیچی دیکەی بەرهەم نەهێناوە، لێرەوە ئێمە دەبێت دەستی بگرینو پێی بڵێین: "مەبەستمان لە کۆمەڵگای مەدەنی ئەمەیە، ئەی نەفام". کۆمەڵگای مەدەنی کۆکردنەوەی کۆمەڵێ هێزە، هێزی دژ بەیەكو خاوەن ئەجێندای جیاواز، لەسەر خوانێك، لەچوارچێوەیەکی یاساییدا، کە تیایدا دەستوورو یاسا زامنە گەورەکەیە بۆ پێکەوە ژیانو هەڵکردنی ئەو دژانە پێکەوەو بەڕێوە چوونی کاروباری مەدەنیو سیاسیو کۆمەڵایەتی جڤاتێك. لێرەوە لە بەرژەوەندی جڤاتێك نیە کە هێزێك، یا گروپێك نامۆ بکردرێو فڕێ درێتە دەرەوەو تووشی نا ئومێدی (احباط) بکردرێو ناچار بکردرێ ڕێگای نامەدەنیانە بگرێتەبەر بۆ تەعبیر کردن لەخۆی، بۆ نمونە لەجیاتی ئەوەی لەرادیۆو تەلەفیزیۆنو رۆژ نامەکانەوە قسان بکات ناچاری بکەن بەنارنجۆك تەعبیر لەخۆی بکات یاخود لە مزگەوتەکانەوە هێرش بکات یاخود لەجیاتی ئەوەی لەپەرلەماندا بێتو ببینو گوێیان لەڕاو بۆ چوونیان بێت ناچاریان بکەن بەنهێنی لەژێر زەمینەکاندا سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕێگای نامەشروع بن (نامەشروع لەڕووی یاساییەوە) بۆ سەلماندنی بوونی. ئەمەش ئەو گەمژەیەتییەیە کە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکانو عەرەبییەکان پەیڕەوی لێدەکەنو تەجروبەی کوردیش لەماوەی دەساڵی ڕابردوودا لە ئەم حاڵەتەی تێنەپەڕاندووە. فس فس پاڵەوانەکانی "دیموکراسیەت" لە کوردستاندا لەم خاڵە جەوهەرییەی قسەکانی ئێمە نەگەیشتن کە کۆکردنەوەی ئیسلامییەکان لەسەر خوانی کۆمەڵگای مەدەنی.

ئێمە جەغدمان لەسەر یەکگرتوو بوو چونکە یەکگرتوو نیسبەتەن بەگروپەکانی دی میانە ڕەوترو مەدەنی ترە ئێستا بڵێین گەر دەعمی هێزێکی میانەڕەو لەنێو ئیسلامیەکاندا بکردرێتو هەوڵ نەدرێ کە بەبێگانە بکردرێن، بهێزێنە ناو گفتوگۆکانەوەو فشاریان بۆ بهێنرێت کە دوورە پەرێز نەبن بەڵکو قسەبکەن، بنووسن، ئایا ئەمە لەبەرژەوەندی جڤاتی کوردی نیە؟ دیارە ئەگەر مەدەنی بین دەڵێین بەڵێو ئەگەر دیموکراسیش بین لەجۆری چەتەکان (واتە دیموکراسیەتی چەتەگەری) ئەوا دەڵێین نەخێرو دوا چارەسەری بوونی ئیسلامیەکان لەدیدی ئەم چەتەگەرییەوە سەربڕینی هەموویانە، ئێمە هەنگاوێك لەمە زیاتر ڕۆیشتووینو گوتوومانە کە یەکگرتوو ئەگەری ئەوەی تێدا بوو وەتێیدایە کە ببێتە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن. ڕێگەمان بدەن مەبەستەکەمان روون بکەینەوە. خاڵی سەرەتا دەبێت ئەم خاڵە بێت، بەهەمووشت قەناعەتمان لەق بێت بەوە قەناعەتمان

لەق نابێت کە کوردایەتی (بزوتنەوەی بەناو ناسیۆنالیزمی کوردی) لەقەیراندایەو لەقەیراندا بووە، نەدیدی هەیە بۆ کێشەکان، نەتوانیویەتی لە مێژووی خۆیدا ببێتە خاوەن ستراتیژیەتێکی ئاشکراو پتەو بەرامبەر بەکێشەی کورد) تەنیاشتێك کەڕای گرتووە ئامادەیی خەڵکی بووە بۆ دانی قوربانی. لێرەوە دروست بوونی ئۆپۆزسیۆنێك کە فشار بخاتە سەر بەناو ناسیۆنالیزمی تەقلیدی کوردی، ببێتە ناقد، رای بکێشێتە ناو مەیدانی سیاسیەوە، ململانێی مەدەنییەوە، لەخزمەت کوردو ئینجا ئەو هێزە بەناو ناسیۆنالیزمەشە. لەکوردستاندا (کوردستانی گەورە) تەنیا هێزێك کە بەرەنگاری کوردایەتی بووبێتەوە مارکسیزمو ئەحزابی شیوعی بوون. مارکسیزم وەك ئایدیۆلۆژیا لەژینگەی "رۆشنبیرەکان" تێنەپەری‌و ئەحزابی کۆمۆنیستیش جێ پێگەیەکی کۆمەڵایەتیان دروست نەکردو ئینجا بەهۆی سیاسەتە سەر لێشێواوەکانیانو بەهۆی بوونیان بەزمان حاڵی شورەوی (سۆڤیەت) لەناوچەکەدا هەر زۆر زوو بڕوای کوردو خەڵکی ناوچەکەیان دۆڕاند. کەواتە نەیارێك بۆ بزوتنەوەی تەقلیدی کوردی نەمایەوە. هەرچی پەیوەندیشی بە کوردستانی خواروو (عێراق)ەوە هەیە، دروست کردنی ئەو حیزبۆچکانە لەڕابردوودا گەمەی هەردوو حیزبە گەورەکە بوونو بگرە نەك رۆڵی نەیاریان نەبینیوە بەڵکو رۆڵێکی ترسناکیان بینیووە لەوەدا کە ئەو حەقیقەتەیان شاردۆتەوە کە ئەو دوو حیزبە گەورەیە ئۆپۆزسیۆن قبوول ناکەن. لێرەوە دووبارەی دەکەمەوە کە یەکگرتووی ئیسلامی ئەگەری ئەوەی پێ بوو وەپێیە کە ببێتە ئۆپۆزسیۆن، و بوونیش بە ئۆپۆزسیۆن لەخزمەتی کۆمەڵگای کوردیدایە. مەبەست لەئۆپۆزسیۆن لەکۆمەڵگای مەدەنیدا بریتی‌یە لەبوونی هێزێك یان چەند هێزێك لەدەرەوەی دەسەڵات کە هەڵدەستێ بەفەحس کردنی دەستەڵاتو دوواتر رۆڵی ئەم هێزانە بریتی دەبێ لەهۆشیار کردنەوەی نەك تەنها جڤات بەڵکو خودی دەستەڵاتیش لەکێشەکان. بەپێچەوانەی ئەمەوە واتە لەغیابی ئۆپۆزسیۆندا هێزی باڵادەست هەموو ئەو شتانە دەکات کە خۆی دەیەوێت بەبێ نەقد کردن چونکە هێزێك نیە پرسیارەکان بخاتە ڕوو. پاشان ئەوەی کە ئۆپۆزسیۆن دەبێتە ئەڵتەرناتیف یان نا، دەستەڵات دەگرێتە دەست یان نا مەسەلەیەکی جیاوازەو خودی جڤات بڕیاردەدات.

لەلایەکی دیکەوە یەکگرتوو بەهۆی قسەکردنیەوە لە ئیسلامو ئایین ئەگەری ئەوەی پێ بوو کە فراوانتر، سەراپاگیرتر بێت لەبزوتنەوەی کوردایەتی، واتە بەهۆی قسەکردنیەوە لەئایین،و بوونی ئەو توخمە لەشوناس ئەگەری ئەوەی پێ بوو دیدی فراوانتر بێتو نزیکتر بێت لەپرۆژەیەکی شارستانیەوە زیاتر لە بزوتنەوەی کوردایەتی تەقلیدی. ئاخر کوردایەتی میتافیزیقا نیە، فەلسەفە نیە، بەڵکو هەستێکی (بەڵێ تائێستا لەسەر ئاستی هەستەو لەوەزیاتر تێنەپەڕیوەو بەهۆی ستراکچەریەوە لەوە زیاتر تێناپەڕێت، دیارە ئەمە لەباشترین حاڵەتدا پێش خوێندنەوەی نەقدی) نیشتمانپەروەری رووتەو نەبۆتە پرۆژەیەکی نەتەوەیی. خەڵکی ناتوانن بەکوردایەتی بژین، کوردایەتی وەڵامگۆی پرسیارە میتافیزیقی‌یەکان نیە، بەڵام هێزێکی ئایینی ئەگەر خاوەنی پرۆژەیەکی شارستانی بێت دەتوانێت وڵامگۆی کۆمەڵێك پرسیاری وجودی‌و رۆحی بێت. بەڵام ئایا یەکگرتوو ئەو هێزەیە؟ من گووتومە ئەگەری ئەوەی پێ بوو وەپێیە، ئێستا بۆ ئەوەی عەقڵە گرنگەکان تێبگەیەنین ئایا پێویست دەکات مەقالێك لەسەر "ئەگەر" بنووسین؟ مەجرای ئەگەرەکانو کردنی "ئەگەر " بە "کردار" لەئەرستووە دەست پێ بکەین؟ نا، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە مەبەستیان بووە ڕای ئێمە بزانن دەڵێین: یەکگرتووی ئیسلامی بەهۆی ئیدیعا کردنی شوناسی ئیسلامی بووینەوە لەپشتیەوە میراتێکی فیکری دەوڵەمەندی شارستانیەتی ئیسلامی هەیە، ئەمە یەکەم مەرجەعیەتی‌تی یاخود دەبوایە یەکەم مەرجەعیەتی بووایە هەروەها بەهۆی ئەوەی قسە لەهەندێ بەهای ترادسیۆنی دەکا دەبا لەپشتیەوە چەند ترادسیۆنێکی تر هەباو لەگەڵیاندا یەکی گرتبایەتەوە لەوانە ترادسیۆنی مەسیحی، یەهودی، هندی، بودی، دیارە ئەمانە لەسەر ئاستی شارستانیەت، لێرەوە وەك "ئەگەر" یەکگرتووی ئیسلامی دەیتوانی دەوڵەمەندتر، سەراپا گیرتر بێت بەبەراورد لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتی تەقلیدی، بەڵام لەگەڵ رێزمدا بۆ کۆمەڵێك دۆستی ناو یەکگرتوو، ئەم پارتە، ئەم هێزە لەڕووی فیکریەوە زۆر هەژارەو پەی بە ئەگەرەکانی خۆی نابات‌و تا ئەمڕۆ دەستکەوتی ئەم هێزە جگە لەچەند گفتو گۆیەکی تەقلیدی ناو شەریعەتی ئیسلامی زیاتر هیچی بەرهەم نەهێناوە. سەرچاوەکانی ئەم هێزە لە سەید

قوتبو ئیلیا ئیزه ڤیچ تێنەپەڕیووەو بێ ئاگا لەفەلسەفەی ئیسلامی هاوچەرخ، ئینجا ئەوەی کە بێ ئاگان لە هەموو ئەو لێکۆڵەرەوەو فەیلەسوفانەی کە لە "خۆرئاوا" لەسەر ئیسلامیان نووسیوە یاخود بوونەتە موسڵمان لەوانە شوان، ئیتۆن، بوکهارت مارتن لینگەر ئەمە عەینی حەقیقەتە. ئایا دژایەتیەك هەیە لەنێوان گووتنی بوونی "ئەگەر"و ئەوقسانەی ئێستا دەیانکەم؟ بێ گومان نەء. بەپێچەوانەی ئەو جەهلەوە کە لەدوای "پاکس ئەمریکانا" وە خۆی بەخش کردوەو ئەو هەموو تەشهیرەی بە ئێمە کرا، ئێمە وویستومانە لەدیدی دڵسۆزیمانەوە بۆ جڤاتی کوردی کە فشار بۆ یەکگرتوو بهێنین تا هۆشیار ببێتەوە بەرامبەر بەرۆڵی خۆی. ئێستاش نایشارمەوەو چەندبارەی دەکەمەوە یەکگرتوو ئەگەری گەیاندنی نامەیەکی شارستانی پێ بوو، ئەفسوس تائێستا بەهۆی غەرق بوونیەوە لەنێو موناقەشاتە بیزەنتیەکانی ناو شەریعەتدا خۆی دەرکی بەرۆڵی خۆی نەکردووە. هەرچی پەیوەندی بەکۆمەڵگای مەدەنی‌یەوە هەیە ئەوا دووپاتی دەکەمەوە کەمن تەواو دژی ئەو بۆچوونە فاشستیەم کەکۆمەڵێك رۆشنبیرو سیاسی بانگەشەی بۆ دەکەنو خۆی لەقەتڵو عام کردنی ئیسلامیەکاندا دەبینێتەوە، ئێمە وای دەبینین کەلە بەرژەوەندی کوردە ئەو هێزە بەبێگانە نەکات، هەر ئەمەش بووە پەیامی ئێمە لە "پاکس ئەمریکانا"دا. ئەوەی شوێنی سەرسوڕمانە هەڵوێستی چەند نووسەرێکی کوردو چەند لایەنو دەستگایەکی کوردی‌یە، لەگۆڤارو تەلەفیزیۆنو ماڵپەڕی کوردی، لەناوەو لە دەرەوەی کوردستان، ئەوانەی کە زوڕنا بۆ دیموکراسیەت لێ دەدەن نەیانتوانی لەم بۆچوونە مەدەنیو فیکریەی ئێمە بگەن بەرامبەر بزووتنەوە ئیسلامیەکان.

مەبەستمە لێرەدا بگەرێمەوە سەر ئەو خاڵەی کەلە "پاکس ئەمریکانا"دا بووە مایەی بەد حاڵی لەلایەن چەند کەسێکی خاوەن ویژدانو تەشهیر پێکردن لەلایەن کۆمەڵێك بەناو رۆشنگەرەوە ئەویش ئەو خاڵەیە کەلە رۆشنگەری دەدوێ. پێشتر گووتم کەئەو رستەیە رستەی ناو تێکستێکی فەلسەفی‌یەو هێنانی بۆ ناو چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەگەری ئیشکالیەتی تێدایە. باکەمێك لەسەرئەم خاڵەرابووەستین.

جارێ با وێنای پەرچە کردارێکی تەندروست بکەین بەرامبەر ئەو رستەیە، دیارە لەکوێدا؟ لەنێوەندێکی زیندوو و دەوڵەمەند بەمیراتی بیرکردنەوەو هەبوونی تەقلیدی بیرکردنەوەو نێوەندێکی خاوەن داموو دەستگای مەدەنیو کەسی عەقڵانی لە نێوەندێکی لەو جۆرەدا ئەو رستەیەی ئێمە تەنیاو تەنیا بەرەو رووی ئەم پەرچەکردارە دەبووەوە ! "چۆن؟ زۆرتر بۆم بدوێ" "How? Tell me more" چونکە ئەو رستەیە ئاڵۆزە، حوکمێکی سەختە بەڵام جۆرێکە لەرەسەنایەتی بیرکردنەوە، نەئەوەتا شایەنی رەتکردنەوەیە بێ ئەرگومێنتو بێ زانینی باکگراوندی ئەو رستەیەو کەسی خاوەنی ئەو قسەیە، نەشایەنی قسە لەسەر کردنی زۆریشە لەو سیاقەدا کە تیایدا هاتووە، وە نەشایەنی بازدانیشە بەسەریدا وەك ئەوەی هیچ نەگوترابێت. بەڵام ئیشکالیەتی ئەم وێناکردنەی ئێمە بۆ نێوەندێکی دەوڵەمەند لەوەدا کە نێوەندێکی دەوڵەمەند بەمیراتی فەلسەفەو بیرکردنەوە خۆی بەفیعلی ئاشنایە بەم حوکمەی ئێمە لەبەرئەوە بەو رستەیە شۆك نابێت بەڵام داوای روون کردنەوەی زیاتر دەکات، بەڵام لەنێوەندێکدا کەفەلسەفەو فیکر هەرگیز میوانی نەبووەو ئەوەی هەیە چەند دروشمو ووتاری وەرگێڕاوە لەسەر فەلسەفەو ئینجا مۆدێرنتی، لەنێوەندێکی ئاوادا ئەو رستەیە حەتمەن تووشی ئەو پەرچەکردارە دەبێتەوە. پەرچەکردارێك کەرووبەرووی ئەم رستەیە بووە وە بەرئەنجامی بیرکردنەوە نەبوو، بەرئەنجامی فەلسەفاندن (تفلسف) نەبوو، بەڵکو لەوەوە هات کەئەم رستەیەی ئێمە ئەو گۆمە تەنکەی قەناعەتی هەندێکی شڵەقاند، ئاخر ئەگەر رۆشنگەری تاریکترین سەردەمی مرۆڤایەتی بێت ئەی ئێمە بەچی باوەڕ بهێنین؟ ئەی مارکسیزم کە تاکە گوتارێکە لەو نێوەندەداو هەمیشە باس لەپێش کەوتن (Progress)ی بۆ کردووین چی لێ بکەین؟ ئەی چی لەو پیاهەڵدانانەی مۆدێرنتی بکەین کە لەم چەند ساڵەی دواییدا، لەسەر ئاستێکی قووڵ نا بەڵکو رۆژنامەگەری، هاتنە دەرەوە؟ گەر رۆشنگەری تاریکترین چرکەساتی مرۆڤایەتی بێت ئەی ئێمە چۆن لیبراڵو دیموکراتو "مەدەنی"و مارکسیو تازەگەرو عیلمانیو فیمینستو دژ بەترادسیۆنەکان بین؟ لەنێوەندێکی ئەکادیمیو فەلسەفی کەنەدیدا ئەو رستەیە لەدەمت بێتە دەرەوە، وەك ئەوەی من

لەچەند سیمینارێکدا لەو دیدەوە تەعبیرم لەبۆچوونی خۆم کردووە بەرامبەر ئەو پرۆژەیەی بەهەڵە پێی دەڵێن "رۆشنگەری" ئەوا پێت دەڵێن "بیریار"،فەیلەسوفو لەنێوەندی کوردیشدا پێت دەڵێن "کۆنەپەرست،" ئیسلامی"، "رابردوو پەرست"... هتد لەم جۆرە خەزعەبلاتانە، ئەمە نەك لەبەرئەوەی نێوەندی کوردی رۆشنگەر ترە بەڵکو هەژارترە، بێ ئاگایە لەفەلسەفەو فیکر ئینجا بێ ویژدانترەو نامەدەنی ترە لەنێوەندی کەنەدی. نێوەندی کەنەدی هۆشیار ترە لەوەدا کە میراتێکی فیکریو فەلسەفی دەوڵەمەندی هەیە، فەیلەسوفی وەکو جۆرج گرانت، تایلەر، ئەمیرلی (مامۆستای خۆمە)، کۆپەر، نوولێ (مامۆستای پێشووی خۆم)و دەیەها فەیلەسوفو لێکۆڵەرەوەی تر. کێشەکە لەوەدایە کە هەق بلێین لەرۆژنامەیەکی کەنەدیشدا ئەم رستەیە شوێنی نابێتەوە، شوێنی ئەم رستەیە سیمینارە فەلسەفیەکان، سیمپۆزیۆمە فەلسەفیەکان، تێکستو جۆرناڵە (گۆڤارە) فەلسەفیەکانە، بەڵام گەر ئەو هەڵە مێژوویە بکەیتو لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا بیخەیتە روو ئەوا لەبەدترین حاڵەتدا پێت دەگووترێت "ببورە ئێمە ئاگامان لە فەلسەفەنیە، فەلسەفە بابەتی گرنگی ئێمە نەبووە لەژیاندا" بەڵام لەنێوەندی کوردیدا کە رۆشنبیرەکانی لەزانیاریدا لەمەڕ فەلسەفە وەزعیان لەکۆمەڵانی خەڵکی کەنەدی چاکتر نیەو لە رووی ویژدانیشەوە خاوەنی ویژدانێکی سالم نین دەبێت قسەبکەنو خۆیان لەشتێك هەڵبقورتێنن کەلێی نازانن.

کێ دەتوانێ خاوەنی گوزارەیەکی فەلسەفی بێتو کێ دەتوانێ خۆی لەقەرەی فەلسەفە بداو لەسەر فەلسەفە بنووسێ؟ لەشوێنێکدا کە میراتی فەلسەفی هەبێت، ترادسیۆنی فەلسەفەو بیرکردنەوە هەیە، کە لە جیهاندا لەماڵی حازردا لەچەند نێوەندێك تێناپەڕن وەکو ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئینگلتەرا، ئەمریکای ژوورو، هیندستان، ژاپۆن، ئێران، بۆ ئەوەی کەسێك هەبێت گوێ لەقسەکردنەکانت بگرێت لەسەر فەلسەفە بەلانی کەمەوە دەبێت دکتۆرات هەبێت لەفەلسەفەدا. بەڵێ ئەگەر وتارێك بنوسی بۆ جۆرناڵێکی موعتەبەر نەك دەبێت دکتۆرات هەبێت بەڵکو لەسەرەتادا دەبێت چەند پرۆفیسۆرێك وەك ( Reference– مەرجەع) پشت گیریت بکەن دەنا یەك حەرفت چاپ کردن بەخۆیەوە نابینێت. ئەگەر لەسەر فەلسەفە قسەبکەیت پێت دەگووترێت "لەکوێ دکتۆرات هێناوە؟" لەسەر دەستی کامە فەیلەسوف یان پرۆفیسۆردا؟". ئەو کەسانەی کە هەقیان بەخۆیاندا لەسەر ئەورستەیەی ناو "پاکس ئەمریکانا" لەمەڕ رۆشنگەری قسە بکەن ئاگاداری فەلسەفە هەن؟ ئاگاداری تێکستە فەلسەفیەکانو ئەو گفتو گۆ قوڵە هەن لەسەر رۆشنگەری؟ ئاگاداری ئەو کتێبانە هەن کە تەنها لەزمانی ئینگلیزیو تەنها لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ ــ ٢٠٠٢ چاپ بوون ژمارەیان بەپێی داتا بەیسێك کە ئێمە لەزانکۆ سوودی لێوەردەگرینو تەنها لەبواری زانستە مرڤیەکاندا ژمارەی ئەو کتێبانە لە (٢٣٦٤) کتێب زیاترەو ژمارەی پەیپەرەکان زیاد لە (١٧٦٢) مەقالە ئایا ئاگاداری ئەمە هەن؟ بێ گومان نەء . کتێبخانەی کوردی خاوەنی پانزە تێکست نیە لە سەرجەم مەیدانە فیکریەکاندا. ئەی لەکوێوە قسان دەکەن؟ ئەی ئەو ئاژاوەیە لەکوێوە سەرچاوەی گرت؟ دیارە لەو ویژدانە بیمارەوە کە باڵادەستە، دیارە لەو عەدەمیەتەوە کەماڵی کوردی داغان کردووە، دیارە لەنەبوونی لێپرسراوێتیەوە، لەهەموو شتێکەوە جگە لەفیکرو ویژدانو مەسئولیەتەوە. بابپرسین بۆچی گووتمان رۆشنگەری تاریکترین قۆناغی بەشەریە؟

ببورن کە ئێمە لێرەدا ناتوانین شەرحی ئەو رستەیە بکەین، ئەمە یەکێکە لەپرۆژەکانی داهاتوومان بەڵام رێگەمان بدەن لێرەدا تەنها هەلو مەرجی چواردەور گرتووی ئەو رستەیە روون بکەینەوە. بۆ ئەوەی کەسێك هەم لەو رستەیەی ئێمە بگاو هەم پێزانینی هەبێت بەرامبەر قورسی ئەو رستەیە کە باس لەتراژیدیای دنیای مۆدێرن دەکا دەبێت ئەم خاسیەتانە بوونیان هەبێت:—

١ـ ئاگاداربوون، ئاگاداربوونێکی زۆر چاکی فەلسەفەو گفتوگۆ فەلسەفیەکان لەدیکارتەوە تا ئەمرۆ.

٢ـ ئاگاداربوون لەو میراتە نەقدیەی کە لە ئەوروپا یاخود "خۆرئاوا" هەیە دژ بە مۆدێرنتی هەر لە ڤیکۆ، تالاییزو هێردەرو ئیدمۆند بێرکو رۆسۆو رۆمانسیە ئەڵمانیەکان (کەسانی وەکو شیلەر، شیلنج، شیلرماخەر، گۆتە، فیختە، هیگڵ) وە نیچە، هایدگەر، شپینگلەر، جاك ئلیول، ڤۆگلین، لیۆشتراوس، ئالان بلوم، ستانلی رۆزن.. و کەسانی دی.

٣- ئاگادار بوون، ئاگاداربوونێکی چاکی قوتابخانەی ترادسیۆنیزم (Traditionalism) کە خۆی لەفیکری بیریارە گەورەکانی وەکو رینە گیونین، شوان، ئیڤۆلا، سەید نەسرو ئیتۆنو ..هتد دەبینێتەوە.

٤- ئاگادار بوون، ئاگاداربوونێکی چاك لە فەلسەفەی یۆنانیو رۆمانی.

٥- ئاگادار بوون لەمیراتی فەلسەفی مەسیحیەتو ئیسلامو یەهودیەتو هیندویسم.

٦- بوونی ویژدانێکی سالم کە بتوانێ بەرئەنجامەکانی رۆشنگەری ببینێتو بخوێنێتەوە، لەوانە ئیمپریالیزم، کۆلۆنیالیزم، قەتلو عام کردنی خەڵکی رەسەنی ئەمریکای ژوورو ئەمریکای خوارو و ئوستورالیا، رەگەزپەرستی، مەرگی حەقیقەت، عەدەمیەت، کارەساتی ژینگە، هۆلۆکۆست، (کەزادەی رۆشنگەریە بەقەولی باومان لەکتێبی "مۆدێرنتیو هۆلۆکۆست").

٧- بوونی مقدارێك لەویژدان، لەمەدەنیەت، لەفیکر.

ئایا ئەو کەسانەی کە پەست بوون بەو رستەیەی ئێمە ئەو خاسیەتو کرایتیریایانەی سەرەوە یان تێدابوو؟ ئەی چۆن هەقیان بەخۆدا قسەبکەن؟ ئەو نێوەندە ڕزیوەی کورد، ئەو نێوەندە عەدەمیە رێگەی پێدان قسەبکەن، لەنێو نێوەندی کلتووریو سیاسی کوردا هەمووشت دەڕواو هەمووشت رەوایە بۆ؟ چونکە ویژدان بوونی نیە، عەقڵ بوونی نیە، هەڕەمیەت بوونی نیە، رێزی مەعریفەو فیکر بوونی نیە، کۆمەڵێك چەتە حوکمی دەکەن، کۆمەڵێ بە ناو رۆشنبیری تەمبەڵو نەخوێندەوار بەڕێوەی دەبەن (بەدەرهاویشتنی چەند قەڵەمێکی ئازاو دلێر).

با ئێستا باس لەخاڵێك بکەین کە لە "پاکس ئەمریکانا"دا نەبووە شوێنی گفتوگۆ، ئەویش رەخنەی ئێمە بوو لە دەستەڵاتی کوردی. با بەڕاشکاوی پەردە لەسەر نیازی خۆمان لابەین، ئەوکاتەی خاتوو ناسك فیکرەی چاوپێکەوتنەکەی خستە ڕوو، ئەو لەنزیکەوە ئاگاداری موعاناتی ئێمە بوو بەدەست بەناو سیاسیەکانی کوردەوەو بۆ چوونی ئێمە لەمەڕ ئالۆزیو نادیاری بارودۆخی کوردەوە، ئێمەش وویستمان لەو چاوپێکەوتنەدا جڤاتی کوردی لەمەترسیەکان ئاگادار بکەینەوە، بەڵام "رۆشنبیران" "کۆیلەکانی دەستەڵاتی کوردی" توانیان پەردەیەك بدەن بەسەر ئەو بەشدا کە بەناوی "بارو دۆخی کوردستان" هاتووە. بەڵێ ئەو کەسانەی بەناوی ناقد بوونەوە کاردەکەنو بەوشێوەیە وەفای خۆیان بۆ دەعوەت چیەکان دەربڕی لەوەدا کە سەرنجی خەڵك وەرگێڕن بەلای ئەو شتانەدا کە قسەلەدەستەڵاتی کوردی ناکا ئەمەش بۆ ئەوەی کە هیچ کەس نەکەوێتە گفتوگۆ لەسەر دەستەڵاتی کوردیو رۆڵی بەناو سیاسیەکانی کورد کە مەبەستی سەرەکی ئێمە بوو لەو چاوپێکەوتنەدا. دەستەڵاتی کوردی بەهۆی ئەو کەسانەوە کە تائێستا لەدەوری خۆی خڕ کردوونەتەوەو بەدەعوەت ویژانیانی کڕیونو سەرکەوتوو بوو لەوەدا کە نەهێڵێ ئەو قسانەی ئێمە لەسەر سیاسەتمەدارانی کورد، هەڵوێستی دەستەڵاتی کوردی لەوێران کردنی بواری گشتیدا ببنە شوێنی گفتوگۆ. بەمانایەکی تر مامەڵەیەکی ئایدیۆلۆژی لەگەڵ "پاکس ئەمەریکانا" کرا چ لەناوەو چ لەدەرەوەی وڵات، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە لەدەرەوە قسەیان کرد سەلماندیان کە ناقد نین بەڵکو قەرزاربارى دەعوەتەکانی سیاسیەکانن. مەبەستی ئێمە لەوبەشەی "بارودۆخی کوردستان" ئەوەبوو کە سیاسەت لەژێر دەستی بەناو سیاسیەکانی کورد دەربهێنینو بیکەینە موڵکی خەڵکی کە خاوەنە ئەسڵیەکەی سیاسەتە. هۆشیار کردنەوەی خەڵکی لەرەهەندە ژیانیو وجودیەکەی جڤات کە سیاسەتە، گفتوگۆ کردن لەسەر چارەنووسی خۆ. دیارە ئەم کارە پڕ مەترسیترین کارێکە کە کەسێك پێی هەڵبستێ چونکە ئەو کاتەی جڤاتی کوردی هۆشیار بۆوەو لەسیاسەت قسەی کردو پرسیاری کرد ئیدی کۆمەڵێك چەتە وەزعیان خراپ دەبێت، لەکاردەکەون، هەر بۆیەشە ئەم بەشەی قسەکانی ئێمە بەتوندی پشت گوێ خرا، ئێمە لەو بەشەدا خوازیاری ئەوە بووین کە خەڵکی پرسیار بکا، لەچارەنووسی خۆی ووردبێتەوەو جڤاتێکی خاوەن لێپرسراوێتی نەك قەتیع. بەڵام دیتان کە بەناو رۆشنبیرانی کورد، "رۆشنگەرانی" کورد، "ناقدەکانی" کورد، "خاوەن پرۆژە نەقدیەکانی" کورد چۆن هاوڕێ لەگەڵ سیاسیەکانی کورددا نەیانهێشت ئەو بەشەی قسەکانی ئێمە تۆخ بکرێتەوەو قسەی لەسەر بکردرێت بۆ؟ چونکە ئەو کاتەی جڤاتی کوردی لەسیاسی‌یەکانو رۆڵیان هۆشیار بووەوە،

لەرۆڵی بەناو رۆشنبیرانیش ئاگادار دەبێتەوە ئیدی لەوێدا ماسکەکان دەکەون، هەردوو، چ سیاسەتمەدارو چ رۆشنبیر دەستیان کەشف دەبێت کەتائێستا هیچیان نەکردووە جگە لەشاردنەوەی حەقیقەتو فریودانی کۆمەڵانی خەڵك، جا بۆ ئەوەی ئەو کارەساتە روو نەدات دەبوایە ئەو بەشەی چاوپێکەوتنەکە زەق بکەنەوە کە ئەوان تیایدا بەقەولی خۆیان دەتوانن "ئەسپی خۆیانی تێدا تاو بەدەن"، بەڵێ پشت گوێ خستنی ئەو بەشەی قسەکانی ئێمە خۆی پیلانێکی رۆشنبیران بوو، ئاخر تا ئەمڕۆ لەنێو ئەو رۆشنبیرانەدا کەس جورئەتی نەکردووە ئەو رەخنانەی ئێمە لەدەستەڵاتی کوریمان گرتووە نەقدی وابکات لەبەرئەوە دەبوایە پەردەی بەسەردا بدرایە یا لە گرنگی کەم بکرایەتەوە یا پشت گوێ بخرایە وەك ئەوەی کە کردیان. هەر ئەمەشە رۆڵی رۆشنبیر لەساحەی کوردیدا.

خاڵێکی دی کە بووە مایەی لێك تێنەگەیشتن لە "پاکس ئەمریکانا"دا هەڵوێستی ئێمە بوو لەسەر ئەمەریکا. زۆر کەس وەك ئەوەی هەنگی لە کلۆرە داردا دۆزیبێتەوە نەقدی ئێمەیان بە دژایەتی کردنی ئەمەریکا لەقەڵەم دا یاخود نەقدی ئێمەیان بۆ جیهانگیری کورت کردەوە بۆ "بەئەمریکایی کردنی دنیا"و فەرموویان کە ئەم دوو پرۆسەیە جیاوازن! ! زۆر سوپاس بۆ ئەو هەموو لوتفو مەرحەمەتەو ئەو هەموو مەعریفەیەی کە هەڵتانرشت، بەڕاستی ئێمە نەمانزانی کە ئەم دوو پرۆسەیە جیاوازن، نەمانزانی کە یەك ئەمەریکابوونی نیە، نەمانزانی کە ئەمەریکا فیکرو رۆشنبیری‌و رۆشنبیرو نەقدی هەیە. چەندە بێ هودەیە کە زیرە بۆکرمان بەریت هێندەش بێ هودەییە کە کەسێ خۆی لەئەمەریکا بژیو فیکرو فەلسەفەی ئەمەریکی بەزمانی ئینگلیزی بخوێنێ، رۆژنامەی ئەمەریکی بخوێنێتەوە، سەیری تەلەفیزیۆنی ئەمریکی بکاتو لە ژێردەستی فەیلەسوفی ئەمەریکیدا دەرس بخوێنێت پێی بڵێیت ئەمریکا چیە، ئەویش لەکوێوە؟ لە کەسانێك کە مەعلوماتی لەسەر ئەمەریکا هەر ئەو مەعلوماتانە بن کە خۆت پێت داون دەنا هیچ شك نابەن. نەك لەکوردستان بەڵکو لەهەموو جیهانی عەرەبی‌و ئێرانو تورکیاو پاکستانو دنیای ئیسلامدا یەك نێوەند نیە بۆ لێکۆڵینەوە لەئەمەریکا کەچی لەکورددا کەس هەیە ماف بەخۆی دەدات قسە لەسەر ئەمریکا بکات، هەرئەمەشە موعجیزەی دنیای کورد. موعجیزەیی کورد لەوەدایە کە کەسێك داکۆکی لەئەمەریکا دەکا کە نەئینگلیزی دەزانێ، نەلە ئەمەریکا ژیاوە، نەفیکرو فەلسەفەو سیاسەتی ئەمەریکا بەڵەدە، نەئاگای لەو میراتە فیکریە نەقدیە هەیە کە لەسەر ئەمەریکا هەیە، لە هەمووی خراپتر کەسی داکۆکی کەر لەئەمەریکا، کە لەم حاڵەتەدا کوردە، میللەتەکەی قوربانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکایە، لە ١٩٧٤دا، لەنەوەدەکاندا لەتورکیا، ١٩٩١ لەکوردستانی عێراق، وێڕای ئەمانەش وەکو پۆلیسێکی ئەمەریکی قسەدەکاتو هەڵدەشاخێت بەڕووی ئەو کەسەدا کە نەقدی ئەمەریکا بکات. لێرەدا ئێمە رووی دەممان لەو موعجیزە خولقێنەرەی کورد نیە، بەڵکو خاڵێك بۆ خاوەن ویژدانەکان روون دەکەینەوە.

ئایا ئێمە دژی ئەمەریکاین؟ بەهیچ شێوەیەك، لەوکاتەی ئێمە رەخنە لەئەمەریکا دەگرین لەو دیدەوەیە کە ئەمەریکا وەك شارستانیەت، وەك حکومەت شایانی ئەوەیە بخوێنرێتەوەو رەخنەی لێ بگیرێت، بەمانایەکی دی لەگرنگی خودی ئەو شارستانیەتەوەیە کە ئێمە رەخنەی لێدەگرین، بگرە لەبەتەنگەوە هاتنمانەوە هاتووە بۆ ئەو پرۆژەیە کە دەکرا پرۆژەیەکی نوێ بێتو شوێنی گرنگی‌و دڵخۆشی کۆمەڵێ فەیلەسوفو ناقد بوو، لەوانەش ئێمە، هەر بۆیەشە ئێمە بەگرنگی دادەنێین‌و رەخنەی لێدەگرین. رەخنە لەشتێك، لەپرۆژەیەك دەگیرێت کەشایانی گرنگی پێدان بێت وە لەدیدی ئێمەشەوە ئەمەریکا شایانی رەخنە لێگرتنە. بەڵام رەخنەی چی؟ رەخنە لەدەستەڵات، رەخنە لەپێکهاتەی شارستانیەتی ئەمەریکا، رەخنە لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاو هەڵوێستی حکومەتی فیدراڵی ئەمەریکی بەرامبەر نەتەوەکانی دی، شارستانیەتەکانی دی، ئایینەکانی دی‌و... هتد، رەخنە لەو عەدەمیەتەی کەوا خەریکە پرۆژەی ئەمەریکی سەرەو نگون دەکات. رەخنەی ئێمە لەئەمەریکا سەر بەدوو ترادسیۆنە:—

**یەکەم**: ترادسیۆنی فیکری سیاسیو فەلسەفە. لەئەمەریکادا ترادسیۆنێکی فەلسەفی سیاسی هەیە کە بەقووڵی رەخنە لەو شارستانیەتە دەگرێ، لەو پرۆژەیە دەگرێ هەر لە تۆکیۆڤێڵەوە لەسەدەی نۆزدەدا تا قوتابیەکانی شتراوس وەك ئالان بلومو ستانی رۆزنو ئەوانی دیکە، پاشان هایدگەرو قوتابیەکانی لە ئەمەریکادا.

**دووەم**: ئەو ترادسیۆنەیە کە رەخنەی توندی سەبارەت بەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەیە لە بوارەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان (IR)و سیاسەتی ئابووری نێودەوڵەتی (IPE)و رۆژنامەگەریدا. لەوکەسانە واکەر، ئاشلی، جۆن پیلگەر، چۆمسکی، ئیدوارد هێرمانو کۆمەڵێك کەسی دیکە.

هەردوو ئەم ترادسیۆنە لەدووخاڵدا یەك دەگرنەوە: **یەکەم**، ئەمەریکا بەلایانەوە گرنگە بۆیە رەخنەی لێدەگرنو **دووەم**/ ئەمەریکا شوێنی بیرکردنەوەیانە نەك رق لێ بوونەوە، ئێمە ئەمەریکا بەئەمەریکا خۆی دەخوێنینەوە، بەفیکرو فەلسەفەی سیاسیو رەخنەی فەیلەسوفەکانی ئەمەریکا خودی ئەمەریکا دەخوێنینەوە.

ئێستا لەنێوەندی کوردیدا، کە لەنێوەندێکە هەتا دڵت بخوازێ بێ ئاگایە لەم دوو ترادسیۆنە، رەخنەی ئێمە لەئەمەریکا واسەیر دەکرێت وەکو ئەوەی رەخنەی موسڵمانێك بێت کەتەنیا رۆژنامە دەخوێنێتەوە، تەنیا هەواڵەکان عاتیفەی دەجولێنن. ئەم کێشەیە لە کوێوە سەری هەڵدا؟ لەهەژاری ئەو نێوەندەو بیماری ویژدانی رۆشنبیرەکانیەوە. ئێمە دژی ئەمەریکانین بەڵکو دژی ئەو لادانانەین لەپرنسیپو ئایدیاڵەکانی دامەزرێنەرانی ئەمەریکا، کەسانی وەکو جێفەرسن، هەملتۆنو واشنتۆن... هتد. ئەوانەی لەناو کوردیشدا دیفاع لەئەمەریکا دەکەن یەکەم، رۆڵی پۆلیس دەبینن، دووەم، بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری ئەمەریکاو شارستانیەتی ئەمەریکی نین.

"پاکس ئەمریکانا" یەکەم هەوڵ بوو لەناو کوردا بۆ گەڕانەوە لە ئایندەوە بۆ ڕابردوو، لە دنیای مۆدێرنەوە بۆ ناو کۆمیونتیەك کە هێشتا لەجیهاندا ناژی، جدی ترین قسەکردن بوو لەسەر ئەمڕۆی دنیا بۆ نێوەندێك کە زیاتر سەرقاڵی "پەخشان"و شیعرە، قسەکردن بوو لەسەر ئیسلام بۆ نێوەندێك کە رۆشنبیرو سیاسیەکانی یەك شت دەزانن: بوغز لەئیسلامو شارستانیەتی ئیسلامی، قسەکردنێکی جدی بوو بۆ نێوەندێك کە مسئولیەتی تێدا نیە، دامو دەستگای مەعریفی نیە، نێوەندێك کە هەموو شت تێیدا رەوایە: قسەکردن بەساعات بێ ئەوەی مانا بەرهەم بهێنێت، کوورت کردنەوەی راو بۆچوونی خەڵکی دی، نووسینی لاپەڕە دوای لاپەڕە بێ ئەوەی کەس بزانێ "نووسەر" دەیەوێ بڵێ چی، دزی کردنی مەعریفی، لاسایی کردنەوەی مۆدەکان بێ لەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندێتی کۆمەڵگاکەو.. هتد. بەڵێ هەمووشت رەوایە، بێ ویژدانی، بیماری ویژدان، دیدی خێڵو قێچ، بیرنەکردنەوە، درۆکردن بەناوی ناقد بوونەوە، دژایەتی کردنی کەسانی جدی بەناوی فیکرەوە، عاشق بوونی مێگەل (Masses) بەناوی پرۆژەی تازەگەریەوە، هێرش کردنە سەر کەسانی جدی بەناوی ئازادی ڕادەربڕینەوە.. لەم ڕووەوە "پاکس ئەمریکانا" فێری کردین کە ئێمە لە چ نێوەندێکدا کاردەکەینو دەتوانین چی بکەینو چۆن مامەڵە بکەین.

# ( پەراوێزەکان: )

١ـ کۆمیونیتی Community واتە کۆمەڵە خەڵکێك، کۆبوونەوەی خەڵکێك لە جێگایەکدا لەسەر خوانی کۆمەڵێ بەهاو پرەنسیپ، بوونی خەڵکێك کە کۆمەڵێ شتی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە. لەزمانی ئینگلیزیدا ئەم ووشەیە لە Common (بەشداریکردنو شتی هاوبەش)و Communion (واتە ئایدیاو قەناعەتی هاوبەشەوە)هاتووە. جڤات یا کۆمەڵە لەکوردیدا هەرهەمان مانای کۆمیونیتی ئینگلیزی ناگەیەنێت، بەتایبەت کۆمەڵە زۆرتر بەکارهێنانی سیاسی‌یانەی هەیە، سیاسەت بەمانای حیزبەکەی، لەبەرئەوە لەم کتێبەدا ئێمە جڤات بەکار دەهێنین‌و مەبەستیشمان لەجڤات کۆمیونیتی‌یە.

٢ـ فاروق رەفیق، پاکس ئەمەریکانا. (٢٠٠٢، چاپخانەی رەنج).

٣ـ لێرەدا ئێمە ئەم چەمکە Mass لەئۆرتیگا دی‌گاسێتەوە وەردەگرین لەکتێبی The Revolt of the masses . 1932

4. Heidegger ,Anlntroduction to Metaphysics Trans . Ralph Manheim . Anchor Books, 1961 , p.31 بڕوانە

5. Tariq Ali, The Clash of Fundamentalisms: Crusades, Jih adsand Modernitn. 2002

6. Jacques ELLUL: The Technological Society

٧ـ لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٢دا شاعیرێکی کورد لەیەکێك لەپایتەختەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا وەکو پەناهەندە لەلایەن U.Nوە وەرگیراوە. ئەمە وەك هەواڵ لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ‌دا بلاوکرایەوەو پیرۆزبایی لەو شاعیرە کوردە کرا. بپرسین لەکوێی ئەم دنیایەدا دەسەڵات پیرۆزبایی لەکەسێك دەکا کەووڵاتەکەی بەجێهێشتووەو بۆتە پەناهەندە؟ لەکوێی ئەم دنیایەدا دەسەڵات خۆی نامە دەنووسێ‌و کەیس سازدەدا بۆ نووسەرو ڕۆژنامەنوسەکان‌و ڕەوانەی U.N یان دەکاو تەزکیەیان دەکا؟

8. Rama Comaraswamy.The Destructionof the christion Tradition. Perennial Books.1981 بڕوانە

9. J.G. Herder, Some Conversations. Trans. Frederick H.Burkhaxdt. 1940,p99 بڕوانە

١٠ـ هەمان سەرچاوە لا 104

١١ـ بڕوانە پەراوێزی ژمارە (47)

١٢ـلەئێرە بەدواوە لەم بەشەدا سوودمان لەچەند سیمینارێکی خۆمان وەرگرتووە کەبەزمانی ئینگلیزی لەزانکۆی کارڵتۆن پێش کەشمان کردوون لەساڵانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٠ دا لەسەر کتێبەکەی هایدگەر "بوونو زەمان" "کتێبەکەی هیگل" "فینۆمینۆلۆجیای رۆح"و لەسەر نیچەو هێردەرو دولوزو لەسەر فیکرەی "هێز" لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا. هەندێك لەم سیمینارانە بڕیارە لەجۆڕناڵێکی ئەکادیمیادا بڵاو ببنەوە بەم نزیکانە.

13.M. Heidegger, Being Aud Time Trans . John Macquarrie and E. Robinson Harper . and Row ,Puh Lishers. Newyork

14. Plotinus,TheEnneades Trans. S. Mackenna, 3rd . Pantheon Books.

15. Augustine, The City of God Modern Library . 1950

16. H.F. Hegel. The Phenomenology of ind Traws. J.B. Baillie. Harper Torch Books

١٧ـ لێپرسراوێکی دەرەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەکۆبوونەیەکدا لەگەڵ کوردەکانی نیشتەجێی شاری ئۆتاوا لەکەنەدا لە ساڵی ١٩٩٣دا گووتی "حەزم دەکرد کورد نەبوومایە، چی بکەم بەکورد خەڵق بووم، حەزم دەکر ئەمریکی بوومایە". ئەو بەڕێزە ئێستا سەرۆکی حکومەتی هەرێمە. لەو دانیشتنەدا کۆمەڵێك کوردو بەتایبەتی شکاکیەکان ناڕەزایی خۆیان دەربارەی ئەو بۆ چوونە دەربڕی.

18. Frantz Fanon, Black Skin White Masks, Trans, Charleslam Mark Mann, 1970 . pq, 10

19. Montesquieu, Considerations On the Causes of the Greatness of the Romans and their Decline trans . D.Lowennthal. Cornell University Press, 1988. Pq4

٢٠- ئێمە لەهاوینی ٢٠٠١دا لەزانكۆی سلێمانی بۆ ماوەی یەك هەفتە سیمپۆزیەمێكمان لەسەر "ستەمكاری" پێش كەش كرد. بەنیازین بەشەكانی ئەو سیمپۆزیەمە لەگەڵ دوو بەندی دیكەدا لەداهاتوویەكی زۆر نزیكدا لەدووتوێی كتبێكدا بەچاپ بگەیەنین.

21. The Republic of Plato. Trans . Allan Bloom, Balsic Books 1991.
22. Aristotle. The Politics. Trans. T.A.Sinclair. Penguin Books. 1981

23. Hanna Arendt. The Human Condition. University of Chicago Press. 1958. The Origins of To talitarianism. New york. 1958

24. Montesquieu. The Spirit of The Lows. Trans. Annem .Cohler. Cambridoe University Press, 1794, (2. 4. 1. 17)
25.Montesquieu, Persian Letters, Tran. C. J. Betts. Penguin Books, Letters, # 5, 63, 40

٢٦- بڕوانە هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە 71

27. Dr. Fereydun Hilimi, Kurd's Media. O3/O7/2002.

٢٨- بەپێویستی دەزانم ئاماژدەیەك بەئەزموونی خۆم بدەم لەگەڵ زانكۆی سلێمانیدا لەماوەی یەك دوو ساڵی ڕابردوودا. لەساڵی ١٩٩٩وە سەرگەرمی دروست كردنی پەیوەندیەك بووم لەگەڵ ئەو زانكۆیەدا بەنیازی خزمەتكردنی ئەو زنكۆیەو كاركردن لەو دەستگایەدا لەحاڵی حازداو دروستكردنی زەمینەیەك بۆ گەڕانەوەیەكی هەمیشەیی. لەساڵی ١٩٩٩ كۆمەڵێ سیمینارم لەزنكۆی سلێمانی پێشكەش كرد، دیارە، بێ موقابیل. لەساڵی 2001دا لەسەر ڕێك كەوتنێكی پێش وەخت گەڕامەوەو كۆرسێكم گووتەوە لەژێر ناوی "چەمكە بنەڕەتیەكانی ئۆنتۆلۆژیای سیاسی: ئەفلاتوون"دا، ئینجا بۆماوەی یەك هەفتە سیمپۆزیەمێكم سازدا. دەربارەی ئەم سیمپۆزیەمە دەبێت بڵێم كەئەزموونێك بوو پێی گووتین ئەو زانكۆیە هێشتا فێری ئەوەنەبوە كەچۆن سیمپۆزیەم سازبداو گرنگی بەولایەنە بدات، مامۆستایانی زانكۆ بەشداریان تێدا نەكردو زانكۆش وەك ئەوەی هیچ نەبووبێت لەو كارەی ئێمەی نەپرسیوەوە. لەزانكۆكانی جیهاندا كاتێك نەك سیمپۆزیەمێكی یەك هەفتەیی بگرە سیمینارێك ساز بدرێ سەرۆكی زانكۆ ئامادە دەبێت. ئامادە نەبونی سەرۆكی زانكۆو لێپرسراوانو مامۆستایان ئەو حەقیقەتەی بۆئێمە ئاشكرا كرد كەئەوزانكۆیە زیاتر لەقواتبخانەیەك دەچێ نەكدەستگایەكی مەعریفیو فیكریو زانستی. هەرچی پەیوەندی بەكۆرسەكەشەوە هەیە دەبێت بڵێین كەهەر لەسەرەتاوە ڕووبەڕووی گیروگرفت كراینەوە. لێرەدا لەم ڕووەوە سەرنجتان بۆچەند خاڵێك ڕادەكێشم:١- هەر لەسەرەتای كۆرسەكەوە بەدەستی ئەنقەست ڕووی كێشە كراینەوە، ئامادە نەكردنی هۆڵی تایبەتی بۆزیاد لە 100 قوتابی، ئامادەنەكردنی پێویستیەكانی دیكە لەوانە ژوورێك (ئۆفیسێك) بۆ دیدار لەگەڵ قوتابیان هەر بۆیەشە دەبا لەكافتریای زانكۆ قوتابیەكان ببینین.

٢- بەرنامەی ئێمە ئەوەبوو كەتاكو گەڕانەوەی هەمیشەیی بۆووڵات هەموو هاوینێك دوو كۆرس لەسەر فەلسەفەی سیاسی بڵێینەوە، بۆئەم مەبەستە نامەیەكم نووسیو تێیدا ئاماژدەم بەڕەهەندەكانی ئەو پرۆژەیەدا، بەلاّم عەمیدی كۆلێژی مرۆڤایەتی بێموناقەشەكردنی پێشنیارەكەو بێ ئەوەی لەگرنگی ئەو پرۆژەیە تێبگا بەشێوەیەكی بازاڕی ڕەفزی كردەوە.

٣- مەبەستی سەرەكی ئەو پێشوازی نەكردنە گەیاندنی پەیامێك بوو كە ئێرە "شوێنی كەسێك نیە سەر بەیەكێتی نیشتمانی نەبێت"

٤- زانكۆ بڕیار بوو بەشێكی كەمی مەسروفی ڕێگاوبان خەرج بكا بەلاّم لێپرسراوان شانی خۆیان لێ تەكاند. ئامادەكردنی كۆرسەكەو سیمپۆزیەمەكە چەند مانگێكی ویستو ئینجا مانگێك لەناو زانكۆدا بۆ بەئەنجام گەیاندنیان كە هەرهەمووی لەسەر ئێمە لەڕووی مادیەوە چەند هەزار دۆلارێك كەوتن. سەرۆكی زانكۆو راگری كۆلیژی مرۆڤایەتی لەدوو دانشتنی تایبەتیدا

ئێمەیان ئاگادار کردەوە کە زانکۆ هەزاران دۆلار بۆ کەسێکی بیانی خــەرج دەکا تــەنیا ســەردانێکی ئــەو زانکۆیــە بکــەن نــەك دەرس گوتنەوە.

٥ـ خالّی جەوهەری لەو ئەزموونەدا نیشاندانی ئەو راستی‌یە بوو کە ئــەو لێپرســراوانە بەتــەنگ مەعریفــەوە نایــەن، ئــەوەی گرنگە لایان دەرگا داخستــنە لەبــەردەم هەرتواناپــەکی کوردیــدا کــە بــەنیازبێت لــەو دەســتگایەدا کاربکــا، بەتایبــەتی دەرگا داخستن لەبەردەم کەسێکی ناقد بەسەر دەستەلاّتی یەکێتی‌یەوە.

٢٩ـ بەرێز فەریدون عەبدولقادر لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەلّ هەفتەنامەی هــاولاّتیدا (ژمــارە ٧٦) کۆمــەلێ خــالّی گرنــگ بــاس دەکا کە لێرەدا شوێنی خۆیەتی سەرنجتان بــۆ دووخــالّ رابکێشــین: **یەکــەم**، کــاتێك کەپرســیاری لێدەکــرێ لەمــەڕ کەفائــەتی سەرۆکی زانکۆوە بۆبەڕێوەبەردنی ئەو دەستگایە لە وەلاّمدا دەلێت "ئەو بــەرێزە پێشــمەرگەیەکی کۆنــەو خــاوەنی خەباتــە" دەتوانین زۆر لەسەر ئەم قسەیە بدوێین بەلاّم لەبەر نەبوونی بوار تەنیا دەلێــین لــە کوێــی ئــەم دنیایــەدا کرایتریــا (مقیــاس)ی پێشمەرگە بوون‌و رابووردوی خەباتگێڕی کرایتریایەکە بۆ ئەوەی کەسێك دامو دەستگایەکی مــەعریفی گرنگــی وەکــو زانکــۆی بدەیتە دەست؟ دیارە لەزەینی حیزبی کوردییدا بۆ هەموو بوارەکان دوو کرایتریا بوونی هەیە، ئەندام بوون‌و وەلائی حــیزبی‌و ئینجا وەلائی تەواو بۆ سەرۆك. وەك پێشتر گووتمان رەصیدی تۆ لەو نێوەندەدا ژمارەی شەهیدەکانتە، واتــە گــەر شــەهیدت نەبێت نەهەقت هەیە قسان بکەیت‌و نە مافی ئەوەت هەیە وەزیفە وەربگریت، خۆ گەر لەپالّ ئەمەدا وەلائی حیزبیشت نــەبێت ئەوا لەهاونیشتمان بوونیش دەکەوی. خالّی **دووەم**: ئەو بەرێزە باس لەوە دەکا کە چۆن بۆتــە ئــەندام لــەدامو دەســتگایەکی لێکۆلّینەوەی ناو زانکۆدا لەکاتێکدا کە کەسێکی سیاسیە نەك ئەکادیمی، زانکۆ دەرگا لەسەر کەسانی ئەکادیمی دادەخا بەلاّم ئەندامی سەرکردایەتی کە ٣٠ سالّ بەر لەئێســتا خوێندنــی تــەواو کــردووە دەکاتــە ئــەندام لەدەســتگایەکی لێکۆلّینــەوەدا بــێ ئەوەی لێکۆلّینەوەیەکی زانستی بەرهەم هێنابێت.

30. Daniel Bell, The Winding Passage, Essays and Sociological Journeys 1960 - 1980 Cambridge : A by Books. 1980
31. Russel Jacoby, The last lntellectuals: American Calture in the Age of Academe. New york. 1987
32. Eward Shils: The lntellectuals and the Powers and Other Essays. Cuicago University Press. 1972. P3 - 22
33. Eward.W. Said : Representations of The lntellectual : The 1993 Reith Lectures New york. 1994. Px.
34. Hegel: Lectures on Historn of Philosophy. V1. P1.
35. Plato. Complete Works Ed. John M. Cooper. Hackett Publishing Company. 1997

لەکاتی قسەکردنماندا لەسەر دایــەلۆگی سۆفســتائی‌و گورگیــاس‌و عــوزر خوایــی و یاســاکان دەتوانــن بگەرێنــەوە بــۆ ئــەم سەرچاوەیە.

36. Aristophanes, Lysistrata and Other plays. Penguin Book. 1986

37. Plato: Camplete Works
38. Aristotle: Meta, Bk lV. Loo4. B 17- 27 . INThe Basic Works of Aristotie. Ed. Richard MckeOn. Random House. New york.1941
39. F. Nietzsche: The Birth of Tragedy. Traus. Walter Kaufmann Vintage Books. 1967. F. Nietzche: The Will to Power. Tran. W.Kaufmann and R.J. Holliugdale. 1968.
40. J. Derrida. Spurs: Nietzsches Styles. Chicago. University of Chicago Press. 1979, p103.
41. M. Foucault. Aiscipline and Punish . Trans. Alan Sheridan. 1977.
42. J.Baudrillard, Simulations New york: Semiotett. 1983.
43. J.F. Lyotard, The Postmodern Condition: A Report on Knowledge. Trans. G. Bennington and B.Massouri. 1984

٤٤ـ سەیری ئەم دوو بەرهەمەی مەقدیسی بکەن:

GeorGe Makdisi, The rise of colleges: institutious of learning in lslam and The West. 1981.
George Makdisi. The Rise of Humanism in Classical lslam and the christianwest 1990

45. Seyyed Hossein Nasr, Traditional Islam in the Modern World. London. 1987 . p166 - 179

٤٦ـ بۆنمونە سەیری ئەم بەرهەمەی ماکس ستێرتەر بکەن

Max Stirner, The Ego and His Own Edited and lntroduced by J. Carroll. Lon don. 1971.

٤٧ـ یەکێك لەو پەرچەکردارانە لەو پیاوەوە هاتە دەرێ کە پێی دەڵێن مەلا بەختیار. راستیتان بوێ ئەو پیاوە شیاوی ئەوەنیە لەم کتێبەدا ناوی بێت، هەروەك چەند ساڵێکە بیدەنگین لەکارە ترۆریستیەکانی ئەو پیاوە، بەرانبەر بەئێمە دەشێت لێرەشدا بێدەنگ بین لەو دوا "ثرثرة"یە بەلاَم بەمەبەستی خستنەرووی پرسیارێك ناچار بووین ئەم سەرنجە دەربرِین. ئەو پیاوەکە بە مەلابەختیار بانگ دەکرێ بەزەین مەنگوڵیەو بەسلوك چەتە، دەساڵی رەبەقە لەو مەیدانەدا سەرقاڵی تیرۆرایز کردنی نووسەرانە بەدوو شێوە: یەکەم: تیرۆرایز کردنی فیعلی کۆمەڵێ نووسەرو گەنجو لاوی ئەکتیڤیستی کورد لەرِێگای هەرِەشەکانیەوە، هەرِەشەی مەرگ دیارە، ناردنی چەکدار بۆ سەریان، فرِێدانی نارنجۆك بۆماڵی هەندێك، توورِەبوونو هەرِەشەی مەرگ لەسیمینارەکاندا کە دواجار کۆمەڵێ ڤیدیۆو شریتو نامە ئەمرِۆ وەك بەڵگە لە UNHCRی ئەنکاراو دیمەشقو پاکستان بوونیان هەیە کە ئەو لاوو گەنجە ئەکتیڤیستانە تەسلیمیان کردون وەك بەڵگە بۆ نیشاندانی ئەو راستییەی کە لەژێر گووشاری ئەو پیاوەدا بوون، هەندێك لەو دەکومێنتانە گەیشتوونەتە دەست ئەمنستی ئینتەرناشناڵو ئینجا ناوی ئەو پیاوە لە هەندێ ئیدارەی پۆلیسی ولاَتە خۆرئاواییەکان هەیە بەهۆی تیرۆرایزکردنی کۆمەڵی خەڵکەوە. شێوەی دووهەمی تیرۆرایزکردن کە ئەو پیاوە لەماوەی دەساڵی رابووردوودا بەئەنجامی گەیاندوەو کردویەتیە پیشە بریتی لەو (ثرثرة)انەی کە بلاَویان دەکاتەوە، واتە لەو شوێنەدا کە بەفیعلی ناتوانێت نووسەران ترۆربکا ئەوا دەنووسێت بەلاَم چی؟ "ثرثرة". دیارە نوسینی "ثرثرة" کێشەی خۆیەتی، رێگا زۆر هەن بۆ ئەوەی هەندێك نەمری بەدەست بهێنن، یەکێ لە رێگای داهێنانەوە، هەندێکی دی لەرِێگای نوسینی (ثرثرة)وە، ئەمەیان هەقی خۆیەتی کە خۆی بکابە مەخسەرەی دنیا، بەلاَم هەقی نیە کە بێتە ناو دنیای نووسینەوەو نووسەرانی کورد ترۆرایز بکاو تەشهیریان پێ بکا، ئێستا لەیەکێتی نیشتمانی پرسیار بکەین ئایا ئاگادارن کە ئەو پیاوە چی دەکا؟ ئەو پیاوە بەهەر چوارلادا سەرقاڵی ترۆرایزکردنی نووسەرانە بەناوی یەکێتی نیشتمانییەوە. ئەوپیاوە رێگرە لەبەردەم کۆمەڵێ کەسایەتی کوردا کە دەیانەوێت بگەرِێنەوە بۆ کوردستانو خزمەتی جڤاتی کورد بکەن. پرسیارێکی دی گرنگ دەبێت لە جڤاتی کوردی بکردرێت ئەمەیە، ئایا جڤاتی کوردی چۆن رازییە بەوەی کە مولازم موحسینێکی تر لەو نێوەندەدا سەر هەڵبداو نووسەرانو پیاوچاکانی کورد ترۆرایزبکا؟ هەموو بێدەنگیەك لەبەرانبەر ئەو بێحورمەتیەی کە ئەو پیاوە دەیکا بەهەندێك نووسەر بەشدار بوونە لەو بێ حومەتیەدا.

سوپاس‌و پێزانین:

سوپاس‌و پێزانینێکی زۆر بۆ هاوڕێم بەختیار حسێن کە لەکاتی نووسینی ئەم کتێبەدا بێ بەشی نەکردم لەمیهرەبانی‌و دڵسۆزی خۆی. سوپاسێکی زۆریشم بۆ بەڕێزان کاك سیروان ئەنوەرو کاك هونەر وەهبی‌و هەموو ئەو بەڕێزانەی تر بۆ ئەرك‌و ماندوو بوونیان لەچاپ کردنی ئەم کتێبەدا. بەتایبەتی چاپخانەی رەنج کە ئەرکی چاپکردن‌و بڵاوکردنەوەی گرتە ئەستۆی خۆی، نموونەیان زۆربێت.

فاروق رەفیق

**باكگراوندی ئەكادیمیانەی نووسەر:**

**بەكالۆریۆسی فەلسەفە لەزانكۆی بەغداد ساڵی ١٩٨٤، بەكالۆریۆسی فەلسەفە لەزانكۆی كارڵتۆن ساڵی ١٩٩٧، ماجستێری فەلسەفەی سیاسی لەزانكۆی كارڵتۆن ساڵی ١٩٩٩، لەساڵی ١٩٩٩ تائێستا كاندیدی دكتۆرای فەلسەفەی سیاسیو پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەكان. لەساڵی ١٩٩٨ تا ئێستا یاریدەدەری مامۆستاو مامۆستای وەرزیی لەدیپارتمانی زانستی سیاسی، زانكۆی كارڵتۆن ـ كەنەدا.**